محەمەد عەبدولوەهاب

# بانگخوازە و پێغەمبەر نییە؟

## خوێندنەوەیەکی ڕەخنە ئامێزانەیە
## بۆ
## مەزهەبی شێخ محەممەد عەبدولوەهاب لە تەکفیردا




نووسینی: حەسەن فەرحان مالکی

بەکوردی کردنی: زێبار عەزیزخان



جایی بەکەم

هەولێر ٢٠١٢

## ناسنامەی کتێب

ناو: بانگخوازەو پێغەمبەر نییە.

نووسەر: حەسەن فەرحان مالکی

وەرگێر: زێبار عەزیزخان

چاپ: یەکەم

تیراژ: ١٠٠٠

نرخ: ٦٠٠٠

شوێنی چاپ : چاپخانەی رۆژهەلات/هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٣٤٠) ی ساڵی ٢٠١٢

## پێشەکی وەرگێڕ

الحمد لله البَّر الجواد، الذي جلّت نِعَمه عن الاِحصاء و الأعداد، خالق اللّطف و الاِرشاد، الهادي اِلى سبيل الرَّشاد، الموفق بفضلهِ و كرمِه لطرقِ السّداد، و صلواتُ اللهِ و سلامهُ و تبريكاتهُ على مَنْ لَطَفَ بهِ مِنَ العباد، و على آله و مَنْ سارَ بسَيْرِهِ على تكرار العصور و الآباد، اِلى اِنقضاء الدُنيا و اِقبالِ المَعاد، اِلى يوم التناد. و بعد:

خوێنەری بەڕێز!

هەروەك لە تابلۆكانی مێژووی پڕشنگداری ئیسلامدا دیارو ئاشكرایە كە زانا پێشڕەو و ڕچەشكێنەكان هەمیشە گیانێكی نوێ بوون لە دڵ و جەستەی ئوممەتەدا، هەوڵیان داوە ببنە تیشكێكی نوێكەرەوە و تاریكیەكانیان بەحەق و ڕاستی نەقشاندووەو ڕوناك كردۆتەوە، هەریەكە لە زانا ڕاستەكانی ئوممەت هەردەم ئاوازو دەنگێكی زوڵاڵی بانگەوازی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) و هەوێنی سەركەوتنەكان بوون...

وە شایانی ئاماژە پێدانە كە ئەو هەموو پلەو پایەو شكۆیەی كە زانایان هەیانبووەو هەیانە، نەبووەو ناشكرێ ببێت بەڕێگرو كۆسپ لەبەردەم ئەوەی ڕەخنەیان لێ نەگرین و تێبینیەكانمان نەخەینەڕوو، چونكە هەرچەندە زانایان ئەستێرەی گەشی شانۆی ژیانی ئومەتن و خاوەنی ڕێزو حورمەتن بەڵام هەر پارێزراو

(معصوم) نین لە هەڵەو پەڵەو کەم و کورتی و ناشبێت ڕێزو پلەو پایەیان ببێتە هۆی ئەوەی کە کوێرانە شوێنیان کەوین.

ئەبێ بەهەموو چین و توێژەکان؛ لە زانایان و تاکە سادەکانی ئومەت هەوڵبدەین کە کرداری تێڕامان و توێژینەوەو هەڵەچنین بەردەوام بێت و تۆی تێگەیشتن لە ناو ناخ و مێشکی تاکەکان بچێنین لە پێناو پێگەیشتنیان.

من خۆم نا بەڵام کێ ئەم بوێرییە دەنوێنێت و ئەو حەقە بەزانایەك دەدات کە بۆ هەموو سەردەم و شوێنەکان بدوێت و هەمووانیش پەیڕەوی لێ بکەن؟ کەی سیستەم و یاسای سروشتی و ئاوازی ژیانی ئادەمیزاد وایە؟ پێم وایە ئەمە خود پەسەندییە ئەگەر نەڵێم خود پەرستییە، چونکە تەنها فەرمایشتی خوا_ کە قورئانی پیرۆزە _ و پێغەمەرەکەی_ کە سوننەتی ڕاستی بەپێزە _ بە حەقی ڕەهای قبوڵ دەکەین، و تەنیا ئەو حەقە ڕەهایەش بە چەق و سەنتەر دەزانین و دایدەنێین نەك کەسێکی تر چ جای قسەکانیان، ئەگەر نا هەر کەسێکی تر دەکرێ قسەی لێ وەربگیرێت و لێشی ڕەت بکرێتەوە، بەم پێیە هیچ کەس و لایەن و گروپێك لەسەر ڕووی زەوی ناتوانێت ئەم حەقە ڕەهایە قۆرغ بکات و بڵێت من دەستەی ڕزگاربوو (الفرقة الناجية أو المنصورة)م و دۆزەخ بەسەر لایەن و دەستەکانی تردا دابەش بکات، چونکە ئەوەی ئەم بانگەشەیە دەکات بەڕاستی سنوری شکاندووە و سەری لەخۆی تێکداوە.

ئەگەر مافی ئەوە بدەین بە شێخ موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ و شوێنکەوتووەکانی کە لێکدانەوەو تێڕوانینی خۆیان بۆ دین بخەنەڕوو ئەوا دەبێت بەهەمان جۆر ئەو حەق و مافەش بدەین بە زانایانی تر کە زۆرینەی ئومەت پێك دێنن تاکو تەفسیری خۆیان بۆ دین و ژین بخەنە بەرچاو، و شتێکی نکۆڵی لێ نەکراوە کە مەسەلەی ناکۆکی و ڕاجیایی بەشێکی شێلراوە لەگەڵ

پێکهاتە و لاشەی ژیان و لێ جیابوونەوەی نیە، بەڵام دەبێت بە ئاراستەی ئەرێنی (ئیجابی) بەکاربهێنرێ بۆ خزمەتی دین و ژین چ لە ڕووی مەعنەوەی یان ماددی.

وە پێویستیشە لە تێڕوانینە ڕەخنە ئامێزەکانمان دا جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو شتانەی چەسپاو و نەگۆڕن، لەگەڵ ئەوانەی گۆڕاون و بەرهەمی هزری مرۆڤ و ڕەفتارەکانیەتی، و دوو سەچاوەمان هەن کە پێویستە لەکاتی هەڵسەنگاندا بۆیان بگەڕێینەوە ئەوانیش بریتین لە قورئانی پیرۆزو سوننەتی پاك و بێ گەرد و لەبەرامبەر ئەواندا بۆچوون و هزری موسڵمانان بەشێوەیەکی گشتی و هەمەکی (عام) و هی زانایان بەشێوەیەکی تایبەت و هەندەکی (خاص) هیچ پیرۆزییەکیان نیە، چونکە دیدو بۆچوون وەکو خەزێنەو گەنجینە وان کە دوور لە دەمارگیری دەتوانرێت سوودیان لێ وەربگیرێت...

وە جێگای خۆیەتی کە بڵێین دانان و نوسینی بەرهەمی لەوجۆرە، یان وورووژاندنی بابەتی لەو شێوەیە ڕێبەریی و سەرقافڵەیەکی چاکە بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت چاو بەو هەڵانەدا بخشێنن کە تاکو ئێستا ڕاست نەکراونەتەوە، بەڵکو قسە لەبارەوە کردنیان بڤە بووە، چونکە خاوەنەکەی بە تەکفیر تیرباران دەکرا..

وە شایەنی باسە بەندەی (فقیری حقیر) لە بەکوردی کردنی ئەم بەرهەمەدا تەنها ڕۆڵی وەرگێڕ دەبینێت و جگەلە دانانی هەندێ پەراوێز بۆ هەندێ دەستەواژەو چەمك یان ڕوونکردنەوە هیچیترم نەکردووەو بەس، لە بەکوردی کردنی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز سودم بینیوە لە:(تەفسیری ئاسان بۆ تێگەشتنی قورئان: بورهان محمد أمین).

وە هیوادارم خوا تاك و بێ باك پاداشتی دانەر:(حەسەنی کوڕی فەرحانی مالکی) بداتەوەو هەوڵ و کۆششی بەردەوام بێت بۆ دەرخستنی حەق و ڕاستی، ستایشی خوای بێ هاوەڵ دەکەم کە یارمەتی دام بۆ تەواو کردنی ئەم کارەم و ئاواتەخوازم جێگای

ڕەزامەندی ئەوبێت و تاکەکان سوودی لێ ببینن، بەڕاستی خێرو چاکە نەلە توندڕەوی نەلە کەم ڕەویدا نیە بەڵکو لە میانڕەوی و شەڕعرڕەوی دایە.

زێبار عزیزخان مهاجیر

سۆران

# پێشەکی

الحمد لله والصلاة والسلام على محمد و آله، و رضي الله عن أصحابه من المهاجرين و الأنصار و على من تبعهم باحسان، أما بعد:

بەرلەچەند ساڵێك یاداشتنامەیەکی کورت و پوختم نوسیبوو لەچەند پەڕێکدا لەمەڕ کتێبی (كشف الشبهات) دانراوی شێخ موحەممەدی کوری عەبدولوەهاب، دواتر لەکاتێکی تردا ئەو یاداشتنامەیەم برد و نوێم کردەوە و بۆم زیادکرد و هەندێ شتم لێی ڕاست کردەوە و کۆمکردەوە جا لەو ساتەدا بینیم کەمن تا ئەندازەیەك ئەو زانیاریەم کۆکردۆتەوە کە چاکە و کەڵکی ئەوەش دەدات کە مەذهەبی شێخ هەڵبسەنگێنێ لە تەکفیردا و گونجاویشە ئەو زانیاریانەی کە کۆمکردوونەتەوەو ڕێکم خستوون لەو ڕۆژانەدا لە دوو توێی ئەم کتێبەدا بڵاویان بکەمەوە، ئەمەش لەپاش زۆری و بۆری پرسیارکردن لەبارەی شێخ موحەممەدی کوری عەبدولوەهاب و لەبارەی مەذهەب و شوێنکەوتووەکانی و لەبارەی ئەمەش کە ئایا خەسڵەتی تەکفیرکردنی موسڵمانانیان تێدایە؟ یاخود تەنیا ناشرین کردنی بانگەوازەکەیەتی لەلایەن ناکوك و بەهەڵستکارەکانی؟ یان چاك تێنەگەیشتنە لە ووتەکانی....تاد.

بەر لەوەی بچمە ناو کرۆك و کاکڵی بابەتەکە بەپێویستی دەزانم کە هەندێ مەسەلە هەن دەبێ سادەو سانایان بکەمەوە لەو پێشەکیەدا تا نەبێتە هۆی تێکەڵ و پێکەڵ بوونی بابەتەکە و ئامانجەکانیش دیاری بکەین، دوای ئەمە لەدەرگای کرۆکی بابەتەکە دەدەین لە کتێب و ووتەکانی شێخەوە.

**چەند مەسەلەیەکی ڕێ خۆشکەر:**

**مەسەلەی یەکەم: شێخ موحەممەدی کوڕی عەبولوەهاب کێیە؟**

لێـــرەدا پێویســـتە ســـەرەتا دان بنـــێین بـــەوەی کـــە شـــێخ موحەمـــەدی کـــوڕی عەبـدولوەهاب_ ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت _ بـانگخوازو چـاکخوازە نـەك پێغەمبـەرێ[1] بووبێت.

جا لەلایەنی تیۆری و جێبەجێ کردنەوە هـیچ ڕاجیاییـەك نیـە لەمـەدا_ لەلایـەن کەسانی خاوەن ئینصاف _ بەڵام ڕاجیایی هەیە لەگەڵ دوو دەستەیە لەخەڵکی:

١_ ئەوانەی کە تەکفیری دەکەن بەکافرو بێ باوەڕ یان بە لاسار (فاسق)ی دەزانـن و گومانیان هەیە لە ئامانجەکانی، ئەم دەستەیە دانیش بەوەدا نانێن کە ئەو بانگخوازو چاکخوازە.

٢_ لەگـــەڵ ئـــەو دەســـتەیەش کـــە ڕێگـــری دەکـــات لـــەوەی پێداچـــوونەوە بەبەرهەمەکەیـدا بکرێـت و پـەیڕەو بەرنامەکـەی هەڵبسـەنگێنرێ، سـەرباری ئەمـەش نکۆڵی دەکات لە بەهەڵەداچوونی لەو شتەدا کە تیایدا بەهەڵەچووە، جا ئـەم دەسـتەیە شێخ موحەممەدیان هێناوەتە ئاست پلەو مەنزلگای پێغەمبەران لە پارێزراوی[2] .

[1] _ شێخ موحەممەدی کوری عەبدولوەهابی کوڕی سولەیمانی کوڕی عەلی کوڕی مەشرفی تەمیمیە، کە لەساڵی ١١١٥ك لەدایك بووە و لەساڵی ١٢٠٦كماڵئاوایی کردووە لەژیانی دونیا، دەستپێکی کارکردنی لەبواری بانگەوازدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١١٥٧ك پاش کۆچی دوایی باوکی، هاوشان لەگەڵ کوڕی موعممەر ئەمیری(العيينة) و موحەممەدی کوڕی سعود ئەمیری (الدرعية)، پاشان لەگەڵ کوڕەکەی ژیاوە.... بۆ زیاتر ناسینی کەسایەتیەکەی، بگەڕێوە بۆ پاشکۆ _ بڕگەی یەکەم _.

[2] _ لەکاتی بەکوردی کردنی ئەم دەستەواژەیە:(قد أنزلوه منزلة الانبياء المعصومين) واتە: ئەم دەستەیە شێخ موحەممەدیان هێناوەتە ئاست پلەو مەنزلگای پێغەمبەران لە پارێزراوی. بۆ ئەوەی خوێنەر دوور بێت لە خەیاڵ و گومانی خەراپ بۆیە بەم شێوەیە بە کوردیم کرد، چونکە ئەگەر (الانبياء المعصومين) بە پێغەمبەرە پارێزراوەکانم لێکدابایەوە ئەوا خوێنەر وا گومانی دەبرد کە پێغەمبەرانێ هەن کە پارێزراو نین (خوا بمان پارێزێ لەو جۆرە خەیاڵ و گومانانە). (وەرگێڕ).

کە ئێمە دەڵێین: (بانگخواز) مەبەستمان بەرپەرچ دانەوەی ئەو کەسانەیە کە تەکفیری شێخ دەکەن یان بە لاسار ئەژماری دەکەن یاخود گومانیان هەیە لە ئامانجەکانی بەشێوەیەکی گشتی، کە دەشڵێین:(پێغەمبەر نیە) مەبەستمان بەرپەرچ دانەوەی ئەو کەسانەیە کە زیاد ڕەوی دەکەن لە پاکگرتنی ئەودا، کە لەو کتێبەدا مەبەستمان ئەو دەستەیە.

موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ چاکەو فەزڵی هەیە بەسەر هەر هەمووماندا لە ناو وڵاتی سعودیە، بەڵکو بەسەر زۆرێك لە موسڵمانان لە جیهانیشدا ، بەڵام بەهێچ شێوەیەك دروست نیە ئێمە لاسایی (تقلید)ی بکەینەوە لەو شتانەی کە تێیدا بەهەڵەچووە؛ ئەویش وەك سەرجەم مرۆڤەکانی تر لە زاناو بانگخوازو زانستخوازەکان، جا ئەگەر ئێمە قبوڵ بکەین کە ئەبی حەنیفە و شافیعی و هاوێنەکانیان بەهەڵداچووبن ، ئەوا چۆن قبوڵ ناکەین کە شێخ موحەمەدی کوڕی

---

[1] _ هەروەك لە ئینصافیەوەیە کە بڵێین: توندو تیژی نواندنی شێخ _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ لە تەکفیردا، بووە هۆی زەرەرو زیان و ناهەمواریەکی زۆر کە بەسەر ئێمە و زۆرێك لە موسڵمانانی جیهانیشی هێنا، بەڵگەکانی زیاد ڕۆچوونی شێخ لە تەکفیردا ئاشکراو ڕوونن لە بەرچاوی ئەو کەسانەی خوای گەورە پاراستوونی لەوەی دەمارگیریان هەبێ بۆ ناحەق _ هەروەك لەمەو پاش هەر لەم کتێبە دا چەند نمونەیەکی ڕاشکاوانە پێش چاو دەخرێن لەوبارەوە _، بەڵام لەبەر ئەوەی مرۆڤ پارێزراو نیە لە هەڵە و پەڵە، ئەوا ئەو هەڵە و پەڵانە نابێتە هۆی ڕەت کردنەوەی چاکێتی و ڕێزو بانگەوازو کۆشش (اجتهاد) و خاسیەت و تایبەتمەندیە چاکەکانی کە لە ژیاننامەو کتێبەکانی دا دیارن.

[2] _ کەچی دەبینین هەندی لەدەمارگیران هەن لە لاسایکەرەوانی شێخ کە زۆر بەئاسانی قبوڵی ئەوە دەکەن کە هاوەڵە پایە بەرزە گەورەکان وەکو عومەرو عەلی و ئەبو ذەر_ خوا لێیان ڕازی بێت _ و هاووێنەکانیان بەهەڵەدا چووبن، کەچی تەنها ڕەخنە لە هەڵەیەکی بچوکی شێخ قبوڵ ناکەن، جا ئەمەش زیاد ڕۆچوونە لە هەڵسەنگاندنی پیاو چاکاندا، بەڕاستی ئەمە بەگوفتارو ڕەفتار ڕەتکراوەیە، ئەگەر چی لەو ڕەتکردنەوەشدا ئازارمان بینیوە بەدەست ئەو کەسانەی کە بەبۆچوونی خۆیان دژایەتی زیاد ڕۆچوون دەکەن لەئاست پیاو چاکان دا!، کە لە ناو دەمارگیرە دژەڕاکانی خۆیاندا هەیە، کەچی لەکەسانی تر هاوبۆچوونی خۆی قبوڵیەتی، ئەوانەی کە هەڵدەستن بەگەورە گرتنیان بە هاووێنەی هەڵەی کەسی تر یان نزیك لەهەڵەی ئەوان.... وە

عەبدولوەهاب بەهەڵەدا چووبێت؟! لەگەڵ ئەوەی شێخ کەمتر لەو کەڵە زانایانە زانست و شوێنەواری هەبووە بەیەکدەنگی ئەوانەی خاوەن ئینصافن لە زاناکان.

**مەسەلەی دووەم: شێخ لەنێوان دوو ئاراستەی جیا لە زیاد ڕۆچوون لەلاسایی کردنەوەو زیاد ڕۆچوون لە سەرزەنشتکردندا:**

شێخ موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب وەك سەرجەم ئەوانەی کە ناسراون، ئەوا خەڵك لەبارییەوە بەسەر دوو چین دابەش دەبن، چینێك زیاد ڕەوی دەکات لە سەرزەنشتکردن و تانەو تەشەر لێدانی و چینێك زیاد ڕەوی دەکات لە ستایشکردن و پێداهەڵگووتنی، بەڕاستی لێرەدا ئێمە هەوڵ دەدەین کە لە میانڕەوەکان بین، جا ئەوانەی خاوەن ئینصافن شێوازێکیان هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئاخۆ چ حەقێکی چاکی هەیە و چ لاوازی و بێ هێزییەکی هەیە، جا دان دەنێن بەحەق لەلایەن هەر کەسێکەوە بێت، ڕوو خۆشیش نانوێنین لەبەرپەرچ دانەوەی ناحەق دا، ئێمە لەهەردوو حاڵەتدا ئومێدی پاداشت و چاکە بۆ شێخ دەخوازین و داوای سەلامەتی بۆ دەکەین لە سزا، لەگەڵ ئەوەی تکاو ڕەجاشی بۆ دەکەین ئەوا هەوڵی ڕوون کردنەوەی ئەو هەڵانە دەدەین بۆ خەڵك بەبەڵگەوە؛ تا کاریگەر نەبن بەو هەڵانە و شوێن کەسانێ نەکەون کە لاسایکەرەوەو زیاد ڕەون، ئەوانەی کە وێنەی شێخیان ناشرین کردووە لە جیاتی جوان کردنی بەهۆی دەمارگیریان، جاچ هەڵەکانی لە بواری ئیمان و عەقیدەوە بێت یان لە بواری ئەحکامەکانەوە بێت کەچی هەڵە کردن لەلایەنی عەقیدەو ئیماندا زۆر کاریگەرترە لەسەر زیاد ڕۆچووە لاسایی کەرەوەکان. ئەمڕۆش

---

ئەمەش بەهەمان شێوە دروست نیە، پێویستە پێودانگ و تەرازوو بۆ هەمووان هەر یەك پێودانگ و تەرازوو بێت بۆ هەڵسەنگاندنی، بەهەڵەدانانی لەهەمان کاتیشدا پاراستنی ئەو حەق و ڕاستیانەی کە ووتویەتی، جا ئەم پەیڕەوە پێویستە بگیرێتەبەر بەرامبەر هەمووواندا، لەبەرامبەر سەرجەم دەستەو تاقم و مەذهەبەکان.

ئەوان دەسەڵاتیان زیاترەو زاڵن بەسەر میانڕەوەکان، هەر ئەوان مەبەستی سەرەکین لەم خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنە خێرایە، لەبەر ئەوەی ئەوان زیاد ڕەویان کرد لەلاسایی کردنەوەو ڕێگریشیان کرد لەهەڵسەنگاندنی پەیڕەو (المنهج)ی شێخ و دژایەتی سەرجەمی ئەوانەیان کرد کە خوێندنەوەی تریان هەیە و بڵاویان کردۆتەوە لە کتێب و بڵاوکراوە و لەو ووتانەی کە تیایدا دانیان پێداناوە، جا لەخۆیان بایی بوون بە ڕۆژە خۆشەکان و لەباربوونی ڕۆژگار، بەڕاستی دەستیان لێی هەڵکرد، دەستیان کرد بە دابەشکردنی دین بۆ دەیی و چواری، جا لەمەدا لە نێوان دەستپێك و گەڕانەوەو دڵدانەوەو ترس و تۆقاندن گیریان خواردووە، لەوانەیە تەمەن و ڕۆژگاریان بەسەر بردبێت لە شتی لاوەکی و بچوك، لق و پۆپی لاوەکی حوکمەکانیان بەرزکردەوەو کردنیان بە بنەمای لە ئاسمانەوە هاتوو، لەسەر ئەمەش بەبچوك دانانی شتە گەورەکانیان بنیادنا، لە بەکافر دانان و حەڵاڵ کردنی خوێنەکان، ئا لێرەدا فیتنە و ئاشوب دەکرێ بە دادوەر و چەرمەسەریەکە زیاتر دەبێت تا ئەو ئەندازەیەی کە نەزانێك دێت دەڵێت: ئێمە لەسەر پەیڕەوی پێشینە چاکەکانمانین پەیڕەوی ڕوونی خۆمان هەیە و ڕازی نین بەگۆڕینەوە یان بەهەر جێگرەوە (بدیل)ێکی تر یاخود لابردنی و نەهێشتنی، بەڕاستی هەر ئەوان پێشین و پێشەنگە چاکەکانمانن و پەیڕەوی ڕوونی خۆشمان هەیە! خەڵکیش لە دوو لا دەمێننەوە، یان سەرکێشی کردنێکی کوێرانە یان تێکەڵ بوونێکی پاساو ئامێز، بەزیاد ڕۆچوون ئاڵاون بە دوو لا لێوارو کەنارەکانی ڕێگای ڕاست (کە خۆی لەجوغزی بەرنامەو دینی خوادا خۆی دەبینێتەوە کە ئەویش لە دوو توێی ئیسلامدا کەڵەکە بووە )، کە تەمەن[1] و ژیانیان بەبێ هودەیی

---

[1] _ (وەرگێڕ).

و بەبێ سوود بەفیڕۆدەدەن، لەنێوان باتیلێ بەربڵاو زۆرو بۆر و حەقێکی تێك نەشکاو و نەدڕۆاو دان.

وە لەکۆنەوە ووتراوە:(هەڵ خلیسکان و پێ خزانی کەسی زانـا، خلیسکانی جیهانـە)، لەبـەر ئەمـە پێویسـتە لەسـەر زانایـان لەئاسـت بەرپرسـیارێتی دابـن و چـاونەترس و بوێربن لە ڕوون کردنەوەی هەڵەو پەڵەکانی کەڵە زانا گەورەکان بەڵام بە زانستداری و حورمـەت و ئینصـافەوە؛ بـا زیـاد ڕۆچـوونی شـوێنکەوتووان وایـان لێنـەکات کـە دان بەپلـەو پایەیانـدا نـەنرێت؛ بەهـەمان جـۆریش سـتەمی دژەڕاکانیـان نەبێتـە هۆکـاری سەنگەر دانان و بەرگری لە هەڵـە و سـنور شـکاندنەکانیان، چـونکە کـاری زانسـتخوازی بەئینصاف کە تەنها ڕەزامەندی خوای گەورەی مەبەستە ئەوەیـە کـە خـەڵکی هانبـدات بـەرەو میـانڕەویی و مامناوەنـدی بـۆ زانینـی ڕاسـتیە ڕەهاکـان لـەکاتی هەڵسـەنگاندنی شـوێنکەوتووان، ئـا لـەو کاتـەدا کەسـایەتیەکە دەناسـین بـەبێ زیـاد ڕۆچـوون و وشـکی، ئەمــەش وادەکــات کــە وەك خــۆی بیناســین بەســیفەتە چــاك و خراپــەکانی، هــیچ کەسێکیش سەلامەت نابێ لە هەڵەکردن و بەردەوام بوون لەسـەری تـەنها پێغەمبـەران و نێردراونی خوا نەبن (علیهم الصلاة و السلام).

**مەسەلەی سێیەم: دەربارەی بەکارهێنانی چەمکی وەهابی: لـەم مەسـەلەیەدا چـەند مەبەستێک هەن:**

مەبەستی یەکەم: لەمیانەی ئـەم لێکۆڵینەوەیـەدا خوێنـەر ئـەوە بـەدی دەکـات کـە چـەمکی (وەهـابی)م بـەکارهێناوە، ئەمـە لەمیانـەی سەرزەنشـت کردنـەوە نیـە وەك دژەڕاکانی بەکاری دێنن یان مەذهەبێکی نوێ بێت؛ بـەڵکو بـەکارهێنانی ئـەو ووشـەیە وەك چەمکێك یان نازناوێك کە زۆربەی موسڵمانان بەکاری دێنن بـۆ ئەم:(مـەذهەب و

تەوژمە هزری و فیکری و جوڵانەوە بانگخوازەی کە مێژوو و تایبەتمەندی و دانراوو بەرهەم و چەند شێخێکی هەن....) .[1]

مەبەستی دووەم: هەندێ لە وەهابیەکان بەو نازناوە ڕازی بوونە و خۆیانیشیان بەو نازناوە ناوزەد کردووە (بگەڕێوە بۆ پاشکۆ: بڕگەی دووەم).

مەبەستی سێیەم: مەرج نیە شێخ خۆی هەڵسێ بەناونانی مەذهەبی خۆی، چونکە زۆربەی سەر مەذهەبەکان بەڵکو هەموویان وەك من دەیزانم ناویان دەستنیشان نەکردووە بۆ مەذهەبەکانیان، بەڵکو دوای مردنیان خەڵك هەڵساوە بەناو دانان بۆ مەذهەبەکانیان، جا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ناوی لە مەذهەبەکەی دانەناوە

---

[1] _ وە (أحمد الكاتب) لە کتێبەکەی دا:(الفكر السياسي الوهابي قراءة تحليلة، الطبعة الثالثة عام ٢٠٠٨، مكتبة مدبولي _ القاهرة: ص ١٠) بەو شێوە پێناسەی وەهابیەکان دەکات:((وەهابیەکان سەرجەم ئەو کەسانەن کە دەدرێنە پاڵ قوتابخانەی شێخ موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب کە لە ناوەڕاستی سەدەی دوازدەهەم لە نەجد دایمەزراند، کە بزوتنەوەیەکی چاکسازی بوو لە دژی هاوارکردن و تکاکردن بە ئەولیاو پیاوچاکان چ زیندووەکان چ مردووەکان و سەردان کردنی گۆڕەکانیان و شەفاعەت خواستن لێیان، چونکە _ شیخ موحەمەد _ ئەو کردەوەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتانەی بە شیرك و هاوبەشدانان دادەنا بۆ خوای پایە بەرز، پێی وابوو کە موسڵمان بەو شتانە دەچێتە دەرەوەی بازنەی ئیسلام و موسڵمانێتی، پاشان هاوپەیمانی پێکهێنا لەگەڵ ئەمیری نەجد کە موحەمەدی کوڕی سعود بوو و هاوشان لەگەڵی، ئەو دەوڵەتەی دامەزراند کە ناسراوە بە دەوڵەتی سعودیەی یەکەم ساڵی ١١٥٧ك)).

لەبارەی نازناوی وەهابیەت (أحمد الكاتب) لەهەمان سەرچاوەو لاپەڕەدا دەڵێ:((لە کاتێکدا شوێنکەوتووە پێشینەکانی ئەو قوتابخانەیە نازناوی "الموحدون: یەکتاناسان" یان "موسڵمانان"یان لە خۆ دەنا بەرامبەر بە هاوبەشدانەران، لە بەرامبەردا دژەڕاکانیشیان نازناوی"خەواریج"یان بۆ بەکاردەهێنا. بەڵام شوێنکەوتووە هاوسەردەمەکانی ئەو قوتابخانەیە نازناوی "سەلەفیەت" یان "سەلەفیەکانیان" لەخۆیان ناوە و ئەم نازناوەیان پێ چاکترە. و بەهەمان شێوە بەکارهێنانی نازناوی " وەهابیەکان " بەربڵاوە لەلایەن هەر دوو لاوە؛ واتە چ شوێنکەوتووەکان چ دژەڕاکانی، وەك ناوێکی ناسێنەری لێهاتووە بۆ ئەو تەیارو تاقمەی کە پێکهاتەیەکە مێژوو و تایبەتمەندی و کتێب و دانراو چەند شێخێکی هەن، لە زۆر شت جیاوازە لە دەستەو تەیاری گشتی سەلەفیەت، بۆیە هەندێ زانا کە لەسەر هەمان مەذهەبن ئەم نازناوەیان بەکارهێناوە وەك موحەمەدی کوڕی عەبدوڵەتیف و شێخ سولەیمانی کوڕی سەحمان)). (وەرگێڕ).

(حەنبەلی)، شافیعیش ناوی نەناوە لەمەذهەبەکەی (شافیعی) و ئەبی حەنیفەش ناوی لە مەذهەبەکەی نەناوە (حەنەفی)، مالیکیش ناوی لە مەذهەبەکەی نەناوە و جەعفەری صادقیش ناوی لەمەذهەبەکەی نەناوە (دوادزە ئیمامی یان ئیمامی)، زەیدی کوڕی عەلیش ناوی (زەیدی) نەناوە لە مەذهەبەکەی، ئەوزاعی و طەبەڕی و داوودی ظاهری و عەبدوڵڵای کوڕی ئیباض و جگەلەوانیش لە پێشەوا شوێنکەوتووەکانی مەذهەبەکانیش ناویان نەناوە لە مەذهەبەکانیان، بەڵکو قوتابیە تایبەتەکانیشیان ناویان بۆ دانەناوە بەڵکو دواتر ناوی بۆ دانراوە، ئەمەش لەدەرەنجامی لێکۆڵینەوەو تێڕامان لە خاسیەت و تایبەتمەندیەکانی مەذهەبەکان بەدی دەکرێت،..... تاد .[1]

**مەسەلەی چوارەم: شێخ خۆی تەنیا نەبووە لەناو زانست و بانگەوازی ئیسلامی دا:**

هەندێك لە شوێنکەوتوانی شێخ گومانی ئەوە دەبەن کە شێخ تاکە کەسی ڕۆژگاری خۆی بووە لە ناو مەیدانی زانست و زانیاریدا و ئەو وڵاتە موسڵمان نیشینانەی کە بانگەوازی ئەوی تێدا نەبووە وڵاتی شیرك و کوفرو بێ بڕوای بووەو زاناکانی ئەو وڵاتانەش نەفام و نەزان بوونە و هیچیش نازانن لە دین، وەك ئەو جۆرە بیرو بۆچوونانەی شوێنکەوتووە ستەمکارەکان سەبارەت بە وڵاتانی موسڵمانان و زاناکانیان لەڕۆژگاری شێخ دا، جا بەداخەوە ئەو ئەصلْ و ڕەگ و ڕیشەیەی کە موسڵمانانی پێ تەکفیر دەکرێ و وڵاتانیان بەزاناکانیانەوە بەوڵاتی کوفر ئەژمار دەکرێن، هەر لە خودی ووتەکانی شێخ خۆیدا بەدیم کرد_ وەك دواتر دەخرێتەڕوو _ و لەگەڵ ڕێزمان بۆ ئەو شوێنەوارو پەرێزەی شێخ موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب _

[1] _ بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ناونانی نازناوی (وەهابی) بگەڕێوە: پاشکۆ: بڕگەی دووەم.

ڕەحمەتی خوای لێبێت _ و ئەو ڕۆڵەی کە هەیبوو لەڕووی چاکسازی و بانگەوازدا؛ کە کـارتێکردن و شـوێنەوارەکانی گەیشـت بـە زۆرێـك لەموسـڵمانانی جیهانـدا، جیـا لەموسڵمانانی نـاو دوورگـەی عـەڕەبی _ سـەرباری چـەند تێبینیـەك لەسـەر پـەیڕەوی شـێخ وەك دواتـر دەخرێتـەڕوو _ بـەڵام پێویسـتە زانسـت خـواز بزانێـت کـە شـێخ و ئەوانـەش کـە شـوێنی شـێخ کـەوتوون لەمـەدا (واتـە لـەو ئاراسـتە توونـد ڕەوەو زیـاد ڕەوەدا ) ڕاسـت نـەیانپێکاوە، لـەو سـێ سـەدەیەی کۆتاییـدا لەگـەڵ شـێخدا چـەندین بانگخوازو چاکخوازو چەندین زانـا هەبوونـە، خـوای گـەورە وای کـرد کـە ببنـە مایـەی سوودو کەڵکێکی زۆر و دروستیش نیە مافیان بخورێت و موسڵمانان لەوڵاتیاندا تـەکفیر بکرێن، جا لەو کەسانە: شێخ (ولي الله الـدهلوي) و شـێخ موحەمـەد حـەیات سـیندی و شێخ تەهانوی هیندی و زانای بلیمەت موحەمەدی کوری ئیسماعیل ئـەمیری صـەنعانی کـە زۆر زانـاو شـارەزاترە لەشـێخ موحەمـەدی کـوڕی عەبـدولوەهاب و میـانڕەوترو کاریگەری زیاترو باوەڕ پێکراوتـرە لەلایـەن تێکڕایـی موسڵمانانەوە، ئەگـەر چـی شـێخ جێماوەی زیاتر بێ و چالاکتر بێ لەبواری بانگەوازدا و (موحەمـەدی کوڕی فـەیروزی ئەحسـائی) گـەورەی حەنبەلیـەکان لـە ئەحسـاء، و زاناکـانی حیجـاز، دواتـر (ئیمـامی شـەوکانی) یەمـەنی هـات کـەمێك دوای شـێخ، پاشـان لەسـەدەی دوایـدا زۆرێـك لـەزاناو بـانگخواز هـەبوون کـە شـوێنەوارو کاریگـەری گـەورەی بانگـەوازی هـەبووە وەك لـە بانگەوازەکەی شێخ (حەسەن بەننا) لە میسرو زانای بیلمـەت (مـەودوودی) لەپاکسـتان و نیمچە کیشوەری هیندی، شێخ (جەمالـەدینی قـاسمی) لەشام، (مەهـدی سـودانی) لـە سودان دەرکەوت، سـەرباری ئـەم زانایانـەش چـەندین زانـای تـر کـە گرنگـی دانیـان بـە

---

[1] _ (وەرگێڕ).

[2] _ بۆ زیاتر زانیاری و شارەزای سەبارەت بەوانەی کە لە سەردەمی شێخ دا ژیاون:(سەیری پاشکۆ بکە، بڕگەی سێیەم).

زانست و زانیاری زیاتر بووە لە گرنگی دانیان بەجەماوەر وەك (شێخ موحەممەد عەبدە) و (جەمالەددینی ئەفغانی) و زۆرێکی تر جگەلەوانە، ئەوانەی کە لەکارانێکدا کوفریان بەدی نەکردووە کەچی شێخ موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب بەشیرکی گەورەی دادەنێت.

پاشان ئێمە نکوڵی لەوە ناکەین کە ئەوانە و کەسانی جگەلەمانەش بەتایبەتی شوێنکەوتووان _ لەگەڵ ئەو هەڵە و کرچ و کاڵیانەی کە هاودەمی ئەم باگەوازانە بوون چ لە ڕووی زانستی چ لەڕووی جێبەجێ کردن _ ڕۆڵێکی گەورەیان لە نوێ کردنەوەی ئیسلام و بەرز کردنەوەی ڕۆحی مەعنەویاتی موسڵمانان و ڕاست کردنەوەی هەڵەکان هەبووە چ لەبواری ئیمان و باوەڕەوە بێت یان لەبواری کردارو هەڵسوکەوتەوە.

جا بانگەشەی ئەم چاکخوازانە بەگشتی بانگەوازی ئیسلامی بوون، کە بانگەوازێکی ئیسلامیشە مانای وانیە پاکە لە هەڵە، بێگومان ئەم باس و خواسە زۆرێك لە شوێنکەوتووان پەییان پێ نەبردووە؛ ئەوانەی کە تیشکەکانی ئەو بانگەوازەی چاکخوازە وایکردووە پەیی بەهەندێ هەڵە نەبەن، کە هاودەمی بانگەوازەکانیان بوونە پاشان کاریگەری خراپی بووە بەسەر هەندێك زانستخواز، ئەوانەی تێیاندا ڕۆچوون و ڕێگریان کردووە لەوەی کە ڕەخنە لە هەڵەکانیان بگرێت لەواقیعدا، جا ئەگەرچی هەر بەردەوام بوون لەسەر دانپێدانانی نابابەتی و بەوەی کە ئەوان ڕاست دەپێکن، کەچی هەڵەش دەکەن، لەواقیعدا هیچ جیاوازییەك بەدی ناکەین لە تێڕوانینی شوێنکەوتووانیان لەنێوان ئەو زانایە و پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دا.

شێخ موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ لەناو هەموو ئەوانەدا شتێکی تازەو داهێنراو نیە، وەك شوێنکەوتووەکانی حەسەن بەننا و شوێنکەوتووانی مەهدی و شوێنکەوتووانی شەوکانی و مەودودی و جگەلەوانیش زیاد

ڕەویان کرد، لەسەردەمی (شێخ موحەمەد عەبدە) و دوای سەردەمی ئەویش کەسانێك دەرکەوتن لەناو شوێنکەوتووانی کە زیاد ڕەویەکی زۆریان تێدا کرد، دەمار گیریان هەبوو بۆ ئەو نوسینانەی کە لەناو پەیام و فەتواکانی هەبوو، تەنانەت بۆ حوکمی لەسەر فەرمووده و ئەو ڕاو بۆچوونانەشی کە هەیبوو لەبارەی گەلان و وڵاتان و جگەلەمانەش دەمارگیریان هەبوو.[1]

یان ئەو زیاد ڕەوییەی کردیان تا گەیشتە ئاستێك کە بەشێکی گەورەیان لە بانگەوازی شێخ بەجێهێشت کە سەرزەنشتی دەکرد ئەویش بریتیبوو لە:(لەزیاد ڕەوی کردن لە پیاو چاکاندا)، جا زیاد ڕۆچوون لە پیاو چاکاندا بریتیە لەو خولگە سەرەکیانەی کە ڕەخنەکانی شێخ _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ تێیاندا دەخولایەوە، وای لێهات ئەو مەسەلەیە ببێتە یەکێك لەمەسەلە سەرەکیەکانی عەقیدە لەلایەن زیاد ڕۆچووەکان لە شوێنکەوتووانی شێخ موحەمەد _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ .[2]

وە ئەوەی زیاتر یارمەتی ئەوانی دا بۆ زیاتر زیاد ڕۆچوونی خۆیان ڕۆچوونی لایەنەکانی تر لە صۆفیەکان و شیعەکان و شوێنکەوتووەکانی چوار مەذهەبەکە کە

---

[1] _ یەکێك لە نمونەکانی کە زیاد ڕەوی لە شێخ موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب دا دەکەن ئەم ووتەیەی هەندێك لە شوێنکەوتووانیەتی کە دەڵێن:(زانای خواناس و صدیقی دووەم و نوێکاری بانگەوازی ئیسلامی...... زانای بێ وێنە) (الدرر السنية: ١/٢٩)، (ئیبن عەبید) لە (أولي النهى والعرفان: ١/١٧٣) دەڵێ:((شێخ موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب کە ئوممەتی موحەمەد شانازی پێوەدەکات بەسەر هەموو ئوممەتەکانی تردا!)) و دانەر نازناوی:(شێخی بوون: شێخ الوجود) بۆ بەکارهێناوە!! لە شیعرێکدا کە لە (التذكرة: ١/٣٣) دا هاتووە. ئەمە ووشەیەکی گەورەیە، کە ئەگەر یەکێکی تر ئەم ووشەیە بۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) بەکاری بهێنابایە ئەوا شوێنکەوتووانی شێخ نکۆڵیان لێ دەکرد و لەوانەیە هەر بەبێ باوەڕیشیان لەقەڵەم دابوایە.

[2] _ بەڵکو زۆربەی (مەسەلەکانی سەردەمی نەفامی) کە شێخ کتێبێکی لەو بارەوە داناوە، کە پێویستە زیاد ڕۆچووە شوێنکەوتووەکانی بگەڕێنەوە بۆی، ئەوسا دەبینن کە بەداخەوە زۆربەی مەسەلەکان لەخودی= =خۆیاندا هاتونەتەجێ:(بگەڕێوە بۆ نمونەکان لە پاشکۆدا، بڕگەی چوارەم، کە چۆن ئەو مەسەلانە هاتوونەتەجێ لە زیاد ڕۆچووە شوێنکەوتووەکانی شێخ دا _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _).

هێرش و هەڵمەتیان کردە سەر شێخ موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب، گومانیان وابوو کە ئەو دینێکی نوێی هێناوە یاخود دروست بوونی ئەو مەذهەبە دەرەنجامی پیلانی بەریتانیە یان شێخ موحەممەد بانگەشەی پێغەمبەرێتی کردووە و ڕقی لە پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم) و بێ ڕێزی و گاڵتە دەکات بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، جگەلەوانەش لە قسەلۆك و هەڵبەستراوی تر.

جا ئەم زیاد ڕۆچوونە لەلایەن دژەڕاکانی بووە هۆی بەردەوامی پاڵنانی زیاد ڕۆچوونی پێچەوانە لەلایەن هەندێ لە شوێنکەوتووانی شێخەوە ئەوانەی کە وایان دادەنا کە هەر کەسێ شێخ بە هەڵگار دابنێ ئەوا ئەو کەسە دوژمنی بانگەوازی چاکسازیە و لەو کەسانەیە کە دژی عەقیدەی سەلەفیە، جا هەندێکیان زیاد ڕەوی دەکەن وا دادەنێن کە ئەو _ واتە ئەو کەسەی کە ڕەخنەی گرتووە لە شێخ موحەممەد _ دوژمنی ئیسلامە!.

ئەمەش شتێکی نامۆ نیە، چونکە لەناو شوێنکەوتوان و دژەڕاکانی هەر سەرکردەیەکی دینی دەستە و تاقمێك دەردەکەون کە زیاد ڕەون؛ _ ئەمەش بەردەوام دەبێت ئەگەر هاتوو لە نێوان شوێنکەوتوان و دژەڕاکانی خەڵکانێ نەبن کە ئینصافیان هەبێ _.

کەوابوو شوێنکەوتووەکان_ شوێنکەوتووانی شێخ موحەممەد _ وا هەست دەکەن کە بەرپەرچ دانەوەی دژەڕاکانی شێخ بەرگری کردنە لە ئیسلام، کەچی گاڵتە پێکردن بە زانایانی موسڵمانان و بە وڵاتی موسڵمانان و بوختان پێکردنیان بەشیرك و کوفر بەدەست درێژی و ستەمکاری لەلایەن ئەوان لەقەڵەم نادرێت[1]. ئەمە کاکڵ و ناوەڕۆکی زیاد ڕۆچوونەکەیە کە شێخ لەسەر خۆی نەزری کردبوو کە سەرزەنشتی بکات و

---

[1] _ (وەرگێڕ).

هەڵسێ بەهۆشداری دان لەبارەیەوە و دژایەتی کردنی خاوەنانی ئەم خوو ڕەوشتە بەگوفتارو کردار و دژەڕاکانیشی بۆچوونیان وایە کە بەرگری کردن لەشێخ و دانانی بەبوونی چاکەی و لەو ڕاستیانەی کە گوایە تێیدا پێکاویەتی ئەوا یارمەتی دەری تێکدانی ئیسلامە و یارمەتی دەری بڵاوکردنەوەی دینی خەواریجەکانە.

**مەسەلەی پێنجەم: چۆن وەهابیە زیاد ڕۆچووەکان عەقیدەی سەلەفی و بەرگری کردن لەو عەقیدەیەیان قۆرغ کردووە؟**

لێرەدا شتێکی تر هەیە لەبەر گرنگیەکەی پێویستە ئاگاداری بین ئەویش بریتیە لە قوڵ بوونەوەو توندتر بوونی دژایەتیەکە لەنێوان وەهابیەکان و دژەڕاکانیان و بەردەوام بوونی ئەو دژایەتیە تا ئەمڕۆ ئەمە یارمەتی ئەوەی دا کە دەستەی زیاد ڕۆچوو لە شوێنکەوتووانی شێخ دەربکەوێت کە سۆزدارو بەجۆش و خرۆش بوون لە بەرپەرچدانەوە بەپێی تێپەڕینی کات مافی دووانیان بەناوی بانگەواز و قۆرغکردنی بەرگری کردن لە عەقیدەی سەلەفی دەست کەوت یان زیاد ڕۆچوون لەسەرزەنشت کردنی دژەڕاکانیان، لەگەڵ زیاد ڕۆچوون لە بەرگری کردن لە هەڵەکانی شێخ، وای لێهات ئەوەی دوێنێ شێخ بانگەشەی بۆ دەکرد ئەمڕۆ لەلایەن شوێنکەوتووان و دژەڕاکانی بەیەکسانی وازی لێبهێنرێ مەگەر یەکێك خوا ڕەحمی پێبکات، [1]

---

[1] _ بەو شێوەیە زیاد ڕۆچووە وەهابیەکان ئەمەیان قۆرغ کردووە، وەك ئێستا کە بەرگری کردن لەشێخ قۆرغ دەکەن، کە دەیبینن لەو بەرپەرچدانەوە بەپەلەو گرژانەی هەندێ برایان لەسەر ئەم یاداشتنامەیە ئەنجامی دەدەن، ئەوانەی کە وایان لێهاتووە ئەوەی کە هەڵە لە شێخ بگرێ بە هەڵگەڕاوەو دەرچوو لە ئیسلام دەیژمێرن، ئەمە بە قۆرغکردنی ناصیبەکان دەچێت (و لەوانیشدا ڕۆچووە سوننیەکان) لەبەرپەرچدانەوەی شیعەکان و قسەکردن بەناوی سوننە، پاشان هەڵسان بەتوانج تێگرتنی عەلی کوڕی ئەبی تایب و ئالوبەیتی بەناوی سوننە! و دواتر هەڵگووتن بەشان و باڵی موعاویە و یەزید و پشتیوانان و دەستەو تاقمەکانیان بەناوی سوننەوە! وەك لە زۆرێك لە نامە زانکۆییەکانماندا وای دەبینین!، ئینجا وای لێهاتووە کە هەر کەسێ ڕەخنەیان

ئەمە لەم ڕۆژگارەمان دا دیارە، نایبینی دەگمەن نەبێت یان زیاد ڕۆچووە لەبەرز ڕاگرتنی شێخ یان بەپێچەوانەوە لە دژایەتی کردنیدا، زیاد ڕۆچووە لە بەرز ڕاگرتنی ئیبن تەیمیەدا یان لە دژی دا،... و لەلایەن هەر دوو ئاراستە پێچەوانەکە ئامادەباشی نیە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی هێمنانە دوور لە دەمارگیری، نیشانەی زیاد ڕۆچوون لە دژی شێخدا ئەوەیە کە ئەوەی قبوڵە کە وەسفی بکرێت بەهەموو شێوازێکی خراپ، وەك نیشانەی زیاد ڕۆچوون لە شێخیشدا_ کە تایبەت ئەوانەمان مەبەستە لەو نامەدا _ ئەوەیە کە قبوڵیان نیە بە هیچ شێوەیەك ڕەخنە ئاراستەی شێخ بکرێت، هەڵەگرتنی شێخ بەهەر شێوەیەك بە تاوانێکی گەورە وەسفی دەکەن.

ئەم کرچ و کاڵیانە لە هەموو تاقمە زیاد ڕۆچووەکاندا بوونی هەیە، چ زیاد ڕۆچووە سەلەفیەکان یان زیاد ڕۆچووە شیعیەکان یاخود زیاد ڕۆچوو لە یەکێك لە پێشەوای سەر مەذهەبەکانی تر... تاد.

**مەسەلەی شەشەم: چۆن تاقمە زیاد ڕۆچووە قۆرغکارەکەی وەهابیەت بوەستێنین؟**

---

لێبگرێت ئەوا ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوەو تاوانبار دەکرێت بەوەی بووەتە شیعەو ڕافضی! وەك ئێستاش وای لێهاتووە کە هەر کەسێك ڕەخنە لە زیاد ڕۆچووە وەهابیەکان بگرێت، ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە بەوەی کە دژایەتی بانگەوازی سەلەفی دەکات، تەنانەت دژایەتی ئیسلام دەکات و بانگەوازی بۆ گۆڕ پەرستی دەکات! ئەمانە هەمووی ڕوودەدەن بەهۆی هۆکارێکی سادەوە؛ کە بریتیە لەوەی کە زیاد ڕۆچووەکان خۆیان دەستپێشخەری دەکەن لە بەرگری کردن و ڕوون کردنەوە، جا هەبووە کە بەرگری لە سەلەفیەت کردووە کەچی هەر سەلەفیش نەبووە، جا تێکەڵەیەك بەرگریان کردووە لە سوننە کە بەشێکی سوننی و ناصیبی و مورجیئە و جەبری بووینە، جا دەست پێشخەرییەکە بۆ بەرگری کاران دەبێت کە قسە بکەن بەناوی مەذهەب و بزوتنە و دەستە و تاقم و تەیارەکە، بەپێی تێپەڕینی کات دانیان پێدادەنرێت، لەسەرەتادا بە دراوسێتی ڕازیین! پاشان قۆناغی دووەم دەست پێدەکات بەدەرکردنی خاوەن ماڵ و حاڵە ڕەسەنەکە، ئەمە سوننەت و یاسا و ڕێسای ژیانە لە ناو تێکڕای مەذهەب و تیرەو و تاقم و تەیارەکان دا هەیە.

لەبەر ئەوەی وێنەمان ناشرین کرابوو _ ئێمەی زانستخواز لە وڵاتی سعودیە _ بەهۆی دەست بەسەرداگرتن و ڕێگرتنی زیاد ڕۆچووەکان لە هەڵسەنگاندنی بانگەوازەکەی شێخ لەگەڵ ئەو زیاد ڕۆچوونە وای کرد کە ئێمە دووبارە چاو بخشێنین بەشێخ و بانگەوازەکەی، ڕێگری بکەین لەو ڕۆچووانە کە زیاتر قسەنەکەن بەناوی زانستخوازان لەوڵاتدا و بەژداریش بین لەگەڵیاندا لە هەڵسەنگاندن و چاو پێداخشاندنەوە، هەر لەدەستپێکدا بەچەند مەبەستێك:

مەبەستی یەکەم: بزانین کە هەموو بەرهەمێکی مرۆیی _ چ ڕەفتاری یان هزری _ لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر پێویستی بە چاو پێداخشاندنەوەو بژاردن و تێبینی کردن هەیە، بۆ زیاتر پشتگرتنی ڕاستیەکان و خۆلادان لە هەڵەکان، شەرم لەمەدا نیە نە بەپێی شەرع و ژیری و عەقڵ، بەڵکو ئەمە نیشانەی باوەڕ بەخۆ بوونە، خۆی لەخۆیدا بیرو هزرو فیکرەی ڕاست پێویستی بەچاودێری هەیە نەوەك کەسەکان.

مەبەستی دووەم: هەندێ لەو هەڵانەی کە شێخ و زۆرێك لە شوێنکەوتووانی تێیکەوتوون بەتایبەتی لە تەکفیردا، وای کردووە کە زۆرێك لە زانستخوازان تێی بکەون چ بەلاسایی کردنەوە بێت یان بە ڕۆچوون بێت، لە ناوەوە یان لە دەرەوەی وڵات، ئەمەش دەرکەوت و تەنانەت ڕەنگی دایەوە لەم ڕووداوە توند ڕەوانەی ئەم دواییانە، کە ئەو بەڵگانەی تەکفیر هەر هەمان بەڵگەن، هەمان شێوازی بەڵگە هێنانەوەن، هەمان دروشمیشن.

مەبەستی سێیەم: بێ دەنگ بوونی تێکڕای زانستخوازان لە وڵاتدا لە ئاست ڕوون کردنەوی ئەم هەڵانە، سەرباری بوونی پێویستی زۆر بۆ چاو پێداخشاندنەوە بەو هەڵانە، کە ئەمەش وا دەکات کە چاو پێداخشاندنەوە لە سەر کەسی توانادار فەرزی

عـەین بێـت، بۆیـ[1]ـە هـەر ئـەوەش بـوو پـاڵی پێوەنـام و هـانی دام بـۆ نوسـینی ئـەم توێژینەوەیە.

مەبەستی چوارەم: مافی هەموو زانستخوازو تاکێکە لە نـاو وڵات_ی سعودیە _دا کە ئـەو شـتانە فرێبـدات کـە لـە توونـد ڕەوی بـەردەوام و گێـژاوی تـەکفیری هەمیشـە گەڵاڵە بوون، ئەمەش بە بیر خستنەوەی هۆکارە ڕاست و دروستەکان، بـە خـۆ پاراسـتن لـەو ڕێچـکانەی کـە تـەنها پـڕو پاگەنـدەن، تـەنها زەرەرو زیـانی لـێ دەپشـکوێتەوە بـۆ نیشـتمان و هاونیشـتیمانان بـۆ ماوەیـەکی دوورو درێـژ، ئەگـەر چـی بەرژەوەندیـەکی نزیکمان بۆ دەستەبەر بکات، مافی خۆمانە کە دیـن و وڵاتمـان بپـارێزین لـە تێوەگلانی بە تەکفیری ستەمکارو ڕشتنی خوێنـە پارێزراوەکـان بـە ناحـەق، بـەم جۆرە ناوبـانگی دین و خومان و نیشتمانمان بەرزتر دەکەین؛ ئەمەش بەوە دێتەجێ کە شوێنکەوتووی هـیچ مرۆڤێـك نـەبین جگەلـە پێغەمبـەر (موحەمـەد_ صـلی الله علیـە وسـلم _)، بـە دەوری هیچ شتێك نەخولێینەوە تەنها بەدەوری فەرمایشتی خـوای گـەورەو پێغەمبـەر (صـلی الله علیـە وسـلم) نـەبێت، بـە کـردەوەش ڕاسـتێتی ئـەم گوفتـارە بسـەلمێنین، باسـکردن و خسـتنەڕووی چـەند نمونەیـەك لـە هەڵـەی ئـەو کەسـانەی کـە بەگـەورەی دەزانــین وەك شــێخ موحەمــەد و ئــیبن تەیمیــە و ئەحمــەدی کــوڕی حەنبــەل و

---

[1]_ فەرز (فرض) لەزاراوەی فیقهزانان واتە: ئەو شتەی کە شەرع لەسەری پێویست کردینە بەشێوەیەك کە جەختی زۆری لەسەر کراوەتەوە، بەجۆرێ کە بە کردنی پاداشتی بدرێتێ و لەسەر نەکردنی سزا بدرێ. وە نمونەش لەم بارەوە: نوێژو ڕۆژوو، کە بەچەندین دەق جەخت لەسەر فەرزیەتیان کراوەتەوە. وە فەرزی عەین: لە زاراوەی فیهزانان واتە: ئەو شتەیە کە شەرع داوای ئەنجامدان و کردنی دەکات لە هەموو تاکێك لەو تاکانەی کە موکەلەفن (ئەکدارن) بەشێوەیەك کە جەختی زۆری لەسەر کراوەتەوە، پێویستە هەموو کەسێك بەخودی خۆی بیکات، چونکە پاداشت و سزاشی هەر بۆ خۆیەتی واتە بەکردنی کەسێکی تر تاوانی نەکردنی لەسەر لاناچێ، وەك: نوێژو ڕۆژوو. (سەیری؛ الفقه المنهجي على مذهب الامام الشافعي: ج١، ص ٢٣، د.مصگفى الخن. ڕۆژی پڕشنگدار: لا ٩، عبدالله عبدالعزیز هەرتەلی. بکە). (وەرگێڕ).

[2]_ (وەرگێڕ).

**جگەلـەوانیش، ئێمـە _ ئێمـە ئەگەرچـی بـە شـێوەیکی گشـتی بەرهـەمی کوشـش و تێکۆشانی شێخ بین خوا لێی خۆش بێت _ ئەوا دیدو بۆچوونمان وایە کە:**

**نایکەین بە پێغەمرێکی پارێزراو (معصوم)**

**بەڵکو گوفتارەکانی بۆ فەرمایشتەکانی شەریعەت ڕام و ملکەچ دەکەین**

**وە بەبەرزتری دانانێین لە شەرع**

**بەڵکو ئەو و هەموو زانایان حوکم دراون بەشەرع**

**هەموو کەسێ قسەی لێ وەردەگیرێت و قسەی ڕەتدەکرێتەوە**

**مادام هەمووی لە ئاسمان دانەبەزیووە**

**تێکـڕا فەرمانـدراوین بـە گەڕانـەوە بـۆ بەڵگـەکانی شـەریعەت نـەوەك بـۆ گوفتـاری پیاوان...**

**ئا ئەمە سەلەفیەتی ڕاست و دروستە.**

**ئـەم بنـەماو بنچـینە گەورانـە لەسـەر هـەمووان جێبـەجێ دەکرێـت، پێویستیشـە هەمووان پێیەوە پابەندبن و ڕێزی بگرن، پێویستە دنیا بزانێـت کـە ئەمـە بیروبـاوەڕو عەقیدەمانـە، ئەمـە مـەذهەبمانـە[١] هـیچ مـەذهـەبێکی ترمـان نیـە جگەلەمـە، تـەنها**

---

[١]_ سەرباری خۆپارێزی لە دەربڕینی چەمکی (العقیدة: عەقیدە) ئەوا هەر بەچەمکە بەربڵاوەکە دەدوێم، پێویستە ئەوە بزانین کە چەمکی شەرعی بریتیە لە:(ئیمان)، کەچی ئەم چەمکە شەرعیە لەلای ئێمە کۆچی کردووەو نەماوە، لە جێگای ئەودا ئەم چەمکە داهێنراوەمان داناوە کە عەقیدەیە، چونکە چەمکێکی پان و پۆڕە تەنها لە قسەکانی زیاد ڕۆچووەکان سنوری دیارە، هەر لەبەر ئەمەیە کە جەخت دەکەنەوە لەسەر پەنا بردنە بەر چەمکە داهێنراوەکە، چونکە بەم هۆیەوە دەتوانرێت ستەم بکرێت لە کەسانی تر، هەر لە حەڵاڵ کردنی خوێنیان و حوکم دان لەسەریان بە ئاگر، هەروەك زیاد ڕۆچووەکان ئەمەیان کرد لەگەڵ ئەشعەریەکان و صۆفیەکان و ئەبی حەنیفەو هاوەڵانی و موعتەزیلە و شیعەو ئیباضي و جگەلەوانیش لە موسڵمانانی تر، هیچ شتێك نیە کە ڕۆچووەکان لە ستەمکاری بوەستێنن تەنها بێ توانایی و بێ دەسەڵاتی نەبێت، ئەم ستەمکاریە هەمووی سەرچاوەکەی بریتیە لە (کتێبە عەقائیدیەکان)، ئەمەش لەبەر ئەوەی پشت دەبەستێت بەقسەی پیاوان و کاریگەربوونیان بەدوژمنکارییەکان و فەرامۆش کردنی

قسەکردنیش لەسەر ئەم بنەمایە بەس نیە، چونکە پێویستە بەڵگە بێنینەوە لەسەر ئەم میانڕەوییە، ئێمە ئامادەین هەڵە بگرین لە زاناکانمان لەگەڵ پاراستنی خۆشویستنیان و پاڕانەوە بۆیان و ڕێزو حورمەت دانان بۆ کۆشش و تێکۆشانیان، ئا لەم دوو حاڵ و بارودۆخەدا هیچ دژایەتی و تێکگیرانێك نیە تەنها مەگەر لەنێوان هەردوو لا زیاد ڕۆچووەکە نەبێت.

هەر کەسێ تێڕوانینی وابوو کە خۆشەویستی ئێمە بۆ ئەوان ڕێگریمان لێدەکات لە ڕەخنەگرتن لێیان ئەوا ئەو کەسە زیاد ڕۆچووە لە خۆشویستنیان دا، هەر کەسێکیش دیدو بۆچوونی وابێت کە ڕەخنەگرتنی ئێمە لە وان ڕێگری دەکات لەوەی کە ئێمە خۆشمان بوێت ئەوا ئەو جۆرە کەسانەش زیاد ڕۆچوون لە دژایەتی کردنیان، خۆشەویستی و ڕەخنەگرتن، ڕێزو حورمەت و سەرزەنشت کردن، هەموو ئەمانە ڕێڕەوی خۆیان دەگرنە بەر بەبێ تێکگیران و تێپەڕاندنی لایەك لەسەر حیسابی لایەکانی تر، تەنانەت ئیبن تەیمیە باسی کردووە کە دەکرێت کەسێك لەلایەك خۆشەویست بێت و لەلایەکیش شایەنی ڕق لێبوونەوە بێت، منیش دەڵێم: دەکرێ کەسێکمان خۆش بووێت لە هەندێك گوفتارو ڕەفتاریدا، ڕقیشمان لێی ببێتەوە لە هەندێك گوفتارو کرداری تری دا، ئەم دادپەروەری و ڕاستیە لە ناخی خۆماندا هەستی پێدەکەین لەکاتی هەوڵدان بۆ هەڵسەنگاندنی تاکێك یان کۆمەڵێك یاخود دەستە و تاقمێك، بەڵام خۆشەویستی ڕەهاو بێ سنور، ڕق و کینەی ڕەهاو بێ ئەندازە بۆ تاکێك بە گوفتارو ڕەفتاریشیەوە، ئەوا دەچێتە خانەی کوێری و نابینایی سەرباری بوونی ڕووناکیەکی زۆر، بەهەڵم بوون و دەرچوونە بەهەوادا لەگەڵ بوونی توانا بۆ جێگیر بوون.

---

دەقە شەرعییەکان، بەپێچەوانەی ئیمان کە بەستراوەتەوە بەدەقە شەرعیەکان، هەر لەبارەی ئەم بابەتە فراوانتر دواوم لە کتێبی (قراءة في العقائد_ کە چاپکراوە).

**مەسـەلەی حەوتـەم: ئایـا مەرجـە ئـەوەی کـە هەڵدەسـتێت بـە چـاو پێداخشـاندنەوەی بەرهەمەکـان دەبێت لەلایەن خودی زیاد ڕۆچووەکان دیاری بکرێت؟**

لێرەدا پرسیارێك خۆی دەخاتەڕوو، ئـەویش بریتیـە لـەوەی دەگـرێ هەنـدێك بڵێن: ئەم قسەیەی تۆ بـە شـێوازی تیـۆری ڕاسـت و دروسـتە، بـەڵام کـاری ڕاسـتەڕێ کـردن و هەڵەگیری و ڕاستکردنەوە لە تۆ قبۆڵ ناکەین، لە فڵان و فیساریش هەر قبـوڵ ناکـەین! بەڵکو ڕێگا بەو زانایانە دەدەین کە (ئەمیندارن)! لەسەر کاری بانگەواز!

تەنانەت هەندێکیان ووتیان _ دوای ئەوەی ئەو یاداشتنامەی یەکەمی ئـەم کتێبـەم دەرچوو و بڵاوبووەوە _:

ئەو زەیدیە نەناسراوە کێیە! تا فێری عەقیدەمان بکات؟!

بۆ وەڵامی ئەمە چەند ووتەیەك هەن:

یەکەم: مەرج نیە ئـەوەی هەڵدەسـتێت بـە نوێکـاری (تجدیـد)، بڕوانامـە و گـەواهی بەدەست بهێنێت لەسەر پاکێتی خوو ڕەوشت و ژیاننامەی چاك، لەلایـەن ئەوانـەی کـە ڕەوشت بەرزی و پاکێتی لە زیاد ڕۆچووندا بـەدی دەکـەن، و پاکسـازی و خـاوێنی دەرو دەروون(الظاهر و الباطن) کورت هەڵدێنن لە شوێنکەوتووەکان.

دووەم: مەرجیش نیە تەنها شوێنکەوتووەکانی مـەذهەبەکە خۆیـان ڕەخنـە بگـرن لــە مــەذهەبەکــەیان، چــونکە چــەندین وێنــە لەســەر ئــەوە هــەن کــە هــەر زیــاد ڕۆچووەکانمانن کە ڕەخنە لە هەموو مەذهەبێکی تر دەگرن کە شوێنەکەوتووشی نین.

ســێیەم: بەهــەمان شــێوە بنیادنــان لەســەر دەســتپێکە هەڵــەکان یەکێکــە لــە ســیفاتەکانی زیــاد ڕۆچــووەکان، دژەڕاتــان لەگــەڵ ڕێــزو حورمــەتی بــۆ هــەموو مەذهەبەکانی تری ئیسلامی لـە نـاو ئەوانیشـدا بەتایبـەتی مـەذهەبی زەیـدی، کـە لـە

[1] مەذهەبەكانی ئالوبەیتە، پێویستە بزاندرێ كە ئەو (مەبەستی دانەر خۆیەتی ) نابێتە لایەنگیری ئەو مەذهەبە لەبەر ئەوەی وا دەدوێت و وای پێ چاكترە كە سوننەیەكی ئازاد بێت، كە وابەستەی مەذهەبێك نەبێت، تەنها ئەو پەیوەست بوونە نەبێت كە هەیەتی لەگەڵ مەذهەبی حەنبەلی ئەویش پێویستیەكە لەبەرئەوەی لەسەری پێگەیشتووە، دەنا وا چاكترە كە موسڵمان ئەو شتە وەربگرێت و قبوڵی بێت كە بەڵگە پاڵپشتیەتی جا لە هەر مەذهەبێ بێت، بەڕاستی ئەمە سوننی بوونی ڕاستەقینەیە، كە هەموو تیۆرو بیردۆزە باوەڕپێ كراوەكانی لەسەرن لە ناو سوننە، ئەگەرچی زمان و قەڵەمەكان باسیان كردبێت و دڵ و ڕەفتارەكان گوتبێتیانەوە، ئەمە شتێكی سروشتیە بۆ دواكەوتنی ڕەفتارەكان لە ئاست گوفتارەكان، زۆرێك لەخەڵكی دەژین لەسەر تیۆرێكی درەوشاوەو جێبەجێ كردنێكی ناتەواو، هەر لە كۆنەوەش ڕووبەڕووی پێشەوا شافیعی بوونەتەوە ئەو كەسانەی گومانیان هەبووە لە سوننی بوونی ئەو زاتە، بەهۆی ئەوەی كە ئالوبەیتی زۆر خۆشویستووە و بەرگری تەواوی لە ئالوبەیت كردووە، لەو بارەوە پێشەوا شافیعی دەفەرموێت:

إن كان رَفْضاً حُبُ آل محمد فلْيُشهدِ الثقَلان أني رَافِضي!

واتە: ئەگەر خۆشەویستی ئالی پێغەمبەر (موحەمەد _ صلى الله عليه وسلم _) رافضی بێت، با هەر دوو بەرە_ ی ئادەمیزاد و جنۆكە _ گەواهی و شایەتی بدەن كەمن ڕافضیم.

لەبەر ئەوەی ئەو كەسە _ منی لاواز _ مێژووی خوێندۆتەوەو گرنگی پێداوە، ماف و حەقی ئیمامی عەلی و ئالوبەیتی ئەوی زانیوە، كە تا چ ئەندازەیەك ستەم

[1]_ (وەرگێڕ).
[2]_ (وەرگێڕ).

لێکراو چەوساوە بوونە لە ناو ڕووناکبیری و ڕۆشنیری (ثقافة)ی ئێمـەدا، ستـەمکاری و زوڵـم و زۆرداری بـەنی ئومەیـەی زانیـوە کـە تـا چـەند بـەرگریان لێکـراوە لـە نـاو ڕۆشـەنبیری ئێمـەدا، بۆیـە بـۆی ناکرێـت و بـۆی ناگونجێـت ڕەخنـە بگرێـت، ڕەخنـە گـرتنیش لـەم لایەنـە یـان لـەم زوڵـم و سـتەمە تایبـەت نیـە بـە زەیدیـەکان _ بـەبێ لەبەرچاوگرتنی دروستی یان هەڵەی هزرو فیکرەکە _ بەڵکو پێویستە ڕێگری بکـەین و ڕازی نەبین بە ستەمکاری و زۆرداری جا چ لە ئالوبەیت یاخو لە موعتەزیلە یـان لـە جەهەمیەکان یان لە ئەشعەرییەکان یاخود لە صۆفیەکان و هەتا لە بـێ بـاوەڕە ئاشـتی خوازەکانیش بێت، بەڕاستی ستەممان لە هـەر هـەموو نـاوبراوان کـردووە، دواتـر (ئـەو نەناسراوە کەم فامە) ڕای لەسەر دروستی ئەم شتانە نیە کە تایبەتمەنـدی زەیدیەکانـە و دەدرێنە پاڵ ئەوان وەك ئەوەی کە چوار کەسـەکان بـەپارێزراو (معصوم) دانـان کـە بریتین لە:(علی و فاتیمـەی زەهـراو حەسـەن و حوسـەین)، یـاخود پێشخستنی عـەقڵ بەسـەر نەقڵـدا[1] یـان تەبـەڕوك کـردن بەپیاوچـاك و بـۆ خـوا صـوڵحاوان ، جگەلـەو[2]

---

[1] _ ئەمە ڕاو بۆچوونی موعتەزیلەو زەیدیەکانە، هەر یەکەیان وای بۆدەچێ کە ئەوەی تر لێ سەندوویەتی، هەر ئەمەش ڕای ئەشعەرییەکانە، ئەوەی دەش مێنێتەوە ئەوەیە کە پێویستە بە بابەتیانەو ئینصافنەوە بڵێین: مەبەستی ئەم تاقم و دەستەیە لە سەر پێش خستنی عەقڵ بەسەر نەقڵدا ئەوەنیە کە لەلایەن سەلەفیەکانەوە بازاری پێ گەرم دەکرێت و ڕەواجی پێدەدرێت و بڵاو دەکرێتەوە، لێکدانەوەو شیکردنەوەی ئەمە درێژە دەخایەنێت، هەر کەسێك مەبەستی زانیاری زیاترە با بگەڕێتەوە بۆ پەرتووکەکانی ئەم دەستەو تاقم و مەذهەبە یان بۆ کتێبەکانی ئەو کەسانەی کە لەبارەی ئەم دەستانەی نووسیوە لە سوننیە بە ئینصافەکان، وەك دکتۆر ئەحمەد صبحی (کە لەبارەی موعتەزیلەو زەیدیەکان نوسیویەتی) یان عبدالرحمن بەدەوی کە لەبارەی (مذاهب الاسلامیین) نوسیویەتی یاخود کتێبی عەلی سامی نشار لەبارەی (نشأة الفکر الفلسفي في الاسلام) یان کتێبی دکتۆر موحەمەد عەممارە و جگەوانیش، ئەم مەسەلەیە وانیە هەروەك سەلەفیەکان گەورەی دەکەن.

[2] _ زۆربەی ئەهلی سوننە (جگەلە سەلەفیە هاوچەرخەکان)، بۆچوونیان وابووە کە تەبەڕوك کردن دروستە، تەنانەت ئەمە ئیمامی ذەهەبیە، کە لەبارەی گڵی گۆڕی معروفی کەرخیدا دەڵێت گڵێکی ئەزموون دیدەو کاریگەرە، بەو شێوەیە حەنبەلیەکانی پێشوو _ پێش صۆفیەکان کەوتوونەتەوە لە بەدروست

شتانەش کە باس دەکرێت کە گوایە بناغەی مەذهەبی زەیدیە پێك دەهێنێت، ئـەوەی سەرزەنشتی معاویـە دەکـات مانـای وانیـە کـە شـوێنکەوتووی مـەذهـەبی زەیـدی یـان ئیباضـی و ئیمامیەکانـە، بـەڵکو بۆچـوونی وایـە کـە ئەمـە شـوێنکەوتووی دەقـە شـەرعیەکانە، بڕواشـی وایـە کـە ڕاسـت و دروسـتن تەنانـەت لـە خـودی کتێبـەکانی سوننەشدان کە خوێندوویەتی و لێی کۆڵیوەتەوەو ناسیویەتی و شانازیشی پێوەدەکات بەبێ ئەوەی بڕوای وابێت کە پارێزراون _ مەبەستم کتێبـەکانی سوننە _ لـە هەڵەو کرچ و کاڵی، دواتر ئەو دەقانـەی کـە سەرزەنشـتی دەرچـوون لـە دژی دەسـەڵاتی ئیمـام دەکەن و دەیبەستنەوە (مقید)و پەیوەستیشی دەکەن بـە گونـاهو تـاوان و دەسـتدرێژی هەر لەخودی کتێبی خوای گەورەدا بوونی هەیـە، کـە چـاوگ و کانگـاو سەرچاوەیە بـۆ تێکڕای موسڵمانان، هەروەك لەو فەرمایشتەی خوای پاك و بەرزدا هـاتووە:﴿... وَيَنْهَى

---

[1] دانانی ئەم شتانەدا، ڕایان وابووە کە دەست ڕۆنان و هێنان بە گۆڕو مینبەری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دا دروستە، تەنانەت ئەمە لەلایەن خودی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەوە چەسپاوە، حەنبەلیە پێشینەکان دژی صۆفیەکان نەبوونە بەڵکو بەپلەی سەرەکی دژی جەهەمیەکان (کە مەبەستیان پێی موعتەزیلەکانن) و شیعەکان بوونە، ئەم هەموو زیاد ڕۆچوونە لەبەر ئەوە بووە کە خەلیفەی عەباسی مەئموون شیعەیەکی موعتەزیلی بوو هۆکاری چەرمەسەری و دەردە سەرییەکانی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بوو، کێشەکە لەکۆتاییدا کێشەیەکی کەسی بووە، پاشان ئیبن تەیمیە ئەم ناکۆکی و دوژمنایەتیەی زیاد کرد لەگەڵ صۆفیەکان و لەڕیزی شیعەو موعتەزیلەکانی ئەژمار کرد (لێرەدا لەگەڵ موعتەزیلە ئەشعەرییەکانیشی زیاد کرد)! دواتر وەهابیەت هاتوو ئەوەشی زیاد کرد کە لە جوغزی چوار مەذهەبەکاندان و یەك بۆچوونیان نیە لەگەڵ شێخ موحەمەد دا، دوو شتی گەورەتریان زیاد کرد، کە بریتیبوون لە فراوانکردنی بازنە و سنوری تەکفیرو کوشتار و یەك لەدوای یەك ئەنجامدانی کاری کوشتن، خۆیانیان یەکلا کردەوە بۆ دابەش کردنی وڵاتانی موسڵمانان بۆ وڵاتی کوفر و وڵاتی ئیسلام، تا گەیشتە ئەو ئاستەی کە شاری (ریاض) بە شوێنگە و وڵاتی بێ باوەڕو کافران دابنرێ و شاری (درعیە)ش بە شوێنگە و وڵاتی ئیسلام ئەژمار بکرێت، خەڵکیش لە هەردوو شارەکە گوێبیستی بانگی نوێژ دەبوون لەیەك کاتدا و ساتدا!.

[1] _ جگەلەوانیش هاوشان لەگەڵیان بەشداربوون لە تەبەڕووك کردن بە پیاوچاکان، ئەم بابەت و مەسەلە وای لێهاتووە کە دەکرێ زۆربەی زانا و شەرعناسان لەسەری کۆك بن، هەروەك ئیبن حەجەر خستوەتیەڕوو و نەقڵی کردووە.

عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ ...﴾ النحل: ٩٠. **واتـه: ... ڕێگـری و قەدەغـە دەكـات لـە گونـاهو تـاوان و دەسـتدرێژی _ بـۆ سـەر مـاڵ و نـەفس و نـاموس _. جا ئەگـەر ئـەو (نەزان و نەفام)ە پاداشت دانەنێت لەسەر ئەو دەستدرێژی و گوناهو تاوانانـە هـەروەك كە ئێوە دەیكەن ئەوا هیچ مانای وانیە كە ئەو شوێنی مـەذهـەبی زەیـدی یـان ئیمـامی یان ظاهری یاخود جەهەمی بكەوێت.[١]**

**سێیەم: شێخ موحەممەد خۆی و ئیبن تەیمیە بەرلەو، زۆرێكی تـریش لەوانـەی كـە شانازیان پێوەدەكەن، چاوەڕێی ئەوە نەبوونە كە زانایانی سـەردەمی خۆیـان شـایەتی و گـەواهی بـدەن لەسـەر پاكێتیـان تـا هەڵسـن بـە نوێكـاری و پێداچـوونەوە بـەبێ هەڵسەنگاندنی ئەو نوێخوازی و پێداچوونەوەیە، بـەڵكو شـێخ تـەنها بەڵگـەی دەخسـتە پێش ئەوان و داوای بەڵگەی لێ دەكردن، لەگەڵ ئەوەش كە وایان دادەنا زانست و پلـەو پایەی ئیبن تەیمیە كەمترە لەهی ئەوان، زانایان و بانگخوازان هەر ئەمەیان كردووە بە درێژایی سەردەمەكان.**

**پێویستە لەسەر بانگخواز ڕاستی و حەق بخاتەڕوو بـە بەڵگـەوە، ناحـەق و بـاتڵیش ڕەتكاتەوە بەبێ ئـەوەی چـاوەڕێی ڕازی بـوونی لایـەنی تـر بكـات یـان ترسـی هـەبێ لـە توڕە بوونیان، چونكە دین هی كۆمەڵك نیە و قـۆرغ نـەكراوە، بـەڵكو هـی هەمووانـە و**

---

**[١]_ ئومێدەوارم كە كەس وا لەم قسەیەم نەگات بەوەی كە سەرزەنشتی مەذهەبێك لە مەذهەبە ئیسلامی دەكەم چ جەهەمی چ زیدی چ موعتەزیلی، نا بەبێ گومان نا، سەرزەنشتی هیچ مەذهەبێك ناكەین بەڕەهایی و ستایش و پاكانەی هیچ مەذهەبێكیش ناكەین بەڕەهایی، هەموو مەذهەبەكان زیاد ڕۆچوو و میانڕەوی تێدان، سەرزەنشتی بەندە چاكەكانی خوا ناكەین، دواتر ڕق و كینە هەڵگرتنی سەلەفیەكان لە هەندێ لە مەذهەبەكانی دیكەی ئیسلامی هیچ پاساو و شەرعیەتی نیە لە تەرازوو و پێودانگی شەرعدا، پێویستە بزانین كە موعتەزیلیەكی زاناو جەهەمیەكی دادگەر لەلایەن خوا باشترە لە سوننەیەكی ستەمكارو زۆردار، بەڵام لە تەرازوو و پێوانەی مەذهەبیدا هەر ئەوەیە كە وا لە شوێنكەواتووانی دەكات كە تەنها خۆیان پێ چاك بێت ڕقیان لەسەرجەم موسڵمانانی تر ببێتەوە، (بۆ زیاتر زانیاری تایبەت لە بارەی زەیدیەكانەوە، سەیری پاشكۆ بكە، بڕگەی پێنجەم).**

دواتر کەسەکان لێ پرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێ لەسەر بەڵگەو پاساوەکانی و ئەگەر حەق خواز بێت بەبەڵگە وەڵام دەداتەوە.

چوارەم: کورت کردنەوەی کرداری ڕاستەڕێ کردن و ڕاستکردنەوە لە کۆمەڵەو دەستەیەکی خەڵکی دا شتێکی پڕو پوچ و نابەجێیە؛ بێ باوەڕانی قوڕەیش ئەم وتەیەیان دووبارە کردۆتەوە:﴿ وَقَالُوا لَوْلَا نُزِّلَ هَذَا الْقُرْآنُ عَلَى رَجُلٍ مِنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ ﴾ الزخرف: ٣١. واتە: وتیان: ئەوە بۆ ئەم قورئانە دانەبەزێنرا بۆ سەر پیاوێکی گەورە لە پیاوەکانی دوو شارەکە؟!_ مەبەستیان مەککەو تائیف بوو _. جا ئەوەی ڕێگر بوو لەوەی کە زۆرێك لە بێ باوەڕان ڕێنمویی (هداية) وەربگرن، بریتیبوو لەوەی کە ڕازی نەبوون بەوەی کە ماڵی هاشمیەکان ببێتە چاوگ و کانگایەك بۆ پێغەمبەرێتی! دەیانەویست لەماڵەکانی تر ئەو شتە ڕووبدات و دەربکەوێت (ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی قوڕەیش بکات!)، بەڵام خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ وەڵامی ئەوانی نەدایەوە، جا هەر خوای گەورە (خۆی زانایە بەو شوێن و دڵ و دەروونەی پەیامی خۆی تیادابنێت)، ئەمە دەچێتە خانەی تاقیکردنەوە بۆ دیاریکردن و دەرخستنی ئەو کەسەی بەدوای حەق و ڕاستی دەکەوێت، ئەو کەسەش کە بەدوای تیرەو هۆزەکەی دەکەوێ.

هەموو چاکخوازان بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی ئەم گومانە بوونەتەوە، لەگەڵ ئەوەی ئەو شتەی کە دەڵێت و دەریدەبڕێت ڕاستیشە، تایبەت نیە بەکۆمەڵێکی خەڵك یان ناوچەیەك لەناوچەکان، گومان نابەم ژیرێکی عاقڵی دین پەروەر لە زانستخوازان ئەم بۆچوونە (نەفامەی) هەبێ؛ ئەو شتەی کە موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا (صلى الله عليه وسلم) نێردراوە بۆ هەڵوەشاندنەوەو نەهێشتنی، بەر لەوەی شێخ موحەمەدی

کوڕی عەبدولوەهاب _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ ڕەخنەی لێبگرێت لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (مسائل أهل الجاهلية).

پێنجەم: نیەت و مەبەست تەنها خوای گەورە دەیزانێت، هەروەك چەندین کەسی بە ئەمیندار دانراو ناپاکی و خیانەت کار دەرچوو، زۆرێك هەن کە گومانی خراپی پێدەبردرێت، کەچی زۆر چاکترە بۆ ئیسلام لە نمونەی هەزار کەسی وەك ئەوەی کە بەئەمیندار دانراوە، لەبەر ئەمە با لێکۆڵینەوە لە نیەت و مەبەستەکان بەجێ بهێڵین بۆ خوای گەورە، ڕامێنین و وورد بینەوە لە بەڵگەکان تا بزانین کامەیان نزیکترە لە کتێبی پیرۆزو بەڕێزی خواو سوننەتی بەپێزو بەهێزی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم).

شەشەم: دواتر ئەم ئەمیندارانە لەکوێن؟ کەچی دەیان بینین هەر بێ دەنگن! تا ئێستا هۆکارە ڕاستەقینەکانی زیاد ڕۆچوونیان ڕوون نەکردۆتەوە، هەڵنەساون بە چاوخشاندنەوەو پێ داچوونەوەی بەرهەمی سەلەفی و وەهابیەکان، لەگەڵ بوونی یەکدەنگی موسڵمانان و بێ باوەڕان لەسەر ئەو بەرهەمانە، بەوەی کە ڕۆڵێکی زۆریان هەبوو لە سەرهەڵدانی دیاردەی زیاد ڕۆچوون، ئەم ئەمیندارانە دڵسۆزانەمان نەبینی کە هەڵسن بە ڕوونکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە ئیبن تەیمیە یان شێخ موحەمەد یاخود هەندێك لە زانایانی بانگەوازەکە تێیکەوتوون؛ تا هەندێ گەنج و بزوتنەوە لە خۆیان بایی بوون، ئەمەش بەهۆی ئەو هەڵەو پەڵانەوە کە بەخێرایی حوکمی تەکفیر دەدەن بەسەر بێ تاوانان دا، نامەوێ نمونە لەسەر ئەمە بێنمەوە، چونکە ئەمە ڕاستیەکی ڕۆشن و دیارە، من واگومان نابەم کە هەندێ (لەو ئەمیندارانە) ماوەو دەرفەتمان پێ بدەن بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستیەکان، چ جای بەژداربوون لە ڕوون کردنەوەکەدا، چونکە بەرژوەندیان _ نەك بەرژەوەندی ئیسلام _ وا دەخوازێ کە دوژمن و نەیاری هەموو کەسێ بن کە ئامۆژگاری پێشکەش دەکات، گومان بخەنە سەر نیەت و

مەبەستی، هێشتان پێویستیان بە کۆششە لەگەڵ نەفس و دەروون و پێویستیان بەماوەیەکی درێژترە بۆ گەیشتن بەو قۆناغە کە وای دەبینین زۆر پێویستە لەو ڕۆژگارەدا زیاتر لە هەموو ئەو کات و ڕۆژگارانەی بەسەرچوون.

بەهەر حاڵ: پێویستە بوێرو چاو نەترس بین، دەستپێشخەر بین لە ڕەخنەگرتن لە هەڵەکانی خۆمان، ڕاستکردنەوەی ڕووی ناوەوەی ماڵی خۆمان، بەبێ ئەوەی شەرم لەم کارەمان بکەین، چونکە ئەمە دینداریيە نەوەك گەمەیەکی سیاسی یان داواو خواستێکی دونیایی.

**مەسەلەی هەشتەم: زیاد ڕۆچووەکان ڕێگری دەکەن لە زیاد ڕۆچوون!**

یەکێك لەشتە سەر سوڕ هێنەرەکانی ئەم ڕۆژگارە، ئەوەیە کە دەبینین (زیاد ڕۆچووانێ ڕێگری دەکەن لە زیاد ڕۆچوون)!، بەرگری دەکەن لەو تەکفیرەی کە سەلەفی و وەهابیەت دەیکەن و پێشەواکانیان بەپاك ڕادەگرن لەو زیاد ڕۆچوون و ئەم کارە ترسناکە، هۆکاری ڕۆچوونەکەش دەخەنە ئەستۆی ئەو وێکچوو (متشابە)انەی کە مەودوودی و سەید قوتب نووسیویانە _ ڕەحمەتی خوایان لێبێت _، تەکفیرە ڕاشکاوەکە لەبیر دەکەن کە هەڵقوڵاو و زادەو بەرهەمی بیری سەلەفی و وەهابیەتە، ئاخۆ ئەوانە شەرمیان نەبێت کە هەموویان هەوڵی سواربوونی دوو حوشتر دەدەن، وەڵام و بەرپەرچی ئەوانە دەدەنەوە کە تەکفیر دەکەن کەچی خۆشیان هەر لەسەر هەمان حاڵەت دەمێننەوە کە تەکفیرە! هێرش دەکەن سەر ئەوانەی کە کەوتوونەتە ناو چەمکە وێکچووە (متشابە) تەکفیریەکان و زیاد ڕەویش دەکەن لە بەرگری کردن لە هەڵەکانی ئیبن تەیمیە و پێشەواکانی بانگەوازەکە لە تەکفیردا!.

بەڵێ ئەمە دوایین تێکگیرانی زیاد ڕۆچووەکان نیە، ئێستا وامان لێهاتووە کە دەبینین (زیاد ڕۆچووانێ ڕێگری دەکەن لە زیاد ڕۆچوون)! بەرپەرچی ئەو دەستە

گەنجە تەکفیریـە دەدەنـەوە کـە هـەر بـەهۆی ئـەوان سـەر گـەردان بوونـە، لـە ڕووبـاری ئەوان ئاویان نۆشیوە، لە دەریای ئەوانا کەشتی زیاد ڕۆچوون و توونـدو تیژی لەنگەری گرتووە.

ئـەو زیـاد ڕۆچـووانە (ی کـە ڕێگـری دەکـەن لـە زیـاد ڕۆچـوون) وایـان لێهـاتووە بەرپەرچی ئەو تەیارە توونـد ڕەوە تەکفیریـە دەدەنـەوە بەبەڵگەی ئـەو زانایانـەی کـە بەرپەرچی شێخ موحەمـەدی کوڕی عەبـدولوەهابیان داوەتـەوە! ئەمـەش وەك ئەوەیـە کە بەو کارەیان بەرپەرچـی شـێخ موحەمـەد بدەنـەوە، لەگـەڵ ئـەو زیـاد ڕۆچـوونەیان تیایـدا و ڕێگـری کردنیـان لـە چاو پێداخشـاندنەوەی بەرهەمـەکانی و هەڵسـەنگاندنی مـەذهەبەکـەی بـەو شـێوازەی کـە زۆرتـرین تێـك گـیران و ناکۆکیـەکان بەیەکـەوە کۆدەکاتەوە،

ئێمەش پێیان دەڵێین ئەگەر ئەم تێکگیرانە، لە نەفامییەوە بێت ئەوا هـیچ یـەکێك نیە لە ئێمـە گیرۆدەی نـەبووبێت و هـیچ پـەرچ و ڕێگـریش نیـە لـە ڕاسـت کردنـەوەو پاشـگەزبوونەوە لـە هەڵـە، ئەگـەر ئـەو تـێکگیران و ناکۆکییـە بـەهۆی زانسـتداری و سیاسەتەوە بێت _ کە هەر ئاواش گومانیان برد _ ئەوا خوای گەورە خۆ ڕەنـگ کـردن بەزیاتر لە ڕەنگێك و خۆدەرخستن بـە دوو ڕوو حـەڕام کـردووە، پێغەمبـەریش (صلی الله علیه وسلم) سەرزەنشـتی دەغـەڵ و دووڕووانـی کـردووە، پێیـان دەووترێـت: ئەگـەر ئێـوە هـەر سـورن لەسـەر بەرپەرچـدانەوەی ئـەو گەنجـە تەکفیریانـە؛ ئـەوا پێویسـتە وەڵامەکانتان دڵنیا بەخش و گومان ڕەوێن بن ئەمەش بەڕەخنە گرتن لەو بنەمایانەی کـە بـۆی گەڕاونەتـەوەو پشـتی پێدەبەسـتن و ئـەو زانایانـەی کـە دانیشـتوون بـۆ ئەنجامـدانی ئـەو تـەکفیرو توونـد و تیژیانـە، لـە دژی زانـا و دەسـەڵاتدارانی سـەردەمی خۆیان.

ئەگەر ئێوە بەرگری لە ئیبن تەیمیە و شێخ موحەمەد و زانایانی بانگەوازەکە دەکەن، وای بۆدەچن کە ڕاستپێکن، ئەوا پێویستە بەهەمان شێوە بەرگری لەو گەنجانەش بکەن کە ئیش و پیشەیان تەکفیرە، چونکە ئەوانە شوێنکەوتووی ئەو زانایانەن کە ئێوە ڕێگری دەکەن لەوەی ئێمە ڕەخنەیان لێبگرین، ئەو گەنجانە دەستیان گرتووە بەو کتێبانەی کە ئێوە فێری ئەوانتان کردووەو ئامۆژگاریتان کردووە کە دەست بگرن پێیانەوە، نمونەش لەوبارەوە دەخرێنەڕوو.

سوپاس بۆ خوا منیش _ ئەگەرچی گومانی خراپیشم پێ برابێت _ توانای زمان لوسی و خۆش ڕەفتاریم نیە لەسەر حیسابی حەق و ڕاستی؛ بۆیە هەردەم خۆم دەبینم بە دوژمنی فیکری و هزری کەسانی زیاد ڕۆچووی مەذهەب و کۆمەڵە و دەستە و تاقمە جیاوازەکان، وا گومان دەبەم کە من یەك ڕووم هەیە، بەرپەرچی ئەو گومانە تەکفیریانە دەدەمەوە چ هی دوژمنێك یان هاوەڵێکم، بەهێزێك یاخود لاوازێك، زانستخوازێك یان زانایەك یان کەسێکی سادەی نەزان بیڵێت و دەری ببڕێت.

من بۆچوونم وایە کە بەرپەرچدانەوەی ئەو گومانانە لەلایەن منەوە فەرزێکی دینیە، لەگەڵ هەوڵدان بۆ پاراستنی مافی موسڵمانێتی بۆ هەر هەمووان (واتە هیچ کەسێ لە خانە و لانەی ئیسلام بەدەر نەنێم، بەبێ باوەڕ لە قەڵەمیان نەدەم )، بەتایبەتی مافی شێخ موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب کە هۆکاری بوونی ئەو قەوارەیە گەورەیە بووە، کە تیایدا نەوەکانی ئەم نیشتمانە بەیەك گەیشتن لەو پەڕی

[1] _ ئەمەش شتێکی سروشتی و ئاساییە، پێی سەغڵەت و دڵتەنگ نابین، بەڵکو پێشبینی ئەوەمان دەکرد، بەهۆی ئەو زانیاریانەی خۆمان کە هەر کەسێ بیەوێت چاکسازی بکات _ ئەگەر لەوانیش بێت _= =دەبێت هەر چۆنێك بێت ناخۆشی و چەرمەسەری هەر ببینێت، یەکێ لە یاساو ڕێساکانی خوای گەورە لە بەدیهێنراوەکانی دا ئەوەیە کە هیچ پێغەمبەرو چاکسازێك و فەرمان کارێ بەچاکە نیە، کە گومانی خراپی پێنەبردرێت، چ جای ئەوانەی وەك ئێمە دەبێت چۆن بن؟.

[2] _ (وەرگێر).

باكورەوە بۆ ئەو پەڕی باشورو لەسەری خۆرهەڵاتەوە بۆ ئەو سەری خۆرئاوا، شێخ هۆكارێك بوو _ دوای پشتیوانی خوایی بۆی _ بۆ زاڵبوون بەسەر پەرتەوازەیی و ململانێی نەتەوەگەری، بڵاوكردنەوەی زانست و بۆ ڕاستكردنەوەی ئیمان، دان بەهەموو ئەو شتانەدا دەنێین و ڕێزو حورمەتی دەگرین؛ شێخمان خۆش دەوێ لەپێناو خوا و نزاو دوعاشی بۆ دەكەین، بەڵام ناكرێ ئەم چاكانە ببنە لەمپەڕو كۆسپ لەبەردەم خستنەڕووی تێبینی و ڕەخنەی زانستی لە سەر ئەو، ئەو هەڵەو پەڵانەش كە بەمەذهەبی ئەوەوە لكاون؛ بەڕاستی خێرو چاكەمان تێدا نیە ئەگەر سوور بووین لەسەر پاك و بەرزتر ڕاگرتنی شێخ و زانایانی بانگەوازەكەی زیاتر لە خودی ئیسلام، خراپترین شوێنكەوتووانی ئیسلام ئێمەین ئەگەر بێتوو ئاسان بێت لەلامان كە

[1] _ لێرەدا بەپێویستی دەزانم كە پێناسەی ئومەتی ئیسلام (كۆمەڵی موسڵمانان) بخەمەڕوو كە شێخ د. موحەمەد مەسعەری دایڕشتووە و (احمد الكاتب) لە كتێبەكەیدا (الفكر السياسي الوهابي قارءة تحليلية، ص ٢٢٦) دا نەقڵی كردووەو نوسیویەتی:((وە سەرتاپایی موسڵمانان بریتین لە تێكڕای ئەو دەستەو تاقم و كۆمەڵانەی كە ماونەتەوە بەشێوەیەكی گشتی لە سەر ڕێ و شێوێنی پێغەمبەر _صلوات الله و سلامه عليه و على آله و أصحابه _ و هەر تێكڕای ئەم دەستە و تاقمانەش كۆمەڵەی ڕزگاربوو (الفرقة الناجية) پێك دێنن _ بەویستی خوا _ كە مەذهەبە فیقهیەكانیش لەخۆی دەگرێت وەكو مەذهەبی حەنەفی و مالیكی و شافیعی و حەنبەلی و ظاهری و زەیدی و جەعفەری و ئیباضی و مەذهەبە فیقهیەكانی تریش كە لە ناوچوونە وەك مەذهەبی ئەوزاعی و مەذهەبی ئیمام ئیسحاق كوڕی ڕاهویە و جگەلەوانیش، بەهەمان شێوە قوتابخانە كەلامییە جیا جیاكانیش لەخۆی دەگرێت وەكو قوتابخانەی فەرموودەناسان و قوتابخانەی ئیبن تەیمیە و قوتابخانەی ئیمام ئیبن حەزم و= =ئەشعەرییەكان و ماتوریدیەكان و كەلابیەكان و زەیدی و ئیباضی و جگەلەو قوتابخانانەش خەڵكانی تری ئەهلی قیبلەش لەخۆی دەگرێت و وەك تەریقەت و مەسلەكەكانی صۆفیەكانیش لەخۆی دەگرێت وەك تەریقەتی شاذلی و تەریقەتی نەقشبەندی و قادری و جەشتی و سوهرەوەردی و حەصافی و جگەلەوانەش ..... و دروست نیە بۆ هیچ كۆمەڵ و دەستەو تاقمێك لەوانەی ناوبراو كە بانگەشەی ئەوە بكات كە هەر ئەو بریتیە لە "كۆمەڵی موسڵمانان" كە دەق (نص) لەسەر پێویستی پابەندبوون پێی هاتوون و ئەوەی لێشی لابات پەیمانی سزای پێدراوە و دەستە و تاقمەكانی تریش بە سەرگەردان و لەناوچوو حیساب بكات... ئەگەر یەكێك هات و گومانی ئەوەی بەخۆی

قوربانی به ئیسلام بدەین له پێناو پاك ڕاگرتنی كەسەكان، ئەگەر چی مـافی شـێخمان لەسەر بێت _ ڕەحـەتی خـوای لێبێـت _ ، ئـەوا هـەر مافـەكانی ئیسلام لـه پێشـترن بـۆ پاراستن و لەبەرچاوگرتن و چاودێری كردن بەرگری لێكردن و پاك ڕاگرتنی له تیـۆرو ڕاو بۆچوون و ڕەفتارەكانی شوێنكەوتووانی.

**مەسەلەی نۆیەم: سەرچاوەكانمان له ناسینی هزرو فیكرو بەرنامەی شێخ:**

نەگەیشـتووین بـه سـەردەمی شـێخ موحەمـەدی كـوڕی عەبـدولوەهاب، تـا بـزانین خەڵكی گەواهی و شایەتیان بۆ داوه بەچاكه یان شایەتیان لەسەر داوه بەخراپه، بەڵكو ئـەو كتێـب و ئـەو دەسـتەو تـاقمێكی پـان و پـۆڕی جێهێشـتووه، كـه بـەناوی ئـەوەوه دەدوێن و بانگەشه دەكەن بۆ بەرنامەكەی، ئێمه لەناو ئەو دەسته و تاقمانـەدا ژیانمـان

برد كه هەر ئەو "كۆمەڵەی موسڵمانان" پێك دێنێت و خـەڵكانی تـریش بـێ بەشـن لـەو ناسـنامەیه ئـەوا بەڕاستی ئەو كەسه ئاژاوەگێڕه و ئومەتی ئیسلام پارچه پارچه و پەرتەوازه دەكات... )). (وەرگێر).

[1] _ ئەو دەستەو تاقمه كەسانی زیاد ڕۆچوو و میانڕەوی تێدان، بەڵام دەستەی میانڕەو چەوساوەو بێ دەنگن، ژیان و مردنیان نیه، بەڵكو دەستەی زیاد ڕۆچوو و توند ڕەوەكان زاڵ و زۆرینەن، زۆربەی كاره ئیسلامیەكانیان بەدەسته، وەك فەتوادان و وانه ووتنەوه له زانكۆكانی شەرعی و وتاربێژی، وانه و وتارو شریتی بن، ئەگەر زیاد ڕۆچوویێك لێت توڕەبوو واهەست دەكەی كه تێكڕایی خەڵكی لێت توڕەیه، بەداخەوه تەنها ئەو تەیارو دەستەیه به فەرمی پاڵپشتی دەكرێت، دەكرێ ئەمه لەبەر بێ ئاگایی حكومەت بێت له قەبارەی توند ڕەوی ناو تەیار و دەستەی وەهابی، دەشكرێ بەكاربهێنرێ لەبەر ئەوەی هۆكارێكی بەكەڵك بووبێت و سوودی لێ بینرابێت له پێشوو یان هۆكاری قسه كردن بێت لەو شتانەی كه پێویسته قسەی لەسەر نەكرێت، قسەنەكردن لەسەر ئەو شتانەی كه پێویسته قسەی لەسەر بكرێت، لەگەڵ دەستخۆشی و ئامادەسازی!

ئێستا كاتی ئەوەهاتوو كه حكومەت و ڕۆشنبیران بەیەكەوه هەر هەمووان خۆیان بپارێزن له دەستەو تاقمی زیاد ڕۆچوو و توند ڕەو، چونكه توندڕەوی ستەمه، جا ئەگەر ستەم و زۆرداری كاتژمێرێك خۆشحاڵ و ئاسودەت بكات ئەوا ڕۆژگارێك دلگران و نائاسودەت دەكات، جێگرەوەی شیاوی بریتیه لەوەی حەقیقەت ڕاستی ببێته مەبەستمان، زانین بەسه ببێته دەسەڵات و چاكەكاری، ئینصاف بەسه ببێته ئاسودەیی و ئەمینداری، پاش ئەمه خەڵكی ماڤی خۆیان دەست دەكەوێت.

بەسەر بردووە، گەواهی ئەدەین لە پێناو خوا، کە بە شێوەیەکی گشتی ستەم لەوانە دەکەن کە ڕاجیان لەگەڵیان، کاریش دەکەن بۆ کەم کردنەوەی توانای دژەڕاکانیان و گومان خستنە سەر کەسایەتیان و تاوانبار کردنیان، کارێکی سەختە کە ستەمکاری و دەمارگیریەکان یەك بخەی، جا لە پاڵ ئەو ستەمکارییەوە زەوتکراو و بەندەیەکی فەرمانپێکراو هەیە!، لەهەمان کاتدا سەرۆك لێی ناپێچرێتەوە بەهۆی ستەم و زۆرداری شوێنکەوتووەکانی، هیچیش نەماوە بۆ هەڵسەنگاندنی پەیڕەو ڕێڕەوی شێخ تەنها بەرهەمە زانستیەکەی نەبێت، ئەو بەرهەمانەی کە شوێنکەوتووەکانی چاپیان کردووە دڵنیابوونە لێی و داویانەتە پاڵ شێخ، وەکو کتێبی (التوحید) یان کتێبی (کشف الشبهات) یاخود (مسائل أهل الجاهلية) و جگەلەمانە لە پەرتووك و پەیامەکانی تری شێخ، ئەمەش سەرباری بەدی کردنی ڕاستی و حەق و بوونی نیشانە لەسەر نیەت چاکی و دروستی بانگەوازەکەی، سەرباری ئەمانەش ئەوا پێویستە بزانین کە مرۆڤێك داینراوەو دایڕشتووە کە کۆشش (اجتهاد) دەکات، دەکرێ ڕاست بپێکێت یاخود هەڵە بکات و ڕازی ببێت و لەهەمان کاتیشدا تورەش ببێت، شەڕو جەنگ بەرپا بکات و ئاشتی بەرقەرار بکات، قسە ڕاشکاو بێ پێچ و پەنا دەڕبڕێت و زمان لوسی و قسەی شرین بکات، بۆیە شتێکی سروشتیە کە تێکگیران و دژیەکی لە قسەکانی دا بەدی بکەین، بەڵام ئێمە هەوڵدەدەین بەرنامەو ڕێڕەوە گشتیەکە بزانین، بەوەی شتی کەم بۆ زۆر بەجێ بێڵێین، وێکچوو و زۆرمانا هەلگرەکان وەلانێین بۆ ڕاشکاو بێ پێچ و پەناکان، ئەوەی سیاسەتە حوکمی بدەین بە باوەڕو ئیمان، ئا بەو شێوەیە هیچ پەرچ و ڕێگرێك نیە نە بەشەرع و نەبە عەقڵ و ژیریش لەوەی کە شێخ هەڵ بسەنگێنین و پەیڕەوی ئەو بزانین لە تەکفیرو جگەلەویش، هەروەك خۆی بەبێ زیاد و کەمی، بەبێ جوانکاری و ناشرین کردن _ شیکردنەوەی بەشێوەیەك کە دوور بێت لەمەبەستی

دەربڕینەکەی شێخ _، بەڵکو تەنها وەڵامی پرسیارێکی ئاسانمان مەبەستە، کە بریتیە لە:

پەیڕەوی شێخ چیە لە تەکفیردا؟ ئایا موسڵمانانی بەبێ باوەڕو کافر دادەنا وەك دژەڕاکانی جەختی لەسەر دەکەنەوە؟ یاخود دژایەتی تەکفیری دەکرد وەك پشتیوانانی ئەو دەنگۆیە بڵاو دەکەنەوە؟ ... ئینجا ئەم حەقیقەتە ئاسانە چیە، بەبێ پشتگرتنێکی پێش وەختە بۆ پاك ڕاگرتنی بەزۆری یاخود تاوانبار کردنێکی ستەمکارانە.

لە کۆتاییدا دەڵێم کە ڕوودانی هەڵە لە شێخ و جگەلەویش، بچوك بێت یان گەورە، زۆر یاخود کەم، فقهی بێت یان ئیمانی و عەقیدەیی، کارێکی چاوەڕوان کراوە لە هەموو کەسێك، کارێکیشە کە دەکرێت بەدی بکرێت لە سەرجەم ئەوانەی کە زۆر کتێب و پەڕاو و دانراو دادەنێن، پێویستە بزانین کە دژایەتی ستەم بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

هەر کەسێك ڕێگری بکات لەمە ئەوا زیاد ڕەوییەکی کردووە کە وا گومان نابەم شێخ خۆی و دڵسۆزەکانی لە زانستخوازان پێی ڕازی بن، بەڵکو بانگەوازی شێخ جەخت دەکاتەوە لەسەر هەڵوەشاندنەوەو نەهێشتنی دیاردەی (زیاد ڕۆچوون لە پیاوچاکان: الغلو في الصالحين) ، لەگەڵ گومانی بەش بردن بەشێخ بەوەی کە ئەو ڕێگری ناکات لە (زیاد ڕۆچوون لە پیاوچاکان) و خۆشی لێ دەربکات، لەسەر ئەمە دان نەنان بە پێشەکیەکی پێش وەختەی سادە _ ئەگەر ڕوویدا و هەروەك ڕوشی داوە لەلایەن هەندێکیانەوە _ ئەوا بە گەڕانەوە بۆ هەمان دۆخی جاران کە سەلەفیچیەتی

---

[1]_ (وەرگێڕ).

[2]_ شێخ پێی وابوو کە شوێنکەوتنی زانایان و نکۆڵی کردن لەوەی کە هەڵەیان لێ بپشکوێتەوە، ئەوا دەچێتە خانەی هاوبەش بۆ خوا بڕیاردان (الدرر السنيه ٢/٩) ئەو زیاد ڕۆچوونە لەخۆی دا هەڵناوێرێت و جیای ناکاتەوە لە حوکمە گشتیەکە، هەروەك بۆشی نیە جیایی بکاتەوە.

ترسـناكە، چـونكە كۆشـش و هـەوڵ و تەقـەلاكانی شـێخ بـێ بـەهاو بەهـەوادا دەدات، لەلایـەن ئەوانـەی خۆشـیان دەوێـت و شـوێنی كـەوتوون بـەر لـە دژەڕاكـانی، پاشـان بـێ ئینصـافیە كـە نكـۆڵی بكـەین لـە زیـاد ڕۆچـوونی حەنەفیـەكان لـە ئـەبی حەنیفـەدا و ظاهرییەكان لە ئیبن حەزمدا و صۆفیەكان لـە پێغەمبـەردا (صلی الله علیـە وسـلم) و شیعەكان لە ئیمامی عەلیدا... . لە كاتێكدا ئێمە _ی سەلەفی و وەهابیەكانی سعودیە _ زیاد ڕۆدەچین لە شێخ موحەمەدی كوڕی عەبـدولوەهاب دا ، گـەر ئێمـەش[١] وامـان كـرد ئـەوا بـەژدار بـووین لـەلاواز كردنـی ڕاسـتگۆیی خۆمـان لەلایـەن خـەڵك، بەشـێوەیەكی تایبەتی ڕاستگۆیی خۆمان لەسەرزەنشت كردنی (زیاد ڕۆچوون لە پیاوچاكان).

## مەسەلەی دەیەم: پەیڕەوی لێكۆڵینەوەكەو هۆكارەكەی:

باسكردنی هۆكارو پەیڕەوەكە درێژ ناكەمەوە، بەڵكو بەكورتی لێرەدا دەڵێم: بـەڵێ هۆكـاری ئـەم توێژینەوەیـە ئـەوەبوو كـە خوێندنـەوەی ڕەخنـە ئـامێزم هـەبوو لەسـەر كتێبی (كشف الشبهات)، پاشان خوێندنەوەیەكی ڕەخنە ئامێزانەی ترم بۆ زیاد كرد كە ئـەنجامم دابـوو لەسـەر پێـنج بـەرگ لـەكتێبی (الـدرر السـنیة) كـە تایبـەت بـوو بـە

---

[١] _ بەڵگەكانی ئەو زیاد ڕۆچوونە لەلای هەندێكمان _ كاتێك دەڵێم: ئێمە، مەبەستم هەموو ئەوانەیە كە پێگەیشتوون لەسەر زانست و زانیاریەكانی شێخ، لەقوتابخانە و تارو وانەكانی _ ئەمەش بەوەی كە هەندێك سەریان سوڕدەمێنێت لەوەی كەسێك بەرپەرچی هەڵەیەك دەداتەوە كە لەلایەن شێخەوە گەڵاڵە بووە، دەست بەجێ ئەمە دەڵێت:((فلأنە هێرشی كردە سەر شێخ.... فیسارە سەرزەنشتی شێخی كرد!..)) بەر لە قسەو گفتوگۆ كردن لەسەر بەڵگەكان، هەروەك ئەوەی كە شێخ _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ هەرگیز هەڵە ناكات، جا ئەم دەست پێشخەریە لەدەست پێكردن بە نكۆڵی كردن بەر لە هێنانەوەی پاساوە تەواوەكان بە تەماشاكردنی بەڵگەكان، ئەمە كارێكی خێرای پڕە لە كەم و كورتی، دروست نیە، بەتایبەت بۆ ئەوانەی كە پشتگیری شێخ دەكەن لە دژایەتی كردنی زیاد ڕۆچوون لە پیاوچاكان و ناونانی بە هاوبەش دانانی گەورە.

عەقائید، لەگەڵ چەند ووتەیەکی تر لە نامەکانی تریدا، شتە چاکەکانم دەرهێناوە لەکتێبی (کشف الشبهات) و هۆشداریشم داوە لەسەر ئەو تێبینیانەی کە تیایدان بەپێی کۆششی خۆم، بەر لەچەندساڵێك ئەو تێبینیانەی لەسەر کتێبی (کشف الشبهات) کۆم کردنەوە لە دەستنوسێکدا، دواتر بەسێ برام دا بۆ پرس و ڕاوێژ کردن لەسەری، لەناکاو یەکێکیان هەڵساو بڵاوی کردەوە، لەوانەیە مەبەست و نیەتێکی باشی هەبێت؛ هەر چەندە نکۆڵیشی کرد لە بڵاوکردنەوەی، دەکرێت _ ئەگەر ڕاست بێت ئەو بڵاوی کردبێتەوە _ مەبەستی زیان و زەرەر گەیاندن بێت بەمن، لە بیری چوو (مامۆستای عەقیدەشە) کە زەرەرو زیان هەر بەدەستی خوایە (فێڵ و پیلانی خراپ تەنها بەسەر

[1] _ لێرەدا ووتم (عقائد) بەپێ ناوە باوەکەی، دەنا ڕاستتروایە بوترێت (ئیمانیات)، چونکە ئەمە زاراوەو بێژەیەکی شەرعیە بەپێچەوانەی (عقائد) یان (عقیدە) کە بێژەیەکی داهێنراوی عادەت و نەریتە، هیچ جوانیەك لەو زاراوەدا نیە، هەروەك زۆر بەفراوانی دواوم لەسەر پوچەڵ کردنەوەی شەرعی بوونی بێژەی (عقیدە) لە پێشەکی کتێبەکەم دا (قراءة في العقائد)، ئەوەی دەیەوێت با بۆ ئەوێ بگەڕێتەوەو حەواڵەی ئەوێی دەکەین، ئەگەر بهاتایە زیاد ڕۆچووەکان ئەو بێژەیەیان (کە مەبەستم عەقیدەیە) وەك ستەم و چەرمەسەری بەکار نەهێنابایە، کە بەهۆیەوەی جیاکاری دەکەن لە نێوان موسڵمانان، کە بنیادنراوە لەسەر هەندێ دوژمنکاری سەلەفیەت و فەرامۆش کردنی زۆرێك لە دەق و حوکمە ڕاشکاوەکانی قورئانی پیرۆزو بەڕێز سەرباری سوننەتی بەپێز، بەوەی کە ئەو بێژەیە ڕەواجی پێدەدرێت و تا چەند شەرعی بوونی ئەو بێژەیە... تەرازو پێوانەی سەلەفیە عەقائیدیەکان_ لە هەر مەذهەبێك بن _ بووەتە پێوانەیەکی مەذهەبی نەوەك شەرع، جا ئەوەی مەذهەب گەورەی دەکات لە دژیەکی پێشینەکان ئەوا ئەمە بەدین دەزانرێت لەلایەن زیاد ڕۆچووەکان، ئەگەر قورئانی پیرۆزو سوننەتی بەپێزیش لەئاستی دا بێدەنگ بووبن، ئەوەش کە پێشینان فەرامۆشیان کردووەو بەکەمیان زانیوە لەلای زیاد ڕۆچووان فەرامۆش کراوە، ئەگەرچی دەقێکی ڕاستیشی لەسەر هاتبێت، بەو پێیە تەرازووەکان بوونەتە مەذهەب و دوژمنایەتی پێشینەکان نەوەك دەقی شەرعی، بەو هۆیەوە ئەمە گەورە کراوە لق و پۆپی زۆری بۆ کراوە، کە سەردەکێشێ بۆ ڕق لێبوونەوەو تەکفیرو لێ دوورکەوتنەوەی موسڵمانان، سەرباری ڕێگری شەرع لەو کارانە، لە بەرامبەردا فەرامۆش کردنی یارمەتی دانی موسڵمانان بۆ دەستگرتن بە پەتی خواو خۆشویستنی یەکتری و چاندنی تۆی برایەتی بەزەیی نواندن و چاکەکردن و حەرامی خوێنی یەکتر سەرباری ئەوەی کە شەرع فەرمان دەکات بەمە، ئەمەیە هۆکاری بەدەستەوەگرتنی تەرازوی مەذهەبایەتیە لە جیاتی قورئان، تا وای لێهاتووە مەذهەبایەتی پاکێتیە، دینیش جێی تۆمەتە.

پیلان گێڕەکە خۆی دەشکێتەوە)، لەوانەیە شتێك کە چاوەڕێی خراپەی لێبکرێت کەچی ببێتە مایەی سوود و قازانج، بڵاوکردنەوەی ئەو دەستنووسە _ بەر لەچەند ساڵێك بەبێ ئەوەی ڕێی پێبدەم _ ئێستا پاڵی نام بۆ بڵاو کردنەوەی سەرتاپای ئەو کارەی کە کردبووم، بەتایبەت دوای بەدی کردنی پێشوازیەکی گەرمی بەهێز لەسەر ئەو پەڕاوە بڵاوکراوە هەبوو ئەمەش سەرباری بوونی چەند هەڵەیەك لە دەستنوسەکەدا، بەڵکو بەم کارەم بەشداربم لە ئامۆژگاری کردنێکی زانستی هێمنانە، دوای ئەوەی کە مەبەستم وابوو ئەو لێکۆڵینەوەیە تایبەت پێشکەش بکەم بە یەکێك لە ئەندامانی ماڵی شێخ _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _، بەڵام ئامۆژگاری گشتی چاکترە لە ئامۆژگاری تایبەت، بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی شێخ پێشەواو ڕچە شکێنێکی ناسراوە، پەیڕەو و کتێبەکانی بەرچاو دیارن، شتێکی نهێنی نین کە شاراوە بن.

ناونیشانی کتێبەکەم گۆڕی لە (کشف الشبهات) بۆ (بانگخوازێکەو پێغەمبەر نیە)، وای لێهات کە (کشف الشبهات) بوو بەبەشی یەکەمی ئەم کتێبە، یەکەم جار لە ئینتەرنێت بڵاوکرایەوە _ بەبێ ئەوەی من ڕێی پێبدەم _ بە ناونیشانی: (نقض کشف الشبهات)! ئەمە ناونیشانێکە من پێی ڕازی نیم، پاش ئەمە بڵاوم کردەوە بە ناونیشانی یەکەم، هەروەك ئەوەی کە پێش ئێستا لە چاپ نەدرابێت هەروەك هەندێك وا گومانیان برد .[1]

---

[1] _ شتێکی نامۆیە کە من لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر ڕووبەڕووی زیاتر گەورە کردنی ئەو توێژینەوەیە یان جگەلەوە لە توێژینەوەو کتێبەکان دەبمەوە، یەکێك لە شتە دەگمەنەکان لەبارەی توێژینەوەکە لەمەڕ کتێبی (کشف الشبهات)، ئەوەیە کە بەرپرسێکی گەورە لە بواری پەروەردەو فێرکردن داوای دانەیەکی چاپکراوی لێکردم، کە پێم ووت کتێبەکە هێشتان چاپ نەکراوە، ئەوا بەرپرسەکە جەختی کردەوە کە لە ڕێ چەند کەس و سەنەدێکی ڕاستەوە پێی گەیشتووە کە!: وەزارەتی ئەوقافی دوبەی لە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی هەڵساوە بە چاپکردنی (١٠٠ هەزار دانە)! لە کتێبی من، ئەم گەورە کردنە کاری زیاد ڕۆچووانە کە بەگوێی بەرپرسان دا دەخوێنن، کارەکان گەورە دەکەن و وابەرهەست دەکەن کە ئەو کەسە دەستی لە پشتیەوەیە و

و خوێندنەوەیەکی ڕەخنە ئامێزانە بۆ کتێبی (کشف الشبهات) لە ژێر ئەو ناونیشانە دەبێت(بانگخوازێکەو پێغەمبەر نیە)[1].

پاڵپشتی دەکرێت و سەدان و هەزاران لەچاپ دەدەن، ئەمەش کارێکی ترسناکە!.. تاد!! و نامۆتر لەوە ئەوەیە کە من ئاسودە دەبم بەو هەواڵە گەورانەی لەبارەی خۆمەوە دەزانم! چونکە واهەست دەکەم کە کارێکی گەورەم کردووە لە هیچدا، بێنە ناو خەیاڵ و بیرت کە ئەگەر یەکێك لەبارەی تۆوە قسەبکات جەخت بکاتەوە لەسەر ئەوەی کە تۆ وڵاتی (ما وراء النهر)ت ئازاد کردووە! و خەڵکی سەمەرقەند بە تەبڵ و دەفەوە پێشوازیان لێکردی! ئایا ئەمە نابێتە حاڵەتێکی خۆش؟!

[1] _ لە ڕاستیدا زۆر بەکەف و کوڵ و جۆش و خرۆش نەبووم، بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم توێژینەوەیە پاش ڕوودانی ڕووداوەکەی سیبتەمبەر، چونکە ماوەیەك بەر لەڕووداوەکە نوسرابوو، بەڵام شوێنکەوتووە زیاد ڕۆچووەکانی شێخم بینی _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _، سورن و جەخت دەکەنەوە لەسەر بەپاکگرتنی، چەندین کۆنگرەو کۆنفرانسیان بەستی بۆ پاك و دوورگرتنی شێخ لەو هەڵانەی کە تێی کەوتبوو، کە لە ئینصافەوە بوو ئەگەر دانیان پێدا نابایە کە شێخ تیایاندا بەهەڵەداچووە، تەنانەت هەندێکیان وا گومانیان برد، کە وەهابیەکان کاریان کردووە لەسەر دیاریکردنی قەبارەو سنور دارکردنی تەکفیر پاش ئەوەی کە بێ سنورو ڕەها بووە!! لەوێوە بینیم کە بێدەنگ بوون لەئاست حەقدا بەشەیتانی بوون و کارێکی شەیتانیە، پێویستە کتێبکە بڵاوبکرێتەوە، تا ڕێنومایی خۆمان ڕانوێنین و بخەینەڕو بەبەڵگەوە، پاشان هەر کەسەو قەناعەت و ئینصافی خۆی، هۆکارێکی تریش هەیە، کە زۆرێك لەوانەی ڕەخنە دەگرن و دەدوێن لەسەر تەیاری وەهابی ئەوا ئاماژەو هەڵوەستە ناکەن لەسەر نمونەی ڕاست و ڕاشکاوی تەکفیری، هەندێ جاریش هەندێ هەن زۆر زیاد ڕەوییان کردووە، سیفاتە چاکەکانی شێخی لەبیر کردووە، یان شت لە دژەڕاکانی نەقڵ دەکەن یاخود ڕەخنە لە شتە وێکچووە زۆر مانا هەڵگرەکان دەگرن، جا من وابەچاکی دەزانم بەپێی کۆشش (اجتهاد)ی خۆم، کە خۆم بپارێزم لە ڕێگەی پاك ڕاگرتن و هێرش کردن و سەرزەنشت کردن، ئەمەش بە بەڵگەنامەدار کردنی بە ووتەکانی شێخ لە کاتی قسەکردنم لەسەری، ئەو ماوەیەی دوای ئەویش بە خستنەڕووی ووتەی شوێنکەوتووەکانی بە بەڵگەنامەدار کردنی لەوەی لە کتێبەکانی ئەواندا هاتووە، سەرباری هەڵوەشاندنەوەو خستنەڕووی ئەو ووشەو دەربڕینانەی کە لە ڕووکەشدا خۆپارێزییە لە تەکفیر، کەچی لە ناواخنیدا _ بەداخەوە _ تەکفیرێکی تەواوە، هەروەك دووبارە کردنەوەی ڕستەو دەربڕینە گشتیەکان وەکو:(کەس بەبێ باوەڕ لەقەڵەم نادەین مەگەر ئەوەی خواو پێغەمبەرەکەی بەبێ باوەڕ ئەژماریان کردبێت)، ئەمە ووتەیەکی جوان و بیرقەدارە لە ڕووکەشدا، لەوانەیە ئەوانەی حەقیقەتی ئەو قسەیە نەزانن بەو هۆیەوە هەڵبخەڵەتێن، جا شتێکی نامۆو نادیار دەبێت لەلای کە بۆچی تەکفیر لەوانەوە بڵاوەی کردووە! بەڵام کاتێك توێژینەوەو ڕاڤەکانیان دەخوێنیەوە ئەوا سەر سوڕمانیەکە لادەچێ و نامێنێ،

بەم شێوەیە ئەم کتێبە پێنج بەش لەخۆ دەگرێت:

**دەروازەی یەکەم:** خوێندنەوەیەك لەبارەی کتێبی (کشف الشبهات) (ئەمە لەگەڵ پەرتووکی _ التوحید _ کە لە بەناوبانگترین کتێبەکانی شێخە کە ڕەخنەی لێگیراوە لەو توێژینەوەیەدا).

**دەروازەی دووەم:** شێخ موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب لە کتێب و نامەکانی تریدا(کە خۆی دەنوێنێت لەو قسەو ڕاوبۆچوونانەی کە تەکفیریان تێدایە )[١].

**دەروازەی سێیەم:** هیچ دژیەکی و تێك گیرانێك هەیە لەنێوان ڕەفتارو ووتەکانی شێخ؟! (ئایا پاژگەزبووەتەوە لە تەکفیر؟).

**دەروازەی چوارەم:** ماوەی دوای شێخ (ئایا شوێنکەوتووەکان یەك ڕاوبۆچوونن لەگەڵ ڕاوبۆچوونی شێخ یان نا؟ ئایا چاویان خشاندۆتەوە بەبەرهەمەکەی یاخود بەردەوامیان بەڕێگا بڕین و ڕۆیشتنەکە داوە بەهەڵەو ڕاستیەکانی).

**دەروازەی پێنجەم:** لەگەڵ ئەوانەی دژەڕاو و بەرهەڵستکارو ڕاجیان لەگەڵ شێخ (جۆرەکانیان لە نێوان هێرشکەرو میانڕەودا... و هەڵوەستەکردن لەسەر جەوهەرو کرۆکی ڕاجیاییەکە لەنێوان ئەوان و شێخ و شوێنکەوتووانی شێخ، کە چۆن خراپ لێك تێگەیشتن ڕکێفی داداوە و زاڵبووە بەسەر هەردوو کۆمەڵەکەدا؟).

---

چونکە دەبینی کە ئەوان وا گومان دەبەن کە خواو پێغەمبەر ئەو کەسانە تکفیر دەکەن کە سوژدەو ڕکوع بەرن.

[١]_ ئەو قسانەم لە (الدرر السنیة) وەرگرتووە، کە (عەبورەحمان موحەممەدی کوڕی قاسم) _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ کۆی کردبووەوە، پاشان چەند نمونەیەك لە کتێبی (التوحید) ( دەیبینن لە پاشکۆکەدا= =لە باسێکی درێژدا) نمونەی زۆرم فەرامۆش کردن و بەجێهشتن، ئەوەندەم پێ بەس بوون بە گواستنەوەی بە شێوەیەکی نیمچە هاکەزایی بۆ هەندێك لە ووتە تەکفیریەکانی شێخ کە لەخودی شێخەوە دەرچوونە، لەگەڵ دانپێدانمان بە چاکەو بانگەوازو کۆششەکەی کە هەرگیز دروست نیە نکۆڵی لێبکرێ، ئا ئەمەیە میانڕەوی و میانچێتی سوپاس کراو بەرهەمدا.

پاشان لەدواییدا هیچ ترسێك لە گۆڕێدا نیە، کورتە و پوختەی قسان بریتیە لەوەی کە شێخ (بەهەڵەدا چووە لە تەکفیر کردندا)، داننان بەو مەسەلەیەدا _ لەلایەن کەسانی بە ئینصافەوە _ کارێکی سادە و ئاسانە، ئەگەر بەڵگەکان بێ پێچ و پەناو ڕاشکاو بن، ئاینیش بەوە ناڕوخێت و خۆریش لە خۆر ئاواوە هەڵنایەت.

**لەکۆتاییدا:**

ئومێدو هیوام وایە لەو برایانەی کە گرنگی بەو بابەتە و لایەنانە دەدەن ئەو کارە بە ئینصاف و بەمەبەستی دەستخستنی ڕاستی و حەق بخوێننەوە:﴿ ... وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى ... ﴾ المائدة: ٨. **واتە: ڕق و کینەو** دوژمنایەتی هیچ کەس و لایەك هەڵتان نەنێت کە لە دادپەروەری لابدەن، ئەوە نزیکترە لە تەقواو خواناسیەوە، ڕاستی و حەق لە هەموو شتێك شایەنترو لە پێش ترە کە شوێنی بکەوین، هەموو کەسێك شتی لێ وەردەگیرێت و ڕەتیش دەکرێتەوە، ڕێگری ناکەم لە خستنەڕووی تێبینی، بەڵام لە کەسانی خۆی داوا دەکەم، سوپاسی ئەو کەسەش دەکەم کە تێبینیەکم پێشکەش دەکات؛ بەڵام یەك شت تیایدا بەمەرج دەگرم ئەویش ڕاست و دروستیە، ئەوەی هەندێ کەسیش دەیکەن لە هەوڵدان بۆ تێك شێلان و گەورە کردن و یاخود پارچە پارچە کردنی دەقەکان و هاوشێوەی ئەمانە؛ ئەم شێوازە بێز لێکراو قێزەونە لەلایەن خاوەن ئینصافەکان لە زانستخوازان، لەبەر ئەم هۆیە خۆم زۆر سەرگەرمی چاودێری ئەو چینەی خەڵکی ناکەم، ئەگەر وامان بکردایە

[١] _ جا هەندێکیان دەستیان کرد بەتۆڵە سەندنەوە، ئەمەش لەڕێی وەڵامدانەوەیەکی توندو تیژی خێرایی دەستنوسەکە، لەگەڵ پارچە پارچە کردن و گەورە کردن، لەهەمان کاتدا هەوڵدان بۆ تەکفیر و بەبیدعەت دانانی، ئەمەش سروشتی زیاد ڕۆچووەکانمانە کاتێك ڕاجیایی بن لەگەڵ کەسانی تر! لەو کەسانەی کە

ئەوا هیچمان بۆ نەدەکرا، خوا ڕەحم بە موتەنەببی بکات ، ئەگەر بزانن کە چاکەیەکم پێشکەش دەکەن بەو ڕەخنە گرتنەیان لێم ئەوا ڕەخنەکەشیان نەدگرت! من وا هەست دەکەم کە فیکرەو هزریان گەیاندۆتە تێکرایی خەڵك، جا ئەمڕۆ خەڵك دەیخوێنێتەوە سەریان سوڕدەمێنێت، سبەینێ بیر دەکەنەوەو لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدەن، پاش ئەم لێکۆڵینەوەیە دەری دەخەن! بەڕاستی حەق و ڕاستی لاسار و یاخیە! ئەگەر زۆریش دوابکەون لە ڕازی بوون پێی، وێنەشی زۆر نەشرین کرابێ.

---

ڕەخنەیان لە دەستنوسەکە گرت یاخود هانی دان لەسەر بەرپەرچ دانەوەی، شێخی بەڕێز حەمود عقلاء_ ڕەحمەتی خوایی لێبێت و خوای گەورە لێی ببورێ _ و شێخ عەلی خەضر و شێخ عەبدوڵا سەعد و جگەلەوانیش وەك: عەبدولکەریم حەمید، ناصری فەهد، رەبیع مەدخلی، صالح فەوزان، عەبدولمحسن عباد، تەنها وەڵامی سێی کەسی سەرتام پێ بەس بوو سەبارەت بەو چەند یاداشتەی بڵاوکرانەوە، دەکرێ کۆیان بکەمەوە لە کتێبی داهاتووم دا، با گفتوگۆ لە ناو کۆمەڵگا دا بەردەوام بێت پاشان هەر کەسەو قەناعەتی خۆی، بەهەر حاڵ: بەرپەرچدانەوەیان بەرپەرچی هەندێکیان وەڵامی هەندێکی تر دەداتەوە، ئەوەی لەدەستی یەکێك دا بەسەلامەتی بڕوات ئەوا لەدەستی ئەوی ترا هەڵی دەوەشێنێتەوە، ئەمەش لەگەڵ ڕق و کینەو گەورە کردنی و بەگریان و لاوانەوەو بەدرۆخستن و سەرزەنشت کردن، بوختان کردن بەکۆمەڵ و ڕستە، ئەمە هەڵمەتێکی کۆنە، لە زیاد ڕۆچوووەکان دەزانین کاتێك بە لگەی بەهێزو نیشانەی پڕشنگدارو ترسی تێکشکێنراو دەبینن، مەذهەب بەسەر دەچێت و نامێنێت، پەنا دەبەنە بەر زۆر کردن و زیادکردنی بەرپەرچ دانەوەکان، بۆ پارێزگاری کردن لە گەڵاڵەبووەکە! بە گومانی خۆیان، بەخێرایی پێش برکێ دەکەن؛ گەمەیەکی بەجێماوە یاخود حەزیان لێیەتی، جا ئەمە شوێنێك بەدی دێنێت، ئەمەیش شوێنێکی دەست دەکەوێت! کتێب بڵاودەکەنەوە و کۆمەڵە خەڵکانێ پڕ چەك دەکەن، ئەو چاڵانەی کە هەڵی دەکەنن لە بستێك زیاتر نین، ئاڵاکەشیان چنگ و نینۆکە! هەر یەکێك لەجێی خۆی هاوار دەکات من ترسێنەری ڕووتم! لەپەرتەوازەیی بێزار نابن، لە سەردەمێکا کە سەردەمی ئەوان نیە، شوێنێ کە ئەوانی جێهێشتووە، جیهانێکی نوێبووە کە بێبەش بوونە لە کاڵای عەقڵ و زانین.

[1]_ کە (المتنبی) دەڵێت: ........ ... * لأصبح الصخر مثقالا بدینار!. واتە: ئەوا گەردیلەك لە بەرد بەدینارێك دەبوو!

* تەواوی دێڕە هۆنراوەك بەو شێوەیەیە:(لو أن کل کلب عوی ألقمته حجرا لأصبح الصخر مثقالا بدینار). (وەرگێڕ).

**والحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله، محمد و آله .** [1]

**حسن بن فرحان المالكي**

**ئـــەوەی لەســـەرەتای ئـــەم پەڕاوانـــە نوســـرا لـــە بـــەرواری ١٤٢١/٨/١هـ**

**کۆتا پێدچوونەوە لەبەراواری: ١٤٢٥/٤/٢٨هـ**

---

[1] _ لەوانەیە هەندێ لە برایان وا تێبینی بکەن کە من زۆرینەی کات درووود و صەڵات و سەلام کورت دەکەمەوە لەسەر پێغەمبەرو ئالوبەیت بەبێ هاوەڵان، ئەمە نکۆڵی کردن نیە لە پلەو پایەیان و پابەندیش نیم بەو شێوە دەربڕین و دارشتنە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ بیرهێنانەوەی ئەو دەقەی کە دووبارەی دەکەینەوە لە هەموو تەحیاتێکدا پاش شایەتمان دان:(اللهم صلي على محمد و على آل محمد)، لە تێکڕای دەقەکاندا درووود و صەڵات و سەلام نیە لەسەر هاوەڵان وەك ئەوەی ئێمە ئێستا دەیکەین، ئەمەش وەك شوێنکەوتنی هەندێك لە شتە داهێنراوەکانی پێشینە سەرەتاکان، دواتر ئێمە پێمان بەس نەبوو تەنها صەڵات و سەلام لەسەر هاوەڵە گەورەکان بدەین، بەڵکو تێکەڵاومان کردن بە ووشەی (هەمووان: أجمعين)! چاکەکان و خراپەکان؛ کە تا وەلیدو معاویەو بکوژی عەماریش دەچنە ناویەوە!.

## دەروازەی یەکەم

# خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (کشف الشبهات)ـی
# شێخ موحەممەد عەبدلوەهاب (ڕەحمەتی خوای لێبێت)

**بۆچی و لەبەرچی کتێبی (کشف الشبهات)ـمان هەڵبژارد؟!**

هەڵوەستەم کرد لەسەر کتێبی (کشف الشبهات) _ وەك نمونەیەك _ لەو کتێب و پەیامانەی کە شێخ نوسیویەتی، چونکە ئەم کتێبە سەرباری بچوکی قەبارەکەی ئەوا بەوە جیادەکرێتەوە لەوانەی تر کە ئاشکراو ڕوونترە، ئەمەش لەبەر خستنەڕووی بەلگەو پاساو نیشانەکان و تیایدا تێڕوانین و بیرو بۆچوونەکان ڕوونن، لەبەر بڵاوبوونەوە بەشێوەیەکی فراوان لە ناو زۆرێ لە زانستخوازان و کاریگەری و کارتێکردنی ئەو کتێبە لەسەریان، لەبەر بەناوبانگی ئەم کتێبە وەك کتێبەکەی تری شێخ کە کتێبی (التوحید)ە.

وە من لەبەر چوار هۆکار، سەبارەت بە لایەنە گرنگەکانی ئەم کتێبە نادوێم:

**هۆکاری یەکەم**: لایەنە باش و چاکەکانی زۆر کەمن، بەنیسبەت بەرنامە و پەیڕەوی کتێبەکە، چونکە سەرتاپای زیاد ڕۆچوونە لە تەکفیردا، بەشێوازێك کە دەربڕینەکان ڕاشکاو نین.

**هۆکاری دووەم**: پێشتر باسی پلەو پایە و ماندووبون و تێکۆشانی شێخم کرد، جا ئەو ئەندازەیە باش و چاکیەی کە لە کتێبەکەدا هەیە ئەوا دەچێتە ناو چوار چێوەی ئەو پیاهەڵگۆتن و ستایشە گشتیەوە کە پێشتر خستمانەڕوو.

**هۆکــاری سـێیەم**: بەڕاسـتی ئامـانج لـەم توێژینــەوەو خوێندنەوەیـە بریتیەلـە خستەڕوو و ڕوونکردنـەوەی هەڵـەو تێبینیــەکان، کـە دیـارترین تێبینیـە تـەوەریی و گرنگــەکان لەبەرچـاو دەگرێــت، کــە بڵاوبوونــەوەی دیــاردەی تــەکفیر لــە هەنــدێك کتێبەکانی شێخ و هەندێکی تر لە زانایـانی بانگەوازەکـە لـەدوای شـێخ دەتوێژێتـەوەو شیدەکاتەوە دەکات.

ئیش و پیشـەی سـەرەکی ئـەم کـارەم ئـەوەبوو کـە (نهێنـی) بـوون (وجـود)ی ئـەم دیاردەیــە دەربخــەم کــە تــەکفیرە، لەوانەیــە لەســەرەتایی دەربڕینــی بۆچــوونەکەدا دەرنەکەوێت، ئەم دەربڕینـەش سەرچاوەی گرتبـوو لـەو شـتەی کـە (بەبەڵگەچووە و شێوەی بەڵگەی هەبووە یاخود نیمچە بەڵگەیەك بووە)، بەوەی کەمن بۆی دەچم ئـەو تەکفیرە لە هەواو هەوەسی شێخەوە سەرچاوەی نەگرتووە یـاخود مەبەسـتی تـەکفیری موسڵمانان نـەبووە و ئـەو کارەشـی خـۆش نەویسـتووە _ ئەگەرچـی بـێ ئاگـا نـەبووبم سەبارەت بە کاریگەری بارودۆخی سیاسی و ناکۆکی مـەذهـەبی _ ئەمـەش دەرەنجامی بەڵگەی لاوازو یەکلاکردنەوەی بابەتە گومان هەڵگرەکانە یاخود بەڵگـە هێنانـەوەی نـا ڕاست بەوەرگرتن لـە بەڵگەیـەکی چەسـپاو یـان هاوێنـەکانی، بەشـێوەیەکی فـراوان بـە ڕوونکردنەوەوە دەیخەینەڕوو.

**هۆکــاری چــوارەم**: ڕاجیـایی نیـە لـە پیاهەڵـدانی شـێخ و بانگەوازەکـەی و پـاك نیەتیەکەی و ئەو ناخۆشیانەی کە تووشی بووە، لەو شتانەی کە ڕاستیشی پێکاوە لـە فرێدانی هاوبەش بۆ خوا دانان، شتی پڕو پوچ و داهێنراو بیدعەتەکان، ئەمـە خـاڵ و چـەقی یەکـدەنگی هەمووانــە _ بەلایـەنی کەمـەوە لـەنێوان مـن و ئەوانـەی نـاکۆکن لەگـەڵم لـە هەڵسـەنگاندنی بانگەوازو بەرنامـە و پـەیڕەوی شـێخ موحەمـەد _، بۆیـە داواکارم برایانم لێم ببورن ئەگەر هاتوو زۆربـەی ئـەو کتێبـە لەسـەر تێبینـی و خاڵـە

ناکۆکەکان بخولێتەوە نەوەك ئەو بابەت و خاڵانەی کە یەکدەنگی و یەك هەڵویستیان لەسەرە، چونکە ڕاجیایی هەر لە ڕۆژگارەکانی سەردەمی شێخ موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهابەوە تا ئێستا هەر هەیە، لە نێوان ئەو کەسانەی شوێنکەوتووی ئەوان و دەمارگیریشن یاخود ئەو کەسانەی دژەڕای ئەون و بەهەمان شێوە دەمارگیرن، ئەگەر زۆرترین ڕێژە لەبەرچاو بگرین، سەرباری جەخت نەکردنەوە لەسەر کاکڵ و کرۆکی ڕاجیاییەکە، کە بریتیە لەوەی کە:

ئایا شێخ موحەمەد زیاد ڕۆچووە لە ترساندن و هۆشداری دان و دوورخستنەوەی خەڵکی لە هاوبەش بڕیاردان بۆ خواو شیرك پەیداکردن، تا ئاستێ کە شتی وای بە هاوبەشدانان داناوە کە ناچێتە ناو خانە و چوغزی هاوبەشدانانەوە؟ لەسەر ئەم پێشینەیە بەرەهایی ڕێی داوە بە دەرکردنی حوکمی هاوبەش بڕیاردان بۆ خوا بەسەر تێکڕایی موسڵمانان؟.

لەسەری چەسپاوە کە زیاد ڕۆچووە لە تەکفیردا یان نا؟ و پلەو ئەندازەی ئەو زیاد ڕۆچوونە چەندە؟.

ئایا دژەڕاکانی ڕەخنە و کەم و کوریان لێگرتووە، بەتایبەتی ئەهلی سوننە بەگشتی، بەڵکو سەرتاپای حەنبەلیەکان _ سەرباری ئەوانی تر _ بە کوفری گەورەی دەرچوو لە میللەتی موسڵمانان یان نا؟.

پاشان ئەگەر سەلمێنرا، ئایا بۆمان هەیە ئەمڕۆ بەهەمان شێواز دانی پێدابنێین یاخود نا؟ ....تاد.

لێرەدا دەستم کرد بە باسکردنی تێبینیەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، تەنانەت تێبینیە وردەکانیش، بەهۆی گرێدراوی و پەیوەست بوونی ورد بە درشتەوە و نادیار بەڕوون و ئاشکرا، بەیەکەوە بەستنەوەی ئەو دەق و حوکمانەی کە شێخ

گشتاندویەتی لە کتێبی (کشف الشبهات) بەوانەی کە بەڕاشکاوانە ئاماژەی پێداوە لە کتێب و پەیامەکانی تری دا.

**یەکەم: چەند تێبینیەک لەسەر کتێبی (کشف الشبهات)[١]:**

بەڕیزبەندی باسی ئەم تێبینیانە دەکەم، قسەی شێخ لە ناو دوو کەوانەدا دەخەمەڕوو، دواتر وەڵامی هەموو ئەو شتانە دەدەمەوە، کە بەسنور شکێنی و هەڵەی دەزانم، بۆ زانیاری ئەم کتێبە چەندین جار لە چاپ دراوە، بە لێکۆڵینەوەی چەند کەسێ کە بەزانا حساب کراون، کەچی ئاگاری یەکێك لەو هەڵانەش نەبوونە کە دەیخەینەڕوو، جا یان ئەوەتە ئەوانیش هەر لەسەر هەڵە لێ ڕاهاتوون یاخود نەیان توانیوە پەیی بەخودی هەڵەکە ببەن، جا خۆشترینی ئەو دوو حاڵەتە تاڵە، ئەم لێڕاهاتنە و خووپێگرتنە لە هەموو سەلەفیەك دیارە کە لەبارەی شێخ موحەممەدەوە _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ دەنوسێت، ئەمە گەورەترینی ئەو شتانەبوو کە هانی دام لەسەر نوسینی ئەم کتێبە، ئەگەر لێکۆڵەرێك هەڵسابایە بەهۆشداری دان لەسەر تێبینیە سەرەکیەکان، ئەوا منیش ئەو کتێبەم نەدەنوسی و ئەو بەدواداچوونەشم نەدەکرد بۆ کتێبی (کشف الشبهات) و جگەلەو کتێبەش.

وە دیارترین ئەو تێبینیانەی کە کۆدەبنەوە لەسەر کتێبی (کشف الشبهات) _ دەکرێ گرنگ پێش گرینگتر بکەوێ _ بریتین لەمانەی خوارەوە:

---

[١]_ پشتم بەستووە بەدانەیەکی بچووك کە _ کتێبخانەی: ئیبن حەزم، چاپی کردووە _ لە _ ریاض _ کە _ حەمدی ئەبو سعود لە ئالی حەمدان ئامادەی کردووە بۆ چاپ _، چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٤١٤ك بووە، چاپی تریشی هەن، بەڵام سەرباری بەناوبانگی و دەستاو دەست کردنێکی زۆر ئەوا پەیامەکە قەبارەیەکی بچوکی هەیە، هەر کەسێ هەر چاپێکی بەدەست کەوت ئەوا دەتوانێت لەچەند خولەکێکی کەم و دیاریکراو بیخوێنێتەوە.

**تێبینی یەکەم:**

**شێخ لە سەرەتاو دەسپێکی گوفتاریدا لە (لا:٥) دەڵێت:(دەسا خوا ڕەحمت پێبکات بزانە کە یەکتاناسی و خوابەیەکزانین بریتیە لە بەیەکزانینی خوا لە پەرستندا، کە هەر ئەوەشە کاکڵ و کرۆکی دینی پەیامبەران، کە خوای گەورە بۆ بەندەکانی ڕەوانەی کردوون، کە یەکەمیان نوحە_ سەلامی لێبێت _، خوای گەورە ڕەوانەی کرد بۆ گەلەکەی کاتێك زیاد ڕۆچوون لە پیاوچاکان دا، کە (وەد) و (سواع) و (یەغوث) و (یەعوق) و (نەسر) بوون... ).**

**دەڵێم: ئەو ووتەیە سەرەتاکەی ڕاست و بێ پێچ و پەنایە، بەڵام کۆتاییەکەی جێی تێڕامان و کرچ و کاڵی و کەم و کورتی تێدایە، ئالۆزە بۆ مەبەستی تەکفیر گوتراوە؛ خوای گەورە نوحی ناردووە بۆ لای گەلەکەی بۆ بانگ کردنیان بۆ پەرستنی خوای گەورە و فڕێدانی هاوبەش دانان و شیرك، چونکە ئەوان ئەو بتانەیان دەپەرست؛ کە ئەمەش کارە سادەو ساکارەکەیان نەبوو (کە زیاد ڕۆچوونە لە پیاوچاکان)؛ ئەو دەربڕینە فراوانە، لەوانەیە _ بەزۆری _ هەڵە و تەنانەت بیدعەش لەخۆ بگرێت لەکاتی دەربڕینی بە ڕەهایی، دەکرێ زیاد ڕۆچوون بگاتە پلەی بێ باوەڕی بەڵام ئەمە زۆر دەگمەنە، وەك دەست ماچ کردن کە هەندێ بە تەبەڕوك[1]**

[1] _ مانای تەبەڕوك: تەبەڕوك چەند واتایەکی هەن ئەو واتایانەشی دەگۆڕێن بە پێی ئەو ئایەت و فەرموودەو ئەثەرو بابەتەی کە تیایدا هاتووە، یەکێ لە ماناکانی زیادبوون و نەش و نوما کردنە کە پەیوەستە بە لایەنی بەرهەست کە مەعنەویاتیش دەگرێتەوە بەشێوەیەکی گشتی، لە حەقیقەتدا بەرەکەت نهێنی (سر) و ڕێژنە (فیض)ێکە کە خوای پاك و بەرز دەیبەخشێت و زیادی دەکات و کاری خێری پێ گەورەو گەشە دەکات ئەمەش لەمیانەی بەردەوام بوون لەسەر ئەو شتە پیرۆزانەی دەبنە هۆی نزیکبوونەوە لە خوای گەورە، بەوهۆیە بەرەکەت بەرهەمێکە لە بەرهەمەکانی کاری چاك، کە ئامانجەکانی پێ دەستەبەر دەبن، پێش هاتی خراپی بەهۆیەوە وەلادەنرێ، دەرگاکانی بەخششی خوایی پێ دەکرێتەوەو

کـردن بەپیاوچـاکان دادەنـێن و هەنـدێکی تـریش بـە زیـاد ڕۆچـوونی دادەنـێن لـە پیاوچاکان..... ئەوەو هاووێنەکانیشی لە ڕیـزی هەڵـە یـان بیدەعـەت ئـەژمار دەکـرێن [1]

---

خێری هەمەلایەن دەستەبەر دەکات و ئەو سوودو سۆزەیە کە خوای گەورە ئەولیاو خۆشەویستە چاکەکانی پێ دلگوشاد دەکات. سەیری (موسوعة اليوسفية في بيان أدلة الصوفية: أ.د.يوسف خطار محمد، جزء الأول، ص ١٥٣) بکە. (وەرگێڕ).

[1] _ ئەمە ڕاو بۆچوونی دانەرە کە ئەگەر بە هەڵە یان بەبیدعەتی دادەنێ ئەوا من بۆچونم وانیە بەڕەهایی و بێ قەیدو مەرج بە دروستی بزانم یان بەبیدعەت و هەڵە و نادروستی بزانم. بۆ ئەم مەبەستەش سەیری فەرمایشتی چەند کەڵە زانایەکی چوار مەذهەبەکە دەکەین:

مەذهەبی ئیمامی شافیعی: زانای گەورە ئیبن حەجەری عەسقەلانی لە (فتح الباري) دا فەرموویەتی:" ئیمامی نەوەوی فەرموویەتی: ماچ کردنی دەستی کەسێ لەبەر ئەوەی کە زاهیدو دونیا بەکەم زانە و پیاوچاك و بۆ خوا صوڵحاوە و کەسێکی زانایە و بە شەرفە و هاووێنەی ئەو سیفەت و تایبەتمەندیە دینیانە ئەوا شتێکی ناپەسەند نیە بەڵکو شتێکی چاك (مستحب)ە، بەڵام ئەگەر دەست ماچ کردنەکە لەبەر دەوڵەمەندی و شان و باڵ و پلەو پایەکەی بوو کە لەلایەن خەڵکی دنیا هەیەتی ئەوا شتێکی زۆر زۆر ناپەسەندە".=

= وە زانای گەورە باجوری لە (حاشية)کەی دا فەرموویەتی"... و شتێکی چاکە دەست ماچ کردنی کەسێ لەبەر ئەوەی کە کەسێکی چاکە و هاوشێوەی ئەو تایبەتمەندیە دینیە وەك ئەوەی کەسێکی زانا بێت یان دونیا بەکەم زان و زاهید بێت، ناپەسەندیشە ئەگەر هاتوو دەست ماچ کردنەکە لەبەر شتی دونیایی بێت وەك دەوڵەمەندی یان پلەو پایەو ناوبانگ".

مەذهەبی حەنەفی: زانای گەورە ئیبن عابدین لە (حاشية)کەی دا فەرموویەتی:" شتێکی ئاساییە کە دەستی زانای خۆپارێزی بەتەقوا وەك تەبەڕوك ماچ بکرێت و ووتراوە: سوننەتە...".

وە زانای گەورە زەیلعی لە کتێبەکەی دا (تبيين الحقائق) فەرموویەتی:".... وە لە (الجامع الصغير)دا هاتووە: کە (الشيخ الامام شمس الأئمة السرخسي) و هەندێ لە زانایان پاشین سەبارەت بە ماچ کردنی دەستی کەسی زانا یان کەسی بەتەقوا بەشێوەی تەبەڕوك ڕێیان پێ داوە و بۆچوونیان وایە دروستە.... وە سوفیانی ثەوری فەرموویەتی: ماچ کردنی دەستی کەسی زانا یان حوکمڕانی دادپەروەر سوننەتە".

مەذهەبی حەنبەلی: زانای گەورە سەففارینی لە کتێبەکەی دا (غذاء الألباب) فەرموویەتی:" مروزی فەرموویەتی: لە باوکی عەبدوڵلا _ ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبل _م پرسی _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ لەبارەی دەست ماچ کردن، فەرمووی: ئەگەر بە مەبەستی دینداری بێت ئەوا شتێکی ئاساییە، و ئەگەر بەمەستێکی دونیایی بێت دروست نیە ".

نـەوەك بـە هاوبـەش و شـیرك دانـان بـۆ خـوا، ئەگـەر بـە دروستیشـمان زانـی بـەوەی حوكمی شیرك دانان بەڕەهایی بەسـەر ئـەو كردەوانـە دا بـدەین، ئـەوا دەچـنە خانـەی هاوبـەش دانـان و شـیركی بچوك نـەوەك شـیركی گـەورە كـە كەسـی موسـڵمان دەخاتـە دەرەوەی بازنـەی موسڵمانێتی.

شـێخ موحەمـەد ئـەو ووتەیـەی پێشـووی دەربـڕی بـۆ دەرخسـتنی ئـەوەی كـە بانگەوازەكەی ئەو درێژە پێدەری بانگەوازەكـەی پەیامبەرانـە، ئـەو پەیامبەرانـەی كـە تەنها بۆ ئـەو گەلـە نێردرابـوون كـە زیـاد ڕۆچـوو بـوون لـە پیاوچاكان و بـەس! یـان گەورەترین هەڵەیان بریتیبوو لـە زیـاد ڕۆچـوون لـە پیاوچـاكان دا! ئەمـەش ناراسـتە، چونكە ئـەوان هاوبـەش و شـیركیان بـۆ خـوا بڕیـاردا بـوو و بتیـان دەپەرسـت و تـەنها ئەمـەش بەسـە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی دژەڕاكـانی شـێخ بەرپەرچـی شـێخیان دەدایـەوە بـەوەی كـە ئـەو كەسـانەی كـە دەیـان كوژێـت و تـەكفیریان دەكـات ئـەوا خـەڵكێكی موسڵمانن، دەكرێ كەسانێكی سادەو ساكار یاخود هەنـدێك لـە زانایـان هـەبن كـە زیـاد ڕۆچووبن لە پیاوچاكان، بەڵام ئەمە پاساوی تەكفیرو كوشتنیان نادات بەدەستەوە، كـە زانــی ئەمــە بەڵگــەی دژەڕاكانیــەتی ئــەوا ئــەو مانایــەی بــەزۆر شــێواز دەربڕیــوەو دووبارەشی كردۆتەوە لە زۆرێك لە كتێبەكانی.

پێویسـتە خوێنـەر بزانێـت كـەمن هـاوڕاوم لەگـەڵ شـێخ دا لـە ڕێگـری كـردن لـە بیدعەت و شتی خورافات و پڕو پووچ و هەڵسوكەوت كردنی زۆرێك لەموسـڵمانان كـە دەیكەن وەكو زیاد ڕۆچوون لە پیاوچاكاندا و بەگەورەگرتنی گۆڕەكان و دەسـت ڕۆنـان

---

مەذهەبی مالیكی: زانای گەورە عەسقەلانی لە كتێبەكەی (فتح الباری)دا فەرموویەتی:" ئیمامی مالیك فەرموویەتی: ئەگەر دەست ماچ كردن بە مەبەستی خۆ بەگەورە گرتن بێت ئەوا ناپەسەندە، ئەگەر بەمەستی نزیك بوونەوە بێت لەخوا بەهۆی دینداری و زانستداری و شەرفی ئەو كەسەی دەستی ماچ كراوە ئەوا شتێكی دروستە". (بۆ خستنەڕووی بۆچوونی زانایان و مەذهەبە ناوبراوەكان سوودم بینیوە لە: موسوعة الیوسفیة في بیان أدلة الصوفیة: أ.د.یوسف خطار محمد، جزء الأول، ص ١٩٥ _ ١٩٧. وەرگێڕ).

پێیـدا و ئـەوەی بـەدوای ئەوانەشـدا دێـت لـە دوعـاو قوربـانی کـردن و تکـاکردن و تەوەسول کردن و...... تاد.[1]

جا ڕێگری کردنم لەو بیدعـەت و خوڕافاتانـە و هەنـدێك لـە جۆرەکـانی هاوبـەش دانانیش ئەوا پاڵم نانێت بەوەی کە حوکمی کوفرو بێ باوەڕی و شیرك و دەرچـوو لـە بازنەی میللەتی ئیسلام بەسەر کەسی ئەنجامدەرەکەی دا بدەم، جا کەسـەکە چ نـەزان بێـت یـاخود زانـا بێـت، چـونکە نـەزان نەزانیەکـەی دەبێتـە ڕێگـرو پـەرچ لـە تـەکفیر کردنی، زاناش (تەئویل )ەکەی دەبێتە پەرچ[2] و ڕێگر لەوەی تەکفیریان بکەم . ٣

---

[1] _ تەوەسول: بریتیە لە ڕێگایەك لە ڕێگاکانی نوزانەوەو لاوانەوە لە دەرگانەی خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ، یەکێکە لە دەرگاکانی نزاو پاڕانەوە لە خوای پاك و بەرز، وەسیلە بریتیە لەو شتەی کە خوای گەورە کردوویەتی بە هۆکارێك بۆ نزیك بوونەوە لێی و جێبەجێ کردنی پێداویستی و داواکارییەکان. سەیری (موسوعة اليوسفية في بيان أدلة الصوفية: أ.د.يوسف خطار محمد، جزء الأول، ص:(٨١) بکە. (وەرگێڕ).

[2] _ چەمك و واتای وشەی تەئویل:((وشەی تەئویل لە ئەصلی زمانی عەرەبی دا لە :(آل، يؤل، مآلاً، و تأولا) هاتوە، واتە:(رجع، يرجع، مَرْجعا) وشەی (مَرْجع) واتە: ئەو شوێنەی کە ئینسان بۆی دەگەڕێتەوە (مآل)یش هەر بەو مانایە دێت. وشەی تەئویل لەزمانی عەرەبی دا سێ واتا دەگەیەنێت: یەکەم: بە ئاکام و سەرەنجام (العقبة و المآل) پەروەردگار بەم واتایەی بەکارهێناوە﴿ هل ينظرون الا تأويله... ﴾ الأعراف: ٥٢. واتە: ئایا کافرەکان چاوەڕێی چی دەکەن هەر چاوەڕێی ئەوە ناکەن کە ئاکام و سەرەنجامی ئەوەی قورئان دەفەرمووێ بێ!. دووەم: بەمانای لێکدانەوەو تەفسیر کردن دێت وەك خوای تاك و پاك فەرموویەتی:﴿... وما يعلم تأويله الا الله ...﴾ آل عمران : ٧. واتە: تەفسیرو لێکدانەوەی ئەو جۆرە ئایەتانە تەنیا خوا دەیزانێ. سێیەم: واتای تەئویل بریتیەلە: لادانی وشەیەك لەمانای ڕواڵەتی یان حەقیقی خۆی بۆ مانایەکی پەنهان یاخود مەجازی لەبەر بەڵگەیەك کە ڕێگەمان نادات ئەو وشەیە بە مانای حەقیقی یەکەی یاخود بەمانای ڕواڵەتیەکەی بەکاربێنین، وەك خوای کاربەجێ دەفەرمووێ:﴿... وما يعلم تأويله الا اللهُ و الرّاسخون في العلمِ...﴾ آل عمران : ٧. دەگونجێ وشەی تەئویل لێرەدا بەو مانایەی سێیەمیشیان بێت)). سەیری: (ئیمان عەقیدەی ئیسلامی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت دا: م. عەلی باپیر، بەرگی سێیەم: خوا بەیەکگرتن لەناوو سیفەت و لەپەرستراوێتی دا، لا ١٥٥_١٦١) بکە. (وەرگێڕ).

[3] _ بۆ ئەوەی کاری بەکوردی کردنی ئەم کتێبە زۆر وشك و ڕەق دەرنەچێت، و خوێنەر بتوانێت هەرسی بکات، ئەوا وام پێ باش بوو کە هەندێ وشە و زاراوە هەروەك خۆیان بەکاربێنمەوە بە عەرەبیەکەی بەڵام

بـەڵێ دەکرێـت بووترێـت فڵانـە کەسـە سەرکەشـە، فیسارە بیدعەتچییە، ئـەوەش لارێیە... ئەمە تۆمەتە سـەرباری ئـەو سـتەمەی کـە لـە گشـتاندنی ئـەو حوکمـە دایـە، بەڵام مەترسیەکەی کەمە، بەڵام ئـەو سـنورە بشـکێنین و بڵـێین: فڵانـە بـێ بـاوەڕە بـە کـوفرێکی گـەورە کـە پێـی دەچـێتە دەرەوەی بازنــەی موسـڵمانێتی! ئەمـە شـتێکی گەورەیە لەو شتانەی کە شێخ و شوێنکەوتووەکانی زۆر ئاسانکارییان تێدا کردووە، کـە لەسەریشـی چـەندین حـوکم بنیـاد دەنـرێ؛ دروسـت نیـە بوختـان بکـەی تۆمـەت هەڵبەستی بۆ کەسێك بەوەی کوفری کردووە، تەنها بەو بەڵگەیـە نـەبێت کـە لەلایـەن خواوەیە و ڕوون و ئاشکرایە؛ بەتایبەتی شێخ دەیەوێت حوکم بەڕەهایی و بێ قەیـدو مـەرج بـدات (کـوفری گـەورەی دەرخـەر لـە بازنــەی موسـڵمانێتی)!! _ هـەروەك دەیخەینەڕوو _.

ئەمە لە خاڵە هـەرە گـەورەو تایبەتەکانـە، کـە بـێ گومـان خـاڵێکی زۆر گەورەیـە، بەڵام دروست نیە لەسەر ئەو ڕەخنەیەم یان هی یەکێکی تر کـە لـە تـەکفیر گرتوومـە ئەوا پاساو بهێنرێتەوە، بۆ ئەوانەی ئەو جۆرە بـیرو باوەڕەیـان هەیـە، ئـەو شـتە پـڕو پووچ و خورافاتانە ئەنجام دەدەن، لەلای گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاکان و هاوەڵان و جگەلەوانیش.

دەگەڕێنەوەو دەڵێین: شێخ لەلایەن دژەڕاکانیەوە ڕووبەڕووی ئەوە دەبـووەوە، کـە ئەوەی ئەو جەنگیان لەگەڵ دەکات و تەکفیریان دەکات، ئەوا ئەوانە موسڵمانن، نوێـژو ڕۆژوو حـەج بـەرپا دەکـەن، بەرپـەرچ دانـەوەی شـێخ بـۆ ئـەو گومانـە_ کـە بەڕاسـتی گومانێکی بەهێزو پێزە _ لە یاد و بیرو هزری شێخ موحەممەد دا بـوو لـەکاتی دانـان و نوسینی کتێـب و نامـەکانی؛ جـا زۆر زیـاد لـە پێویسـت جـەختی لەسـەر کردۆتـەوە،

---

لەپەراوێزدا پێناسە و ڕوونکردنەوە لەبارەیانەوە دەنوسم (انشاء الله) و ئەوەی تیایدا ڕاست بیپێکم ئەوا لە فەزڵی خوای گەورەی دەزانم و ئەوەی کە تیایدا بەهەڵە دەچم ئەوا لە منی (حقیر)ەوەی دەزانم.

ئەمەش کاردانەوەیە، هەروەك لە ووتەی پێشویدا دیارو ڕوونە، زۆر جار چاکەکانی بێ باوەڕانی قوڕەیش و موسەیلمە و دەغەڵ و [1]دووڕووەکانی سەردەمی پێغەمبەرێتی و ئەو زیاد ڕۆچووانەی کە ووتراوە ئیمامی عەلی سووتاندوونی خستووەتەڕوو، [3]زۆر

---

[1] _ موسەیلەمەی کوڕی حەبیبی حەنەفیە، خۆ بەپێغەمبەر زانی درۆزن، بانگەشەی پێغەمبەرێتی کرد بۆ خۆی، لە ناوچەی نەجد دا خۆی جیا کردەوە لەلاشەو جەستەی دەوڵەتی ئیسلامی، خەلیفەی یەکەم ئەبوبەکر _ خوا لێی ڕازی بێت _ جەنگی لەگەڵ کردن و لە ئەنجام دا موسڵمانان توانیان موسەیلەمە بکوژن، ناوچەی نەجدیش بگێڕنەوە بۆ ناو شورەو سنوری دەوڵەتی ئیسلامی، لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان دەستەو تاقمێك کە جیابوونەوەیان بە پێویست دەزانن لە دەوڵەتی ناوەندی= =و بەو فیکرەشیانەوە پابەند دەبن، ئەم جۆرە پێویستە جەنگیان لەگەڵدا بکرێت بە یەکدەنگی (بالاجماع) جا چ بێ باوەڕێکی هەڵگەڕاوە بێت یاخود موسڵمانێکی سەرەڕۆی دەرچووی ستەمکار بێت، بەڵام هەڵگەڕانەوەی تاکە کەسی ئەوا حوکمەکەی دوورو درێژەو ڕاجیایی تێدایە، کە ئایا بەند دەکرێت یان دەکوژرێت یاخود سێ ڕۆژ داوای تەوبەی لێ دەکرێت، یا فەرامۆش دەکرێت وەك ئەوەی کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەوانەی دوای ئیمانداریان بێ باوەڕو کافربوون لە جەنگی (تەبوك) دا، خوای گەورە ئەو ئایەتەی لەبارەوە دابەزاند:﴿ لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ .... ﴾ التوبة: ٦٦. واتە: (ئیتر بێ سوودە) پاکانە مەکەن، چونکە بەڕاستی ئێوە بێ باوەڕبوون دوای ئەوەی لە ڕواڵەتدا باوەڕتان هێنابوو... . لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نەی کوشتن و هەر ئەوەشە کەمن بەلایدا دەچم، هەڵگەڕانەوەی تاکە کەسی نابێتە هۆی پەرتەوازەیی ئوممەت و جیا کردنەوەو خۆ حەشاردان لە شوێنێك، سزاشیان بریتیە لە سەرزەنشت و فەرامۆش کردن، هەروەك قورئانی بەڕێزو پیرۆز سەرزەنشتی هەڵگەڕاوەکانی تەبوکی کرد، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرامۆشی کردن، کەچی بەدەقی قورئان ئەوان گاڵتەیان بەخواو کتێب و پەیامبەرەکەی کردووە، بەڕاستی ئەمەش ئەوپەڕی هەڵگەڕانەوەیە، بەڵام هەڵگەڕانەوەیەکی تاکە کەسی، کە سزاکەی فەرامۆش کردنە نەوەك کوشتن.

[2] _ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دووڕوو و دەغەڵەکان سەردەمی خۆی نەکوشت، بەڵکو چ مافێکی بەهاوەڵانی دابوو ئەوا هەمان مافیان هەبووە، لە پاشماوەی جەنگ و خێزان پێك هێنان و میرات وەرگرتن و شاردنەوەی مردووەکانیان لە گۆڕستانی موسڵمانان .... تاد.

[3] _ سوتاندنی ئەو زیاد ڕۆچووانە لەلایەن ئیمامی عەلیەوە ڕاست نیە، سەرەڕایی بوونی ناوبانگی ئەو بەسەرها تە لەسەر زمانی ئەو کەسانەی گرنگیان بەعەقیدە دەدا ئەمەش بە پشت بەستن بە گێڕانەوەو ڕیوایەتی لاوازو بێ هێزەوە، کە بەناوبانگترینیان گێڕانەوەی عیکرەمەیە لە ئیبن عەبباسەوە:(من بدل دينه فاقتلوه) واتە: هەر کەسێ دینەکەی گۆڕی هەڵگەڕاوە لە ئیسلام بیکوژن. ئەم ڕیوایەتە لاوازە سەرباری ئەوەی کە ئیمامی بوخاری گێڕاویەتیەوە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری فەرموودەناسان لەسەر ئەوەن کە

جار شێخ موحەمەد ئەوانی پێی باشترو گەورەتر بووە لە تێکڕایی موسڵمانانی سەردەمی خۆی بە کەسانی زاناو خەڵکی سادەو نەزانەوە! تا ئەمە بەبەڵگەو پاساو بێنێتەوە لەسەر ئەو کەسانەی کە کوشتویەتی کە نزمترن لەبێ باوەڕان و دووڕووە دەغەڵەکانی قوڕەیش و هاوەڵانی موسەیلەمە! نوسینی ئەو هەڵسەنگاندنەی بۆ ئەو دوو کۆمەڵە، بێ گومان هەڵەیە، چونکە چەندین خاڵی جیاوازیان هەیە و هەر یەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن، کە ناکرێت پشت گوێ بخرێن، جا دەبینی شێخ لە دەستپێکی قسەکانی دا دڵەڕاوکێی پێوە دیارە لە ئاست گومانە بەهێزەکانی دژەڕاکانی کە وەك چەکێك بەرامبەر بە شێخ موحەمەد بەکاری دێنن.

---

عیکرەمە لاوازو بێ هێزە، ئەمە خاڵی یەکەم، دووەمیش ئەو بەسەرهاتەی کە هاتووە لە فەرموودەکەدا ئەوا هەر هەواڵ دەرێك بووە کە هەواڵەکەی پێداوە، چونکە ئەوان لەبەصرە بوون و ئیمامی عەلی لە کوفە بوو، کە بەڕاستی لاوازترە لە فەرموودەکە، بەتایبەتی ئەگەر پێچەوانەکەی ئامادەبوو لەبەرامبەر ڕیوایەتەکە (باس و خواسی سوتاندنەکە بەتایبەتی لە دەروازەیەکی تایبەت باسم کردووە، کە بێ بنەمایی پوچیەکەی ئەم بەسەرهاتەم بۆ دەرکەوتووە)، تەیارو دەستەی سەلەفی زۆر باسی ئەو سوتاندنەی ئیمامی عەلی دەکەن بەوەی کە زیاد ڕۆچووەکانی شیعەی سووتاندووە _ سەرباری لاوازی ڕیوایەتی بەسەرهاتەکە _ ئەم دێرە هۆنراوانە دووبارە دەکەنەوە کە پاڵدراونەتە لای ئیمامی عەلی (أشعلت ناري و دعوت قنبرا)! واتە: ئاگری خۆمم هەڵکردوو کوورەکەم بانگ کردا. ئەمەش مەبەستیان سەرزەنشت کردنی شیعەیە بە خودی ووتەی ئیمی عەلی! تا بۆ دەسەڵاتدارە موسڵمانەکان دووپات بکەنەوە کە سزای شیعە لەلایەن ئیمامی عەلی و ئالوبەیت تەنها بریتیە لە= =سووتاندن! ئەمە هەڵمەت و دەمارگیری مەذهەبەکانە، جا ئیمامی عەلی دوورترین کەسە لەوەی کە سزای خەڵکی بدات بەئاگر بەتایبەتی کە ئەو گێڕەرەوە (راوي)ی ئەم فەرموودەیە یە:(لا يعذب بالنار الا رب النار) واتە: کەس سزای کەس نادات بەئاگر تەنها پەروەدگاری ئاگر خۆی نەبێت.

بەڵێ ڕیوایەت هاتووە، بەڵام بەڕاستی جێگای تێڕامان و چاوپێداخشاندنەوەن، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو کەسانەی کوشتووە کە هەڵگەڕابوونەوە بەخششەکانیان دەبرد، گومانی موسڵمانێتیان بەخۆ دەبرد، پاشان خستوویەتیە ناو چەند چاڵێك کە هەڵمی لێهەڵساوە، بینەریش وا هەستی کردووە کە سووتاندوونی.

چاکتر دەبوو ئەگەر هاتبووایە دەربڕینەکە و داڕشتەی ووتەکانی شێخ بەم شێوازە بووایە:(... یەکەمیان نوح بوو _ سەلامی لێبێت _ کە خوای گەورە ڕەوانەی کرد بۆ گەلەکەی، کە بتیان دەپەرست، بت پەرستنیشیان سەرەتا بە زیاد ڕۆچوون لە پیاوچاکاندا دەستی پێکرد، ئەم زیاد ڕۆچوونەش گەیشت _ لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتێکی دوورو درێژ _ بە پەرستنی تەواوی بتەکان جگەلە خوای گەورە، منیش داواکارم لێتان کە خۆتان بپارێزن لە زیاد ڕۆچوون لە پیاوچاکاندا، تا نەگەن بەوەی ئەو زیاد ڕۆچووانە پێی گەیشتن، ترسم هەیە واتان لێ بکات خۆتان و نەوەکانتان تووشی پەرستنی پیاوچاکان ببن وەکو (بەدەوی) و (عەبدولقادری گەیلانی) و (شاذلی) و جگەلەوانیش.....).

دەڵێم: ئەگەر داڕشتەو شێوازی دەربڕینی قسەکانی شێخ ئاوابوایە یاخود لەو شێوازە نزیك بووایە، ئەوا دوورتر دەبوو لە زیاد ڕۆچوونی پێچەوانە یاخود بەڵگە بەکارهێنان جگەلە شوێنی خۆی بەزۆری، ئاگاداری ئەمەبە.

**تێبینی دووەم:**

ئەو ووتەیەی شێخ کە بەهەمان شێوە لە دەسپێك دا لە (لا: ٥_ ٦) ووتویەتی:(و کۆتا پەیامبەریش بریتیە لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، ئەو زاتەی کە وێنەی ئەو پیاوچاکانەی شکاند، خوای گەورە ڕەوانەی کرد بۆ لای گەلێك کە پەرستش و حەج و صەدەقە و بەخشش و زیکرو یادی خوایان ئەنجام دەدا...)!.

دەڵێم: ئا بەو شێوەیە شێخ وێنەی جوان دەکێشێت، بەڵام ڕاست و دروست نین بەڵکو کرچ و کاڵی تێدایە سەبارەت بەبێ باوەڕانی قوڕەیش تا لەسەر ئەمە تەکفیری موسڵمانان بینا بکات (پەرستش و حەج و صەقەو یادو زیکری خوایان ئەنجام

دەدا...!!)، ئەمە قیاسە سەرباری بوونی جیاوازییەکی زۆر هەروەك پێشتر باسم کرد و لەداهاتووشدا زیاتر دەخرێتەڕوو.

دواتر شێخ باسی سیفەتێکی کرد، کە وای بۆ دەچێت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە پێناو ئەو سیفەتەدا تێکۆشاوەو جیهادی کردووە لەگەڵ بێ باوەڕان، شێخیش جەنگی لەگەڵ موسڵمانانی کرد، لەو باوەڕەوە ووتی:(بەڵام ئەوان _ واتە: بێ باوەڕانی قوڕەیش _ هەندێ لە بەدیهێنراوان دەکەن بەهۆکارو شەفاعەتکار لەنێوان خۆیان خوای گەورە!) واتە کوشتنی بێ باوەڕان لەبەر ئەم هۆکارە دروست بوو، بۆیە دروستیشە کوشتنی ئەو موسڵمانانە بۆ ئێمە لەبەر هەمان هۆکار[1]!.

[1]_ ئەم شتە ووردانە کە خوێنەر ئاگاداری نابێت لە کاتی خوێندنەوەی ئەو ڕستەو دەربڕینانە، لە کاتێکدا ئەو جۆرە دەربڕین و مانا دارشتنە نادیارن و خوێنەر نایان ناسێت کە ڕێخۆشکەرن بۆ ئەوەی خوێنەر تەکفیری خەڵکی موسڵمان لەناخی خۆیدا قبوڵ بکات، وێنەی ئەو تیۆرانە بەگشتی قەناعەتی بۆ شێخ دروست کرد سەبارەت بەوانەی کە زانیاریان نیە لەمەڕ ترسناکی و ڕانامێنن و قوڵنابنەوە لە زانستەکاندا، لەبەر ئەوە دوورگەی عەرەبیان ڕامالی بە کوشتارو تەکفیر، ڕاستە دەکرێ هەندێك بڵێن: ئەگەر شێخ ئەوانی تەکفیر نەکردبوایە و جەنگی لەگەڵ نەکردبانە ئەوا ئیسلامی ڕاست و دروست بڵاو نەدەبووەوە! هەر لە ناو بیدعەت و خوڕافیات و شتی پڕو پووچ دەماینەوە تا سەردەمی ئێستامان!.... ئەمە گریمانێکی پەنهان و غەیبییە، دەکرێت ئەم ووتەیە ڕووبەڕووی ووتەیەکی تر ببێتەوە، جا بڵێت: بەڕاستی ئیسلام لە زۆربەی وڵاتەکانی موسڵمانان دا بڵاو بووەتەوە بەبێ بەکارهێنانی شمشێر؛ وەك زۆربەی ئەفریقیاو ئاسیاو بڵاو بوونەوەی لە ڕۆژئاوادا و لە چین دا بەبێ شمشێر بڵاوەی کردووە، ئەگەر هاتبووایە شێخ نەرم و نیان بووایە لەگەڵ زانایان و پیاو ماقوڵان ئەوا دەکرا ڕێنموویان وەرگرتبایە ملی ڕێگایان گرتبایە بەرەو ئیمانی ڕاست و دروست بەبێ زەرەو زیان، ئەگەر چی وەڵام دانەوەشیان کەمێك دوا بکەوتایە، داماننا ئەوەی شێخ بانگەشەی بۆ دەکات بێ کەم و کورتیە، ئەوەش کە لەلایەن زانایانی سەردەمی شێخ بووە هەمووی بریتیبووە لە شتی پڕوپوچ و باتڵ کە هیچ ڕاجیایی و گومانی تێدا نەبێت، پێم وایە ئەگەر ئەم بۆچوونە تەواو بووایە دەکرا بانگخوازو بانگەوازەکە سەلامەت بوونایە لەو دوو بوختانە گەورانەی بەوان کراوە کە ئەویش هیچ شتێك نیە نەبەکردارو نەبە گوفتار ڕاستی ئەمە بسەلمێنێت، ئەوانیش بریتین لە(تەکفیرو کوشتن) و تا ئەمرۆش بوونەتە کۆسپ و لەمپەرێکی گەورە لەبەردەم سەرکەوتنی بانگەوازی وەهابیەت، بەر لەهەموو شتێك زەرەرو زیانێکی وای بەسەر موسڵماناندا هێناوە، کە ئەگەر ئاوی دەریای بەسەردا بکرێت ئەوا ئەو زیانەی پێ= =لاناچێت، بەڵکو لەوانەیە هەندێك لەموسڵمانانی ئێستاو پێش ئێستاش

**پاك و بێ گەردی بۆ خوا، بێ باوەڕانی قوڕەیش کە نـاڵێن و ڕازیـش نـین بڵێن:(لا اله لا الله: هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق جگەلە خوا) باوەریش ناهێنن بەڕۆژی دوایی و بە بەهەشت و دۆزەخ و بە پێغەمبەر بەڵکو بت پەرستن و کۆشتارو ستەم دەکـەن و مەیی دەخۆنەوە و زینا دەکەن و سوو(ربا) دەخـۆن و حـەرام کراوەکـان ئـەنجام دەدەن ئایا نمونەی ئەو کەسانە وەك ئەو موسڵمانانەن کە نوێژو ڕۆژوو حەج دەکەن و زەکات و صەدەقە دەبەخشن و ڕەوشت بەرزی لە خۆیاندا دێننـە جـێ....** ﴿ أَفَنَجْعَلُ الْمُسْلِمِينَ كَالْمُجْرِمِينَ . مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴾؟! القلم: ٣٥، ٣٧. **واتــە:(ئایا ڕەوایــە پاداشــتی**

---

ڕووبـەڕووی گومـانی بیدعـەت ببنـەوە سـەرباری ئـەو ئیمانـە خاوێنـەی هـەیانبووەو شـەیتانیش ئـەو بەرگرییەیان بۆ دەڕازێنێتەوە کە لە باتڵ دەکەن، هەموو ئەمانـەش لـە دژایـەتی کردنـی وەهابیەتـەوە سـەر هەڵدەدەن، لەبەر ئەوەی ئەوان بەڕای شێخ موحەمـەد موسـڵمانان تـەکفیر دەکـەن و دەکوژن بـەبێ ئـەوەی دەست درێژیان کردبێت یان چەتی ڕێگا بووبن یاخود هەڵگەڕابنەوە بەڕاشکاوی، بـەم شـێوەیە هـەر کەسـێ گریمانێك بۆ خۆی دادەنـێ، بـەڵام پێویستە بزانـرێ کـە گریمانـەکان هـیچ بـەهاو شـوێنێکیان نیـە لـە کـاتی هەڵسەنگاندن و گفتوگۆ کردن لەسەر شتێك بەپێی پێوەرو تەرازووی شەرع، بەو واتایـەی کـە حـەدو سـزای دزی بریتیە لە دەست بڕین هەرچەندە کەسێك بـەپێی گریمـانی خـۆی وا بـۆی بچێت کـە ئەگـەر (دزیکـەر بکوژرێ) ئەوا لەوانەیە کاریگەری زیاتر بێت لە قەدەغەکردن و نەهێشتنی دیـاردەی دزی! ئایـا دەکـرێ ئـەم قسەیە بەشەرع قبوڵ بکرێت کە هەرچەندە لەواقیعیشدا ڕاست بکات؟! بەدڵنیاییـەوە نـا، لـە زەرەرو زیـانی ئـەو گریمانـەی پێشوو بریتیـە لـەوەی کـە کاتێـك فڵان دەسـتەو تاقمـە دەزانـن کـە ئـەو کۆمەڵەیـە دزیکـەر دەکوژن ئەوا لێی دەترسن هاوشان لەگەڵ موسڵمان و بێ بـاوەڕان دەکەونـە دژایـەتی کردنیـان، ئەمـە نهێنـی زۆری دوژمنانی وەهابیەتە و لەوانەیە لە خەڵکانێك بن کە ئەوەندە پارێزگارو لەخواترسـیش نـەبن، بـەڵام تەکفیرو کوشتنی موسڵمانان وای کردووە کە دیاردەیەکی شەرعی هەبێت لەو دوژمنایەتیەدا بەلایـەنی کـەم بەپێی تێڕوانینی هەندێك لە زانایان، کەواتە زانینی حوکمی شتێك گریمان و پێشبینیەکان کـە بـۆ داهـاتوو دەکرێن ناچنە ناوی، بەهەمان جۆر ئەگەر کەسێك موسڵمان بوو دروست نیە تەکفیر بکرێ یان بکوژرێت تا کەسـانی تـر جگەلـەو ئیمـان بێنێـت بەترسـاندن و تۆقانـدن و زۆرەملـی! ﴿ ...أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ ﴾ یونس: ٩٩. واتە: جا ئایا تۆ (ئەی پێغەمبـەر _ صـلى الله عليـه وسـلم _، ئـەی ئیمانـدار) ئەتـەوێ زۆر لەخەڵکی بکەی بۆ ئەوەی بڕوادار بن؟!.

موسـڵمانان وەك تاوانبـارو تاوانكـاران بێـت؟!. ئـەوە چـیتانە چـۆن حـوكم و بڕیـاری ناڕەوای وا دەردەكەن!!).

نا، هەرگیزاو هەرگیز وەك یـەك نـین، وەك بـێ بـاوەڕان نـین ئەگەرچـی زاناكانـان هەڵسـان بـە تـەئویل و كەسـانی نـەزان و سـادەكاش نـەیان زانـی و پـەییان پێنـەبرد، چـونكە تـەئویل و نـەزانین دوو دەروازەی فـراوانن، دوو پـەرچ (مـانع)ی گـەورەن لـە پەرچەكانی تەكفیر، بەڵام بەهەر حاڵ دروست نیە بەیەكچاو سەیری كەسێ بكرێ كـە بڕوای هەیـە بەبنچینەكانی ئیسلام و كـاریش لـەو پێنـاەوە دەكـات و ئـەوەی كـە دژی دەوەستێت و نكوڵی لێدەكات.

كەسێ باوەر بە پێغەمبەر (صلی الله علیـه وسـلم) بـێنێ بـەوەی كـە پەیامبـەرەو نێردراوە وەك ئەو كەسە نیە كە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسـلم) بـەدرۆ دەخاتـەوەو بە جادوگەرو كاهینی دەزانێ.

ئـەوەی تەوەسـول بـە پێغەمبـەر (صـلی الله علیـه وسـلم) و پیاوچـاكان دەكـات _ ئەگەر هەڵەشی كردبێ _ وەك ئەوە نیە كە بەرد دەگرێتە پێغەمبـەر (صـلی الله علیـە وسلم) و پیاوچاكان دەكوژێت.

كەسـێ بـاوەڕی بـە ڕۆژی دوایـی و بەهەشـت و دۆزەخ هـەبێ وەك كەسـێ نیـە كـە دەڵێـت ﴿ وَقَالُوا مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا... ﴾ واتـە:(ژیان تـەنها ئـەم ژیـانی دنیایەیە، دەمرین و دەژین ....).

ئەوەی کە دەڵێت:(لا الە الا الله: هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق جگەلە لەخوای گەورە) وەك ئەوە نیە کە ووتویەتی:(پێتان سەیر نیە! هەموو خواکانی کردووە بەیەك خوا ... ).[1]

نا، ئەوەی باوەڕی هێناوە وەك ئەوە نیە کە بێ باوەڕە.

ئەوەی بانگەوازی پەیامبەران ( علیهم الصلاة والسلام) بەراست دادەنێ وەك ئەوە نیە کە بە درۆیان دەخاتەوە.

ئەوەی باوەڕی بە زیندوو بوونەوە هەیە وەك ئەوە نیە کە باوەڕی پێ نیە...

ئەوەی داوای شەفاعەتی پێغەمبەران و پیاوچاکان دەکات وەك ئەوە نیە کە داوای شەفاعەت دەکات لە بێ گیانەکان.

ئەوەی داوای شەفاعەتی پێغەمبەران دەکات و دەشزانێ کە بەندەی خوای گەورەن وەك ئەوە نیە کە داوای شەفاعەتی بتەکان دەکات و بە هاوبەشیان دادەنێت بۆ خوای گەورە لە پەرستن دا...

نا، ئەی شێخمان _ ڕەحمەتی خوات لێبێت _ لێرەدا جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو دوو کۆمەڵە و دەستەیە.

وە بەو برایانە دەڵێم کە ڕاجیان لەو مەسەلەیەدا لەگەڵ مندا:

زۆربەی زانایانی موسڵمانان لە سەردەمی شێخ موحەمەد و لە ڕۆژگاری خۆشماندا[2] کە ڕایان وایە کە تەبەڕوك و تەوەسول بە پیاوچاکان و بۆ خواصولحاوان دروستە،

---

[1] _ دەقی ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە نەقڵی فەرمووە لەسەر زمانی ئەوان:﴿ أجعل الآلهة الهاً واحداً ان هذا لشيءٌ عجاب ﴾. (وەرگێڕ).

[2] _ بەڵکو گەورە کەڵە زانایانی سوننی وەك ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ذەهەبی و ئیبن حەجەر و جگەلەوانیش ڕایان وایە کە تەبەڕوك دروستە، بۆ نمونە سەیری بەڵگەکانی ئیبن حەجەر بکە لەسەر دروست بوونی تەبەڕوك، سەیری:(فتح الباری ٣/١٤٤، ٢٥٤، ٣٦٧) بکە چاپی شێخ ئیبن باز، بەڵام ذەهەبی ڕاو بۆچوونی لەو بارەوە زۆرن بۆ نمونە سەیری:(ترجمة معروف الكرخي في النبلاء)، بەڵام

ئایا دەکرێت ئەمرۆ ئێمە بە بێ باوەڕیان دابنێین؟! یان تەنها ئەو کارەیان بە هەڵە بزانین؟! خۆزگە ئەو بەهەڵە دانانە بەبەڵگە و نیشانە بۆمان بسەلمێنرایە.

ئەگەر بڵێین: ئێمە بەبێ باوەڕیان دادەنێین ئەوا زایانانی سەردەم بەرپەرچتان دەدەنەوە لە ناوەو دەرەوەی وڵات و تۆمەتباریشتان دەکەن بەوەی کە زیاد ڕۆچوون لە دیندا و لە تەکفیری موسڵماناندا!.

وە ئەگەر بڵێین: نا، ئێمە بە بێ باوەڕیان نازانین ئەوا بەرپەرچی شێخ موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهابتان داوەتەوە کە تەکفیریان دەکات، لەبەر ئەوەی شێخ موحەممەد کەسانی نەزان و سادەو کەسی زانای تەکفیر دەکرد وەك کەسانی زاناو نەزان و سادەی سەردەمی ئێستامان، شوێنکەوتووەکانی شێخ دەرناچن لەژێر ئەو ئەرکانە، ئەگەر چی هەڵسن بە جیاوازی کردن لە نێوان موسڵمانان (لە زانایان و خەڵکی سادە) کە لە سەردەمی شێخ موحەممەد ژیاون و بە جیاکاری لە نێوان موسڵمانانی ئەمرۆ (لە کەسی زاناو کەسی سادە)، جیاوازی کردن لە نێوان (بێ باوەڕانی قورەیش) وە لە نێوان (زاناکان و کەسانی سادە) ئەوا زیاتر ڕوونتر دەردەکەوێت!.

بەڵێ، هەموو ئەو شتانەی کە شێخ موحەممەد _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ ڕێگری لێ دەکرد لە زانایانی سەردەمی خۆی لە تەوەسول و تەبەڕوك کردن بە پیاوچاکان و

---

سەبارەت بە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ئەوا حەنبەلیەکان دان بەوەدا دەنێن کە ئەو تەبەڕوك و دەست هێنان بە مینبەرو گۆڕی پیرۆز پێغەمبەر بەدروستی دەزانێ، بۆ ئەمە بگەڕێوە بۆ:(العلل والطبقات)، و من بەڕای خۆم ڕام وانیە کە تەبەڕوك بەهیچ یەكێك لەوانە بکرێت بەڵام پاساویش بۆ ئەو کەسە دێنمەوە کە دەیکات، ڕێزیش لە کۆشش (اجتهاد)ەکەی دەگرم، ئەگەر چی شوێنیشی نەکەوم، من لەڕووی کردایەوە تەواو یەکدەنگم لەگەڵ شێخ موحەممەد، بەڵام لەسەر دەرکردنی حوکمەکان بەڕەهایی لەسەر ئەوانەی کە ڕاجیان لەگەڵی ئەوا لێرەدا ڕام جیاوازە لەگەڵ شێخ..... جا بەبێ ئەو پاساوانە پاش تێگەیشتن ئەوا موسڵمانان هەر بە ڕق و کینە و پەرتەوازەیی دەمێننەوە.

شەفاعەت کردن بە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و سەردان کردنی گۆڕەکەی یان دەست هەڵگرتن لە ڕێگری ئاشکرای کەسانی سادەو دەسەڵاتدار... تاد، کەچی تاکو ئەمرۆ ئەو شتانە لە ناو زانایانی میسرو شام و حیجاز و یەمەن و عێراق و مەغریب هەر ماوە... سەرباری خەڵکی سادە.

ئێوە ئەگەر تەکفیری ئەوانەتان کرد ئەوا پێویستە لەسەرتان بەرپەرچی ئەو زانا سەلەفیانە بدەنەوە کە لە ناو وڵاتی سعودییە دان و تەکفیریان ناکەن، ئەگەر بەپەرچی ئێوە گەیشتە زاناکان ئەوانیش تەکفیری ئەوانەیان نەکرد_ کە تەوەسول و تەبرك.... تاد. دەکەن_ ئەوا پێویستە ئەو زانایانەش تەکفیر بکەن، چونکە یەکێك لە بنەماکانی بانگەوازی سەلەفیەت کە لە چەندین کتێبی زانایانی بانگەوازدا هاتووە ئەوەیە کە (هەر کەسێ بێ باوەرو کافرێ تەکفیر نەکات یان گومانی هەبێ لە بێ باوەڕییەکەی ئەوا خۆشی بێ باوەڕو کافرە) [1] [2].

**تێبینی سێیەم:**

شێخ موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب لە (لا:٧) دەڵێت:(ئەگەر نا ئەو هاوبەشدانەرانە _ واتە بێ باوەڕانی قوڕەیش _ گەواهی و شایەتی دەدەن لەسەر ئەوەی کە هەر تەنها خوای گەورە بەدیهێنەرە و هاوبەشی نیە، تەنها ئەو ڕزق و ڕۆزی دەبەخشێت، هەر ئەو ژیان دەبەخشێت و کاڵای مردنیش بەبەر بوونەوەردا دەچنێت، هەر ئەو مشورگێڕو هەڵسوڕێنەری کارەکانە، سەرجەم ئاسمانەکان و ئەوەی

---

[1] _ (وەرگێڕ).

[2] _ هەر ئەمە بوو ڕوویدا لە مەسەلەی (حوکم کردن بە جگەلە پەیامی خوای گەورە)، ئەمەش بنەمایەکە لەبارانیدا هەیە کە ئەو زانایانە تەکفیر بکات کە داندەنێن بە گفتوگۆی نیشتمانی، ڕێڕەوەکە بەدەوام دەبێت، هەموو ئەو شتانە بەهۆی ئەوەی کە ئەو سەرچاوەیە پێشی لێ نەگیراوەو بەرهەڵداییە، پڕۆگرامەکەش پێشوتر پێداچوونەوەی بۆ نەکراوە.

تێیاندایە و زەویش بە حەوت چینەکەی و ئەوەی لە ناویشیاندایە، ئـەوا سـەرجەمیان بەندەی ئـەون و ملکەچـی ویست و ئـیرادەو دەسـەڵاتی ئـەون...) پاشان ئـەو ئایەتـەی خستەڕووی کە لەو بارەوە هاتووە.

دەڵێم: لێرەشدا وێنەیەکی قەشەنگی کێشاوە بۆ هاوبەشدانەرو موشـریکان؛ باسـی ئەوەی نەکردووە کە زیندوو بوونەوە بەدرۆ دەزانن و باوەڕیشیان بەوەی کە ووتویانە تـەنها ڕۆژگـارە لـەناومان دەبـات و بارانیـان بـۆ دەبـارێ بـەهۆی ئەسـتێرەو هەسـارەی (بنـوء) ئـاوا و ئـاوا و باسـی ئـەوەی نـەکردوە کـە سـوو (ربا)یـان دەخـوارد، خـەڵکیان دەکوشـت و منـداڵی کیچـیان زینـدە بەچـاڵ دەکـرد و جگەلەوانـەش لـەو سـتەم و تاوانانەی تر کە ئـەنجامیان دەدا، و ئـەو کارەشیان کـە هەڵدەسـتان بـە وەسـف کردنـی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بەناشرینترین شـێوە و لەهـەمان کاتـدا بـە درۆزنیـان دادەنا و ئەو ئەشکەنجە و ئازاردانەی موسڵمانان و کوشتنی بێ توانا و چەوساوەکان.

شێخ موحەمەد ئـەو ئایەتانـەی هێنـاوە کـە بەشـێوەیەکی گشـتی ئاماژەیـە لەسـەر ئیمانی بێ باوەڕامی قوڕەیش بەوەی کە خوای گەورە خۆی بەدیهێنەری ڕۆزیدەرە..

لەگـەڵ ئـەو هـەموو دانپێدانانـەی کـە هاوبەشـدانەران دانیـان پێـدا هێنـاوە؛ ئـەوا هەندێ زانایان وەڵامیان داوەتەوە؛ و باسیان کردووە کـە هاوبەشـدانەران بۆیـە دانیـان ناوەو ئیعترافیان پێکردووە لەمیانـەی (دەمکوت بـوون و قسـە پـێ بڕینـە) نـەوەك لـە میانەی ئەوەبێت کە قەناعەتیان پـێ هـەبووبێت، چونکە ئەگـەر ڕاسـتگۆ بوونایـە لـە دانپێدانان (اعتراف)ەکەیان ئەوا شایەتمانیان دەهێنا، ئەو شتانەشیان جێبەجێ دەکـرد کـە ئـەو دانپێدانانـە لەسـەریان پێویسـتی دەکـات کـە بـریتین لـە پەرسـتش (عبـادة)ە دیارەکان؛ سا لەبـەر ئەمـە خـوای گـەورە فـەرمان بـە پێغەمبەرەکـەی (صلی الله علیـه

---

[١] ــ ئیمامی نەوەوی بەتێرو تەسەلی لەبارەی ووشەی (نوء) لە کتێبەکەی (المنهاج شرح صحیح مسلم بن حجاج، جزو ٢، ص ٢٤٧، ٢٤٩)دا دوواوە.

وسلم) دەكات كە پێویستەكانی دانپێدانان (اعتراف)ەكەیان بەبیر بێنێتەوە هەروەك لەو فەرمایشتەی خوای پاك و بەرزدا هاتووە: (بلێ: بۆچی پارێزگاری و تەقوای خوا ناكەن)، (بلێ: ئەوە بۆ بیر ناكەنەوە)؟!..... تاد.[2]

هەروەك ئەوە وایە كە خوای باڵادەست و خاوەن شكۆ سەرزەنشتیان دەكات بەوەی كە درۆزنن، باوەڕ ناهێنن بەوەی كە خوای باڵادەست و خاوەن شكۆ بەدیهێنەرو ڕۆزیدەرە، هەروەك لەهەمان كاتدا ناشتوانن بڵێن كە بتەكان ئاسمانەكان و زەوییان دروستكردووە!! جا ماونەتەوە لە نێوان دانپێداهێنان (اعتراف)كردن تەنها بە زمان (كە شتێكی گومان هەڵنەگرە و بەشێوەیەكی یەكلا كراوەیی) و ڕەفتار كردن و پەیڕەوكردنی ئەوەی كە پێچەوانەیەتی (لەدۆخی واقیعدا)، جا ئەو وەڵامەی كە هەندێ لە زانایان داویانەتەوە ئەگەر چی لاوازیش بێت ئەوا لاوازتر لەو بریتیە لەوەی كە گومانی ئەوە ببرێت كە بێ باوەڕانی قوڕەیش چاكترن لە موسڵمانان _ ی سەردەمی شێخ _ بەدوو خەسڵەت و تایبەتمەندی!.

بەكورتی و پوختی: دروست نیە بۆ شێخ و جگەلەویش كە هەڵسێ بەباس كردنی سیفەتە كەمە چاكەكانی بێ باوەڕو كافران و هەڵە و كەم و كورتیەكانیان فەرامۆش بكات، لەكاتێكدا هەڵەكانی موسڵمانان هەڵبژێرێت و باس دەكات و چاكەكانیان فەرامۆش دەكات!.

وە دروست نیە ئەو ئایەتانە هەڵبژێرین كە خەیاڵێكی وا دروست بكات بۆ خەڵكی _ ئەگەر بە ئەنقەستیش نەبێت _ كە ستایشی بێ باوەڕانی تێدایە، ئەو ئایەتانەش فەرامۆش كەین كە سەرزەنشتیان دەكات و بێ باوەڕی و ستەم كاری و بەدرۆخستنەوەیان بۆ زیندبوونەوە دەردەخات..... تاد.

---

[1]_ دەقی ئەو ئایەتەیە كە خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴾ الأعراف : ٦٥. (وەرگێڕ).

[2]_ دەقی ئەو ئایەتەیە كە خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ ﴾ الأنعام : ٨٠. (وەرگێڕ).

دروست نیه هه‌ڵسین به‌و هه‌موو شتانه تا پاساو بێنینه‌وه بۆ کوشتنی ئه‌و موسڵمانانه‌ی که ڕکوع و سوژده ده‌به‌ن؛ به‌و گومانه‌مان که ئه‌وان (که نوێژو ڕۆژوو به‌رپاده‌که‌ن و صه‌ده‌قه ده‌به‌خشن و زیکرو یادی خوا ده‌که‌ن..) وه‌ك ئه‌و بێ باوه‌ڕو کافرانه‌ن؟! له‌هه‌مان کاتدا وا خه‌یاڵیش که‌ین که ئێمه هه‌ڵده‌ستین به هه‌مان کاری پێغه‌مبه‌ر (صلی الله علیه وسلم)، ئه‌مه ڕاست نیه، داننان به‌هه‌ڵه چاکتره له ڕۆشتن و به‌رده‌وام بوون له‌سه‌ر باطل، ئه‌وه‌ی ته‌وبه ده‌کات له گوناهو تاوان وه‌ك ئه‌وه‌یه که گوناهی نه‌بووبێت، هه‌ر که‌سێك ڕازی بێت به‌تاوان وه‌ك ئه‌وه وایه که بینیویه‌تی و تیایدا به‌ژداربووه یان نزیك له‌و شتانه، سا با له‌خوا بترسین و هێزو زۆری و بۆری له دیندا با هه‌ڵمان نه‌خه‌ڵه‌تێنێت، با له خۆبایی نه‌بین به‌هۆی زۆری پیشتیوانان و سه‌رخه‌رانی باطل و ناحه‌ق که ته‌نها بۆ ناوبانگ و له‌به‌ر نه‌زانی و هه‌واو هه‌وه‌س بازی و سته‌مکارییه، چونکه ئه‌مانه به‌هه‌شت و دۆزه‌خیان به‌ده‌ست نیه، له‌وانه‌یه ئێستا شێخ پێویستی زیاتری هه‌بێت به لێبوردنی ئێمه و پێویستی ئه‌و بۆ پشتگرتنی ئه‌و هه‌ڵانه‌ی که تێی که‌وتووه، به‌ڵام به‌داخه‌وه ئێمه به زۆری و بۆری له خۆمان بایی ده‌بین.

جا له‌سه‌ر ئه‌م په‌یڕه‌وه سه‌یرو سه‌مه‌ره‌یه ئایا ده‌کرێت به‌راوردکاری بکه‌ین له نێوان (چاکه‌کانی بێ باوه‌ڕان) و (هه‌ڵه‌کانی موسڵمانان)! به‌و هۆیه‌شه‌وه ده‌کرێت بڵێین: چۆن جه‌نگ له‌گه‌ڵ جوله‌که‌دا بکه‌ین؟! چونکه ڕاستگۆن و ڕێزی دادپه‌روه‌ری ده‌گرن، سه‌روه‌ت و سامان به‌یه‌کسانی دابه‌ش ده‌که‌ن، باوه‌ڕیان هه‌یه به‌خوا، ڕێز له پیرۆزییه‌کان ده‌گرن، حورمه‌ت و ڕێز له ئازادی بیروڕا ده‌گرن...تاد!.

وه کوشتنی ئه‌و موسڵمانانه فه‌رامۆش بکه‌ین که سته‌م ده‌که‌ن! و سوو ده‌خۆن و درۆده‌که‌ن و په‌یمان ده‌شکێنن، ناپاکی ده‌که‌ن له سپارده و ئه‌مانه‌ته‌کان دا، ته‌وه‌سول و ته‌به‌ڕوك به پیاوچاکان به دروست ده‌زانن؟..... تاد!.

چـۆن جـەنگ لەگـەڵ جولەکـەدا بکـەین کـە ئـەوان نـزیکترن لێمانـەوە لـە هاوبەشـدانەرانی قورەیشـەوە، جـەنگ لەگـەڵ ئەوانـە فـەرامۆش بکـەین کـە بـە دوو تایبەتمەندی بێ باوەڕترن لە بێ باوەڕەکانی قوڕەیش و لە هاوەڵانی موسەیلەمە؟

بـەو شـێوەیە ئەگـەر باسـی چاکەکانی جولەکـە و هاوەڵـانی موسـەیلەمە بکـەین؛ خراپەکانیان فەرامۆش بکەین و کێشەکە بە پێچەوانە لە دژی موسڵمانان بخەینـەڕوو بـەوەی هەڵـەکانی موسـڵمانان بـاس بکـەین و ئیمـان و چاکەکانیان فـەرامۆش بکـەین؛ ئەوا لەو بارودۆخەدا مەسەلەکە نادیارو لێڵ دەبێت لە دەرەنجامدا کوشتنی موسڵمانان بەچاکترو لە پێشتر دادەنێین لە کوشتنی جولەکە داگیرکەرەکان!![1].

بـەڵام ئەگـەر تـۆ _ ئـەی موسـڵمان _ سـەرجەم سـیفات و تایبەتمەندییـەکانی هـەردوو دەسـتەو تاقمەکـەت خسـتەڕوو ئەوسـا دەزانیـت کـە شمشـێرەکەت لـەکوێ دابنێیت.

بەهـەمان حـاڵ لەگـەڵ بـێ بـاوەڕانی قـوڕەیش و بـێ بـاوەڕانی عـەرەب بەگشـتی، ئەوانەی کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لـە ناویـادا نێـردرا، ئەگـەر تـەنها چـەند ڕەوشتێکی باشی ئەو بێ باوەڕانەت خستەڕوو یان هەندێ لەو شتە گومان بڕانـەی کـە نکۆڵیـان پـێ لێناکرێـت یـاخود ئـەو شـتانەی ئیعترافیـان پێکـردووە بـاس بکـەی، ئـەوا

---

[1] _ دەرەنجامی ئەمەشمان بینی، لە هەندێ لە پێگە سەلەفیەکان لەسەر ئینتـەر نێت!! کە بـێ بـاکن و خـەم ناخۆن لەسەر کوژرانی شەهیدەکانی فەڵەستین، ئەم برا زیاد ڕۆچووانە وا گومانیان دەبرد کە هیچی وانیـە کـە گرنگـی هـەبێت بـەڵکو بریتیـە: لـەوەی کـە بـێ باوەڕەکـان بیدەعەتچیەکان دەکوژن، مەسـەلەکە وەك خشـتێکە _ بـەپێی دەربڕینـی ئـەوان _ خـۆی خـۆی دەشـکێنێت، هـەروەك پێشـتریش ئـەم زیـاد ڕۆچـووانە جەختیان دەکردەوە لەسەر سەر زەنشت کردنی تێکۆشەرانی بۆسنە و شیشان لەبەر ئەوەی صۆفی و خاوەن مەذهبی تێدایە، بەوێنەی ئەو قسە سەیرانە کە پاساویان بۆ هێناوەتـەوە لـە کتێبـەکانی عەقائیـدی کـۆن و نوێ؛ ئەگەر دەتەوێت بۆچوونی ئەوانت بۆ نەقڵ بکەم کە جولەکە و مەسیحییەکان بە چاکتر دادەنێنن لـە موسڵمانان _ ئەو موسڵمانەی کە مەذهـەبی جیـاوازە لەگـەڵ سـەلەفیەکان _ ئـەوا تـەواو نـابم، شـتێکی لـەو جۆرەم باس کردووە لە کتێبی:(قراءة في كتب العقائد) ئەوەی دەیەوێت بابۆی بگەڕێتەوە.

هەمان ئەو وێنە جوانە دەكێشی كە شێخ موحەممەدی كوڕی عەبدولوەهاب _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ كێشابووی.

ئەگەر بێتوو سەرجەم ئەو ئایەتانەی كە دەدوێن لەسەر بێ باوەڕان بیخەیەڕوو؛ ئەوسا بۆت دەردەكەوێت كە ئەوان زۆر جیاوازن لەگەڵ تاوانبارو ستەم كارە موسڵمانەكان چ جای پیاوچاك و زانایانی موسڵمانان.

**تێبینی چوارەم:**

شێخ لە (لا:٩) دەڵێت:(ئەگەر بۆت دەركەوت كە ئەوان ئیعتراف دەكەن بەمە _ مەبەستی ئەوەیە كە خوا بەدیهێنەری ڕۆزیدەرە _.... ئەوا بەم ئیعترافە نەبوونە موسڵمان و بڕوایان نەهێنا بەو خوا بەیەكزانینەی كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بانگەوازی بۆ دەكرد، ئەوسا دەزانیت كە ئەو یەكتاناسیەی بڕوایان پێنەدەهێنا بریتی بووە لە (خوا بەیەكزنانین لە پەرستندا) ئەوەی كە هاوبەشدانەرانی ئەو سەردەمەی خۆمان ناوی دەنێن (ئیعتقاد)!!).

دەڵێم: خوا لە شێخ خۆش بێت بەڕاستی لەو دەقەدا تەكفیری ڕاشكاوی سەرجەم یان زۆرێك لە زانایانی ڕۆژگاری خۆی تێدایە! ئەگەر مەبەستیشی ئەوانەبێت كە ووشەی (ئیعتقاد) بۆ عەقیدە بەكار دێنن ئەوا تێكڕایی زانایانی سەردەمی خۆی تەكفیر كردووە، ئەگەر مەبەستیشی پێی عەقیدەی تایبەت بێت (عەقیدەی صۆفییەكان) ئەوا هەندێ لە زانایانی تەكفیر كردووە، بەبێ لەبەرچاو گرتنی تەئویل كە پەرچێكی گەورەیە لەپەرچەكانی تەكفیر، جا ئەگەر مەبەستی ئاماژەی یەكەم بێت ئەوا تەكفیرێكی شاراوەو نادیارە هەموو خوێنەرێك ناتوانێت پەیی پێ ببات، چونكە مەبەستی شێخ مومەحەد لە هاوبەشدانەرو موشریكانی ڕۆژگاری خۆی ئەوانە

دەگرێتـەوە کـە کتێبیـان هەیـە و نـاوی (ئیعتقـاد)ی لـێ دەنـێن ئەمـەش تـەنها لـەناو موسڵمانان دا هەیە...

پاشان بەڵگەی صۆفیەکان کە زۆرێك لە زانایانی لەسەرن کە چەند کات و ساتێك و چەند شوێنێك هەن کەوا ڕەحمەت و میهرەبانی تێدا دادەبەزێت و نزاو دوعا زیـاتر لـەو کـات و شـوێنانە قبـوڵ دەبـن، لـەو کاتانـەش سـێیەکی شـەو، شـەوی قـەدرو ڕۆژی عەرەفـەو شـەوی نیـوەی شـەعبان...تاد_ جـا ئـەو فەرموودانـەی لـەو بـارەوە هـاتوون صەحیح بن یاخود لاواز ئـەوا وەك یەکـە، چونکە خـەڵکی لـە ئاسـت صـەحیح دانـانی فەرمووده دوو جۆرن تونـد ڕەو و شـل ڕەو، ئـەو شـوێنانەش کـە نزایـان قبـوڵ دەبێـت بـریتین لـە مزگەوتـەکان و شـوێنەکانی ئەنجامـدانی حـەج لـە عەرەفـەو مـەنا و موزدەلیفـە، مەدینـەی مونـەوەرە، لەلایـەن گـۆڕی پیاوچـاکان لـە پێغەمبـەران و شوێنکەوتووانیان، _ جا بەڵگەکانیان ڕاست بن یان هەڵە ئەوا وەك یەکە لەبەر ئەوەی ئـەوان موسـڵمانن _ لەهەمبـەر مەسـەلەی دواییـدا هـەر لەکۆنـەوە ڕاجیاییـەکی زۆر هەبووە، جا هەر کەسێ ڕای وابێت بڕوای وایە لەبەر ئەوەی ئەم ئینسـانە پیاوچـاکە و ڕۆحەکەی ئاگادارە (بەپێی بڕوای ئەوان کە بڕاویان وایە کە مردووەکان شت دەبیستن و ئـەو مەسـەلەیە ڕاجیاییـەکی گـەورەی تێدایـە)، ئینجا بڕوایـان وایـە کـە مـادام ئـەو لەگۆڕەکەیـدا زینـدووە یـاخود ڕۆحەکـەی ئـەو گوێبیسـتی ئەوانـە ئـەوا چانسـی قبـوڵ بوونی دوعا لەو شوێنە زیاترە، بەو هۆیـە داوای شـەفاعەت و دوعـاو ئـامین دەربـڕین[١] دەکـەن لـەوان بـۆ دوعاکانیـان، ئـەم وێنەیـەو شـێوازە ڕەوا (مبـاح)ە لەلایـەن زۆرێ لـە زانایـان بـەڵکو ئـیبن حـەزم یەکـدەنگی زانایـانی لـەبارەوە هێنـاوە، بینیمـان کـە زانـا سەلەفیەکانیش بەڕاشکاوی بەڕەوایان داناوە وەکـو ذەهـەبی و شـەوکانی، بـەپێی ئەمـە

---

[١]_ آمین: واتە: خوایە وەڵامی دوعاکەم بدەرەوە و نزاکەم گیرا بکە. (وەرگێڕ).

**وەهابیەکان لێرەدا پێچەوانەی (الاجماع السکوتی ) بڕیاریان داوە، ئەمە مافی خۆیانە چونکە (الاجماع السکوتی) نابێتە بەڵگە، بەڵام لەبەرامبەریشیدا مافی خۆیان نیە کە ئەوانە تەکفیر بکەن کەوا (الاجماع السکوتی) بەبەڵگە دەزانن (بۆ قوڵبوونەوەی زیاتر لەو مەسەلەیەدا بگەڕێوە بۆ _ بڕگەی شەشەم).**

**لە ووتەکانی شێخدا وا بەدەردەکەوێت کەوا ئەوانە پیاوچاکان دەپەرستن و ئەم بۆچوونەش لەجێی خۆی نیە و ڕاست نیە، چونکە موسڵمانەکان بە سەرجەم پێڕو دەستە و تاقمەکانیانەوە هەر لە صۆفیەکان بە زاناکانیانەوە و خەڵکی سادەش تەنها خوا دەپەرستن جیا لە هاوبەشدانەران لە بێ باوەڕانی قوڕەیش و هاووێنەیان؛ کە کڕنوش بۆ بتەکان دەبەن؛ جا ئەگەر جیاوازی نێوان ئەو دوو تاقمە ڕوون نەبێت؛ ئەوا نابێت جیاوازی بکەین لەنێوان شتانێکی تر کە ئاڵۆزترو زیاتر ئاوێتەن، لەو شتە ئاوێتەبووانەش بریتیە لە تاوانبار کردن و گومان بردنی هەندێ لە زانایانە بەوەی کە شێخ و هاوەڵانی خەواریجن، وای بۆ دەڕوانن کە تایبەتمەندییەکانی خەواریج لەواندا کۆبوونەتەوە چونکە ئەوان: موسڵمانان تەکفیر دەکەن و خوێنیان حەڵاڵ دەکەن لەکۆتا سەردەمدان، لەلای ڕۆژهەڵاتیش بەدەردەکەون ، موسڵمانان بەو ئایەتانە**

[1] _ (الاجماع السکوتی) بریتیە لەوەی:(کە کۆشش کار_ مجتهد _ ڕاو بۆچوونی خۆی دەربڕێت لەبارەی بابەت و مەسەلەیەکەوە و ئەو ڕاو بۆچوونەش بناسرێت و ناوبانگ دەربکات و بەخەڵکانی تر بگات و ئەو خەڵکە بێ دەنگ ببن و بەڕاشکاوانە بەرپەرچ یان نکۆڵی لێ نەکەن و بەڕاشکاویش پێی ڕازی نەبن، لەگەڵ ئەوەی کە هیچ پەرچ و ڕێگرێك نەبێت لە بەرامبەر کەسەکان لە دەربڕینی ڕای خۆیان و ماوەیەکی تەواویش تێپەڕ بێت بۆ ووردبوونەوەو ڕامان لە مەسەلەو بابەتەکەدا و هیچ کۆسپ و لەمپەڕێکیش نەبێت لەبەردەم کەسی کۆشش کار_ مجتهد _ کە وای لێبکات بێدەنگ بێت چ لەبەر ترسان لە کەسێك یان لەبەر شان و شەوکەتی کەسێ و جگەلەمانەش لە پەرچ و ڕێگرەکان). سەیری:(الوجیز في أصول الفقه: د.عبدالکریم زیدان، ١٤٥ ) بکە. (وەرگێر).

[2] _ هەندێکیان ئەو فەرموودانەی کە سەرزەنشتی ڕۆژهەڵات دەکەن تەئویل دەکەن کە مەبەستی (عێراقە) تەنانەت هەندێکیان وا تەئولی دەکەن کە مەبەستی نەجدی عێراقە! ئەم فەرموودانەش لە دوو

حوكم دەدەن كە حوكمی موشریكەكانە، قورئان دەخوێننەوە سەرباری بوونی فەرمان و ڕێگری (الأوامر والنواهي) ئەوا لە گەرو و قورگیان دا ئاوا نابێت بۆیە ئەو خوێندنەوەیە ڕێگری لێ نەكردن لەوەی واز بێنن لە تەكفیری موسڵمانان و بەڕوا دانانی خوێنیان و ستەم لێ كردنیان سەرباری ڕێگری كردن لەم كارانە بەچەندین دەق (نص)ی قورئانی و سەرەڕای ڕێگری قورئان لە ستەم كردن و داپۆشینی حەق و ڕاستی بە باطل!، تایبەتمەندیان ئەوەیە كە قورئان لە گەروویاندا ئاوا نابێت و... تاد. [١]

ئینجا ئەگەر وەك یەك حساب كردنی خەواریج و وەهابیەت ستەم بێ _ لەگەڵ بوونی وێكچوونێكی زۆر لەنێوانیاندا بەپێی بۆچوونی دژەڕاكانیان (بگەڕێوە بۆ پاشكۆ)_ ئەوا وەك یەك حساب كردنی موسڵمانان و بێ باوەڕانی قوڕەیش ستەمێكی گەورەترو زۆرترو دوورترە لە حەق، ئەگەر شێخ پاساوی هەبێ لەوەی بێ باوەڕانی قوڕەیش بەچاكتر دابنێ لە زاناكانی سەردەمی خۆی؛ ئەوا ئەوانەی زانایانی بانگەوازی وەهابی بە خەواریج دەزانن لەپێشترن بۆ ئەوەی پاساویان بۆ بهێنرێتەوە، چونكە خەواریج _ لەگەڵ ئەوەشدا _ بەپێی ڕای ڕاست و ڕاشكاو موسڵمانن، و هاوەڵانی پێغەمبەر خەواریجیان تەكفیر نەكردووە لەكاتێكدا كەس گومانی نیە لە بێ باوەڕی بێ باوەڕانی قوڕەیش.

---

صەحیحەكەدا هاتوون، سەرباری گومان هەبوونمان لە زۆرێك لەو فەرموودانەی كە لەبارەی شارو هۆزو تیرەكانەوە هاتوون، و حوكمی سەر زەنشتكردنی گشتی شوێنێك دەتوانرێ تایبەت بكرێت بە كاتێكەوە نەوەك هەموو كاتێكی ترو كۆمەڵە خەڵكێك جگەلە خەڵكانی تر، بەڵام ئەو تەئویلانە كە ڕووی فەرموودەكان وەردەگێڕن لە سەر زەنشتكردنی نەجد بۆ سەر زەنشتكردنی عێراق، ئەوا تەئویلی ناپاك و لاوازن و دوورن لە ڕاستی، لەبەر چەندین هۆكارێ كە دەیانخەینەڕوو، دەكرا فەرموودەكان تەئویل كرابان بەوەی كە پیاوچاكانی نەجد ناگرێتەوە هەروەك پیاهەڵدان بە شام و یەمەن ستەمكارەكان ناگرێتەوە، سەبارەت بە هۆكارەكانی لاوازی تەئویلەكەی پێشوو ئەوا گرنگترینیان چوار هۆكارن (بگەڕێوە بۆ پاشكۆ _ برگەی شەشەم).

[١] _ واتە ناتوانن سوودی لێببین و بە ئامرازی عەقڵ و دڵ لێی تێبگەن و شیبكەنەوە.(وەرگێڕ).

**تێبینی پێنجەم:**

**شێخ له (لا:٩):_ له وەسف كردنی سیفەتە چاكەكانی بێ باوەڕانی قوڕەیش و جگەلەوانیش _ دەڵێت:(ئەوان شەو ڕۆژ لە خوای پاك و بێ گەرد دەپاڕانەوە! هەندێكیان له فریشتەكان دەپاڕانەوە لەبەر چاكێتیان و نزیكیان لە خوای گەورە و بەڵكو ئەو فریشتانە داوای لێ خۆشبوونیان بۆ بكەن یان دەپاڕانەوە لە پیاوچاكێك وەك (لات)! یان لە پێغەمبەرێ وەك (عیسا) و زانیشت كه پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لەسەر ئەو هاوبەشدانانە جەنگی لەگەڵ كردن! بانگی كردن بۆ دڵسۆزی نواندن له پەرستنی خوادا ... پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) جەنگی لەگەڵ كردن تا هەر هەموو نزاو پاڕانەوەو نەزرو قوربانی و هاوار كردنێ بۆ خوا بێت و سەرجەم پەرستشەكان تەنها بۆ خوا بن.... تاد).**

**دەڵێم: بێ باوەڕان شەو ڕۆژ دەپاڕانەوە! بەڵكو یادی (هوبل) و (لات) و (عوزا) و (مەنات)یان دەكرد، جا ئەگەر ئەوان بەشەو ڕۆژ لەخوا پاڕابانەوە ئەوا خوای گەورە فەرمانی به پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) نەدەكرد كه خۆی دوور بگرێ (له پەرستنی ئەوانەی كه لێی دەپاڕێنەوە) هەروەك لەو فەرمایشتەی خوای پاك و بەرزدا هاتووە:**﴿ قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ... ﴾[1] **واته: (بەبێ باوەڕان) بڵێ: بەڕاستی من قەدەغەكراوم لەپەرستنی ئەوانەی ئێوە دەیانپەرستن له غەیری خوا ... . وە خوای گەورە دەفەرموویت لە وەسفی حاڵی بێ باوەڕان لە كات و ساتی مردنیان:**﴿... حَتَّى إِذَا جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا يَتَوَفَّوْنَهُمْ قَالُوا أَيْنَ مَا كُنْتُمْ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ... ﴾[2] **؟!**

---

[1] _ الأنعام: ٥٦.

[2] _ الأعراف: ٣٧.

واتە: هەتا ئەو کاتەی فریشتە نێردراوەکانمان بۆیان دێن گیانیان دەکێشن، ئەو سا پێیان دەڵێن: کوان ئەوانەی جگەلە خوا هاناو هاوارتان بۆ دەبردن و دەتانپەرستن؟!. وە دەفەرموێت:﴿ إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ عِبَادٌ أَمْثَالُكُمْ ...﴾[1] واتە: بەڕاستی ئەوانەی ئێوە هاواریان لێدەکەن جگەلە خواو لێان دەپاڕێنەوە، چەند بەندەیەکی وەك ئێوەن... . وە دەفەرموێت لەبارەی بێ باوەڕان:﴿ وَإِذَا رَأَى الَّذِينَ أَشْرَكُوا شُرَكَاءَهُمْ قَالُوا رَبَّنَا هَؤُلَاءِ شُرَكَاؤُنَا الَّذِينَ كُنَّا نَدْعُوا مِنْ دُونِكَ ....﴾ واتە: (لەناو دۆزەخدا[2]) کاتێکیش ئەوانەی کە هاوەڵیان داناوە، بتەکان و ئەو کەس و شتانە دەبینن کە جاران دەیانپەرستن، ئەوە دەڵێن: پەروەردگارا ئا ئەوانە، ئەو شتانەن کە لەجیاتی تۆ هاناو هاوارمان بۆ دەبردن لە جیاتی تۆ.... . وە جگەلەوانەش زۆرێك لەو ئایاتانەی کە نەم ویست بەدواداچوونی بۆ بکەم، کە بەپێچەوانەی وەسفی شێخ وەسفی بێ باوەڕان دەکات، بەوەی کە دوعاکانیان یان زۆربەی دوعاکانیان بەلای کەمەوە ئاراستەی بتەکان بوونە نەوەك بەو شێوەیەی کە شێخ دەڵێت کە ئەوان (بەشەو ڕۆژ لە خوا دەپاڕاناوە)! سەرباری ئەوەی کە ئەوان بە دڵسۆزی لەخوا نەدەپاڕانەوە تەنها لەکاتی ناخۆشیدا نەبێ.

جا ئەگەر ئەوان لە خوا پاڕابانەوە بەشەو و ڕۆژ _ هەروەك شێخ وەسفیان دەکات _ ئەوا هاوەڵە زاهیدو دونیا بەکەم زانەکانی پێغەمبەر حەسوودیان پێ دەبردن، ئەمەش وێنەیەکە لەو وێنە زۆرو جوانانەی کە شێخ تیایدا ستایشی بێ باوەڕانی قوڕەیش دەکات، ئەمە لەبەر خۆشەویستنی ئەوان نیە بەڵکو بۆ بەراورد کردنە لە نێوان ئەوان و موسڵمانانی سەردەمی خۆی، بەگومانی ئەوەی کە موسڵمانانی سەردەمی خۆی بە بێ باوەڕانی قوڕەیش دەچن و تا لەسەر ئەم بەراورد

---

[1] _ الأعراف: ١٩٤.

[2] _ النحل: ٨٦.

**کاری و گومانە هەڵەیە بێ باوەڕانی قوریش بەچاکتر دابنێ لە موسڵمانان، تا هەر لەسەر ئەمەش تەکفیرو کوشتن و ڕشتنی خوێنی موسڵمانان بنیاد بنێت.**[1]

[1] _ شێخ موحەمەد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە زۆر شوێناندا ستایشی بێ باوەڕانی کردووە، بۆ نمونە لەو قسەیەی دا لەبارەی بێ باوەڕانی قوڕەیش:(ئەوان خوایان دەناسی و لێی دەترسان و هیواو ئومێدیان پێ هەبوو)! الدرر السنية (١/١٤١)، ئەم دەربڕینە بە ڕەهایی دروست نیە بەکار بێت، نمونەیەکی تر لەو ووتانەی:(ئەوان _ واتە بێ باوەڕانی قوڕەیش _ صەدەقەیان دەبەخشی و حەج و عەمرەو پەرستشیان ئەنجام دەدا و دەستیشان هەڵدەگرت لە هەندێ شتی قەدەغەکراو لەترسی خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ!) ئەم ووتەیە بەڕاستی جێگای چاو پێداخشاندنەوەو تێبینی کردنە کە شاراوە نیە لەلایەن کەسانێ کە بابەتیانە بۆشت ئەڕوانن و بە ئینصافن.

هەر بۆ ئەو مەبەستە لە زۆر شوێندا ستایشی دەغەڵ و دووڕووانی کردووە نمونەش ئەو ووتەیەی خۆیەتی:(دەغەڵ و دووڕوەکانی سەردەمی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) جیهادو تێکۆشانیان لە پێناوی خوادا دەکرد بە ماڵ و سامان و گیانی خۆیان و پێنج نوێژو حەجیشان دەکرد لەگەڵ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)....) سەیری (الدرر السنية:٢/٨٦) بکە، هەموو ووتەکانی پێشوو _ سەرباری بوونی هەڵە تیایاندا _ دەکرێ قبوڵی بکەین تەنها ئەو بەشە نەبێت کە بریتیە لە ڕستەی (لە پێناوی خوا) چونکە دەغەڵ و دووڕوەکان ئەمە ناکەن لە پێناو خوا بەڵکو لە پێناو چەند ئامانج و مەبەستێکی تر دەیکەن، سەرباری ئەوەی کە ئەوان هەر کاتێ ببەخشن ئەوا پێیان ناخۆشە، بەتەمبەڵی هەڵدەستن بۆ بەرپاکردنی نوێژو بەتایبەتی هی بەیانیان و خەوتنان لەگەڵ پێغەمبەردا ناکەن،... هەندێ لایەنی تریش لە خراپەکانیان کە شێخ فەرامۆشی کردووە.

نمونە لەو بارەوە دەخرێنەڕوو لەسەر باسی بێ باوەڕانی قوڕەیش وەك ئەمەو بەڵکو بەچاکتر دانانیان لە موسڵمانانی سەردەمی خۆی. هەروەك شێخ _ خوا لێی خۆش بێت _ ستایشی هەڵگەڕاوەکانی کردووە وەك موسەیلەمەو هاوەڵانی بۆ هەمان مەبەست، ئینجا لە:(الدرر السنية:٢/٤٤) دا دەڵێت:(موسەیلەمە شایەتی دەدات کە هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق جگەلە خوای گەورە و موحەمەدیش نێردراوی خوایە، نوێژو ڕۆژوشی دەگرت!!)، منیش دەڵێم: ئەمەش ڕاست نیە، ئەگەر شایەتی دابایە لەسەر ئەوەی کە موحەمەد نێردراوی خوایە ئەوا بۆخۆی بانگەشەی پێغەمبەرێتی نەدەکرد و پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) بەدرۆی نەدەخستەوە، هەر لەبارەی هۆزی حەنیفەوە کە هاوەڵانی موسەیلەمەی درۆزن بوون دەڵێت:(الدرر السنية:٩/٣٨٧): ئەمانە لەلایەن خەڵکی بەناشرینترین هەڵگەڕاوەو گەورەترین بێ باوەڕ ناسراون لەگەڵ ئەوەشدا شایەتی دەدەن کە هیچ پەرستاوێك نیە بەحەق جگەلە خوای گەورە و موحەمەدیش (صلى الله عليه وسلم) پێغەمبەری خوایە، بانگدەدەن و نوێژ دەکەن و زۆرێکیش واگومان دەبەن کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی پێداون بەم کارە!! دووبارە لەبارەی هاوەڵانی

ئەو شتەی لێرەدا پێویستی بە ڕاست کردنەوە هەیە ئەوەیە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) جەنگی کردووە لەگەڵ بێ باوەڕان لەبەر چەند هۆکارێك کە گرنگترینیان هاوبەشدانان و شیرکی گەورەیە و دەرکردنی موسڵمانانە لە سەر ماڵ و خاکیان و نکۆڵی کردنە لە پێغەمبەرێتی پێغەمبەر و ستەم کردنە... تاد.

---

موسەیلەمەوە لە (الدرر السنیة: ۹/۳۸۳) دا دەڵێت:(شایەتیان دەدا کە هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق جگەلە خوای گەورە و موحەممەدیش (صلی الله علیه وسلم) نێردراوی خوایە، بەڵام بڕواشیان بە موسەیلەمە هێنابوو بەوەی کە پێغەمبەرە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بەژداری پێکردووە لە بەشێکی لە پێغەمبەرێتیەکەی دا، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو چەند شایەتێکی هێنا شایەتیان دا لەگەڵی، کە لە ناویاندا هاوەڵێکی ناسراو هەبوو بە زانستداری= =و پەرستش کردنی زۆرەوە کەناوی (الرحال)ە، بڕوایان پێهێنا کە زانیان زانا و پەرستشکارە)! تاد. منیش دەڵێم هۆزی حەنیفە قوربانی (تیۆری دادپەروەری هاوەڵان)ە!، کە وای لێهاتووە ئەوەی ئیعتراف نەکات بەو تیۆرە ئەوا بەبێ باوەڕی لەقەڵەم بدەین، ئەمەش بانگەشەیەکە بۆ باوەڕهێنان بە شتە دژیەکەکان، هەر کەسێ شوێنی موسەیلەمە بکەوێ بێ باوەڕە، بەهەمان شێوە هەر کەسێ شایەتی هاوەڵێك ڕەت کاتەوە ئەویش بێ باوەڕە! و ئەو ئایەتانەی بەدرۆ خستۆتەوە کە بەدادپەروەریان دادەنێت ئەمەش بەپێی بۆچوونی زیاد ڕۆچووەکان! ئینجا چیتان دەوێ لەوەی کە هاوەڵانی موسەیلەمە بیکەن؟ هاوەڵانی موسەیلەمە _ بەپێی ئەو وەسفەی کە شێخ بۆی کردوون _ وەك زیاد ڕۆچووە سەلەفیەکانن لە بەدادپەروەر دانانی هاوەڵان! ئایا دەتانەوێت پاشگەزببنەوە لەباوەڕهێنان بەدادپەرەری هاوەڵان یان باوەڕ بە پێغەمبەرێتی موسەیلەمە بێنن؟! و شێخ ستایشی هەڵگەڕاوەکانی کردووە ئەوانەی کە لەبارەیانەوە ووتراوە ئیمامی عەلی سووتاندوونی جا لەم بارەیانەوە دەڵێ (۲/٤٤) ئەوان شایەتیان دەدا کە هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق جگەلە خوا و موحەممەدیش پێغەمبەری خوایە!! منیش بەش بەحاڵی خۆم دەڵێم: ئەمە ڕاست نیە، چونکە بەهێزترین ریوایەتەکان ئەوە باس دەکەن کە ئەو هۆزە کوژراون لەکاتێکدا کە بەتەواوی هەڵگەڕاونەتەوە، هەندێ لە زیاد ڕۆچووانمان دەڵێن ئەوان بانگەشەی خوایەتی عەلیان ڕاگەیاند، گریمان ئەگەر ئەوەش ڕاست بوو ئەوا بەوە چاکتر بەرپەرچی شێخ دەدرێتەوە کە ئەوانە شایەتمان ناهێنن. بەکورتی و پوختی شێخ _ خوا لێی خۆش بێ _ ستایشی هاوبەشدانەرانی کردووە جاچ بێ باوەڕبووبن یان هەڵگەڕاوە یاخود دەغەڵ و دووڕوو بووبن و سەرزەنشتی موسڵمانانی سەردەمی خۆی دەکات و تاوانباریان دەکات بەهاوبەشدانان و شیرکی گەورەتر لە بێ باوەڕو کافرە ڕەسەنەکان، بەڕاستی ئەمە ئەو پەڕی سنور شکێنیە.

هۆكارو بەلگە هێنانەوەی شێخ ناتەواوە و ئەو ناتەواویەش لە بەلگە هێنانەوەیدا سەركێشی كردوە بۆ كوشتنی موسڵمانان (ئەوانەی نوێژو حەج و یادی خوا بەرپادەكەن)!.

لە قورئانی پیرۆزدا نەهاتووە كە هۆكاری جەنگ كردنی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) لەگەڵ بێ باوەڕان بریتی بێت لەوەی كە دەبێت قوربانی كردن و نەزر كردن و دوعا تەنها بۆ خوا و یارمەتی خواستن تەنها لە خوا بێت.

بەڵكو هۆكارە سەرەكیەكان بریتین لە هاوبەش بڕیاردانی گەورەو نكۆڵی كردن لە پێغەمبەرێتی پێغەمبەر و دەركردنی موسڵمانان لەوڵاتیان.... تاد.

ئینجا شێخ هۆكاری بچوك و وێكچوو (متشابە) دەهێنێتەوە (یان بەپێی بۆچوونی دژەڕاكانی شێخ چەند شتێكی هەڵبەستراو دێنێت) كە لە دەقەكان دا باس نەكراوە، لێكۆڵینەوەشی لەسەر نەكراوە، بەدڵنیاییەوە نەزانراوە كە ئایا لەهۆكارەكانی جەنگە یان نا؟! لەهەمان كاتدا هۆكارە گەورەكان پشت گوێ دەخات كە یەكدەنگی (اجماع)ی لەسەرەو دەقی لەبارەوە هەیە لە قورئانی پیرۆزدا كە ئەوانەن هۆكاری جەنگ بەرپاكردنی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) لەگەڵ بێ باوەڕاندا، بەڕاستی زیاد ڕۆچوونی زیاد ڕۆچووانی خەواریج و دەستە و تاقمەكانی تر كاتێك هەموو فیكرو هزریان تەركیزی دەكردە سەر ئەم ووردە بابەتە وێكچووانە لەبەرامبەردا پشت گوێ خستنی حوكمی گەورە بێ گومان و یەكلابووەوە (قطعیات)ەكان، بەو هۆیە خوێنی موسڵمانان حەڵاڵ دەكرێ بەهۆی گومانێ كە لەبەلگەیەكی ڕاستدا بەدەستهاتووە یان واتایەك كە لەبەلگەیەكی لاوازدا هەڵهێنجراوە، ئا بەو شێوە زیاد ڕۆچووەكان بەردەوام زیاد ڕۆچوونیان كرد بە درێژایی مێژوو.

**تێبینی حەوتەم:**

دواتر شێخ بەردەوام دەبێت بەم ووتەیەی خۆی لە (لا: ١١) دەڵێت:(ئینجا ئـەوان مەبەستیان ئەوە نـەبوو کـە بـزانن خـوا بەدیهێنـەری ڕۆزیـدەری مشـورگێڕە[١]، چونکە ئەوان دەیانزانی کە ئەو سیفەتانە تەنیا هیی خوای گەورەن، بەڵکو مەبەستیان لەخوا ئەو ووشەیەیە کە هاوبەشدانەرو موشریکانی سـەردەمی خۆمـان بـەکاری دەهێـنن کـە بریتیە لە ووشەی (سەید)!).

دەڵێم: شـێخ تـەکفیرێکی ڕاشـکاوی موسـڵمانانی سـەردەمی خـۆی دەکـات، چـونکە ووشـەی (سـەید) زۆرێـك لەخـەڵکی لـە سـەردەمانی پێشـوو تـا ئێسـتاش بـۆ پیـاوانی ئالوبەیت بەکاری دێنن، کەسانی سادەش لەو سەردەمەی خۆماندا لەوانەیە بۆ کەسێك بەکاری بێنن کە گومانی ئەوە دەبەن کە بەبەرەکەت و بەفەرە، ئینجا نوشتە بۆ فڵانـە دەکات و قورئان لەسەر فیسارە دەخوێنێت.... بەکارهێنانی ئـەم ووشـەیە و بـاوەڕ پـێ بوونی کوفر نیـە بـەڵکو تەنانـەت حـەڕامیش نیـە، بـەڵێ دەکـرێ ناپەسـەند (مکـروە) بێت، ئەو فەرموودەیەی کە لەو بارەیەوە هاتووە مشتومڕێکی زۆری لەسەرە، ئیمـامی عومەر فەرموویەتی (سەییدمان ئەبوبەکر، بیلالی سەییدمانی ڕزگار کرد).

ئەگەر چی هەندێ خەڵکی نەجد یان هەندێ خـەڵکی حیجـاز لـە سـەردەمی شـێخ ووشەی سەیدیان بەکاردەهێنا بۆ ئەوانەی کە تەبەڕوکیان پێوە دەکـرد و دوعایـان لـێ دەخواست، دوایین شت کە لەو بارەیەوە بڵێین ئەوەیە دەکرێت ئـەم شـتە بیدعەیـەکی گەورە یاخود بچوك بێت بـەپێی بـارودۆخ و حاڵـەتی قسـەکەر (القائـل) و قسـەبۆکراو (المقول لە) و ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوانیاندا هەیـە، بـەڵام ئەمـە بـەهیچ شێوەیەك

---

[١] _ مشورگێڕ (مدبر): واتە ئەو زاتەی کە سەر پەرشتی هەموو جوڵەو گۆڕان و کارو چاڵاکیێ دەکات بە وردو و درشتەوە و خۆی ئەوسار (زمام)ی گشت شتێکی بەدەستەوەیە هەموو شتێ ڕام و دەستەمۆی ویستی ڕەهاو بێ سنوری ئەوە. (وەرگێڕ).

کوفر نیە، بەڕەهایش دروست نیە بڵێین وەك ئەوەی شێخ باسی کردووە کە تێکڕای بێ باوەڕان دەیانزانی کە خوای گەورە بەدیهێنەری ڕۆزیدەرە.... تاد، چونکە هەندێ لە بێ باوەڕان ئەمە دەزانن نەوەك گشتیان، بۆ نمونە ڕۆژگارییەکان (الدهريون) باوەڕیان نیە بەمە وەك قورئانی پیرۆز بەدەق هێناویەتی لەبارەی ئەو ووتەیەیان:﴿ وَمَا يُهْلِكُنَا إِلَّا الدَّهْرُ ﴾ واتە: هەر ڕۆژگارو زەمانە کاریگەرن تیاماندا و دەمان مرێنن و هیچی تر!.

**تێبینی هەشتەم:**

شێخ لە (لا: ١١) دەڵێت:(جا پێغەمبەر هاتە لایان و بانگی کردن بۆ خوا بەیەکزانین _ لا الە الا اللە: هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق جگەلە خوای گەورە _ مەبەستی لەم ڕستەیە ماناو واتاکەیەتی نەوەك ووشە و دەربڕینەکە...).

---

[١] _ تێکڕای ئەوانەی کە شتیان نوسیوە لەسەر مێژووی نەفامی ئەوەیان سەلماندووە کە دینەکانی ئەو سەردەمە جیا جیا بوونە، وەك ڕۆژگاریەکان و بت پەرستەکان _ کە زۆرینە بوون _ و خاوەن کتێب و ئاگر پەرست و جادوگەر و فاڵچی و خوابەیەکزانەکان _ لەسەر دینی ئیبراهیم _ ئەمانەش کەمینەن، بەڵام دەمارگیریان نەبووە بۆ دینەکانیان، ئاگر پەرستەکان بانگەوازیان بۆ ئاگرپەرستی نەکردووە و بت پەرستان بانگەوازیان نەکردووە بۆ بت پەرستی، جا لەسەر ئەمە عەقیدەو بیروباوەڕەکان تێکەڵ بەیەکن، هەمووشیان ووشەی خوا (اللە) دووبارە دەکەنەوە، کەسێ دان دەنێ بە بەدیهێنەرایەتی خوا بەڵام بە تاك و تەنهای نازانێت، نای پەرستێت و فەرمانەکانی جێ بەجێ ناکات و خۆی ناپارێزێت لەو شتانەی کە قەدەغەکراون، ئەم شتانە نازانێت، ناترسێت لە ستەم و ئەنجامدانی گوناهو تاوان.... تاد، هەر کەسێ دەیەوێت بەشێوەیەکی فراوانتر شارەزایی هەبێ لەسەر بارودۆخی دینی لە سەردەمی پێش ئیسلام با بگەڕێتەوە بۆ ئەو کتێبانەی کە لەو بارەوە نوسراون، لەوانەیە چاکترین و بەناوبانگترین و گشتگیر ترینیان ئەم کتێبە بێت (المفصل في التأريخ العرب قبل الاسلام) دانراوی د.جەواد عەلی کە چاپکراوە لە (دە) بەرگی گەورەدا لەگەڵ بوونی ووردبینی زانستی تیایدا و پشت بەستنی بەسەرچاوە نوسراوەکان و شوێنەوارە هەڵکەندراوە تازە ئاشکرا کراوەکان، پێویستە قسەکردنمان لەبارەی خەڵکی سەردەمی نەفامی بەشێوەیەکی زانستی بێت تا یارمەتیمان بدات لە تێگەیشتنی قورئان و تێبگەین و بزانین کە قورئان چ دەستەیەکی مەبەستە بەو ئایەتە یاخود بەوەی تر... .

دەلـێم: تـەنیا دەربڕینـی ئـەو ووشـانە ئەگـەر بـۆ خۆپاراسـتنیش بێـت ئـەوا قسەکەرەکە دەپارێزرێت لە تەکفیرو کوشتن لەکاتێکدا هەر کەسێ لـە سـەردەمی شـێخ ئەو ووشانەی بەڕاستی و دینداریشەوە دەری بڕیبایە ئەوا نەدەبووە هۆی پاراستنی لە تەکفیرو کوشتن، دەغـەڵ و دووڕوەکـانی سـەردەمی پێغەمبـەر (صلی الله علیـە وسـلم) بــەزمان شـایەتمانیان دەهێنـا، پێغەمبــەریش (صـلی الله علیــە وسـلم) زۆرێـك لـەو دووڕوانەشی دەناسی؛ لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی دەربڕینی ئەم چەند ووشـەیە خـوێن و ماڵ و سامانیان پارێزراو بوو؛ بەڵام ئەوانەی کە لەسەردەمی شێخدا ژیاون ئەوا خوێن و ماڵ و سامانیان پارێزاو نەبوو نەبە شایەتمانیان نەبـە جێبـەجێ کردنـی بنـەماکانی ئیسلام....... سەرباری ئەوەی ڕاستیشیان دەکرد.

**تێبینی نۆیەم:**

وە شێخ لە (لا: ١٢) دەڵێت:(سەر سوڕمانی لەوەدایە کە هەندێ کـەس بانگەشـەی ئیسلامێتی و موسڵمانێتی دەکەن کەچی لێکدانـەوەو تەفسیری ئـەو ووشـەیە[١] نازنێت کەچی لە هەمان کاتدا بێ باوەڕە نەزانەکان زانیویانە، تەنانـەت ئـەو کەسـە وا گومـان دەبات _ ئەوەی خـۆی بەموسـڵمان دەزانێـت و بانگەشـەی ئـەوە دەکـات _ کـە ئـەوە _ واتە لێکدانەوەو تەفسیرەکەی _ بریتیەلە دەربڕینی پیتەکانی بەبێ ئـەوەی دڵ پـەیی بە ماناکانی ببات)؟!.

دەڵێم: ئەوەی شێخ باسی کرد ڕاست و دروست نیە، چونکە یەك موسڵمان نیە کـە بڵـێ واتـای (لا الـە الا الله) بریتیــە لــە دەربڕینــی پیتــەکانی بــەبێ باوەڕپێهێنــان و تێگەیشتنی بەدڵ و دەروون.

---

[١] _ واتە: مانای (لا اله الا الله). (وەرگێڕ).

تێکڕای موسڵمانان بە زاناو کەسی سادەیان ئەو شتانە بەدزێو ناشرین دەزانن، تەنانەت ڕقیان لەوەیە کە موسڵمانێ شتێك بڵێ و لێی تێنەگات، بەڵکو موسڵمانانی سادە ئەو جۆرە دەربڕینانە بە دەغەڵی و دووڕووی لە قەڵەم دەدەن، سەرزەنشتی ئەو کەسە دەکەن کە گوفتاری پێچەوانەی ڕەفتاری بێت، بێ باوەڕانیش بەهەمان شێوە سەرزەنشتی ئەو کەسە دەکەن کە گوفتاری پێچەوانەی کرداری بێت.

شێخ چۆن گومانی وادەبات: کە موسڵمانانی سەردەمی ئەو دیدو بۆچوونیان وایە کە دروستە شایەتمان دەربڕین بەبێ ئەوەی باوەڕ بەواتاکانی بکات، جا دەلێین:(لا الە الا الله: هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق جگەلە خوا) کەچی جگەلە خوا بپەرستن، دەڵێن:(محمد رسول الله: موحەممەد نێردراوی خوایە) بڕواشمان وایە کە درۆزنە...؟!.

موسڵمانانی سەردەمی شێخ وەك ئەو موسڵمانانەن کە ئەمڕۆ لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا ژیان بەسەر دەبەن، ئایا دروستە ئەمڕۆ بڵێین: ئەوان دەڵێن:(شایەتمان تەنها دەری ببڕی بەسەو ڕزگارت دەبێت ئەگەر چی بڕواشمان هەبێ بەشتێك کە پێچەوانەی ئەو شایەتمانەیە)؟!.

بەڵێ ئەو موسڵمانانە نیمچە بەڵگە و گومانیان بەدەستە کە بەوهۆیەوە تەوەسول و داوای تکا کردن و هاوار کردن و هاوێنەکانی ئەم هەڵسوکەوتانە بە دروست دەزانن، ئەمە لەلای من بێ گومان هەڵەیە و من یەك بۆچوونم هەیە لەگەڵ شێخ لەم مەسەلەیەدا، بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەوان نیمچە بەڵگە و گومانیان بەدەستە و ئەو کارەش بە هەڵوەشێنەرەوەو پێچەوانەی شایەتمان نازانن، تەنانەت ئەوان لەسەر ئەم بابەتە و هاوشێوەکانی دانراو بەڵگە و گومان و تەئویلات و

لێکدانەوەیان هەن کە کەمتر نین لە تەئویلات و گومـانی وەهابیـەکان کـە موسـڵمانانی پێ تەکفیر دەکەن! تەنانەت بە بێ باوەڕتریان دەزانن لە بێ باوەڕانی قوڕەیش! .[1]

**تێبینی دەیەم:**

دواتـر شـێخ لـە (لا: ١٣) دەڵێت:(کارامـەو شـارەزاکانیان _ واتـە ئـەوەی خـۆی بەموسـڵمان دەزانێـت و بانگەشـەی ئیسـلامێتی دەکـات لـە زانایـانی موسـڵمانان! _ وا گومان دەبەن کە واتاکەی بریتیە لەوەی کە[2] تەنها خوا بەدیهێنەرو ڕۆزیدەرە)! دواتـر بەڕوون کردنەوەیـەك هـەر بـەردەوام دەبێـت: جا خێـرو چاکە لـە کەسێ دا نیـە کـە نەزانێکی بێ باوەڕ لەو شارەزاتر بێت سەبارەت بە واتای: لا اله الا الله)؟!.

دەڵێم: پێشتر وەڵامی ئەمـە درایـەوە بـەوەی کـە زانایـانی موسـڵمانان لەسـەردەمی شێخ دا شایەتمان بەو شێوە تەفسیر ناکەن کە شێخ لێرەدا باسی کردووە _ بەپێی ئەو زانیاریانەی کە من دەیزانم _، دەکرێ کەم و کورتیان هەبێ لـە تەفسـیر کردنـی واتـای شایەتمان، گریمان ئەگەر ئەوەش ڕوویدا ئەوا ڕێیان نـەداوەو بەدروستیشـیان نـەزانیوە کە پەرستش و عیبادەت بۆ جگەلە خوای گەورە بکرێت، ئەگـەر بـە بەڵگەیـەکی تـری

---

[1] _ ئەوانەی تر سوردەبن لە سەر عەقیدەکەیان سەرەڕای بوونی هەڵە و تـەئویلات و پاساو وەك سـوربوونی سەلەفی و وەهابیـەکان لەسـەر هەڵـەکانیان سـەرەڕای بـوونی زیـاد ڕۆچـوون و دەسـتدرێژی تیایـدا، صۆفی و شیعەکان ئەوانە تۆمەتبار دەکەن کە ئامۆژگاریان دەکـەن بـەوەی کـار بـۆ بەرژەوەنـدی وەهابیـەکان دەکـەن، بەهەمان شێوە وەهابیەکانیش ئەوانەی ئامۆژگاریان دەکەن بەوە تۆمەتبار دەکەن کە گۆڕ پەرستن و کار بۆ بەرژەوەندی صۆفی و شیعەکان دەکەن تەنانەت کار بۆ هاوبەشدانانی گەورە دەکـەن، جا بـەو هۆیـە تیـۆری پیلان گێڕی و گومان هەبوون لە نیەتی ئـەوانی تـر دەمێنێتـەوەو هـەر دەشـبێت لـەکاتی گفتوگۆکانمـان، تـا زیاد ڕۆچوون و زیاد ڕۆچوونی پێچەوانە بوونیان هەبێت لە گفتوگۆکانمان دا.

[2] _ واتە: واتای (لا اله الا الله). (وەرگێڕ).

قورئانی بێت لەوەی پەرستش تەنها بۆ خوا بکرێت، بەڵێ ئەوان تەئویلی خۆیان هەیە کە تەبەڕوك و تەوەسول دژو پێچەوانەی شایەتمان نین، ئەمەش شتێکی ترە.

زانایەك بێت گومانی ئەوە ببات کە (لا اله الا الله) تەنها مانای بریتیە لەوەی کە (تەنها خوا بەدیهێنەرو ڕۆزیدەرە) لەگەڵ ئەوەشدا بە دروستی بزانێ کە پەرستش بۆ جگەلە خوا بکرێت، بەڕاستی من گومان نابەم کە زانایەکی عاقڵ و ژیر ئەم قسەیە بکات و ئاوا بیر بکاتەوە، هەر کەسێکیش ئاوا بیر بکاتەوە، ئەوا پێویستە لەسەری بەڵگەی گومان بڕ بخاتەڕوو.

**تێبینی یازدەم:**

شێخ لە (لا: ١٥، ١٦) دا ئەوەی باس کردووە: کە دەکرێت دوژمنانی خوا بەیەکزانین (التوحید) خاوەنی زانست و زانیاری و بەڵگە بن و ڕەوانبێژو زمان پاراو بن... ئەمە ئیعترافێکە کە شێخ خۆی دانی پێداناوە لە کاتی قسەکردن لەبارەی دژەڕاکانی لە زانایانی سەردەمی خۆی کە لەنەجدو حیجازو شام بوون ... وە لەگەڵ[1] ئەوانەدا کەسانی زاناو شارەزاو ژیربێژ هەن کەچی پێش ئێستاش شێخ نکوڵی دەکرد لەوەی کە ئەوانە مانای (لا اله الا الله) بزانن!!.

**تێبینی دوازدەم:**

شێخ لە (لا: ١٧) دەڵێت:(تەنانەت یەك کەسی سادە و ساکار لە خوا بەیەکزانان زاڵ دەبێت بەسەر هەزار زانا لەو هاوبەشدانەرو موشریکانە)!!

---

[1] _ شێخ لە جارێك زیاتر دووبارەی کردووەتەوە کە ڕاجیایی ئەو لەگەڵ کەسانی هەڵکەوتوو شارەزاو لێهاتووە نەوەك لەگەڵ کەسانی سادەو ساکار.

دەڵێم: ئەمە تەكفیری ئاشكراو و دیارە بۆ زۆرێ لە زانایان و شتێكی دەگمەنـە كـە ئەو ڕێژە گەورەیە (هـەزار)! زانـای بـێ بـاوەڕ لەیـەك شـاردا هـەبن؛ ئەمـە زۆر گرنگـە بزانـە، چـونكە ئەمـە یەكێكـە لـە بەڵگـەی ئـەو كەسـانەی كـە شـێخ تۆمـەتبار دەكـەن بـەوەی كـە شـێخ ئـەو كەسـانە تـەكفیر دەكـات كـە شـوێنی شـێخ نەكـەون! و شـێخ و شـوێنكەوتووانی دەڵـێن: پـەنا بـەخوا لـەوەی كـە موسـڵمانان تـەكفیر بكـەین، ئەمـە ووتەیـەكی گشـتیە بـەڵام كێشـەكە لەوەدایـە كـە كەسـی موسـڵمان لـەلای ئـەوان ئـەو موسڵمانە نیە كە لەلای تێكڕایی موسڵمانانی تر بە موسڵمان دادەنرێت، بـەڵكو كەسـی موسڵمان لەلای شێخ و شوێنكەوتووانی كۆمەڵێك مەرجی درێژو پان و پۆڕی هـەن كـە هەر مەرجەی چەندین لق و پۆپی هەیە، بۆیە ناچارن بـەر لـە خـەڵكی سادەو ساكار ئەوا لەگەڵ زانایان جیاوازیان هەبێت لەسەر ئەم مەرجانە، ئینجا دەربڕینی شایەتمان بەس نیە بۆ ئـەوەی كەسی بـێ بـاوەڕ لـە بازنـەی بـێ بـاوەڕی بباتـەوە دەرەوە، دواتـر زانینی چەند مەرجێك جگەلە چەند مەرجێكی تر ئەوا نابێتە هۆی موسڵمان بـوونی كەسی بێ باوەڕ و بۆ لێكدانەوەو تەفسیر كردنی هەنـدێ مـەرج ئـەوا پێویسـتە ئـەوەی بە كاری تەفسیر كردنەكـە هەڵدەسـتێت شـوێنی شـێخ بكـەوێت، وای لێهـاتووە كـە ئـەو مەرجانـــە بـــە لـــق و پۆپەكانیانـــەوە لـــە هـــیچ كەســـێك نایەنـــەجێ تـــەنیا لـــە شـــوێنكەوتووەكانی شـــێخ دا نـــەبێت _ وەك لـــەو نمونـــەی داهـــاتوودا بـــە بەڵگـــە دەیسەلمێنین _ ئەمـە بەڕاسـتی ئـاڵۆز كردنـی ئـەو شـتانەیە كـە خـوای گـەورە ئاسـانی كردووە، دواتر كەم و كورتی و كرچ و كاڵی هزری هـیچ موسـڵمانێك لێـی خـاڵی نابێـت ئەگەر چی هاوەڵانی پێغەمبەریش بـن ئـەوا شـتی وا بەخـەیاڵیان داهـاتووە ئەگـەر لـە ئاسمانەوە فڕێبدرێتـە خـوارەوەی ئـەوا بۆیـان ئاسـانتر دەبـوو لـە دەربڕینـی، تەنانـەت شوێنكەوتوان (تابیعن)یش گەیشوونەتە دەیـان هـاوەڵی بـەڕێز كەچـی ئـەو هاوەڵانـە لەخۆیان ترساون نەوەك دەغەڵ و دووڕو بن، چـونكە ئەندێشـە و گومـان و پرسـیاری

سەر سورهێنەرو هەڵە لە هەڵسوکەوتدا شتێکی ئاساییە، تەنانەت هیچ موسڵمانێ لێی ڕزگار نابێت.

**تێبینی سێزدەم:**

شێخ لە (لا: ١٩) دەڵێت:( هەندێ شتت بۆ باس دەکەم لەو شتانەی کە خوای گەورە باسی کردووە لە پەرتووکەکەیدا ، لەوەڵامی[1]قسەی ئەو هاوبەشدانەرانەی سەردەمی خۆمان کە بە بەڵگە دەیهێننەوە لە دژمان......)!!.

دەڵێم: ئای دەبێت ئەو هاوبەشدانەرانە کێ بن کە قوڵ بوونەتەوەو ڕۆچوو وون لە ناو بەڵگەکانی قورئان و سوننەتدا لەگەڵ ئەو ڕوونبێژی و زانستەی هەیانە و ئەو بەڵگانەش کە دەیخەنەڕوو....؟! ئایا ئەو زانایانە نین کە ڕاجیان لەگەڵ شێخ دا لە بانگەشەی تەکفیر کردنی دژەڕاکانی شێخ لە کەسانی زاناو سادە؟ بێ گومان تەکفیری ڕاشکاوی ئەوانەی تێدایە کە ڕاجیان لەگەڵ شێخدا کە ناویان دەبەین بە (دوژمنانی بانگەواز) یان (دوژمنانی ئیسلام)!! ئەمە بەڕاستی ستەمە، چونکە کاری شێخ بەرپەرچدانەوەی موسڵمانان بووە نەوەك بەرپەرچدانەوەی بێ باوەڕو هاوبەشدانەران، ئەمەش پەیام و پەرتووکەکانی کە هیچ نازناوێکی هاوبەشدانەرو بێ باوەڕێکی تێدا نیە بەڵکو تەنیا نازناوی زانایانی موسڵمانانی سەردەمی ئەوی تێدایە وەك: (ئیبن فەیروز)، (موربدی تەمیمی) و دوو کوڕەکانی سەحیم سولەیمان و عەبدوڵڵا، (عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵەتیف)، (موحەمەدی کوڕی سولەیمانی مەدەنی)، (عەبدوڵڵای کوڕی داودی زوبەیری)، (حەدادی حەظرەمی)، (سولەیمانی کوڕی عەبدولوەهاب)، (ئیبن عەفالق)، (قاضی طالیبی حەمیضي)، (ئەحمەدی کوڕی

[1]_ مەبەستی قورئانی پیرۆزە. (وەرگێڕ).

یەحیا)، (صالحی کوڕی عەبدوڵلا)، (ئـیبن مـوطلق)، جگەلەوانـەش ئـەو زانایانـەی کـە شێخ نازناوی (هاوبەشدانەرانی سەردەمی خۆمان)ی بۆیان بەکاردێنێت.

زانایـانی بانگـەوازی وەهابیـەت لـە دوای شـێخ هـەر بـەردەوام بـوون لـە تـەکفیرو تۆمـەتبار کردنـی موسـڵمانان بـە بیدعـەت تـا گەیشـتە ئـەو ئاسـتەی ژمارەیـەکی تـری زانایانی موسڵمانانیان تەکفیر کرد_ کە هەڵەیان کردبوو نەوەك کوفر _ لە سـەردەمی دەوڵـەتی دووەمـی سـعودیە وەك (ئـیبن سـەلوم) و (عوسمـانی کـوڕی سـند) و (ئـیبن مەنصـور) و (ئـیبن حەمیـد) و (ئەحمـەدی کـوڕی دحـلان المکـی) و (داودی کـوڕی جرجیس) و جگەلەوانیش.

لـە سـەدەی چـواردەمی کۆچـیش تـەکفیرو تۆمـەتبار کـردن بـە بیدعەتچـیەتی بەردەوام بوو بەرامبـەر زۆرێـك[1] لـە زانایـانی سـەردەم _ کـە هەڵـە دەکـەن وەك چۆن ئێمەش هەڵە دەکەین _ وەك: (کەوسەری و ئەبو غەدە و محەممەد حوسـەین فـەزلوڵا و دەجـەوی و شـەلتوت و ئـەبی زەهـرە و غـەزالی و قـەرزاوی و تـەنتاوی و بـۆتی و عەبـدوڵلا و ئەحمـەدی غـەماریین و حـەبیب ڕەحمـانی ئـەعزەمی و کوبەیسـی و عەبـدلقادری بـەیحانی و عەبـدلڕەحیم تـەحان و جگەلـەوانیش)، گـەر بکرایـە ئـەوا لەبارەی ئەوانەوە دەڵێین (هاوبەشدانەرانی سەردەمەکەمان) هەروەك واش وتراوە!!.

ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کە تەنیا دوو شت هەن کە بتوانن تەکفیرو تۆمـەتبار کردنی موسڵمانان بە بیدعەتچیەتی بوەستێنن ئەوانیش بریتین لە: لایەنی حوکمڕان و دەسەڵاتدار یان دەستەوەسانی و بێ توانـایی، ئینجا ئەگـەر ئـەو دوو ڕێگـرو پەرچـە

[1]_ دەڵێم (تەکفیر کردنیان و بە بیدعەتچی وەسف کردنیان) چونکە هەنـدێ لـە وەهابیـەکان تـەنیا تـەکفیر دەکەن و بەس و هەندێکیشیان تەنیا خەڵکی تاوانبار دەکەن بەوەی کە بیدعەتچین، هەر دوو ئاراستەکەش یـەك دەرەنجـامی هەیـە، چـونکە بیدعەتچـی لەلایـەن وەهابیـەکان دۆزەخییـە، لـە دەسـتەو تاقمـە لەناوچووەکانە! بیدعەتچی لەلای ئەوان شیاوی کوشتنە لە پاش تەوبەکردن، بیدعەت لەلای ئەوان ئەوەندە فراوان پان و پۆڕە تەنانەت بەزەیی و ڕەحم هاتنیش بە موسڵمانان بە بیدعەت دەزانن.

نەبوونایـە ئـەوا هـیـچ یـەکێك نـەدەما کـە تۆمـەتباری نەکـەین بـە کـوفرێ یـان بـە بیدعەیەکی کوفرییەوە! ئەوسا داوای تەوبەمان لێ دەکرد و کوشتنیشی ئاسان دەبـوو، چونکە خەڵکی بە ئازادی لە دایك بوونە.

پێویسـتە لەسـەر زانایـان و زانسـتخوازان، کـە یەکـەم کـەس بـن لـە خـەڵکی کـە مافەکانی موسڵمانان بەتەواوی بزانن، ڕاسپاردە و ڕێنمـایی پێغەمبـەر (صـلی الله علیـە وسلم) لە بەرچاو بگرین کە لە حەجیماڵاواییدا خستیەڕوو (بەڕاسـتی خـوێن و مـاڵ و سەروەت و شەرف و ناموستان لەسەر یـەك حەرامـە، وەك حـەرامی ئـەو ڕۆژەو ئـەو شارەو ئەو مانگەی کە تێیدان)، ئەمە دوایین ڕاسپاردەیە کە پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) بڵاوی کـردەوە لـە نـاو زیـاتر لـە سـەد هـەزار موسـڵمان، زانایـانیش زیـاتر لـە دەسـەڵاتدارەکان ئـەو ڕاسـپاردەیە بـە ووشـەو دەربـڕین و سـەنەدەکانیەوە[1] دەناسـن و ئەمە ئـەو پـەڕی شلڕەوی و کـەم ڕەویـی و ساختەکارییە لـە دیـن دەکـرێ کاتێـك کـە زانایان هەڵنەسن بە هەڵوێست وەرگرتن لەسـەر شـکاندنی ئـەو ئامۆژگارییـە گەورەیـە کەچی حوکمڕانان پێی هەڵسن .[2]

---

[1]_ (الأسانيد) کۆی (السند)ە. وە سەنەد لە زمانەوانیدا بریتیە لە:(سند اليه يسند سنودا): واتەی درایە پاڵی و پیشتی پێبەستی، (و سند الشئ سندا): واتە بۆیی کرد بە پشتگیرو کۆڵەگە و ڕاگرێك کە پشتی پێ دەبەستێ.

لە زاراوەی فەرموودەناسان دا بریتیە لە: ئەو ڕێگەیەی کە دەق (متن)ەکەی پێ دەگەیەنرێت، واتە بریتیە لە زنجیرەی ئەو کەسانەی کە دەقەکە دەگەیەنن، بۆیەش ناونراوە سەنەد لەبەر ئەوەی ئەوانەی دەقەکە لەبەر دەکەن (الحفاظ) لە صەحیح بوون و لاواز بوونی دا پیشتی پێ دەبەستن. (وەرگێڕ: بۆ نوسینی ئەم پێناسەیە سودم وەرگرت لە: مباحث في علوم الحدبث: مناع القطان).

[2]_ زۆرێك لە دەسەڵاتدارانی موسڵمانان خۆ دوور ناگرن لە ڕژاندانی خوێنی پـارێزراو بـەڵکو لەبەرچاویشـی ناگرن، بەڵام بێ گومان ئێستا کەمتر بانگەشە دەکەن بۆ ڕشتنی خـوێنی زۆرێـك لـە زانایـان و زانسـتخوازان، چونکە دەستورو ڕێسایی دەوڵەتەکان جەخت کردنەوەیەکی زۆری تێدایە لەسەر مافەکانی مرۆڤ لەو کتێبـە عەقیدەییانەی کە دەخوێنرێن و زۆرێك لە زانایانیش دەیخوێننەوە.

**تێبینی چواردەم:**

شـێخ لـە (لا: ١٢) دەڵێـت :(ئـەوەی بـۆ[1] مـن باسـت كـرد و خسـتتەڕو ئـەی هاوبەشدانەر!! لـە قورئـان و فەرمایشتی پێغەمبـەر (صلی الله علیـه وسلم) ئـەوا مـن واتاكەی نازانم...)!!.

دەڵـێم: سـەیرە دەبێـت چ كەسـێك بێـت بەڵگـەی قورئـان و سـوننەتی پێیـە و دەیهێنێتەوە لە بەرامبەر شـێخ و شـوێنكەوتووانی؟! ئەمـە چ جـۆرە هاوبەشـدانەرێكی باش و چاكە؟!.

**تێبینی پازدەم:**

شـێخ لـە (لا: ٢٣) دەڵێت:(دوژمنـانی خـوا (بەوشـێوەیە!) چـەندین ئیعترافـاتی زۆریان بەدەستە كە بەهۆیەوە ڕێگری لە خەڵكی دەكەن وەك ئەو ووتـەیان كـە دەڵـێن هاوبەش بۆ خوا ئەنجام نادەین، بەڵكو شایەتی دەدەیـن كـە تـەنها خـوای گەورەیـە كـە هاوبەش و هاووێنەی نیە و تەنها خۆیشی بەدیهێنەرو ڕۆزیدەرو سود گەیەنەرو زیـان گەیەنەرە و موحەمەدیش _ سەلامی لێبێت _ هیچ سوود و زیانی بۆ خۆی بەدەست نیـە چ جـای عەبـدولقادر یـاخود جگەلـەویش بـەڵام مـن تاوانبـارم و پیاوچـاكانیش لەلایـەن خـوا گـەورە ڕێـزو نـازو پلـەو پایـەیان هەیـە بۆیـە بـەهۆی ئەوانـەوە لـەخوا

[1] _ لێرەدا یەكێ لە شوێنكەوتووانی فێر دەكات كە بـەو شـێوەیە بـە دژەڕاكـانی بڵێت:(ئـەوەی بـۆ مـن باسـت كردوو خستتەڕوو ئـەی هاوبەشـدانەر!! ...)، ئەمـەش بەشـێوەیەكی گشـتی فێـری تـەكفیری دەكات و وەسـف كردنی دژەڕاكانە بە هاوبەشدانەر! كتێبی (كشف الشبهات) لە بنچینەدا بـۆ ئـەوە دانـراوە تـا خـەڵكی سـادەو ساكار فێری عەقیدە بكرێ و فێری شێوازی گفتوگۆ ببن لەگەڵ دژەڕاكانیان لـە (هاوبەشـدانەران)! ئەوانـەی بەڵگە بـە (قورئـان و سـوننەت) دێننـەوە و لـەناوەوەی (دوورگـەی عەرەبیـدان)! جـا ئەمـە دەبـێ چ جـۆرە هاوبەشدانانێك بێت؟؟!.

دەپارێمەوە، جا وەڵامی ئـەو جـۆرە کەسـانە بـدەرەوە بـەوەی کـە ئەوانـەی پێغەمبـەر (صلى الله عليه وسلم) جەنگی لەگەڵ کردن لەبـەر ئـەو شـتانەبوو کـە تـۆ دەیکـەیت و ئەو بێ باوەڕانە دان دەنێن بەوەی کە بتەکان مشوری هیچ شتێك ناگێڕن بەڵکو تـەنها پلەو پایەیان هەیە و داوای شەفاعەتیان لێ دەخوازن.....).

دەڵێم: ئەمـە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە شـێخ تـەکفیرو جـەنگ کردنـی لەگـەڵ ئەوانـە بـەرەواو دروسـت زانیـوە کـە ڕاو بۆچـوونی ڕابردوویـان هەیـە (لەسـەر ئـەو شـتانەی باسمـان کـردن ) و شـێخ بەهاوبـەش دانـەریان دەزانێـت بـەوەی هاوبەشـی گەورەیان بۆ خـوا بڕیـارداوە؛ وەك هاوبەشـدانانی بـێ بـاوەڕانی قـوڕەیش کـە ئەمـەش سەرچاوەو چاوگی تەکفیرە، کەچی گەورەترین حاڵەتیان ئەوەیـە کـە بیدعەتچـی بـن، دروستیش نیـە کەسـی بیدعەتچی تـەکفیر بکـرێ چ جـای بکـوژرێ، ئینجـا بەدرێـژایی مێـژوو هـەموو ئـەو بیدعەتچیانەی کـە کـوژراون تـەنها لەبـەر بـارودۆخی سیاسـی کوژراون؛ ئەمەش ئەو کەسە دەزانێ کە لێکۆڵینەوەی هەبێ لەسەر مێژوو . [2]

**تێبینی شانزدەم:**

شێخ لە (لا: ٢٤) دەڵێت:(ئەگەر هاتوو دانی نا _ ئەوەی پـەیڕەو جیـاوازە لەگـەڵ شـێخ _ بـەوەی کـە بـێ بـاوەڕان شـایەتی ئـەوە دەدەن کـە تـەنها خـوای گـەورە پەروەردگاری کامڵ و تەواوە!! وە ئەوان لەو کارەیانـدا تـەنها مەبەسـتیان شـەفاعەت و

---

[1]_ (وەرگێڕ).

[2]_ لەم بارەوە فراوانتر دواوم لە کتێبی:(کتاب العقائد) ئەوسا گومانبەر وا گومان نەبات کـە خالـدی قسـری و حەجاج و هاووێنەکانیان ئەوانەی کە کەعبەی پیرۆزیان سووتاند و پیاوچاکانیان دەکوشت ئەو سـتەمکارانە لەبەر سوور بوونیان بووە لەسەر دین خەڵکیان کوشتووە!!.

تکاکردن بووە، ئەگەر ویستی جیاوازی بکات لە نێوان کاری بێ باوەڕان و کاری خۆیان بەوەی کە باس لە :(نوێژو ڕۆژوو و چاکێتیان بکات بە پێچەوانەی بێ باوەڕان) ئەوسا بۆی باس بکە  کە لە ناو بێ باوەڕانیش دا کەسانێ هەن کە لە پیاوچاکان و ئەولیاکان دەپاڕێنەوە...).

دەڵێم: بێ باوەڕان بڕوایان نیە بە بەشێ لە پەروەردگاریێتی و بە تێکڕایی پەرستراوێتی، ئەوان بت دەپەرستن و ئەو پەرستنەشیان کورت هەڵنەهێناوە لە داواکردن (داواکردنی تکاو شەفاعەت بەتەنها)، جا ئەوان کە دانیاننــاوە بە بەشێ لە پەروەردگاریێتی ئەوا بەهۆی گومان بڕی ئەو بابەتە بووە نەوەك ئیمانیان پێی هەبێت یاخود ئەمە دانپێنان و قسەی هەندێکیانە، چونکە چەسپاوە کە هەندێکیان ڕۆژگار پەرست بوون و نکۆڵیشیان دەکرد لە زیندووبوونەوە.

بەڵام موسڵمانان کورنوش تەنهاو تەنها بۆ خوای گەورە دەبەن و بە تاك و تەنیایی دەیپەرستن، دەکرێ هەندێ نەزانن یاخود هەندێ کەس تەئویل بکەن کە دروستە تەوەسول بکەی و داوای شەفاعەت لە پیاوچاکان بکەی لەلایەن پەروەردگار، ئینجا چ زیندو یاخود مردوو بن، بەهۆی ئەو ڕێزو پلەو پایەی کە هەیانە لە خوای گەورە بپاڕێتەوە، ئەگەر ئەو پیاوچاکانە بۆ ئەوان بپاڕێنەوە ئەوا سوودیان پێدەگەیەنن بە ویستی خوا نەوەك سەربەخۆ سوود بگەیەنن بەبێ ویستی خوا  جا بەڕاستی ئەمە زۆر جیایە لەوەی بێ باوەڕان.

---

[1]_ شێخ گفتۆگۆ دەکات لەگەڵ شوێنکەوتووانی ئەوانەی کە خوێنەری ئەو کتێبەن، ئەوانە بەبێ گومان فێری تەکفیر دەبن بەمەرجێ شوێنکەوتووی شێخ بن، ئایا دروستە کەسێ پێچەوانەی ئەم ڕاو بۆچوونە ڕایەکی تر دەربڕێت؟ لە نێوەندە وەهابی و سەلەفیەکان؟ من گومانی ئەوە نابەم کە زۆربەی خوێنەرانی کتێبەکە شوێنکەوتووانی شێخ بن.

[2]_ هەتا زیاد ڕۆچووە صۆفیەکانیش ئەوانەی کە بەڕەوای دەزانن کە وەلی توانای زیندوو کردنەوەی مردووی هەیە _ سەرباری پڕو پوچی و بێ بنەمایی ئەو قسەیە _ ئەوا ناڵێن کە ئەو کارە وەلی

**ئینجا بوونی ڕووی وێکچوون  له نێوان بێ[1] باوەڕان و موسڵمانانی ئێستای سەردەم _ ئەگەر ملکەچی تێڕوانینی شێخ بووین _ ئەوا هەر دوورتره لەو وێکچونەی کە لە نێوان خەواریجەکان و شوێنکەوتووانی شێخ دا هەیە، جا ڕووی وێکچوونیان لە تەکفیرو سەرتاشین و حەڵاڵ کردنی خوێنی موسڵمانان.... تاد ئەو شتانەی گەورەترو دیارترن.**

**ئەو بەڵگەیەی کە خەواریجەکان دەیانهێناوە لە بەرامبەر ئیمامی عەلی _ خوا لێی ڕازی بێت _ نزیکە لەو بەڵگەیەی کە وەهابیەکان لە بەرامبەر دژەڕاکانیان دەهێننەوە، خەواریجەکان دیدو بۆچوونیان وابوو کە پێویستە حوکم هەر هی خوا بێت:**﴿... إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ...﴾**!! واتە: حوکم و فەرمانڕەوایی (هەموو شت) هەر بەدەست خوایە. ئەمەش دەربڕین و ووشەیەکی ڕاست و دروستە بەڵام مەبەستێکی**

---

بەدەسەڵاتی خۆی دەکات و بەبێ ویست و ڕەزامەندی خوای گەورە!! تەنانەت زیاد ڕۆچووە شیعەکانیش ئەوانەی کە بۆچوونیان وایە کە پێشەواکانی ئالوبەیت خاوەنی ویلایەتی تەکوینینە و گەردیلەکانی بوونەوەریان بۆ ڕام و دەستەمۆ دەبن ئەوا نالێن ئەمە ڕوودەدات بەتەنیاو دوور لە ویستی خوای گەورە، بەڵکو زیاد ڕۆچووەکان لە صۆفی و شیعەکان واگومان دەبەن کە خوای گەورە ئەوەی داوە بە ئەولیاو پێشەواکانیان کە تواناو هێزیان بەسەر ئەو شتانەدا بشکێت بەویستی خوای گەورە= =هەروەك توانای داوە بە پێغەمبەران وەکو عیسا _ سەلامی لێبێت _ لە سەر دروست کردنی شێوەی باڵندە لە قوڕ دواتر بوونی بەباڵندەی حەقیقی و زیندوو کردنەوەی مردووان و چاکردنەوەی کوێری زکماك و بەڵەکی بە ویست و ڕەزامەندی خوای گەورە، وەك توانای داوە بەهەندێك لە ئەولیاکان وەك هاوەڵی پێغەمبەر سولەیمان کە تەخت و عەرشی شاژنە بەلقیسی لەیەك چرکە و چاوتروکانێکدا بهێنێت بەڵام ئەمەش هەر بەویستی خوا بوو، ئەم قسەو بۆچوونانە سەرباری بێ بنەماییان ئەوا هەر پاڵی دەدەنە لای هێزو ویست و دەسەڵاتی خوای مەزن کە هەندێ شت وەك ڕێز بە بەندەکانی دەبەخشێت لە پێغەمبەران و ئەولیاکان و قسەو کتێب و دانراویان لەوبارەوە هەیە و بەڵگەی سەیرو سەمەرە دەخەنەڕوو ئەو بەڵگانەی کە ڕوون و دیارو یەکلای بووەوەن فەرامۆش دەکەن بۆ ئەو بەڵگانەی کە ناڕوونن و بەزۆرە ملێی بەڵگە بەکاردێنن دوور لەشوێنی خۆی ئەمەش وەك کاری وەهابیەکان لە تەکفیردا لەگەڵ بوونی جیاوازییەکی زۆر لە ڕێژەی هەڵەکەدا.

[1] _ واتە: بوونی چەند سیفەت و تایبەتمەندیەکی هاوبەش کە لە بێ باوەڕو موسڵمانان دا هەبێت. (وەرگێڕ).

پـڕو پوچـی لـه پشـتەوەیە، ئەمـەش وەك ئـەو ووتەیـەی وەهابیەکانـە کـە هـەر وا گومانیان بردووەو دەڵێن:(کە خوێن ڕشتن _ قوربانی _ و تەوەسول و داوای یارمـەتی تەنها بۆخواو لەپێناو خوایە.....تاد). ئەمە لە بنچینەدا ڕاستە بـەڵام دەکـرێ هەنـدێ وێنـە هـەبن لـە جێبـەجێ کردنـی کـە دەردەچێت لـەو حوکمـە ڕەهایـە، جـا کـەمترین حاڵەت ئەوەیە کە چەند هەڵسوکەوت کردنێکی هەڵە هەبن بۆ ئـەو حوکمـە ڕەهایـەی پێشوو، کە هەندێکیان دەکەن بەهۆی نەزانین یان بەهۆی تەئویلەوە، جا ئـەم ڕەفتـارو هەڵسوکەوتانەش موسـڵمان ناباتـە نـاو خانـەی بـێ باوەڕییـەوە تـا پـەرچ و ڕێگرەکـان لادەچن و بەڵگەی لەسەر بەرپا دەبێت.

هەتا نەزانی و تەئویل کردن لە گۆڕێ بن ئـەوا هـیچ بەڵگەیـەك لەسـەریان بـەرپا نابێت، مادام کەسی نەزان و تەئویلکار دان دەنێت بەوەی کە ئەو موسڵمانە و نکۆڵیش ناکات لە حوکمێکی یەکلابوو و کە موسڵمانان لەسەری کۆك و یەکدەنگن وەکو واجب بوونی نوێژو چاکە کـردن لەگـەڵ دایـك و بـاوك و دانـی زەکـات و بـە ڕۆژوو بـوون لـە مانگی ڕەمەزان... یاخود حەڕام بوونی ستەم و درۆ و ساختە و کوشتنی ئەو نەفسـەی کـە خـوای گـەورە حـەڕامی کـردووە... تـاد، تەنانـەت ئـەو کەسـەی کـە بەتـەنیا خـۆی هەڵدەگەڕێتەوە بەڕاشکاوی ئەوا زانایان لـە سـەر پێویسـت بـوونی کوشـتنی یەکـدەنگ نین، چـونکە ئـەو فەرموودەیـەی لـەو بـارەوە هـاتووە لاوازەو پێغەمبـەریش (صـلی الله علیـە وسـلم) بەپێچـەوانەی فـەرموودەی ناوبراوهەڵسوکەوت کـاری کـردووە _ پێشـتر بەدرێژی باس کرا _ ئینجا چۆن بەهۆی بەدواداچوونی شـێخ بـۆ ئـەو مەسـەلە چـڕو تەسکانە دەکرێت کە هەڵەکانی زیاترن لە ڕاستەکانی، وای لێهـاتووە کـە هـیچ زانایـەك لـە زاناکـانی پێشـوو ئـەوانی دوای ئـەوانیش لەگـەڵ شـێخ ڕێـك نەکـەوتوون مەگـەر ئەوانـەی شـوێنکەوتووی ئـەون، لـە دیـارترینی ئەمانـەش دابـەش کردنـی دوورگـەی عەرەبیە بۆ وڵاتی کوفرو وڵاتی ئیسلام لەبەر بـوونی چـەند بیدعـەتێك لێـرەو لـەوێ،

**ئەم حوکم و دەرەنجامە هیچ یەکێك لە پێش شێخ دا پێی نەگەیشتووە نە ئەحمەد[1]ی کوڕی حەنبەل و نە ئیبن تەیمیە و جگەلەوانەش کە مەیدانی تەکفیریان زۆرتر فراوان کردبوو، بوونی بیدعەت لە سەردەمی ئەواندا بەو ئەندازەیە بوو کە لە سەردەمی شێخ دا هەبووە، وەك ئەو زانایانەش کە باسمان کردن جگەلە شێخ موحەمەد لە تەکفیری جۆری کردارو گوفتار تەنانەت کەسانی دیاری کراویش پەکیان نەکەوتووە بەڵام سەرەڕای ئەوەش جیهانی ئیسلامیان دابەش نەکرد بۆ وڵاتی کوفرو وڵاتی ئیسلام، بەڵکو ئەمە لە تاك ئاکارو تایبەتمەندییە گەورەکانی وەهابیەتن، کە پێشتر هیچ یەکێك وای بۆ نەچووەو دەستپێشخەری بۆ ئەو حوکمەی نەکردووە تەنها دەستەو تاقمی ئەزارقە نەبێت لە خەواریجەکان .[2]**

---

[1] _ واتە: ئەو جۆرە حوکمەی دەرنەکردووە. (وەرگێڕ).

[2] _ تاقمی ئەزارقەکان دەگەڕێتەوە سەر (نافعی کوڕی ئەزرەقی حەنەفی)، کە توندترین دەستەو تاقمی خەواریجەکان بوون، بەو سیفەتانەی خوارەوە لە خەواریجەکان جیا دەکرێنەوە: خۆپاراستن و خۆپاکگرتن لە دانیشتن و تاقیکردنەوەی ئەو کەسەی کە سەرەتایە و نیازیەتی بچێتە ناو سەربازگەی دژەڕاکانی و تەکفیر کردنی تێکڕایی ئەوانەی کە کۆچ ناکەن بۆ لای ئەوان، ئەوەی لە وڵاتی کافران بمێنێتەوە ئەویش کافرە، (جا بەڕاستی ئەم تایبەتمەندیانە بەهەمان شێوە لە وەهابیەتدا هەن) دیدو بۆچوون و چەند تایبەتمەندی تری عەقیدەیی تریشیان هەیە.... بەڵام ئەوەی بگەڕێتەوە چاو بە عەقیدەی خەواریجەکان بخشێنێت ئەوا دەزانێت و بۆی دەردەکەوێت کە زۆربەیان هەندێ سیفەتی میانڕەویان تێدایە کە لە هەندێك لە وەهابی و سەلەفیەکاندا نیە تەنانەت لەلایەن زۆربەی ئەهلی سوننە نیە، هەروەك ئەو ووتەی خەواریجەکان کە دەڵێن خەلافەت مافێکە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە مەرجەکانی خەلیفەیان تێدا دێتەجێ و شیاوی ئەوەیە ببێت بە حوکمڕان و دەسەڵاتداری موسڵمانان= =بەبێ ئەوەی خەلیفایەتی تایبەت بکرێ بە ڕەگەزی قوڕەیش، ڕێپێدانی هەندێك لە خەواریجەکان _ وەکو هاوەڵانی شبیب _ بەوەی کە ئافرەت دەسەڵات بگرێتە دەست و یەکدەنگیان _ جگەلە تاقمی نەجدات نەبێت _ لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە ئەو کەسەی گوناهی گەورە ئەنجام دەدات بەبەردەوامی سزای نادات (ئەمە پێچەوانەی ئەوەیە کە ئێمە لەبارەی ئەوان بڵاوی دەکەینەوە کەچی تەنها ڕای تاقمێکیانە)، نەزانینیان بە پاساو و پەرچ (مانع) دادە نا، دەستەو تاقمی نەجدات نەزانینیان بە پاساو دادەنا دەیان ووت:(دین خۆی لە دوو شتدا دەبینێتەوە: یەکەمیان بریتیە لە ناسینی خواو نێردراوەکانی و بەقەدەغە زانینی خوێن و سەروەت و

**تێبینی حەڤدەم:**

شێخ لە (لا: ٢٦) دەڵێت:(ئەگەر ووتی _ ئەوەی دژەڕای شێخە _ بێ باوەڕان تەنها شەفاعەت و تکایان لێ دەوێت_ واتە شەفاعەت و تکا لە بتەکان دەخوازن _ منیش شایەتی دەدەم کە تەنیا خوای گەورە سوود و زیان دەگەینێت و مشورگێڕەو تەنها داوای شت لەو دەکەین و پیاوچاکان هیچ شتیان بەدەست نیە بەڵکو هیواخوازی تکاکاری و شەفاعەتی ئەوانم لەلایەن خوای گەورە، ئەو کاتە وەڵامی بدەرەوە بەم جۆرە: بێگومان ئەمە هەمان قسەو ووتەی بێ باوەڕانە و هیچ جیاوازیەکی نیە!!)!.

دەڵێم: ئەوەی قسەی ڕابردوو دەڵێت _ واتە ئەو کەسەی شەفاعەتکاری و تەوەسول بە ڕەوا دەزانێت _ نابێتە بێ[١] باوەڕ بەم قسەیەی، چونکە یان تەئویل دەکات یان ئەوەتا نەزانە _ شێخ بەبێ باوەڕی دادەنێت _ بەهۆی ئەوەی لەشتێکی

---

سامانی موسڵمانان و داننان بە تێکڕایی ئەو شتانەی کە لەلایەن خوای گەورەوە هاتووە، جا ئەمەش واجبەو جگەلەوەش خەڵکە تێیدا بوردراون بەهۆی نەزانینیانەوە تا ئەو کاتەی بەڵگەیەك دەبێت لەسەری، ....... هەر کەسێ هەندێك شت حەڵاڵ بکات لەڕێی کۆشش (اجتهاد)ەوە کە دەکرێ حەڕام یان قەدەغە کراو بن ئەوا بوراوە لەو کارەیدا..... وە ئیباضیەکان تێڕوانینیان وایە وڵاتی دژەڕاکانیان وڵاتی موسڵمانانە تەنها سەربازگەی حوکمڕانەکە نەبێت _ ئەم حوکمەشیان باشترو سادەترە لە قسەی وەهابیەکان _ تەنانەت شایەتی ئەو کەسانەشیان قبوڵ کرد کە دژەڕایان بوون لە سەر هاوەڵانی خۆیان)....تاد، وێنە و نمونەی ئەو قسانە (کە هی خەڵکێکن کە خەواریجن) هەندێ میانڕەوییان تێدایە کە هەندێکی لەلایەن سەلەفیەکانەوە بەدی ناکەین، ئینجا بۆچی ئەوان ناشرین بکرێن و هەموویان پابەند بکەین بەقسەی هەندێکیانەوە و هەڵەکانیشمان وامان لێبکات کە بەکافریان بزانین و خوێنی موسڵمانان حەڵاڵ بکەین؟ (بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی عەقیدەی خەواریجەکان بەتایبەتیش ئەو شتانەی کە لەبارەی دەستەو تاقمی ئەزاریقەکان خستمەڕوو سەیری: مقالات الاسلاميين:ی ئیمامی ئەشعەری بکە(١/ ١٦٧). کە تێکگیراوە لە خستنەڕووی هەندێك لە قسەکانیان).

[١] _ (وەرگێڕ).

لاوەکی و سادەدا لەگەڵ کافراندا یەکدەگرێت ئەوە مانای وانیە ئێمە ئەو موسڵمانانە و بێ باوەڕان وەك یەك ئەژمار بکەین یاخود بڵێین یەك حوکم و سزایان هەیە .[1]

بەو واتایایەی گەر یەکێك سوێند بخوات بە جگەلە خوای گەورە ئەوا یەکسانە لەگەڵ کافران دا لە سیفەتێکی لاوەکی و سادەدا، بەڵام بەهۆی سوێندەکەی باوەڕەکەی لەدەست نادات، بەڕاستی شێخ بێ ئاگابووە لەو شتە ووردانە؛ ئینجا جەخت کردنەوەی شێخ لە سەر ئایەتی:﴿... مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى ...﴾!! واتە: .... ئێمە ئەم بت و شتانەناپەرستین تەنها لەبەر ئەوەی لە خوا نزیکمان بخەنەوە، لەکاتێکدا ئەوان لەخواوە نزیکترن ... . تەنها باسی وەسفی یەك تایبەتمەندی تێدایە کە لە بێ باوەڕە ڕەسەنەکانیش دا هەیە یاخود ئەمە سەرگوزەشتەیەکە لەبارەی بێ بەڵگەییان یان پاساو هێنانەوە سەرکەشەکەیان، کە نیەت و مەبەست پاکی لەگەڵ نیە و شێخ تێکڕایی ئەو ئایەتە زۆرانەی تری فەرامۆش کردووە کە دەدوێن لەبارەی عەقیدەی بێ باوەڕان، جا شێخ ئەو کەم و کورتیەی تێدایە لە یەکخستنی ئەو خاڵ و شوێنانەی کە لە بێ باوەڕان و موسڵماناندا هەیە.

پاشان داوای شەفاعەت و تکاکردن لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و پیاوچاکان و بۆ خوا صوڵحاوان لەگەڵ باوەڕبوون بەوەی کە ئەوان بەندەی خوای مەزنن و ناتوانن هیچ شتێك ببەخشن مەگەر بەویستی خوای مەزن نەبێت، تێکڕای ئەمانە وەك کوڕنوش بردن نیە بۆ بتەکان ئەگەرچی ئەم کارەشیان هەڵە بێت یاخود بیدعەتێکی بچوك یان گەورە بێت، بۆیە دژەڕاکانی شێخ دەتوانن کە ئەو بۆچوونەیان

[1]_ بۆ زانینتان ئێمە قسەی ئەو کەسانەی لە خودی شێخ وەردەگرین کە دژی ئەوانە، جا کتێب و دانراوەکانی ئەو زانایانەی کە بەرپەرچی شێخیان داوەتەوە ئیعتراف ناکەن بەو قسانە بەڵام ئێمە بەهەرحاڵ هەر گفتوگۆ دەکەین لە سەر ئەو قسانە بەو گریمانەی کە ئەو قسانە ڕاستن و دەگەڕێنەوە بۆ بێژەرەکەیان.

نیه دەتوانن مەیخۆر کافر بکەن، چونکە مەیخۆر کە مەیی دەخواتـەوە خۆشـی دەوێـت و حەزی لێ یەتی و خۆشویستنیش پەرستشە و خۆشویستنی هەر شتێك جگەلـە خـوا هاوبەشدانانە و بەم جۆرە... .

ئەگـەر ووتتـان: ئێمـە دژی خۆشویسـتنی پیاوچـاکان نـین بـەڵکو دژی پەرسـتنی ئەوانین.

ئـەوا پێتـان دەوترێـت: ئەوانـە نایـان پەرسـتن بـەڵکو ئێـوەن تەوەسـول کـردن و تەبەڕوك کردن بەپیاوچاکان بە پەرستش دەزانن، بەڵام ئـەوان داننـانێن بەمـە کـە _ تەوەسـول کـردن و تەبــەڕوك کــردن بەپیاوچــاکان _ پەرســتش[1] بێــت تەنانــەت بەڵگەشـیان _ سـەرباری لاوازیەکـەی[2] _ لەسـەر ئـەم بۆچـونەیان هەیـە کـە لەمپـەڕو پەرچێکە لـەوەی کـە تـەکفیریان بکرێـت، ئـا ئەمـە ئـەو تەئویلەیـە کـە زانایـان باسـیا کردووە کە ڕێدەگرێت لە تەکفیر کردن.

ئەگەر ئێوە ووتتان: تەوەسول کردن بریتیە لە پەرستش و عیبادەت کردن.

ئەوان پێتان دەڵێن: بەڵگەتان چیە لەسەر ئەم قسەیەتان؟

ئەگەر ووتتان: پێشینە چاکەکان ئەنجامیان نەداوە؟

ئەوان دەڵێن: عومەری کوڕی خەتتاب بە عەباسی کوڕی عەبدولموتەڵیب کردویەتی.

ئەگەر ووتتان: ئیمامی عومـەر تەوەسـولی بـە کەسـی زینـدوو کـردووە نـەوەك بـە کەسی مردوو.

ئەوان دەڵێن: ئایا پەرستنی زیندووان دروستە.

---

[1] _ (وەرگێڕ).

[2] _ من بۆچوونم وانیە کە بەڵگەکانی ئەو کەسانە لاواز بن کە تەوەسول و شەفاعەت بەڕەواو پەسەند دەزانن بەڵکو بۆچوونم وایە کەبەڵگەکانیان بەهێزترن لە بەڵگەکانی وەهابیەکان (وەرگێڕ).

ئەگەر ئێوە ووتتان: نا دروست نیە؟

ئەوان دەڵێن: بۆچی تەوەسول کردن بە پەرستش دادەنێن؟! ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە شت ناو ئەنێنێن بەجگەلە ناوی خۆی.

ئەگەر ووتتان: تەوەسول کردن بە مردوو پەرستنیەتی بە پێچەوانەی زیندوو.

ئەوان ئەوسا پێتان دەڵێن: بەڵگەتان چییە لەسەر ئەم جیاوازی کردنە؟

ئینجا ئەگەر ووتتان: بەڵگەمان ڕەفتاری هاوەڵانە کە تەوەسولیان بە زیندوو کردووە نەوەك بە مردوو.

پێتان دەڵێن: _ وەك خۆبەدەست وەدانێك بۆ ئێوە _ هاوەڵان لەوانەیە هەندێ جار کارێك فەرامۆش بکەن حەڕام نەبێت چ جای کوفرێکی دەرخەربێت لە بازنەی ئیسلام و موسڵمانێتی؟! بەڵگەشمان لەلایە لەسەر ئەوەی کە هەندێك لە هاوەڵان تەوەسولیان کردووە بە پێغەمبەر(صی الله علیه وسلم) بەمردوویی وەك لە فەرموودە بەناوبانگەکەی عوسمانی کوڕی حەنیف داهاتووە.

ئەگەر ووتتان: ئەم فەرموودەیە لەلای ئێمە لاوازە.

پێتان دەڵێن: زۆربەی ئەو فەرموودانەی کە ئێوە بەبەڵگەی دێننەوە لەلای ئێمە لاوازن، بەڵکو لەکاتی لێکۆڵینەوە (تحقیق)دا دەردەکەوێت کە هەڵبەستراو (موضوع)ن، لە کتیبەکانی ئێوەشدا هەن.

ئەگەر ووتتان: چاکترە خۆپارێزی بکەین لە تەوەسول کردن بەهۆی بوونی گومان و ڕاجیایی لەسەر ڕەوا بوونی.

پێتان دەڵێن: چاکتر لەوە بریتیە لە دەست هەڵگرتن لە تەکفیر کردنی موسڵمانان و لەوەی بێ باوەڕانی قوڕەیش بەچاکتر دابنێین لە موسڵمانان، چونکە دڵنیاین لەوەی کە موسڵمانن نەوەك هاوبەشدانەر بن شتێکیش کە لێی دڵنیابین چۆن فەرامۆشی دەکەین بۆ ئەوەی کە گوماناویە.

ئینجا ئەگەر ووتتان: توندو تۆڵی پێویستە هەبێت بۆ ڕێنمویی کردنی موسڵمانان بۆ سەر دینی خواو ترساندنیان لەو بیدعەت و خوڕافیات و ئەو شتە پڕو پوچانە.

پێتان دەڵێین: وەڵامی ئێمە بۆ ئێوە ئەوەیە پێویستە زانست خواز ئاگادارو وشیار بکرێتەوە لەوەی کاری ببێتە تەکفیری موسڵمانان و حەڵاڵ کردنی خوێن و سەروەت و سامانی موسڵمانان..... .

ئەگەر ووتتان: دەسا فەرموون بۆ ئەوەی کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی بکەین بە دادوەر تا داوەریمان لە نێواندا بکات دەست لە لاسایی و شوێنکەوتن (تقلید) هەڵبگرین.

پێتان دەڵێین: دەبەخێر بێن و خۆش هاتن ئێمە دەمێکی دوورە ئەوەتان پێدەڵێین بەڵام ئێوە ڕەتی دەکەنەوە، هێز لە دژمان ئامادە دەکەن، دەستتان هەڵنەگرت لە تەکفیر کردنی بێ تاوانان تا هەر بەخۆتان یەکتریتان تەکفیر کرد و ستەمتان لە یەکتر کرد، ئەوسا پەییتان بە ئەندازەی ئەو ستەمە کرد کە پێشوو لە ئێمەتان کرد، هەندێك شتتان ناسی کە ئێمە بۆ پاکێتی خۆمان لە بێ باوەڕی نەدەهێنایەوە، چونکە ئێوە ئەو بەڵگانەتان دەخستەڕوو لە وەڵامی ئەوانەی ئێوەی تەکفیر دەکردن و ئێمەش بە هەمان بەڵگە وەڵامی ئێوەمان دەدایەوە کە ئێمەتان تەکفیر دەکرد، ئینجا بەداخەوە میانڕەویی ئێوە لە سەردەمانی پێشوو تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆتان بووە نەوەك پاراستنی شەریعەت.

**تێبینی هەژدەم:**

شێخ لە (لا: ٣٣) دەڵێت:(_ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) _ تکاو شەفاعەت بۆ هیچ کەسێ ناکا تەنها دوای ڕەزمەندی و ویستی خوای گەورە نەبێت هەروەك خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ فەرموویەتی:﴿... وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَى ...﴾ واتە:

تکاکار نابن تەنها بۆ ئـەو کەسانە نـەبێت خـوا پێـی ڕازییـە. خـوای گـەورە تـەنها بـە یەکتاناسی ڕازیە هەروەك خوای گـەورە فەرموویـەتی:﴿ وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ... ﴾ واتە: جا ئەوەی بێجگە لە ئاینی ئیسلام پەیڕەوی هەر ئاینێکی تر بکات لێی وەرناگیرێت... . تەنها ئەوانە ڕێپێدراون کە یەکتاناسن).

دەڵێم: بەپێی ئەمـە دەکـرێ ئـەو قسـەیە بـوترێ کـە هەنـدێ لـە دژەڕاکـانی شـێخ دەیڵـێن بـەوەی کـە بـەپێی ئـەم قسـەیە تـەنها خـەڵکی عەیینـە و دڕعیـە دەچـنە بەهەشتەوە! لە ووتەی پێشووی شـێخدا تـەکفیرێکی شـاراوەی تێکڕایـی ئـەو کەسـانەی تێدایە کە تەوەسول و تکاکاری و داواکردنی شـەفاعەت بـە ڕەواو دروسـت دەزانـن، کـە بـریتین لـە زۆربـەی زانایـان و تێکـڕای موسـڵمانان لـەو ڕۆژگـاری شـێخدا و لـەو ڕۆژگارەشماندا بەهەمان شێوە.

لێرەدا ڕاستی ووشەیەکم بەبیر دێتەوە کە یەکێك لە دژەڕاکـانی شـێخ موحەمـەدی کوڕی عەبدولوەهاب _ ڕەحمەتی خوای لێ بێت _ کردبووی کە ووتبـوی ئەمـە مانـای چییە:(کە پێغەمبەر (صلى الله علیـە وسـلم) هـەواڵی داوە بـەوەی کـە لـە دواڕۆژدا بـە خـۆی و ئوممەتەکـەی دێـت، بـەپێی قسـەی ئـەو_ مەبەسـتی شـێخ موحەمـەدە _ پێغەمبەرمان (صلى الله علیه وسلم) دێت تەنها کەسانێکی کەمی لەگەڵدان لـە خـەڵکی عەیینـە)!! ئـەم قسـەیە دکتـۆر عەبدولعـەزیزی کـوڕی عەبدولـەتیف لـەبارەی شـێخ موحەمەدەوە هێناویەتی لە کتێبی (دعاوی المناوئین).

جـا دکتـۆر عەبدولعـەزیزی کـوڕی عەبدولـەتیف _ خـوا سـەرکەوتووی بکـات _ بەرپەرچێکی گشتی قسەکانی ڕابردووی داوەتەوە، ئاگاداری ئەو مەرجانـە نـەبووە کـە لێرەدا لە ووتەکانی شێخ دا هەن کاتێ هەموو ئەو موسڵمانانەی تری بێ بەش کرد لـە شـەفاعەت تـەنها شـوێنکەوتووەکانی نـەبن کـە نـاوی نـاون (یەکتاناسـان) بـە بەڵگـەی

ئـەوەی کـە جگەلـە شـوێنکەوتووەکانی موسـڵمان نـین:﴿ وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ... ﴾! واتە: جا ئـەوەی بێجگـە لـە ئـاینی ئیسلام پـەیـڕەوی هـەر ئـاینێکی تـر بکات لێی وەرناگیرێت... . ئینجا تێکـڕای موسـڵمانان لـە جیهـانی ئیسلامی _ جگەلـە شوێنکەوتووەکانی شـێخ لـە نەجـد و پاشـکۆکانی _ ئـەوا لەوانـەن کـە جگەلـە ئـایینی ئیسلام پەیڕەوی ئایینێکی تر دەکەن![1] .

ئەمە ئەوپەڕی تەکفیر کردنە و ئەوپـەڕی ترسـناکییە، چـونکە جیهـانی ئیسلامی لە سەردەمی کۆنەوە ئەو جۆرە بیدعەت و خوڕافاتانـەی تێـدان، زانایـانی تـەئویلکار و خەڵکی نەزانیشی تێدان کە ئەم شتانە بەڕەوا دەزانن بەڵام سەرباری ئەمەش بۆ ئێمـە ڕەواو دروست نیە کە تـەکفیریان بکـەین، ئـەو کەسـانەی کـە شـێخ موحەمـەدی کـوڕی عەبدولوەهاب پێیان گەیشتووە بریتین لە خودی ئەو موسڵمانانەی کە بۆیان گریـایین لـە کـاتی هێرشـی صـەلیبیەکان لـە شـام و جـەنگی مـەغۆڵ لـە ڕۆژهـەڵات و ئـەو چەرمەسەرییەی کـە فەڕەنسیەکان بەسـەر موسـڵمانانی ئەندەلوسیان هێنـا..... بـەڵام بەپێی قسەی شێخ پێویست بە گریان ناکات، چـونکە هاوبەشـدانەرن و شـوێنکەوتووی دینـی ئیسلام نـین، جـا گریـان بۆچی؟! و ئـەم شـێوازی تـەکفیرە لەلایـەن شـێخ ئـیبن تەیمیـە نـەبووە _ سـەرباری چـەند هەڵەیـەك کـە تێـی کـەوتبوو _ ئـیبن تەیمیـە لـە سەردەمێکدا ژیاوە کە زۆر بـە سـەردەمەکەی شـێخ موحەمـەد چـووە لـە بڵاوبوونـەوەی نەزانین لەلایەن زۆربەی خەڵکی و لاوازی و بێ هێزی زانایان لە بانگ کردنی خـەڵکی بۆ یەکتاناسی پاك و پوخت؛ ئینجا بـوونی لاوازی و نـەزانین لەلایـەن ئـەم دوو چـینە ئەوا تەنها ئەو وەسفەمان بۆ بەڕەوا دەزانێت کە وەسفیان بکەین بەوەی کە کەم توانـا و نەزان و تاوانبارن و بـەس، چـونکە ناکرێـت فـەرمانی کوفری دەرخـەر لـە ئوممـەت

[1] _ ئەمە بەبەڵگە پشت ڕاست دەکەینەوە کە لە فەتوای شێخ و زانایانی تری بانگەوازدا هاتووە.

**لەسەر ئەم موسڵمانانە بدەین، چونکە ئەمە شتێکی تەواو جیاوازە، تەکفیر کردن شتێکی گەورەیە و بەدەرنانی ئەو نەتەوە موسڵمانانە لە دینی خوای گەورە ئەوا شتێکی گەورەترو توندترە.**

**بەڵکو ئەو پاشماوانەی ئێستاش ماونەتەوە لە خەواریجەکان لەو سەردەمە دواییانەدا ئەوا کەسانی سادە (عوام) بە کافر لە قەڵەم نادەن یان خوێنیان بە ڕەوا دانانێن، هەروەك شێخ خوا _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ و شوێنکەوتووانی ئەنجامیاندا _ بەچەند فەتوایەك کە درابوو _ لە بارەی زانایان و خەڵکی سادە (عوام)[١].**

**خوای گەورە بەلێخۆش بوونی خۆی لەگەڵ شێخ بکات بەڕاستی خێرو فەرێکی زۆری چاند بەڵام بە ئاژاوەیەکی زۆرەملێ دەچوو بە پاڵنەری جۆش و خرۆش و حەماسەت، خێرەکەشی لەوەدابوو کە دەستی گرت بەسەر زۆرێك لە بیدعەت و شتی پڕوپووچ و خوڕافات بەڵام بەداخەوە زیاد ڕەوی کرد تا سەری دەرچوو لە زیاد ڕۆچوونی سەرزەنشتکراو، بیدعەتی بنەبڕ کرد بەڵام تەکفیر هەر مایەوە!.**

**هەندێ لە برایان دەڵێن: چۆن ڕەخنە لە پەیڕەوی شێخ بگرین بەهۆی چاکەکەی _ دوای چاکەو بەخششی خوا _ کە بەرهەمی دروستبوونی ئەو وڵاتە ئیسلامیە گەورەیە بوو؟!.**

---

**[١] _ جا ئا ئەوەیە کتێب و کۆڕی ئیباضیەکان ئەوا ئەو تەکفیرەی وەهابیەکان بە ناپەسەند دەزانن! جا ئەگەر ئەو تاوانبارکردنەی ئێمە بۆ ئەوان دروست بێت کە خەواریجن، ئەوا خودی خەواریجەکان تەکفیری ئێمە بە ناپەسەند دەزانن ئەمەش بەڵگەن لەسەر سێ شت: یان ئەوەتا لەبەر میانڕەوی خەواریجە یان لەبەر زیاد ڕۆچوونی خەراپی وەهابیەتە یان هەردووکیانە، بەڕاستی دەستەیەك کە خەواریجەکان تەکفیر کردنیان بەناپەسەند دانابێت ئەوا بەڕاستی دەستەیەکی زیاد ڕۆچووە، (دەبێ تا چ ئەندازەیەك زیاد ڕۆچوو بێت ئەوەی خەواریجەکان تاوانباری بکەن بەوەی زۆر حوکمی تەکفیری دەر دەکات؟).**

دەڵێین: هیچ گومان لە چاکە گەورەکانی شێخ دا نیە، کە بەبێ پێچ و پەنا لە پێشەکی دا باسمان کرد و دڵساغ و دڵسۆزان لە خەڵکی لە بیری ناکەن، دەکرێ ئەگەر بانگەوازەکەی و جەنگی لەگەڵ موسڵمانانی دورگەکە نەبوایە ئەوا یەکیان نەدەگرت لە کەنداوەوە بۆ دەریای سوور و لە باشووری شامەوە بۆ یەمەن، بەلاَم (دەرەنجامی جوان مانای وا نیە پێشەکیەکان ڕاست و دروستن)، دەکرێ دەرەنجام جوان بن سەرباری بنیادنانی لە سەر پێشەکیە پڕ لە کرچ و کاڵی و کەم و کورتیەکانەوە بنیادنراوە، _ و ئەمە زانایانی ژیبێژو مەنطیق و جگەلەوانیش چاك دەیزانن _.

بۆ نموونە شۆرشی خومەینی دەرەنجامی بریتی بوو لە لابردنی عەلمانیەتی بەخۆرئاواکردن (التغريبية) لە دەوڵەتی ئێران، بەلاَم ئەم دەرەنجامە مانای وا نیە کە نکۆڵی بکرێ لە ڕەخنە گرتن لە خومەینی و لە زیاد ڕۆچوونەکەی، بەو شێوەیە ئەگەر خەواریجێ هەڵساو دەوڵەتێکی پێکهێنا ئەوا ئەو دەرەنجامە باش و جوانە مانای وانیە کە خاڵە دەستپێکەکان ڕاست و دروست بن.

با ئەمە ڕوون بکەینەوە بە نموونەیەکی ڕوون و ئاشکراتر: ئەگەر یەکێك لە دەسەلاَتداران هەڵسا بە کوشتنی دز لە جیاتی بڕینی دەستی، ئەوا پێویستە بەو سزایە سەختە کاری دزی کەم بێتەوەو لەو کاتەدا ستایشی دادوەر بکرێت و وەسفی دەرەنجامە جوانەکە بکرێت ئەویش بە هۆی کەم بوونەوەی دزی یان نەمانی ... !! بەلاَم کاری دادوەر لێرەدا پێچەوانەی دەقە شەرعیەکانە و ڕۆژێك دەبێت کە ئەو کارە شوێنەواری خەراپی لێ دەکەوێتەوە، چونکە شەریعەتی خوا کامڵ بووەو هیچ

[1]_ بەڵێ شوێن شێخ و زانایانی بانگەوازەکە ناکەوین لەسەر تەکفیری دانیشتوانی ئەو دوورگانەی کە دژیانن، چونکە هەموویان موسڵمانن، بێ باوەڕو بت پەرست نین، چ ئەوانەی کە تەئویلیان کردووە لە بارەی شێوازی خۆشویستنی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) و پیاوچاکان و چ ئەوانەی تەئویلیان کردووە لە بواری تەکفیرو خوێن ڕشتن دا.

حوکمێکی شەرعی تێدا نیە مەگەر مامناوەند نەبێت لە نێوان هەردوو ئاراستە زیاد ڕۆچووەکەدا.

بەهەمان شێوە ئەگەر یەکێك لە دادوەران هەڵسا بە بڕینی دەستی هەموو ئەو کەسانەی کە لایداوە لە ئاماژەی هاتووچۆ یان خێرایيەکەی لە سنووره یاسایەکەی دەرچوو بوو!! ئەوا پێویستە هاتووچۆ ڕێك و پێك ببێت و مردن نەمێنێت! بە پلەیەك کە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان سەرسام بن پێی! خەڵکانێك دێن ستایشی دەرەنجامی ئەو بڕیارە بکەن!! کە بڕیارێکی دانایانە بووە کە کارەساتی مردن کەم بووەتەوە لە شەش هەزار ڕووداو بۆ (١٥) ڕووداوی مردن بە تەنها! و ژمارەی برینداری کەم ئەندامان کەم بووەتەوە لە ساڵێکدا لە سەد هەزار بۆ تەنها (٨٦) حاڵەت!!

دەسا بۆچوونتان چیە لەسەر شەرعیەت و ڕەوایی ئەو بڕیارە بە پێوەرەکانی شەرع و یاسا؟ و دەبێتە هۆکاری چ شتێکی تر بەتێپەڕبوونی کاتێکی دوورو درێژ؟! وەڵامەکە زانراوە بۆ کەسانی خاوەن کاکڵ و عاقڵ لە زانایانی شەریعەت و زانایانی مێژوو و کۆمەڵناس و یاساناسان.

بەهەمان شێوە کوشتنی موسڵمانان دروست نیە بە پاساوی ئەوەی کە بیدعەت و خوڕافات بوونیان هەیە، چونکە کوشتن دروست نیە مەگەر بە دەقێکی شەرعی نەبێ (هەڵگەڕانەوەیەکی دیارو ئاشکرا یان ڕێگا بڕین و دەرچوون لە دژی موسڵمانان و لەژێر دەسەڵاتی حوکمڕان)، جا بەبێ دەق ئەوا ئەنجامدانی خراپترە لەو بیدعەت و خوڕافاتانە.

شێخ موحەمەد _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ لەوانەیە ئەگەر جەنگی لەگەڵ موسڵمانان نەکردبایە و تەنها هەڵسابایە بە ناردنی زانایان و هاندانیان لەسەر بانگەواز بۆ لای خوا، دەکرا ئەگەر ئەوەی بکردایە هەمان دەرەنجام بدا بەدەستەوەو

ئەگــەر کــەمێك دواش بکەوتایــە و دووریــش دەکەوتینــەوە لــە تــەکفیرو ئــەو دەرەنجامانەش کە لە سەری کەڵەکە دەبن، لەو کاتەوە تا ئەو سەردەمەی خۆمان ئەوانەی خەڵك تەکفیر دەکەن پشت دەبەستن بە فەتواکانی شێخ و زانایانی بانگەوازەکەی لە تەکفیر کردنی موسڵماناندا.

ئەگەر زیاد ڕۆیشمان کردبێ لە ڕەخنە گرتن لە سەید قوتب _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ لەبەر ئەوەی لە (وێکچووە) قسەکانی تەکفیرمان بەدی کردبێ؟ ئەوا تەکفیر کردنمان بەدی کردووە لە قسە ڕاشکاوەکانی شێخ موحەمەد دا کە وێکچوو نین!![١]

سەید قوتبمان کرد بە بەران (کبش)ی قوربانی، چونکە ئەو پشتیوانی نیە لەلای ئێمە و شێخ پشتیوانی هەیە! جا ئەمە لە ئەدەب و خوو ڕەوشتی زانستخواز نیە کە هەق دەڵێ ئەگەر بەسەر خۆشیا بشکێیتەوەو دژی خۆشی بێت و بەرپرسیاریەتی بێ تاوانان هەڵناگری، ئەمەش یەك ناگرن لەگەڵ جوامێری و پیاوەتی ئەوانەی کە ڕەتدەکەنەوە قوربانی بە لاوازەکان بدەن لە پێناو پاراستنی بەهێزەکان.

بەکورتی لێرەدا ئەو زیاد ڕۆچوونە لە تەکفیردا وامان لێدەکات کە ڕەخنە بگرین لە دەربڕینەکانی شێخ لەگەڵ دانان بە چاکە و ڕێزی ئەو بەسەرماندا، بەڵام زەرەرو زیان لە کتێبەکانیدا هەیە ئەگەرچی هەندێك بەکەم بیبینن ئەوا لە هەمان کاتدا زۆر ترسناکە بە سەیرکردنی ئەو خەرمانە و کۆبوونەوە گەورەیە لە دەوری شێخ _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _، کێشەی هەرە گەورە ئەوەیە کە فەتواکانی ئەمڕۆی ئێمە

---

[١] _ جا ئەگەر مەبەستی ئەوەنەبێت کە شێخەکانی و شێخی شێخەکانی دینی ئیسلام ناناسن و دینی عەمروی کوڕی لوحیی بەچاکتر دادەنێن لە دینی ئیسلام و زۆربەی خەڵکی سەردەمی ئەو لە نەجدو حیجاز باوەڕیان وایە کە زیندووبونەوە نیە ..... جا ئەگەر ئەو قسەیە و هاوشێوەکانی لە ڕاشکاوە تەکفیریەکان نەبن جا نازانم تەکفیر چییە؟.

لە تـەكفیردا بـە تـەواوی پێچـەوانەی شـێخە، بـەڵام ئێمـە خـەڵكی بـەزۆری وایـان لـێ دەكەین كە باوەڕیان بە فەتواكانی شێخ هەبێت كە زیاد ڕۆچوونی لە تـەكفیردا لـەخۆ دەگرێـت، لـە هـەمان كاتـدا باوەڕهێنـان بـە فـەتواكانمان كـە شـێخ بـە ئیرجـائی دادەنـا (ئەگـەر بـە كـوفری دا نـەنابا) كـە لەگـەڵ فـەتوای دژەڕاكـانی شـێخ یـەك دەگـرێ لـە بەرپەرچـدانەوەی تـەكفیر!! ئەمـەش كۆكردنەوەیـە لـە نێـوان جووتـە ئاراسـتەی دژ و[1] تەواو پێچەوانە .[2]

جا ئەگەر بمان ووتبایە: كە شـێخ كۆشـش (اجتهـاد)ی كـردووە لـە تـەكفیردا و بـە هەڵە چووە تیایدا ئەوا هەموو ئـەو ئاراسـتە پێچـەوانانە لادەچـوون، كـەم و كـوڕی لـە دین و دونیاو پلەو پایە نەدەكەوت، چونكە دین جێگەو پێگەی لێژنابێ و نالەرزێ بـە هەڵەكرنی كەسانی وەك عومەر و عەلی _ خوا لێیان رازی بێت _ جا چۆن دەلـەرزێ

[1] _ كۆكردنەوەی دوو ئاراستەی دژ یەك و تەواو پێچەوانە (متناقض) شتێكی نەگونجاوەو ناشكرێت، چونكە دەبێت یەكێكیان ئەوی تریان (نسخ) هەڵوەشێنێتەوە چ دەق(نص) بێت یاخود یاسا (حكم) بێت، چونكە گەر دوو شت بەرامبەر یەك (متعارض) بوون ئەوا دەكرێت كۆیان بكەینەوە یاخود یەكێكیان هەڵبژێرین (ترجیح) بدەین وەك تەرجیح دانی دەق و حوكمی تایبەت (خاص) بەسەر گشتی (عام) و (مقید) بەسەر (مطلق) دا بەڵام كە گەیشتە ئاستی دژیەك (متناقض) بوون ئەوا دەبێت دەق و حوكمی دواتر ئەوەی پێشەخۆی (نسخ) هەڵوەشێنێتەوە، چونكە (لان النسخ فرع التعارض یدور معه وجودا و عدما).

هەروەك شتێكی نەگونجاوە بەپێ ئەو بنەما (قاعدة)یەش:(المتناقضان لا یجتمعان و لا یرتفعان) واتە: دووشتی دژیەك نە لەگەڵ یەك كۆدەبنەوە نە لەگەڵ یەكیش لادەچن. بۆ ئەم بنەمایە بگەڕێوە بۆ ئەم دوو كتێبە:(التبیان لرفع غموض النسخ في القرآن: الدكتور مصطفى ابراهیم الزلمي، مكتب التفسیر للطباعة والنشر، ط١، ٢٠٠٠، ص ١١. و: ضوابط المعرفة و أصول الاستدلال و المناظرة صیاغة للمنطق و أصول البحث متمشیة مع الفكر الاسلامي: عبدالرحمن حسن حبنكة المیداني، ص ٥٥، ٥٨، دار القلم، ط٤، ١٤١٤هـ _ ١٩٩٣م). (وەرگێڕ).

[2] _ مەبەستم ئەوەیە كە فـەتواكانی زانـا سـەردەمیەكان بەرپەرچـی تـەكفیر دەدەنـەوە بـە خـودی بەڵگـەكانی دژەڕاكانی شێخ كە بەهۆیەوە بەرپەرچی ئەویان پێدەدایەوە و دیارترینیان مەسەلەی حاكمیەتە.

بەهەڵـەی ئـیبن تەیمیـە یـان ئـیبن قەیمـەوە یـاخود شـێخ موحەمـەدی کـوڕی عەبدولوەهاب؟!.

ڕوونکردنەوەی هەڵەکانی شێخ موحەمەد لەو ڕووەوە (ڕووی تەکفیری) بە سوودە و تەنانەت پێویستە، چونکە تەیار و دەستەی سـەلەفی بـە گشتی و کۆمـەڵگای سعودی بە شێوەیەکی تایبـەت زاناکـانی و ئـەو زانستخوازانەی کـە لەسـەر فـەتواکانی شـێخ و زانایانی بانگـەوازی وەهابیـەت پێگـەینـدراون ئەوانـەی هـەردەم لایـان بـەلای تـەکفیری موسڵمانان دا چووە، بۆیە کاریگەریان لەسەر بووە لـەو لایەنـەوە، بـەڵکو پـەل و پـۆیی درێـژ بوونەتـەوە بـۆ زۆرێـك لـە سوننەکان لـە دەرەوەی وڵـاتی سعودییە، بـەگوێرەی چالاکیەکانمان لەبواری بانگەوازی بۆلای خوا!.

هەر کەسێ کتێبی (الدرر السنیة)ی خوێندبێتەوە ئەوەی زانیوە بە تەواوی، بەڵکو لـەو کتێبـەدا دوو بـەرگی گـەورە هـەن بـە ناونیشـانی تێکۆشـان (الجهـاد)، هـەر دوو بەرگیان لەسەر جیهاد کردنە لەگەڵ موسڵمانان، تەنانەت یەك پـیتی تێـدا نەنوسـراوە لەبارەی جیهـادی بـێ بـاوەڕە ڕەسـەنەکان لـە جولەکـە و مەسـیحی و بـت پەرسـتەکان، لەگەڵ ئەوەی کە هەندێ لە وڵاتانی موسڵمانان بێ باوەڕە ڕەسەنە داگیرکەرەکانی تێـدا بوون...

تەکفیر کردنی یەکتری هاتە کایە لە نێوان خودی زانایانی بانگەوازی وەهابیەت دا لە کاتێك کە کوڕەکانی ئـەمیر فەیصـەڵی کـوڕی تـورکی (عبدالله و سعود) جیاوازیـان کەوتە نێوان، ئەوا ئەو کاتە لەگەڵ هەر ئـەمیرێك کۆمەڵـە زانایـەك هـەبوون ئەوانـەی تری تەکفیر دەکرد.

ئا ئەم (ئاژاوەو گەڕەلاوژێییە تەکفیرییە) بریتیـە لـە دەرەنجامی سروشـتی و بـێ پێچ و پەنای پێڕەوی شێخ موحەمەدی کوڕی عبدالوهاب _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _

کە بواری تەکفیری زۆر فراوان کرد، تا هەموو دەستە و تاقمێك وا لـە قسـەکانی بـەدی دەکرد کە پشتگیری پێ لە ڕاو بۆچوونی خۆی بکات.

جا بزووتنەوەی ئیخوان لە نەجدو بزووەتنەوەی (الحرم) و ئەوانەی تەقینەوەیان کرد لە (العليا و المحيا و الحمـراء و الوشـم .... تـاد)، ئەوانـەی خـەڵکی کـەڕ دەکـەن بـە تەکفیر، ئەوانە نامۆ نین لەلایەن ڕۆشـەنبیری کۆمەڵگـە بـەڵکو ئەگـەر بڵـێین ئەوانـەی دەرەنجامی پەیڕەوی شێخن لە تەکفیر کردن ئەوا دوورمان نەپێکاوە و ئەوەی دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکانی ئەمانە ئەوا ئەمە دەزانێ بە تەواوی.[1]

ڕاستە کە شێخ ڕێزو حورمەت و کۆشش (اجتهاد) و چاکەی خـۆی هەیـە بەسـەر ئـەم نیشـتمانەدا، ئەمـە لـە چاکترین ئـەو هیوایانەیـە کـە ئێمـە دەیخـوازین، بـەڵام لـە ڕاستیدا تەکفیری موسڵمانان ڕوونو ئاشکرایە لە کتێبەکانی دا، جا ئەگـەر بەرپەرچی ئەم هەڵەیەمان دایەوەو ئیعترافمـان کـرد کـە چ زەرەرێکمـان پـێ دەگـات؟! پیاوێـك لـە پیاوچـاکان کۆششـی کـردووە و هەڵـەی کـردووە، جـا بۆچـی کۆمەڵگـەی سـعودی بمێنێتەوەو ئەو دەرەنجامە هەڵە و ترسناکە هەڵبگرێ و بۆچی دژایەتی کەسێ بکرێ کـە بەرپەرچی هەڵـەی چاکەکار یـان زانایـەك لـە زانایـان یـان هەڵسا بـە پشـکنین و لێکۆڵینەوەیەکی فیکری ڕاست و دروست بۆ پەیڕەو و مەنهەجەکەی؟.

---

[1] _ لەگـەڵ بـێ ئاگـا نـەبوونمان لـە هەمبـەر هۆکـاری دەرەکـی بەتایبـەت لـە دەسـت بەسـەرداگرتنی دەوڵـەتی ئەمریکا بەسەر موسڵمانان و پاڵپشتیان بـۆ دەوڵـەتی جولەکـە لـە ڕووی سیاسـی سـەربازی و ئـابووری، ئەمـە وایکرد کە سەر بکێشێ بۆ هەڵسانی ڕقی موسڵمان و هاتنە دڵەوەی تـەکفیری ئەوانـەی کـە پەیوەنـدیان هـەر ماوە لەگەڵ ویلایە یەکگرتووەکان ئەمەش وەك ئەوەی خەمبار و بێ زار نەبوونە بۆ موسڵمانان بە تایبەتی لە فەڵەستین و عێراق و بەر لەوە لە سودان، جا هۆکاری دەرەکی هانی دژەکانی ڕۆژئاوا بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی دەدات و بێ ئاگا بوون لە ڕەخنـە گـرتن لـە تـەکفیر و سەرچـاوە سـەرەکیەکانی ئـەوا هـانی ئـەوە دەدات کـە موسـڵمانان سـتەم لـە یـەکتر بکـەن بـە تـەکفیر کردنـی یـەکتری و هەڵوەشـاندنەوەی یـەکتری و دووبەرەکی و تێکدانی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی خۆیان.

**تێبینی نۆزدەم:**

شێخ لە (لا: ٣٦) دەڵێت:(ئەگەر ووتی: هاوبەشدانان بریتیە لە پەرستنی بت و ئێمەش بت ناپەرستین جا تۆش بڵێ: واتای بت پەرستی چیە؟ ئایا گومان دەبەیت کە ئەوان بڕوایان وایە ئەو تەختە و بەردانە شت بەدیدێنن و ڕزق و ڕۆزی دەبەخشن و پێویستی ئەو کەسانە جێبەجێ دەکەن کە لێیان دەپاڕێنەوە، هەر خودی قوڕئان ئەمە بەدرۆ دەخاتەوە..).

دەڵێم: بت پەرستی بریتیە لە کڕنووش بۆ بردنی و نوێژ بۆ کردن و داوا کردنی پێویستیەکان لێی لەگەڵ باوەڕ نەهێنان بە پێغەمبەرێتی ..... جا موسڵمان نوێژ بۆ وەلی و پێغەمبەر ناکات و دان بە بنەماکانی ئیسلام و ئیمان دەنێت و باوەڕی هەیە بە زیندووبوونەوەو لێ پرسینەوەو بە بەهەشت و ئاگری دۆزەخ ..... تاد.

لە ووتەی شێخ دا گشتاندنێکی سەر سوڕهینەر هەیە وەك لە (لا: ٣٨) دەڵێت:(هاوبەشدانان کارو هەڵسوکەوتی ئێوەیە کە لای بەرد و تەلارەکان دەیکەن لەسەر گۆڕو شوێنەکانی تر ....) و شێخ ئەوەشی باسکردووە کە ئەوان (لێی دەپاڕێنەوەو قوربانی بۆ دەکەن و دەڵێن: (ئەوان زۆر لە خوا نزیکمان دەکەنەوە) و بە پیت پێزو بەرەکەتی خۆی بەرگریمان لێ دەکات...) جا من گومانم هەیە لەو نمونە و وێنەیەی شێخ نەقلی کردووە کە بوونی هەبێت، ئەگەر چی زۆر بە دەگمەن هەبێ، داوا کردنی فەرو بەرەکەت لە خاك و گڵی گۆڕو پیاوچاکان و هاوشێوەی ئەوە تا ئەمڕۆ بیدعەیە نەوەك کوفر چ جای دەرکردنی[1] حوکمی شیرکی گەورەی دەرخەر لە ئومەت بۆ هەموو ئەوانەی ئەو بۆچوونەیان هەیە، بەڵکو ذەهەبی و هەندێ لە زانایان بە دروستیان زانیوە یان دەیان ووت:(گۆڕی فلانە گڵەکەی بە کاریگەرو بە

[1] _ ذەهەبی ڕای وابوو کە دروستە.

فەڕە) جا ئایا ئەوان کافرو بیّ بڕوان؟ بەردەوام ئیّستاش هەندیّ لە کەسانی سادە ئەوە دەکەن لە شویّنی جیا جیا بەلاّم ئەمە واتای ئەوە نیە کەسی بکەر تەکفیر بکریّت چ جای تەکفیری هەموو خەلّکی شویّنەکە بە بەلگەی ئەوەی نکوّلّیان نەکردووە یان گومانیان هەبووە لە بیّ باوەڕی کەسی ئەنجامدەر یان کوّچیان نەکردووە لە ولاّتی بیّ باوەڕان .... تاد؟ ئا ئەمە شتیّکی ترە کە زوّر جیاوازە.

بەلّکو هیچ شویّن و دەولّەتیّك خالّی نابیّت لە بوونی کەسانیّك کە ڕایان وایە هەندیّ گوّڕ بەفەڕو بە بەرەکەتن یان ڕای پوچ و باتلّ و کوفریان هەیە سەبارەت بە کاهن و جادوگەران، بەلاّم ئەمە مانای تەکفیر کردنی هەلگرانی ئەو بوّچوونانە نیە بە بەلگەی ئەوەی کە هەر کەسیّ گومانی هەبیّ لە بیّ باوەڕی بیّ باوەڕیّك ئەویش بیّ باوەڕە.... بە تایبەتی کە زوّرینەی موسلّمانان پیّکدیّنن بە دریّژایی سەردەمەکان، لەگەلّ ئەوەی شیّخ موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب خەلّکی هەموو ئەو شویّنەی تەکفیر دەکرد کە ئەو جوّرە هەلّسوکەوتانەی تیّدابووایە، بە بەلگەی ئەوەی کە ئەوەی نکوّلّی نەکات لەو کارە ئەوە وەك کەسی ئەنجامدەر وایە.

دەردەکەویّ لە ووتەکانی شیّخ موحەمەد کە ئەگەر بە ڕووداویّك بیزانیبایە لە حیجاز یان لە (عەسیرو سەدیر) ئەوا دەیگشتاند بەسەر خەلّکی ئەو شویّنە و هەمووی بە کافر دادەنان و جەنگی لەگەلّ دەکردن، جا شیّخ موحەمەد پیّی وایە کە بوونی گوّڕیّك کە تەبەڕوکی پیّوە دەکریّ لەلایەن هەندیّك کەسەوە وەك بوونی بت وایە! لەسەر ئەمە ولاّتیان ولاّتی هاوبەشدانەرانە ئەگەر چی ئەوان:(دەنگی بانگ بەرز بکەنەوە، نویّژ و ڕوّژوو دروشمە دینیەکان و زیکری خوا بەرپا بکەن)! ئەمە تیّکڕا لەلای شیّخ هیچ نرخ و قیمەتیّکی نیە، چونکە لە هاوبەشدانەرانەوە سەرچاوەی گرتووە!:﴿...وقدمنا الى ماعملوا من عمل مجعلناه هباء منثورا ﴾ واتە: کاتیّك

هـاتین و تەماشـای ئـەوەمان کـرد کـە کردوویانـە (هـەمووی تـاوان بـوو) بەربامانـداو کردمانە تەپوتۆزێکی پەرش و بڵاو.

فراوان کردنی بازنەی تەکفیرو گشتاندنی بەسەر ئەو جێگایانەی کە نەهاتوونەتە ژێر باڵ و ڕکێفی شـێخ بەڵگەیەکە بـۆ کەسـێ کـەوا دەبـینێ بزووتنەوەکـەی شـێخ بـە پلەی یەك سیاسیە، چونکە لەلایەن ئەوانەوە ناچێتە عەقڵەوە کـە شـێخ گومـان ببـات کـە خـەڵکی حیجـاز قوربـانی و دوعـا خواسـتن لـە گـۆڕ بەدروسـت بـزانن .... ئەمـە نایەتەجێ مەگەر لە تاکە کەسانێکی کەم نەبێت، ئەمەش مێـژووی حیجازو مەککـە و مەدینەیە و کتێب و دانـراوی زانـا و ناودارەکـانی، تەنانـەت کەسـێکیان تێـدا نیـە ئـەو قسەیە بکات کە شێخ هێناوەیـەتی، نـە پـێش شـێخ و نـە لـە سـەردەمی شـێخ و نـە لـە دوای شێخ، تەنانەت ئەگەر کەسێ گومانی هەبوو لە مێژووی نەجد ئەوا گومانی نـابێ لە مێژووی حیجاز.

بەڵکو ئەگەر زانیمان ئەوەی کە شێخ هێناویەتی لە بارەی حیجاز ئەوا پێچـەوانەی ڕاستی مێژوویی بووە کە هەموو دانراو و بەرهەمەکان گەواهی بۆ دەدەن کە لە بارەی حیجازەوە دانراون، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە وەهابیەکان نەقلیان کردووە لە بارەی نەجد بەهەمان شێوە پێچەوانەی ڕاستییە، عەقیدەگەراکان بە درێـژایی مێـژوو کـورتی هەڵـدێنن لـە چـەند مەسـەلەیەکدا، لێکدانـەوە تەفسـیرەکانیان بـۆ مێـژوو و ڕووداوە دوژمنکـاری و جەنگـەکان کـرچ و کـاڵی و کـەم و کـورتی تێدایـە چ بـۆ سەردەمانی ڕابردوو یان بۆ مێژووی سەردەمی خۆیان، عەقیدەگەڕاکانی هەر دەستە و تاقمێـك پـەنا دەبـەن بـۆ تێکـدانی واقیعـی مێـژووی بـۆ خزمـەت کردنـی ئـەو بـیرو بۆچوونەی کە هەیانە .[1]

---

[1] _ یەکێك لەو تەفسیرانەیان بۆ هۆکارەکانی فیتنەکە بە گەڕاندنەوەی بۆ کەسایەتیەکی ئەفسانەیی ڕۆڵگێڕ کە ناوی عەبدوڵڵای کوڕی سەبەئە (لەگەڵ بێ بنەمایی و پوچی ئەمە بە کۆدەنگی مێژووناسان جگەلـەوەی

**تەبەڕوك كردن بە پیاوچاكان یان بـە گڵی گۆڕیـان دەكـرێ ئەمـە لـەلای زۆرێ لـە خەڵكی سـادەو هەنـدێ لـەو زانایانـەی تـەئویل دەكـەن هـەبێت و لـە نێوانیانـدا زانـای گەورە كە شانازی بە سەلەفیەتی وان دەكەین، پێشەوا ذەهەبی وەك نموونەیەك.**

**ئەگەر ذەهەبی هاوچەرخی شـێخ بووایـە ئایـا كوشـتن و تـەكفیری بـە پێویسـتمان دەزانی؟ بەتایبەتی كەپێی وابوو تەبەڕوك بە پیاوچاكان و گڵی گۆڕیان دروستە؟!**

**ئەگـەر ووتتـان: بـەڵێ، دەبێـت دەر بكـرێن و دژایـەتیان دەسـت پێـدەكات لەگـەڵ كەسانی تر جگە لەئێمە.**

**ئەگەر ووتتان: نا، لەگەڵمان یەكدەنگ دەبن بەوەی كە ئەو شتە تەكفیرو كوشـتنی تێدا نییە، بەڵێ دەكرێ بەهەڵە سەیری بكرێ و نكۆڵی لێ بكرێ بەبێ پەنابردنە بـەر تەكفیرو بەكارهێنانی شمشێر.**

**تێبینی بیستەم:**

---

كـە ئـەو ئەفسانەیەی داهێنـا كـە بریتیـە لـە _ سـیفی كـوڕی عومـەر _)، لێكدانـەوەی حەنبەلیـەكان بـۆ پەیـدابوونی دەسـتەو تاقمـە ئیسـلامییە كەلامیـەكان وەك موعتەزیلیـەكان بـەهۆی وەرگێڕانـی كتێبـەكانی فەلسـەفەی یۆنـانی بـوون، (لەگـەڵ پوچـی و بـێ بنـەمایی ئـەو دەنگۆیـە و دەركـەوتنی موعتەزیلـە بـەر لەوەرگێڕانی ئەو بەرهەمانە كە لـە سـەردەمی مـەئمون بـوو)، یـەكێكی تـر لەوانـە ئەوەیـە كـە وەهابیـەكان نـەقلی دەكـەن سـەبارەت بـە نەجـد و حیجـازو جگەلـەویش لـە وڵاتـە ئیسـلامیەكان بـەوەی نـەریتێكی نـەفامێتیان هەیـە و بـت دەپەرسـتن و هاوبەشـدانان و شـیركیان گـەورەترە لـە هاوبەشـدانانی بـێ بـاوەڕانی قـوڕەیش .... تـاد، ئـا ئـەوە ڕەنـگ كردنـی مێژوویـە كـە عەقیدەگـەراكان بـۆ خـەڵكانێك دەیڵـێن كـە مێـژوو ناناسن و بەڕاستی دادەنێن و دەڵێن ئەمە واقیعەكە بووەو شوێنیان دەكەون لەو ئەندازە ڕێگایەی كـە مـاوە، هەندێ لە وەهابیە پاشینەكان دانیان ناوە بەوەی كە زەوی نەجد بـەر لـە بانگەوازەكـە هـی شـیرك نـەبووە، كتێـب و بەرهـەمیان دانـاوە لەسـەر نەجـد و حیجـاز بـە موسـڵمانیان لـە قەڵـەم داوەو دەكـرێ چـاوی پـێ دابخشێندرێ لە پێشەكی كتێبی شێخ بەسام (علما نجد خلال ثمانیـة قـرون)، بـەڵكو ناونیشـانی ئـەو كتێبـە بەتـەنها بەسـە، وەهابیـەت دەرنەكـەوت مەگـەر پـاش كـەمتر لـە سـێ سـەدە نـەبێت، لـە نیـوەی سـەدەی دوانزەهەمی كۆچی.

شـێخ لـه (لا: ٣٩) دەڵێت:(هـاوار دەكـەن و دەنگیـان بەرزدەكەنـەوە هـەر وەك هاوەڵانیان هاواریان دەكـرد كـه ووتیـان:﴿ أجعل الالهة الها واحدا ان هذا لشيء عجاب﴾ واته: (بێ باوەڕان دەیان ووت: پێتان سەیر نیه) هەموو خواكانی كردووە بەیەك خوا، بەڕاستی ئەمە شتێكی زۆر سەیرو سەمەرەیە!.

دەڵـێم: ئـەم ووتەیـەی شـێخ تـەكفیری دژەڕاكـانی لـە خۆدەگرێـت كـە بـەهیچ شێوەیەك ئەو تاوانباركردنە دروست نییە، تەنانەت موسڵمانێ نیه لەسەر ڕووی زەوی قسەیەك لەو جۆرە بكات و موسڵمانێ نیه كه دان به هاوشێوەی ئـەو قسـەیەدا بێنێت كه ئەو ئایەته له زمانی بێ باوەڕانـەوە بۆمـان نـەقڵ دەكـات، پاشـان بەهاوشـێوەی بـێ باوەڕان قسه بكات.

**تێبینی بیست و یەكەم:**

شێخ له (لا: ٣٩) دەڵێت:(ئەگەر زانیت ئەوەی كه هاوبـەش دانـەران نـاوی دەنـێن لەسەردەمی خۆمان به (عەقیدە)، بریتیه لـەو هاوبـەش دانانـەی كـه قورئـانی لـەدژی دابەزی و پێغەمبەر _ صلى الله عليه و سلم _ جەنگی كرد لەگـەڵ خـەڵكی لەسـەری و بزانه كه هاوبەش دانانی خەڵكانی پێشوو سوكترە له هی سـەردەمی خۆمـان بـەهۆی دووشت).

دەڵێم: ئەمه تەكفیری ڕاشكاوی موسڵمانانی سەردەمی خـۆی دەكـات تـەنها ئەوانـە نەبن كه لەسەر پەیڕەو و بەرنامەی ئەون، چونكه كـەم كـەس لـه ووشـەی (عقیـدە)و (كتێبـەكانی عقیـدە) دەزانێـت كـه پوختەیـەكن لـه زانایـان و زانسـت خـوازانی ئـەو سـەردەم، ئەگـەر ئەوانـه هاوبەشـدانانەكەیان خـراپترو قورسـتر بێـت لـه بـێ بـاوەڕانی قوڕەیش، ئەوا دەبێ هی گشت موسڵمانانی تر دەبێت چۆن بێت؟!

**تێبینی بیست و دووەم:**

شێخ لە (لا: ٤٣) دەڵێت:(ئەوانەی پێغەمبەری خوا _ صلی الله علیه و سلم _ جەنگی لەگەڵ کردن ئەوا ئەوان عەقڵیان باشترو سەلامەت تر بوو و هاوبەشدانان و شیرکیان سوکترو سادەتر بوو لەوانە).

دەڵێم: ئەوە تەکفیری ڕاشکاوی بێ پێچ و پەنایە.

**تێبینی بیست و سێیەم:**

شێخ لە (لا: ٤٣) دەڵێت:(بزانە ئەوانە گومانێکیان هەیە لەسەر ئەوەی کە باسمان کرد دەیهێنن و دەیبەن و گەورەترین گومانیتیان جا گوێت ڕادێرەو شلکە بۆ وەڵامەکەی و ئەو گومانەش ئەوەیە کە دەڵێن: ئەوانەی قورئان لە دژیان دابەزی شایەتمان نادەن کە هیچ پەرستراوێك نییە بەحەق جگەلە خوای گەورە و باوەڕیان نیە بەپێغەمبەرو نکۆڵی دەکەن لە زیندوو بوونەوە و باوەڕ بەقورئان ناکەن و بەجادووی دەزانن ئێمە شایەتی دەدەین کە هیچ پەرستراوێك نییە بە حەق جگەلە خوای گەورە و بەڕاستی موحەمەدیش نێردراو و پەیامبەری خوایە و قورئان ڕاست و بێ کەم و کورتیە و باوەڕمان بە زیندووبوونەوە هەیە و نوێژو ڕۆژو ئەنجام دەدەین جا چۆن وەك ئەوانەمان دادەنێن)؟!

شێخ بەدەم ئەمەوە وەڵامی ئەو بەڵگەیە دەداتەوە:(ڕاجیایی نییە لە ناو گشت زانایان دا کە ئەگەر کەسێك باوەڕی بە پێغەمبەری خوا _ صلی الله علیه و سلم _ کرد لە شتێك و بەڕاستی زانی و لە شتێکی تردا بەدرۆزنی زانی ئەوا ئەو کەسە بێ باوەڕە! ئەو کەسە نەهاتۆتە ناو بازنەی ئیسلامەوە بەهەمان شێوە ئەگەر باوەڕی بە هەندێك لە قورئان هەبێت و نکۆڵی لە بەشەکەی تری کرد! هەروەك ئەوەی کە دانی نابێ بە خوابەیەکزانین و یەکتاناسی و نکۆڵیش بکا لەوەی نوێژ فەرز

بێت.......(دواتر چەند وێنەیەکی لەو شێوەیەی هێناوە) _ شێخ بەدەم ئەم قسانەوە بەردەوام بوو:(خوای گەورە بەڕاشکاوانە لەکتێبەکەی دا دەری بڕیوە کە هەر کەسێ باوەڕی بە بەشێکی قورئان هەبێت و باوەڕی بە هەندێکی تری نەبێت بەڕاستی ئەوە تەواو بێ باوەڕو کافرە و شایەنی ئەو حوکمەیە کە باسی لێوە کرا، ئا بەو شێوەیە گومانەکە لاچوو).

دەڵێم: ووتەی شێخ لێرەدا زۆر سەرسوڕهێنەرو نامۆیە! لێرەدا جیاوازیەکی زۆر گەورە هەیە لەنێوان کەسێ کە بە ئەنقەست و بە سوکایەتی نکۆڵی بکات لە شتێك کە پێغەمبەر هێناویەتی سەرباری ئەوەی بشزانێت کە فەرمایشتی پێغەمبەرە_ صلی الله علیه و سلم _ لەگەڵ ئەو کەسەی هەندێ لەو شتەی کە پێغەمبەر _ صلی الله علیه و سلم _ هێناوەیەتی فەرامۆشی بکات چ ئەوەی تەئویل بکات یان نەزان بێت یاخود گومانی وابیات کە حوکمەکەی هەڵوەشاوەتەوە (منسوخ) یان تایبەت کراوە (مخصص) یاخود بەندو بار (قید)ی بۆ دانراوە ... تاد.

مەبەستی دووەم: هیچ یەکێك لەوانە نکۆڵی نەکردووە لەو شتانە کەوا بەپێویست زانراون لەئاییندا (واتە گومانیان لەسەر فەرزو پێویست بوونیان نیە ) وەك ئەو [2] نموونانەی کە شێخ هێناویەتی لە فەرامۆش کردنی فەرزی نوێژ یان زەکات نەدان یان حەج نەکردن یان باوەڕ بوون بەهەندێك لە قورئان و باوەڕ نەبوون بەهەندێکی تر.... تاد.

---

[1] _ گریمان ئەگەر کەسێك شتێکیشی کرد کە کوفرو بێ باوەڕیی بوو ئەوا ناکرێت ڕاستەوخۆ حوکمی کوفری بەسەردا بدرێت، چونکە ناکرێ ناوەرۆکی ئەو بنچینەو بنەمایە فەرامۆش بکەین:(ثبوت الشروط وانتفاء الموانع) واتە: تێدا هاتنەجێی مەرجیەکان و لاچوونی ڕێگرو پەرچەکان. (وەرگێر).

[2] _ (وەرگێر).

مەبەستی سێیەم: گەر شێخ بگەڕابایەوە بۆ ئەو پەرتووكانەی كە دەدوێ لەسەر ئەو مەسەلانەی كە زانایان لەسەری ڕاجیان كە دەكرێ بەناوبانگترینیان كتێبی (رفع الملام)ی ئیبن تەیمیە بێت _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ ئەوا بیانوی دژەڕاكانی دەزانی كە دەكرێ فەرمان (أمر)ێ یان ڕێگریی (نهي)یەكیان لەلا نەچەسپا بێ لەو بارەوە، بەم شێوەیە كە ئەو حاڵەتەی زانی ئەوا بۆی دروست نیە بڵێ: ئەوان نكۆڵی دەكەن لەو پەیامەی پێغەمبەر_ صلی الله علیە و سلم _ هێناویەتی؟ چونكە ئەوانە تەئویل دەكەن نەوەك نكۆڵی _ لە دەق یان حوكمەكە _ بكەن، لێرە دا جیاوازییەكی زۆر هەیە لە نێوان نكۆڵیەك لە خۆ بەگەورە زانینەوە بێت و نكۆڵیەك كە بەهۆی تەئویلێ كە پەیدابووە بەهۆی بەڵگە و گومانێك یان وازهێنان لە كار كردن بە دەقێك بە بەڵگەیەك ئەوەی كە بەلاوازی دەزانن، ئەمانە مانای وانیە كە باوەڕیان هێناوە بەهەندێك لەقورئان و باوەڕیان نیە بەهەندێكی تر! یان باوەڕیان هێناوە بەهەندێك لەوەی پێغەمبەر _ صلی الله علیە و سلم _ هێناویەتی و هەندێكیشیان ڕەتكردۆتەوە .

بەهەمان شێوە شێخ دیاردەی نەزانین (جهل)ی لەبەرچاو نەگرتووە، بوونی دیاردەی نەزانین و بێ زانستی سەبارەت بەشتێك پەرچ و ڕێگر (مانع)ە لەوەی كە كەسی نەزان بەبێ باوەڕو كافر لە قەڵەم بدرێ و بەپێی بەرنامە و پەیڕەوی شێخ ئەو زانایانەی ڕاجیاییان هەیە دروستە یەكتر تەكفیر بكەن بەپاساوی ئەوەی كە هەر زانایەك ئەوەی تر تاوانبار بكات بەوەی كە نكۆڵی كردوە لە بەشێك لەوەی پێغەمبەر _ صلی الله علیە و سلم _ هێناویەتی! ئەوە بەو كارەی وەك ئەوەیە كە پێغەمبەر _ صلی الله علیە و سلم _ بەگشتی بەدرۆزن بزانێت! و بەم شێوەیە... لەكاتێكدا ڕاستی

---

[1]_ (وەرگێڕ).

شتێکی تره، چونکه لایەنەکەی تر دانانێت و ئیعتراف ناکات بەوەی کە نکۆڵی بکات لە شتێ کە پێغەمبەر _ صلى الله عليه و سلم _ هێناویەتی، بەڵکو پێت دەڵێت: ئەوە لەلای من نەچەسپاوە یان دەڵێ: بەڵکو واتای بەم شێوەیە یان بەو جۆرەی تره بەو شێوەیە ڕووبەڕووی دەقێکی تر دەبێتەوە... تاد .[1]

لە قسەی ڕابردووی شێخ بەدەر دەکەوێت کە بابەتی (الاسماء والاحكام: ناو و حوکمەکان)ی بە شێوازێکی چاك تەفسیر نەکردووە کە لە حاڵەتی جێبەجێ کردنی دا بپارێزرێ و پەرچەکانی تەکفیر (موانع التكفير) بە جوانی لێك نەداوەتەوە وەك: نەزانین (الجهل) و تەئویل و ناچار (اضطرار).... و تەنها دان بە حاڵەتی زۆری لێکراو (المكره) دادەنێت بەوەی کە ببێتە پەرچ و ڕێگری تەکفیر، هیچ گومانێك لەوەدا نیە کە بەبێ توێژینەوەی ئەو بابەت و پەرچ و ڕێگر (موانع)انە کەسی قسەکەر بە ئاسانی دەکەوێتە ناو تەکفیرەوە .[2]

---

[1] _ وەك نکۆڵی ئیبن ئەبی ذئب کە لە بەرامبەر ئیمامی مالك کردی لە ڕەتکردنەوەی فەرمایشتی (المتبايعان بالخيار) ووتی: تەوبە دەکات گەرنا لە گەردەنی دەدەم؟! بە بەڵگەی ئەوەی فەرموودەی ڕەتکردۆتەوە یان شتێکی فەرامۆش کردووە کە پێغەمبەر _ صلى الله عليه و سلم _ فەرموویەتی و ئەمەش ئاسۆی تەسکی ئیبن ئەبی ذئبە _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _، چونکە ئیمامی مالك فەرموودەیەکی فەرامۆش نەدەکرد مەگەر بە هۆی کرچ و کاڵیەکەی بێت یان هەڵوەشێنرا (نسخ) بووبێتەوە یان شتێك لەو جۆرە، _ ڕەحمەتی خوا لە هەردووکیان بێت _.

[2] _ دەکرێ چاو خشاندنەوە بکرێ بەوەی کە شێخ ئیبن باز یان عەلامە ئەلبانی نووسیویانە لە سەر بابەتی تەکفیر، کە چاپ کرا پاش ڕزگار کردنی کوێت، کە پەیڕەوی سەلەف دژ بە پەیڕەوی شێخ موحەمەد هەڵگەڕاوە و هیچ کەم و کورتیەك تووشی ئەو میانڕەویەی سەلەف نەکەوتووەو لەو دواییانە تەنها دوو شت نەبن: یەکەم: لە دوای جەنگی کەنداوی دووەم بوو وەك ئەوەی وەڵامدانەوەی داخوازی دەوڵەتان بوو بێت، دووەم: کورت هەڵهاتبوو لە ڕوونکردنەوەی پەیڕەوەکە، لەگەڵ پیا هەڵگۆتن و ستایشکردنی کتێبە عەقیدەییە تەکفیرییەکان بەبێ چاوخشاندن بە پەیڕەوی سەلەف بەشێوەیەکی گشتی و وەهابیەت بەشێوەیەکی تایبەتی و لەوانەش ڕەوا بوون و شەرعیەتی تەکفیر لە جیهانی ئیسلامی وەك خۆی ماوە.

دواتر ڕێسایەکەی لە سەر هەموو دەستە و تاقمێکی موسڵمانان جێبەجێ دەبێ و دەکرێ دژەڕاکانی بەرپەرچی بدەنەوەو بڵێن: یەکەم تاقمی بێ باوەڕان ئێوەن نەوەك خەڵکێکی تر، ئێوە باوەڕتان بە هەندێك لە قورئان نیە، وەك پارێزراوی خوێنی موسڵمان و دروست نەبوونی تەکفیر کردنی جا ئێوە لەلای ئەمانە باوەڕ دێنن بە بەشێکی قورئان و باوەڕ بەبەشەکەی تر ناکەن! بەم شێوەیە هەر بەواقیع بەڵگە بۆ ئەمە دەهێننەوە دەڵێن: ئەو تەکفیرو کوشتارەی ئێوە تا ئێستاش ئێمە شوێنەوارەکانی دەبینین لەو ڕۆژانەی ئێستاش لە وڵاتی خۆمان و زۆرێ لە وڵاتە عەرەبیەکان.

**تێبینی بیست و چوارەم:**

شێخ لە (لا: ٤٨): _ لە شێوەی ئەو دەقە دووبارە بوەتەوە لە لا ٥٧ _ دەڵێت:(هاوەڵانی پێغەمبەر _ صلى الله عليه و سلم _ جەنگیان لەگەڵ هۆزی حەنیفە کرد کەچی موسڵمانیش بوو بوون لەگەڵ پێغەمبەر _ صلى الله عليه و سلم _ و شایەتیان دەدا کە هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق جگەلە خوای گەورەو موحەمەدیش نێردراوی خوایە _ صلى الله عليه و سلم _ و نوێژیان دەکرد و بانگیان دەدا و ئەگەر ووتیان: ئەوان دەیان ووت موسەیلەمە پێغەمبەرە، دەڵێین: ئا ئەمە مەبەستەکەیە کاتێك یەکێك کەسێ بەرز بکاتەوە بۆ پلەی پێغەمبەر _ صلى الله عليه و سلم _ ئەوا ئیمانی لە دەستداوە و خوێن و سەروەت و سامانی حەلاڵە و شایەتمان و نوێژ سوودی پێ ناگەیەنن چ جای ئەوەی کە (شەمسان) یان (یوسف) یان هاوەڵێك یاخود پێغەمبەرێ بەرز کاتەوە بۆ پلەی خوای باڵادەستی ئاسمانەکان و زەوی.....)!!.

دەڵێم: ئەم قسەیە چەندین ئەندێشەی سەرسوڕهێنەری تێدایە.

یەکەم: هۆزی حەنیفە بە ڕەهایی هەڵگەڕانەوەو باوەڕیان هێنا بەپیاوێك کە گومانیان دەبرد پێغەمبەرە و فەرمانەکانی پێغەمبەریان_ صلی الله علیه و سلم _ بە ئەنقەست فەرامۆش دەکرد.

وە ئەوانە_ دژەڕاکانی شێخ_ تەواو جیاوازن[1] لە هۆزی حەنیفە، چونکە خەڵکی ئەمڕۆ لەبەر ئەوەی پیاو چاکەکانیان خۆشدەوێت، چونکە ئەو پیاو چاکانە پێغەمبەریان _ صلی الله علیه و سلم _ خۆش دەوێت، هیچ یەکێك لە پیاوچاکان بە بەرزتر دانانێن لە پێغەمبەر_ صلی الله علیه و سلم _ و بەرزی ناکەنەوە بۆ ئەو پلەیە چ جای یەکێك لە پیاوچاکان ببەنە ئاست پلەی خوای باڵا دەست و خاوەن شکۆ، بەڕەهایی ئەمە قسەی ئەوانە نیە و موسڵمانێکی عاقڵ ئەمەی نەوتووە[2] بەدرێژایی مێژوو.

شێخ هەندێ شت بەمەرج دەزانێ کە پێویست نین، لەسەر پەیڕەو بەرنامەی شێخ دەکرێ ئەو کەسە تەکفیر بکەیت کە لە ڕزق و ڕۆزی خۆی دەگەڕێ لەلایەن فلانە کەسە یان سوێندی خوارد بە پێغەمبەر_ صلی الله علیه و سلم _ یان سوێندی خوارد بە کەعبە یان زیاد ڕۆچوو لە پیاوچاکێ یان جگەلەوانیش بەڕاستی ئەمە هەڵەیە.

بەڵکو دەکرێ لەسەر ئەو پەیڕەوە ئەو کەسانە تەکفیر بکەین کە زیاد ڕۆچوون لە شێخ دا ئەوانەی کە بەهیچ جۆرێك بە هزریان دا نایەت کە شێخ هەڵەی هەبێت و قبوڵی ڕەخنە لێ گرتنی ناکەن، ئەوانە ئەوە بەپاساو و بەڵگە دێننەوە کە شێخ زاناترە لە بوارەکانی شەرع و هەندێ جار بەو پاساوە فەرموودەیەکی ڕاست (صحیح) یاخود ئایەتێکی پیرۆزو بەڕێز ڕەت دەکەنەوە...

---

[1] _ (وەرگێڕ).

[2] _ وەك خۆ پاراستنێك لە هەندێ زیاد ڕۆچووە شیعە و صۆفیەکان.

به پشت بەستن بەمە دەڵێت: ئەوانە پلەی شێخ موحەمەدیان بەرز کردۆتەوە بۆ پلەی پێغەمبەرێتی یان پەروەردگارێتی و لەسەر ئەمە بێ باوەڕو هاوبەشدانەرن ... تاد.

ئەوە پەیڕەوێکی هەڵەیە، مەسەلەو بابەتە زانستیەکان بەو دوژمنایەتیە بەدەست ناخرێت، بەڵکو ڕێگای زانراوی خۆی هەن لەلایەن کەسانی بەئینصاف کە بابەتیانە بۆ شتەکان دەڕوانن لە کەسانی موسڵمان و ناموسڵمان.

**تێبینی بیست و پێنجەم:**

شێخ لە (لا: ٤٩): وە بەوشێوەیە دووبارەی کردۆتەوە لە لا ٥٨، دەڵێت:(دەوترێ ئەوانەی کە عەلی کوڕی ئەبو تالب سوتاندنی هەموویان بانگەشەی موسڵمان بوونی خۆیان دەکرد کە لە ناو هاوەڵانی عەلی بوون و زانست فێر بوون لە هاوەڵان بەڵام بڕوایان بەرامبەر بە ئیمامی عەلی وەك بڕوای ئەوانەبوو کە سەبارەت بە (یوسف) و (شەمسان) و هاوێنەکانیان هەبوو؟ جا دەبینی چۆن هاوەڵان یەکدەنگ بوون لەسەر کوشتنیان و بێ بەش کردنیان لە باوەڕو ئیمان)؟!

دەڵێم: ئەو کەسانەی ئیمامی عەلی سوتاندنی _ سەرەتا ئەگەر هەر سوتاندنەکە ڕاست بێت _ یا ئەوەتا[1] ئەوان هەڵگەڕاوەن بانگەشەی موسڵمان بوونی خۆیان ناکەن

[1] _ بەسەرهاتی سوتاندنی ئەوان بەزیندوویی تەنها لە ڕێگای عیکرەمەوە هاتووە کۆیلە ئازاد کراوەکەی ئیبن عەباس و بەسەر هاتەکەی نەدیوە بەڵکو باسی کردوە کە بەهەواڵ هەواڵەکە گەیشتۆتە گەورەکەی ئیبن عەباس جا ووتی گەر من بام دەم کوشتن، چونکە پێغەمبەر _ صلى الله عليه و سلم _ دەفەرمووێت:(هەر کەسێ دینی خۆی گۆڕی بیکوژن) و ئەو فەرموودەیە لە بوخاری دا هاتوە بەدوو ڕێگا لە

وەك شێخ باسی کرد، و ڕاست نەبوو ئەوەی کە لەکتێبەکانی عەقیدە ناو و شۆرەتی

---

عیکرەمەوە و موسلم تەخریجی نەکردوە، عیکرەمە وەك هەواڵدانێك گێڕاویەتەوەو لە کوفەش نەبووەو بەڵکو لە بەسرە بووە لەگەڵ خاوەنەکەی ئیبن عەباس دەکرێ هەواڵەکە بەشێواوی پێگەیشتبێت، بەڵام ئەو ڕوایەتانە کە شایەدی بەچاودیدەی ڕووداوەکە دەدەن باسی ئەوەیان کردووە کە خەڵکەکە هەڵگەڕابوونەوەو ئیمامی عەلی کوشتونی نەوەك ئەوانی سوتاند بێت پاشان چەند چاڵێکی بۆ هەڵکەندون و فڕەیداونتە ناوی و هەڵمی بەسەرا کردوون بۆ زیاتر سەرکۆنە کردن و ترساندن لە ئەنجامدانی هاوشێوەی کاری ئەوان، چونکە ماوەیەك ئاوا بەخششەکانی موسڵمانانیان دەبرد کەچی بۆ ماوەیەکیش بوو هەڵگەڕابوونەوە، دەکرێ ئەو هەڵم بەسەر داکردنە ئەندێشەی بۆ هەندێ لە بینەران دروست کردبێ کە سوتاندوونی دەنا ئیمامی عەلی بەخودی خۆی سوور بووە لەسەر ئەوەی کە خەڵکی بە ئاگر سزا نەدرێن بەتایبەتی کە ئەو لە گێڕەرەوە (رواة)ی ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەرە (تەنها پەروەردگاری ئاگر بە ئاگر سزا دەدات) و ڕاست نیە کە هاوەڵێك زیندووانی سوتاندبن تەنها ئەوە نەبێت کە ئەبی بەکری سدیق _ خوا لێی ڕازی بێت _ ئەنجامی دا= =لە سوتاندنی ئەو هەڵگەڕاوەیەی کەناوی (الفجائة السلمي) بوو _ بۆ زانیاری شێخ هەر وادەزانێ کە (الفجائة السلمي) هەر موسڵمان بووەو بنەماکانی ئیسلامی بەرپاکردونە!! (الفجائة السلمي) هەڵسا بەکاری ناشرین لەکاتی هەڵگەڕانەوەدا، خالدی کوڕی وەلید خەڵکی سووتاندووە لە هەڵگەڕاوەکان بەڵام ئەو لەو هاوەڵانە نەبووە کە هاولێتیەکەی شەریعی★ بێت، چونکە هەندێ کاری ئەنجامداوە پێغەمبەر _ صلی الله علیه و سلم _ خۆی لێ بەری کردوە هەروەك لە سەر گوزەشتەی هۆزی جوذەیمەدا هاتووە، خالید لە کۆشش کار (مجتهدین)ەکان نیە، بەڵکو ئەو خاوەنی شمشێرو قەڵغانە نەوەك خاوەنی زانست و زانیاری و فیقە _ خوا لێی ڕازی بێ و لێی ببورێ _، بە تێرو تەسەلی باسی ڕێگاکانی فەرموودەکە و گێڕانەوەکانم لەبارەی ڕووداوی سوتاندنەکە کردوە لەبەشی یەکەم لە کتێبی (النقض الکبیر) کە بەرپەرچ دانەوەی کتێبی (منهاج السنه)ی ئیبن تەیمیەیە _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ و بەڵێن بەخوێنەر دەدەم کە (النقض الکبیر) وەك ناوەکەی گەورە دەبێت، بە چڕو پڕی و بەجوانی لەگەڵ پەیڕەو کردنی گیانی میانڕەوی و بابەتیانە و ئینصاف بەویستی خوا .... وە من گەشبینم بەوەی کە داهاتوو بۆ ئەو پوختی و ڕوونی و لێکۆڵینەوە دەبێت لە سەر زانین (معرفه)یەك کە ئینصافی تێدایە بۆ ئەو کەسەی کە بەرپەرچی دەدرێتەوە، لەهەمان کاتدا نەهێشتنی ستەمە لەسەر ئەو ستەم لێکراوانەی کە کتێبە عەقیدەییە زیاد ڕۆچووە ئاوێتە بووەکان بە بۆچوون و ڕاکانی خەواریج و ناصبیەکان.

★ مەبەستی دانەر لە شەرعی نەبوونی هاوەڵێتی ئەوەیە کە هاوەڵێتیەکە زۆر تایبەت نەبووە، بەڵگەشم ئەو قسەیەی دانەرە کە لە لاپەڕەی (٩٧) لە تێبینی سییەم خستوەتیەڕو بەو ڕستەیە:(لیسوا من أصحاب الصحبة الخاصة_ الشرعیة_)، هاوەڵە تایبەتەکان وەك ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان و عەلی و طەلحە و.... هتد. (وەرگێڕ).

دەرکردوە کە ئەوان عەلیان کرد بوو بەخوا، بەڵکو لە بوخاری دا بەڕاست و دروستی هاتووە کە خەڵکانێکی هەلگەڕاوەو بێ دین بوون (هەردوو بێژە _ اللفظ _ەکە لە بوخاریدا هاتوون)، ئەگەر ڕاستیش بێت گێڕانەوەکە لەوەی ئەوان بڕوایان وابوو کە ئیمامی عەلی شایەنی پەرستنە، ئەوا بەڵگەکە لەسەر شێخ زۆر گەورەترە، چونکە ئەوان بەو کارەیان بانگەشەی موسڵمان بوونی ناکەن _ وەك شێخ باسی کرد _، بەڵکو ئیمامی عەلییان کردبوو بە خواو پەرستراو ئەوە بێ باوەڕی و کوفرە بەیەکدەنگی موسڵمانان و دەقە شەرعیەکان.

دواتر شێخ دەبینین کە ئەو شێوازە دەربڕینەی هەڵبژاردوە کە ئەوان:(بڕوایان بە ئیمامی عەلی هەبوو وەك بڕوایان بە (شەمسان)...)؟ بەڕەهایی نەهاتووە لە هیچ ڕیوایەتێك لە ڕیوایەتەکان کە ئەوانەی ئیمامی عەلی سووتاندنی لەبەر ئەوەبووە کە ئەوان (تەنها زیاد ڕۆچوو بوونە لە ئیمامی عەلی دا و دانیشیان ناوە بەبنەماکانی ئیسلام)؟ بەڵکو ئەوان تێکڕای ئیسلامیان فەرامۆش کرد، ئایا شێخ دەیەوێت وا بەخەیاڵمان دا بهێنێت ئەوانەی کە عەلی کوشتونی وەك ئەو صۆفی و زانایانەنە بوون _ لە حەنبەلیەکان و جگەلەوانیش _ کە پەرستشەکانیان تێکەڵ بەجۆرێك لە زیاد ڕۆچوون بووە و تەوەسول دەکەن بە پیاوچاکان و هاوشێوەی ئەمانە؟!

**تێبینی بیست و شەشەم:**

بەهەمان شێوە شێخ لەبارەی فاتیمیەکان لە (لا: ٥٠) ووتویەتی:(نەوەکانی (عبید القداح) کە دەستیان گرت بەسەر مەغریب و میسر لە سەردەمی بەنی عەباس... کاتێك پێچەوانەی شەریعەت لە چەند شتێك کە ئێمە لەسەری نین هەڵسوکەوتیان کرد زانایان کۆدەنگ بوون لەسەر تەکفیر کردن و جەنگ لەگەڵ

کردنیـان و وڵاتیـان وڵاتـی جـەنگ(حرب)ە و موسـڵمانان لەگـەڵیان جـەنگان تـا ئـەو وڵاتانەی موسڵمانانیان ڕزگار کرد کە بە دەستیانەوە بوون).

دەڵـێم: ئەمـەش ڕاسـت نییـە، چـونکە جـەنگ لـە نێـوان ئـەیوبی و فاتیمیـەکان جەنگێکی سیاسی تێرو تەسەڵ بوو کە دین فڕی بەسەرەوە نەبوو.

لـەو کاتـەش دا بیدعـەت لـە هـەموو شـوێنێك هـەبوون لـە دەوڵـەتی ئـەیوبی و فاتیمیـەکان و لـە دەوڵـەتی بـەنی عەباسیشـدا هـەبوو لـە عێـراق... تـاد، بـارودۆخی جیهـانی ئیسـلامی لـەو سـەردەمانەدا بـەو بارودۆخـەی جیهـانی ئیسـلامی دەچـوو لەسەردەمی شێخ موحەمەددا!!.

صەڵاحەدین بەهێزەوە هات بۆ پشتگیری لە فاتیمیەکان کە لە خێزانی زەنکی بوو پاشان دەستی بەسـەر داگـرت، جـا پێویسـت بـوو فاتیمیـەکان و ئەیوبیـەکان دیـن وەك چەکێك لە گۆڕەپاندا بەکار بێنن هەر وەك دەسەڵاتدارانی عـەرەب ئێسـتا دەیکـەن جـا ئەمـە شـتێکی نـامۆ نیـە، پێویسـتە هـەر دەوڵـەتێك وا دەربخـات کـە جـەنگی لەگـەڵ دەوڵەتەکەی تر جەنگە لەسەر دین نەوەك بۆ ئامانجێکی سیاسـی تـا جـەماوەر لەگـەڵ خـۆی بخـات و جـەماوەر بەسـەرباز بکـات تەنانـەت دیـن وەك خزمـەتکاری سیاسـەت دەستبەکار بوو لەڕۆژانی دەوڵەتی ئەمەوی، لەسەرەتای سەردەمی معاویەوە.

فاتیمیەکان یان عەبیدیەکان _ نازنـاو لەلایـەن منـەوە گـرنگ نییـە _ هەڵنەسان بـەپارێزگاری کـردن لێیـان و بڵاوکردنـەوەی سـیفەتە باشـەکانیان، بـەڵکو خـراپترین کەسـی فاتیمیـەکان بریتیـە لـەو حاکمـەی کـە حـوکم بەفـەرمانی خـوا دەکـات کەچـی تاوانبار کرا بە دەرچوون لە دین و بـێ بـاوەڕو لەگـەڵ ئەوەشـدا هەنـدێ لـە زانایـان و مێژوو نوسان بەرگریان لێ کردوە.

**تێبینی بیست و حەوتەم:**

شێخ لە (لا: ٥١) دەڵێت:(باب: حكم المرتد) حوكمی هەڵگەڕاوە لەكتێبی زانایان دا هاتووە كە ئەوان باسی زۆر جۆریان كردووە:(هەر جۆرێ لەو جۆرانە مرۆڤی پێ لە دین دەردەچێ و خوێن و ماڵی حەڵاڵ دەكات هەتا باسی شتی كەمیان كردووە بۆ نمونە ووتنی ووشەیەك بە زمان بەبێ ئەوەی دڵ پێی ڕازی بێت یاخود ئەگەر بەشێوەی گاڵتە و گەپیش باسی نەكات).

دەڵێم: مەرج نیە هەموو ئەوەی ئەوانە باسی دەكەن ڕاست بێت، چونكە باسی زۆر شتیان كردوە كە هەر بەیەكدەنگی ڕەت كراوەیە و هەندێكیان ڕاجیایی لەسەرە و هەندێكیان هەڵگەڕانەوە (مرتد)بوون نیە لەلایەن زۆرێكیان و زانایان یەكدەنگیش نەبوونە لە باس كردنی هەندێ مەسەلە و ئەو مەسەلانەی باسی كردووە دەگۆڕێ بەپێی مەسەلەكە، بەگوێرەی كەسی قسەكەر كە ئایا لە نەزانینەوە بووە یان تەئولیی كردووە یاخود زۆری لێ كران یان ناچاری بووە... تاد.

مەبەستی دووەم: زانایان لەسەردەمی شێخ دەروازە (باب)ەكانی فیقهیان زانیوە كە حوكمی هەڵگەڕاوەی تێدا باسكراوەو لێیان كۆڵیوتەوە بەشێوازی وانە (درس)ش ووتویانەتەوە، لە هەردوو شاری حیجازو مەدینە و ئەشیقرو شەقراء و ریاض و شام و یەمەن و میسر و عێراق... تاد، فەتواشیان نەداوە بە كۆمەڵ حەڵاڵ كردنی خوێن و سامان كە شێخ لێرەدا فەتوای لەبارەوە دەركردوە، بەڵكو حوكم لەسەر كەسێك دەدرێت بە خودی خۆی لە پاش بەرپابوونی بەڵگە لەسەری.

مەبەستی سێیەم: لەكاتێ كە زانایان بەڵگە دێننەوە لە دژی شێخ بەوەی كە زانایان لە كتێبەكانیان باسیان كردووە خێرا شێخ تاوانباریان دەكات بەوەی كە

هاوبەشیان بڕیارداوە بۆ خوا، ئەو کارەشیان بە سەرچاوەی هاوبەشدانان وەسف دەکات!!

شێخ ئەگەر پێویستی بەو پەرتووکانە بوو لێی نەقڵ دەکات و لێ وەردەگرێ لەوەی کە گەواهی و پشتگیری قسەکەی دەکات _ لەگەڵ ئەوەی ئەوەشی تێدا نیە _ و ئەگەر دژەڕاکانی بە بەلگەی بێننەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بەم ووتەیەی کە (ئەمە کانگاو سەرچاوەی هاوبەشدانانە _ هەر وەك پێشتر باسکراو باسیشی دەکرێت _ ئەو کەسانە (زانایانیان بە خوا داناوە جگەلە خوای گەورە)! پاشان بەوەش ناوەستێ بەحوکمدان لەسەر ئەوەی کە بە کوفری دەزانێ، بەڵکو ئەگەر بەبوونی هەندێ حاڵەتی زانی لە ناوچەیەك ئەوا هەموو دانیشتووانی بە هەڵگەڕاوە دەزانێت و خوێن و ماڵیان حەلاڵ دەکات، بە بەلگەی ئەوەی ئەو ناوچەیە دانیشتووانی دابەش بووە بەسەر دوو دەستە کە یەکەمیان بێ دەنگن و دووەمیشیان هەڵگەڕاوەن! جا ئەنجام دەری کارەکە هەڵگەڕاوەیە بەهەمان شێوە ئەوەی بێ دەنگیشە هەڵگەڕاوەیە! و ئەمەش بە تەواوی جیایە لەوەی زانایان باسیان کردووە کە زۆر دوورە لە بابەت و ناونیشانی (حوکمی کەسی هەڵگەڕاوە)، ئەوان حوکم بەسەر تێکڕایی خەڵکی دا نادەن بە ڕەفتارو کاری هەندێ کەس، چوارچێوەی حوکمی هەڵگەڕاوە فراوان ناکەن بەو ئەندازەیەی شێخ فراوانی دەکات، ڕایان وایە کە کەسی هەڵگەڕاوە ئەوەیە کە نکۆڵی شتێکی ڕوون و ئاشکرا بکات بەشێوەیەکی گشتی، ولاّتی موسڵمانان بۆ ولاّتی شیرك و کوفر دابەش ناکەن، بەڵێ هەندێ لە زانایان زیاد ڕۆچوون بەڵێ لە هەموو دەروازەو بابەتەکان لە هەڵە پارێزراو نابن، بەلاّم ئەو کتێبە فیقهیانە میانڕەوی و مامناوەندیان زۆرتر تێدایە لە پێ خلیسکان، بە پێچەوانەی کتێبەکانی عەقیدە، پێویستە چاو بخشێندرێتەوە بە هەموو کتێبەکانی عەقیدەو فیقە و فەرموودە: و

کرداری چاوپێخشاندن و بژارکردن و هەڵە دیاری کردن و ڕاستکاری بەردەوام بێت، چونکە زانست لە قۆناغێکی دیاری کراودا ناوەستێت.

حوکم دان لەسەر گوفتار یان کردارێ کە هەڵگەڕاوەیە مانای وانیە حوکم بدەیت لەسەر کەسی ئەنجامدەری بەهۆی بوونی سیفەتی نەزانین و تەئویل کردن تیایدا، چ جای حوکم دان لەسەر شوێنێك بە تێکڕایی یان بەسەر زۆربەی جیهانی ئیسلامی بە ڕەفتاری چەند کەسێکی نەزان یان ئەوەی تەئویل دەکات.

**تێبینی بیست و هەشتەم:**

دواتر شێخ لە (لا: ٥١،٥٢) دەڵێت:(ئەوانەی خوا لە بارەیانەوە ئەفەرمووێ:﴿ يَحْلِفُونَ بِاللهِ ماقَالوا وَلَقَدْ قالوا كَلِمَة الكفر وكفروا بعد اسلامهم ﴾ واتە: (دووڕووەکان) سوێند بەخوا دەخۆن کە قسەیەکی نابەجێیان نەکردووە، کەچی سوێند بەخوا بەڕاستی ئەمە درۆ دەکەن، بەڵکو گوفتاری کوفری بێ باوەڕی هات بەدەمیاندا، ئەوانە دوای موسڵمان بوونیان بێ باوەڕبوونەوە. جا نەت بیستووە کە خوا بە ووشەیەك حوکمی کوفری بەسەردا دان کەچی لە سەردەمی پێغەمبەری خواش بوون _ صلى الله علیە و سلم _ تێ دەکۆشان لەگەڵی و نوێژو زەکات و حەجیان ئەنجام دەدا و خوابەیەکزان و یەکتاناس بوون).

دەڵێم: یەکەم: ئەوانە دووڕو و دەغەڵەکان بوون.

دووەم : پێغەمبەر _ صلى الله علیە و سلم _ خوێن و ماڵی ئەوانی حەڵاڵ نەکرد و جەنگی لەگەڵ نەکردن بەڵکو ڕێگری کرد لەو جۆرە شتانەیان، جا ئەمە پێچەوانەی کرداری شێخە لەگەڵ ئەوەی کە حوکمی هەڵگەڕاوەی بەسەر موسڵمانان دا نەوەك بەسەر دووڕوی دەغەڵەکان.

**تێبینی بیست و نۆیەم:**

بەهەمان شێوە شێخ لە (لا: ٥٢) دەڵێت:(بەهەمان شێوە ئەوانەی کە خوا لە بارەیانەوە دەفەرمووێ:﴿ قُلْ أَبِاللهِ وَآيتهِ وَ رَسُولِهِ كُنْتُم تَسْتَهْزِئُون ﴾ واتە: پێیان بڵێ: ئایا ئێوە بەخواو ئایەت و فەرمانەکانی و پێغەمبەرەکەی گاڵتەتان دەکرد؟!... شێخ ئایەتەکەی بەتەواوی هێناوە.

شێخ دەڵێ:(ئەوانە ئەو کەسانەن کە خوای گەورە ڕاشکاوانە حوکمی کوفری لە بارەیەوە داوە پاش ئەوەی کە باوەڕیان هێنابوو لەگەڵ پێغەمبەری خوا _ صلی الله علیه و سلم _ لە جەنگی تەبوکدا، ووشەیەکیان دەربڕی کە لە شێوەی گاڵتە و گەپ بووە، (جا ڕامێنە لەو گومانە کە هەر ووتەی ئەوانە: حوکمی بێ باوەڕی بە سەر کەسانێك دەدەن کە شایەتی دەدەن هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق جگەلە خوای گەورەی و نوێژو ڕۆژو ئەنجام دەدەن ئینجا تێفکرەو ڕامێنە لە وەڵامەکەی کە لە بەسودترین ئەو شتانەیە کە لەو لاپەڕانەدا نوسراوە).

دەڵێم: یەکەم: ئەوان وا گومانیان دەکرد کە ئەوان لەسەر شێوەی گاڵتەو گەپ دەیان ووت:﴿ اِنَّما كُنَّا نَخُوضُ و نَلْعَبُ ﴾ واتە: بێگومان دەڵێن: بەڕاستی ئێمە تەنها دەمەتەقێ و گەمەو گاڵتەمان دەکرد. بەڵام واقیع پێچەوانەی ئەمەیە، ئەوان گاڵتە دەکەن بە خواو فریشتەو کتێب و پێغەمبەرەکانی _ هەروەك لە ڕاسترین سەرچاوەی مێژووەوە هاتووە _ و لە ناو پەیامبەران پێغەمبەرمان موحەمەد _ صلی الله علیه و سلم _ جا ئەگەر چی گاڵتەکە کورت هەڵبێنن لە گالتە کردن بەپێغەمبەر جا تەنها گاڵتە پێکردن بە پێغەمبەر_ صلی الله علیه و سلم _ گاڵتەکردنە بە خودی شەریعەت کە ئەمەش بێ باوەڕی و هەڵگەڕانەوەیە.

دووەم: بۆچی شێخ لێرەدا قسەی ئەوان بە ڕاست دادەنێت؟! بۆچی قسەکەیان بە ڕاست دەزانێ کاتێ گومان دەبەن کە تەنها گاڵتەیەك بووە؟! پاك و بێگەردی بۆ خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ بەدرۆیان ئەخاتەوە لە کتێبە پیرۆزو بەڕێزەکەیدا و ناویان دەبات بە گاڵتەجاڕان بە خواو ئایەت و پێغەمبەرانی و پێغەمبەری خواش _ صلی الله علیه و سلم _ بەدرۆیان دەخاتەوە لەو قسانەیان دا و پاساوی ئەوان ڕەتدەکاتەوە، چونکە هەواڵی لە خواوە بۆ هاتووە کە ئەوان درۆزنن لەو پاساو هێنانەوەیاندا بەوەی کە گاڵتە و گەپ و یاری بووە، پاشان شێخ دێت _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ قسەی ئەوان قبوڵ دەکات کەچی خواو پێغەمبەرەکەی ئەوانی بە درۆزن دانا بەڵام دان دەنێت کە ئەوان تەنها بە گاڵتە ووتویانە! و بەوە بەڵگەی هێناوەتەوە کە ئەگەر قسە کردن بۆ گاڵتە کردن بێت ئەوا قسەکەر پێی کافر دەبێ، جا وای لێهات قسەیان ڕاست بێت، لەلایەن شێخ و فەرموودەی خوای باڵادەست و خاوەن شکۆ و پێغەمبەرەکەی هیچ گرنگی نەبێت لە بەدرۆ خستنەوەیان، سەیرکە چۆن درۆی دووڕووی دەغەڵەکان بووەتەوە بەڵگە بۆ تەکفیری موسڵمانان!

**تێبینی سییەم:**

شێخ لە (لا:٥٣) دەڵێت:(قسەی هەندێ لە هاوەڵان کە دەیان ووت: خەڵاتمان پێ ببەخشە...)؟!.

دەڵێم: ئەوانەی ئەو قسەیان کردوە لەهاوەڵانی تایبەت (شەرعی )نین، بەڵکو ئەوانە ئازاد بووەکان بوون _ ئەوانەی سەلەفییەکان بەرگریان لێ دەکەن _ ئەم قسەیەیان لە ڕۆژی حونەین ووت کە هێشتان تازە موسڵمان بوو بوون.

---

[1]_ لە پەڕاوێزی (لا: ٩٢) تێبینی:(بیست و پێنجەم)، ڕوونکردنەوەیەکم داوە لەم بارەیەوە. (وەرگێڕ).

پاشان لەو بەسەرهاتە ئاماژە هەیە لە سەر ئەوەی کە کۆمـەڵگا بـەتاڵ نابێـت لـەو جۆرە کەسانە کە ئەو بیرو باوەڕە پوچەیان هەیـە، ئـا ئـەوە کۆمەڵگەی پێغەمبـەرە _ صلی الله علیـە و سـلم _ کەسـانێکی تێدایـە بـیرو بـاوەڕی وەك ئازادبووەکانـە... ئەمـە پاڵنەرە بۆ بـەزەیی هاتنـەوە بـە خـەڵك و ڕێنـوێنی کردنیـان و پێغەمبـەر _ صـلی الله علیە و سلم _ بە کافری لە قەڵەم نەدان لەبەر نەزانیان.

**تێبینی سی و یەکەم:**

شێخ لە (لا: ٦٣) دەڵێت:(هاوارکردن و داوای یارمەتی لە بەدیهێنراوێ لەوەی کـە توانای بە سەردا دەشکێ ئەوا نکۆڵی لێ ناکەین هەروەك خوای پاك و بەرز دەفەرموێ لـە سـەر گوزەشـتەی موسـا دا:﴿ فاستغاثه الذي من شيعته على الذي من عدوه: ئـەوەی خزمی خۆی بوو موسای بینی هاواری لێکرد کە فریـای بکـەوێت و زاڵـی بکـات بەسـەر دوژمنەکەیدا ﴾. هەروەك مرۆڤ داوای یارمەتی لە هاوەڵانی دەکات لە جەنگ یان لـەو شتانەی کە بەدیهێنراون و دەسەڵاتی بەسەردا هەیە، ئێمە نکۆڵی و ڕێگری دەکەین لـە هاوارکردن و داوای یارمـەتی کـردن بەشـێوەی پەرسـتش کـە ئـەنجامی دەدەن لەلایـەن گۆڕی ئەولیاکان یان کە ئامادەش نین و هەندێ شتی لـێ داوا دەکـەن کـە تـەنها خـوای گـەورە توانـای بەسـەردا هەیـە، ئەگـەر ئەمـە چەسـپا داوای یارمـەتی ئـەوان لـە ڕۆژی دوایـی بـە پێغەمبـەران ئـەوا مەبەسـتیان ئەوەیـە کـە پێغەمبـەران بۆیـان لـە خـوا بپاڕێتەوە.... و ئەمە دروستە لە دونیا و دوارۆژدا کە بەوەی بڕۆیـت بـۆ لای پیـاوێکی چاك تا لەگەڵت دانیشێ و گوێ بۆ ووتەکانت ڕابگریت و پێشی بڵێی: داوا لە خـوا بکـە بۆم هەروەك هاوەڵانی پێغەمبەر _ صلی الله علیە و سلم _ داوایان لـێ دەکـرد کاتێـك کە هەر لە ژیاندا بوو بەڵام لە پاش مردنی حاشا ئەمەیان نەکردووە).

دەڵێم: ئایا بۆچوونت چیە لە بارەی ئەوەی تەئویل دەکات کە داوای یارمەتی لە پێغەمبەر _ صلى الله عليه و سلم _ دروستە لەلای گۆڕی، چونکە پێغەمبەر زیندووە لە گۆڕیدا؟!

گومان لەوەدا نیە هەرچی ڕای وابێ ئەوا لایەنی (تأویل)ی گرتووە بەڵکو بێجگە لەوەش فەرموودەی عوسمانی کوڕی حەنیفی لەلایە.

یان یەکێکی تر دێت بە شێخ دەڵێت: بۆچی ڕێگا دەدەیت بەو کەسە بچێتە لای ئەو پیاو چاکە و داوای لێ بکات کە بۆی لەخوا بپاڕێتەوە؟ بۆچی فەرمانی پێ ناکەیت ڕاستەوخۆ لەخوای گەورە بپاڕێتەوە؟ ئایا لەو ئامۆژگارییەی تۆ کە ڕێگا بە کەسی ناوبراو دەدات، لەو کارەی بێ باوەڕان ناچێت کە هۆکاریان دەگرتەبەر لە نێوان خۆیان و خوای گەورەدا؟ ئایا خوای گەورە نەیفەرمووە:﴿... فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِي إِذا دَعانِ ...﴾؟!!.واتە: ئەوە من نیزیکم لێیانەوە، بەهاناو هاواری دۆعا گۆیانەوە دەچم هەر کاتێك لێم بپاڕێنەوەو نزا بکەن.

بەو شێوەیە دەکرێ کە دژەڕاکەی یان شوێنەکەوتووە زیاد ڕۆچووەکەی دژەڕاکەی دەرچەکان تەسك بکاتەوە لە سەر شێخ تا حوکمی کوفری بەسەردا دەدات هەروەك چۆن شێخ دەرگاکان تەسك دەکاتەوە لەسەر ئەوانی تر تا حوکمی کوفریان بەسەر دەدات.

بەڵێ کەسێکی تر دەتوانێ شێخ پابەند بکات بە زۆرێك لەقسەکانی لەوانەش قسەی ڕابردووە، بەهەمان جۆر چۆن شێخ ئەوانی تری پێیەوە پابەند کرد کاتێك پێیان دەڵێت: پێغەمبەر_ صلى الله عليه و سلم _ تایبەتمەندی خۆی هەیە، کەچی خوای گەورە فەرمانی بە دووڕووە دەغەڵەکان دا کە بێنە لای بۆ ئەوەی لێیان خۆش ببێ، چونکە هاتنیان بۆ لای بەڵگەیەکی دیارە لەسەر تەوبەکردن، بەڵام تۆ بە چ

بەڵگەیــەك ئــەو تایبەتمەندیــەی پێغەمبــەر بــە کەســی پیاوچــاك دەبەخشــیت و بەدروستی دەزانی کە کەسێ بێتە لای و داوای لێ بکات کە بۆی بپاڕێتــەوە؟! ئایا خـوا لــە کتێبــە پیرۆزەکــەی دا ئــەوەی ڕێپێــداوەو بــەڕەوای دانــاوە؟ یــان پێغەمبەرەکــەی ووتویــەتی؟ یــان لــە یــەکێك لــە هاوەڵەکانــەوە هــاتووە! یــاخود پێشــینە چــاکەکان کردوویانە! ئەگەر ئەوە دروسـت بووایـە ئـەوا بۆمـان نـەقڵ دەکـرا، چونکە ئـەوە لـەو شتانەیە کە پێویستە نەقڵ کردنی .. تاد، پاشان بۆچی بەندو مەرج و دەخەیتـە سـەر داوای دوعا لە پیاوچاك بەوەی (بچیتە لای پیاوچاکەکە و لەگەڵی دابنیشی و گوێ بـۆ قسەکەت بگرێت)؟! چ جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو کەسـەی نـاوبراو (کـە دەچێتە لای پیاوچاکەکە ) و ئەوەی کە یەکێك ڕادەسپێرێ بۆ لای فلان تا بۆی بپاڕیتەوە؟!

لە ئەنجام دا بەپێی پەیرەوی شێخ دژەڕاو ڕەخنەگر دەتوانێ حوکمی کوفر بـدات لەسەر شێخ جا ئەگەر پاساوی هێناوە ئەوا بۆ ئەوی تریش دروسـتە بـە هـەمان شـێوە پاساو بەو شتانە بێنێتەوە؟

ئێمە لە هەموو ئەمانەدا بانگەشە بۆ ئەوە دەکەین کە پەرستشەکان بە دڵسۆزی و دڵساغی بۆ خوا بکرێن و گومانـە ناشـرینەکان فڕێبـدرێن کـە ئـەو دڵسـاغیە جێ لـەق دەکات هەروەك بانگەشە دەکەین بۆ فڕێدانی زیاد ڕۆچوون لە تەکفیر.

**تێبینی سی و دووەم:**

دواتر شێخ لە (لا: ٦٦)[1]: بە مەسەلەیەکی (زۆر گەورە) کۆتایی پێهێنا کـە بریتیـە (لـەوەی یەکتاناسـیی و خـوا بەیـەکزانین پێویسـتە بـە دڵ و زمـان و هەڵسـوکەوت و

[1] _ (وەرگێڕ).

ڕەفتـار بسـەلمێنرێت، ئەگـەر شـتێك لەوانـە کـرچ و کـاڵی تێکـەوت ئـەوا کەسـەکە بـە موسڵمان ئەژمار ناکەین...)!!

دەڵێم: ئەمەش تەسك کردنەوەی تێدایە بۆ تەکفیری تێکڕای موسڵمانان ئەوانـەی کە ڕاستی ئەو مەرجانە نازانن کـە شـێخ باسـی کـردن، جا بـەوەوە شـوێنکەوتووەکانی شێخ دەتوانن کە خەڵکی تاقی بکەنەوە لە عەقیـدەو هەڵسوکەوتیان لـە کـاتی چوونە ناو هەر شارێك یان بە نووسین پێیان دەنوسن جا ئەگەر لەلایـەن ئـەوان خـۆ پـارێزی یان هەڵە بەدی کرا ئەوا کوشتنیان حەلاڵ دەکرد، چونکە (ئەوان موسڵمانین)!!

بـەڵکو شـێخ لێـرەدا ڕەفتـار خراپـی لـە ڕێـزی نیشـانەکانی کـوفرو بـێ بـاوەڕی ژماردووە! لەسەر ئەمە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێ خەڵك تەکفیری بکرێ بە هۆی گوناه کردنەوە؟! و بەهۆ ئەو بۆچوونە و هاووێنـەکانی دژەڕاکـانی تاوانبـاری دەکـەن کـە لـە خەواریجەکانە ئەوانەی کە کەسی گوناهبار تەکفیر دەکەن.

وە بابەتی کەم و کورتی و کرچ و کـاڵی (الاخـتلال) دەگـۆڕێ بـە گـۆڕانی تاوانەکـە بەڵام خراپی و کەم و کورتی کەوتنە ناو دڵەوە کار ناکاتە سـەر حوکمـە دونیاییـەکان، چـونکە پێغەمبــەر _ صــلی الله علیــە و ســلم _ حــوکمی ئیســلام بــوونی دووڕووە دەغەڵەکانی دا بە ڕووکەش، لەگەڵ پڕ کرچ و کاڵی و نـاڕێکی دڵیـان کـە خـوای گـەورە پێی ڕاگەیاندین، جا شێخ بـەوە نەوسـتاوە کـە موسـڵمان موسـڵمانێتیەکەی دەربخـات و شایەتمان بڵـێ و نوێـژ و ڕۆژ و زەکـات و حـەج بکـات.... تـاد، بـەڵکو بەڕاشـکاوی دەری بـڕی کـە ئـەو جـەنگ لەگـەڵ کەسـانێ دەکـات کـە نوێـژ و ڕۆژو صـەدەقە دەکـەن و شایەتمان دەهێنن!.

دەسا بوونی کەم و کوری و ناڕێکی لە ڕەفتار چیە؟ ئایا گوناهـە گـەورەکان لـەخۆ دەگرێـت وەك خواردنــەوەی مــەیی و دزی جگەلەوانــەش کــە ڕەفتــاری خــراپن؟ ئایــا کەسی بکەر دەچێتە دەرەوە لە بازنەی ئیسلام بەپێی ڕووکەشی ووتـەی شـێخ؟ بۆچـی

نكۆڵی بکەین لەو تەکفیرەی کە خەواریج دەیان کرد سەبارەت بەکەسی گوناهبار؟ و بۆچی نکۆڵی موعتەزیلە و زەیدییەکان بکەین کە دەڵێن کەسی تاوانی گەورە ئەکات هەتا هەتا لە ناو ئاگر دەبێ لە مەنزلگایەك لە نێوان دوو مەنزلگاکە؟! و بۆچی نکۆڵی لەوانەی تر بکەین کە تاوانبارمان دەکەن بە فراوان کردنی پەرێزی تەکفیرو ڕێ خۆشکردن بۆ تەکفیر؟!

**تێبینی سی و سێیەم:**

شێخ لە (لا: ٧٠) ووتویەتی: هیچ حاڵەتێك مرۆڤ لە حوکمی بێ باوەڕی ڕزگار ناکات (تەنها زۆر لێکراو _ المکره _ نەبێت).

دەڵێم: ئەو کورت هەڵهێنانە جێگای ئەوەیە کە چاوی پێدا بخشێنرێتەوە، چونکە زۆر لێکراو و ترسێندراو ئەوەی تەئویل دەکات و کەسی نەزان دروست نیە تەکفیر بکرێن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شێخ زۆر هۆشیاری نەبووە لە مەسەلەی ناو و حوکمەکان (الاسماء الأحکام)، بەڵکو دیارترین پەرچەکانی تەکفیری فەرامۆش کردوە، وەك تەئویل و نەزانی.

بەڵام بەڵگە هێنانەوەی بەوەی کە خوای گەورە تەنها زۆر لێکراوی هەڵاواردوەو جیایی کردۆتەوە نەوەك حاڵەتێکی تر هەروەك لەو فەرمایشتەی خوای پاك و بەرزدا هاتووە:﴿ اِلا مَنْ أُكْرِهَ ﴾ واتە: جگەلەوانەی کە ناچار دەکرێن. بەڵێ ئەمە ڕاستە لەم ئایەتە بەڵام ئەی ئەو ئایەت و فەرمووده ڕاستانەی تر، حاڵەتی تر هەن کە پاساو دەدەن بەدەست بکەرەکانی جگەلە حاڵەتی زۆر لێ کراو .[١]

---

[١] _ بەتێرو تەسەلی باسی ئەو پەرچانەم کردوەو بەڵگەکانیم خستۆتەڕوو لە کتێبی :(التکفیر و التفجیر _ أسباب و حلول) ئەمە پێشتر بڵاوکراوە لە سێ وتاری درێژدا بەناونیشانی :(رسالة الی أخي عبدالعزیز المعثم) لەڕۆژنامەی ریاض لە کۆتایی ساڵی ١٤١٦ بەڵام کتێبەکە هێشتان چاپ نەکراوە تا ئێستا.

ئەمە یەکێکە لە کەم و کورتیەکانی پەیڕەو و بەرنامەی شێخ کە پشت دەبەستێ بەیەك ئایەت یان یەك فەرمووده و ئایەت و فەرمایشتەکانی تر فەرامۆش دەکات کە ئەمەش کرچ و کاڵیە لەڕووی زانستیەوە، چونکە کەسێکی تر دێت و دەڵێت: خوای گەورە تەنها چوار شتی حەرام کردوون کە لەو فەرمایشتەی خوای پاك و بەرزدا هاتووە:﴿ اِنَّما حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَ الدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللهِ﴾. واتە: (خوای پەروەردگار) تەنها مردارەوە بوو و خوێن و گۆشتی بەرازو ئەوماڵاتانەی کە ناوی غەیری خوایان لەکاتی سەربڕیندا لەسەر هێنراوە حەڕام کردووە.

دەڵێت: بەپێی ئەم تێگەیشتنە لێرەدا شتی تر نین کە حەرام بن وەك مەی و دزی و زینا!! دەکرێ بڵێی و لەبیری بچێ کە خوای گەورە مەی و دزی و زینای و جگەلەوانەشی لە دەقەکانی تردا حەرام کردوون، ئایەتی ڕابردوو تایبەتە بە خواردنەکان.

دیارترین چەند تێبینیەکی سەر کتێبی (کشف الشبهات) تەواوبون، کە پێکهاتوون لە تێبینیە سەرەکیەکان _ کە هەندێکیان ڕوونترن لە ئەوانی تر _ لە سەر پەیامێکی بچووکی بەناو و شۆرەت کە لە بەهێزترینی ئەو نووسراوانەیە کە شێخ نووسیویەتی لە زۆرترینی ئەو بەرهەمانەیە کە شوێنکەوتووەکانی شانازی پێوەدەکەن ئەمەش بەرهەمی ئەو کتێبەیە و دەرکەوتووە تیایدا بەپێی گومانی من کە شێخ _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ زیاد ڕۆچووە لە تەکفیر هەر بەئاشکرا جا ئێمەش دەڵێین هەڵەی کردوە و بەس، بەخۆ دوور گرتن لە زیاد ڕۆچوون لە دژایەتی کردنی و شوێنکەوتنی، چونکە شەرعەن ڕەواو دروست نیە بەرگری لە هەڵەکانی شێخ بکەین و لەسەر ئیسلام حیسابی بکەین و دواتریش واگومان ببەین کە ئەو تەکفیرە دەقی شەرعی لەسەری هەن و هەر ئەوەش دینی خوایە... تاد، جا ئەم ڕێگایە لە پاکگرتنی شێخ و هەڵسان بەوەی هەڵەکانی بخەینە ئەستۆی ئیسلام ئەمە بەڕاستی خیانەت کردنە لە

خودی دین، جا پێویستە کە دین دابنێینە ئاستێکی بەرز نەوەك سەر ئەنجامەکەی ببەستینەوە بەسەر ئەنجامی ئەو کەسەی کە خۆشمان دەوێت لە زانایان و حوکمڕانان یان جگەلەوانیش، کەس ناتوانێت دین لەسەر خۆی قۆرخ بکات، بەڵام ئەوەی بە موسڵمان ناو دەبرێ ئەگەر چی دووڕویی دەغەڵی درۆزنیش بێت، ئەوا خوێن و سەروەت و سامان و شەرەفی حەرامە و دەپارێزرێ چ جای ئەو کەسەی موسڵمانێکی تەواوەو دروشمەکانی ئیسلام جێبەجێ دەکات و خۆی دوور دەگرێت لە تاوانە گەورەکان، دوای ئەمە بەبێ باوەڕی دەزانین لە دەرەئەنجامی تێگەیشتنی بەڵگەیەك یان ئاماژەی بەڵگەیەك، بەڕاستی ئەمە زۆر ترسناکە، ئەمە بەرهەم و دەرەنجامی خراپی هەن و ئەم ئاماژە تەکفیریانە پێویستە بەڕوونی هەڵوەستەیان لەسەر بکرێت لە حاڵەت و کاتی خۆیدا، با ئەمڕۆ نەیچنین تەنها لەبەر بوونی تەماع و سبەینێ هەڵی وەشێنینەوە لەبەر بوونی ترس، دەسا با لەخوا بترسین ئەگەر زمان لووسی بنوێنین لە دان پێدانانی دا ئەوا دینمان دەچێت بەخۆڕایی، ئەگەر ئەمڕۆ بەو جۆرە پێمان خوارد ئەوا سبەینێ ئەو دەمان خوات، ئەمە دەڵێم وەك ئامۆژگاری و ڕاستیەك، مەبەستم لەم کارەم دا خۆ بەزلگرتن و گەندەڵی بەرپاکردن نەبووە لە زەوی دا، و خوا ئاگادارە بەمەبەست و نیەتەکان.

**لە پارسەنگدان و ڕێکخستنی شوێنی ڕاجیاییەکە:**

زۆربەی ڕاجیایی لەنێوان شێخ موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب و دژەڕاکانی دەکرێ کۆببێتەوە لەسەر تیۆرو دەرئەنجامەکە.

دژەڕاکانی شێخ خەڵکی سادە نین بەڵکو خەڵکانێکی تایبەتی ئەو کاتەن بەدان پێدانانی شێخ (الدرر السنیە: ٢/٦٢).

حا دژەڕاکانی شێخ بەوە تاوانباری شێخ دەکەن بۆ نموونە کە ئەو نکۆڵی دەکات لە شەفاعەت و شێخ بەرپەرچیان دەداتەوە بەوەی ئەو نکۆڵی لە شەفاعەت ناکات بەڵکو ئەو لەهەمان کاتدا شەفاعەت تەنها بەسەر شوێنکەوتووەکانی کورت هەڵدێنێ کە ناوی ناون:(خوابەیەکزانان و یەکتاناسان)! و بەڕاشکاوانە دەری بڕیوە کە شەفاعەت تەنها بۆ موسڵمانانە _ واتە ئەو کەسەی کە لەسەر ڕای شێخە _.

دژەڕاکانی هەڵەیان کرد بەتاوان بارکردنی شێخ بەوەی نکۆڵی دەکات لە بوونی شەفاعەت بەڕەهایی و شێخیش هەڵەی کرد بە کورت هەڵهێنانی شەفاعەت لە شوێنەکەوتووانی، دژەڕاکانی شێخ سەیری دەرئەنجامەکە دەکەن، کەچی شێخ هەر لە پێشەکیەکاندا دەیان هێڵێتەوە.

بەهەمان شێوە دژەڕاکانی دەڵێن: تۆ موسڵمانان تەکفیر دەکەیت و ئەویش سوێند دەخوات کە موسڵمانان تەکفیر ناکات و تەنها تەکفیری کەسانێ دەکات کە خواو پێغەمبەرەکەی تەکفیریان کردوە! و نهێنی مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەوان لە دەرئەنجامەکەیدا بەدی دەکەن کە خۆیان و شوێنەکەوتوانیان تەکفیر دەکرێن، بەڵام شێخ پشت دەبەستێت بە پێشەکیەکان بەوەی ئەوان لە بنەچە دا موسڵمان نەبوونە! حا ئەو موسڵمانانەی کە تەکفیریان ناکەن ئەوانەن کە خوا بەیەکزانن و ئەو نازناوەی دوایی دانی پێدا نانێن.[1]

---

[1] _ بۆ نموونە سەیری ئەو ووتەیەی شێخ بکە — لە (الدرر السنیه: ١/٦٣) دا — کە بەرگری لەخۆی دەکات لە تاوانی تەکفیری موسڵمانان و ووتویەتی: ئەگەر قسەکەرێك ووتی _ مەبەستی دژەڕاکانی خۆیەتی _ ئەوان بەگشتی حوکمی تەکفیر دەر دەکەن! دەڵێین: پاك و بێگەردی بۆ تۆ خوایە ئەمە بوختانێکی گەورەیە!_ بەڵام شێخ ئەوە تەواو دەکات بە قسەیەك کە ڕاستی تۆمەتەکە پشت ڕاست= =دەکاتەوە _: ئەوەی بەبێ باوەڕی دەزانین کەسێکە کە گەواهی دەدات کە خوابەیەکزانین دینی خواو پێغەمبەرەکەیەتی و بانگەواز کردن بۆ جگەلە دینی خوا پوچ و باتڵە پاشان دوای ئەمە خەڵکی خوابەیەکزان بەبێ باوەڕ دادەنێن و بە خەواریج ناوی دەبەن! دەڵێم: نزیکە یەکدەنگیەکە تەنها لە بێژەو دەربڕینەکان دابێت، جا

ئەمە زۆربەی ئەو شتانەیە کە لەدەوری شێخ و دژەڕاکانی کۆبووەتەوە کە هەر لایەك دەست دەگرێ بەلایەك و شێخ موحەمەد دەست دەگرێ بەپێشەکی و دژەڕاکانیشی ڕووبەڕووی دەرئەنجامەکە دەبنەوە پێی ڕازی نین، بۆیە لێك گەیشتن نەهاتە کایە و نەتوانرا شوێنی ڕاجیاییەکە دیاری بکرێ و دەکرێ ئەمە نەیەتە کایە تا کەسانی زیاد ڕۆچوو لە هەردوو لادا بوونیان هەبێ، هەر یەکێك پشتی لایەك دەگرێ و ستەم لەوەی تر دەکات.

ئەم ڕاجیایە بەوە دەچێ کە لە نێوان سوننە و شیعە دایە هەیە بەوەی سوننە شیعە تاوانبار دەکات کە هاوەڵان تەکفیر دەکەن و شیعەش دەڵێن ئێمە هاوەڵان تەکفیر ناکەین، ئەگەر لە خودی کتێبی شیعەکان بەڵگە بێنی لە سەریان ئەوا دەڵێن: ئەو کەسانە لە هاوەڵان نین بەڵکو ئەوانە لە هەڵگەڕاوانن!! و هەڵگەڕاوە بە هاوەڵ ئەژمار ناکەین لەسەر پەیڕەوی ئێمە و ئێوە!! لەلای ئێوە یەکێك لە سیفەتەکانی هاوەڵ بوون بریتیە لەوەی کە (لەسەر ئیسلام مرد بێت) و ئەوانە مردوون لە سەر ئیسلام نەبوونە، تەنانەت جێگایان نابێتەوە لە هاوکێشەی ڕاجیایی و ململانێکەدا! لەسەر ئەوە دروست نیە ئێوە ئێمە تاوانبار بکەن...

بەو شێوەیە دژەڕاکان و ئاراستە جیاکان لە بازنە و خولگەیەکی بەتاڵ دا دەسوڕێنەوە لەبەر ئەوەی شوێنی ڕاجیاییان دیاری نەکردووە.

---

تەکفیری شێخ بۆ دژەڕاکانی بەهۆی ئەوەیە کە وەهابیەکان بەخەواریج ناودەبن ئەوا ئەو تەکفیرە دروست نیە، بەڵکو ئەگەر دژەڕایەکمان هەڵسا بە تەکفیر کردنمان ئەوا نابێت تەکفیریان بکەین، چونکە دروست نیە، ئا ئەمە پەیڕەوی هاوەڵان بووە کە تەکفیری کەسانێکیان نەدەکرد کە تەکفیری ئەوانی بکردایە، کەچی شێخ بەخۆشی ئەو بنەمایەی دان پێداناوە لەشوێنی تر ئەمەش لەو شتانە ئەژمار دەکرێت کە شێخ تیایدا تێکگیراوە.

## دەروازەی دووەم

### خوێندەوەیەک بۆ ووتەکانی شێخ کە

### لە کتێب و پەیامەکانی تریدا هاتوون (الدرر السنية، وەک نموونەیەک).

**یەکەم: ڕاو بۆچوونەکانی شێخ کە لە کتێب و پەیامەکانی تری جگەلە کتێبی (کشف الشبهات)دا هاتوون:**

بەهەڵاواردن و جیاکردنەوەی چەند شوێنێکی کەم وەك پەیامەکەی شێخ بۆ خەڵکی (القصيم) (الدرر السنية: ١/٣٤)؛ ئەوا تێبینی[1] ئەوە دەکەین کە نزیکەی هەموو کتێب و پەیامەکانی شێخ بازنەی توند ڕەوی و زیاد ڕۆچوونی لە تەکفیردا فراوان کردووە، ناکرێ ئێمە پاساو بێنینەوە بۆ ئەو هەڵانە مەگەر بە نکۆڵی کردن و خۆبەزلگری نەبێ هەروەك ئەمەش ڕویدا!

ئەگەر کتێبی (الدرر السنية) بەنمونە وەربگرین[2] کە زۆرترین کتێب و پەیامەکانی شێخ لە دوو توێی خۆی دەگرێ _ بەهەمان شێوە کتێبەکەی (التوحيد)

---

[1] _ ئەو قسانەی کە بەڕاشکاوی دەری بڕیوە کە کەسێ تەوەسول بکات بەپیاوچاکان تەکفیری ناکات و بوصەیری و ئیبن فارض و ئیبن عەرەبی تەکفیر ناکات و کتێبەکانی چوار مەذهەبەکان بەپوچ وبەتاڵ دانانێت..... تاد، قسەیەکی هاوشێوەی لەبەرگی یەکەم (لا: ٨٠).

[2] _ ئەم کتێبە (الدرر السنية في الأجوبة النجدية)، عەبدولڕەحمانی کوڕی موحەمەدی کوری قاسمی حەنبەلی نەجدی کۆی کردۆتەوە، چاپی شەشەمی شتی بۆ زیادکراوەو بژارکراوە، ١٤١٧ ك، ناوی شوێنی چاپی باس نەکراوە، و ئیبن قاسم ئەو کتێبەی پێناسە کردووە بەوەی کە بریتیە لە:(لە کۆمەڵە پەیام و مەسەلەیەکی زانایانی نەجد کە دیار بوونە لەسەردەمی شێخ موحەمەدی کوری عەبدولوەهاب تاکو ئەو

که له پاشکۆدا ڕەخنەکانمان لەبارەی ئەویشەوە دەخەینـەڕوو _ هـەر زۆر بـەڕوونی و ئاشکرایی ئەوەمان دەست دەکەوێت کە بەڵگەیە لەسەر زیاد ڕۆچوون لەتـەکفیر دا لـە زۆرێـك لـە نوسـینەکانی شـێخ کـە هـەڵی دەبـژێرم لـە کتـێبی (الـدرر السنية) چـەند نموونەیەك هەر بەخێرایی کە دەیخەمەڕوو:

**نموونەی یەکەم: زانایان و دادوەرانی نەجد ئیسلام وەک خۆی ناناسن!**

ئەمە ووتەی ڕاشکاوی شێخە، بەڵکو وای داناوون کە (نـازانن: لا الـه الا الله: چییە، جیاوازی ناکەن لە نێوان دیـنی موحەمـەدی کـوڕی عەبـدوڵڵا و دیـنی عـەمروی کـوری لوحیی کە بۆ عەرەبی داتاشی و داهێنا)!

بەڵگە لەسەر ئـەوەی کـە ئـەو شـتە چەسـپاوە لـە شـێخەوە، ئـەوە قسـەیەی خـودی شێخە _ هەر وەك لە :(الدرر السنية: ١٠/ ٥١) هاتووە_:(... من زانستم دەخواست و داوا دەکرد و بۆچوونم وابوو کـە ئـەوەی فێـرم دەکـات وا دەزانـێ مـن شـتێك دەزانم و منیش لەو کاتدا نەم دەزانی: لا اله الا الله: چییە، و دینی ئیسلامم نەدەناسی! بەر لـەو خێرەی کە خوای گەورە بەمنی بەخشی! بەهەمان شێوە شـێخەکانی مـن هـیچ یـەکێك لەوان ئەوەیان نەدەزانی! هەر کەسێ لە زانا بەرهەڵستکارەکان گومانی ئـەوە ببـات کـە ئـەو مانـای: لا الـه الا الله: ی زانیـوە! یـان مانـای ئیسـلامی زانیـوە بـەر لـەو کاتـە! یـان واگومان ببات بەشێخەکانی کە یەکێکیان هەبووە شتی وای زانـی بێـت! بەڕاسـتی ئـەوە

---

سەردەمەی خۆمان)، بۆ زانیاریش کـە عەبـدوڵڕەحمانی کـوڕی قاسـم _ ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت _ لەسـاڵی ١٣٩٢ ك کۆچی دوایی کردووە، و ئیبن باز ئەم کتێبەی بەوانـە دەوتـەوە لەگـەڵ ئـەو وانانـەی کـە ڕۆژانـە دەیوتنەوە، وامزانی ئاماژەی داوە بە فەرامۆش کردنی ئەو پەیام و فەتوایانەی کـەوا ئـەو پـەڕی تـەکفیریان تێدایە، بەڵام لەوەی ماوەتەوە بەدیم کرد کە بەس و زیـادە لـەوەی کـە بتـوانم پـەیڕەوی شـێخ و دیـارترین شوێنەکەوتووەکانی _ خوا لە هەر هەمووومان خۆشبێ _ دیاری بکەم، و ئەو دەروازیە تەنها بـۆ ئـەو کتێبـە تەرخان دەکەم، پاشان بەدوایدا چەند هەڵەیەکی لەکتێبی ( التوحيد)دا باس دەکەم.

درۆی کردوه و قسەیەکە خۆی هەڵی بەستووە! و چاوی خەڵکی بەستووە! (ستایشی خۆی کردووە بە سیفەتێك کە لەخۆیدا نیە).

پاشان قسەیەکی هاووێنەی قسەی ڕابردووی باسکرد:(الدرر السنية: ١٠/ ٥٧) بەوەی کە زانایان ئەوانەی لەگەڵیان دەدوێت و شێخەکانیان و شێخی شێخەکانیان لە ئیسلام تێناگەن و حاڵی نابن (جیاوازیان نەکردووە لەنێوان دینی موحەمەد (صلى الله عليه وسلم) و دینی عەمروی لوحیی کە بۆ عەرەبی داتاشی و داهێنا بەڵکو دینی عەمرویان پێ ڕاست و دروستترە!!)!

دەڵێم: هیچ گومانم نیە، ئەمە تەکفیری ڕاشکاوی بێ پێچ و پەنایە بۆ دەستە و پوختەیەك لە زانا و دادوەرانی خەڵکی نەجد و شێخەکانی و شێخی شێخەکانی چ جای خەڵکی سادە؟! ئەمەیە ئەمڕۆ ئێمە پێی ڕازی نین، چونکە هەموو کتێبە مێژوویەکان لەبارەی ناوچەی نەجد باسی زانایان و دادوەران و زانستخوازانی موسڵمانان دەکەن هەر لە ڕۆژانی (ئیبن عضیب) لە سەدەی نۆی کۆچی تا ڕۆژانی شێخ موحەمەد لەسەدەی دوانزەهەمی کۆچی و مێژووناسە هاوچەرخەکان دانراویان هەیە لە بارەی زۆرێك لە زانایانی (ئەشیقە و شەقرا و بریدە و عەنیزە و حریملاء و عەیینە و ڕیاض و خرج و ئەفلاج) و جگەلەو شوێنانەش بەر لە شێخ، لێرەدا یەکدەنگی هاوچەرخ هەیە کە ئەوانە بێ باوەڕ نەبوونە و بت پەرستیش نەبوونە، بەڵێ دەکرێ لەلایەن هەندێکیان یان لەلایەن هەموویان ڕەوا بێت تەبەڕوك کردن بە پیاوچاکان یان بانگەواز لاواز بێت یان هەندێ لە بیدعەت هەبێ..... وە ئەمانە لەو شتانەن کە ئەو پەڕی حوکمیان ئەوەیە کە بوترێ بیدعەتن یان هەڵەی عەقیدەیین (ئیمانین)، بەڵام بەو شتانە نابنە بت پەرست و دینی عەمروی کوڕی لوحیی بەچاکتر نازانن لە دینی موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا بەڕاستی ئەمە قسەیەکی پوچە کەسی

خاوەن ئینصاف دانی پێدا نانێ، گومان نابەم کە کەسێکی عاقڵ و خاوەن ژیری ئەوەندە بوێر بێت کە ئەو قسەیە بکات و ئێمە لە پێناو خوا خۆمان بەری دەکەین لە تەکفیری موسڵمانان و داوا لە خوا دەکەین کە لەو کارەی شێخ _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ (کە تەکفیری ڕاشکاوانەی) زانایانی نجد ببورێت.

ئیبن حەمید لە کتێبی (السحب الوابلة) باسی زۆرێك لە زانایانی نەجدی کردووە چ ئەوانەی سەردەمی شێخ و چ ئەوانەش کە بەر لە شێخ ژیاون.

وە شێخ عەبدوڵڵا بەسام کتێبێکی هەیە بەناوی[2] (علماء نجد خلال ثمانية قرون) و تەنانەت یەکێك لەو زانایانەی بە بیدعەتچێتی تاوانبار نەکردووە چ جای بە بت پەرستی و بە چاکتر زانینی دینی عەمروی کوڕی لوحیی! و شێخ صالح قاضی بەرهەمێکی داناوە لە بارەی (زانایانی نەجد) بەهەمان شێوە شێخ بەکر ئەبو زەید لە کتێبەکەی (علماء الحنابلة) و جگەلەوانیش باسیان کردووە، یەکێکمان لەوانە بەدی نەکرد کە دانراویان هەیە بەر لە شێخ یان تەنانەت لەسەردەمی شێخیشدا یەکێك لەو زانایانە بت بپەرستێ یاخود جگەلە ئیسلامی بە دینی خۆی بزانێ!! پەنا بەخوا لەو جۆرە بۆچوونانە، ئەمە نموونەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لەو نموونانەی کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە شێخ کەوتۆتە ناو تەکفیرەوە و تیاشیدا بە هەڵەچووە _ خوا ڕەحمی پێبکات و لێی ببورێ _.

---

[1] _ دکتۆر عەبدولڕەحمان عوثەیمین تەحقیقی کردووە.

[2] _ زانایەکی حەنبەلیە ئەندامی دەستەی گەورەی زانایانە.

[3] _ زانایەکی حەنبەلیە ئەندامی دەستەی گەورەی زانایانە.

**نموونـــەی دووەم: زانـــا حەنبەلیـــەکان و جگەلـــەوانیش لـــە ســـەردەمی شـــێخدا هاوبەشدانەرو موشریک بوونە بە شیرکی گەورە کـە کەسـەکە دەخاتـە دەرەوەی بازنەی ئیسلام و موسڵمانیێتی!**

لەو نموونانەی کە تەکفیری دیاری کراوی تێدایـە لـە قسـەکانی شـێخ بریتیـە لـەو قسەیەی کە لە نامەیەکی داهـاتووە کـە بـۆ شـێخ سلێمانی کـوڕی سـەحیمی حەنبـەلی ناردووە (هەروەك لە :(الدرر السنية: ١٠/ ٣١) داهاتووە:

(بەبیرت دێنینەوەو پێت دەڵێین کـە تـۆو باوکـت بـە ڕاشـکاوی کـوفر دەردەبـڕن و هاوبەش بڕیاردەرن بۆ خوا و دووڕوو و دەغەڵیتان دیارو بـێ پـێچ و پەنایـە!!.... تـۆو باوکت تێدەکۆشـن بـۆ دژایـەتی کردنـی ئـەم دینـە بـە شـەو بـە ڕۆژ!!..... تـۆ پیـاوێکی لاسارو سەرکەش و سەرگەردانی و بە زانست و ویستی خۆتـەوە بـێ بـاوەڕی و کـوفرت هەڵبـژارد بەسـەر ئیسـلامدا!!.... وە ئەمـەش کتێبەکەتانـە کـە بـێ بـاوەڕی و کـوفری ئێوەی تێدایە!!).

وە شـــێخ ووتویـــەتی _وەك لە:(الـــدرر الســـنية: ١٠/٧٨) هـــاتووە_:(ئـــیبن عەبدوڵەتیف و ئیبن عەفالیق و ئیبن مطلق تۆمەت و تانەو تەشەرە لـە یەکتاناسـی و خوا بەیەکزانین دەدەن!... وە ئیبن فەیروز نزیکترین کەسیانە لە ئیسلامەوە!).

دەڵێم: لەگەڵ ئـەوەی ئـیبن فـەیروز حەنبەلیـە و شـوێنکەوتووی ئـیبن تەیمیـە و ئـیبن قەیمیـە و شـێخ دانـی نـاوە بەوەی:(کەسـێکە لـە حەنبەلیـەکان و قسـەی ئـیبن تەیمیە و ئیبن قەیم دەکاتە هی خۆی)، جا پاك و بێگـەردی بـۆ خـوای گـەورە، ئەگـەر ئەو کەسە حەنبەلی بێت و شوێنکەوتووی ئیبن تەیمیە و ئیبن قەیم بێت هێشتان بـە موسڵمان دانەنرێت! دەبێ کەسانی تری جگەلەو چ حوکمێکیان هەبێت؟!!

بەڵكو شێخ لە شوێنێكی تـر بەڕاشـكاونە دەری بڕیـوە كـە ئـەو:(بێ بـاوەڕو كـافرە بەكوفرێكی دەرخـەر لـە بازنـەی ئوممـەتی ئیسلام) ئەگـەر ئەمـە[1] حـاڵی حەنبەلیـەك بێت كە شوێنكەوتووی ئیبن تەیمیە و ئـیبن قـەیم بێـت جا حـاڵی زانایـانی مـالیكی و شافیعی و حەنـەفی و ظاهـیری دەبـێ چۆن بـن چ جـای زانایـانی زەیـدی و ئیباضـی و ئیمامی و صۆفی و تێكڕایی خەڵكی ڕەش و ڕووتی سادەی تر؟!.

**نموونەی سێیەم: موسڵمانان لەنەجد و حیجاز بڕوایان وایە كە زیندوو بوونەوە نیە؟!**

شـێخ _ خـوا ڕەحمـی پێبكـات و لێـی خۆشـببێت _ وا گومـان دەبـات كـە زۆربـەی خەڵكی نەجد و خەڵكی حیجاز بڕوایان وایە كە زیندوو بونەوە نیـە!! هاووێنـەی ئـەم قسەیە هاتووە لە :(الدرر السنية: ١٠/٤٣)دا.

دەڵێم: ئەو قسە و حوكمەی شێخ یەكێكە لەو شـتانەی كـە بـەبێ چـەند و چـوون پوچی و بەتاڵی و ناڕاستیەكەی دیارە، چونكە زۆربەی موسڵمانان بـەڵكو هـەموویان _ تەنانەت جولەكە و مەسیحیەكانیش بەهەمان شێوە _ باوەڕیان بە زینـدوو بوونـەوە هەیە چ لە سەردەمی شێخ بـێ یـان پـێش سـەردەمی شـێخ یـان پـاش سـەردەمی شـێخ، بەڵام بێگومان خەڵكی لە ماوەیەك تووشی زۆرێ لە بیدعەت و خوڕافـات و شـتی پـڕو پـوچ بـوون)! كـە كۆنـە لـەناو ئوممـەت دا و تـا ئـەمڕۆش لـە نـاو چـەند تاكێـك لـە موسڵماناندا هەر ماوە _ جا زۆر بـووبن یـان كـەم _ لـە نـاو دوورگـەی عـەرەبی و لـە

---

[1] _ سەیری:(الدرر السنية: ١٠/٦٣) بكە.

جیهانی ئیسلامی، بەلاّم ئەمە مانای وانیە کە موسڵمانان پێشتر کافرو بێ باوەڕ بووبن یان بڕوایان نەبووە بە زیندوو بوونەوە!

**نموونەی چوارەم: ئەو بێ باوەڕی و کوفرەی کە شێخ مەبەستیەتی ئەوەیە کە کەسەکە دەخاتە دەرەوەی بازنەی موسڵمانێتی!!**

ئەو کوفرەی کە شێخ موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب ناوی دەبات کوفرێکی بچووك نیە بەڵکو مەبەستی پێی کوفری گەورەیە کە کەسەکە دەخاتە دەرەوەی بازنەی ئوممەت و ئەمە زۆر دووبارە بووەتەوە لە کتێب و نوسینەکانی و لەوانە ئەو ووتەیەی شێخ کە لە:(الدرر السنية: ١٠/٦٣) دا هاتووە:(بەڵکو دەربڕینی ڕاشکاوانەی ڕوون و ئاشکرا لە تەکفیر کردنی ئیبن فەیروز و صالحی کوڕی عەبدوللا و نموونەی وەك ئەوان کوفرێکی دیاری دەرخەرە لە بازنەی ئومەتی ئیسلام چ جای ئەوانی تر)!.

دەڵێم: ئەوانە دوو شەرعناسی حەنبەلین، ئا ئەمەش تەکفیری ڕوون و ئاشکرایە لە خودی پەیڕەوی شێخ موحەممەد دا دەبێ شوێنکەوتووەکانی چۆن بن؟! کەسی خاوەن ئینصاف و بابەتیانە پێویستی بە زیاتر لەمە نیە بۆ چەسپاندنی، ئەو دەربڕینەی کۆتایی دوو هەڵەی گەورەی تێدان:

یەکەم: تەکفیر کردنی زانایەکی دیارکراو کە موسڵمانە تەئویل دەکات.

دووەم: تەکفیرێ کە کەسەکە دەخاتە دەرەوەی بازنەی ئوممەتی ئیسلام، ئەم تەکفیرەی کە دەرخەرە لە ئوممەت شاراوە نیە کە چ شوێنەواری گەورەو ترسناکی لە سەر کەڵەکە دەبن لە حەلاڵ کردنی خوێن و ماڵ و بەندکردنی ڕەچەڵەك و بێ بەشکردنی لەمیرات و قەغەکردنی ئەوەی کەسێ داوا لەکەسێکی تر بکات داوای لێ خۆشبوونی بۆ بکات لە خوای گەورە و صەدەقە لە جیاتیان بدرێ یان حەجیان لە جیاتی بکرێ و جگەلەمانەش لەو شتە گەورانە، موسڵمانی ڕاستگۆ لە پاش ئەوە

ناتوانێت مەگەر لەگەڵیان بژیەت و دووڕوویی و دەغەڵانە بگوزەرێنێ، وەك ئەهلی ذەممی دەبێ بەردەوام کۆڵنەدات و تێبکۆشێت، تەنیا دوو شتی لە بەردەمن یان دەبێت گوێڕایەڵی بکات یان بێ دەنگ و کپ بوون، لێیان دەترسێ ئەگەر ڕاست بڵێ، لە خواش دەترسێ ئەگەر درۆزن بێ، ئیسلام دەیمرێنێ و دووڕوی دەغەڵی دەیژینێت.

**نموونەی پێنجەم: بەهەمان شێوە لەبارەی تەکفیری کەسی دیاری کراو!**

کاتێ ڕاجیایی کەوتە نێوان شێخ _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ و ئەحمەد عەبدولکەریم (کە زانایەکی حەنبەلی نەجدیە) شێخ نامەیەکی بۆ نارد کە تیایدا هاتووە (الدرر السنية ١٠/ ٦٤):(.... ئیبن غەنامەت لێکردم و خۆت بەری کرد و ئەوانت کرد بەشایەت و گەواهی دەر بەسەر خۆت بە هۆی ئەوەی شوێنی هاوبەشدانەران کەوتی...)!!

دەڵێم: ئەمە تەکفیری ڕاشکاوانەی تایبەتە کە لەناو پەیڕەوی شێخ هەیە.

**نمونەی شەشەم: دوو شارە پیرۆزەکە مەدینە و مەککە شاری بێ باوەڕی و کوفرن!!**

وڵاتی هاوبەشداران لەلایەن شێخ _ خوا ڕەحمی پێبکات و لێی خۆش بێ _ هەموو ئەو وڵاتانە لە خۆی دەگرێ کە نەچوونەتە ژێر ڕکێف و باڵی بانگەوازو

فەرمانی ئەو تا ئەندازەیەك كە دوو شارە پیرۆزەكە (مەككە و مەدینە )شی جیا[1] نەكردۆتەوە لەو حوكمە! بۆ نموونە سەیری:(١٠/٧٥، ٦٤، ٧٧، ١٢، ٨٦) بكە.[2]

**نموونەی حەوتەم: تەكفیر كردنی ئیمامیەكان.**

ئەگەر تەكفیری ئیمامیەكان بە هی حەنبەلیەكان بەراورد بكەین ئەوا زۆر ئاسان و سادە دەبێت و شێخ باسی ئەوەی كردووە كە هەر كەسێ گومانی هەبێ لە بێ باوەڕی و كافرێتی ئیمامیەكان ئەوا ئەو كەسەش كافرە:(١٠/٣٦٩) ئەم قسەیەی لە:(مەقدەسی)ەوە نەقڵ كردووەو شێخ بەخۆشی دانی بەو حەكمەدا ناوەو پشتگیریشی كردووە، لەگەڵ ئەوەی ئیبن تەیمیە_ سەرباری زیاد ڕۆچوونیشی _ ئەوا ووتەیەكی ڕاشكاوی هەیە كە ئیمامیەكان موسڵمانی بیدعەتچینە نەوەك بێ باوەڕو كافر بن، بەلام شێخ _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ تەنها حوكمە توندەكان كۆ دەكاتەوە.

**نموونەی هەشتەم: تەكفیر كردنی هەر كەسێ تانەو تەشەر لە هاوەڵێك بدات.**

شێخ تەكفیری ئەوانەی كرد كە تانەو تەشەر لە هاوەڵێك دەدەن لە :(الدرر السنية: ١٠/٣٦٩) دا دەیبینی، سەرباری ئەوەی كە ئەمە لە كتێبە زیاد ڕۆچووە عەقیدەییەكان دا هەیە بەلام ئەو حوكمە ڕاست نیە، چونكە ئیمامی عەلی تەكفیری

---

[1] _ (وەرگێڕ).

[2] _ هەموو ئەو حوكمانە لە كتێبی (الدرر السنية) دا هەن، هەموو ئەو بەڵگەنامانەی كە لەو بەشەدان و بەرچاوم خستوون بەهەمان شێوە لە (الدرر السنية) وەرگیراون، تەنها ئەوە نەبێت كە لەشوێنی خۆی ڕوونكردنەوەم لە بارەی داوە.

خەواریجەکانی نەکردووە، کەچی ئەوان_ وەهابیەکان _ تەکفیری[1] خەواریجەکان دەکەن و تانە و تەشەریان لێ دەدەن بەهەمان شێوە لە ئەبوبەکری صەدیقەوە هاتووە لە موسنەدی ئیمامی ئەحمەد دا بەسەنەدێکی ڕاست و دروست لێی چەسپاوە کە ڕێگری کردووە لەوەی ئەزیەت و ئازاری ئەو کەسانە بدرێ کە تانەو تەشەری لێ دەدەن یان قسەی ئەویان پێ هەڵیە، پاشان بۆچی ئەوانە تانەو تەشەردان لە هاوەڵان بەبێ باوەڕی دادەنێن کەچی بەرگریش لە معاویە دەکەن کەچی ئەو تانەو تەشەری لە ئیمامی عەلی دەدا _ خوا لێی ڕازی بێت _ کەچی ئیمامی عەلی ئەو کەسە گەورەو پایەدارە بوو؟ ئایا لە معاویەوە نەچەسپاوە وەك لە صەحیحی موسلیم دا هاتووە فەرمانی کردووە بەتانەو تۆمەت دان لە ئیمامی عەلی کوڕی ئەبوطالیب _ خوا لێی رازی بێت _؟ یان شکاندنی حورمەت و سنورو پەرێزی ئیمامی عەلی ڕێپێدراو ڕەوایە و پەرێزو سنوری ئازادبووەکان (الطلقاء)[2] پارێزراوە؟ بۆچی[3] بەرگری کردن لە ئیمامی عەلی و دژە ستەم وەستان تەنها مافی تایبەتی ئەو کتابانە بێت کە هی شیعەن؟ :﴿ مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ: ئەوە چیتانە چۆن حوکم و بڕیاری ناڕەوای وا دەردەکەن!!﴾.

---

[1] _ (وەرگێڕ).

[2] _ ئەوانەن کە لەدوای ڕزگارکردنی گەورەو دایکی شارەکان مەککەی پیرۆز پێغەمبەر _ صلی الله علیه و سلم _ ئازادی کردن. (وەرگێڕ).

[3] _ لەگەڵ ئەوەی زۆرێك لە زانایانی ئەهلی سوننە کتێب و بەرهەمیان داناوە لەبارەی گەورەیی پلەو پایەی ئیمامی عەلی لەوانە نەسائی لە کتێبەکەی:(خصائص أمیر المؤمنین علي بن أبي طالب) وەك بەرپەرچێك نوسیویەتی بەرامبەر بە ناصیبەکانی خەڵکی شام لە سەرەتای سەدەی چوارەم و نەسائی گەیشتە سزای خۆی بەهۆی ئەو کتێبەوە، ناصبە دیمەشقیەکان هەڵسان و داوایان لێکرد کە کتێبێکی هاووێنەی کتێبی ناوبراو لە بارەی پلەو پایەی معاویە بنوسێت! نەسائی ووتی هیچ نازانم لە بارەی معاویە تەنها ئەو فەرموودەیە نەبێت:(خوا سکی تێر نەکات)! جا ناصیبەکان بەمە توڕە بوون و هەڵسان بە لێدان و سزادانی ئیمامی نەسائی لە دامێنی تا مرد! بەڕاستی لۆمەو سەرزەنشتیان کرا= =بەهۆ کوشتنی زانایان، لە زانایانی

**نموونـەی نۆیـەم: تـەکفیر کردنـی خـەڵکی مەککـە و مەدینـە و قوتابخانـەی وەهابیەت بەردەوام دەبێت لەسەر ئەمە!**

تـەکفیری شـێخ بـۆ خـەڵکی مەککە بـەدی دەکـەیت لـە:(١٠/٨٦)، (٩/٢٩١) دا، شێخ باسی ئەوەی کردووە کە دینی ئەوان ئەو دینەیـە کـە خـوای گـەورە پێغەمبـەری (صلی الله علیه و سلم) ناردووە بـۆ ئاگاداری و هۆشـداری دان لـە بارەیـەوە! و هەنـدێ وەهابیەکانیش ئەمەیان زیاد کـردوە: ئەوانـە گـۆڕ پەرسـتن! و ئـەوەی بـەبێ باوەڕیـان دانـەنێت ئـەوا وەك ئـەوان بـێ بـاوەڕە ئەگەرچـی ڕقـی لێیـان بێـت و ئیسـلام و موسڵمانانی خۆش بوێت![1]

---

ئەهلی سوننە ئیمامی (الحافظ أبو عبدالله الحاکم صاحب المستدرك) کە زۆر لـە بـارەی پلـەو پایـەی ئیمـامی عەلی دەنووسی لە:(المستدرك) دا بەرگری لە ئیمامی عـەلی دەکـرد، لـە سـەرەتای سـەدەی پێنجـەمی کۆچـی، ناصیبەکان بەهەمان شێوە داوایان لێکرد کە فـەرموودە لـە بـارەی پلـەو پایـەی معاویـە بنوسـێت، ووتـی:(لـە دڵم نایەت) جا ئابلۆقەیان خستە سەرو گەمارۆیاندا لە ماڵەکەیدا لە خوراسان بەهـەمان شـێوە ئیمـام ئـیبن عەبدولبـەر ئیمـامی ئـەهلی سـوننە لـە سـەردەمی خۆیـدا کـە زۆر بـەرگری لـە ئیمـامی عـەلی دەکـرد لـە کتێبـەکانی دا لەوانـە:(الاسـتیعاب و الاسـتذکار)، لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی پێنجـەمی کۆچـی، بـەڵام سـەلەفیە هاوچـەرخەکان ڕەخنـە لـە لێکۆڵینـەوەی تێـڕو تەسـەل دەگـرن لەبارەی:(ئـەو شـتانەی لـەنێوان هـاوەڵان ڕوویانداوە)! و ئەوان دەزانن کە ئیبن تەیمیە زیاتر لە ئیبن عەبدولبەڕ بازاری ئەو بابەتەی فراوان و گـەرم و گوڕ کردووە بەڵام مەبەستیان ئەوەیە کـە باسـی پلـەو پایـەی ئیمـامی عـەلی و سەرزەنشـتی ئەمەویـەکان نەکرێت، ئەمڕۆ دەیان بینی کە هێرشیان خەست کردۆتەوە بۆ سەر ئەوانەی کە بەرگری لە ئیمـامی عـەلی دەکەن و ڕەخنە لەو ستەمەی ئەمەوییەکان دەگرێ، ڕاستەوخۆ بەڕافضی تاوانباری دەکەن، لێردا مەبەسـتم ئەوەیە کە لەناو ئەهلی سوننەشـدا هەمیشـە کەسـانێك ئـەبن کـە بـاس لـە پلـەو پایـەی ئالوبـەیت ئەکـەن و بەرگریان لێ دەکەن بەڵام نەواصیبەکان کار دەکەن بەبەردەوامی بۆ مرانـدنی بـاس و خواسـی ئالوبـەیت _ هـەر ئەمەشـە کـە بـاوە و بەدەسـت هـاتووە ئێسـتا _ ئەمـە دەرەنجامەکەیـەتی لەگـەڵ ناوبـانگ دەرکردنـی کتێبەکانی نەواصیبەکان وەك ئیبن تـەیمیە و فەڕائی حەنبەلی و موحیببدینی خەطیب و سەرجەم کتێبـی سەلەفیەکان و پەیامی زانکۆکان لە بارەی بابەتی هاوەڵان کـە هـەموویان هـزری شـاراوەی ناصـیبە بـەڕێوەی دەبات!.

[1] _ پـاش داگـیر کردنـی مەککـەو مەدینـە لەلایـەن وەهابیەکانـەوە لـە سەردەمی:(سـعودی گـەورە) زانایـانی مەککـەو مەدینـە بـەزۆرە ملـێ واژویـان کـرد لەسـەر بەڵگەنامەیـەك کـە تیایـدا ئـەو حوکمـە دراوە بەسـەر

ئەم بیرو بۆچوونە عەقیدەییە هەر ماوە لەناو شوێنکەوتووان و قوتابخانەکەی شێخ دا تا تەواو دەستیان گرت بەسەر هەردوو شارە پیرۆزەکە، زۆریان کرد لە زانایانی دوو شارە پیرۆزەکە تا ملکەچی ئەو عەقیدەیە بوون و خەڵکی خۆشیان و دانیشتووانی هەردوو شارە پیرۆزەکەش ملکەچی بکەن، ئەمە لە ساڵی ١٢٢٥ك بوو، داگیر کردنی دوو شارە پیرۆزەکە لە سەردەمی سعودی کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی موحەمەد بوو لە دەوروبەری ساڵی ١٢٢٢ك، ئیمام سعود (ئەو پاشایە نەبوو کە هاوچەرخی سعودی کوڕی عەبدولعەزیز بوو کە حوکمی بەدەستەوەگرت لە پاش عەبدولعەزیز،_ ڕەحمەتی خوا لە هەمووان بێت _)، جا ئیمام سعودی کوڕی عەبدولعەزیز زیاد ڕۆچوو بوو لە تەکفیردا وەك شێخ موحەمەد _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ و ئەو لە پێشەواکانی دەوڵەتی سعودیەی یەکەمە، کە هەموو پێشەواکانی سیاسی و وەهابی زیاد ڕۆچوو بوون _ ڕەحمەتی خوایان لێبێت _ بەپێچەوانەی هەر

---

خەڵکی مەککەو مەدینە بەوەی کە ئەوان بەر لە داگیر کردنەکە :(لە حاڵەتی کوفرو بێ باوەڕی گەورەدا بوونە و خوێن و سەروەت و سامانیان حەلاڵ بووە) و سەرجەم وڵاتانی تری موسڵمانان لەو کاتە لەسەر هاوبەش دانان و شیرکی گەورە بوونە! (بگەڕێوە بۆ الدرر السنية: ١/٣١٤–٣١٧) هەردوو بەڵگەنامەکان بەچاوی خۆت دەبینی و دەتوانی بە ئاسانی بزانی کە ئەوانە ناکۆکن بەهۆی زۆر لێکردن و وێکچوونی زمانی داڕشتنەکە لە نێوان نوسراوەکەی دوو شارە پیرۆزەکە و بەهۆی توندو زەبرو زەنگیان لە تەکفیری خەڵکی (دوو شارە پیرۆزەکە)، لەبەر ئەوەی ئەو زانایانە پێشتر دژی وەهابیەت= =بوونە بەرلە داگیر کردنی (دووشارە پیرۆزەکە) و هۆکاری زیاد ڕۆچوونی زیاد لەدەوڵەتی یەکەمی سعودی لەبەر ئەوەبوو کە دەسەلاّتدارەکان وەك زانا زیاد ڕۆچووە وەهابیەکان بوون، بەلاّم لە دوو دەوڵەتە سعودیەکانی تر کە دووەم و سێیەمن سوپاس بۆ خوا وەهابی نەبوون بەلاّم پەی نابەن بەترسناکی زیاد ڕۆچوونی وەهابیەکان بۆیە زۆر جار لەناکاو هەست بەبوونی هێزی زیاد ڕۆچوو و زیاد ڕۆچووان دەکەن لە سعودیە، لەبەر ئەوەی زیاد ڕۆچووان و هەموو کەلەپوری سەلەفی زیاد رۆچوو و کەلەپوری وەهابی لە خۆدەگرن و لەسەر ئەمانەش جولاّنەوەو بزاڤی ڕابوونی حزبیشیان زیاد کرد، جا ئەو زیاد رۆچوونەی پێشوو و ئێستا لەگەڵ حزبایەتی ئاوێتە دەکرێ و چارەسەریش بریتیە لە چاوخشاندنەوەو بژارکردنی ئەو پەیڕەو و کتێب و تیۆرو فەتوایانە.

دوو دەوڵەتی سعودیەی دووەم و سێیەم، ئەوان سیاسین و بەرژەوەندی گشتیان لەلا گرنگە لەگەڵ یەکێتی نیشتمان و ڕێگریان دەکرد لەوەی وەهابیەکان دەستدرێژی بکەنە سەر هەر تاکێکی تری نیشتمان، ئەگەرچی هەندێکیان لە وەهابیەت خاڵی نەبوونە ئەگەر کەمیش بێت کە دەکرێ پاڵی پێوە بنێ بۆ چەند جۆرە هەڵسوکەوتێك کە خۆشەویستیەکی گەورەی تێدا بێت بۆ وەهابیەکان، بەبێ پەی بردن بە شوێنەوارە ترسناکەکەی ئەو خۆشەویستیە بەتێپەڕینی ڕۆژگارێکی دوورو درێژ...

بەهەر حاڵ: سیاسیەکان زۆر چاکترن لەوانەی کە بە تەکفیرو هەتك کردنی موسڵمان و پشتگوێ خستنی مافەکانیان دینداری دەکەن، بەهەمان شێوە لە ناو وەهابیەکانیش کەسی ژیرو عاقڵ و خاوەن ئینصاف و دادگەر هەیە، ئەو قسانەشمان لەسەر زۆربەی ئەو شتانەی وەهابیەکانە کە دەخوێنینەوە لەهەمان کاتدا خاڵی و بە تاڵیش نین لە زیاد ڕۆچوون و کەم و کورتی....

ئەمەش دانەو لەبەرگیراو (نسخة)یەکی تەوبەی زانایانی مەککەو مەدینەیە ئەوانەی کە زۆریان لێکرا لەوەی تەوبە بکەن لەو مەذهەبەی پێشوویان و بۆ شوێنکەوتنی ئەو زیاد ڕۆچوونەی وەهابیەت کە دوای ئەوان تێکڕایی موسڵمانانی تەکفیر کرد...

### دانەو لەبەرگیراوی تەوبەی زانایانی مەککەی پیرۆز:

نووسینی (لەبەرگراو _ نسخە_ یەکی تەکفیر) لە سەردەمی سعودی کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی موحەمەد بوو کە قوتابی دڵسۆزی قوتابخانەی شێخ موحەمەد بوو _ خوای ڕحمی پێبکات و لێی ببورێ _ کە زانایانی مەککە واژوویان لەسەر کرد:(ئێمەی زانایانی مەککە گەواهی دەدەین لەسەر ئەو پەڕاوەی نووکی خامە و ڕووی خەتمەکانمانی لەسەرە: کە ئەو دینەی موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب _

ڕەحمەتی خوای لێبێت _ هێنای و ئەو بانگەوازەی ئیمامی موسڵمانان سعودی کوڕی عەبدولعەزیز بانگەشەی بۆ کرد لە خوا بەیەکزانین و نەهێشتنی هاوبەشدانان کە لەو کتێبەدا باسی کردووە ڕاستەو هیچ دوو دڵی و گومانی تێدا نیە، ئەوەی پێشتر ڕوویدا لە مەککە و مەدینە و میسر و شام جگەلەو وڵاتانەش تا ئێستا لە هەموو جۆرەکانی هاوبەشدانان.... ئەوا کوفرێکە کە خوێن و ماڵ و سەروەت و سامان حەڵاڵ دەکات و ئەنجامدەری هەتا هەتا لە ئاگری دۆزەخ دا دەبێت، هەر کەسێ نەچێتە ناو ئەو دینە (کە شێخ موحەمەد هێناویەتی) و پشتگیری هەڵگرانی نەکات و دوژمنایەتی دژەڕاکانی نەکات ئەوە لەلای ئێمە باوەڕی نیە بە خوا و بەڕۆژی دوایی و پێویستە لە سەر ئیمامی موسڵمانان (سعودی کوڕی عەبدولعەزیز) و موسڵمانانی جیهان جەنگ لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە بکەن تا واز دێنێت و تەوبە دەکات لەو بۆچوونەی کە لە سەریەتی و کار بەو دینە دەکات!!! پاشان دەستکرا بە ناو هێنانی ئەو شوێنانەی کە پێشتر دژی وەهابیەکان و شێخ بوونە، زۆرەملێکەش ڕوون و ئاشکرایە.....

**دانەو لەبەرگراو (نسخە)ی مەدینەی منەوەر:**

وە دانەو لەبەرگراوی مەدینە لە ڕووی دەربڕین و داڕشتن و واتاکانی نزیکە لە دانە (نسخە)ی مەککە، تیایدا هاتووە:(... ئەوەی پێشتر ڕوویداوە لە مەککە و مەدینە و شام و میسر و جگەلەوانیش لە شارەکانی تر تا ئێستا لەو جۆرانەی هاوبەشدانان کە باسکران لەو کتێبەدا: کە کوفرێکە خوێن و ماڵ و سەروەت و سامان حەڵاڵ دەکات و هەرچی نەیەتە ناو ئەو دینە و کاری پێنەکات و نەبێتە خاوەن عەقیدە، ئەوا باوەڕی نیە بەخواو بەڕۆژی دوایی و پێویستە لەسەر ئیمامی موسڵمان و تێکڕای

[1]_ الدرر السنية: (١/ ٣١٤).

موسـڵمانان، هەڵسـن بـە ئەنجامـدانی فـەرزی تیکۆشـان (الجهـاد) و کوشـتنی خـەڵکی هاوبەشدانەرو لاسار! و ئەوەی کار بکات بەپێچەوانەی ئەو بڕیارو حوکمانەی کە لـەو کتێبە دا هاتوون لە خەڵکی میسر و شام و عێراق و هەموو ئەوانـەی کـە هاودینیـانن! ئەو باوەڕەی کە ئێستا هەیانە هەر لەسەری بەردەوام بـن ئـەوا هـەر لـە شـوێنی خـۆی بێ باوەڕێکی هاوبەش دانەرە!...) .[1]

دەڵێم: وا گومان دەبەم کە پـاش ئـەو دوو بەڵگەنامەیـە، زۆر بەڕۆشـنی دەرکـەوت کە قوتابخانەی شێخ موحەممەدی کوڕی عەبـدولوەهاب، لـە بابـەتی تـەکفیردا زۆر زیـاد ڕۆچووە، لە قسەکانی شێخ نوێ بوونەوە یان پاشگەزبوونەوە یان خۆ بەری کردن نیـە لـەو هەڵانـە، بـەڵکو وێنـەی ئـەو پێداچـوونەوانە زینـدە بەچـاڵ دەکـرێ، کـە سـەرەتا خزمەت بە ئیسلام دەکات و دووەم جار لە بەرژەوەندی موسڵمانانە.

بۆیە وەهابیەتی ئەمڕۆ و حزبـەکان سـوومەندن لـەو تـەکفیرە ڕاشـکاوە، بـەردەوام دەمێننەوە لە سەر ئەوەی حوکمی تەکفیر بەسەر لایەنە دەچووەکان بدەن و بەردەوام ستایشی قوتابخانەی شێخ موحەممەد _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ دەکەن بەبێ ئـەوەی کەمترین پێداچوونەوەی بۆ بکەن، بەڵکو ناوەستن لـە دژایـەتی کردنـی ئـەو کەسـانەی کـە ڕەخنـە لـەو جـۆرە کارانـە دەگـرن، بەداخـەوە ئـەوان خـودی دەوڵـەت لـە دژایـەتی کردنی ئەو کەسانەدا بەکار دێنن کە دەستنیشانی دەرد و نەخۆشـیەکە دەکـەن لـە نـاو ڕۆشـەنبیری (ثقافـة)ی خۆمـان جـا سەرچـاوەو چـاوگی دەردەکـە سـەلەفیەت بـێ یـان وەهابیەت یان بزوتنەوە (حرك)ەیەك بێ.

---

[1] _ الدرر السنية:(١/٣١٦ – ٣١٧).

**نموونەی دەیەم: تەکفیرکردنی خەڵکی دەشتەکی کۆچەرەو!**

تـەکفیر کردنـی خـەڵکی دەشـتەکی و کۆچـەرەو، لـە:(١١٣/١٠، ١١٤) (١١٧/٨، ١١٨، ١١٩) دا هـاتووە، ئـەوان (بـێ بـاوەڕترن لـە جولەکـە و مەسـیحیەکان) و (ئەوەندەی تاڵە موێـك ئیسلامەتیان لـەلا نیـە! ئەگـەر شـایەتمانیش بێـنن) (سـەیری: الدرر السنیة: ٢/٩، ٢٣٨. بکە) هـیچ یـەکێك لـە زانایـان پێشـتر تـەکفیریی خـەڵکانی لادێـی نـەکردووە، ڕاسـتە ئـەوان زانسـت و زانیاریـان کـەمترەو دەکـرێ داوەری (حکـم) بکەن بە نەریت و ڕێساو یاسایی هۆزەکەیان، بەڵام ئەمە کوفرێ نیـە کـە دەرخـەر بـێ لە بازنەی موسڵمانێتی و ئەوان نوێژ و ڕۆژوو ئەنجام دەدەن و نەزانیـەکی دیاریـان لـە ناودا هەیە و لادێ لە سەردەمی شێخ هەر ئەو لادێیەیە کە لە سەرجەم سەردەمەکانی ئیسلامیدا بوونی هەبووە.

**نموونەی یازدەم: تەکفیر کردنی هۆزی (عنزە)!**

تەکفیر کردنی هۆزی (عنزە) لە:(الدرر السینة: ١٣/١٠) دا هاتووە، کـە باوەڕیـان بە زیندوو بونەوە نیە.

**نموونەی دوازدەم: تەکفیر کردنی هۆزی (الظفیر)!**

تــەکفیرکردنی هــۆزی (الظفــیر) لە:(الــدرر الســینة: ١١٣/١٠) دا هــاتووە، کــە باوەڕیان نیە بە زیندوو بونەوە!.

**نموونەی سێزدەم: تەکفیر کردنی خەڵکی عەیینە و درعییە:**

سـەیری تـەكفیر كردنـی خـەڵكی عەیینـە و درعیـە بكـە كـە بۆچـوونیان وەك بۆچوونی ئیبن سەحیم بوو و ئەوانە بوون كە دژەڕای شێخ بـوون، لە:(الـدرر السـینة: ٥٧/٨) دا هاتووە.

**نموونەی چواردەم: تەكفیر كردنی زۆربەی هەرە زۆری موسڵمانان!**

بـۆ بینـینی ئەمـە بگـەڕێوە بۆ:(الـدرر السـنیة: ١٠/٨) كـە تـەكفیری زۆربـەی موسڵمانانی تێدایە .[١]

**نموونەی پازدەم: تەكفیركردنی ئیبن عەرەبی**

كـوفری گـەورەتر بـووە لـە كـوفری فیرعـەون و ئـەوەی تـەكفیری نـەكات ئـەویش كـافرە بـەڵكو تـەكفیر كردنـی ئـەو كەسـە پێویسـتە كـە گومـانی لـە بـێ بـاوەڕی ئـیبن عەرەبی هەبێت! لە :(الدرر السنیة: ١٠/٢٥) دا هاتووە، ئەمە تەكفیر كردنـی هـەموو زانایانی صۆفی و زۆری لە زانایانی هەر چوار مەذهەبەكەشی تێدایە.

---

[١]_ بێگومان خوای گەورە مرۆڤی كردۆتە جێنیشنی خۆی لەسەر زەوی، ڕێزو حورمەتی پێداوە، پێویستە حورمەت و ڕێزیان بگیرێت ج موسڵمان چ نا موسڵمان، چونكە دەبێ ئەوە ڕوون و ئاشكرا بێت لەلامان كە قورئانی پیرۆز سەرەتا بەناوی خوای بەدیهێنەری بوونەوەر دەست پێدەكات و بەناوی خەڵكی ڕێز لێگیراو لەلایەن خواو شەریعەتەكەی كۆتایی دێت. پێویستە بەناوی شەریعەت هەتكی خەڵكی بەتایبەت هەڵگرانی ناسنامە و پێناسی موسڵمان نەكەین بەوەی بەیانی بە ئیمانداری و نیوەڕۆ بە دووڕو دەغەڵ و ئێوارەكەش بەبێ باوەڕی دابنێین. بەڕاستی پێویستە لەسەر زانایان لە ئێستاو داهاتووشدا كار بكەن لەسەر پاراستنی ڕوحی شەریعەت ئەمەش بەوە ناكرێت كە زمان و قەڵەم بخەنە كار لە تەكفیرو تەبدیع و تەخوینی موسڵمانان بەناحەق، زانایان ئەركی ڕاستەڤینەیان دابەش كردن و پەرتەوازە كردنی خەڵكی موسڵمان نیە بەڵكو ڕێكخستن و ڕێك و پێك كردنی ڕیزی موسڵمانانە و خستنەڕووی وێنەیەكی جوانی ژیانی ئیسلامیێتیە. هەندێ زانا هەن ئاگاداری قەڵەم و پێنوسەكانیان نین كە دونیایان بەڕاستی سەراوبن و ژێراو ژوور كردووە بەهۆی چەند نوسراوێكیان. (وەرگێڕ).

لەگەڵ ئەوەی لە نامەیەکی تردا کە نامۆو سەر سوڕهێنەرە بریتیـە لـە (پـەیامێك بۆ دانیشتووانی قوصەیم) نکۆڵی کردووە لەوەی کە ئەو تـەکفیری ئـیبن عـەرەبی کـرد بێت! و ئەمە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە ئەو شتانەی شێخ نکۆڵی لێ دەکردن دەکرێت بەڕاستی هی ئەو بێت، جا ئەمەش هەر شێخە نکـۆڵی لـەوە دەکـات کـە ئـیبن عـەرەبی تەکفیر کردبێ و ئا ئێمەش دەبینین لەو کتێب و پەیامانـەی ئـەو کـە بـە ناشـیرینترین شـێوە تاوانبـار کـراوە، لێـرەدا شـتێکی تـری زیـاد کـردووە کـە تـەکفیری ئـەو کەسـەی کردووە کە گومانی لە بێ باوەڕی ئیبن عەرەبی نەبێت!.

بەڵکو زۆربەی ئەو شتانەم بەدی کردن کە شێخ نکۆڵی دەکرد لەوەی هی ئەو بێت _ کە ژمارەیەکی کەمیشن _ لە هەمان کاتدا لە کتێب و پەیامەکان بوونیان هەیـە! یـا ئەوەتا بە دەربڕین یان بە مانـا بوونیـان هەیـە، ئەمـەش مانـای وایـە کـە شـێخ چـەند حالـەتێکی جیـاوازی هەیـە هەنـدێ جـار تـەکفیری دەکـرد و هەنـدێ جـار دەسـتی لـێ هەڵـدەگرت یـان شـێخ وەك سیاسـەتێك نکـۆڵی لـەو تۆمەتانـە دەکـات نـەوەك وەك دینـداری، بەتایبـەتی ئـەو نامەیـەی کـە بـۆ خـەڵکی قوصـەیمی نـاردووە _ کـە وەهابیەکانی ئەمڕۆ زۆر باسی دەکەن _ هەندێ شت لـە جـوغزی خۆیـدا دەگرێـت کـە شێخ زۆر بە توندی نکۆڵی لێ کردووەو لەسەر خۆی لاداوە، لەگەڵ ئەوەی کە زۆربـەی ئەو شتانە هەن لە ناو کتێب و پەیامـەکانی کـە میـانڕەوە شوێنکەوتووەکانی بـڕاریان کردووە، ئەمە جەخت لەوە دەکاتەوە کە شێخ پێی خۆش بووە خـەڵکی قوصـەیم لـەو کاتـدا وەڵـامی بانگەوازەکـەی بدەنـەوە، خەڵەکەکـەش لـەو کاتـەدا ڕقیـان لـە تـەکفیر دەبووەوە بەهۆی کاریگەر بوونیان بە زانایـانی عێـراق، ئەمـە لـەو گەواهیدەرانەیـە کـە ئـەو پەیامـە بـۆ خـەڵکی قوصـەیم نامەیـەکی سیاسـی بـووە، چـونکە هـەموو پـەیڕەو (منهج)ەکەی شێخ پێچەوانەی ئەو شتانەیە کـە لەپەیامەکـەدا هـاتووە، بەتایبـەتی کـە زۆر پێداگیری کردووە، لە نکۆڵی کـردن لـە تـەکفیر تـا ئـەو ئەندازەیـەی کـە وای وێنـە

کردووە کە تەنانەت تەکفیری ئەو موسڵمانانەش ناکات کە بەنەزانی بت دەپەرستن! ئەمەش زیاد ڕەویەکی گەورەیە، چونکە ئێمە بینیمان کە چۆن تەکفیری زاناو شەرعناسانی حەنبەلی دەکرد لە نەجد کە نەبە نەزانی و نەبە تەئویل بتیان نەپەرستووە.[1]

**نموونەی شازدەم: تەکفیرکردنی ئەو کەسانەی کە پێیان خۆش نیە تەکفیری کەسانێ بکەن کە دەڵێن (لا اله الا الله)!**

وەك لە:(الدرر السینة: ١٠/١٣٩) دا هاتووە، ئەویش فەتوایەکی نامۆیە، مەبەست لێی نەهێشتنی هەموو سۆزو هەستێکە لەگەڵ دژەڕاکانی.

هەر لە کۆنەوە ئەمە تایبەتمەندی عەقیدەی زیاد رۆچووان بووە، جا ئەوان ئەگەر ترسیان بۆ دروست بوایە لەوەی کە شوێنکەوتووەکانیان خۆیان دەپارێزن لە تەکفیر ئەوا ئەوەشیان زیاد دەکرد کە (هەرکەسێ گومانی هەبێ لەوەدا ئەوا ئەویش بێ باوەڕە، هەر کەسێ لە ئاست ئەو حوکمەدا هەڵوەستە بکات ئەوا ئەویش بێ باوەڕە، هەڵوەستە کردن لە ئاست ئەم حاڵەتانە خراپترە لەجەهەمیەت، هەڵوەستە کردن لە ئاست ئەو بارۆدۆخانە هەبوونی گومانە لە حوکمی خوا، کەسێ گومانی هەبێ لەحوکمی خوا ئەوا بێ باوەڕە،... و ئا بەم شێوەیە).

لە سەردەمی شێخ دا هەندێك خەڵکی سادە ئەم کێشەیەیان باسکردووە، بەوەی کە دڵگران دەبن لەوەی تەکفیری کەسێك بکەن کە ووتویەتی:(لا اله الا الله) ئەمەش

---

[1]_ پێم وایە کە دانەر زۆر خاتری وەهابیەتی گرتووە، پێموایە لەهەندێ لایەوە وەهابیەت بووەتە ئافەت و ئاشوب بۆ موسڵمانان نەوەك خەڵکی ناموسڵمان و بێ باوەڕ، چونکە قەناعەتم وایە کە تەنها دوو چین و کۆمەڵ لە دەست وەهابی و سەلەفیەکان بەبەردەوامی حەساونەتەوە ئەویش بریتین لە: چینی حوکمڕان و دەسەڵاتدار و خەڵکی ناموسڵمان و کافر، بەڵام موسڵمانان هەمیشە پێخۆرو قۆچی قوربانی فەتواو ئارەزووی وەهابی و سەلەفیەکانن و ڕووی قسەو تەبدیع و تەکفیرو شمشێر تەنها لە موسڵمانانە و بەس. (وەرگێڕ).

کێشەیەکی گەورەیە، بەڵام چارەسەر کردنی بە تەکفیر چاکترین شت بووە بۆ هۆشیار کردنەوەی دەروونی.

**نموونەی حەڤدەم:** تەکفیری ئەو کەسانەی کە ناوی خەواریج لە شوێنکەوتووانی شێخ دەنێن و تەکفیر کردنی ئەو کەسەی لەڕیزی دژەڕاکانی شێخە ئەگەر یەکتاناسیش بێت و نکۆڵی بکات لە هەموو بانگەوازەکانی تر جگەلە بانگەوازی خوا (١/٦٣)، دەڵێم: ئەمە شایەتی و گەواهیە لەسەر ئەو کەسانەی کە لە ڕیزی هۆزەکانیان دژی شێخ و شوێنکەوتووەکانی وەستاون ئەوا دژ وەستانەکەیان لە نەزانینەوە نەبووە سەبارەت بە یەکتاناسی و خوابەیەکزانین، ئەو هۆز و شوێنانە دژایەتی خەڵکی یەکتاناسیان نەکردووە، بەڵکو لەمەدا ئەوە بەدەر دەکەوێت کە ئەوان شوێنی زانایانی خۆیان کەوتوون لە بەفەرزدانانی خۆپاریزی لە تەکفیر و بۆ هۆشداری دان لەوەی شوێنی شێخ بکەون، ئەگەر ئەوەی دژایەتی شێخ دەکات هاوبەشدانەریش بێت ئەوا گەواهی نەدەدا کە یەکتاناسی ڕاستە و نکۆڵی نەدەکرد لە هەموو بانگەوازێ جگەلە بانگەوازی خوا _ هەر وەك شێخ بەخۆی گەواهیان بۆ دەدات _ ئەمە لەلایەك.

مەبەستی دووەم: سنوور شکاندن لە تەکفیر لەو مەسەلەیەدا زۆر ڕوون و ئاشکرایە، پێشتر ووتمان و باسیشمان کرد کە خەواریج ئیمامی عەلی و ئەوانەی لەگەڵی دابوون لەهاوەڵان بە (بێ باوەڕ) ناویان دەبردن کە ئەوە تۆمەتێکە خراپترە لەو تۆمەتە کە دراوەتە پاڵ وەهابیەت کە بە (خەواریج) ناویان دەبەن و لەگەڵ ئەوەشدا ئیمامی عەلی _ خوا لێی ڕازی بێت _ و تێکڕای ئەوانەی لەگەڵی دابوون لەکۆچکەران و پشتیوانان هەڵنەسان بەتەکفیر کردنی خەواریجەکان.

**نموونەی هەژدەم: لە هەموو شارێک لە شارەکانی نەجد بتێک هەیە کە جگەلە خوای گەورە دەپەرسترێت!**

شێخ وا گومانی بردووە _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ کە هەموو شارێك لە شارەکانی نەجد بتێکی تێدا هەیە کە جگەلە خوای گەورە دەپەرسترێت، هەروەك لە:(الدرر السينة: ١٠/١٩٣) دا هاتووە.

دەڵێم: ئەمەش پوچ و بێ بنەمایە لەلایەن هەر کەسێ کە کەمترین زانیاری لەبارەی مێژووی نەجدەوە هەبێت، شێخ مەبەستی لەو بتانە بتی حەقیقی نین بەڵکو دەکرێ مەبەستی لە بت ئەو زانایانەبن کە شوێن چوار مەذهەبەکە کەوتوون یان مەبەستی ئەو کەسانە بێت کە تەبەڕوکیان پێوە دەکرێت و موسڵمانان گومانیان وایە پیاو چاکن، جا ئەگەر مەبەستی ئەمە بێت ئەوا زیاد ڕۆچوونە لە دژایەتی کردنی ئەو دیاردانە، بەکارهێنانی لایەنی مەجازی _ کە وەهابیەکان بە ناپەسەندی دەزانن وەك لاسایی کردنەوەی ئیبن تەیمیە _ لە شوێنێ کە هی خۆی نەبێت، چونکە ئەمە زیاد ڕەویە لە بەکارهێنانی مەجازدا و گشتاندنی ڕاست و دروست نیە و ئەندێشە دروستکردنە بۆ بیسەری سادە.

**نموونەی نۆزدەم: تەکفیر کردنی ئیمامی ڕازی خاوەنی تەفسیرەکە!**

تەکفیر کردنی ڕازی خاوەنی تەفسیرەکە لەلایەن شێخەوە لە:(الدرر السينة: ١٠/٧٢/٢٧٣) دا هاتووە، بەڵکو شێخ وا گومانی بردووە _ خوا لێی ببورێ _ کە ئیمامی ڕازی ئەو کتێبەی داناوە لەبەر ئەوەی ستایشی هەسارەو ئەستێرە پەرستی کردووە:(١٠/٣٥٥) و شێخ وای خستۆتەڕوو کە ئەو قسەیەی لە ئیبن تەیمیەوە نەقل کردووە لە:(اقتضاء الصراط المستقيم) و من پێداچوونەوەم بۆ کتێبی ناوبراو

کردووەو ئەو قسەیەم نەدۆزیوەتەوە، جا ئەگەر ئەمە ڕاستە لە ئیبن تەیمیەوە هاتووە ئەوا هەڵەی کردووە بەبێ گومان، چونکە ئیمامی ڕازی زانایەکی موسڵمانە چۆن بەندایەتی بۆ شتێ جگەلە خوای گەورە بەچاك دەزانی، دەکرێ کتێبی دانابێت لە بارەی سوودی هەسارەکان و کاریگەریان لەسەر کرداری چاندین یان قسەیەك لە ئەستێرە ناسانەوە نەقل بکات پشگیری قسەکەیان نەکات و ئیمانیشی پێنەهێنێ، جا ئیبن تەیمیە یان شێخ دێن ئەوە دەدەنە پاڵی، دواتر ئێمە کە قسەیەکی ئیبن تەیمیە یان شێخ موحەمەد نەقڵ دەکەین شوێنکەوتووانی دێنە لامان و دەڵێن ئەو قسانە لە ناصیبە و خەواریجەکان نەقڵ دەکەن! و خوای گەورە درۆ و ستەمی بەگشتی حەرام کردووە، دروست نیە کە یەکێك لە گەورە زانایانی موسڵمانان تۆمەتبار بکەین بەو تۆمەتە گەورە مەگەر بە بەلگەیەکی گومان بڕ نەبێت.

**نموونەی بیستەم:** تەکفیر کردنی دەستەو تاقمەکان کە هیچ شتێك نابێتە هۆی کۆکردنەوەیان تەنها دژایەتی کردنی شێخ نەبێت ئەمەش بەکاری هاوبەشدانەران دادەنێت (زانیمان کە شێخ پێناسەی هاوبەشدانان و شیرکی فراوان کردووەو زۆربەی ئەو شتانەی کە شێخ نکۆڵی و سەرزەنشتی دەکات دەچێتە ناو خانەی بیدعەت یان هاوبەشدانانی بچووك نەوەك هاوبەشدانانی گەورە).

تەکفیر کردنی ئەو کەسەی دژایەتی هاوبەشدانەران بکات و بەڵام تەکفیریان نەکات! و تەکفیر کردنی ئەوەی کە نە یەکتاناسی خۆشدەوێت و نەڕقیشی لێیە و

---

[1] _ ذەهەبی و ئیمامی سوبوکی و ئیبن خەلکان و جگەلەوانیش ستایشیان کردووە، ڕازی خۆی شەرعناس و توێژەرەوە (مفسر)و موتەکەلیم و پزیشکیش بووە و هەڵەی هەیە هەروەك چۆن جگەلەویش هەڵەیان هەبووە، بەلاّم هەڵەی کوفری نین بەو شێوەیەی شێخ تۆمەتباری دەکات، ئەگەر بەندایەتی بۆ هەسارەکان بە چاك زانیبوایە ئەوا ئەو زانایانە سەرزەنشتیان دەکرد یان ئەو کوفرەیان بەلایەنی کەمەوە باس دەکرد، ئەگەر هەر کەسێ هەڵەی کرد ئێمەش تەکفیری بکەین ئەوا هیچ کەسمان لەگەڵ نامێنێتەوە.

تـەكفیر كردنـی ئـەوەی شـیرك نەناسـێت و تـەكفیری ئـەوەی یەكتاناسـی نەناسـێت و تەكفیری ئەوەی كار بەیەكتاناسی دەكات بەڵام پلەو پایەی نازانێت! و ڕقی لـەو كەسـە نەبێت كە یەكتاناسی فەرامۆش دەكات و تەكفیریان نەكات (الدرر السینة: ٢٢/٢).

دەڵێم: هەموو ئەوەی شێخ باسی كرد ڕاست و دروستە ئەگەر هاتبوایـە مەبەسـتی لـە شـیرك و هاوبەشـدانانی گـەورە ئـەو شـتە بێـت كـە یەكـدەنگی لـە سـەرە كـە هاوبەشدانانی گەورەیە، بەڵام پابەندكردنی خەڵكی بـە پێناسـەیەك بـۆ هاوبەشـدانان، ئەوا زۆرێك لە زانایانی سـەردەمی شـێخ لەگـەڵی یـەك نـاگرن جـا ئەمـە وا دەكـات كـە شتەكە جیاواز بێت، پێویستە جیاوازی بكرێ لەنێوان هاوبەشدانانی بچووك و گـەورە و لە نێوان هاوبەشدانان و بیدعەت، بینیمـان كـە زۆربـەی ئـەو شـتانەی كـە شـێخ بـە ناپەسەندی دەزانێت و نكۆڵی لێی دەكـات _ كـە تیایـدا ڕاسـتی پێكـاوە _ بریتیـە لـە چەند شتێكی خوڕافیات یان بە دوورترین پێوانە بریتیە لە هاوبەشدانانی بچووك _ مەگەر لە دوورگەی عەرەبیـدا كەسـانێكی دیـاری كـراو هـەبن كـە ئـەو شـتانەیان تێـدا بێت ئەوەش شتێكی سروشتیە كـە دەكرێـت ببێـت، بـەڵام ئەمـە پاسـاو نابەخشـێ بـەو دوژمنایەتیە گەورە لە تـەكفیرو كوشـتارەی كـە شـێخ و شـوێنكەوتووەكانی لـە هـەموو شوێنەكان بەرپایان كرد، ئەو تەكفیرەی: تەكفیری گەورەی دەرخەر لە بازنەی ئیسلام و موسـڵمانێتی، وا دەكـات كەسـانی بیدعەتچـی و ئەوانـەی شـتی خوڕافیـات دەكـەن گوێبیستی نەبن، جا ئاگاداری ئەمەبە.

[1]_ من لەگەڵ بۆچوونی دانەر دانیم، مەرج نیە ئەو شتانەی شێخ قسە و باسی لەسەر كرد تیایدا ڕاستی كرد بێت، چونكە بەڕاستی یەكێك لەو هەڵە و پەڵانەی كە شێخ موحەممەدی كوڕی عەبدولوەهاب و وەهابیەت و سەلەفیەت تێی كەوتوون ئەوەیە كە ئەحكامە سەرەكی (كلي) و لاوەكی و بچوك (جزئي) تێكەڵ و پێكەڵ دەكەن و ناتوانن دەرەنجامێكی وا دەستەبەر بكەن كە گونجاو و دروست بێت و بەو شێوەیە لە زۆربەی هەرە زۆری مەسەلەكان هەر وان. (وەرگێڕ).

**نموونەی بیست و یەکەم: تەکفیر کردنی زۆربەی خەڵکی شام و تاوانبار کردنیان بەوەی کە ئەوان ئیبن عەرەبی دەپەرستن و تەکفیری ئەو کەسەی ئیبن عەرەبی تەکفیر نەکات.**

شێخ تەکفیری زۆربەی خەڵکی شام و تۆمەتباری کردوون بەوەی کە ئیبن عەرەبی دەپەرستن، لە:(الدرر السینة: ٤٥/٢) دا هاتووە، شوێنکەوتووەکانی ئیبن عەرەبی نای پەرستن ئەگەرچی دەکرێ کەسی سادەیان تێدا بێت کە کاری لەو جۆرە بکەن سەرباری ئەمەش دروست نیە ئەو حوکمە بگشتێنرێ بەسەر زۆربەی شوێنکەوتووانی ئیبن عەڕبی.

سەرباری تەکفیر کردنی ئەو کەسەی کە گومانی هەیە لە بێ باوەڕبوونی شوێنکەوتووانی ئیبن عەرەبی لە:(الدرر السنية: ٤٥/٢ _ ٢٥/١٠) دا هاتووە.

**نموونەی بیست و دووەم: زانستی فیقه کاکڵ و کرۆکی هاوبەشدانانە!**

هیوادارم کە لێرەدا من هەڵەبم لە تێگەیشتنی قسەی شێخ لەبەر ئەوەی ئەو لە پەیامەکەی دا کە بۆ ئیبن عیسا ناردوویەتی کە بەڵگەی هێناوەتەوە بەوەی شەرعناسان ڕایان جیایە لە ڕای تۆ، شێخ لەوەڵامدا ئەو ئایەتە بەڕێزو پیرۆزەی هێناوە:﴿ اتخذوا أحبارهم و رهبانهم اربابا من دون الله: **(گاورو جوو) حاخام و قەشەکانی خۆیان کردۆتە پەروەردگاری خۆیان لە جیاتی خوا..﴾.** ووتی: پێغەمبەری خوا و ئیمامەکانی دوای ئەویش تەفسیریان کردووە بەوەی کە ئێوە ناوی دەنێن (فیقه) و ئەمەیە کە خوای گەورە ناوی ناوە هاوبەشدانان و دانانیان بەخوا و لە ناو موفەسرینەکان هیچ ڕاجیاییەك نابینم لەمەدا!! ئەو قسەیەی شێخ لە:(الدرر السنية: ٥٩/٢) دا هاتووە.

لەوەڵامدا دەڵێم:

یەکەم: ئەمە فەرموودەی عەدی کوڕی حاتەمە کە مشتومڕێکی زۆری لە سەرە.

دووەم: چۆن کتێبەکانی (فیقھ) دەبنە کاکڵ و کرۆکی ھاوبەشدانان کە دژەڕاکان بە بەڵگەیان ھێناونەتەوە؟! جا ئەگەر مەبەستی ئەوە بێت کە دژەڕاکانی لاسایی زاناکانیان دەکەنەوە ئەویش بە ھەمان شێوە لاسایی ھەندێکیان دەکاتەوە لە فراوان کردنی چوارچێوەی بابەتی ھەڵگەڕاوە (المرتد).

**نموونەی بیست سێیەم: خەڵکی (وەشم) بێ باوەڕن!**

تەکفیر کردنی خەڵکی (وەشم) ھەر بە کەسانی زانا و خەڵکی سادەوە، لە:(الدرر السینة: ٢/٧٧)دا ھاتووە.

**نموونەی بیست و چوار: خەڵکی (سەدیر) بێ باوەڕن!**

تەکفیر کردنی خەڵکی (سەدیر) بە کەسانی زانا و خەڵکی سادە (٢/٧٧).

**نموونەی بیست و پێنجەم:**

شێخ لە :(الدرر السینة: ١/٤٣) دا دەڵێ: لە نامەیەکدا کە بۆ یەکێك لە دادوەرە بەناوبانگەکان دەنێرێت و ناوی عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵەتیفە:_ (ئای کە چەند چاك و باشی لەکۆتایی ئەو ڕۆژگارە ببیت بە جیاکەرەوە_ فاروق _ لە دینی خوادا وەك ئەوەی ئیمامی عومەر _ خوا لێی رازی بێت _ ئەمەی کرد لە سەرەتادا).

دەڵێم: ئا بەم شێوەیە شێخ ڕای وابوو کە دژەڕاکانی موسڵمان نین؟!

**نموونەی بیست و شەشەم: زانا موتەکەلیمەکان بێ باوەڕن!**

له :(الدرر السينة: ٥٣/١) دا هاتووه: كه شێخ یەکدەنگی نـەقل کـردووه لـه سـەر تـەكفیر کردنـی زانـا موتەكەلیمـەکان! و دەرکردنـی ئـەو حوکمـە ڕەهایـە نادروسـتە، چونکه هەر کەسێ مانای (موتەكەلیم) بزانێ ئەوا هەست دەکات کە بۆ ئەو زانایانـەی موسـڵمان بـەکاردەهێنرێ کـە گرنگـی دەدەن بـەبوارەکانی عەقیـدە بەتایبـەت ئـەو زانایانەی ئەشعەری و موعتـەزیلین، جا زانـای موتەکـەلیمی موسـڵمان هـەر موسـڵمانە ئەگەر کەوتە ناو بیدعەت و کوفر بە هۆی تەئویلیشەوە، ئیبن تەیمیـە _ کـە یەکێکـە لەموتەكەلیمەکانی حەنبەلی _ کەوتۆتە ناو هەندێ شتەوە کـە پێشـینە چاکەکان بـە کوفریان دادەنا بۆ نمونـە ڕای وایـە کـە ڕووداوەکـان بەڕیزبەنـدی ڕوودەدەن (التسلسل الحوادث) و جۆرێ لە قەدیم بوونی جیهان هەبووە (القـدم النـوعي للعـالم) و بەڕاسـت دانانی ئەو فەرموودە پـڕو پوچـەی کـە تیایـدا هـاتووە خـوای گـەورە لـە سـەر شـێوەی گەنجێکی بێ مووە، ..... پاك و بەرزی بۆ خوای گەورە لەو شتانە، بەڵام بە کـافرو بـێ باوەڕ دانانرێت، چونکه ئەو بەهۆی تەئویلەکانی گومانی وای بردووە کە فەرموودەکـە ڕاسـت و دروسـتە کەچـی لەحەقیقـەت دا ووتەیـەکی پـڕو پـوچ و بـێ بنەمایـە یـان تیۆرێکی بە ڕاست داناوە.... تاد، جا بەم شێوەیە ئـەو کەسـەی بـە گوفتـار یـان ڕەفتـار کوفرێك دەکات مەرج نیە حوکمی کوفری بکەوێتە سەر، چونکە وای لێهاتووە کە هیچ کەسێ بە زانا و کەسی سادەو نـەزانیش نیـە کـە سـەلامەت بـێ لـە قسـەیەکی کـوفری، بەڵام حوکمی کوفری بەسەردا نادرێت.

شێخ لە ئیمامی ذەهەبی و دارقطني و بەیهەقی جگەلەوانیش نـەقڵی کـردووە کـە تـەكفیری موتەكەلیمـەکانیان کـردووە، ئەمـەش نـەقڵێکی بـێ بنەمایـە، چـونکە هـەر سـێکیان لـە زانـا موتەكەلیمـەکانن! و لـە هەنـدێکیان بیسـتووە کـە بەلایـەنی کەمـەوە تـەكفیری موتەكەلیمـەکان ناکـەن، ئـەوەمان لـەبارەی ذەهەبیـەوە زانیـوە بەلایـەنی

کەمـەوە، کتێبەکـەی (النـبلاء) پڕیـەتی لـە ژیاننامـەی موتەکەلیمـەکان و بـە خـەیاڵم دانایەت کە ئەو یەکێك لەوانەی تەکفیر کردبـێ، بـەڵێ دەکـرێ لەسـەر ئـەو شـتەی کـە هەڵە و بیدعەتە ڕەخنەیان لێبگرێ بەڵام تەکفیریان ناکات هـەروەك شـێخ موحەمـەد نەقڵی کردووە، بەڵکو تەنانەت _ هەندێ کات _ پاساو بۆ هەندێ کەس دێنێتـەوە کـە هەڵەی گەورەی کردووە بە چەند پاساوێکی لاوازیش، هەروەك ئەوەیـە بڵێـت: دەکـرێ لە حاڵەتێك ووتبێتـی کـە بـێ ئاگابووە، دەکـرێ ئـەوەی ووتبێت کەچـی وانیـە بـەڵکو شێوەیەکی ترە...... وە ئەوەی دەیەوێ زیاتر بە دواداچـوونی بـۆ بکـات بـا بگەڕێتـەوە بۆ کتێبەکە، بەڵکو ذەهەبی ڕای وایە کـە دروسـتە تەبـەڕوك بـەگڵی گـۆڕی پیاوچاکان بکرێت هەروەك پێشتر هێنامان کە ئەمە لەسەر پەیڕەوی شێخ بێ باوەڕی و کوفرێکە کە بکەرەکەی دەخاتـە دەرەوەی بازنـەی ئیسلام و ئـەوەی کـە ئـەو پاسـاوە دێنێتـەوە، دەکـرێ بکرێتـە پاسـاو بـۆ بـەرگری کـردن لـە ئـیبن سـەحیم و ئـیبن فـەیروز و ئـیبن عــەفالق و جگەلەوانــەش لەوانــەی کــە شــێخ بــە بــێ بــاوەڕی دا دەنــان لــە زانــا حەنبەلیەکانی سەردەمی خۆی.

بـەڵکو حەنبەلیـەکان سـێ کتێبیـان هەیـە لـە بـارەی پلـەو پایـە و گرنگـی گـۆڕی ئەحمـەدی کـوڕی حەنبـەل و ئەمانـەی بـەر لـە ئێسـتا باسـم کـرد کـە حەنبەلیـە پێشینەکان نیمچـە صـۆفی بـوون، بـەڵام ئـەمان زیـاد ڕۆچـوون لـە مەسـەلەی سیفات و بەدیهێنراوی قورئان و هاوەڵان کە بەکەمترین لادان و جیاوازی لەگـەڵیان دا تـەکفیری بەرامبەر دەکەن، بەڵام دارقطنی چەند کتێبێکی دراونەتـە پـاڵی و ڕاسـتیش نیـە، کـە هەندێ لە حەنبەلیەکان لە بارەیانـەوە دایاننـابوو، دەکـرێ شـێخ لـەو کتێبانـەوە شـتی نەقڵ کردبێت و بەیهەقی ئەشعەرییە، ڕای شێخ لـە بـارەی ئەشـعەریەکان زۆر تونـدو تیژە وای لیهاتووە بکاتە ئاستی تەکفیر کردنیان.

**نموونەی بیست و حەوتەم: خەڵکی (الأحساء) بت دەپەرستن(بت پەرستن)!**

شێخ لە :(الدرر السینة: ١/٥٤) باسی کردووە: کە خەڵکی (الاحساء) لە سەردەمی ئەودا بت دەپەرستن!! ئەمەش ڕاست نیە.

**نموونەی بیست و هەشتەم: خەڵکی (نەجد) بەرد و دار دەپەرستن!**

شێخ لە پەیامەکەیدا بۆ ئیبن عەبدوڵەتیف باسی کردووە:

(الدرر السینة: ١/٥٣ _ ٥٤) کە لەلای ئەوان (واتە لەو شوێنەی ئیبن عەبدوڵەتیف تیایدا نیشتەجێیە) بتپەرستی[١] هەیە (هەر لە مرۆڤ پەرستی تا بەرد پەرستی)، شێخ ئەمەی بۆ زیاد کردووە کە نازانێت:(یەك لە زانایان ڕاجیایی هەبێت لەو قسەیەدا)! مەگەر ئەوەی (بڕوای بە بت و تاغوت و فالگرتنەوەو جادوو و شەیتان هەبێت)! بەڕاستی زانایان لە شاری ئیبن عەبدوڵەتیف:(ئالودەی هاوبەش دانانی گەورەن)! بەڵکو (بانگەوازیش بۆ هاوبەش دانانی گەورە دەکەن)!.

دەڵێم: ئەمانە هەمووی زیاد ڕەوین کە حەقیقەت و واقیعی بۆ نیە، زیاد ڕەوی زانایان و دادوەران لە نەجد و حیجازو (الأحساء) موسڵمانان لە سەردەمی شێخ _ ئەگەر بەدی کرا _ ئەوا وەك ئەو زیاد ڕۆچوونەی زانا و دادوەرانی ترە لە تێکڕای جیهانی ئیسلامی لە سەردەمی شێخ و لەپێشی و لە دوای ئەویش لە سەردەمی ئیبن تەیمیە و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دا، ئەمەش کتێب و پەیامەکانی شوێنکەوتوو خانەوادەی ئەوانە کە هیچ شتێکیان بۆ ئێمە نەقڵ نەکردووە لە بت پەرستی و بانگەوازی بۆ کردنی، بەلام زیاد ڕۆچوون لە شێخەکاندا و تەبەڕوك کردن دەکرێ

---

[١] _ (وەرگێڕ).

قبولْ بكرێ بە پۆلێن كردنیان لە جوغزی بیدعەت و خورافات نەوەك لە[1] ڕێزی هاوبەشدانانی گەورەی دەرخەر لە ئوممەتی ئیسلام.

**نموونەی بیست و نۆیەم:**

ئەو قسەیەی شێخ (الدرر السینة: ١/٧٣): (من تەكفیری ئەو كەسانە دەكەم كە دینی پێغەمبەر دەناسێ و دوای ناسین تانەو تەشەری لێبدات و ڕێگری لە خەڵك بكات و دژایەتی ئەو كەسانە بكات كە جێبەجێی بكەن...).

دەڵێم: شێخ ئەو قسەیە زۆر دووبارەی دەكاتەوە، لەڕووكەشی دا ڕاست و دروستە، بەلاّم لە دوو تویّی واقیعدا شێخ مەبەستی لە:(دینی پێغەمبەر) ئەو شتانەیە كە خۆی و شوێنێكەوتووەكانی لەسەری دەڕۆن جا دژەڕاكانی لەزانا و دادوەر و خەڵكی سادە ناڵێن ئەوان دژایەتی ئیسلام دەكەن بەڵكو ئەو خۆیشی دان بەوەدا دەنێن كە ئەوان هەڵدەستن بە بەرپا كردنی پێنج بنەماكانی ئیسلام و دژایەتی دینی خوایان نەكردووە لەهەمان كاتدا ڕێگریشیان لە خەڵكی نەكردووە لەو بارەوە.

---

[1] _ جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەم كە من هاوڕاو بۆچوون نیم لەگەڵ كاكی (دانەر) كە تەبەڕوك كردن بە بیدعەت یان خورافیات نازانم، زمان چۆن ئەتوانێ ئاوا بەڕەوانی ئەو حوكمە ڕەهایە دەربكات بەبێ چەند و چوون و مەرج و بەندوبار.

من لێرەدا كە بۆچوونی خۆم دەردەبڕم ئەوا ووتەی كەڵە زاناكان بە پشتگیری بۆ بۆچوونەكەی خۆم دەخەمەڕوو، نەوەك ئایەتی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی بەپێزی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) (چونكە من كۆششكار_ مجتهد_ نیم) مەگەر دەقی ئایەت یان فەرموودەكە زۆر ڕاشكاو بێت ئەو كات دەیان خەمەڕوو.

ئەسمای كچی ئەبوبەكر _ خوا لێیان ڕازی بێت _ دەفەرموویێت:" .... جوببەكەی پێغەمبەری (صلی الله علیه و سلم) كە لەبەری دەكرد ئێمە دەمان شوشت و ئاوەكەمان بە نەخۆشان دەدا و لە نەخۆشیەكە چاك دەبوونەوە". ئیمامی نەوەوی لە لێكدانەوەو شیكردنەوەی ئەو فەرموودەیەدا دەفەرموویێت:" ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە تەبەڕوك كردن بە شوێنەواری پیاوچاكان و جل و بەرگیان شتێكی چاكە ". (الموسوعة الیوسفیة فیی بیان أدلة الصوفیة: أ.د. یوسف الخطار محمد: ج١، ص ١٦١). (وەرگێڕ).

وە ئەوانیش لەوەڵامی ئەو بەلگەیە دا دەڵێن: لە دینی پێغەمبەردا وا هاتووە کە ئەو کەسە نەکوژین کە دەڵێت:(لا اله الا الله)، چونکە بێژەری ڕستەی ناوبراو خوێن و ماڵ سەروەت و سامانی پارێزراوەو دەڵێن: شێخ موحەمەد ئەمەی زانی دواتر ڕێگری لە خەڵکی کرد و دژایەتی ئەمەی کرد، لەسەر ئەمە شێخ دژایەتی و ڕێگری لە دینی پێغەمبەر دەکات!...

بەهەمان شێوە لە خولانەوە بازنەییەکە دەرنەچووین، ڕووبارەکە دووبارە گەڕایەوە بۆ ئەوەی ئاوەکەی بڕژێنێتەوە سەرچاوەکەی خۆی، شێخ و دژەڕاکانی تەکفیر یەکتریان کردەوە، چونکە هەموویان مەرج و پەرچەکانی تەکفیریان فەرامۆش کردووە، هەر دوو لایان سورن لەسەر هەندێ شت کە هەندێکی ڕاستە و زۆربەی ئەو مەسەلانە ئاڵۆزو وێکچوون ئەوا سەختە بتوانرێت یەکلا بکرێنەوە، جا هەردوو لایان باوەڕیان بەڕێژەیی نیە لەو جۆرە بابەتانەدا، جا ئەگەر یەکێ لە مەسەلەیەك شتێکی بە ڕاست زانی ئەوای لە دینی پێغەمبەر ئەژماری دەکات، وای لێهاتووە کە ئەوەی شوێنی نەکەوێ دژایەتی دینی پێغەمبەر دەکات!

ئەم ئاژاوە زانستیە تێکەڵ دەبێت بە ستەم و تەکفیری یەکتر کردن و تێپەڕاندن لە دژایەتی کردنی یەکتردا _ تەکفیر خراپترە لە تانەو تەشەر _ و دەکرێ بارودۆخی سیاسی و دژایەتیە مەذهەبی و دەمارگیری بۆ وڵات و هۆز و مەذهەب یارمەتی دەری ئەو ئاژاوەیەن، خوای گەورە ڕەحم بە هەمووان بکات، ئێمە بانگەشەی ئەوە دەکەین کە سوود وەربگرین لە هەڵەکانی ڕابردو و ئەو هەلأنەش دووبارە نەکەینەوە، چونکە مێژوو ڕەحم بە کەس ناکات، ئەو هەڵەیەی کە ئەمڕۆ لێمان دا دەپۆشن سبەینێ دەبێتە دوو هەڵە، ڕۆژی دوایی دەبێتە سێ، هەڵەیەکە ڕوویداوەو دەمارگیری هەبوون

---

[1] _ لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی دژەڕاکانی شێخ تۆمەتباری ناکەن بە کوفری گەورەو بت پەرستی تەنها بەوە نەبێت، کە دەڵێن (خەواریجە).

بۆی هەڵەی دووەمە، دژایەتی کردنی ئەو کەسەی کە ئاگادارمان دەکاتەوە لەو هەڵەیـە هەڵەی سێیەمە، دوژمنەکان لەلایەن خوا کۆ دەکرێنەوە.

**نموونەی سێیەم:**

شێخ ڕای وایە کە باوەر بوون بە پیاوچاکان (واتە تەبـەڕوك و تەوەسـول پێکـردن و هاوشـێوەکانی ) وەك زینـا[1]و دزی نیـە بـەڵکو وەك:(بـت پەرسـتیە) ، ئـەم مانایـە زۆر[2] دووبارە دەکاتەوە لەگەڵ ئەوەی ووشەی باوەڕ بوون بە پیاوچاکان ووشەیەکی گشتیە، کە تەوەسول و تەبەڕوك و هاوشێوەکانی لەوەی کە زانایانی ووتویانە لە خۆی دەگرێ، بەتایبەتی لەبارەی تەبەڕوکەوە و من نە بۆچوونم وەك شێخە و نە لەگەڵ دژەڕاکانی شێخم و دەمەتەقێم کردووە لەگەڵ هەندێ لە زانستخوازان لەوانەی کە تەبـەڕوك بـە دروست دەزانن و پشتگیری بۆچوونی شێخم کردووە لە سەر ناپەسەندبوونی؛ کـە وای دەبینم نزیکترە لـە ڕاسـتیەوە ، بـەڵام ئـیعتراف کـردنم بـە مـافی شـێخ لـە بەناپەسـەند دانانی ئەو شتانەو لەو جۆرە عەقیـدەو بـیرو بۆچـوونانە مانـای وانیـە دان دەنـێم بـە تەکفیری ئەوەی دژەڕای شێخە لە زانایان و کەسانی سادە لەبـەر ئـەوەی زۆربـەی ئـەو شتانەی کە شێخ بە قەدەغەی زانیوە یان ئـەوەتا کۆشـش (اجتهـاد)ێکی ڕاسـتبووە یـان ڕووێکـی هـەر هـەبووە یـاخود هەڵـەی کـردووە و گومـان و تـەئویلێکی تێـدا داهێنـاوە هەروەك پێشتر شیمان کردەوە.

---

[1]_ (وەرگێڕ).

[2]_ الدرر السنية:(١/٧٨).

[3]_ من لەگەڵ بۆچوونی (دانەر) نیم، ئەگەر (دانەر) مەبەستی ئەوەبێت کە پشتی بۆچوونی شێخ دەگرێت لەوەی زیاد ڕۆچوون نەمێنێت لە تەبەڕوك و تەوەسول و هاوشێوەکانیان ئەوا ڕاستی پێکاوە. ئەگەر مەبەستیشی ئەوەبێت کە تەوەسول و تەبەڕوك و هاوشێوەکانی لە بنەڕەتدا بیدعەتن و دروست نین ئەوا بێگومان هەڵەی کردووە. (وەرگێڕ).

**نموونەی سی و یەکەم:**

**شـێخ لـە :(الـدرر السـنية: ١٠٢/١ ) دا باسـی کـردووە کـە ئـەو تـەکفیری ئـەو تاقمانەی خوارەوە دەکات:**

**_ ئەوەی شارەزای دینی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بووەو ناسیویەتی دواتر شوێنی نەکەوتووە!.**

**_ وە هەر کەسێ ناسیویەتی و ڕقی لەوانەبووە کە دێنە ناو یەکتاناسیەوەو ئەوانەشی خۆش ویستووە کە بەهاوبەشدانەر ماونەتەوە!.**

**_ هەر کەسێ دینی (مەبەستی بانگەوازی وەهابیەتە ) ناسی بەلاَم تانەو تەشەری لێدا و ستایشی بەندەکانی (یوسف) و (ئەشقەر) و (خضر) بکات!....**

**_ هەر کەسێ لە هەموو ئەو شتانە سەلامەت بێت بەلاَم لە ولاَتی خۆی ولاَتی هاوبەشدانان و شیرك دەرنەچوو نەهات بۆ شاری یەکتاناسی (التوحيد) .** ٢

**دەڵێم: ئەو چوار حاڵەتەی دەبینین بەهەمان شێوە ڕووبارەکە دووبارە ئاوەکەی دەرژێنێتەوە ناو سەرچاوەکەی خۆی!! پێشتر وەلاَمی ئەمە درایەوە، ئەوان ملکەچی شێخ نابن بەوەی کە هەرچی شێخ دەیلێت حەق بێت یان ئەوان ناحەقن لەگەڵ ئەو هەموو شتانەی دەیلێن و ئەو کەسەی کە شێخ بەڕاست دەزانێت لە هەڵسان بەڕێگری کردن لە بیدەعەت، ئەوا بەڕاستی نازانێ لە تەکفیر کردنی کەسانی بیدعەتچی و نەزان و ئەوەی تەئویل دەکات لە زانایان و کەسانی سادە.**

---

[1] _ (وەرگێڕ).

[2] _ ئەوەی نامۆیە ئەوەیە کە شێخ لە شوێنانی تر نکۆڵی لەوە دەکات کە تەکفیری ئەو کەسانە بکات کە کۆچ بۆ لای ئەو ناکەن و ئەمەش واقوڕمانە یان پەشیمان بوونەوەیە لەو قسەی پێشوو یاخود سیاسەتێکە بەکاری دێنێت.

جا چۆن دەتوانین کە شێخ بەراست بزانین لە کاتێکدا کەسێ یەکتاناسی دەناسێ و خۆشی دەوێت و شوێنی دەکەوێ و ئیمانی پێدێنێ و شیرك فەرامۆش دەکات پاشان دوای هەموو ئەمانە چۆن پێی ناخۆشە کەسێ بچێتە ناو بازنەی یەکتاناسیەوەو ئەو کەسەی خۆش دەوێ کە هەر لەسەر شیرك ماوەتەوە؟! بەڕاستی عەقڵ قبوڵی ئەمە ناکات.

لە هەموو دونیادا کەسێکت دەست ناکەوێت کە دین و مەذهەبێکی خۆش بوێ و ڕقیشی لە خەڵکەکەی بێت مەگەر لە بەر شتێك ڕقی لێبێت کە بەپێچەوانەی دین و مەذهەبەکە هەڵسوکەوت بکەن وەك ئێمەی ئەهلی سوننە دەکرێ هەندێ لە ئێمە ڕقی لە هەندێکی تر بێت، دژەڕاکان گومانی واش دەبەن کە لایەنەکەی تر سوننی نیە بەڵکو زیان بە سوننە دەگەیەنێ.[1]

ئینجا لێرەدا موسڵمانێ نیە کە ڕقی لەو کەسە بێ کە تازە موسڵمان دەبێت دێتە ناو بازنەی ئیسلام، نەصرانیەك نیە ڕقی لە کەسێ بێ کە تازە دەبێتە نەصرانی، شیعەیەك نیە ڕقی لە کەسێ بێت کە تازە دەبێتە شیعی، سەلەفیەك نیە ڕقی لەکەسێ بێت کە تازە دەبێتە سەلەفی.... ئەمە مەنتیقێکی سەیرە.

بەڵێ دەکرێ کەسێ هەندێ شتی شێخ بەڕاست بزانێ وەك کار کردن بۆ نەهێشتنی بیدعەت و بانگەواز کردن بۆ یەکتاناسی پاك بەلاَم ئەو کەسە لەگەڵ شێخ ناگاتە کۆتایی ڕێگاکە دەست دەکات بەتەکفیر کردنی کەسی بەرامبەر.

---

[1] _ هەروەك ئەوەی کە شێخ و دژەڕاکانی ڕق و کینەیان گۆڕیەوە لەگەڵ ئەوەی هەموویان موسڵمانن و هەمووشیان ئەهلی سوننەن، هەروەك ئیمامی مالك و ئیبن ئیسحاق ڕق و کینەیان گۆڕیەوەو هەمووشیان موسڵمانن بەهەمان شێوە هەموو دژایەتی و دوژمنکارییەك ڕق و کینەی لەگەڵ دا دەبێ بەلاَم ئەو ڕق و کینەیە نابێ خاوەنەکەی پاڵبنێ بۆ تەکفیرکردنی دژەڕاکەی مەگەر بەبەڵگەیەکی دیار بێت کە لەلایەن خوای گەورە دانی پێدانرا بێت.

بەو واتایەی کە کەسەکە دەزانێت کە قسەی شێخ دوو ڕووی هەیە ڕووی ڕاست و ڕووی پوچ و باتڵ، جا کەسەکە حەقەکە وەردەگیرێت و شتە پوچ و باتڵەکەش فرێدەدات، بەڵام شێخ لەو کەسەی دەوێت یان هەموو ئەو شتەی شێخ دەڵێت خراپە ئەویش بە ناپەسەندی بزانێت یان لە هەموو شتەکاندا شوێنی بکەوێت، ئەمەش تەنها لە بانگەوازی پێغەمبەراندا پێویستە کە شوێنیان بکەوین لە هەموو ئەو شتانەی کە دەیڵێن و فەرمانی پێ دەکەن و لەو شتانەش کە ڕێگری لێ دەکەن، بەلاَم[١] تێکڕای خەڵکی تر لە جێنشیەکان و زانایان، ئەوا خەڵکی لە هەندێ شت ڕاجیایان لەگەڵ هەیە، هیچ کەسێکیان ڕووبەڕووی تەکفیرو جەنگ نەبوونەتەوە، جا هەندێ لە هاوەڵان جیابوونەوە لە ئیمامی عەلی _ خوای لێی رازی بێت _ لە جەنگ کردن لەگەڵ دەستدرێژی کارەکان (البغاة) و ئەوانەی دەرچوون لە دژی دەسەلاَتی ئیمام و خەلیفە، تەنانەت هەندێك لە خەڵکی دژایەتی و شەڕیان لەگەڵ ئیمامی عەلیان دەکرد، هەندێکی تریش خەڵکی لە ئیمامی عەلی کۆ دەکردەوە، سەرباری ئەمەش ئیمامی عەلی چ لە بارەی ئەوانەی کە هەڵوێستیان نەبوو چ ئەوانەی خەڵکیان لەدەوری ئەو کۆ دەکردەوە چ ئەوانەی کە دوژمنایەتیان ئەویان دەکرد نەیوت:(ئەوانە تانەو تەشەر لە دینی پێغەمبەر دەدەن)! یان (ڕێگریان کرد لە خەڵکی کە بێنە ناو دینی خواوە)! لەگەڵ ئەوەی ئەو دینەی کە عەلی کوڕی ئەبی طالیب و عەماری کوڕی یاسر دەیکەن پاکترو چاکترە لەو دینەی کە شێخ موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب

---

[١]_ بنەماو بنچینە(قاعیدة)یەکمان هەیە کە پێویستە گوفتارەکان تێکڕای مرۆڤایەتی ملکەچی بێت تەنها فەرمایشتی خوای گەورەو پەیامبەرو پێغەمبەرانی نەبێ، ئەو بنەمایەش بریتیەلە:(انظر الى ما قال و لا تنظر الا من قال) واتە: سەیری گوفتارەکە بکە نەوەك ئەو کەسەی کە ووتوویەتی. لەم بنەمایە گشتیە تەنها گوفتاری خوای گەورەو پێغەمبەرانی لێ دەردەچێ و جیا دەبێت. بەهەمان شێوە قیاسی ڕەفتاری مرۆڤەکانیش بکە بەو بنەمایە. (وەرگێڕ).

دەیکات، ئەگەر هاتبوایە ئیمامی عەلی لە سەر هەمان پەیڕەوی شێخ ڕۆیشتبوایە ئەوا هەموو ئەوانەی تەکفیر دەکرد کە لەجەنگی (جەمەل) و (صفین) و (حەروریە)دا بەژداریان کردبوو، بەو پاساوەی ئەوان:(دژایەتی دینی پێغەمبەر دەکەن)! سەرەڕای ئەوەی کە ئیمامی عەلی دەقی تایبەتی بە دەستەوە بوو سەرباری دەقە گشتیەکان _ کە دەتوانی پشت بەو دەقانە ببەستێ لە تەکفیر کردنی تێکڕایی ئەو دەستەو تاقمانە![1]

ڕاستە کە بە ڕێگایەکی صەحیح و ڕاست لە ئیمامی عەلیەوە هاتووە کە ووتویەتی:(تەنها دوو ڕێگەم لەپێشە یان ئەبێ لەگەڵیان بجەنگم یاخود بێ باوەڕی بم بەوەی کە بۆ پێغەمبەر هاتووە)، لێرەدا مەبەستی خودی خۆیەتی واتە ئەگەر ئەو جەنگ لەگەڵ دەرچووە زۆردارەکان نەکات وەك ئەوە وایە کە بڕوای نەبێت بەو ئایەتە بەڕێزو پیرۆزە:﴿ فقاتلوا التي تبغي حتى تفيء الى أمر الله: ئەوا ئێوە بەگژ ئەوەیاندا بچن کە ستەم و دەستدرێژی دەکات، هەتا دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی

[1] _ لەو دەقانەی کە لە بارەی خەواریجەکان هاتوون:(لە ئیسلام دەردەچن وەك چۆن تیر لە کەوانەکەی دەر دەچێت) و لەو دەقە تایبەتیانەی لە بارەی تاقمی دووەم! دەستەو تاقمی معاویە هاتووە:(بانگەشە بۆ ئاگر دەکەن) بەهەمان شێوە هاتووە کە ئەوان:(قاسطون: واتە ستەمکارن)، جا ئەو دوو دەستەو تاقمانە (خەواریجەکان و دەرچووە ستەمکارەکان) دەکرا ئیمامی عەلی و ئەوانەی کە لەگەڵی دابوون لە خەڵکی بەدرو ڕیضوان کە تەکفیریان بکەن ئەگەر هاتبوایە وەلآمی جۆش و خرۆش و حەماسەتی خۆیان و بارودۆخی جەنگی دەرەکیان دابایەوە، ئەوا ئیمامی عەلی دەیتوانی بڵێت هەر کەسێ لە ئیسلام دەرچوو وەك چۆن تیر لە کەوانەکەی دەردەچێت ئەوا هەرگیز ناگەڕێتەوە ناوی! و ئەوەی بانگەشە بۆ ئاگر دەکات موسڵمان نیە، و ﴿ وأما القاسطون فكانوا لجهنم حطبا: بەڵام خوانەناسان و سەرکەشەکان بەسەریانەوە ناچێت بەڵکو دەبنە سوتەمەنی دۆزەخ ﴾، بەلآم ئیمامی عەلی و ئەوانەی کە لەگەڵی دابوون لەخەڵکی بەدر زۆر لەوە لە بەتەقواو پارێزگارتر بوون کە دەقەکان بەکار بێنن بۆ جگەلەو شتانەی کە بۆی دانراون وەك بە هەڵە دانانی دەرچووە ستەمکارەکان و خەواریجەکان و فەرزکردنی جەنگ لەگەڵ کردنیان.

خوا...﴾ . جا مەبەستی ئیمامی عەلی لە بێ باوەڕی بریتیەلە:(جێبەجێ نەکردنی فەرمانەکانی ئایەتەکە)، بەڵام ئیمامی عەلی خەڵکی دەرچووەکان و خەواریجەکانی تەکفیر نەکرد چ جای ئەوانەی بێ لایەن بوون و پیشتیان لێکرد و پاساوی بۆ دەهێنانەوە لەو گومانەی کە بۆیان دروست بوو تا ئەگەر بیزانیبایە کە هەندێ لە سەرکردەکانیان وەك معاویە کە ڕاست ناکات بەڵکو ئەو مەبەستی گرتنە دەستی حوکم و دەسەڵاتە، بەڵام کاتێ جەنگ کردن لەگەڵ خەڵکی دەرچوو پێویستە

[1] _ ئەو ئایەتە لەو ئایەتانەیە کە موحکەمە و هەندێ لە زانا حەنبەلیە شامیەکان کە ئاراستەیان یەك نیە لەگەڵ ئیمامی عەلی _ کە ئەویش ئیبن تەیمیەیە _ وا گومان دەبات:(کە جەنگ کردن لەگەڵ دەرچووە ستەمکارەکان هەر لەسەرەتا _ی دەرچوونیان لە دژی خەلیفە_ دا خوای گەورە فەرمانی پێنەکردووە)! کەچی لەبیری کردووە یان لە بیرەخۆی بردۆتەوە کە ئاشتبوونەوە (صلح)یش لەهەمان ئایەت دایە و کەواتە بەهەمان شێوە خوای گەورە هەر لەسەرەتادا فەرمانی نەکردووە کە ئاشتبوونەوە ببێت؟ بەڵکو لەپاش جەنگ فەرمانی پێکردوە؟ ئایا خاوەن عاقڵ دەکرێ بڵێت: ئاشتبونەوە لەنێوان دوو دەستە و تاقمەکە دروست نیە تا جەنگ لەگەڵ یەکتری نەکەن؟! ئەگەر هەڵوەستە بکات لەسەر (ڕووکەشی دیاری ئایەتەکە) ئەوا با هەڵوەستە بکات لەسەر ڕووکەشی هەموو ئایەتەکە! ئەگەر ئیبن تەیمیە ڕای وایە (کە ئاشبوونەوە لەسەرەتاش دا هەر دروستە) ئەگەر جەنگیش ڕوونەدات، ئەوا پێویستە بۆچونیشی وابێت (کە جەنگ کردن لەگەڵ دەستەی دەرچووی ستەم کار دروستە) ئەگەر ئاشتبوونەوەش ڕوونەدات، بەڵام تەنها هەڵوەستە بکات لەسەر نیوەی ئایەتەکە و نیوەکەی تری ئایەتەکە فەرامۆش بکات ئەوا ئەو کارەی تێکگیران و دژیەکیە کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بە هەواو ئارەزو حوکمی کردوە، دەکرێ ئاشتبوونەوە ڕوبدات بەبێ ڕوودانی جەنگ لەپێشینەدا ، هەروەك= =دەکرێ دەرچوونی زۆر دارانە ڕووبدات بەر لەوەی پێشتر ئاشتبوونەوە هەبوو بێت، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) ناوی دەستە و تاقمی معاویەی ناو ناوە بە:(باغية: دەرچووی ستەمکار) و هیچ شتێك لەو جۆرە بەر لە بانگەوازەکەی موعاویە نەبووە تەنها بانگەوازی دەکرا بۆ دەست گرتن بە کۆمەڵی موسڵمانانەوە، جا دەکرێ ئەمە ئەو ئاشتبونەوەبێ کە فەرمانی پێدراوە لەو ئایەتە لە حاڵێکدا کە دژەڕاکەی موعاویە ئیمامێکی شەرعی بێت، ئەگەر دەرچوون ڕوویدا لەدژی ئیمام و خەلیفە ئەوا ئاشتبوونەوە لە پێشتر بەمەرج نەگیراوە ئەگەر سوودیش ببینین:(لە ڕەوابوون و دروستی ئاشتبوونەوە) بە گشتی لەدەرەوەی چوارچێوەی ئایەتەکە دەتوانین بە ئاسانی سوود وەربگرین لە:(دروستی جەنگ کردن لەگەڵ خەڵکە دەرچووەکە و ئەو کەسەی کۆمەڵی ئیمانداران پەرتەوازە دەکات) بەهەمان شێوە لە دەرەوەی ئایەتەکە، جا لەوەوە دەرکەوت کە پەتی ناصیبەکان کورتە، ئەگەرچی هەندێ لە زانایانی شام لە دەوری کۆببنەوە؟.

هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووکەشی داواکاریەکانیان بکرێت کە ئەمەش دادپەروەری تەواوە لەگەڵ دوژمنەکان، چونکە هەڵسوکەوت کردن و بڕیاردان بە مەبەست و نیەت و گریمان پەیڕەوێکی شەرعی نییە و ئەگەر شەرعی بوایە ئەوا پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) ئەو شێوازەی دەگرتەبەر لەگەڵ دووڕوو و دەغەڵەکان، ئیمامی عەلیش دەیکرد لەگەڵ معاویە و دەرچوو و خەواریجەکان.

هەر بەپوختی و کورتی لێرەدا: ئەگەر جەنگ هاوشان لەگەڵ ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی طالیب _ خوا لێی ڕازی بێت _ فەرز نەبێت لەگەڵ ئەوانەی کە گومانیان بۆ پەیدابووە _ سەرباری بوونی بەڵگەی گشتی و تایبەتی ڕاست و ڕاشکاو لەبارەی فەرز بوونی جەنگ کردن لەگەڵ دەرچوو و خەواریجەکان _ ئەوا فەرز نەبوونی جەنگ کردن هاوشان لەگەڵ شێخ موحەمەد و تەکفیر کردنی دژەڕاکانی لەپێشترە.

بەهەمان شێوە تەکفیر کردنی ئەو کەسانەی کە کۆچ ناکەن بۆ لای شێخ و وڵات بەجێ ناهێڵێن؟ ئەمەش هەڵەیە بەهەمان شێوە، چونکە کۆچ کردنی شەرعی کە فەرزە و ئەوەی توانای هەبێت نەیکات پێی بێ باوەڕو کافر دەبێت، ئەوا ئەو کۆچ کردنە بوو بۆ لای پێغەمبەر(صلى الله عليه و سلم).

بەڵام کۆچ کردن لە دوای پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم). بەچەند مەرجێك فەرز دەبێت بەڵام بەبێ ئەوەی ئەو کەسە تەکفیر بکرێ کە نایکات و وازی لێ دەهێنێت و دەکرێ کە فەرز نەبێت لە سەردەمی خۆمان دا لەبەر چەندین بەرژەوەندی تر، بۆیە دروست نیە بۆمان کە موسڵمانە چەوساوەکان تەکفیر بکەین لە جیهان دا ئەوانەی نایانەوێت کۆچ بکەن لە وڵاتی خۆیان دا.

**نموونەی سی و دووەم: ووتەی شێخ لەبارەی ئەشعەری و ظاهیریەکان.**

شێخ ووتەیەکی نەقل کردووە:(الدرر السنية: ١/١١٢) کە وای لێ دەپشکوێتەوە و وای لێ دەخوێنرێتەوە کە تەکفیری ئەشعەریەکان و جگەلەوانیش دەکات ئەوانەی سیفات نەفی دەکەن؟ و ئیبن حەزم بەڕەهایی سیفات نەفی دەکات و بەڵگەکەشی لە کتێبە تێرو تەسەلەکەی دا دەبینیت، پێویستە بیخوێنیەوە بەر لەوەی تەکفیری بکەیت.

**نموونەی سی و سێیەم: ووتەکانی شێخ لەبارەی ئەشعەری و موعتەزیلی و جگەلەوانیش.**

شێخ لە (لا: ١٣) ووتویەتی: ئەوەی کە سیفاتەکان نەفی دەکات ئەوا خراپترە لە کەسی هاوبەشدانەر!! و ئەوانەی سیفات نەفی دەکەن لەلایەن سەلەفیەکان بریتین لە: ئەشعەریەکان و ئیبن حەزمی ظاهری و زۆربەی ظاهریەکان و زۆربەی صۆفی و شیعە و حەنەفی و زۆرێك لە شوێنکەوتووانی چوار مەذهەبەکە، تەنها ئەوانە تیایدا نین کە شوێنکەوتووی زیاد ڕۆچووە حەنبەلیەکان و ئیبن تەیمیە و ئیبن قەیم _ ڕەحمەتی خوایان لێبێت _ بن، ئەمەش زۆربەی ئوممەت لە بازنەی ئیسلام بەدەر دەنێت.

**نموونەی سی و چوارەم: گەڕانەوە بۆ تەکفیر کردنی ئیبن عەرەبی و ئیبن فارض.**

پاشان شێخ لە (١/١١٣) باسی کردووە کە: نکۆڵی کردن لە بوونی خوای پاك و پیرۆزو بەرز بریتیە لە:(مەذهەبی ئیبن عەرەبی و ئیبن فارض و زۆرێك لە خەڵکی

که تەنها خوا خۆی دەتوانێ ئەژماریان بکات _)!! لەگەڵ ئەوەی لە (لا: ٣٤) باسی کردووە کە ئەو تەکفیری ئەوانە ناکات!! ووتویەتی: باسی ئەوەیان کردووە کە من:(تەکفیری ئیبن فارض و ئیبن عەرەبی دەکەم .....) وەلآمی من لە سەر ئەو مەسەلانە ئەوەیە کە دەڵێم: پاك و بێگەردی بۆ تۆ خوایە ئەمە تۆمەت و بوختانێکی گەورەیە!؟ بەڵکو بە ڕاشکاوی لە (لا: ١٠٤) شێخ دەری بڕیوە کە تەکفیری:(ئەو کەسەش ناکات کە بت دەپەرستێ)!!

دەڵێم: چۆن بەلای تۆوە دروستە کە کەسانێ نکۆڵی دەکەن لە بوونی خوای باڵا دەست و خاوەن شکۆ دواتر بەبێ باوەڕیان ئەژمار ناکەیت؟! و ئەوە تەکفیر ناکەیت کە بت دەپەرستێ؟! کەچی ئەو کەسە تەکفیر دەکەیت کە باوەڕی بە خواو بە پێغەمبەرەکەی هەیە و بنەماکانی ئیسلام هەیە و خۆی دوور دەگرێت لە شتی قەدەغەکراو لەگەڵ چەند هەڵەیەك کە لە ڕێگاکە تووشی دێن جا چ لە بواری عەقیدەدا بێت یاخود لە بواری هەڵسوکەوت دا.

**نموونەی سی و پێنجەم: بەهەمان شێوە لە بارەی ئەشعەریەکان.**

شێخ لە (الدرر السنية: ١/١١٣) باسی کردووە: کە ئەوانەی نکۆڵی دەکەن لە بوونی سیفات ئەوا بە هەمان شێوە نکۆڵیش دەکەن لە حەقیقەتی خوایەتی!!

دەڵێم: ئەمە پێویست دەکات کە شێخ هەڵسێ بە تەکفیرکردنی ئەشعەریەکان و ئیبن حەزم و زۆربەی شوێنکەوتووانی چوار مەذهەبەکە، کەچی نکۆڵیش ناکەن لە حەقیقەتی خوایەتی.

شێخ باسی ئیمامی ئەشعەری کردووە و ناوی ناوە: (ئیمامە گەورەکەیان)!! (لا:١١٤) مەبەستی پێی ئیمامی موتەکەلیم و ئەوانەیە کە دەڵێن سیفات نین و نەفی سیفات دەکەن و منیش یەکێکم لەوەی کە هەڵەی گەورەم گرتووە لە ئیمامی

ئەشعەری بەتایبەتی لەو بانگەشەیەی کە کردوویەتی بۆ بوونی یەکدەنگی (الاجماع) لەسەر ئەو شتانەی کە ڕاجیایان لەسەرە و بەرپەرچی دەدەمەوە بە حەق بەبێ ترس هەروەك برەو بە خۆمان دەدەین کە بەرپەرچی ئیبن تەیمیەش بدەینەوە بە حەق نەوەك بە باتڵ و شتی پڕو پوچ، جا هەر دووکیان موسڵمانی شەرعناسن پلەو پایەی خۆیان هەیە و خاوەن زانست و زانیارین و هەندێ هەڵەیان هەیە چ گەورە بن یاخود بچوك، ئەگەرچی هەڵەکانی ئیبن تەیمیە زۆر زۆر گەورەتریش بن لە هەڵەکانی ئەشعەری.

**نموونەی سی و شەشەم: شێخ تەکفیری زۆربەی خەڵکی دەکات لە سەردەمی خۆی.**

شێخ دوواوە لە بارەی موسڵمانانی سەردەمی خۆی لە (لا: ١١٧) دەڵێت:(زۆرێك لە خەڵکی ئەو سەردەمە نازانن کە چ زاتێك خوای پەرستراوە بەڵکو تەنها (هوبەل) و (یەغوث) و (یەعوق) و (نەسر) و (لات) و (عوزا) و (مەنات) دەناسن!! جا ئەگەر تێگەیشتنی ڕاست بووەوە ئەوا دەزانی کە پلەکانی پەرستراوێتی ئەمڕۆ بریتیە لە (مرۆڤ پەرستی) و (بەرد پەرستی) و (دار پەرستی) و هاووێنەکانیان وەك (شەمسان) و (ئیدریس) و (ئەبو حدیدە) و هاووێنەکانیان)!!.

دەڵێم: پێویستی بە ڕوونکردنەوە نیە! لەو دەقەی کە دێت شێخ:(زۆربەی موسڵمانان بەبێ باوەڕ) داناوە.

**نموونەی سی و حەوتەم: زۆربەی موسڵمانان بێ باوەڕترن لە بێ باوەڕانی قورەیش!!**

شێخ لە (لا: ١٢٠) ووتویەتی:(هاوبەشدانانی بێ باوەڕانی قورەیش سوکترو کەمترە لە هاوباشدانانی زۆربەی خەڵکی ئەمڕۆ)!

ئەم خەڵكە بێ باوەڕە لەلای شێخ ئەوانەن كە زۆرینەن، لە (لا: ١٦٠) دەڵێت:(جا ئەگەر ئەمەت زانی و زانیت زۆربەی خەڵكی لە سەر چیە، ئەوسا دەزانیت كە ئەوانە هاوبەشدانان و بێ باوەڕیەكەیان گەورەترە لەو هاوبەشدانەرانەی كە پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) جەنگی لەگەڵ كردن!!.

شێخ لە (لا:١٦٢) باسی كردووە كە ئەو بێ باوەڕانە:(ئەوانە حوكم دەكەن بە جگەلەوەی كە خوای گەورە ناردویەتیە خوارەوە) و ئەمە كۆڵەگەی ئەو كەسانەیە كە دەسەلأتدارەكان تەكفیر دەكەن و بەم جۆرە تەكفیرەش ڕووبەڕووی ڕەخنە بوەتەوە لەلایەن زانا هاوچەرخەكان بەلأم بەداخەوە بەهۆی بارودۆخی سیاسی بووە نەوەك دەستپێشخەریەك بێت لەلایەن زانایانەوە تا قسەكانیان قورسایی و گرنگی خۆی هەبایە لەلایەن گەنجانەوە، چونكە ئەو گەنجانە بە زانایان دەڵێن ئێوە واتان لێهاتووە كە بوونەتە دەنگ و سەدا و ئاوازی دەسەلأت ئەگەر ئەو دەسەلأتە لە خەڵكی توورە بوو ئێوەش خەڵكەكە تەكفیر دەكەن و ئەگەر ڕێگریان لێكردن واز دێنن و بەم شێوەیە نرخ و گرنگی و بەهایان نابێت، بەلأم ئەگەر هەر لە ڕۆژگارێكی دوور و كۆندا هەڵسابان سەرزەنشتی زیاد ڕۆچوونیان بكردایە ئەوا زانایان نەدەكەوتنە ناو ئەو تەنگ و چەڵەمەیەدا و دەسەلأتدارەكانیش بەهەمان شێوە، دەڵێم سەرباری ئەوەی داوا دەكەین بە حوكم كردن بە ئیسلام لە هەموو كاروبارەكانمان دا، بەلأم دەمانەوێت حوكمێك بێت كە ڕاستەوخۆ سەرچاوەی گرتبێت لە قورئان و سوننەت نەوەك لە تەسكی مەذهەبایەتەوە سەرچاوە بگرێ و نە لە پێشنیارەكانی چەند زانایەكی چاك.

ئەمەش پێویستی بەكرانەوەیە بەڕووی هەموو مەذهەبە ئیسلامیەكان لەگەڵ گفتوگۆ و لێكۆڵینەوەیەكی ڕاست و دروست و لەسەرخۆ و خوێندنەوەیەكی فراوان بۆیان.

**نموونەی سی و هەشتەم:**

شێخ لە (الدرر السنية: ١/ ٢٣٤) باسی کردووە: کە ئەو تەنها تەکفیری ئەوانە دەکات (کە بانگەوازەکەی شێخی پێگەیشتبێت و بەلگەکانی بۆ ڕوون بووبێتەوە، بەلگەی لە سەر بەرپا بووبێت، سەرباری هەموو ئەمانە لە سەر خۆ بەگەورە گرتن و لاساری خۆی بەردەوام بوو)!!

پاشان شێخ نموونەی هێناوەتەوە:(وەك زۆربەی ئەو خەڵکانەی ئەمڕۆ ئێمە جەنگیان لەگەڵ دەکەین کە بەردەوام دەبن لەسەر ئەو هاوبەشدانانە و فەڕزەکان جێبەجێ ناکەن و گوناهی گەورە بە ئاشکرایی دەکەن، ئەو شتی حەڕام و قەدەغە کراو ئەنجام دەدەن...)!!.

دەڵێم: دەکرێ ئەوەی ئەمەی نەقڵ کردبێ کەسێك بێت لە یەکێك لەلایەنەکان و هیچ یەکێك لە دژەڕاکانی قسەمان لێ نەبیستووە هێشتان، ئێمە پاساوی ئەوانمان زانی لە میانەی هەندێ ئەو بەڵگانەی کە شێخ لێیانی نەقل کردووە _ وەك پێشتر باسکرا _ جا ئەگەر ئێمە پاکێتی ئەوانمان زانی لە ماوەی خستنەڕووی چەند بەڵگەیەکی پچڕ پچڕو ناتەواودا لەلایەن دژەڕاکانیانەوە، بەڕاستی ئەمە دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئەوان لە ئاستێکی گەورەدان لەبەر ئەو بەڵگە بەهێزانەیان! جا ئەوان ئێستا بەبێ کتێب و دەوڵەت و زانکۆ و مینبەر و پڕوپاگەندەن، بەلاّم لەمیانەی ئەو بەڵگانەیان کە شێخ موحەمەد _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ خستۆتیەڕوو دەردەکەوێ کە ئەوان موسڵمانی باوەڕدار بوونە وەك تێکڕایی موسڵمانان لە جیهانی ئیسلامی لەو سەردەم دا.

پاشان بە شێخ و شوێنکەوتووەکانی دەڵێین: ئەوانە بەو شتانە ملکەچتان نابن بەوەی کە بەڵگەکەتان قبوڵکراوەو ڕوون و ئاشکرایە، گوایە ئەوان خۆیان بە گەورە زانی، جا ئەوان بەلایەنی کەمەوە ڕایان وانیە کە بانگەوازەکەتان ڕاست و دڵسۆزانەیە، بەڵکو هەندێ شتی لە بارەیەوە دەزانن و نکۆڵی لێ دەکەن، جا هاووێنەی ئەو کەسانە بەڵگەکانیان بۆ ڕوون نەبۆتەوە، ئەوەندە بەس نیە کە تەنها بەڵگەکە بگەیەنیت لە دوو توێی پەیامێکدا یان بینووسیت لە جوغزی کتێبێکدا، چونکە ئەوان ڕایان وایە ئەو بەڵگەیە بەسە کە بە پەیامێك کە تایبەت بێت سەبارەت بە بانگەوازی پێغەمبەر (صلی الله علیە و سلم) کە هەر هەمووی هەر حەق و راستە، بەلاّم لە پاش هاتنەکایەی زانستەکان و زۆر بوونی کۆشش (اجتهاد)ەکان، ئەوا تەنها پێگەیشتنی بانگەوازەکە بەس نیە، بەتایبەتی ئەوەی کە لە ڕێی زاناکانیانەوە پێیان دەگات لە بارەی شێخ کە تەکفیریان دەکات و خوێنیان حەلاڵ دەکات و ئەمە لەلایەن ئەوان زۆر لەوە زیاترە لەوەی کە شێخ خۆی لێ بەری دەکات، بەڵکو هەندێکمان بینی _ وەکو ئیبن سەحیم _ لە ئەمانەتی زانستیدا زۆر بەرزە لە نەقلّ کردنی ئەو شتانەی شێخ، بە ئەندازەیەك لە کتێبەکانی شێخدا ئەوەمان بەدی کرد کە ڕاستی قسەکانی ئەومان بۆ دەردەخات، لەگەڵ ئەوەی شێخ ناوی ئەو کارەی ئیبن سەحیم بە (تۆمەت و بوختانێکی گەورە) ناوبردووە! جا ئەمە گومان و دوو دڵی بۆ دژەڕاکانی دروست دەکات و باوەڕ ناهێنن بە خۆ پاك گرتنی شێخ، چونکە پێشتر کتێبەکانی شێخیان خوێندۆتەوە، کە نوسینی شێخ پێچەوانەی ئەو خۆپاك گرتنەیە، جا ئەمەو هاووێنەکانی لە پاساوەکانی ئەوانەیە لە وەلاّم نەدانەوە و نەچوونە ناو بانگەوازەکەی شێخەوە جا بۆچی تەکفیر بکرێن؟ بەتایبەتیش کە ئەوان هاوشان کتێبی فیقهیان لەگەڵە، کتێبەکانی ئیبن تەیمیە و ئیبن قەیمیش کە نکۆڵی دەکەن لە تەکفیر بە شێوەیەکی گشتی _ سەرباری ئەو زیاد ڕەوییەی تێیاندایە _ جا دژەڕاکانی شێخ لە

زانایان و بەتایبەتی حەنبەلیەکان _ بەتایبەتی خەڵکی نەجد لە ناویان دەبینین _ و ئەوەندە بەڵگەمان بەدەستکەوت کە بەس بێت، لە ناو خودی ئەو وەڵام و بەرچدانەی کە شێخ پێی وەڵامی ئەوانی داوەتەوە، پاش ئەو هەموو ڕۆژگارانە لە پشتیوانی کردنی بانگەوازەکەی شێخ و ئەنجامدانی پڕوپاگەندەی گەورە بۆی چ بە گەڕخستنی شمشێر و چ بەپێنوس .... ئەمە هۆکارێکی سەرنجڕاکێشە بۆ سەرسام بوون بە زانایانی نەجد لە سەردەمی شێخ و پێش ئەویش و بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە ئەوان گەیشتوونەتە چەند ئاستێکی بەهێز لە زانست دا، جا ڕەحمەتی خوای گەورە لە هەمووان بێت و خوای گەورە ڕەحم بە شێخ و شوێنکەوتووەکانی بکات، و لێیان ببورێت بە لێبوردەیی خۆی.

ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیت کە ئایا بەڵگەیان پێگەیشتووە هەروەك شێخ ووتی ئەوا وەڵامیان ئەوە دەبوو: ئێمە هەڵدەستین بە جێبەجێ کردنی بنەماکانی ئیسلام و هەمان ئەو شایەتمانەی دێنین کە شێخ دەیهێنێت، بەلأم سەرباری ئەمەش شێخ و شوێنکەوتووەکانی تەکفیری ئێمەیان کرد و ڕایان وابوو کە پێویستە جەنگمان لەگەڵ بکەن یان ئەوەتا وڵاتمان بەجێ بێڵین و کۆچ بۆ لای شێخ بکەین و هاوشان لەگەڵ ئەودا جەنگ بکەین لەگەڵ موسڵمانانندا ئەوانەی کە خوای گەورە جەنگ لەگەڵ کردنی ئەوانی حەرام کردووە... تاد) جا وێنەی ئەو بەڵگە کورتە بەسە لە خۆپاراستنیان لە تەکفیرو جەنگ لەگەڵ کردنیان، جا هەر کەسێ ڕای وابێ ئەوا دروست نیە تەکفیر بکرێ و دەکرێ دروست بێت جەنگ لەگەڵ کەسانێ بکرێت بەهۆی دەرچوونی ستەمکارانە (البغي) یان ڕێگا بڕین یان زۆرداری کردنیان.

**نموونەی سی و نۆیەم:**

ئەوەی نامۆیە ئەوەیە کە شێخ _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ شێوە بەڵگەیەکی سەیرو سەمەرە دەخاتەڕوو (١/١٤٥) ئەویش بریتیە لەوەی کە بێ باوەڕان ئیعتراف دەکەن بە یەکتاناسی خوا و ئەمەش نەبۆتە هۆی ئەوەی کە خوێن و ماڵیان پارێزراو بێت؟!

دەڵێم: ئەگەر بێ باوەڕان ئیعتراف بکەن کە ئەوان ئەو تاقمانەیان تێدا نەبووە کە ڕۆژگار پەرستن و ئەوانەشیان لە ناودا نەبوو کە نکۆڵی دەکەن لە بوونی دوارۆژو پێغەمبەرایەتی، جا یەکتاناسیان نەبووە هۆی ئەوەی ماڵ و سەروەتیان پارێزراو بێت ئەمەش لەبەر ئەوەی شایەتمانیان نەهێناوە، ئەگەر هەر بەزمان دەریان بڕیبایە ئەوا خوێن و ماڵ و سامانیان پارێزراو دەبوو وەك کەسانی دووڕوو.

بەڵام شێخ و شوێنکەوتوانی _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ ئەوەندەیان بە بەس نەزانیوە کە خەڵکی شایەتمان دەر ببڕن و پێنج بنەماکانی ئیسلام جێبەجێ بکەن و ئەوانە هەموویان نەبوونە هۆی ئەوەی خوێن و ماڵیان پارێزراو بێت.

تێکگیران لەلایەن شێخ زۆر سەیرە جارێك ژمارەیەکی زۆر لە بێ باوەڕان دەخاتەڕوو وەك لە :(١/١٥_١٦٠) بەهەمان شێوە لە:(١/٢٦٦): کە شیرك و هاوبەشدانان ڕووی زەوی پڕ کردووە لە سەردەمی شێخ موحەمەد دا، کەچی لە:(١/٨٣) دەڵێ: زۆربەی ئوممەتی ئیسلام لە سەر دینی ڕاست و دروستن!!

**نموونەی چلەم: تەکفیر کردنی کەسی نەزان ئەگەر ووشەیەکی کوفری دەربڕی!**

شێخ ڕای وایە: دروستە کەسێ تەکفیر بکرێ کە ووشەیەکی کوفری دەربڕێ ئەگەرچی ماناکەشی نەزانێ! یان گومانی وابوو کە کوفر نیە:(١٠/١٢٥)، بەڵگەی

هێناوەتەوە بە دووڕووەکانی تەبوك! لەگەڵ ئەوەی کە ڕاست نیە بەڵگە بەو حاڵەت و بارودۆخ بهێنرێتەوە، چونکە ئەوانە مانای ئەو قسانەیان دەزانی کە دەیانکرد بەوەی کە گاڵتە کردن بوو بەڵام پاساو هێنانەوەیان بەدرۆ بوو، پێشتر ئاگاداریمان لەو بارەیەوە دا.

**کورتەو پوختەکەی:**

بەو شێوەیە دەیبینین کە پەیڕەوی شێخ بە شێوەیەکی گشتی و نزیکەی هەموو زاناکانی ناو بانگەوازی وەهابیەت، لەسەر تەکفیرن، تیایدا ڕۆچوو وون و پێم وایە کە نموونەکانی ڕابردوو بەسن بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ بە ئینصاف بن، ئەو جۆرە زمانە لە تەکفیردا زاڵە نزیك لە ڕێژەی (٩٥٪) لە ناو قسەکانی شێخ و شوێنکەوتووانی لە تەکفیریدا یان ئەو بابەتانەی کە ناودەنرێت بەناوی مەسەلەی (ناوەکان و حوکمەکان: الاسماء و الأحکام)، چەند حاڵەتێکی کەم هەن کە پێچەوانەی ئەو پەیڕەوە گشتیەیە، کە دەکرێ شێخ یان شوێنکەوتووەکانی ووتبێتیان لە کاتێکدا کە دەروونیان ئارامە یان وەك سیاسەتێ بووبێ یان شتێکی لەو جۆرە، ئا بەو شێوەیە دروستە بۆ کەسێکی سیاسی کە ئەو بەشە کەمە بەکار بهێنێت کە سەرزەنشتی تەکفیر دەکات بەڵام زانستخواز دەبێ تایبەتمەندی گشتی پەیڕەو یان تیۆرەکە بزانێ و بەشە کەمەکە زاڵ نەکات یاخود کێشەکە پێچەوانە و ژێراو ژوور نەکات یان بەلایەنی کەمەوە هەردو ڕووەکانی نەقڵ دەکات پاشان با ئەو ڕووەی کە زاڵە دیار بکات.

بۆیە من بۆچوونم وابوو کە ئەو کەمەش نەقڵ بکەم:(کە زیاتر نیە لە: ٥٪)، تا لە سپاردە و ئەمانەتی زانستی نزیك تر بێت، لەبەر ئەوەی من پشتیوانانی شێخم بینی کە تەنها لەو ڕێژە کەمە نەقڵ دەکەن و دژەڕاکانی شێخ تەنها لەو ڕێژە زۆرە

نەقڵ دەکەن، و هەوڵدان بۆ ڕوون کردنەوەی هەموو وێنەکان و شیکردنەوەی ئەو ئەندازە ڕێژەیەی کە کامڵتر و دادگەرترە.

**خۆپاکگرتن و خۆبەری کردنی شێخ لە تەکفیر:**

لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا دەبینین کە شێخ _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ زۆر خۆی پاك دەگرێ و خۆی بەری دەکات لە تەکفیرو لەسەر خۆی لا دەبات، دەڵێت:(لەگەڵ ئەوەی دوژمنان باسی ئەوەیان کردووە لە بارەی منەوە کە من تەکفیر دەکەم بەهۆی گومانێ و خۆشویستن (موالاة) یان کەسی نەزان تەکفیر دەکەم کە بەڵگەی لە سەر بەرپا نەبووە، بەڕاستی ئەمە بوختان و تۆمەتێکی گەورەیە کە دەیانەوێ بەو هۆیەوە خەڵکی دوور بخنەوە لە دینی خواو پێغەمبەرەکەی) ![1]

دەڵێین: هەتا لەگەڵ ئەم خۆ بەری کردنەش ئەوا ئەو دەربڕینە تەکفیرێکی شاراوەی تێدایە بۆ ئەو کەسانەی کە تەکفیر بەناپەسەند دەزانن! لەبەر ئەمە ئەو کەسەی:(دەیەوێ خەڵکی دوور بخاتەوە لە دینی خوای گەورە ئەوا بێ باوەڕە) لە سەر پەیڕەوی شێخ و پەیڕەوی جگەلەویش، جا ئەگەر تەکفیر لەو شوێنانە نەشاردرێتەوە لە بەرگری کردن لە خۆی لە بەرامبەر تۆمەتی تەکفیر دەبێ کەی بشاردرێتەوە؟.

**ئایا تێکگیران و دژایەتی لە ناو خودی ووتەکانی شێخ هەیە؟!**

زۆربەی ئەو شتانەی کە شێخ لەسەر خۆی لاداون لەهەمان کاتدا بوونیان هەیە لە فەتواکانی دەکرێ ئەو لەسەر خۆ لادانەش پاشگەزبوونەوە بوو بێت یان سەر لێ تێك چوون بێت یان سیاسەت کردنێ بێت، لەوانەش:

---

[1] _ الدرر السنية:(١٠/١١٣).

١. نكۆڵی كردنـی لـەوەی كـە شـێخ كتێبـەكانی چـوار مـەذهەبەكـە بـەباتڵ و پڕوپـوچ دانابێت (الدرر السنية: ١/٣٤)، (١٠/١٣)، لەگـەڵ ئـەوەی لـە شـوێنێكی تـردا نـاوی دەبات بە (كرۆك و كاكڵی هاوەبەشدانان)، (٢/٥٩).

٢. نكۆڵی كردن لەوەی كە ئەو ووتبێتی: خەڵكی لە ماوەی شەش سەد ساڵ دەبێت كـە لە سەر هیچ دینێك نین (الدرر السـنية: ٩/٣٤)، (١٠/١٣)، دەكـرێ ئەمـەی بـە دەق نە ووتبێت، بەڵام دەربڕینی هەن كە زۆربەی موسڵمانان لە نەجد و حیجاز تۆمـەتبار دەكات، لە سێ سـەدە یـان چـوار سـەدە، دەكـرێ وا لـە چـەند دەربڕینێـك تێبگـەن كـە تەكفیرەكەی بۆ سەدەیەكی تر یان دوو سەدە دەری بڕیبێت، سەرەڕای ئەمە مەرج نیە كە زیاد ڕۆچـوون لـە تـەكفیردا نەچەسـپێت تـەنها بـەو دەر بڕینـە نـەبێت كـە پێشـتر ووتویەتی، ئەو تەكفیرەی چەسپاوە بەسە و ئەو ملوانكەیـەت بەسـە كـە (دەوری داوە) بە گەردەن و ملت!.

٣. نكـۆڵی كـردن لـەوەی پڕوپاگەنـدەی كۆشـش (الاجتهـاد)ی كردبـێ و دەرچـوون لـە شوێنكەوتن و لاسای كردنەوە (التقليد) (٩/٣٤)، (١٠ /١٣) لەگەڵ ئەوەی كـە هـیچ یەكێك بەر لە شێخ باسی ئەو شتانەی نەكردووە كە ئەو باسی لێوە كردووە.

٤. نكـۆڵی كـردووە لـەوەی كـە ئـەو ووتبێتـی ڕاجیـایی زانایـان ئاشـوبە (٩/٣٤)، (١٠/١٣).

٥. نكـۆڵی كـردووە لـەوەی تـەكفیری ئـەو كەسـانەی كردبـێ كـە تەوەسـول دەكـەن بـە پیاوچاكان (٩/٣٤)، (١٠/١٣).

٦. نكۆڵی كردووە لەوەی كە بوصەیری تەكفیر كردبێ بەهۆی ئەو قسەی ئەو كە دەڵێ ئەی بەڕێزترین زات لە ناو بەدیهێنراوان (٩/٣٤)، (١٠/١٣) كەچی شـێخ تـەكفیری ئەو كەسانە دەكات كـە بڕوایـان هەیـە بـە شـتی بچووكترو خـوارتر لـەوەی بوصـەیری باسی كردووە.. .

٧. نکۆڵی کـردووه لـەوەی کـە ووتبێتـی گـەر توانـام هەبایـە گومبـەتی سـەر گـۆڕی پێغەمبــەری خــوام دەڕمانــد، ئەگــەر توانــای هەبایــە بەســەر کەعبــەدا ئــەوا ئــەو ڕووکەشــەی لا دەبــردو بــە تەختــەدار ڕووپۆشــی دەکـرد (٩/٣٤)، (١٠/١٣)، ســەر گوزەشتەی ئەوان لە مەدینە و بەقیع بەناوبانگە.

٨. نکۆڵی کردووە لەوەی سەردانی گۆڕی پێغەمبـەری (صلى الله عليـه و سلم) حـەڕام کردبێ (٩/٣٤)، (١٠/١٣).

٩. نکــۆڵی کــردووە ســەردانی گــۆڕی دایــك و باوکــانی حــەرام کردبــێ (٩/٣٤)، (١٠/١٣).

١٠. نکۆڵی کردووە لەوەی تەکفیری ئەو کەسەی کردبێ کە سوێندی خواردووە بە جگـە لەزاتی خوا (٩/٣٤)، (١٠/١٣).

١١. نکۆڵی کردووە لەوەی ئیبن فارضي تەکفیر کردبێ (٩/٣٤).

١٢. نکۆڵی کردووە لەوەی ئـیبن عـەرەبی تـەکفیر کردبـێ (٩/٣٤)، کەچـی لـە هەنـدێ شوێنی تر ڕای وایە کە ئەو بێ باوەڕترە لە فیرعەون، بەڵکو تەکفیری ئەوانەش دەکات کە تەکفیری دەستە و تاقمەکەی ئیبن عەڕەبی ناکەن! (سەیری: الدرر السنية: ١٠/٢، ٢٥ بکە).

١٣. نکۆڵی کردووە لەوەی ئەو شتانەی سووتاندبێت کە ئاماژەن بۆ کـاری چاکە (دلائـل الخيرات) (٩/٨٠، ٣٤)، کەچی کە چوونە ناو شاری مەککە ئەو شتانەیان سووتاندیان (١/٢٢٨)!.

١٤. نکۆڵی کردووە لەوەی (روض الريـاحين)ی سـووتاند بێـت (٩/٣٤)، لەگـەڵ ئـەوەی کە چوونە ناو مەککە بەهـەمان شـێوە سـووتاندیان، چـونکە شـێخ پێـی وابـوو خـەڵکی تووشی هاوبەشدانان دەکات (١/٢٢٨).

١٥. نكۆڵی كردووه لەوەی كە خەڵكی هەموو تەكفیر دەكات تەنها شوێنكەوتووەكانی نەبن (٩/ ٨٠)، ئەمە بە دەق نەی ووتوە بەڵام بە ماناكەی دەڕیبڕیوە و پێشتر ئەوەمان چەسپاند.

١٦. نكۆڵی كردووه لەوەی كە ووتبێتی ئەو ژن و مێردانەی پێش بانگەوازەكەی شێخ مارەكراون مارەكردنیان دروست نەبووە:(٩/ ٨٠) لەگەڵ ئەوەی ئەگەر ئەوان باوەڕیان نەبێت بە زیندوبوونەوە و جیاوازیان نەكردبێت لە نێوان دینی موحەمەدی كوڕی عەبدوڵڵا و دینی عەمروی كوڕی لوحیی، ئەوا بێ باوەڕن!

١٧. نكۆڵی كردووه كە دەستپێشخەری كردبێت بە جەنگ كردن و شێخ كە جەنگ دەكات تەنها وەك بەرگریە لە نەفس و شەرەف، ئەمەش لە میانەی بەر پەرچدانەوەی خراپەیە بە خراپە، بەزیاد كردنی ئەو شتانەش كە تانەو تەشەر لە دینی پێغەمبەر دەدات!(٩/ ٨٣)، قسەكەی كۆتایی شێخ قسەی پێشووتر دەكوژێنێتەوە، شێخ مەذهەبەكەی لە دینی پێغەمبەری خوا دەژمێرێت، مەذهەبەكانی موسڵمانان تر بە خراپتر دەزانێت لە هی عەمروی كوڕی لوحیی و بێ باوەڕانی قوڕەیش.

١٨. باسی كردووه كە ئەو تەكفیری ئەو كەسانە ناكات كە بت دەپەرستن! ئەو بتەی كە لە سەر گۆڕی (عەبدولقادرە) یان ئەو بتە دەپەرستێ كە لەسەر گۆڕی (بەدەوییە)! لەبەر نەزانی ئەو كەسانەی كە ئەو بتانە دەپەرستن! (١/ ١٠٤)، بەڵام لە شوێنی تردا شێخ كە سانێكی تەكفیر كردووه كە شتی زۆر لەمە كەمتری ئەنجامداوە، پاشان ئیعتراف ناكات بە پەرچ (مانع)ی نەزانی، چونكە شێخ لەبارەی پڕو پوچی و بەتاڵی ئەو پەرچە شت دەنوسێ، سەیری:(الدرر السنية: ١٠/٣٦٩، ٣٦٨، ٣٩٢) بكە.

١٩. ئەو كەسە تەكفیر ناكات كە كۆچی بۆ لای شێخ نەكردووه:(١/ ١٠٤)، لەگەڵ ئەوەی شێخ پێچەوانەی ئەمە ڕەفتاری كرد، بەڵام بە دانانی چەند مەرجێك كە سەر

دەکێشـن بـۆ ئـەم حوکمـە وەك: دەبـێ کەسـێکی توانـادار بێـت لـە سـەر دەرخسـتنی دینەکەی و ئەم توانایـە بەهـەمان شـێوە چـەند مـەرجێکی هـەن بـەوەی کـە تـەکفیری خەڵکی شارەکەی بکات و هیچ زیانی پێ نەگات! جا ڕووبارەکـە دووبـارە گەڕایـەوە بـۆ ئەوەی ئاوەکە بڕژێنێتەوە ناو سەرچاوەکەی خۆی! جا ئەو شارەی کـە کەسـێ دەتـوانێ ئەمەی تێدا بکات ئەوە مانـای وایـە بووەتـە وەهـابی وەسـەلام! چـونکە ئێمـە بـەدیمان کرد کە شێخ بڕوای وایە کە لە پێویستەکانی دین بریتیە لـەوەو لـەوە... کـە بـە هـیچ شـێوەیەك بـەپێ شـەرع قبـوڵ نیـە و هـیچ یـەکێك لەگـەڵی یەکـدەنگ نیـە تـەنها شـوێنکەوتووەکانی نـەبن، جـا ئەگـەر شـوێنکەوتووەکە توانـای ئـەوەی هـەبوو ئەمـە دەربخات لە شارەکەی، مانای وایە حوکم بەسـەر تێکـڕای مـاوەی ڕابـردوو دەدات بـەبێ بـاوەڕ بـوون و کـوفری گـەورە، هـەروەك ئەمەشـیان کـرد لەگـەڵ زانایـانی دوو شـارە پیرۆزەکە (مەککەو مەدینە)، ئەگەر شوێنکەوتووەکە تـوانی خـەڵکی شـارەکە ئەوانـەی بەر لە بانگەوازی وەهابیەت ژیـاون تـەکفیر بکـات و ڕووبـەڕووی سـزا نـەبووەوە ئەمـە مانای ئەوەیە کە ئامادەیـە بـۆ وەرگرتنـی دەسـتەیەکی بچـووك لـەوەهابی کـە لـە (دە) کەس پێکهاتوون! تا خەڵکی فێرە عەقیدەو زەکات دان بە بەیتولمالی موسـڵمانان بکـەن و فەرمان بکەن بە سەرتاشین![1]

٢٠. تەکفیری ئەوانە ناکات کـە تـەکفیری دژەڕاکـانی ناکـەن و جـەنگیان لەگـەڵ ناکـەن (١/١٠٤) و بینیمـان کـە شـێخ بـە کـردەوە ئەمـەی کـرد، دووپاتیشـی دەکاتـەوە کـە

---

[1] _ عەبدوڵلای کوڕی عیسا ووتی:(پێم گەیشتووە کە سەری خـەڵکیان تاشـیوە لـە دانیشـتووانی (توهامـە) لـە بەر ڕووناکی چرا بە ئەندازەی شەش سەد پیاو لە یەك شەودا! شـێخ عەبـدوڵڵای کـوڕی موحەمـەدی کـوڕی عەبدولوەهاب دانی ناوە بەوەی (هەندێ خەڵکی دەشتەکی کە هاتوونەتە نـاو دینەکەمانـدا ئـەو کەسـانەیان کوشتن کە سەریان نەتاشی.... و ئەوەی سەری نەتاشێ ئەوا هەڵگەڕاوەتەوە)، دعاوی المناوئین:(١٨٤).

ئـەوەی گومـانی هـەبێ لـەبێ بـاوەڕی بـێ بـاوەڕان ئـەوا بـێ بـاوەڕە، موسـڵمانان لـە سەردەمی ئەودا بێ باوەڕترن لەبێ باوەڕانی قوڕەیش!

٢١. شـــێخ دەڵـــێ کـــە نوێـــژ نەکـــەری تـــەکفیر نـــەکردووە (١/١٠٢)، بـــەڵام شوێنکەوتووەکانی نوێژ نەکەر تـەکفیر دەکـەن، ئەمـە شـتێکە کـە لەکۆنـەوە ڕاجیـایی لەسەرە، حەنبەلیەکان لەو باسەدا زۆر توونديان دەنواند.

٢٢. تەکفیری ئەوانە ناکات کە گوێڕایەڵی ئەو ناکـەن (١٠/١٢٨)، پێشـتر تیایانـدا بـە مەرج گیراوە کە پشتی ڕاو بۆچوونەکانی شێخ بگرێ و خۆی بەری بکات لە دژەڕاکـانی ئەوانەی ناویان دەبەن بە هاوبەشدانەران!.

٢٣. باسـی کـردووە کـە ئـەو تـەکفیری کەسـی نـەزان ناکـات کـە کارێـك دەکـات کـە هاوبەشدانان و بێ باوەڕییە تا بەڵگەی پـێ نـەگات، بـەڵکو دەڵێـت کـاری کەسـی نـەزان کاری بێ باوەڕانە (١٠/١٣٦) بەڵام ئەو لە چەند دەقێکی تـردا حـوکمی ئـەوەی داوە کـە شـێخی خـۆی و شـێخەکانی ئـەوان و شـێخی شـێخەکانیان دینـی عـەمروی کـوڕی لوحیان بە چاکتر دادەنا لە دینی پێغەمبەر (صلی الله علیـە و سلم). زۆربـەی خـەڵکی نەجد و حیجاز ڕایان لە سـەر ئەوەیـە کـە زیندوبوونـەوە نیـە! و تـەکفیر کردنـی زانـا حەنبەلیـەکان و دیـاری کردنـی ناوەکانیـان، هاووێنـەی ئەمانـە کـە تـەکفیری ڕاشـکاوی تێدایە و گرانە ئەمە باوەڕ بکرێ کە لەو مەسەلانەدا باسی کردووە.

٢٤. شـێخ باسـی کـردووە کـە: ئیسـلامی پوخـت و پـاك و پـەتی نیـە! هاوبەشـدانان و بیدعەتی تێکەڵ بووە ئەگەر کەمیش بێت، جا ئەو ئیسلامەی کە دژەکەی بـێ بـاوەڕی و کوفرە ئەوا نکۆڵی لـە بـوونی ناکـات! (١٠/١٦)، حـوکمی ئـەوتان بـینی کـە لەسـەر خەڵکی دا بەوەی ئەوان بێ بـاوەڕن بـە ئەندازەیـەك کـە دەریـان دەخـات لـە ئوممـەتی

ئیسـلام و  هاوبەشـدانانی هاوبەشـدانەرانی قـورەیش سـوکترە لـە هاوبەشـدانەرانی سەردەمی خۆمان _ واتە سەردەمی شێخ _ بە دوو مەسەلە[1]!... تاد!

٢٥. عەبـدولڕەحمانی کـوری حەسـەن _ ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت _ بـە ڕاشـکاوانە ووتویـەتی کـە هـاوەڵانی شـێخ موحەمـەد گـەر لـە گۆڕەکانیـان بهاتنایەتـەدەر ئـەوا جەنگیان لەگەڵ ئێمە دەکرد! جا ووتـی (ئەگـەر خـەڵکی درعیـە ئێمـەیان بینیبایـە جـەنگیان لەگـەڵ دەکـردین)!! (٦/١٦)، ئەمـە گەواهیـەکی گەورەیـە لـە سـەر زیـاد ڕۆچوون لە تەکفیرو جەنگ کردن، جا ئەگەر خـەڵکی لـە سـەردەمی عەبـدولڕەحمانی کـوڕی حەسـەن _ ڕەحمـەتی خـوای لێبێت _ شـایەنی تـەکفیرو کوشـتن بـن _ بـەپێ پەیڕەوی شێخ موحەمەد _ لەگـەڵ ئـەوەی خۆشـیان زیـاد ڕۆچـوو بـوون لـە تـەکفیرو جەنگدا جا توخوا دەبێ سەبارەت بەسەرتاپای موسڵمانانی تر چی ببێـت؟! بەتایبـەتی کە عەبدولڕەحمانی کوڕی حەسەن لە ئاست حەقدا توونـد بـووە لـە ئـەمیر فەیصـەڵی کوڕی تورکی جیا بـووەوە چونکە داوای کـرد بـە سـزادانی یـەکێك لـە سـەربازەکانی و ئەمیر فەیصەڵی کوڕی تورکی سزای سەربازەکەی دا لە نـاو حەوشـەدا و قبـوڵی نـەکرد لە ناو بازاڕ سزا بدرێت، جا عەبدولڕەحمانی کوڕی حەسەن ووتی: سەلامتان لێبێـت و لێی جیابووەوە و فەیصەڵی کوڕی تورکی نەیگەڕاندەوە تا نەگەیشتە لای (الحوطة)! و ئـەویش  نەگـەڕاوە تـا لـەو سـەربازەی دا لـە نـاو بـازاڕ، جا ئەگـەر ئـەوە حـاڵ و بـاڵی سەردەمی ئەو بێت و بۆچوونی وایە کە شێخ موحەمەد کوشتن و تەکفیر کردنیان بـە حەلاڵ دەزانێ جا دەبێ چی ببێ سەبارەت بەهـەموو موسـڵمانانی تـر؟ ئەمـە بەڵگـەیە کـە شـێخ موحەمـەد _ ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت _ و شـوێنکەوتووەکانی تـەکفیریان دەکرد و جەنگیان بەرپا دەکرد بە کەمترین هۆکار.

---

[1] _ (وەرگێڕ).

**کورته و پوختەی دەرەنجامەکەی:**

لـه مـاوەی خوێندنــەوه فراوانەکـەم بـۆ کتێـب و نامـەکانی شـێخ زۆر دژایـەتی و تێکگیرانـی توونـد دەبیـنم، نکـۆڵی لـه شـتێکی چەسـپاو دەکـات و دژەڕاکـانی بـەدرۆ هەڵبەستن به دەمی ئـەو تاوانبـار دەکـات _ و ئەمـه دەکـرێ ببێـت _ بـەڵام بەهـەمان شێوه زۆر دەبینین که شێخ خۆی بەری دەکات له زۆرێ لەو شتانەی که بوونیان هەیه له خودی کتێبەکانیدا، ئەمەش بەڵگەیه لەسەر بـەهێزی دژەڕاکـانی و ووردبینیـان لـه وەرگرتنی شتدا، هەروەك بەڵگەیەکه بۆ ئێمه کـه شـێخ _ ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت _ یان ئەوەتا شت زوو لەبیر دەکات، وەك سیاسەت کردنێ خۆی لێ بـەری دەکـات یـاخود ئەوانەی کتێبەکانیان له سەردەمانی دواییدا چاپ کرد _ کـه وەهابیـه سـادەکان بـوون _ درۆیان به دەمی ئەو هەڵبەستووه... بەڵام ئەمانه هەموویان دەچن و نامێنن کـاتێ هەندێ شوێن _ له نووسینەکانی _ دەبیـنم کـه شـێخ خـۆ بـەری دەکـات لـه تـەکفیری کەچی له هەمان کاتدا دەقی قسەکەی که خۆی پـێ بـەری دەکـات بریتیـه لـه تـەکفیر، بەڵام بەشێوەیەکی شـاراوەیه، هـەروەك پێشـتر بـه تێـرو تەسـەڵی باسمـان کـرد له:(لـه پارسەنگدان و ڕێکخستنی شوێنی ڕاجیاییەکه _ کۆتایی دەروازەی یەکەم).

کێشه لێرەدا ئەوەیه که تۆ قسەیەکی شێخت هێنا کـه مامناوەنـدێتی و میـانڕەوی تێدا بێت ئەوا دژەڕاکانت دەتوانن (ده) ووتەی شێخ بێنن کـه زیـاد ڕۆچـوونی تێدایـه، ئەگەر داوات لێکرد که گومانی باش ببەن و فەتوا مامناوەندەکانی شـێخ وەربگـرێن _ سەرباری کەمی ڕێژەکەی له ناو ئەم هـەموو تـەکفیرەدا _ پێـت دەڵێـت: ئێمـه ئـەوەی

---

[1]_ (وەرگێڕ).

ڕاشکاوی متواتره ئەوە وەردەگرین[1] و ئەوەی ڕیزپەڕ (شاذ)ە ڕەتی دەکەینەوە، لێرەدا زیاد ڕۆچوون سەردەکەوێ، ئەمە سزای ئەو کەسەیە کە ڕازی دەبێ بەوەی شێخ حوکم بکات، نەوەك دەقە شەرعیەکان.

---

[1]_ (التواتر)، له زمانەوانیدا بریتیه له: بەدوای یەکدا هاتن، دەڵێیت: (تواتر المطر) واته: بارانەکه بەدوای یەکدا دەهاته خوارەوە، موتەواتر: ناوی کارایه(اسم فاعل) که له تەواترەوە هاتووە، بریتیه لەو کەسەی که بەدواداچوون دەکات.

وە فەرموودەی موتەواتر له زاراوەی فەرموودەناسان دا: بریتیه لەوەی که ژمارەیەکی زۆر کەس فەرمایشتێك بگێڕنەوە بەجۆرێك که بەهەموو شێوەیەك دووره له نەریت و عادەت ئەمانه لەسەر درۆ کۆببنەوەو هەر لەسەرەتای سەنەدەکه تا کۆتاییەکەیشی پشتی بەستبێت بەشتێکی بەرهەست (بەرهەست وەکو بیستن و هاوشێوەکانی). (بۆ ئەم پێناسەیە کەم و زۆر سوودم بینیوە له: مباحث في علوم الحديث: مناع القطان) (وەرگێڕ).

## دەروازەی سێیەم

## ڕێڕەوەکە کۆڵی نەداوەو بەردەوام دەبێت!

قوتابی و شوێنکەوتووەکانی شێخ _ ڕەحمەتی خوایان لێبێت _ هاتن بۆ ئەوە بەردەوامی بدەن بە کاری تەکفیری، تەکفیری ئەو کەسانەیان دەکرد کە یەکدەنگن لە ڕواڵەت دا لەگەڵ خەڵکی شارەکەی خۆیان ئەگەرچی ڕاو بۆچونیشی وابێ کە خەڵکی شارەکەیان هەڵەن و شێخ موحەمەدیشی خۆش بوێ لە ناخەوە، تەکفیری هۆزەکانی:(قەحتان و ئەلعەجمان) کرد، تەکفیری خەڵکی (حایل)یشیان کرد، تەکفیری ئەو کەسەشیان کرد کە کۆچی کردووە بۆ دەرەوەی شارەکان و نەچووەتە ئەو شارانەی بانگەوازی وەهابیەتی تێدا باڵادەستە ئەگەر خەڵکی ئەو شارانەی تریش بە موسڵمان بزانێ، تەکفیری ئیبن عەرەبی و ئیبن فارض _ و تەنها وەهابیەکان نین کە تەکفیری ئەم دووانەیان کردبێ ئەگەر چی تۆمەتبار کاردنیان بە بیدعەت چاکترو شیاوترە _ و تەکفیر کردنی خەڵکی (مەککە و مەدینە)، تەکفیر کردنی دەوڵەتی عوسمانی، تەنانەت تەکفیر کردنی ئەو کەسەی کە تەکفیری دەوڵەتی عوسمانی نەکات، تەکفیر کردنی (ئیباضیەکان) و زۆربەی دەستە و تاقمە ئیسلامیەکان، لەگەڵ داهێنانی بۆچوون و فیکرەی زیاد ڕۆچوون لە دژی پرۆسەی خوێندن و ئافرەت و دیاردەکانی ژیانی سەردەمی.

ئەو ڕێڕەوە بۆ دوو بەش دابەشیان دەکەم:

یەکەم: ووتەکانی قوتابخانەی شێخ لە جەخت کردنەوەو سور بوون لەسەر بەرنامەو پەیڕەوی شێخ لە تەکفیردا.

دووەم: ڕاو بۆچوونی زیاد ڕۆچووەکان لە هەمبەر شتە پێویستەکان دیارترینیان خوێندنی سەردەمیە.

**بەشی یەکەم:**

ئەمە تایبەتە بەسور بوونی وەهابیە زیاد ڕۆچووە پاشینەکان لەسەر ئەو زیاد ڕۆچوونەی شێخ _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _، نموونە لەو بارەوە:

١. تەکفیر کردنی ئەو کەسەی لەگەڵ شارەکەی یەکدەنگە _ وەك حیجاز یان یەمەن یان شام _ ئەگەر لە ڕووکەشیشەوە بێ و لە ناخیدا وەهابیەتی خۆش بوێ و ڕقی لە گەلەکەی ببێتەوە، ئەمە لە:(الدرر السنية: ٨/١٢١) دا هاتووە، کە شێخ سولەیمانی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی موحەمەد _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ ووتویەتی.

٢. تەکفیر کردنی کەسێ کە سەفەر بکات بۆ دەرەوەی ئەو شارەی کە بانگەوازی وەهابیەتی لێیە بەتایبەتی ئەگەر بڕوای وابوو کە شارەکانی تر هی موسڵمانانن:(٨/٤٢٨) ئەمە حەمدی کوڕی عەبدولعەزیز ووتویەتی.

٣. تەکفیر کردنی ئیبن عەرەبی و ئیبن فارض و وەسف کردنیان بەوەی کە لە بێ باوەڕترینی خەڵکی سەر زەمینن، ئەمە لە:(الدرر السنية: ٨/٣٦٦)دا هاتووە و شێخ عەبدوڵەتیفی کوڕی عەبدولڕەحمان _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ ووتویەتی.

٤. دانانی دوو شارە پیرۆزەکە (مەککە و مەدینە) بە شاری بێ باوەڕان و تۆمەتبار کردنیان بەوەی ئیسلامیان ناوێت، لە:(الدرر السنية: ٩/٢٨٥)دا هاتووە.

٥. تەکفیر کردنی دەوڵەتی عوسمانی لە:(الدرر السنية: ١٠/٤١٩)دا هاتووە، ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی بەبێ باوەڕی دانەنێ ئەویش بێ باوەڕە! و مانای (لا اله الا الله)

نازانێت! و ئەوەی یارمەتیان بدات ئەوا بەڕاشکاوی هەڵگەڕاوەتەوە! ئەوە ووتەی شێخ عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولڕەحمانی بابطینە _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _.

٦. تەکفیر کردنی هۆزی قەحطان لە:(الدرر السنية: ١٠/٤١٩)دا هاتووە، بەهۆی حوکم کردنیان بە یاساکانی هۆزەکە، ئەمە لەلای ئیبن سەحمانەوە هاتووە.

٧. تەکفیر کردنی هۆزی عەجمان لە:(الدرر السنية: ١٠/٥٠٣)دا هاتووە بەهۆی حوکم کردن بە یاساکانی هۆزەکە، ئەمەش بەهەمان شێوە لەلای ئیبن سەحمانەوە هاتووە.

٨. تەکفیر کردنی خەڵکی حایل لە:(الدرر السنية: ٩/٢٩٢، ٢٩١)دا هاتووە، تێکۆشان و جیهاد لەگەڵ کردنیان لە چاکترین جۆرەکانی جیهادە.

٩. تەکفیر کردنی ئیباضیەکان لە:(الدرر السنية: ١٠/٤٣١، ٤٣٨)دا هاتووە، لەلایەن عەبدوڵڵای کوڕی عەبدوڵەتیف _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _.

١٠. تەکفیر کردنی ئەو کەسەی چۆتە ناو بانگەوازی وەهابیەتەوە و بانگەشەی ئەوە بکات کە دایك و باوکی بە موسڵمانی مردوون! جا ئەو کەسە داوای تۆبەی لێ دەکرێ ئەگەر تۆبەی کرد ئەوە تەواو ئەگەر نا لە گەردەنی دەدرێت! و ماڵەکەی دەبێتە دەست مایەیی موسڵمانان!(لا: ١٠/١٤٣) جا ئەگەر[1] ئەو کەسەی کە تازە هاتووە ناو بانگەوازی وەهابیەت حەجی کرد بوو پێویستە لەسەری حەجەکەی دووبارە بکاتەوە، چونکە حەجەکەی بەر لەهاتن بووە بۆ ناو ڕیزەکانی بانگەوازی وەهابیەت، چونکە حەجەکەی لە ڕۆژانێ ئەنجامی داوە کە هاوبەش دانەر بووەو یەکێ لە مەرجەکانی حەج موسڵمان بوونە؟ (١٠/١٣٨)، ئەمەش لەلای کوڕەکانی شێخ موحەمەدو

[1] _ مەگەر دایك و باوکی لە ناو بازنەی بانگەوازەکەدا بووبن یان شتێکیان نەکردبێ کە شێخ ڕێگری لێ کردووە.

حەمدی کوڕی ناسرِ ڕەحمەتی خوا لە هەمووان بێت و لێیان خۆش ببێت و وابکات هەڵەکانی ئەوان و ئێمەش بەبەر چاکەکان دا بدات.

١١. تەکفیر کردنی جەهەمیەکان (١٠/٤٣٠) و وەسف کردنیان بەوەی کە بێ دینن و هەڵگەڕاوەن بە بەڵگەی یەکدەنگی زانایان (اجماع العلماء) و ئەم فەتوایە لەلای هەندێ لە وەهابیەکانەوە هاتووەو ئەوانە ئەشعەریەکانیش دەخەنە ناو بازنەی جەهەمیەکانەوە؟ ئەو زانایانەی تری بانگەوازی وەهابیەت میانڕەویان هەڵبژارد، لە: (الدرر السنية: ١٠/٣٧٣)دا هاتووە، ئەوەشیان باسکردووە کە ڕاجیایی هەیە لە تەکفیر کردنیان و یەکدەنگی نیە لەسەر موسڵمان بوونیان، ئەم حوکمە سوکترە لە حوکمی ئەوەی کە بانگەشەی یەکدەنگی دەکات لەسەر بێ باوەڕیان.

١٢. تەکفیر کردنی ئەو کەسانەی وەهابیەکان بە خەواریج دادەنێن (١٠/١٨٢) لەلای شێخ عەبدوڵڵای کوڕی موحەمەد کە لە چینی میانڕەوەکانە، ئەمە بەرپەرچدانەوەی بیدعەتە بەتەکفیر؟ بۆیە ئیمامی عەلی ئەوانەی لەگەڵی دابوون لە هاوەڵان خەواریجەکانیان تەکفیر نەکرد لەگەڵ ئەوەی خەواریجەکان تەکفیری ئەوانیان دەکرد، شێخ ئیعترافی پێ دەکات بەوەی کە:(دروستە تەکفیری کەسێ بکرێ کە تەکفیرمان دەکات) (الدرر السنية: ١٠/٢٤).

١٣. شێخ عەبدوڵەتیفی کوڕی عەبدولڕەحمان ڕای وایە کە: نوێژ کردنی ئیمامی ئەحمەد لە پشتی جەهەمیەکانەوە لە ڕوونترینی بەڵگەکانە لەسەر بێ باوەڕیان (١٠/٤٢٠)، ئەمەش بەڵگە هێنانەوەیەکی نامۆ و سەر سوڕهێنەرە و سەخت و قورس لەلای من کە لێی تێ بگەم.

١٤. هەر کەسێ بڵێ:(لا اله الا الله: هیچ پەرستراوێك نییە بەحەق جگە لە خوای گەورە) لەکاتی جەنگدا ئەوا بەبێ چەند و چوونی دەکوژرێ هەر وەك ئوسامەی

کوڕی زەید ئەوەی کرد لەبەر ئەوەی هاوەڵی ئوسامە بەر لەو کات شایەتمانی دەرنەبڕی بوو، کەچی ئەوان بەرلەو کات دەیان ووت!! (الدرر السنية: ٢٣٩/٩).

١٥. تەکفیر کردنی ئەوەی بانگەوازی وەهابیەتی پێی گەیشت و موسڵمان بوونی خۆی ڕانەگەیاند (٢٤٥/٩).

١٦. تەکفیر کردنی ئەو کەسانەی خەڵکی (مەککە) تەکفیر ناکەن:(٢٩١/٩).

١٧. تەکفیر کردنی ئەشعەریەکان و تۆمەتبار کردنیان بەوەی کە مانای شایەتمان نازانن:(الدرر السنية: ٣٦٤/١، ٣٦٢، ٣٢٤، ٣١٢، ٣٢٠).

١٨. تەکفیر کردنی موعتەزیلەکان:(٣٥٧/١).

١٩. تەکفیر کردنی خەواریجەکان و تۆمەتبار کردنیان بەوەی کە لە ئیسلام دەرچوون:(١٧٧/١٠) لەلای عەبدوڵڵای کوڕی شێخ موحەمەد.

٢٠. تەکفیر کردنی ئەوانەی زەکات نادەن و ڕێگریش دەکەن لە بەخشینی:(١٧٧/١٠) لەلای عەبدوڵڵای کوڕی شێخ موحەمەد.

٢١. تەکفیر کردنی خەڵکی دوو شارە پیرۆزەکە (مەککەو مەدینە) و (میسر) و (شام) و (یەمەن) و (عێڕاق) و (نەجران) و (حەزرەمۆت) و (موسڵ) و (کوردەکان) :(٣٨٥/١، ٣٨٠).

٢٢. شێخ ئیبن حەمید _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ قسەی کردووە لە بارەی:(هەڵگەڕانەوەی زۆربەی خەڵکی لە ئیسلام و پشت گیری و خۆشەویستی دەربڕینیان بۆ بت پەرستان و دوژمنانی شەریعەت لە بێ باوەڕو مولحید و مەسیحی و ڕافضەکان) (٤٧١/١٥)، ئەم هەڵگەڕانەوەیە (گشتییە لە لادێ و شارو گوندەکان تەنها خەڵکانێك نەبن کە پاشماوەیەکی کەمن کە عەقیدەیان دامەزراوە لەسەر یەکتاناسی و خوا بەیەکزانین) (٤٧١/١٥).

٢٣.بەڕاستی (هەر موسڵمانێك كە پشتیوانی بێ باوەڕو هاوبەش دانەرو جولەكە و مەسیحیەكان دەكات و هاوبەش دانانیان بە ناپەسەند نازانێت و كارەكانیان بەچاك دەزانێ یان گومانی هەیە لە بێ باوەڕیان ئەوا ئەوە بێ باوەڕە ئەگەر یەكتاناسیش بێ و كاریش بكات بەشەریعەتی ئیسلام لە ڕووكەشدا) (١٥/٢٧٥).

٢٤.پاشان شێخ باسی جۆرەكانی خۆچوواندن بەبێ باوەڕانی باس كردوە، لەوانە:(جل و بەرگ و سەردان كردنیان و نەرمی نواندن لە گفتوگۆدا و تەماشا كردنی جوانیەكەیان و نزیكبوونەوە لێیان لە كاتی دانیشتن و كارپێ سپاردنیان لە ئەركەكان و چوونە لایان و ڕووگەشی نواندن لەگەڵیان یان دەرخستنی كەمێك لە ڕووخۆشی و دڵخۆشی لە بەرامبەریان! بەشێوەیەكی گشتی دڵخۆش بوون و ڕێزگرتنیان و یارمەتی دانیان ئەگەر چی بە كەمترین شت بێت و خۆڕازاندنەوە بە شتی وان و نیشتەجێ بوون لە خانوێك دا لەگەڵ ئەوان لە وڵاتیان و بەدڵ خۆش ویستنیان ئەگەر كەمیش بێت چ جای لەگەڵ دانیشتن و خواردنی خواردن لەگەڵیان نەرمی نواندن لە قسەدا و نزیك بوونەوە لێیان لە كاتی دانیشتن دا) (١٥/٤٧٦ _ ٤٨٢).

٢٥. پاشان شێخ دەڵێت:(كە كەسەكە تێگەیشت لەوەی پێشتر باسكرا ئەوا بۆت ڕوون دەبێتەوە كە زۆرێ لە خەڵكی ئەو سەردەمە لە ڕێگەی ڕاستیان لاداوەو بەڕاشكاوی هەڵگەڕاونەتەوە)! ئەوەی ڕێزیان بگرێت و ستایشیان بكات و لەگەڵیان هەڵسێ و دابنیشێت یان خۆ لەوان بەری نەكات بە ئاشكرا (ئەوا هەڵگەڕاوەتەوە! دەبێ حوكمی كەسی هەڵگەڕاوەی لەسەر جێبەجێ بكرێ! هەر وەك بەڵگەی قورئان! و سوننەت! و یەكدەنگی ئوممەت! كە شوێنكەوتووی بەڵگەن هەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە)! (١٥/٤٧٩).

٢٦. وە (سەفەر كردن بۆ وڵاتی هاوبەش دانەران بۆ بازرگانی حەرامە مەگەر ئەو كەسەی سەفەر دەكات موسڵمانێكی ئیمان پتەو بێت كە بتوانێت كەم و كورتی بگرێت

له دینیان و تانه و تەشەریان لێ بدات! و خۆی لەوان بەری بکات! و ڕق و کینەی خۆی بەرامبەر بەوان و دوژمنانی دەربخات، دەست پێشخەری نەکات بە سەلام کردن لەوان، ئەگەر لە ڕێگا پێیان گەیشتن با ناچاریان بکەن بۆ لادان بۆ تەنگ و تەسکترین لا و بە ڕاشکاوانە پێیان بڵێت کە ئەوان بێ باوەڕن! و ئەو دوژمنی ئەوانە و ئەوانیش ئەو هەڵوێستەی لێ بزانن! ئەگەر نەی توانی ئەمە بکات ئەوا نەبۆتە ئەو کەسەی کە دینی دەرخستووە بە ئاشکرا! تەنها ئەنجامدانی نوێژ کردن تەنانەت کەنار گرتن لێیان و نەخواردنی گیانلەبەرە سەربڕاوەکانیان بەهەمان شێوە بە ئاشکرا کردن (اعلان)ی دین دانانرێت)! (١٥/٤٨٢ _ ٤٩١).

٢٧. ئەوانەی خزمەتکارە بێ باوەڕەکان لە ماڵی خۆیان بەکار دێنن وەك نوسەر یان کار پێکردنیان... وە لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لە فەرزەکان فەراموش دەکەن و زۆرێکیش لە قەدەغەکراوەکان ئەنجام دەدەن هیچ لە بارەی شایەتمان نازانن تەنها دەربڕین و بێژە (الفاظ)ەکان دەردەبڕن وەك ئەو بێ باوەڕانە هەڵگەڕاونەتەوە (هەر کەسێ گومانی هەبێ لە هەڵگەڕانەوەی ئەوان لە ئیسلام ئەوا ئەو کەسە بەهیچ شێوەیەك دین ناناسێت و بۆنی زانستی بەسوودی نەکردووە)! (١٥/٤٨٦)، بەکارهێنانی ئەو بێ باوەڕانە (حەرامە بە دەقی قورئانی پیرۆزو سوننەت و یەکدەنگی پێشینە چاکەکانی ئوممەت) (١٥/٤٨٦).

دەڵێم: پاش ئەو زیاد ڕۆچوونەی وەهابیەت کە هاوشێوەم نەدیوە، زۆرێك لە زانایان و بانگخوازان هۆکارەکانی تەکفیرو توند ڕەوی دەگەڕێننەوە بۆ سەید قوتب و

---

[1] _ زۆربەی ئەو حوکمانە تایبەتن بە بێ باوەڕە جەنگاوەرەکان نەك بەبێ باوەڕە ئاشتی خوازەکان و ئەهلی ذیممە و ئەوانەی هاوپەیمانن، چ جای ئەگەر زانیمان مەبەست لە هاوبەش دانەران _ لەوەی دەردەکەوێت _ ئەو موسڵمانانە بن کە لە دەوڵەتەکانی دراوسێ و دەوروبەردا نیشتەجێن؟! ئەگەر ووشەی (هاوبەش دانەران)ی بەکارهێنا ئەوا زۆربەی کات مەبەستی بێ باوەڕە ڕەسەنەکان نیە بەڵکو مەبەستیان موسڵمانەکانن زیاترو بە شێوەیەکی گشتی تر، بەڕاستی شتی دەگمەن حوکمی لەبارەوە نییە.

مەودودی و برایانی موسڵمان و حزبی تەحریر! ڕاستە ئەوانە زیاد ڕۆچوون لەلایەنی سیاسی، بەڵام ناگاتە ئاستی زیاد ڕۆچوونی وەهابیەت لە هەموو لایەنەکان لە بواری سیاسی و عەقیدەی و فیقهی و ڕۆشەنبیری و کۆمەڵایەتی، جا بە ڕاستی ئینصاف خۆی لە دیندایە.

ڕامێنن لەو ڕستە و دەربڕینانەی پێشوو و سەیر بکەن ئایا هیچ شتێك ماوە پێویست بێت بۆ دروستکردنی ڕێکخراوی (ئەلقاعیدە) و دەستە و تاقمی جیهادی کە وەهابیەکان لەهەمان کات دا دژیان وەستاون؟ بە پێچەوانەوە ڕاستە، جا ڕێکخراوی (ئەلقاعیدە) و دەستە و تاقمە جیهادیەکان ڕاو بۆچوونیان ئەو زیاد ڕۆچوونەی تێدا نیە و ئەوان وڵاتانی موسڵمانان دابەش ناکەن بۆ وڵاتی کوفر و ئیسلام، بەڵکو هۆکاری هەرە گەورەی سەرهەڵدانی ئەو تەیارە جیهادیانە ئەوەیە کە ئەوان وا دادەنێن کە بێ باوەڕان دەست درێژیان کردوەتە سەر (وڵاتانی موسڵمانان) جا ئەوان دان دەنێن بە موسڵمانێتی گەلانی موسڵمان، بەڵام تەنها سەرکردەکانیان تەکفیر دەکەن، کەچی وەهابیەکان تەکفیری هەموو ئەوانە دەکەن کە پێچەوانەی وەهابیەت بیر دەکەنەوەو هەڵسوکەوت دەکەن لە دەستەڵاتدار و ژێردەستەکان، وەهابیەت گوێڕایەڵی بۆ ئەمیرەکەیان لە سەر هەموو موسڵمانان فەرز دەکەن (هەر وەك بینیمان لەو یاداشە زۆرە ملێیەی زانایانی مەککە و مەدینە) ئەمە لەو خاسیەتە گەورانەیە کە وەهابیەکان پێی جیا دەکرێنەوە، دینیش یاری و گەمەیەکی سیاسی نیە.

ئەوەی زۆر دیارە لە ناو زانا وەهابیەکاندا ئەوەیە کە بە ڕاشکاوانەتر تەکفیریان کردووە و خوێنیان زیاتر حەڵاڵ کردووە لە ڕێکخرواى (ئەلقاعیدە) و دەستە و تاقمە جیهادیەکانی تر لە جیهانی ئیسلامی و ئامانجی سەرەکیش موسڵمانانن کە بەبەر تەکفیر دەکەون دەبنە قۆچی قوربانی، لەگەڵ ئەوەی تێکڕای جۆرەکانی زیاد ڕۆچوون بە ناپەسند دەزانم، لەلایەن هەر لایەك بێت، بەڵام دەروون و ڕەوشتم قبوڵ ناکات کە

توند ڕەوی بنـوێنم لـە سـەر ئەوانـەی کـە ژمارەیـان کەمـە و کـەمتر تـەکفیر دەکـەن و ئەوانەش لە بیری بکەم کە ژمارەیان زیاترو تەکفیریان تونـدترو سەرچاوەیان کۆنترو لاسایی کەرەوەیان زیاتـرە....

زانسـت پێویسـتە ئامـانج و مەبەسـتی تـەنها ڕوونکردنـەوەی ڕاسـتی و حەقیقـەت بێت، دواتر حەقیقەت زیان بە کەس ناگەیەنێ مەگەر ئەوەی حەقیقەتی نەوێت.

**یەکەم: چەن نموونەیەک لە هەڵوەستەکانی وەهابیە پاشینەکان لە ئاست پرۆسەی فێرکردن و خوێندن:**

لێرەدا فەتوای چەند زیاد ڕۆچووێك باس دەکەم لە بارەی ئەو شـتە سـەردەمیانە، بە ناوبانگترینیان پرۆسەی خوێندن، بەر لەمە پێم خۆشە کـە هۆکـاری هێرشـەکانیان بۆ سەر خوێندنی هاوچەرخ بخەمەڕو بەوپێیەی کە مـن بـۆی دەچـم، ترسـی ئـەوەیان کە ببنە تەنگژە بەرووی ئەو زانستە شەرعیەی کە بەکاری دێنن لە پشتگیری کـردن و سەرخسـتنی زیـاد ڕۆچـوونی وەهـابی، ئەگـەرنا هـیچ یـەکێك لـە موسـڵمانان نیـە کـە نەیەوێت زانستی شەرعی بڵاو بکاتەوە، بەڵام دین ناشرین بکرێت بە زیاد ڕۆچوون و ناویشی لێ بنێین (زانستی شەرعی) ئەمە شتێکی ترە.

بەهەر حاڵ: نموونەکان دێنم و دەخەمـە ڕوو بـەبێ ئـەوەی نـاوی کـەس بێـنم تـا دلگران نەبن _ چونکە تیایدا هەیە ڕای زۆر تیژو توندە _، چونکە ئامانجیش ڕەخنە گرتنە لە تیۆرەکە نـەوەك ڕەخنـە گـرتن لـە خـودی کەسـەکان جا لـەو نموونانـە ئـەم ووتانەی هەندێکیان کە دەیانخەمەڕوو:

١. مامۆستایان ئەوانەی کە وەزارەتی پەروەردەی دەوڵەتە عەرەبیەکان پێشوازیان لـێ دەکەن مولحیدن (الدرر السنية: ١٦/٥)، کەسانی بێ دینن!! (١٦/١٢).

**٢. تەكفیر گەیشتە ئاستی دیاری كردنی خودی ئەو كەسانەی تەكفیر دەكرێن، چەند زانایەك پزیشكێكیان تەكفیر كرد كە ناوی فەوزی شەیبیەیە و تۆمەتباریان كرد كە یەكەم بانگەشە كارە بۆ بێ دینی و خۆ داماڵین لە دین (١٦/١٢)[١].**

**٣. ئەو مامۆستایانە كە دێن لە دەوڵەتە عەرەبیەكانەوە، ئەوا هاتوون بۆ هەڵتەكاندن و ڕیشەكێش كردنی درەختی (لا اله الا الله) لەو وڵاتەدا كە شێخ موحەممەدی كوڕی عەبدولوەهاب هێناویەتی (١٦/٨)[٢].**

**٤. وە ئەو درەختە نەماوە لەو وڵاتانەدا (١٦/٨)[٣].**

**٥. ئەو مامۆستایانە لە بێچووە فەڕەنسیەكانن و ئەولیا پەرستن و نوێژ نەكەرن و جگەلەو شتانەی ناوبراویش لە دروشمەكانی ئیسلام فەرامۆش ئەكەن (١٦/١٠٠).**

**٦. هەر كەسێ سەفەرێ بكات بۆ دەوڵەتانی دراوسێ و دەوروبەر بۆ خوێندن و بازرگانی یان جگەلەوانەش ئەوا پێویستە لە سەری كۆچ بكات بۆ سەلماندنی ڕاستی تەوبەكەی (١٥/٤٦٢).**

---

[١] _ وە پاڵپشت و ڕاگر(عمدە)ی فەتواكانی وەهابیەكان ئەوەیە كە دەڵێن:(پێمان گەیشتووە).

[٢] _ لەگەڵ ئەوەی كە زیاد ڕۆچوونێكی دیارە لە شێخ موحەممەد، چونكە درەختی (لا اله الا الله) پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هێناویەتی، بەڵكو پێشتر سەرجەم پێغەمبەران هێناویانە_ سەلامیان لێ بێت _، جا ئەگەر دەربڕینەكە ئاوەها بوایە (ئەو درەختەی كە _ موحەممەدی كوڕی عەبدولوەهاب ئاوی دا) ئەوا شیاوتر دەبوو بە مەنزڵگا و پلەو پایەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە هەمان كاتدا دروست و شیاوتریش دەبوو بۆ شێخ موحەممەد، بەڵام یەكێك هەڵسێ بە بەرزكردنەوەی شان و باڵی شێخ لە سەر حسابی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەوا قبوڵ نیە نا هەزار جار نا.

[٣] _ ئەمە تەكفیری ڕاشكاوی موسڵمانانی تێدایە لەو دەوڵەتانەی كە وەزارەتی پەروەردە تیایدا پێشوازی دەكرد لە مامۆستایان، وەكو میسرو سوریا و ئوردەن و سودان و فەڵەستین و دەوڵەتی مەغریبی عەرەبی و جگەلەوانیش.

٧. ئـەو کەسـانەی کـە لـەو وڵاتانـە دەردەچـوون ئـەوا نـوقمی ئاویـان دەکـرد بـە جلەکانیەوە لە پاش نوێژی هەینی تا ببێتە ڕێگر بۆی لەسەفەر کردن بۆ وڵاتانی هاوبەش دانەر (١٥/٤٦٢).

٨. لە فەتواکانیان دا هاتووە کە حەڕامە و ڕێگری کراوە لە هەموو جۆرە زانستێکی ناشەرعی وەك وێنەکێشان و سەرقاڵیەکانی ترو وەرزش و یاری (١٦/١٥).

٩. مافەکان و سروشت وێنەکێشان قەدەغەیە (١٦/٢٠).

١٠. خوێندنی سەردەمیانە قەدەغەیە (١٦/٥٠).

١١. چوونی ئافرەت بۆ خوێندن قەدەغەیە (١٦/٧١).

١٢. ئـەو زانسـتە سـەردەمیانە بنـەمای گـومڕایی و سـەر لـێ شـێواوین (١٥/٤٨٩). و نووسەری وتارەکە ڕوونی کردۆتەوە کە ئەو زانستانە بریتین لە هونەرو کارە سەر گەرمەکان و وەرزش و یاری و گەمەکان (١٦/١٥)[1].

١٣. ئەگەر ئافرەت بخوێنێ ڕووت و قوتی و فڕێدانی حیجاب دێتە کایە و دەبێتە هۆی دەرخستنی قاچ و ڕان و سەرو سنگ (١٦/٧٤) و کردنەوەی ماڵەکانی داوێن پیسی و سینەما و سەما و هەڵپەڕکێ و ڕووت و قوتی! (١٦/٨١).

---

[1] ـ ئەوەی پەراوێزی کتێبەکەی داناوە هەوڵی داوە کە حوکمەکەی سوکتر بکات و ووتویەتی:(واتە زانستە سەردەمیەکان کە سەر کێشی دەکەن بۆ گومڕایی و خوێندنی نمایش و گۆرانی و ئاوازو خوێندنی شتە غەیبیەکان! بە ئەستێرە و هەسارە و زانستی فەلسەفە و مەبەستی زانستی چینەکانی زەوی و پزیشکی و ئەندازیاری نیە) بە کورت کراوەی هێناومە، لە قسەی پەراوێز دانەرەکەش زیاد ڕەویەکی دیار هەیە، چونکە لێرەدا زانستێك نیە کە گومڕای و زانستی غەیبی فێری کەس بکات، هەتا زانستی فەلسەفەش گومڕایی بە کەس ناڵێت بەڵکو بە گوێرەی فەیلەسوفەکە دەگۆڕێت، لەوانەیە ئەمڕۆ ببینین کە زۆربەی ئەوانەی بەرگری لە ئیسلام دەکەن کاریگەریان هەیە و قەناعەت بەخشن ئەوا بریتین لە موسڵمانە فەیلەسوفەکان.

١٤. ئامۆژگاری بۆ هەموو موسڵمانان کە کوڕ یان کچەکەی نەنێرێتە قوتابخانە کە ڕووخسارەکەی ڕەحمەتی پێوە دیارەو لە ناوەڕۆك و ناواخنیدا شەڕ و ئاشوب و فیتنەیە و کۆتاییەکەشی سفوری و ڕووت و قوتی و کاری خراپەیە (١٦/ ٧٤).

١٥. کردنەوەی قوتابخانەی کچان کارەساتێکی گەورەیە و ئاشوبێکی زەبەلاحە (١٦/ ٧٨، ٨٥٣).

١٦. بەناپەسەندیان زانی کە سەرۆکی خوێندنی گشتی کچان سور بوو لە سەر ئەوەی کچان خوێندنی ژمێریاری و ئەندازیاری جوگرافیا بخوێنن (١٦/ ٧٩).

١٧. ئەوانەی بانگەشە دەکەن کە کچان بخوێنن ئەوانە بێچووی فەڕەنسیەکانن (١٦/ ٨١).

١٨. ئەوانە کاری خراپەیان لەلا خۆشەویستە و ڕقیان لە خێرو چاکە و چاکەکارانە و لاسایی بێ باوەڕان دەکەنەوەو خۆیان بە ئاگر پەرستان ئەچوێنن! (١٦/ ٨١)، ئەوانە هەوڵدەدەن کە کچان لە ماڵەکانیان دەربهێنن تا بتوانن لەگەڵیان بەخۆشی ڕابوێرن بەفرت و فێڵی خوێندن! (١٦/ ٨٢).

١٩. کەسێ بەو قوتابخانانە ڕازی نابێت تەنها کەسێکی بێ جورئەت و بێ غیرەت و ناپیاو بێ دین بێت و ئەوانەی ڕازین بەو قوتابخانانە هەر زۆربەی ئەوانەن کە بانگەشە دەکەن بۆ داوێن پیسی و خراپەکاری (١٦/ ٨٤).

٢٠. خەڵکی ئەو وڵاتانە لە چەند شتێکی حەرام و قەدەغە کراو دا خۆیان بە بێگانەکان چواند لە بێ باوەڕان و بێچوەکانیان. وە باسی چەند شتێکیان کرد وەك شوێنی ڕابواردن و گەشتوگوزار و تەلەفزیۆن (١٥/ ٣١).

٢١. گەمە و یاری تۆپیان حەرام کرد سەرەتا بۆ قوتابی و دواتر جگەلەوانیش لەبەر ئەوەی لە ڕۆژئاواوە بۆ موسڵمانان هاتووە و لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین و پاشاکانی ئیسلام شتی وا نەبووە (١٥/ ٢٠٠، ٢٠٤) و ئەوە خۆچواندنە بە

دوژمنانی خوا (٢٠٦/١٥)، تەنها گێل و گەلحۆکان ئەو یارییە دەکەن (٢٠٦/١٥). وە ئــەوەی بەلگەشــە لــە ســەر وێکچــوونی ئــەو یارییــە ئەوەیــە کــە وەك یــاری ئەمریکیەکانــە لــە دانــانی تەختــەی تۆپەکــەدا! ( ١٥ / ٢٠٦ )، و ئەمــە لــە شــتە وێکچووەکانە بەبێ باوەڕان پاشان ئەو فەرموودەیەی خستەڕوو:(هەر کەسێ خۆی بـە گەل و هۆزێ بچوێنێ ئەوا ئەویش هـەر یەکێکە لـەوان)! و ئەمـە لـە ڕیـزی ئـەو شـتە خراپانەیە کە پێویستە بگۆڕدرێت (٢٠٦/١٥)، ئەو گەمەیە جۆرێکە لـە جۆرەکـانی قومار (٢٠٧/١٥)، باسی چەند ڕووێکی حەرامی تۆپیان کرد کە جۆرێك لـە گاڵتـەی تێدایە کەچی خـوای باڵا دەسـت و خـاوەن شـکۆ ووتویـەتی:﴿ ولا تمش في الارض مرحا: بەسـەر زەویـدا بـەنازو فیـزەوە مـەڕۆ ﴾! ئەمـە لـە شـتی بـێ هـودەی پڕوپوچـە (٢١٤/١٥) خراپترە لە شەتڕەنج (٢١٥/١٥)، ئـەوەی شـەتڕەنج بکـات ئـەوا لاسـارە (٢١٤/١٥).

٢٢. تەلەفزیۆن ئامێری شەڕو ئاشوبە بانگەشە بـۆ هـەموو پەسـتی و ڕەوشـت نزمـی و بێ ئابڕویی و خراپەکاریەك دەکات (٢٤٣/١٥)، هەر کەسێ ڕای وابێ کە تەلـەفزیۆن ڕەوایــە ئــەوا شــەیتان کــەف و کــوڵی خــۆی خســتووەتە نــاو دڵــە تاریکەکانیــەوە (٢٣٦/١٥)، شـوێنی ویسـت و ئـارەزوی خۆیـان کـەوتوون و ئەوانـە گـەلێکی سـەر

---

[1] _ مەبەستی لەوەیە کەسێ تەختە دارەکە لەلای بێ باوەڕان وەك ئەو سێ تەختەدارانەن کە لەلای موسڵمانانن کە ئەمەش جەخت دەکاتەوە لە وێکچوون بەبێ باوەڕان! و هەوڵم دا کە بە شێوەیەکی ئەندێشە بکەم سەبارەت بە گۆڵ (مرمی) بەجۆرێك کە دەست بدات بۆ ئەوەی تەنها خۆمان خاوەنی بین، جیاواز بین لە بێ باوەڕان، بەڵام بەداخەوە دەستم نەکەوت.

[2] _ ئەمـە زیـاد ڕەوی و تونـد ڕەوییـە کـە بـەزۆر دەقـە شـەرعیەکان دەکـەن بـە بەلگـە بـە مەبەسـتی حـەرام کردنی شتێ، بەداخەوە ئەمە تایبەتمەندی و خاسیەتی زاڵە لەزۆربەی زانایانـدا _ خـوا لێیـان ببـورێ _ لـە بەلگە هێناوەدا، جا بناغە لە شتاندا ڕەوایی (الاباحە)ە نەوەك قەدەغەو حەڕام بوون، شتێ بەهەڵـە حـەلاڵ بکەیت باشترە لەوەی شتێك بەهەڵە حەرام بکەیت، چونکە بناغە لـە شـتاندا ئاسـانکاری و ڕەواییـە و مـژدە دانە نەوەك ترساندن و جگەلەمانە لەو ئاسانکاریانەی ئیسلام.

گــەردانن و پێشــتریش ســەرگەردان و گومڕابــوون و لایــان داوە لەڕێگــەی ڕاســت (١٥/٢٣٦).

٢٣. سەبارەت بە گۆرانی زۆر زیاد ڕەویان کردووە لە حەرام کردنـی هـەتا گوێگرتن لـە دەف و بـەڵکو گـوێگرتن لـە دەنگـی بازنـە ئاسـنینەکانی (السـواني) دەفیشـیا حـەڕام کردووە!(١٤/٥٣٦، ٥٣٧). بازنە ئاسنینەکانی دەفیـان ناونـاوە بـە ئـەو شـتانەی کـە گومانی تێدا نیە کە لە شتە حەڕام کراوەکانە.

٢٤. زیاد ڕەویان کرد لە حەرام کردنی جگەرە کێشان تا ئەندازەیەك کە بەرزیان کردۆتەوە بۆ ئاستی مەیی و دەڵێن کە مرۆڤ پێی سەرخۆش دەبێ وەك مەی!(١٥/٦٢،٥٩)، فەتوایان داوە کە ئەوەی جگەرە دەکێشێ پێویستە هەشتا گورز و جەڵدەی لێبدرێ وەك مەی خۆر (١٥/٩٣)!.

٢٥. زیاد ڕەویان کرد لە حەرام کردنی وێنە کێشان بە هەموو شێوەو جۆرەکانی چ ئەوەی سێبەری هەیە و چ ئەوەی بێ سێبەریشە و کردویانەتە بناغەی هاوبەش و شیرك دانان بۆ خوا (١٥/٢٩٥).

٢٦. جلی پۆلیس حەرامە بەهەمان شێوە چونکە وێکچوونی تێدایە (هەر کەسێ خـۆی بچوێنێ بە گـەل و هـۆزێ ئـەوا یەکێکـە لـەوان)! (١٥/٣٦٣)، جلـی پـۆلیس بـە جلـی فەڕەنسیە هاوبەشدانەرەکان دەچێت (١٥/٣٦٥).

٢٧. بەهەمان شێوە کلاَویش حەرامە (١٥/٣٦٧).

٢٨. پانتۆڵیش حەرامە (١٥/٣٦٧).

٢٩. هەر کەسێ ئەم جلانە کۆ بکاتەوە (ئەو جل و بەرگانەی لە سێ خاڵەکەی ڕابردوو باس کران _ و لە بەڕ بکات جیاوازی نابێت لە نێوان ئەو و پیاوێکی فەڕەنسی دا (١٥/٣٦٧).

٣٠. ئەو جل و بەرگە تازە هاتووانە پیلانی ئەو کەسانەیە کە مەبەستیانە فێڵ کردنە لە ئیسلام بکەن (١٥/٣٦٦).

٣١. داننان بەو شتانە داننانە بە دروشمەکانی بێ باوەڕی هاوبەشدانان بۆ خوا (١٥/٣٦٦).

٣٢. بەهەمان شێوە پێ لە سەر زەوی دان و سلاّو کردنی سەربازیش حەرامە (١٥/٣٦٣)، ئەو پێ لە زەوی دانە وەك پێ لەزەوی دانی گوێدرێژ (کەر) و هێسترە لە کاتێ کە هەست دەکات شتێك بە لاقەکانی هەڵدەچێ! جا لەو کارەدا _ کە پێ لە زەوی دانە _ وێکچوون هەیە[2] لە نێوان دوو ڕەگەزەکەدا (واتە: پێ لە زەویدانی کاکی پۆلیس و گوێدرێژو هێستر پێك دەچێت!! )! (١٥/٣٧٩). [3]

٣٣. ئەو چەپڵەیەی پیاو لێی دەدەن یەکێکە لە شتە زۆر ناشرینەکان و شتێکی ناپەسەندە! (١٥/٣٩٦)، ئەوە لە کارو ڕەفتاری گەلی (لوط) بووە کە بەو هۆیەوە لە ناوچوون و خۆچوواندنە بە دوژمنانی خوا، (هەر کەسێ خۆی بچوێنێ بە گەل و هۆزێ ئەوا یەکێکە لەوان) (١٥/٣٩٧).

٣٤. چەپڵە لێدان لە تایبەتمەندی ئافرەتانە (پێغەمبەری خوا نەفرەتی کردووە لەو پیاوانەی کە خۆیان دەچوێنن بە ئافرەتان) (١٥/٣٩٩).

---

[1] _ (وەرگێڕ).

[2] _ (وەرگێڕ).

[3] _ (وەرگێڕ).

٣٥. ئەم كارە (كە چەپڵە لێدانە ) لە ڕیزی ئەو كارانەیە كە بەڵگەن لە سەر ناپیاوی و نامەردی چەپڵە لێدەرەكە (١٥/٤٠٤)، ئەویش لە گەورە گوناهەكانە (١٥/٤٠٤).

دەڵـێم: ئەمـە تـەنها چـەند نموونەیـەكی خێـرا بـوون لـە فـەتواكانی زانـا هاوچـەرخەكانی قوتابخانـەی شـێخ موحەمـەد _ ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت _، زیـاد ڕۆچوونیان دیارو ئاشكرایە لە بەحـەرام دانـانی شتە ڕەوا (مباح)ەكـان و بـەڵكو ئـەو شتانەی كە پێوستن، جا مادام بڕیاری سیاسی و پەروەردەیی ئەوەیان وەك خۆپـارێزی فـەرامۆش كـردووە لـە بـەر بەرژەوەنـدی بەنـدەكان و وڵات ئـەوا بۆچـی (تـەكفیری موسڵمانانیش) بەس نەبێ كە تا ئێستاش بـەردەوام مـاوە لـە وتـارو قسەو فەتواكانـدا یان بە لای كەمەوە ڕێگە بدرێ بەو كەسەی كە ویستی لە سەرە كە چاو بخشێنێت بـە بناغـەی هـزر و تیۆرەكـە یـان ڕاجیـایی لەگـەڵ زانایـان لـە حـەرام كردنـی تـۆپ یـان خوێنـدنی ئافرەتـان بـە دواكـەوتوویی دەژمێردرێـت كەچـی گوێڕایـەڵی كردنیـان لـە (تەكفیری موسڵمانان) بە كۆشش (اجتهاد)ێكی قبـول كـراو دادەنرێـت و ئێمـە تـوخنی زانسـت ناكـەوین، جـا ڕێزلێنـان هـەر دەمـێنێ بـۆ هـەر كەسـێ زیـاد ڕەوبـێ (لەوانەیـە كەسێك كە فیكرەی زیاد ڕۆچووە و ئەو فیكرەیـە بـدات بـەوەی كـە زۆر لـەخۆی زیـاد ڕۆچووتـرە)[1].

**دووەم: تەكفیر كردنی خۆ بەخۆ هەر لە ناو خودی وەهابیەكان خۆیاندا:**

لە دەرەنجامەكانی توند ڕەوی شێخ لە تـەكفیردا ئـەوە بـوو كـە شـوێنكەوتووەكانی بـە چـەند سـاڵێكی كـەم لـە دوای شـێخ هەنـدێكیان هەنـدێكی تریـان تـەكفیر كـرد و هەنـــدێكیان تانـــەیان لـــە ژنـــانی ئـــەوانی تـــردا _ الـــدرر الســـنية:(٨/٣٢٩)،

[1] _ (وەرگێڕ).

(٣٥،٣٣،٢٣،٢٢/٩) _، لەو بارەوە نموونەی بەناوبانگ هەن بەڵام تەنها بە دوو نموونە دەستی لێ هەڵدەگرین:

**نموونەی یەکەم:**

شێخ عەبدوڵەتیفی کوڕی عەبدولڕەحمان فەتوایەکی دەر کرد کە خۆی بەری کرد لە ئەمیر عەبدوڵڵای کوڕی فەیصەڵ بە هۆی یارمەتی وەرگرتنی لە دەوڵەتی عوسمانی (بێ باوەڕ)! جا کاتێك ئەمیر عەبدوڵڵا زاڵ بوو (ریاض)ی داگیر کرد شێخ عەبدوڵەتیف بەیعەتی پێداو بۆچوونی وابوو کە ئەو دووبارە موسڵمان بووەتەوە (موسڵمان بوون ئەو گوناهانەی پێشە خۆی دەسڕێتەوە)! (الدرر السنية: ٢٢/٩)، جارێك شێخ عەبدوڵەتیف ووتی کە ئەو تەکفیری ئەمیر عەبدوڵڵا نەکردووە! (الدرر السنية: ٣٣/٩)، شێخ عەبدوڵەتیف بەر لە ئەمیر عەبدوڵڵا ئەوا سعودی کوڕی فەیصەڵ و سەربازەکانی تەکفیر کرد ئەمەش بەهەمان شێوە هەر لەبەر یارمەتی

---

[١] _ شێخ عەبدولەتیف _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ هەندێ هەوڵی دا بۆ ڕێگرتن لە فیتنە و ئاشوب و پاراستنی نەفس و ناموس و ماڵ و سامان بەلاَم ئەو _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ هەموو هەڵوێستێکی کە دەگرێتەبەر بەشەرع ڕەوایی پێدەدات، کوشتنی سعودی کوڕی فەیصەڵ بە شەرع فەرزە! بەهەمان شێوە سەر خستن و پشتگرتنشی بە شەرع فەرزە! و جیهاد کردن دژی عەبدوڵڵای کوڕی فەیصەڵ برای سعودی کوڕی فەیصەڵ بەشەرع فەرزە! و بە شەرعیش پشتیوانی کردنی فەرزە! و جەنگ لەگەڵ کەسانی گەندەڵ بەشەرع فەرزە! و گوێڕایەڵی کردن بۆ کەسانی گەندەڵ بەشەرع فەرزە! چونکە ئەوان دەسەڵاتیان زاڵبووە! ئا بەم شێوەیە...، بگەڕێوە بۆ:(الدرر السنية: ٣٤/٩ و لاپەڕەکانی دوای ئەویش)، ئەو شەرعەمان ماندوو کرد بەو (کارنامە) بۆ پەیداکردنانەوە، ئاواتەخواز بووم کە شێخ هەموو ئەو هەڵوێستە دژیەکانەی لەسەر ئیسلام حیساب نەکردبا، بەداخەوە کە ڕێکخراوی سەلەفیەت بەشێوەیەکی گشتی لە کۆنەوە دەناڵێنێ بەدەستی ئەو تێکگیرانە و ئەو لار و لەوێرییە تا وای لێهاتووە کە خوێنەر وا بە مێشکی دادێ کە سەلەفی دەیەوێ (ئیسلام بە کار بێنێ) بۆ ئەوە شتەی کە= =مەبەستیەتی! جا ئەوەی لەگەڵ ئارەزوی دەگونجێ ئەوا هەر ئەوە شەرعە بەڵکو هەر ئەوە یەکتاناسی پاك و پوختە و ئەوەی کە ڕقی لێ دەبێتەوەو عەقلی قبوڵ ناکات ئەوا ئەو کەسە بەشەرع سەرزەنش کراوە بەڵکو هەر ئەوەیە بێ باوەڕی و هەڵگەڕانەوە.

وەرگرتنی لە بێ باوەڕان (٣٩٢/٨)، پاشـان ناچـار بـوو دان بنێـت بـە موسـڵمانی ئـەو تەنانەت بەیعەتی پێبدات لە بـەر زاڵ بـوونی دەسـەڵاتی! بـەو شـێوەیە چـەندین شـتی گاڵتە و سەیر و سەمەرەیان هەبووە و هەیە، جارێ جیهاد فەرز دەکات لـە دژی ئەمـە و تـەکفیری دەکـات پاشـان بەیعـەتی پێـدەدات و جیهـاد کـردن لـەپاڵ ئـەودا بـە فـەرز دەزانێ لە دژی کەسانی تر کە هـەر خۆشمـان فـەتوامان دەدا بـە موسـڵمانێتی ئـەوان و جیهاد کردن لەپاڵیان دا! بەهەمان شێوە چەند شەرعزانێك لـەلای ئەمیرەکـەی تـرن و تەکفیری دەکەن! پاشان لێرەدا تەنها فەتوای ئەوە هەیە کە فڵانە ئیماندارەو فیسارەش بێ باوەڕە، چونکە خەڵکی لەسەر ئەو دوو جۆرە زمانە لێڕاهـاتووە، گوێبسـتی جـەنگ کـردن لەگـەڵ خـەڵکی دەرچـووی سـتەمکار و زۆرداری و دەسـتدرێژی نـەبووە، ئـەوەی جەنگمان لەگەڵ کرد ئەوا ئەوە هەڵگەڕاوەی بێ باوەڕی هاوبەشـدانەرە وەك فیرعـەون و ئیبلیس! و ئەوەی ئێمە هاوشان لەگەڵی جیهاد دەکەین ئەوا کەسێکی باوەڕدارە وەك پێغەمبەران و ڕاستگۆیان تەنانەت ئەوانە دەسەڵاتداری خوان لە سەر زەوی!.

**نموونەی دووەم:**

تۆمەتبار کردنی یەکتری بە تۆمەتی کوفرو بێ باوەڕی لە نێوان ئەو زانایانەی کە پاڵپشـتی شـا عەبدولعـەزیزیان دەکـرد_ ڕەحمـەت خـوای لێبێـت _ و کۆمەڵەکـەی (فەیصەڵی دوەیش)، هیچ گومانم نیە لەوەی کە (دوەیش) و هاوەڵانی لـە کارەکەیانـدا بـە هەڵـەدا چوو بـوون، بـەڵام بـە هـیچ جۆرێ هەڵەکـەیان کـوفرێ نـەبوو کـەپێی لـە موسڵمانێتی بشۆرێن بەڵکو ئەوانە موسڵمانن کە دەرچوون لـە دژی دەسـەڵات و ئەمـە لـەلای شەرعناسـان نـاو دەبرێـت بـە دەرچـوونی سـتەمکارانە (بغـي)، جـا ئـەو چـەند زانایەی پشتی شا عەبدولعەزیزیان دەگرت _ ڕەحمەتی خوای لێبێـت _ فـەتوایان دەر کرد بە:(تەکفیر کردنی _ دوەیش و ئەلعـەجمان _و هەڵگەڕانـەوەیان بـەبێ دوودڵـی)!

ئــەم فەتوایــە دەركــرا لەلایــەن چــەند زانایەكــەوە: لەوانــە موحەمــەدی كــوڕی عەبدوڵەتیف و موحەمـەدی كوڕی ئیبراهیم و سولەیمانی كوڕی سەمحان و صاڵحی كـوڕی عەبدولعــەزیزو هــەموو زانــا بەرهەڵســتكارەكان:(الدرر الســینة: ٢٠٩/٩)، جـەختیان كــردووە لــە سـەر ئــەوەی كـە:(هیچ گومانێـك نیـە لـە بـێ بـاوەڕی و هەلگەڕانەوەیان!.... وە گەورەترین بەڵگە لەسەر هەلگەڕانەوەی ئەوان ئەو بانگەشەیە كە خودی خۆیان دەیكەن بەوەی ئـەوان بـەزۆرەملێی چوونەتە ژێـر دەسـەڵاتی ئـیبن سعود! و ئەوان لەو خەڵكانەن كە ژێر دەستی توركەكانن).

دەڵێم: شا عەبدولعەزیز _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ لە زاناكان ڕازی دەبوو بەبێ ئـەوەی تـەكفیری موسـڵمانان بكـەن، چـونكە زاناكـان لەدەسـتیان دەهـات كـە حوكمیـان بەسـەر دابوایـە بەدەرچـووی سـتەمكارو بــەس و جـەنگ كـردن لەگـەڵ دەرچـووە ستەمكارەكان فەرزە تا مل دەنێن بەرەو حـەق، ئێمـە ئـەمڕۆ بەیەكـدەنگی نـاڵێین كـە ئەوانـە هەلگـەڕاوە بـوون بـەڵكو ڕامـان وایـە كـە هەڵـە بوونـە و دەرچـوونە دژ بـە دەسەڵات، ئەمڕۆ هەموو دانراوەكان دەدوێن لە بارەی شۆڕشی دوەیـش و جوهـەیمان و جگەلەوانیش و باس دەكەن لە بارەی دەرچوونی دژ بە دەسەڵات، بەیەكدەنگی زانایان ناو دەنرێت بـە دەرچـوونی سـتەمكارانە، نـاكرێ نـاوی بـە كـوفرو هەلگەڕانـەوە نـاوی ببەین.

**لەو كاتەی ئێستادا:**

هەموو دەزانن كە وەهابیەت لـە پـاش كارەسـاتی دووەمـی كەنـداو (جـەنگی ڕزگـار كردنی كوەیت) وەهابیەت دابەش بوو بۆ چوار بـەش كـە هـەموویان ڕقیـان لـە یـەكتر دەبێتــەوە، هەنــدێكیان بــۆ هەنــدێكی تریــان تۆمــەتی خــراپ هەڵدەبەســتن، تــا وای لێهاتووە ئەم دەیاردەیە لە كتێب و وتارەكاندا بڵاوكرانـەوەو خرانـەڕوو، ململانێكـە لـە

نێوانیاندا هەر بەردەوامە بە توندترین شێواز، بەڵکو لە هەندێ حاڵەت گەیشتۆتە ئەوەی دەستدرێژی بۆ سەر جەستەی بەرامبەر بکرێت، ئەگەر لە ترسی سزایی دونیایی نەبێت ئەوا هەندێکیان هەندێکی تریان دەکوشت.

هەر ئەوەندە بەسە لە سەر خوێنەر کە بچێتە ناو پێگە و تۆڕەکانی سەلەفیەکان (کە وەهابیەت کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر هەموو سەلەفیەکان) ئینجا دەبینی کە چۆن بەتەکفیر و بە بیدعەت یەکتر تۆمەتبار دەکەن (جیاوازی نیە لە نێوان ئەو دوو وەسف و تۆمەتە_ کوفرو بیدعەت _ لەلایەن[1] زیاد ڕۆچووان، چونکە هەر کەسێ یەکێك لەو دوو وەسف و سیفەتەی هەبێت ئەوا سزاکەی ئاگری دۆزەخە).

**نموونەی کەسی میانڕەو لەناو قوتابخانەی وەهابیەت:**

باسمان کرد کە لەئینصافەوەیە ئەگەر وێنەیەکی تر بخەینەڕوو ئەگەرچی لاوازو دەگمەنیش بێت، پێشتر چەند قسەیەکی کەسانی میانڕەوم خستەڕوو، بەلاّم بەداخەوە کەمینەن، لەگەڵ بوونی لێڵی و تێکگیران لە قسەکانیان.

بەلاّم هەندێ وەهابی ژیاون لە میسر _ پاش ڕووخانی درعیە _ هەندێ لە زانستیان وەرگرتوو ئاسۆ فراوانەکانیان بینی، لە فەتواکانیاندا ڕەهەندی میانڕەوی ڕاشکاومان بینی بەبێ ئەوەی لێڵیان تێدابێت، ئەوەتا شێخ عەبدوڵڵای کوڕی موحەممەدی کوڕ عەبدولوەهاب ڕاو بۆچوونی وایە:(ئەو بۆچوونەی کەڵە زانا لێکۆڵەرەکانی لە سەرن ئەوەیە کە: خەڵکی بیدعەتچی وەك خەواریج و ڕافضی و قەدەری و مورجیئە تەکفیر ناکرێن، چونکە تەنها تەکفیری کەسێ دەکرێ کە نکۆڵی

---

[1] _ (وەرگێڕ).

بكات له شتێ كه چەسپاوە لە ديندا يان ئەنجامدانی شتێك كه يەكدەنگی زانايانی لە سەرە كە كوفرە)، (الدرر السنية: ١٠/ ٢٤٤).

ئەمە ڕايەكی نامناوەندە و جياوازە لەگەڵ فەتواكانی باوكی كە شێخ موحەممەدە و جياوازە لەگەڵ بۆچوونی زۆربەی زانا وەهابيەكان كە تا ئەمڕۆ لەسەر ئەم بۆچوونەن، و كتێبێكی هەيە لە سەر ژياننامەی پێغەمبەر_ صلى الله عليه و سلم _ كە ڕێگەيەكی ميانڕەوی گرتۆتەبەر و ستايشی عەماری كوڕی ياسری كردووەو كردويەتی بە پێوانە و مەحەك لە جەنگەكان دا و ئەم تەرزو جۆرە ميانڕەويە لە هيچ وەهابيەك دا نەم بينيوە كە ئەو بۆچوونەی هەبێت تەنها شێخ ئيبن باز نەبێت _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ كە ئەويش هەمان بۆچوونی هەبوو، لە ناو وەهابيەتدا ڕاكردن و ڕق لێبوونەوە هەيە بەرامبەر بە ئالوبەيت لەبەر دوو هۆكار: يەكەم: وەك لاسای كردنەوەی ئيبن تەيميە و زياد ڕۆچوونی حەنبەلی، دووەم: بەهۆی ئەو دوژمنايەتيە مێژوويە كە هەر لە سەرتای سەرهەڵدانی وەهابيەت بوونی هەبووە لەگەڵ شيعە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باكوور و باشوور دا.

## دەروازەی چوارەم

## لەگەڵ بەرهەڵستکار و دژەڕاکانی شێخ

هەروەك ئەو ستەم و زۆرداریيەی كرا لە دژەڕاكانی شێخ لەلایەن خودی شێخ و شوێنكەوتووەكانی، ئەوا بەهەمان شێوە دژەڕاكانی شێخ ستەمیان لە شێخ كردووە مەگەر كەمێكیان نەبن، شێخ موحەمەدیان بە شتی گەورە تۆمەتبار كردووە، وەك بانگەشەكردنی پێغەمبەرێتی و قسەكردن لەسەر ئەوەی كە گوایە پێغەمبەر _ صلی الله علیه وسلم _ كەم و كورتی هەبووە.

دژەڕاكانی شێخ و بانگەوازی وەهابیەت دابەش دەكرێن بۆ سێ بەش و دەستە:

### دەستەی یەكەم:

ئەوانەن كە زیاد ڕەویان كرد لە سەرزەنشت كردنی شێخ تا ئاستێك كە وەهابیەت و شێخ موحەمەدیان تەكفیر كرد و هەڵەكانی ئەم دەستەیە شاراوە نین لەلایەن كەسی بە ئینصاف و بابەتیانە، ئەوانە موسڵمانی دیندارن بەڵام تەقلید و لاسایی كردنەوە و دژایەتی مەذهەبی و سیاسی پاڵی ناون بۆ تەكفیر، هەر كەسێ كوفری كرد بەهۆی تەئویلەوە ناكرێ تەكفیر بكرێ، جا ئەوانەی وەهابیەت و شێخ موحەمەدیان تەكفیر كردووە كەوتوونەتە ناو هەمان ئەو شتەی كە خۆیان هۆشداریان لە بارەداوە و خۆیان لێ پاراستووە بەبێ ئەوەی هەستی پێبكەن، چونكە ئەو دەستەیە پاساویان لە جیاتی هەندێ شت هێناوە كە بەناپەسەندی دەزانن لە زیاد ڕۆچوون لە تەصەوف

و تەشەیوع وەك ئەوان تەئویلی خۆیان هەیە و نەزانیشیان تێدان... وە هەمان حاڵەت لە ناو وەهابیەتیش دا هەیە ئەوانیش سەلامەت نابن لە نەزانی و تەئویل کردن.

بەلاّم تۆمەتبار کردنی وەهابیەت بەوەی کە (دروستکراوی بەریتانیە) لە سەر چەند یاداشتنامەیەکی بەریتانی کە ناوبانگی دەر کردووە لە ناو زۆرێ لە پێگە و تۆڕەکانی ئینتەرنێت کە شتێکی پوچ و بێ بناغەیە، ئەو بەریتانیەی کە ئەو یاداشتنامەیەی دراوەتە پاڵی (کە گوایە ناوی _ همفر _ە) گومانی وای پێبراوە کە ئەو لە بەصرە بە شێخ گەیشتووە و ئەو شێخی ئاراستە کردووە کە بڕوات بۆ نەجد لە دژی دەوڵەتی عوسمانی .... تاد، باسی هەندێ شتی کردووە کە باس کردنی بە ڕەوا نازانم، ئەمە لەو تۆمەت و شتە پڕو پوچانەیە کە دیارو ئاشکران، لە بەر چەند هۆکارێك گرینگترینیان:

یەکەم: شێخ و پێشەواکانی ئالی سعود (موحەمەد و کوڕەکەی عەبدولعەزیز) هەر مانەوە بەبەردەوامی لەسەر دژایەتی کردنی شارەکانی (ریاض) و (دخنة) و (منفوحة) و ئەو شوێنانەی نزیك بوون لە (درعیە) بۆ زیاتر لە بیست ساڵ، ئەگەر پاڵپشتی بەریتانیایان لە پیشت بووایە ئەوا بەبەردەوام لە جەنگدا نەدەمانەوە لە دژی ئەو شارو دێهاتە نزیکانە بەڵکو بەلایەنی زۆرەوە تەنها چەند ڕۆژ و مانگێك دەبوو دواتر بەسەریان دا زاڵ دەبوون.

دووەم: یاداشتنامەی ئەو بەریتانیە کە ناوی (همفر)ە دروست نیە و هەندێ لە برا شیعە میانڕەوەکان پێیان ووتم ئەوەی کە ئەو یاداشتەی داناوە یەکێکە لە مەرجەعە شیعیە ئیمامیەکان بۆ ناشرین کردن و دژایەتی کردنی وەهابیەت، من ناوی ئەو شێخە ئیمامیەم لەلایە کە ئەو یاداشتنامەیەی داناوە بەناوی (همفر)، باسی شتی وای کردووە کە دەکرێ ببێتە بەڵگە لە سەر ئەوەی کە دانەری ئەو یاداشتنامەیە ئەو شێخە شیعەیە بێت، ئەگەر ڕاست بێت ئەوا شتێکی نامۆیە لەلام کە چۆن

مەڕجەعیەتێك لە زانایانی ئیمامی بە دروستی دەزانێ ئەو درۆیە هەڵبەستێ کە ئاسۆو کون و کەلەبەرەکانی پڕ کردووە، ئەگەر ئەو برا شیعەیەی کە ئەوەی پێ ووتم بەڵێنی لێم وەرنەگرتبایە بە شاردنەوەی دوو ناوەکان ئەوا باسم دەکردن و دەم خستنەڕوو.

سێیەم: شێوازی زمان و دەربڕینی شێخ و کتێب و نامەکانی ئەوە دەردەخات _ بۆ کەسانێ کە دەمارگیر نەبن _ کە شێخ ڕاستی کردووە و تەنانەت پاشکۆو شوێنەکەوتووی کەس نەبووە، دەکرێ شێخ داوای ئەوە بکات کە موباهەلە و دوعای سزاو نەفرەتبارین بکات بەسەر درۆزناندا و موسڵمانێ ئەو شتە داوا ناکات مەگەر بڕوای نەبێ بەوەی کە دەیڵێ، هەموو کتێب و پەیام و ژیاننامەی شێخ بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە پیاوێکی ڕاستگۆ بووە لە بانگەوازکەیدا، بەلام لەهەمان کاتدا ڕاستگۆیی شێخ لە بانگەوازەکەیدا مانای وانیە کە پێکاویەتی و ڕاستی کردووە لە مەسەلەی تەکفیر دا.

**دەستەی دووەم:**

ئەم بەش و دەستەیە وەهابیەکانیان بەبیدعەتچی وەسف کردووە، ڕایان لە سەر ئەوە نەبووە کە تەکفیریان بکرێ بەلام دانیان نەناوە بە چاکەکانی ئەوان، ئەمەش بەهەمان شێوە دەمارگیریە، ڕاستە کە ئەوانە لە هەندێ شتدا داهێنان بیدعەتیان کردووە وەك مەسەلەی تەکفیر، بەلام زۆرێ لە شارو ولاتەکانیان بە ئاگا هێنایەوە لە ساردو سڕی دینی لە ئاست بیدعەت و شتی پڕو پوچ و خوڕافیات و دروشمەکانی دینیان دەرخست و هۆکارێ بوون لە دامەزراندنی دەوڵەت کە گشت هۆزە پەرتەوازەکان لە زۆربەی جەزیرەکەدا کۆکردەوە، کەسێك کە بەشێوازێکی بابەتیانە و ئینصافەوە بۆ شتان دەڕوانێت نکۆڵی ناکات لەوەی کە یەکبوونی ئەو هۆزانە لە ژێر

یەك ئالاّدا چاكترە لە پەرتەوازە بوون و بلاّوبوونیان، ئەگەر چی هەندێك دەست درێژیشیان كردە سەر هەندێكی تر.

**دەستەی سێیەم:**

ئەم دەستەیە دانیان ناوە بەو حەق و ڕاستیەی لەگەڵ وەهابیەت دایە ئەو كاریگەری و شوێنەوارەی كە دروستیان كردووە، جا ئەو شتانەیان لێ وەردەگرن كە چاكن و ڕەخنەش دەگرن لەوەی كە بازنەی تەكفیرو جەنگیان فراوان كرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەهابیەكانیان تەكفیریان نەكرد و بە بیدعەتچیشیان دانەنان....

ئەم دەستەی كۆتایی لە ڕاستیدا لە دژەڕاكانی وەهابیەت نین و لەوانەش نین كە نكوڵی دەكەن لە بوونی بیدعەت و شتی خوڕافیات، جا پێویست بوو لە سەر وەهابیەكان كە كار بكەن لە سەر لە خۆگرتنی دەستە سێیەم و بەموسڵمانیان دابنێن، بەلاّم بەداخەوە زۆرێك لە وەهابیەكان ئەو دەستەیەشیان تەكفیر دەكرد.

**لە بەناوبانگترین بەرهەڵستكارەكانی وەهابیەت:**

١. سولەیمانی كوڕی سەحیمی حەنبەلی نەجدی (١١٣٠ _ ١١٨١ك)، شەرعناس و خەڵكی (ریاض) بوو، ناوی تەواوی:(سولەیمانی كوڕی ئەحمەدی سەحیم)ە و بابی بەهەمان شێوە شەرعناس بووە لە دژەڕاكانی شێخ موحەممەد بووە، لە هۆزی عەنزەیە و شەرعناسێكی حەنبەلی بەڕێزوووردبین بووە، دەرچووە بۆ شاری (زوبەیر) پاش دەستگرتنی وەهابیەكان بەسەر (ریاض) و هەر لەوێش كۆچی دوایی كرد، شێخ موحەممەد كوڕی عەبدولوەهاب تەكفیری كرد بوو، بە كوفرێكی گەورەی دەرخەر لە بازنەی ئوممەت! بەڵكو شێخ زۆر بەخراپی لە سەرزەنشت كردنیدا ڕۆچووبوو

تەنانەت نازناوی (بهیم: ئاژەڵ)ی بۆ بەكار دەهێنا!، ئەمەش سنوور شكاندنە لە سەرزەنشت كردن دا.

٢. سولەیمانی كوڕی عەبدولوەهابی تەمیمی نەجدی (١٢٠٨ ك) برای شێخ موحەمەد بوو لە دایك و باوكی، زاناتر بووە لە شێخ موحەمەد و شەرعناسێكی حەنبەلی بوو لە دادوەرانی نەجد بووەو یەكێك بووە لە زانا میانڕەوەكان، لە (عەیینە) لە دایك بووە، لەكاتی ژیانی باوكیدا لە (حریملاء) خوێندویەتی و پیشەی دادوەری لەباوكیەوە وەرگرتوە، چووە (سدیر) پاش ڕووخانی (حریملاء) بە دەستی وەهابیەكان، شوێنكەوتووی هەبوون لە (عەیینە)، بەردەوام پەیوەندی بەوانەوە دەكرد بۆ باوەڕ پێهێنانیان لەوەی خۆیان دوور بگرن لە شێخ موحەمەد و دیاردە و پیشەی تەكفیر، ئەگەر شوێنكەوتووەكانی شێخ دەستیان بگەیشتایە نێردراوەكەی شێخ سولەیمان ئەوا ڕاستەوخۆ دەیانكوشت! چونكە بەگومانی ئەوان ئەو نێردراوە لە وڵاتی جەنگەوە هاتووە، پاش ڕووخانی (حریملاء) چووە (سدیر)، بۆ زیاتر لە چل ساڵ دژایەتی براكەی كرد، لە ساڵی (١١٥٧ك_١١٩٠ك) دواتر پاش فراوان بوونی دەوڵەتی وەهابیەت دەست گرتن بەسەر ناوەڕاستی نەجد چووە پێش لەگەڵ دەستەی زولفی بەزۆرە ملێی چوو، لە درعیە دا مایەوە لە سەر بیرو بۆچوونەكەی خۆی نزیكەی بیست ساڵ، كۆڵی نەدا تا پاش مردنی برایەكەی بە دوو ساڵ، هەندێك زانیاریان لە بارەی ئەوەوە بڵاو كردەوەو ڕاست نەبوو، شێخ سولەیمانی كوڕی عەبدولوەهاب نموونەیەكی جوان و قەشەنگە بۆ زانایەك كە سەربەرز بێ بەزانستەكەی كە نزیكی و دوریی پاڵی پێوەنانێ بۆ گۆڕینی ئەو شتەی كە خوای گەورە بە دینی داناوەو ئارام دەگرێ لە سەر حەق ئەگەرچی لە ناو پەنجەكانی شێردابێ، برای ڕێزدار شێخ سعودی سەرحانی لێكۆڵینەوەیەكی جوانی هەیە لە سەر خاڵە جیاوازەكانی هەردوو براكە (شێخ موحەمەد و سولەیمان)، شێخ بەسام لە

کتێبەکەی دا :(علماء نجد) باسی کردووە، کە شێخ سولەیمانی کوڕی عەبدولوەهاب، لە مەذهەبی خۆی پاشگەز نەبووەتەوە لە دژایەتی کردنی شێخ موحەمەد، بەڵام ناوبانگی کەمترە، ئەوەی تکای بۆ کرد بەوەی لە کوشتن ڕزگاری بێت ئەوەبوو کە برای شێخ موحەمەد بوو، ئەگەر نا ئەو لەسەر مەذهەبی شێخ موحەمەد بەبێ باوەڕ ئەژمار دەکرا، چونکە ئەو بەپێی ئەدەبیات و فەرهەنگی وەهابیەت (تانە و تەشەر لە دینی پێغەمبەر دەدات)! کتێبێکی هەیە بە ناوی:(الصواعق الالهیة) لە بەرپەرچدانەوەی برایەکەی نوسیویەتی، یەکێکە لە بەهێزترین ئەو کتێبانەی کە نوسرابن لەبارەی بەرپەرچدانەوەی وەهابیەت و دژەڕاکانی وەهابیەت زۆر بەخەستی لە دەوری ئەو کتێبەدا خربوونەتەوەو چەندین جار لە هیندستان و میسر و تورکیا لە چاپیان داوە، ئەو کتێبە تا ئێستا لە بەهێزترین بەپەرچدانەوەکانی وەهابیەکان دەژمێردرێت، لەبەر ئەوەی دانەرەکەی حەنبەلیە و برای شێخ موحەمەدە و حاڵ و شارەزای بارودۆخی نەجد بووە و تۆمەتبار ناکرێ بەدەمارگیری بۆ دەستە و تاقمێك یان بە دەمارگیری هۆزایەتی و هەرێمایەتی، کتێبەکەی ئەوم خوێندۆتەوە لە بەرپەرچدانەوەی شێخ موحەمەد دا و ئەو زیاتر لە زانستدا ڕۆچووە و دەروون ئارامترە و بەڵگەی بەهێزترە _ ڕەحمەت و ڕەزای خوای لێبێت _ لە شێخ موحەمەد.

٣. موحەمەدی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی عەفالیقی حەنبەلی ئەحسائی (١١٠٠ _ ١١٦٤ك)، لەزانا هەڵکەوتووەکانی ئەحسائە، شەرعناسێکی بەڕێزو خاوەن ڕۆشنبیری و زانستێکی فراوان بووە بەپێوانە (مقیاس)ەکانی سەردەمی خۆی، چەند کتێبێکی هەن لە بواری فیقهـ و گەردوونناسی، هۆکار بوو بۆ ئەوەی عوسمانی کوڕی مەعمەر ئەمیری (عەیینە) پشت هەڵبکات لە شێخ موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب لەگەڵ ئەوەی کە شێخ موحەمەد لەلای ئیبن مەعمەر بوو، بەڵام بەهێزو پێزی بەڵگەکانی ئیبن عەفالق وای کرد کە ئیبن مەعمەر واز لە شێخ بێنێت یاخود

بەلایەنی کەمەوە یەکێ بوو لەو کۆمەڵە هۆکارانەی کە وای کرد ئیبن مەعمەر پشت هەڵکات لە پشتگیری شێخ، ئیبن عەفالق پەیامەکانی کە لە ئەحسائەوە دەیناردن توانی قەناعەت بە ئیبن مەعمەر بکات بەوەی کە بەڵگەکانی شێخ لاوازن و پشتی تێبکات، ئەمە ئەوەمان پیشان دەدات کە ئیبن عەفالق لە چ ئاستێکی زانستی بەهێز دابووە، شێخ موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب ئەوی تەکفیری کردووە بە کوفری گەورەی دەرخەر لە بازنەی ئوممەت.

٤. عەبدوڵڵای موەیس (١١٧٥ك)، شەرعناسێ بوو لە خەڵکی (حرمة) کە دەکەوێتە ناوەڕاستی نەجد، ناوی عەبدوڵڵای کوڕی عیسای تەمیمیە (١١٧٥ك)، ناوبانگی دەرکردوە بەموەیسی و موەیس، لە پێناو شێخەکانی نەجد، سەرەتا زانستی وەرگرتووە لە زانایانی نەجد پاشان چووەتە شام و لەلای کەڵە زانای گەورە سەفارینی زانستی وەرگرتووە و سەفارینی ئامۆژگاریەکی هەیە کە تایبەتی کردووە بەموەیس، ئەمەش لە پێناو زانایانی نەجدە بە دان پێدانانی شێخ موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب و توانی کە قەناعەت بێنێ بە عەبدوڵڵای کوری سەحیم بە پشتگیری نەکردنی شێخ موحەممەد پاش ئەوەی کە پشتگیری شێخی دەکرد، جا بۆیە شێخ موحەممەد لێی توڕە بوو تەکفیری کرد، شێخ بەسام هەندێ ووتەی هەڵبژاردەی لە بەرپەرچدانەوەی ئیبن عیسای هێناوە کە وەڵامی شێخ موحەممەدی پێداوەتەوە (علما نەجد: ٤/٣٦٥) و لە وەڵامەکانی دا هێزو توانایەکی ئاشکرا بەدەر دەکەوێت لە ڕەخنەگرتن لەو تەکفیرەی کە شێخ موحەممەد دەیکات، شێخ موحەممەد بەوە ئەوی تاوانبار کرد کە ڕێگری دەکات لە دینی پێغەمبەر! و تەکفیری کرد بە کوفرێکی گەورەی دەرخەر لە بازنەی ئوممەت! هەر ئەم سیفەتەشە کە ئێمە بە ناپەسندی دەزانین کە لە شێخ موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب دا هەبووە _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ کە تەکفیری هەموو ئەوانە دەکات کە لەگەڵی یەك ناگرن و تاوانباریشیان

دەكات بەدوژمنايەتی كردنی دينی پێغەمبەر، كە بۆ تاكە كەسێ دروست نیە دینی پێغەمبەری خوا بۆ خۆی قۆرغ بكات چ لە ڕووی بانگەوازەوە چ لەڕووی تەفسیرو لێكدانەوە خەڵكی كافر بكات لە سەر ئەو قۆرغكاریە.....

٥. عەبدوڵڵای كوڕی ئەحمەدی كوڕی سەحیم (١١٧٥ك)، شەرعناسە خەڵكی (مەجمەعە) بوو لە (قوصەیم)، شەرعناسێكی حەنبەلی بوو دادوەری هەموو شارەكانی سەدیر بوو، زۆر توند نەبوو لە دژایەتی كردنی وەهابیەت، بەلاَم بەرهەڵستی زیاد ڕۆچوونی دەكرد لە تەكفیردا.

٦. عەبدوڵڵای كوڕی موحەمەدی كوڕی عەبدولەتیفی ئەحسائی كە یەكێكە لە شێخەكانی شێخ موحەمەد و یەكێكە لە سەر سەختترینی ئەوانەی بەرهەڵستی بانگەوازەكەی شێخ موحەمەدیان دەكرد.

٧. موحەمەدی كوڕی عەبدوڵڵای كوڕی فەیرۆزی ئەحسائی (١٢١٦ك)، خانەوادەی فەیرۆز و تەمیمیە لە هۆزی شێخ موحەمەدن، ئەو ئیبن فەیرۆزە و باوكی و باپیری لە زانا حەنبەلیەكان بوون، وەك موعجیزەیەك بوو لە بواری شت لەبەركردن (الحفظ) و زیرەكی تا ئاستێ بووە تا ووتراوە كە صەحیح بوخاری وەك ئەو نیە، هەڵدەستا بەكاری قوتابیەكانی جا هەر بەخۆی نزیكەی پەنجا قوتابی لە ئەستۆ دەگرت، چووە بەصرە لەگەڵ دەست و پێوەند و قوتابیەكانی پاش داگیركردنی ئەحساء لەلایەن وەهابیەكانەوە لە سەردەمی عەبدولعەزیزی كوڕی موحەمەد، جا خەڵكی بەصرە بە سەركردەو زاناكانی پێشوازییەكی فراوان و گەرمیان لێكرد، ئەو ڕۆژە گەواهی بۆ دراو بینراو بوو (بەپێی دەربڕینەكەی شێخ بەسام)، لەوێ مایەوە وانەی شەرعی دەوتەوەو مزگەوتی بەصرە فراوان كرا پاش چوونی ئەو بۆ ئەوێ لە بەر زۆری ئەو خەڵكانەی كە ڕوویان لەو دەكرد، دەسەلاَتدارو سەركردەكان داوایان لێ دەكرد بۆ دیاری كردنی دادوەرو مامۆستاكان، لەپاش كۆچی دوای كردنی هەڵگیراو

بەسەر سەرەکان بەرزکرایەوە لە بەصرەوە بۆ شاری زوبەیریان برد، گۆڕەکەی بە تەنیشت زوبەیری کوڕی عەوامەوەیە، خەڵکی شوێن و مەذهەبەکانیتر خەم و پەژارەیان لێ هەڵنیشت، پلەو پایەکی گەورەی هەبوو لەلایەن سوڵتانی عوسمانی و بەتوندی دژی شێخ موحەمەد دەوەستا، بەرهەڵستی ئەو ناوبانگ و کاریگەری هەبوو بەهۆی ئەو پلەو پایە گەورەیەی لە بواری زانستدا هەیبوو لە هونەرە جیاوازەکانی زانستی شەرعی دا، شێخ موحەمەد بەبێ باوەڕی داناوە بە کوفرێکی گەورە دەرخەر لە ئوممەتی ئیسلام دادەنا! و بەهۆی حوکم دان بە کوفری گەورە لەسەر ئەو زانایە گەورەیە زانیمان کە شێخ موحەمەد زیاد ڕۆچووە لە تەکفیردا.

٨. موحەمەدی کوڕی عەلی کوڕی سەلوم (١٢٤٦ك) ناسراو بە (الفرضي)، لە سەدیر لە دایك بووەو یەکێك بووە لە شەرعناسە حەنبەلیەکان، لەبەر وەهابیەت بۆ بەصرە هەڵاتووە، لەگەڵ شێخەکەی ئیبن فەیروزی ئەحسائی.

٩. عوسمانی کوڕی مەنصوری ناصری (١٢٨٢ك) لە خەڵکی سەدیرە، زانستی وەرگرتووە لە نەجد و لە عێراق و ستایشیان کردووە لە ناوەوە و لەدەرەوەی دورگەی عەرەبی دا و کتێبێکی کە شیرۆڤەی کتێبی (التوحید)ی شێخ موحەمەدی کردووە، بەلاَم بە دەردەکەوێت کە لە شرۆڤەکە دا شوێنی شێخ موحەمەد نەکەوتووە لە هەموو ئەو شتانەی کە شێخ موحەمەد ووتویەتی، کاری دادوەری کردووە لە(سەدیر)، پاشان بێ کاربووە لە ڕۆژانی (تورکی کوڕی عەبدوڵڵا و فەیصەڵی کوڕی تورکی)، (ئەمە لە بەڵگەکانی ئێمەیە کە دەوڵەتی دووەمی سعودی وەهابی نەبووە یان وازی هێناوە لە وەهابیەت) و شێخ ڕاو بۆچوونی توندبووە سەبارەت بەوەهابیەت کە بەخەواریجی داناون، چەند کتێبێکی هەن لە بەرپەچدانەوەی بانگەوازی وەهابیەت لەوانە :(جلاء الغمة عن تكفير هذه الامة)، بۆیە زانایانی وەهابی بێ سنور تەکفیرو

سەرزەنشتی بێ تامی ئەویان کردووە، لەوانە شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی حەسەن و کوڕەکەی عەبدولّەتیف و ئەو شێخە کە دادوەرێکی حەنبەلی نەجدیە تۆمەتباریان کرد بەوەی کە :(تانەو تەشەر لە دینی خوا دەدات و درۆ بە دەمی خواو پێغەمبەرەکەی دەکات و دژایەتی دینی خوا دەکات و... و... تاد) ئەمانە لەو ستەمانەی وەهابیەتن تا ئەمڕۆش هەر کەسێ لەگەڵیان ڕاجیا بوو ئەوا تۆمەتێك بەرز دەکەنەوە بۆ ئاسمان و تۆمەتباری دەکەن بە تۆمەتێکی سەخت و گران وەك تانە و تەشەردان لە دین و لە خواو پێغەمبەرەکەی و ڕێگری کردن لە دینی پێغەمبەر... تاد! پەنا دەگرین بەخوا لە ستەمی دژایەتی و بەتایبەتی لە خەڵکانی زیاد ڕۆچوو.

١٠. عوسمانی کوڕی سندی بەصری (١٢٥٠ك) شەرعناسێکی بەصریە، ڕای وایە کە وەهابیەکان هەموو موسڵمانانی سەر ڕووی زەوی تەکفیر دەکەن، شتێکی نامۆیە لەلام کە چۆن دکتۆر عەبدولعەزیز عەبدولّەتیف ئەمە بەهەڵبەستراو دادەنێت (قسە هەڵبەستراوەکانی عوسمانی کوڕ سندی)! هەندێ لە کتێبە وەهابیەکان کە باوەڕ پێ کراون ئەمەیان تێکەوتووە و تیایاندا دیارە، ئەگەرچی دەربڕینەکە ڕاستەوخۆش نەهاتبێت و نموونەکان پێشتر لەم بارەوە خرانەڕوو.

١١. موحەمەدی کوڕی سولەیمانی کوردی (١١٩٤ك) لە شام پێگەیشتووەو موفتی شافعی بووە لە مەدینەی منەوەرە پاش ئەوەی کە چووەتە ئەوێ و لەبەرەی بەرهەڵست کارەکانی وەهابیەت بووەو بەرپەرچدانەوەی هەن لە دژی شێخ موحەمەد و ناوی ناوە:(مسائل وأجوبة وردود على الخوارج)، لە ناونیشانەکەدا دیارە کە ئەو شێخ موحەمەد و وەهابیەت تۆمەتبار دەکات بەوەی (خەواریج)ن لەبەر زیاد ڕۆچوونیان لە تەکفیردا، بەلاّم ناو و نازناوی ناشیرین لێك نان باش نیە، پاشان وەهابیەت کەس بە گوناهو تاوان کافر ناکات، بەڵکو بەشتە وردەکان لە بابەتە

ئیمانیەکان تەکفیر دەکەن، کە زۆربەیان ناڕاستن و لە سەر ئەمە وەهابیەکان (خەواریج) نین بە مانا ڕەهاکەی، بەلاّم لە هەندێك مەسەلە یەك دەگرن لەگەڵ خەواریج و لە هەندێکی تر ڕاجیان لەگەلیان دا.

١٢. مورڕبەدی کوڕی ئەحمەدی تەمیمی (١١٧١ك)، یەکێکە لە زانا گەورەکانی نەجد، زانستی خوێندوە لە نەجد و شام و کاری دادوەری کردووە لە (حرمیلاء) و سەفەری کردووە بۆ صەنعاء و گەیشتووە بە (عەلامەی پایەبەرز موحەممەد ئەمیری صەنعانی) خاوەنی کتێبی (سبل السلام)، ستایشی شێخ و بانگەوازەکەی کردووە لە شیعرێکدا، شێخ مورڕبەد ئەمیری صەنعانی ڕازی کرد کە خۆی بەری بکات لەو هۆنراوەیە پاش ئەوەی کتێبەکانی شێخی پیشاندا، ئەمیری صەنعانی بینی کە تەکفیری موسڵمانانی تێدایە، پاشگەزبووەوە لەو هۆنراوەیە و هەڵیوەشاندەوە بەهۆنراوەیەکی تر کە وەهابیەکان هەوڵی گومان تێخستنیان دا و لەناوبانگترینیان ئیبن سەحمان بوو لە کتێبەکەی دا (تبرئة الامامین الجلیلین)! بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پلەو ئاستە زانستیە گەورەیەی موحەممەد ئەمیری صەنعانی، بەلاّم هۆنراوەکە هەر چەسپاوە کە لە دیوانی صەنعانی دا هەیە و بەسام و حەمدی جاسر و جگەلەوانیش جێگیریان کردووەو وەهابیەکان بە ئەنقەست ئەو شەرعناسەیان لەناو ولاّتی خۆیدا کوشتیان لە ساڵ (١١٧١ك).

١٣. سەیفی کوڕی ئەحمەدی عوتەیقی (١١٨٩ك)، لە (حرمة) لە دایك بووەو چووەتە ئەحساء، شەرعناسێکی گەورە بووە.

١٤. صالح کوڕی عەبدوڵڵای صائیغ (١١٨٣ ك) شەرعناس و دادوەری (عەنزة) بووە، بەرپەرچی هۆنراوەی ئەمیری صەنعانی داوەتەوە کە تیایدا ستایشی شێخ ئەکات، صەنعانی بەوە تۆمەتبار کردووە کە پشتگیریەکەی بۆ شێخ موحەممەد لەبەر ئەوەیە

که صەنعانی (زەیدیە)! دەکرێ مەبەستی ئەوەبێ کە پەیڕەوی زەیدی دەگونجێ لەگەڵ شۆڕش بەرپاکردن دژی ئەو بارودۆخانەی کە ئەوسا بوونیان هەبوون و لێی شاراوە بووە کە زەیدیەکان ڕایان لە سەر ئەوە نیە کە تەکفیر بکرێ و زەیدیەکان شۆڕش کردنیش دژی کەسی دادپەروەر بەڕەوا نازانن، بەهەمان شێوە شۆڕشی هاکەزایی بەبێ ڕێکاری و مەرج و بەرنامەی سیاسی دادپەروەر بەڕەوا نازانن، هەروەك صەنعانی سوننی کۆششکار (مجتهد)ە، بەڵام بەبێ ئەوەی ناصیبی بێ یا بە زەیدیەکان بچێ، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا لامان گرنگە ئەوەیە کە شێخێکی حەنبەلی نەجدی بووە بەرهەڵستکاری شێخ بووە.

١٥. ئەحمەدی کوڕی عەلی بەصری قەبانی، سوننیە لە خەڵکی عێراقە، کتێبێکی دانا لە ڕەتدانەوەی موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب بەناوی:(فصل الخطاب في رد ضلالات ابن عبدالوهاب)، دکتۆر عەبدولعەزیزی عەبدوڵەتیف وەسفی کردووە بەوەی کە (بەرگێکی زەبەلاح و قەبەیە).

١٦. عەبدوڵڵای کوڕی داودی زوبەیری (١٢٢٥ك)، سوننیە خەڵکی عێراقە، خەڵکی شاری زوبەیر بووە، زانستی وەرگرتووە لە شاری زوبەیر و ئەحساء، لە بەرپەرچدانەوەی وەهابیەتدا کتێبێکی دانا بەناوی:(الصواعق و الردود) کە پێشوازیەکی زۆر گەرم و گوڕی لێکرا لەلایەن زانا سوننەکانی عێراق و شام و حەزرەمۆت و ئیبن حەمیری حەنبەلی مەککی خاوەنی (السبل الوابلة على ضرائح الحنابلة) ستایشی کردووە.

١٧. عەلی کوڕی ئەحمەدی حەدادی حەضرەمی (١٢٣٢ك)، یەکێکە لە زانا گەورەکانی سوننە لە حەضرەمۆت، چەند کتێبێکی هەیە لە بەرپەرچ دانەوەی بانگەوازی وەهابیەت دا.

١٨. عومەری کوڕی قاسمی کوڕی مەحجوبی تونسی (معجم المؤلفين).

١٩. موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی کیرانی مەغریبی (١٢٢٧ك) لە زانا (فارس)ەکان بووە لە مەغریب.

٢٠. موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی حەمید (١٢٩٥ك) پێشەوای حەنبەلیەکان بووە لە مەککەی پیرۆز، خاوەنی (السبل الوابلة)، مامۆستای فیقهی حەنبەلی بووە لە مەککە و ئیمامی مەقامی حەنبەلییە.

٢١. عەبدولعەزیزی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی عەدوان (١١٧٩ك)، لە زانایانی (الوشم)ە.

٢٢. حەسەنی کوڕی شەطی دیمەشقی (١٢٧٤ك)، یەکێکە لە زاناکانی دیمەشق و شەرعناسێکی حەنبەلی ناسراو بەناوبانگە.

**دیارترین ئەو تۆمەتانەی کە زاناکان ئاراستەی شێخ موحەمەدیان کردووە:**

**١.** تەکفیر: ئەمە لە بەهێزترین و ڕاشکاوترین و ترسناکترینی ئەو تۆمەتانەیە کە دژەڕاکانی شێخ موحەمەد ئاراستەی شێخ و شوێنکەوتووەکانی کردووە، تا ئەندازەیەك ئەوەی لە هەمووان زیاتر لە ناو زانایانی سەلەفی کە بەرگری لە شێخ و شوێنکەوتووەکانی کردووە نەی توانیووە نکۆڵی لەمە بکات بەڵکو دانی پێداناوە، بۆ نموونە شەوکانی _ کە لە عەقیدەدا سەلەفیە بەدان پێدانانی خودی وەهابیەکان _ جا ئەو لەسەر دەمارگیریەکەی بۆ بانگەوازی وەهابیەت و پشتیوانی کردنی بۆ شێخ ئەوا نەیتوانیوە کە ئەو ووتەیەی شێخ بشارێتەوە ووتویەتی :(بەلاَم وەهابیەکان ڕایان وایە کە ئەوەی نەچێتە ژێر باڵ و ئاڵای دەوڵەتی دەسەلاَتداری نەجد و هەوڵی جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی نەدات، ئەوا دەرچووە لە بازنەی ئیسلام) _ بگەڕێوە

بۆ: (البدر الطالع: ٥/٢)، بەهەمان شێوە (مەنصوری حازمی) _ کە ئەویش سەلەفیە _ لەگەڵ ئەوەی _ ستایشی شێخی کردووە ئەوا ڕەخنەی لێ گرتووە لە دوو مەسەلەدا، یەکەم: تەکفیر کردنی خەڵکی سەر زەوی بەچەند شتێکی سادەی هەڵبەستراو... دووەم: ڕشتنی خوێنی پارێزراو حەرام بەبێ بەڵگە و نیشانە و ڕوونکردنەوە _ (أبجد العلوم: ١٩٤/٣) و ئەو شێخە سەلەفیە (موحەمەد صدیق حەسەنخان) ڕایگەیاند کە فەرموودەناسان بەرین لەوەهابیەت لەبەر ئەوەی ئەوان تەنها خوێن ڕشتن نەبێت هیچ شتی تر نازانن (سەیری: دعاوی المناوئین: لا: ١٦٠، بکە).[١]

---

[١] _ دکتۆر عەبدولعەزیز عەبدوڵەتیف پاساوی لە جیاتی بۆ هێناوەتەوە بەوەی کە سەرچاوەکانی لەوەدا مەسیحین! و دکتۆری بەڕێز بیری چووە کە خوێن ڕشتن لەلایەن وەهابیەت بوونی هەیە لە خودی سەرچاوەکانی وەهابیەت، ئا ئەوەتا ئیبن غەننامە کە لەمێژووی خۆیدا باسی زیاتر لە ٣٠٠ جەنگی کردووە، هەموو دەربڕینەکانی دەڵێن: لەو ساڵەوە موسڵمانان جەنگیان کرد لەگەڵ بێ باوەڕاندا ....(و ئەو جەنگانە لە نێوان موسڵمان و موسڵمان ڕوویان داوە لە ناوەڕاستی نەجد و حیجاز و ئەحساء.... تاد)! پاشان مەسیحیەکانیش کە هەواڵ لە بارەی وەهابیەت دەنوسن ئەوا زانیاری هەر لە موسڵمانان وەردەگرن، چونکە لە نەجد مەسیحی نەبوون، دواتر دکتۆر و جگەلەویش لەوانەی بەرگر لە وەهابیەت دەکەن لە دەرەنجامدا دەیانبینیت کە نەقڵکردن و زانیاری گواستنەوە تەنها لە سەرچاوەکانی وەهابیەت نەبێ قبوڵ ناکەن، ڕیوایەتەکانی زانایانی ئەهلی سوننە ئەوانەی دژی وەهابیەتن وەرناگرن، هەروەك ئەوەی زۆریمان لێبکەن لە تێگەیشتن لەوەی کە ڕوویدا بەوپێیەی کە وەهابیەت دەیڵێت و وەسفی دەکات و بەس! ئەمە هەروەك ئەوە وایە کە موسڵمانە پاشینەکان وەك بێ باوەڕانی قوڕەیشن لە بەرامبەر پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم)، بەڕاستی ئەمە زیاد ڕۆچوون و توند ڕەوییە، ئەو موسڵمانانەی دژی وەهابیەتن لە کۆتاییدا ڕاست دەکەن لە تۆمەتبار کردنی وەهابیەت بە تەکفیرو کوشتار جا هەر ئەوەبوو کە بینیمان هاتەجێ لە خودی قسەکانی شێخ و شوێنکەوتووەکانی بە ئەندازەیەك کە ناتوانین تیایدا سەرزەنشتی مەسیحیەك یان جولەکەیەك بکەین.

لەو كەسە بێ لایەنانەی کە وەسفی وەهابییەکانی کردووە بە تەکفیر شێخی فەرموودەناس (ئەنوەر شاه) کشمیریە، ڕای وایە کە وەهابییەکان خێراو بەپەلەن لە تەکفیر کردن (دعاوی المناوئین: ١٦٠).

بەلاّم دژەڕاکانی وەهابیەت قسەیان لەو بارەوە زۆر زۆرن، لێرەدا بە کورتی هەندێ قسەی ئەهلی سوننە دەخەمەڕوو، سەرەتا دەست پێدەکەم بە قسەی حەنبەلیەکان لەوانە:

ئا ئەوە شێخی سوننی حەنبەلییە ئیبن عەفالیق دەڵێت لەبارەی شێخ موحەمەد :(سوێندێکی خراپی خوارد لەسەر ئەوەی کە جولەکە و هاوبەشدانەران حالّ و بالّیان چاکترە لەو ئوممەتە)، دەڵێم: ئەمە ڕوون و دیارە لە قسەی شێخ کە دەڵێت هاوبەشدانەرانی سەردەمی خۆمان (کە مەبەستی ئەو موسڵمانانەیە کە دژەڕای ئەون) بێ باوەڕترن لە بێ باوەڕانی قوڕەیش بە دوو تایبەتمەندی و خاسیەت و هەر شتێکی بەڵگە نەویستە کە بێ باوەڕانی قوڕەیش بێ باوەڕترن لە ئەهلی کتاب، جا نەمانبینی دکتۆر عەبدولعەزیز عەبدوڵەتیف کە لە کتێبەکەی (دعاوی المناوئین) کە شێخی بەڕێز ئیبن عەفالیق بەو قسە و هاوشێوەکانی بە (درۆی) بخاتەوە؟! بۆچی لەکاتێکدا قسەکانی شێخ لەو بارەدا ڕوون و ئاشکراو ڕاشکاون هەروەك پێشتر لەکاتی ڕەخنەگرتن لە کتێبی (کشف الشبهات) خستمانەڕوو؟.

ئەمەش شێخی سوننی حەنبەلیە سولەیمانی کوڕی سەحیم لەبارەی شێخ موحەمەد دەڵێت:(هەر کەسێ لەگەڵ هەموو ئەو شتانە نەبێت کە شێخ موحەمەد دەیڵێت و گەواهی و شایەتی نەدات کە هەمووی حەقە، ئەوا بەبێ باوەڕی دادەنێت

[1] _ دعاوی المناوئین: دکتۆر عەبدولعەزیز عەبدوڵەتیفە:لا ١٦٤، چاپی یەکەم _ نامەیەکی زانکۆیە لە زانکۆی پێشەوا موحەممەدی کوڕی سعودی ئیسلامی لە ریاض _ چاپخانەی (دار الوطن)، ١٤١٢ ك..

بەبێ چەند و چوون! هەر کەسێ لەگەڵی یەکڕابوو و هەرچی ووتی بەڕاستی زانی، دەڵی تۆ خوابەیەکزان و یەکتاناسی! ئەگەرچی بە تەواوی لاساریش بێت... . [1]

ئەوەتا شێخی سوننی حەنبەلی سەلەفی نەجدی عوسمانی کوڕی مەنصور لە دادوەرانی ئەمیرەکانی ئالی سعودە لە دەوڵەتی دووەمی سعودیە دەڵێت:(خوای گەوڕە[2] خەڵکی نەجد بەڵکو تێکڕای دوورگەی عەرەبی تاقیکردەوە بەو خەڵکانەی کە دەرکەوتن و تەکفیری تێکڕای ئوممەتیان کرد بە پێکهاتە تایبەت و گشتیەکانیەوە..... بەچەند شتێکی بژارکراوی ڕواڵەتی ئەو شتانەی کە خوای گەورە هیچ بەڵگەیەکی

---

[1] _ سەرچاوەی پێشوو: لا ١٦٤.

[2] _ ئەمە شەش شتن کە سەلەفیەت جەختی لەسەر دەکەنەوە! شێخ و سوننی و سەلەفی و حەنبەلی و نەجدی و دادوەرپەروەر بوون! و کار کردن بۆ ئەمیرەکانی ئال سعود بەهەمان شێوە و ئەمەش حەوتەمە، بەسام و بەکر ئەبو زەید و صالح قاضی باسی ژیانی ئەویان کردووەو بەدڵیان بووەو ستایشیان کردووە و ئەمەش هەشتەمین، بەلاَم زیاد ڕۆچووەکانی وەهابی هیچ لەو شتانە قبوڵ ناکەن نە لەناو وەهابیەت و نە لەناو سەلەفیەت و تەنها قسەی ئەوە نەبێت کە تەنها ستایش دەکات، ئەوان قسەکانی قوصەیمی بۆ شایەتی پێدان دێننەوە تا ئەمڕۆش کە _ دوای کاری لەکار ترازاو و سەری لە گومڕای دەرچوو گومڕا بوو _ لە بارەی بەرگری کردن لە شێخ موحەمەد، دەرەنجام لەگەڵیان هەر فەشەل دەبێت، ئەمە وەك ئەوەیە بڵێین: قسەی هەر کەسێ وەر دەگرین کە مەدح و ستایش دەکات، خۆی بەری بکات ئەگەرچی خراپەکار یان گومڕابێ یان جولەکە یان مەسیحی بێت، ئەو کەسە تۆمەتبار دەکەن کە ڕەخنە دەگرێ ئەگەرچی لەچاکترین بەندەکانی خوا بێت و زاناترین و لە پارێزگارترینیان بێت، جا ئەوان ڕێگری دەکەن لە شت نەقڵ کردن و وەرگرتن لە موسڵمانان و نا موسڵمانان، ئەو نا موسڵمانانە ئەوەندە بەسە کە بڵێین ئەوە موسڵمان نیە و بەموسڵمانیش دەڵێن بیدعەتچی، ئەگەر لە سوننیەکمان وەرگرت دەڵێن: ئەوە زۆر دوورە لە بانگەوازەی وەهابیەت و لە خەڵکی نەجد نیە، ئەگەر لە حەنبەلییەکمان وەرگرت کە خەڵکی نەجدە دەڵێن: ئەوە لە دژەڕاکانی= =شێخە و حەسودیی پێ دەبات! لێرەدا هیچمان بە دەست نامێنێت تەنها ئەوە نەبێت کە شت نەقڵکەین و وەرگرین لە شێخ و شوێکەوتووەکانی جا لەو توێژینەوەیەدا بوونی تەکفیرمان چەسپاند لە ناو قسەکانی شێخ دا چ جای شوێنکەوتووەکانی، دواتر چی ماوە؟ لەگەڵ ئەوەش کە ئەوان بەڕەوای دەزانن شت نەقڵکەن لە بازرگانەکانی کتێب و فرۆشیارەکانی دەروون کەسانی بێ ئاگا و گومڕایان، بۆیە ئێمە لێرەدا نادوێین لەگەڵ زیاد ڕۆچووەکان، چونکە حوکمی پێشوویان پێشتر بەهەمان شێوە زانراوە بۆمان.

دانەبەزاندوە لەسەر ڕاستیان)! و ووتویەتی:(بەڵام ئەو پیاوە _ کە مەبەستی شێخ موحەممەد _ە گوێڕایەڵی خۆی کردۆتە بناغە و کۆڵەگەی شەشەم لە بناغەکانی ئیسلام)![2]

شێخ سولەیمانی کوڕی عەبدولوەهاب برای شێخ موحەممەد دەڵێت :(بنەماو کۆڵەگەکانی ئیسلام چەندن ئەی موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب؟ شێخ موحەممەد ووتی: پێنجن، شێخ سولەیمان ووتی: تۆ کردۆتە شەش، شەشەمیش بریتیە لەوەی: هەر کەسێ شوێنت نەکەوێ موسڵمان نیە، ئەوە لەلای تۆ بنەمای شەشەمە لە بنەماکانی ئیسلام.[3]

دەڵێم: قسەی شێخ سولەیمان لێرەدا سەبارەت بە پابەند کردنی خەڵکە، ئەگەر نا شێخ موحەممەد ئەمە ناڵێت، بەڵام دەرەنجامی مەرجە تەسکەکانی بۆ چەسپاندنی ئیسلام سەر دەکێشێ بۆ ئەو دەرەنجام و ئاکامە.

وە (زەهاوی) دەڵێ:(ئەگەر کەسێك پرسیاری کرد کە وەهابیەت چ مەذهەبێکی بۆ خۆی هەڵبژاردووە؟ ئایا ئامانجی لەوبارەوە چیە؟ ئەوا دەڵێین لە وەڵامی هەردوو پرسیارەکەدا: بریتیە لە تەکفیر کردنی سەرجەمی موسڵمانان و ئەم وەڵامە سەرباری پوختی و کورتیەکەی ئەوا پێناسەیەکی تەواو دەبوو بۆ مەذهەبەکە).[4]

---

[1]_ دعاوی المناوئین: دکتۆر عەبدولعەزیز عەبدولەتیفە: لا ١٦٦.

[2]_ دعاوی المناوئین: لا ١٦٦.

[3]_ دعاوی المناوئین: لا ١٦٦.

[4]_ دعاوی المناوئین: لا ١٦٧.

وە شێخ (ئەحمەدی زەینی دەحلان) دەڵێت:(هیچ کەسێ بە یەکتاناس و خوا بەیەکزان دانانێن تەنها کەسێ نەبێت کە شوێنیان دەکەوێت لە گشت ئەو شتانەی کە دەیلێن.... [1]

وە بەڕێز (حەدادی حەضرەمی) دەڵێت:(ئەگەر کەسێك ویستی بچێتە سەر دینی ئەو _ شێخ موحەممەد _ ئەوا پێی دەڵێت: شایەتی بدە لە سەر خۆت کە تۆ پێشووتر بێ باوەڕ بویت و شایەتی بدە لە سەر دایك و باوکت کە بەبێ باوەڕی مردوون، شایەتی بدە لە سەر فلانە و فیسارە زانایە کە لە بێ باوەڕانن..... ئەگەر شایەتی دا بەو شێوەیە ئەوا قبوڵی دەکات گەرنا دەیکوژێت.....) . [2]

دواتر بەڕێز (حەدادی حەضرەمی) بەو قسەیەی ڕوونکردنەوەی دا لەسەر ئەو کارەی وەهابیەکان:(هەر ڕازی نەبوویت_ مەبەستی وەهابیەتە _ بەوەی زیندواَن بکەیت بەهاوبەشدانەر بەڵکو گەیشتە ئەوەی دەستدرێژی کرایە سەر مردووانی موسڵمانان کە چەندین ساڵ بەسەریان دا تێپەڕیوەو دەڵێیت: بەڕاستی ئەمانە گومڕابوون و خەڵکیشیان گومڕا دەرکرد تا ئاستێك کە چەندین زانای لێکۆڵەری گەورە ئازاریان چەشت بەدەستیان و تەنانەت تەکفیریان کردن...).

---

[1] _ دعاوی المناوئین: لا ١٦٦.

[2] _ سەرچاوەی پێشوو: لا ١٦٥، دکتۆر عەبدوڵڵای کوڕی موحەممەدی ئەبو داهش لە کتێبەکەیدا باسی کردووە کە :(بانگەوازەکەی شێخ موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب کاریگەری کردە سەر باشووری دوورگەی عەرەبی) _ نامەیەکی دکتۆرایە لە هەمان زانکۆی پێشەوا سعود _ جا باسی بەسەرهاتێکی کردووە کە جەخت دەکاتەوە لە سەر قسەی سەید عەلەوی حەداد یان بەلایەنی کەمەوە ئەم کارە هەندێ لە وەهابیەکان کردوویانە بەم پێیە ئەمە شتێ نیە کە لەخۆیەوە (هەڵی بەستبێ و دایهێنابێ) هەروەك دکتۆر عەبدولعەزیز عەبدوڵەتیف باسی کردووە.

[3] _ (وەرگێڕ).

وه شێخی سوننی (حەسەنی شەطی) دیمەشقی دەڵێ:(خولگەی بانگەوازی وەهابیەت لەسەر تەکفیر کردنی موسڵمانانە....)[1] .

بەم شێوەیە هەموو ئەوانەی ڕایان پێچەوانەی شێخە چ لە ئەهلی سوننەبێ لە ئەشعەری یان سەلەفی وەك شەوکانی و ئەمیری صەنعانی و عوسمانی کوڕی مەنصور _ بەڵکو هەندێکیان دەمارگیرن _ بۆ شێخ دان ئەنێن بەوەی کە شێخ موحەمەد و شوێنکەوتووانی زیاد ڕۆچوون لە تەکفیری موسڵمانان لەزانا و کەسی نەزانی سادە، هەر ئەم ڕاستیەش بوو کە لە کتێبەکانی شێخدا بینیمان.

دەستە و تاقمەکانی تر دەبینیت جگە لە ئەهلی سوننە وەك شیعە و ئیباضی کە یەك هەڵوێستن لەگەڵ ئەهلی سوننەدا کە شێخ موحەمەد و شوێنکەوتووەکانی زیاد ڕەوی دەکەن لە تەکفیردا جا ئا ئەمە جەواد موغنیە_ کە شیعەیەکی ئیمامیە _ دەڵێت :(گومان لەوەدا نیە کە مەبەستیان لە خوا بەیکزان و یەکتاناسان تەنها خودی وەهابیەکانە، مەبەستیشیان لە هاوبەشدانەران تێکڕای موسڵمانانە بەبێ هەلآواردن و جیا کردنەوە)[2] ، لەو قسەیە کەسانی وەك شەوکانی لەگەڵی یەکدەگرن کەچی بەتەواوی سەلەفیە و دانراوی زۆرن لەسەر حەرام کردنی بنیادنان و شت دروست کردن لەسەر گۆڕو بانگەشەی دەکرد بۆ یەکتاناسی پاك و پوخت و سەر زەنشتکردنی بیدعەت، بەلآم ئەو موسڵمانان تەکفیر ناکات و بەکردەوەی کەسێ حوکم بەسەر تێکڕای کەسانی تر ناگشتێنێ، کەسی نەزان تەکفیر ناکات و بەهەمان جۆر ئەوەی تەئویل دەکات تەکفیر ناکات، بەم پێیە هەموو زانایانی موسڵمان لە سەر ئەوەن تەنها هەندێ لە زیاد ڕۆچووە حەنبەلیەکان نەبن لەگەڵ هەندێ لە زیاد ڕۆچووە شیعەکان

---

[1] _ سەرچاوەی پێشوو.

[2] _ دعاوی المناوئین: لا ١٦٨.

و هەندێ لە زیاد ڕۆچووە خەواریجەکان ئەوانە هەموو ئەو کەسانە تەکفیر دەکەن کە دژەڕایانن لە چەند بوارێکی لاوەکی عەقیدەدا.

بەلاَم پێویستە هۆشیاری بدەم سەبارەت بەشتێ ئەویش بریتیە لەوەی کە تەکفیر کردنی وەهابیەت بێ هێزو لاواز دەبێت لە کاتێك کە وەهابیەکان بێ هێزن و لە کاتێ کە بەهێزن ئەوا تەکفیریش زیاد دەبێت، ئەمەش بۆ خۆپاراستن (تقیة) و سیاسەت نواندە نەوەك لە بیرباوەڕو ئینصاف و تەنانەت لە هەڵوێستە تێکگیراوەکانیش نیە، بەوپێیەی کە بۆم دەردەکەوێت و خوای گەورە زاناترە.

زۆر کات وەهابیەکان پەنادەبەنە بەر چاوبەستن و فرِوفێلْ وەك ئەو قسەیەی کە هەندێکیان دەیلێن:(ئێمە تەکفیری موسڵمانان ناکەین بەڕاستی ئەمە تۆمەتێکی پوچ و بێ بنەمایە، پەنا بەخوا لەوەی کە موسڵمانان تەکفیر بکەین! بەڵکو ئێمە هاوبەشدانەران ئەوانەی تانەو تەشەر لە دینی پێغەمبەر دەدەن ئا ئەوانە تەکفیر دەکەین)! ئەمە بەقسەی کەسێکی فێڵباز دەچێت، چونکە لە پارچەی دووەمی قسەکەیان دەردەکەوێت کە ئەگەر کەسێ نەیانناسێ ئەوا بەبەر فێڵ و تەڵەکەکەیان دەکەوێت، قسەکە پڕو پاگەندە و تەکفیرێکە و لە دوو تویێی خۆی کۆدەکاتەوە، بەڕاستی ئەم شێوازە کەسانێك دەیزانن کە بەردەوام کاریان خوێندنەوەی دانراوەکانی ئەوان بێت تا لە نهێنی ئەو جیاوازیە بگات کە هەیە لە نێوان ئەوان و موسڵمانان و تا شوێنی ڕاجیایی دیاری بکات، ئەوا بۆی دەردەکەوێت کە شوێنی جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە ئەو موسڵمانانەی بەرهەڵستکاری ئەوانە لەلای ئەوان هاوبەشدانەرن! لەسەر ئەمە هەر یەکێکیان دەتوانێ پەنجا سوێند بخوات لە سەر ئەوەی کە موسڵمانان تەکفیر ناکات! مەبەستیشی لە موسڵمان ئەو کەسەیە کە بە پێی پێناسە دڕکاویی و هەڵەکەیان بۆ ئەو کەسەی کە ووشەی (موسڵمان)ی بۆ بەکاردێنن.

ئەمەش بەمەرجێ ئەگەر بێتو ئەو ساڵانە پەڕاوێزی بخەین کە بێ هێزی و لاوازی و ڕاجیایی هەبووە لەنێوان ئەمیرەکانی دەوڵەتی دووەمی سعودیە یان لەو ڕۆژانەی ڕووبەڕووی گوشار بوونەتەوە لەلایەن دەوڵەت بەرەخنەگرتن لەپەیرەوی تەکفیری، ئا لێرەدا شتەکە جیاواز دەبێت، سەرباری ئەوەی کە هەندێکیان ڕایان لەسەر ئەو تەکفیرە نیە، بەلأم قسەمان لەسەر پاشماوەی یەکەمی وەهابیەت و ڕەفتارەکانی جیلی یەکەمە و قسەشمان لە سەر ئەو پەیرەوەیە کە زاڵ و باوە نەوەك لە سەر ئەو حاڵەتە جیاو هەلأوێراو (الاستثناء)ە کارتێکراوەکان بەگوشار یان بە ڕاجیایی یان بە ڕوو خۆشی یان بە فرو فێڵ.

٢. بانگەشە کردنی پێغەمبەرێتی: کورتە و پوختەی ئەو تۆمەتە بریتیە لە :(ئەوەی کە شێخ موحەمەد بەزمانی حاڵ بانگەشەی پێغەمبەرێتی کردووە نەوەك بەزمانی گوفتار)! ئەو تۆمەتە ستەم و زۆرداریيە، بەلأم لە ئینصافەوەیە ئەگەر بڵێین دژەڕاکانی شێخ دەقی ئەو تۆمەتەیان بەو شێوەیە دەرنەبڕیوە.... وە مەبەستیشیان ئەوە نیە کە شێخ بەئاشکرایی بانگەشەی پێغەمبەرێتی کردووەو بەلأم لە بیرو بۆچوونیان وا وێنەکراوە کە شێخ خۆی و هاوەڵانی هێناوەتە ئاستی پلەوپایە و مەنزلگای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و هاوەلأنی و هەموو موسڵمانانی تریان هێناوەتە ئاستی بێ باوەڕان، بەڵام هەندێکیان ئەوەشیان زیاد کردووە کە ئەو بەردەوام سەرقاڵی خوێندنەوەی ژیاننامەی هەڵگەڕاوەکان بووە، وەك موسەیلەمە و ئەسوەدی عینسی... تاد، ئەم زیاد ڕەوییە لە تۆمەتبار کردنی شێخ بەوەی بانگەشەی پێغەمبەرێتی کردووە، سەرباری هەموو ئەو شتانە ئەوا ئەم تۆمەتە ستەمە و پڕو پوچە و ئەگەرچی سوکترە لەو تۆمەتەی کە شێخ دەیداتە پاڵ ئەوان بەکوفری گەورەو دوژمنایەتی و دژایەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم).

بەتێرو تەسەلی پێشتر موحەمەدی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی عەفالیق ئەو تۆمەتەی داوەتە پالْ شێخ موحەمەد کە بانگەشەی پێغەمبەرێتی کردووە و لە زۆر جێگا دووبارەی کردۆتەوە، بەهەمان شێوە ئەوانەش دووبارەیان کردۆتەوە: ئەحمەدی قەبانی و سەید عەلەوی حەدادی حەضرەمی و شێخ حەسەن عومەری کوڕی شەطی دیمەشقی و شێخ ئەحمەد زەینی دەحلان و جەمیل زەهاوی و عەبدولقادری ئیسکەندەرانی و موختار ئەحمەد پاشای موئەید و سەنمودی و موحەمەد تۆفیق و عەبدولڕەحمانی کوڕی عومەری ئەحسائی شاعیر و شێخ یوسفی نەبهانی....

زانایانی بانگەوازی وەهابیەت هەڵسان بە وەڵامدانەوەی ئەو تۆمەتە و لە بەناوبانگترین ئەوانەی زمان حالْی بانگەوازەکە بوون بریتیبوون لە سولەیمانی کوڕی سەحیم و فەوازنی پێشوو جگەلەوانیش، زۆر بەدرێژی بەرپەرچیان داوەتەوە بەڵام بەرپەرچی کاکلْ و کرۆکی گومانەکەیان نەداوەتەوە کە ئەویش ئەوەیە کە مەبەستی هەندێ لە دژەڕاکانی شێخ ئەوەیە کە شێخ (بە زمانی حالْ) دەری بڕیوە، مەبەستی دژەڕاکانی شێخ بەشێوە دەربڕینێکی پوختی سەردەمیانە ئەوەیە: کە شێخ ئیسلامی قۆرغ کردووە و دژەڕاکانی کردووە بە هاوبەشدانەرو شێخ موحەمەد هەر دینی خۆی بەخودی دینی پێغەمبەر دادەنێت و هەر کەسێ دژەڕای وەهابیەکان بێت ئەوا تۆمەتباری دەکەن بەوەی تانە و تەشەری داوە لە دینی پێغەمبەرو هەر کەسێ وەهابیەکان بەخەواریج وەسف بکات ئەوا بەڕاستی تانە و تەشەری لە دینی پێغەمبەر داوە.... بەداخەوە ئەو تۆمەتە بەلایەنی زۆریشەوە ڕاستە، بەلاّم شێخ بەوە تۆمەتبار ناکرێ کە بەئەنقەست ئەنجامی دابێت، هەروەك چەند نموونەیەك لەسەر ئەمە بەرلەو بابەتە خرانە بەرباس، (توندی و ڕژدی نواندنی شێخ لە پاکانە کردن بۆ نەفس و دەروون و مەذهەبەکەی ئەوا ئاکامی دەبێتە تەکفیری دژەڕاکانی)، ئەمەیە سەری دژەڕا ژیرو خاوەن عەقڵەکان _ دوور لە دەمارگیرەکان _ی سوڕماندوەو پاڵی

پێوەناون بۆ ئەوەی بڵێین: شێخ خۆی داناوە لەشوێنی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و دژەڕاکانی لە شوێنی بێ باوەڕانی قوڕەیش داناوە بەڵکو گەورەتریش، ئەمە لە ڕوانگەی ئەوانەوە بانگەشەی پێغەمبەرێتیە بە (زمانی حاڵ)، بێگومان ئەمە سنور شکاندنە لە دەربڕین دا لەلایەن دژەڕاکانی شێخ! بەڵام ئەمەش نابێتە پاساوی ئەوەی کە شێخ تەکفیریان بکات، چونکە پێچەوانەی ئەو تەکفیرەیە کە وەهابیەت ڕاشکاوانە تەکفیریان دەکات، ئێمەش خۆمان بەری ئەکەین لە ستەمی هەندێکیان کەلە هەندێکی تریان دەکەن، دەڵێین و ئیعتراف دەکەین بەوەی هەر دوو دەستە و کۆمەڵەکە موسڵمانن، هەندێکیان ستەمکارو هەندێکی تریان ستەملێکراون، چاکەکارو و چاکە لەگەڵ کراو، لە ناو هەر دووی دەستەدا ڕاستی و حەق و باتڵ و شتی پڕوپوچ هەن، دادگەری لەوەدایە کە ئەو زیاد ڕەویەی وەهابیەکان لە تەکفیردا بەناپەسەند بزانین، بەهەمان شێوە زیاد ڕەوی دژەڕاکانیشی لە تۆمەتبارکردنی و ڕەواییدان بە واقیع و ئەوەی کە خەڵکی لە سەری دەڕۆن لە بیدعەت و خوڕافیات بەناپەسەند بزانین.

٣. جەستەو لاشە بڕیاردان بۆ خوا و وێچواندنی بە بەدیهێنراوانی (التجسيم و التشبيه): ئاراستەکردنی ئەو تۆمەتە بۆ شێخ لەلایەن دژەڕاکانی لێرەدا لەجێی خۆی نیە، ئەمە مانای وانیە کە کەسێ نەبێت شتێکی کەمیش لە وێچواندن و لاشەدار کردنی بڕیار نەدابێت لەناو وەهابیەت دا، وێنەی ئەمە لە قسەی زۆربەی سەلەفیەکان دا هەیە، بەتایبەتی ئەوەی لاسایی ئیبن تەیمیە و ئیبن قەیم بکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بابەتی (سیفەتەکان) لەو بابەتانە نیە کە شێخ و وەهابیەتی پێشوو گرنگیان پێدا بێت بەڵکو زیاتر گرنگیان داوە بەبابەتی یەکتاناسی و خوابەیەکزانین و ئەو تۆمەتە وەك ئەوە وایە کە هەوڵێك بێت لەلایەن شەرعناسەکانی سەردەمی خۆی بۆ ناو زڕاندنی شێخ لەلایەن زانایانی ئەو سەردەم بەتایبەتی کە زۆربەی ئەهلی کەلام

بوون یان ئەوەتا ئەشعەری یان ماتۆردی یان زەیدیی یان ئیمامیین و سیفات لەلایەن ئەهلی کەلام بابەتێکی زۆر هەستیارە، هەروەك مەبەست لەو تۆمەتە ئەوەیە کە تۆمەتەکە لەسەر شێخ قورسرتر بێت، بەڵکو شێخ کەمتر وێچواندن بڕیار دەدات _ ئەگەر ئەو وێچواندنە بێت کە مەبەستە _ لە ئیبن تەیمیە و حەنبەلیەکانی پێشوو، بەڵکو لەوانەیە شێخ بابەتێکی فیقهی یان سیفات یاخود مێژوو باس بکات ئەمەش بەلاسایی کردنەوە یان بەمەبەستی خستنەڕوو یان کتێبێك لەو بارەوە کورت و پوخت کاتەوە..... جا لێپرسینەوەی لە سەر نەقڵ کردنی هەڵەیەك کە ئەوەی پێش ئەو هەڵەی تێدا کردووە، بەتایبەتی مەسەلەو بابەتی جەستە بڕیاردان _ ئەگەرچی بابەتێکی ترسناکە _ بەڵام زیان بەدژەڕاکانی ناگەیەنێت، بەلاّم گرنگی داوە بەبابەتی سیفات و کەوتۆتە ناو خانەی وێچواندن (تشبیە) وەهابیەکانی پاشینیش بە سۆزو جۆش خرۆش بوون بۆی، بەهۆی کاریگەر بوونیان بەو کتێبە سەلەفیە چاپکراوانەی وەك دارمی و عەبدوڵڵای کوڕی ئەحمەد و (الابانة)ی ئیبن بطه و (اصول الاعتقاد)ی لالکائی و (الشریعة)ی ئاجوری و (السنة)ی ئەلخلال و هاوێنەکانی، لەو کتێبانە جەستە بڕیاردان و وێچواندنی زۆر گەورە هەن.

٤. نکۆڵی کردن لە کەڕاماتی ئەولیاکان: شێخ نکۆڵی لەوە ناکات، بەلاّم بۆچوونیشی جیایە لەگەڵ زانایانی سەردەمی خۆی ئەوەش بەهۆی شوێنکەوتن و لاسایی کردنەوەی ئیبن تەیمیە و ڕاجیایی لەگەڵ زاناکانی سەردەمی خۆی لەسەر ئەو باس و خواسە دا، من بۆ ڕاو بۆچوونم بەلای بۆچوونی شێخ و ئیبن تەیمیە و ئەوانی کە لەگەڵ ئەواندان ئەچێت لە بابەتی کەرامات، چونکە صۆفیەکان زیاد ڕەویان کردووە لەو بابەتەدا، زۆربەی سەر گوزشتە و چیرۆکەکان لەو بارەوە هاتووە ڕاست نین.... و خۆ دوورگرتن لە زیاد ڕۆچوون لە پیاوچاکان دا لەپێشترە لەوەی تیایدا لە ناوبچین.

زانایانی وەهابی بەزۆر تۆمەتی تریش تۆمەتبار کراون، بەڵام زۆربەیان ناراستن یان پێویستی بەتێڕامان و چاو پێداخشاندن هەیە تەنها لە مەسەلەی تەکفیرو کوشتار نەبێ کە لەسەر تەکفیر بنیادنراوە، ئەو دوو تۆمەتە چەسپاو ڕوون و ئاشکران، بۆ کەسانێك کە دەیانەوێ بابەتیانە و بە ئینصاف بن.

ئینجا ئەمە باوامان لێ نەکات کە چاکەکانیان فەرامۆش بکەین و لە هەمان کاتدا خۆ گۆڕینی هەندێکیان و زۆرەملێی هەندێکی تر کە بەشی سێیەم بۆ تەکفیرکردن لە کاتی بوونی هێزو دەسەڵاتی وەهابیەت، لە حاڵەتی زۆر لێکران _ هەروەك لە یاداشتنامەی زانایانی دوو شارە پیرۆزەکەمان بینی _ و بۆ لێکۆڵینەوە لە گەشە کردنی وەهابیەت و کارتێکرانیان بەبارودۆخ یان لادانیان یان کەم کردنەوە لە تەکفیر لەو ساڵانەی کە قوڕس بووە لەسەریان، بۆ هەموو ئەو شتانە کات و هەوڵ و تەقەلایەکی تری دەوێ.

# پاشكۆ

**بڕگەی یەكەم:**

سـەرباری ئـەو قسـە زۆرانــەی چ سـتایش و چ سـەرزەنش بـێ لـە بـارەی شـێخ موحەمەدی كوڕی عەبدولوەهابەوە ووترا، شتێكی ڕوونـە كـە ئـەو كۆشش (اجتهـاد)ی كـردووە، دڵساغ و دڵسـۆز بـووە بـۆ بانگەوازەكـەی، ورەی تۆكمـە و تونـدبووە، خێـرو چاكەیەكی زۆری پێشكەش دەكرد ئەگەر بهاتایە قوتابخانەكەی خاڵە لـەڕو لاوازەكـانی لە ناو بانگەوازەكـەی دا لابردبایـە و پێداچـوونەوەی بەرهەمـەكانی فـراوانتر كرابانـە، شێخ موحەمەدی كوڕی عەبدولوەهاب نیازی نەبووە دەسـەڵات بگرێتـە دەسـت، بـەڵكو دەسەڵاتی لە پێناو خزمەتی بانگەوازدا بەگەرخست، بانگەوازەكەی و جۆش و خرۆشە گەورەكەی _ بە پێی خوێندنەوەی من بۆ ژیاننامەكەی _ تووشی پەرچە كردارێكـی توونـد بـووە لـە دەرەنجـامی بڵاوبوونـەوەی هەنـدێ بیدعـەت و خوڕافیـات لـە سـەردەمی ئـەودا، ئـەوەی كـە پەرچـە كردارەكـەی زیـاتر كـرد ئـەوەبووە كـە بینیویـەتی زانایـان ساردو سڕن لە ڕێگری كردن لەو بیدعەت و خوڕافیاتانە، دەكرێ لـە هەنـدێكیان گـوێ بیست ببێ یان خوێندبێتیەوە كە بە دروست زانراوەو تەئویلی بۆ كـراوە بەشـێوەیەك كە ئەو خوڕافیات و بیدعەتانە بە چاك دانراون، ئەمە زۆر كاریگەری كردووەتە سـەر كەسایەتیە توندەكەی بە هەمان شێوە، وای لێهات كـە چارەسـەری بـە ئینصـاف قبـوڵ نەبوو، ئەو پاساوانەشی قبوڵ نەبوون كە پێی ڕازی نەبوو، ئەمەش پاڵینا بۆ هەوڵدان بۆ زووتر بینینی دەرەنجامە خێراكان، ئەمەش هانی دا بۆ بانگـەواز كـردن بـەجۆش و خرۆشی و نەترسی و دلێری و سوور بوون، لەگەڵ كەم زانستی و زۆر خۆپارێزیەكەی،

ئەگەر ئەمانە کۆبانەوە ئەوا کاریگەریەکی گەورەیان دەکردە سەر هەڵسوکەوتە کەسیەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاد بوونی توندی و زیاد ڕۆچوونی لەوەی کە داوای دەکات و بەتایبەتی ئەگەر کارو مەبەستی بۆ لای ئاراستەکران و خرانە خزمەتی ئەو...

لە ماوەی خوێندنەوەکەم بۆ کتێبەکانی شێخ بینیم کە ئەو زانایەکی لێکۆڵەرەوەی ووردبین نیە، لەگەڵ دیاربوونی لاوازی شێخ لە بواری فەرموودەو مێژوودا (کە لەوەوە هۆشیاری سەرچاوە دەگرێت لەلایەن زانای موسڵمان)، جا بۆیە شێخ موحەمەد هەڵسا بە چنینی هەموو هەڵوێستە توندەکان لە حوکمدان بەسەر شتدا بە هاوبەشدانان یان بیدعەت، جا گەواهی دەهێنێت بە دەقە ڕاستە گشیەکان و دەقە ڕاشکاوە لاوازەکان، زۆربەی ئەو حوکمە تەکفیریە ڕاشکاوانە بنیادنراون لەسەر فەرموودەیەکی لاواز یان شوێنەوار (اثر) یکی هەڵبەستراو[1] و قیاسێکی خراپ(فاسد) [2]

---

[1]_ واتای (أثر): ڕاغبی ئەصفەهانی دەڵێ:(أثر الشيء: دەستخستنی شوێنەواری شتێك کە بەڵگەیە لەسەر بوونی. کۆیەکەی (آثار)ە، خوای گەورە لەوبارەوە دەفەموویت:﴿ فانظر الى آثار رحمة الله ﴾ الروم: ٥٠. سەیری:(مفردات الفاظ القرآن: الراغب الاصفهاني، تحقيق صفوان عدنان داوودي، دار القلم، ط٣، ٢٠٠٢م، دمشق) بکە بە کەمێك دەستکاری و کورت کردنەوە. وە جورجانی دەفەرموویت: أثر: سێ مانای هەن: ١_ دەرەنجام کە بریتیە لە پاشماوەی شتێك. ٢_ بەمانای پەیوەندی دێت. ٣_ بەواتای بەشی دێت. سەیری:(التعريفات: للسيد شريف على بن محمد الجرجانى، دار احياء تراث العربى، بيروت، ١٤٢٤ھ _ ٢٠٠٣م) بکە. (وەرگێڕ).

[2]_ (قیاس) لە زمانەوانیدا: بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی شتێ بەشتێکی تر، دەوترێ: زەویەکەم پێوانەکرد بەمەتر، واتە ئەندازەم پێ کێشا.

وە لەزاراوەی زانایانی ئوصوڵدا بریتیە لە: گەیاندنی ئەو شتەی کە دەق (نص)ی لەسەر نەهاتووە بەوەی کە دەق لەسەر حوکمی هاتووە، بەهۆی یەکبوونی هۆ (علة)ەکەیان.

وە یان یەکسان بوونی بارودۆخێکە کە بەدەق حوکمی لەسەر نەهاتبێت، بە بارودۆخێکی تر کە دەق لەسەر حوکمەکەی هاتبێت لەو حوکمانەی کە دەقیان لەسەر هاتووە، بەهۆی یەکسان بوونی دوو

لەگەڵ پاك نیەتی و بەهێزی بەندایەتی کردنەکەی و هیمەتێك کە چیاکان ئەلەقێنێ، زۆربەی ئەوەی دەبینین زیاد ڕەوییە لە بەزۆر بەکارهێنانی دەقە ڕاستە شەرعیەکانە بۆ تەکفیر کردن و بە بیدعەت دانان کە ئەو دەقانە ئەو حوکمانە لە خۆی ناگرن و شێخ زۆر لە قسەکانی بە زۆری جەخت دەکاتەوە لە سەر ووشەی (هاوبەشدانان: الشرك) و ڕەچاوی ڕێککار و مەرجەکانی تەکفیر ناکات، بەو ڕاو بۆچوونانە بەڵگە بۆ قسەکانی دێنێتەوە کە ڕیزپەرن و هەڵهێنجان (استنباط)ی بەرتەسکە و ئەو _ حوکمەی _ کە دەر هاویشتە ساتێکە بە شایەت و گەواهی دەهێنێت پاشان کۆیان دەکاتەوە بۆ خەڵکی سادەی شوێنکەوتووەکان یان بۆ زانا ملکەچ بووەکان دەخاتەڕوو، وا بەخەیاڵی خوێنەرە سادەکەی دا دێنێت _ بریتین لە زۆربەی شوێنکەوتووەکانی شێخ موحەمەد _ ئا ئەوە زانستێکی گەورەیە و زانایان لە سەردەمی ویدا خیانەتیان لە سپاردە (أمانە)کانیان کردووە و خەڵکیان ئاگادار نەکردۆتەوە لە دیاردەی هاوبەشدانان و خەڵکی گەڕاونەتەوە بۆ سەردەمی نەفامی و هیچ جیاوازی نیە لە نێوان کەسی نوێژکەر و ڕۆژوو گر و لە نێوان ئەوەی کە (لات) و (عوزا) دەپەرستن، لەگەڵی دەچن ئاوڕ بە لای کەسی تردا نادەنەوە، لەبەر ئەوەی هۆشیاری داوە کە توخنی زانا و تەنانەت کەسی نەزان و سادەش نەکەون بەیەکسانی، وا گومانی برد کە زانایان وەك زانایانی نەوەی ئیسرائیل (بوونەتە حیبر و ڕاهیب و خەڵکی ئەوان بەخوا دادەنێنن جگەلە خوای گەورە)، جا خەڵکی دەشتەکی شوێنی کەوتن و بەویستەوە شمشێریان لە خوێندا و زمانیشیان لە تەکفیردا بەگەڕخست! و بارودۆخەکە یارمەتی دان و ڕۆژگاریش بە پیریانەوە چوو، هەر لەلاوازی دەوڵەتی عوسمانی و پەرتەوازی ئەمیرەکان لە نەجد، بەکەم زانینیان لەلایەن هێزەکانی

---

بارودۆخەکە لە هۆ (علة)ەکەدا. بۆ ئەم پێناسەیە سوودم وەرگرتووە لە:(الوجیز في أصول الفقه، ص١٥٣، د. عبدالكريم زيدان). (وەرگێڕ).

دەوروبەر، کەوا گومانیان برد وەهابیەکان هەوری هاوینن زوو لادەچن، شۆڕشی چەند عـەرەبێکی دەشـتەکی سـنووردارە لـە ناوەڕاسـتی نەجـدی بـێ هێزدایـە، تـا وای لێهـات توانیـان دەسـت بگـرن بەسـەر هـەموو نەجـددا، پاشـان خـەڵکی تێکـڕای ئـەو شـارانە شوێنیان کەوتن بە عەقیدەی خۆیان لە قالبیان دان، دواتر ڕووەو ڕۆژهەلأت و ڕۆژئاوا دەستیان کرد بەداگیر کردنی وڵاتـەکان، پێویست بـوو پـاش ئـەوەی کـە بارودۆخـەکان هێمن و ئارام بوونەوەو کیانی سیاسی پێکهێنـرا پێداچوونەوە بکرێـت بـۆ ڕابـردوو و خۆیان لابدایە لە زیاد ڕۆچوون و پشـتی میـانڕەوی و مامناوەنـدیان بگرتایـە، چـونکە ئامانجەکە بە دەسـت هـات و بەڵگەکـە گەیشت، بـەلأم زیـاد ڕۆچـوون هـەر بـەردەوامی کێشا و هیمـەت و هێزەکـان ڕوویـان کـردە بلأوکردنـەوەی ئـەو بـیرو بۆچـوونە و چاڵ هەڵکەنـدن بـەدەوری دا و بـەردەوامی دان بـە سەرزەنشـت کردنـی ئـەو کەسـەی کـە ڕاجیایە لەگەڵی لە بڕیارو کۆشش (اجتهاد)دا، تەنانەت وایان پێ باش بـوو کـە خۆیـان بـەو شـتانە هەڵبدەنـەوەو ئەوانـەی تـر بەکـەم سـەیر بکـرێن، هەڵسان بـە کردنـەوەی ناوەنـــدەکان لـــە ڕۆژهـــەلأت و ڕۆژئـــاوای زەوی، کۆبونـــەوە لـــەدەوری دابەشـــکردنی موســـڵمانان بـــۆ هاوبەشـــدانەر و خـــوا بەیـــەکزان تـــا وای لێهـــات کـــە دەســـەلأت و بانگەوازەکـەش دابـەش کـرا، لـە ناکـاو وەهابیـەکان بینیـان (ئوصـولیەکان = ئەوانـەی لەگەڵ شۆڕش و تەکفیری وەهابی و سەلەفی گەڵاڵەبوون) کە ئـەو شـتانەی موسـڵمانانی پێ تەکفیر دەکـەن لـە شـتە ووردەکـانن بـە چـەندان جـار زیـاتر هەیـە لـە نـاو خـودی هـەمان دەسـەلأت کـە بـە سـەلەفی دەزانـن، بۆیـە دەسەلأتیشـیان تـەکفیر کـرد و بـۆم دەرکـەوت کـە دەوڵـەت دڵ ئـارام بـوو بەرامبـەر بـە بیرۆکەیـەکی تـری سـەلەفی (کـە ئەویش گوێڕایەڵیە ئەگەر لە پشتی دای و ماڵیشی لێ زەوت کرد و بـردی)! و دەوڵـەت ئاگاداری ئەوە نەبووە کە سەلەفیەت (پێکهاتووە لە چەندین دەستەو تاقمی سەلەفی) و وەهابیەتیش (پێکهاتووە لە چەندین جۆرو پێڕی وەهابی)، هـەموو خێـر و چاکەیەك

**تەنها لە دادگەری و میانڕەوی و مامناوەندی دایە، دەستەیەك بڕیار لەسەر هەموو دەستەو مەذهەبەکانی تر نەدات، پێویست بوو ئیعتراف کرابایە بە تێکڕای مەذهەب و دەستە و تاقمە ئاشتی خوازەکان نەوەك خواردنی مافی کەمینە لە سەر حیسابی ڕازی کردنی زۆرینە.**

**لێرەدا سەلەفیەتی گوێڕایەڵ و وەهابیەتی شۆڕشگێڕ هەیە، تەرزی گوێڕایەڵی لە ناو سەلەفیەتدا زاڵترە، هەروەك چۆن تەرزو ئاراستەی شۆڕش لە ناو وەهابیەتدا زاڵترە، بەڵام بەیەك دەگەن لە تەکفیرو توند ڕەوی و دان نەنان بە ڕای کەسی بەرامبەر، لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگار لە ژێر ڕکێف و باڵی وەهابیەت (ئیخوان)[1] دەرچوون هاوەڵانی دوەیش، پاشان لە ڕکێفی سەلەفیەتیش (کۆمەڵی جوهەیمان دەرچوون، پاشان لەو دەستەیە کۆمەڵێك دەرچوون (ئەوانە ئێستا توند ڕەو و تەکفیرین) بەوپێیە بۆ دەوڵەت دەرکەوت کە کارەکان ئاڵۆزن و پێکەوە بەستراونەتەوە وەك ئەوە نەبوو کە (وەهابیە دەستە و پێوەندەکانی کۆشك) شیاندەکردەوە بەوەی کە چاکە و خێر هەر ئەوەیە کە لە (سەلەفیەت و وەهابیەت دایە) ئەم دڵنیا کردنەوەیە**

---

[1]_ ئەو تەیارو تاقمە وەهابیە بوون کە لە جەستەی گشتی وەهابیەت جیابوونەوە بە سەرپەرشتی (فەیصەڵی دوەیش) ئەمەش دوای ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٩٢٥ز کاتێك ئیبن سعود حیجازی داگیر کرد بینیان کە زۆرێ لەو دروشمە وەهابیانەی کە ئیبن سعود هەڵی گرتووە بۆ مەرامی کەسی بەکاری دەهێنێت لە واقیعدا بە پێچەوانەی دروشمەکان دەجولێتەوە بۆیە ئەمە بووە هۆکاری دروستبوونی لێك ترازان لە بەینی تەیاری ئیخوان بەسەرکردایەتی فەیصەڵی دوەیش و ئیبن سعود. ئەو لێك ترازانە زیادبوو تا وای لێهات ئەو تەیارو کۆمەڵەیە بوونە هەڕەشە لە سەر تەختی ئیبن سعود، بەڵام دواتر ئیبن سعود بەهۆی وەرگرتنی یارمەتی مادی لە شانیشنی بەریتانیا و بەکارهێنانی فەتوای ئەو زانا وەهابیانەی کە دەستەو پێوەندی ئەو بوون توانی زاڵ بێت بەسەر ئەم تەیارەدا. (بۆ نوسینی ئەم پێناسەیە سوودم بینیوە لە کتێبی: الفكر السياسي الوهابي قراءة تحليلية: أحمد الكاتب، ص: ١٢١_ ١٣٦). (وەرگێڕ).

[2]_ جوهەیمانی عوتەیبی: ئەو کەسەبوو کە سەرکردایەتی بزوتنەوەیەکی کرد لە ناو حەرەمی مەککەدا لەساڵی ١٩٧٩ز لە دژی سیستەمی دەوڵەتی سعودییە. (بۆ نوسینی ئەم پێناسەیە سوودم بینیوە لە کتێبی: الفكر السياسي الوهابي قراءة تحليلية: أحمد الكاتب، ص: ١٤٧). (وەرگێڕ).

ڕاست و لەجێی خۆی نەبوو، چونکە هەر کەسێ چاو خشاندنەوە بکات بەتەکفیری سەلەفی و ئەو لق و پۆپە پان و پۆڕو زەبەلاحەکەی ئەوا هەر بەدڵنیاییەوە دەزانێت کە هەر سەلەفیەك پێویستی بە تەکفیر هەبێت _ لەهەر کات و شوێنێك دا _ ئەوا زۆر بۆی ئاسانترە لە خواردنەوەی لیکی ناو دەمی و لێی نزیکترە لە شادەماری ملی! و وەهابی توندترە لە سەلەفی.

ئەو تەکفیریانە سەرباری هەڵە سەختەکانیان ئەوا موسڵمانان تەکفیر دەکەن لەگەڵ سەلەفی و شۆڕشی وەهابیەت لە دژی هاوبەشدانەران و بێ بڕوایان لە دوورگەی عەرەبی!.

بەلاَم هەندێ وەهابیەکان بۆچوونیان وابوو _ چ لە زانینەوە بێت یان لە نەزانینەوە بێت _ کە زۆربەی ئەو شتانەی شێخ موحەممەد ووتویەتی فەرامۆش بکرێت (لە تەکفیر کردن شۆڕش کردن) و بگوزەرێنن لەگەڵ دەستەی ئاشتی خواز لەگەڵ دەسەلاَت ئەوەش سەرچاوەی گرتووە لە تیۆری خراپی سەلەفیەت کە لەگەڵ پەیڕەوی ئیبن عومەرەوە دەستی پێکرد (ئێمە لەگەڵ ئەو کەسە داین کە زاڵ بووە)، جا هەردوولا بەیەکیاندا دا (ئاشتی خوازو تەکفیریەکان) لەبەرامبەر دەروازەکانی دەسەلاَت، یەکێکیان دەیەوێت دەربچێت بەبێ گەڕانەوە، ئەوەی تریش دەیەوێت بچێتە ژوور بەبێ پاشگەزبوونەوە، ئەم (سەلەفیە) لاسایی سەلەفیەتی تێك شکێنەر دەکاتەوە بە تەکفیرو کوشتار، ئەمەش (سەلەفیە) سەلەفیەتی گوێڕایەڵی کوێرانەی هەڵبژاردووە، هەردوو پەیڕەوەکان لە نێوان بواری تەکفیرو بواری نەرێنی دان.

---

[1] _واتە ئەوانەی ئاشتی خوازن دەیانەوێت بچنە ژوورە لە دەرگای خاوەن دەسەڵاتەوەو لێی دەرنەچن و لە بەرامبەردا تەکفیرییەکان دەیانەوێت کە لە هەمان دەرگای ناوبراو بچنەدەر و جارێکی تر بۆی نەگەڕێنە. (وەرگێڕ).

بـەڵێ بـۆ سـەربەخۆیی و ئـازادی و ڕاسـتگۆیی و پشـتگیری کـردن و سەرخسـتنی زانیاری و زانست و پاراستن و داواکردنی مافەکان و ڕێزگرتن لە مـرۆڤ و ڕۆچوون لـە زانسـت و زانیاریـدا و گرێـدانی پەیوەنـدی لەگـەڵ جیهـان سـەبارەت بـەو شـتانەی کـە سوود دەگەیەنن، هەوڵدان بۆ وازهێنان لەو خوێندنەوە سادەو ساکارانە بـۆ ئـەو دینـە گەورەو مەزنە.

بەڵام نا هەزار جار نا، بـۆ خـوێن ڕشـتن و تونـد ڕەوی و سـتەم و ئاسـۆ تەسـکی و مـاف خـواردن و بـە فـیڕۆدان و زیـاد ڕۆچـوون لـە دینـدا، بەتایبـەتی ئەگـەر هـاتوو شۆڕشـگێڕ پڕۆژەیـەکی سیاسـی دادپـەروەری پـێ نـەبێت، بـەڵکو چـەندان جـار چەوساندنەوە زیـاد دەکـات، وێنـە و نموونـەی (طالیبـان)مـان لـێ دوور نیـە، ئەگـەر دەوڵەتی سعودیە لە ڕۆژگاری شا عەبدولعەزیز لەسەر خۆی پێویست نەکردبایە بـرەو و تەکان بدات بەخۆی بۆ بەرەو پێش چوون لـە پێشکەوتنی ژیـاری (الحضاري) ئـەوا سـعودیە دەبـووە هاووێنـەی (طالیبـان) لـە دوورگـەی عەرەبیـدا، بـەڵام ئـەوەی شـا عەبدولعەزیز پێی هەڵسا بـەرەو کـەم بوونەوەیـە لەگـەڵ ئـەو ململانێیـە (گەڕانـەوەی نەتـەوەیی) لـە ڕۆژگـاری عەبدولناصـر پەیـدابوو، پاشـان لەگـەڵ ململانێـی (سـوننی و شیعی) لە ڕۆژگاری خومەینیدا و لە هەردوو بارودۆخدا، دەوڵـەت وای بـەدی کـرد کـە سوود لـە حاڵـە نەرێنیەکـەی سـەلەفیەت وەربگرێـت بـۆ حاڵـەتی ئـەرێنی سـەلەفیەتی دەرەکی، جا ئەمە لە ڕووی سیاسیەوە ڕاست و بەجێ بوو لـە سـەر ئاسـتی تـەکتیکی و هەڵەیەکی شەرعی بوو لە سەر ئاستی ستراتیژی.

ئەمڕۆ پاش دەرکەوتنی چەند شتێك بۆ دەوڵـەت کـە پێشـتر بـۆی دەرنەکـەوتبوو، ئـەوا دەوڵـەت داوا دەکـات کـە سـەرەتا ڕۆشـنبیریەکەی بگۆڕدرێـت بـۆ شـێوازێکی سەردەمیانە و پێویستە زانراو و زانین ئامانج و مەبەست بـن، بـەبێ پرسـیارکردن: چ سوود دەبینین لەو زانین و لەو زانراوە.

زانین و زانیاری خیانەت ناکات، ئەگەر کاتژمێرێك دڵ گرانی کردی ئەوا ڕۆژگاریٚ خۆشحاڵ و دڵ گەشت دەکات و بناغەی گەشەپێدان و ژیارییە و گرەنتی ستراتیژیە بۆ ئارامی و گەشەسەندن و پێشکەوتن، زانیاری و شارەزایی هێز و توانای هەیە بەسەر عەقڵ و دڵ و هەڵسوکەوتەکان.

سەلەفیەت و وەهابیەت و تێکڕایی مەذهەبەکانی تر کە ئەوەی تر قبوڵ ناکات ئەوا دژایەتی و ستەم دەکات لە زانین و زانیاری، خەڵکی لێی بێبەش دەکەن، بۆیە دەبینین ئەوەی کە ڕوو دەدات لەبارەی خوێندن لەلامان زۆرێك دەخاتە ناو نەزانینیەوە بەداخەوە، کۆتا دەرەنجامی ئەو توند ڕەویە کوێرانەیە بوو کە ئەمەش شتێکی سروشتیە، داوامان وا نیە لە دەستە و تاقمە زیاد ڕۆچووەکان کە مافی ناموسڵمانان بزانن ئەگەر بێتو مافی موسڵمانان نەزانن، داوایان لێناکەین دادگەربن لەگەڵ بێ باوەڕێکی ئاشتی خواز ئەگەر خوێندنی گشتی و زانکۆکان و وتارو ئامۆژگاری و دانراو و فەتواکان لە دەوری فەرز بوونی بە فیرۆ دانی مافی موسڵمانان بخولێتەوە، بەڕاستی گەر ئەم خۆ گێل کردنە بەردەوام بوو ئەوا گومان نابەین کە بە فەتوایەك لا بچیٚ کە لەنێوان ئەو هەموو شتانە بێنینەدەر کە کەڵەکە بوونە بە درێژایی چەند سەدەیەك.

### بڕگەی دووەم: زاراوەی وەهابیەت:

لەگەڵ ئەوەی ووشەی (وەهابیەت) سیفەتی سەرزەنشت یان ستایش کردن نیە، سەرزەنشت نیە ئەگەرچی وەهابیەکان دانبنێن بەوەی کە مەذهەبیشە، ئەو مەذهەبەی کە پشت دەبەستیٚ بە بەڵگەی ڕاست و دروست ئەوا ناوەکەی زیانی پیٚ ناگەیەنیٚ و ناونانیشی لە لایەن خەڵکیەوە بەهەمان ناو ئەوا هەر زیانی پیٚ

ناگەیەنێ، چونکە مەرج نیە ئەوەی مەذهەب بێت لە سێ سەدەی یەکەم بێ، هەروەك ئەو دەستە و تاقم و مەذهەبانەی کە تیۆر و ڕەفتاریان بنیاد دەنێن لە سەر بەڵگەی بێ هێزو پێز، ئەوا ئەگەرچی چاکترین ناویش لەخۆیان بنێن سوودیان پێ ناگەیەنێ ئەگەر لە سەدەی یەکەمیش بێت، چونکە پەندو وانەو عیبرەت بەڕاستی و ڕێك و پێکی زانست و پاك و پوختی ئیمان و ڕەفتاری چاکە نەوەك بە ناو لەخۆنان و هیوا خواستن.

سەرم سوڕماوە لەو شوێنکەوتووەی کە پیشەی بریتیە لە دووبارە کردنەوەی ئەوەی کە ووشەی (وەهابیەت) دژەڕاکانی وەهابیەت دایانهێناوە، لە دەوری نازناو و ناودا کۆ دەبنەوە لەگەڵ ئەوەی کە بێژە یان ناو لەخۆنان لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو ململانێیەیە.

مەبەستی دووەم: زانایانی بانگەوازەکە بەکارهێنانی ووشەی (وەهابیەت)یان بە دروست زانیوەو لە کتێبەکانیان دووبارە کردۆتەوە بەبێ ترسان لە تۆمەتبار کردنی بە مەذهەبچیەتی، بەڵکو کتێب و پەیامیان نوسیوە لە بارەی عەقیدەی وەهابی و بانگەوازەکەیان و هیچ زیان لەمەدا نیە.

وە یەکێك لەو زانایانەی کە زاراوەی (وەهابیەت)یان بەکارهێناوە (سولەیمانی کوڕی سەحیم) بووەو بەر لەویش (موحەمەدی کوڕی عەبدوڵەتیف) (الدرر السنية: ٨/٤٣٣) و جگەلەوانیش، بەهەمان شێوە ئەوانەی بەرگریشیان لێکردووە، چەند کەسێکی تریش کە ئەم زاراوەیان بەکارهێناوە وەك شێخ (حامید فەقێ) و (موحەمەد ڕەشید ڕضا) و (عەبدوڵڵا قوصەیمی) و (سولێمانی دخیل) و (ئەحمەدی کوڕی حەجەر ئەبو طامی) و (مەسعودی نەدەوی) و (ئیبراهیمی کوڕی عبید) خاوەنی (التذكرة) و جگەلەوانیش، لەگەڵ ئەوەی کە شێخ حامید فەقێ _ ڕەحمەتی خوای

لێبێت _ هەوڵی داوە کە گومان دروست بکات سەبارەت بە مەبەست و نیەتی هەموو ئەوانەی کە ئەو چەمکەیان بەکارهێناوە و پێشنیاری کردووە کە (بانگەوازی موحەمەدی) بۆی بەکار بهێنرێ، چونکە دەدرێتە پاڵ شێخ موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب! نەوەك بدرێتە پاڵ باوکی (عەبدولوەهاب) و لە پاشینەکان هەندێکیان لاساییان کردۆتەوە وەك شێخ (صالح فەوزان) کە بەناپەسەندی زانیوە کە (ئەبی زەهرە) و جگەلەویش ئەو زاراوەیان بەکارهێناوە، و داواکاری (حامید فەقێ) و (صالح فەوزان) بەوەی کە بۆ وەهابیەت چەمکی (بانگەوازی موحەمەدی بەکاربهێنرێ نەوەك وەهابیەت) لەبەر ئەوەی شێخ ناوی (موحەمەد)ە ئەو پێشنیارە لەلایەن ئەوانەوە زۆر نامۆ و سەر سوڕهێنەرە لەبەر ئەوەی (زۆربەی مەذهەبە بەناوبانگەکان ناو نەنراون بە ناوی خاوەنەکانیان، بەڵکو ناو نراون بە ناوی باو و باپیری خاوەن مەذهەبەکان، بۆ نموونە مەذهەبی حەنبەلی پاڵ دراوەتە لای (حەنبەل) کە باپیری ئەحمەدی کوڕی حەنبەلە (ناوی ئەحمەدی کوڕی موحەمەدی کوڕی حەنبەلە) و شێخ صالح فەوزان یان شێخ حامید فەقێ _ ڕەحمەتی خوایان لێبێت _ و ئەوانەی شوێنیان کەوتوون ئەو ناوەی (حەنبەلیەکان) بەناپەسەند نازانن و با ناوی مەذهەبی حەنبەلی بگۆڕن بۆ (مەذهەبی ئەحمەدی)! و مەذهەبی شافیعیش پاڵدراوەتە لای شافیع (ئەو شافیعە باپیری چوارەمی شافیعیە، ناوی شافیعی بریتیە لە: موحەمەدی کوڕی ئیدریسی کوڕی عەباسی کوڕی عوسمانی شافیعی)، ئینجا بۆچی مەذهەبی شافیعی ناونانێین بە (مەذهەبی موحەمەدی)! و مەذهەبی حەنەفیش پاڵدراوەتە لای حەنیفە، حەنیفە ناوی خاوەن مەذهەبەکە نیە، بەڵکو ناوی خاوەنەکەی (نوعمانی کوڕی ثابتە)، و ئەشعەریەکان پاڵدراونەتە لای ئەبی حەسەنی ئەشعەری و ئەشعەر باپیرەی سەردەمی نەفامی کۆنی هۆزی ئەشعەریەکانە، ئەو بریتیە لە: (ئەشعەری

کوڕی ئـەدەدی کـوڕی زەیـدی کـوڕی یوشـجەبی کـوڕی عـەریبی کـوڕی زەیـدی کـوڕی کەهلانی کوڕی سەبەئە)، ئا ئەمە باپیرەی هۆزی ئەشعەریەکانە، کـە لـە نێـوان ئـەو و لـە نێـوان ئـەبی حەسـەنی ئەشعەری خـاوەنی مـەذهـەب دەیـان بـاوك هـەن...... وە (ئیباضیەکان) ناونراون بە ناوی (عەبدوڵڵای کوڕی ئیباض)، وای لێهاتووە مەذهـەبێك نابینین کە ناونرابێ بەناوی دانەرەکەی بە دەگمـەن نـەبێ، وەك مـالیکی کـە بـە نـاوی (مـالیکی کـوڕی ئەنـەس) نـاونراوە و زەیـدی کـە بـە نـاوی (زەیـدی کـوڕی عـەلی) و جەعفـەری کـە بـە نـاوی (جەعفـەری صـادق) نـاونراوە، ئینجا ئـەو کەسـەی زاراوەی وەهابیەت بەکاردێنێ بۆ مەذهەبی شێخ موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب ئەوا دوورتر نیە لە ڕاستی و لە چاو ئەوانەی کە ناوی حەنبەلی بەکار دێنن بۆ شوێنکەوتووەکانی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، سەرباری ئەوانی تر.

دواتـر شـێخ صـاڵح فـەوزان زاراوەی (السـرورية) بـەکاردێنێ بـۆ شـوێنکەوتووانی (موحەمـەدی کـوڕی سـروری کـوڕی نـایفی زەینولعابـدین)، کەواتـە بۆچـی نـاوی نـانێ (موحەمەدی)! ئێمە لە ناو سەلەفیەکانیش جۆرە نازناوێ دەبیسین کـە نـاوی یـەکتری پێ دەزڕێنن وەك (الجامين) و (المدخلين) و (البـازيين) و (الالبـانيين) و (القطبـيين) و (البنائيين)... تاد.

**بڕگەی سێیەم:**

لـە بـەناوبانگترین زانـا و چـاکخوازەکانی هاوسـەردەمی شـێخ موحەمـەدی کـوڕی عەبدولوەهاب:

١- حوسـەینی کـوڕی موحەمـەدی مـەغریبی صـەنعانی (١١١٩ك). خـاوەنی (بـدر التمام) و ئیبن ئەمیر پشتی پێبەستووە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (سبل السلام).

٢- حەسەنی دیمەشقی (١١٢٠ك) خاوەنی کتێبی (اسباب ورود الحديث).

٣- ئەبو مەواهیبی دیمەشقی موفتی حەنبەلیەکان (١١٢٦ك).

٤- شێخ تەقیەددینی حوصنی دیمەشقی شافیعی (١١٢٨ك).

٥- شێخ عەبدوڵڵای کوڕی سالمی بەصری و دواتر مەککی (١١٣٤ك).

٦- شێخی زانکۆی ئەزهەر ئیبراهیم فەیومی (١١٣٧ك).

٧- فەرموودەناس ئەحمەدی کوڕی قاسمی ئەلبونی تەمیمی (١١٣٩ك).

٨- عەلی کوڕی مورادی عەمری موفتی موسڵ (١١٤٧ك).

٩- یەحیای کوڕی عومەری ئەهدەلی زوبەیدی (١١٤٧ك).

١٠- عەجلونی یەکێکە لە فەرموودەناس و شەرعناسە گەورەکانی دیمەشق (١١٤٨ك).

١١- شێخ عەبدولغەنی بورهانی، (البيقونية)ی تەفسیر کردووە (١١٥١ك).

١٢- شێخ ئەحمەدی سملالی مەغریبی (١١٥٢ك).

١٣- یوسفی حوسەینی موفتی حەنەفیەکان لە حەلەب (١١٥٣ك).

١٤- شێخ عەبدولوعطی خەلیلی، موفتی شافیعیەکان لە قودس (١١٥٤ك).

١٥- شێخی کۆششکار (مجتهد) ئەحمەدی لەمطي (١١٥٧ك).

١٦- تەهانوی هیندی خاوەنی (اصطلاحات الفنون) (١١٥٨ك).

١٧- مەنصور حوسەین کوڕی قاسمی یەمانی (١١٦١ك).

١٨- عیجلونی لە فەرموودەناسان، خاوەنی (كشف الغطا) (١١٦٢ك).

١٩- شێخ موحەمەدی حەیات سیندی لە زانایانی مەدینە (١١٦٣ك).

٢٠-موحەمەدی کوڕی عەبدولڕەحمانی غەزی موفتی شافیعیەکان لە دیمەشق (١١٦٧ك).

٢١- سالمی نەفڕاوی (١١٦٨ك).

٢٢-ئیبڕاهیمی وەیدانی موفتی نەوازل (١١٦٨ك).

٢٣-سولەیمانی مەنصوری حەنەفی (١١٦٩ك).

٢٤-حامدی عەمادی موفتی دیمەشق کوڕی موفتیەکەی (١١٧١ك).

٢٥-عەبدوڵڵای شبڕاوی شێخی ئەزهەر (١١٧١ك).

٢٦-ئیسحاقی متەوەکیلی یەمانی (١١٧٣ك).

٢٧-عەبدولمونعیمی قەلعی موفتی مەککە (١١٧٤ك).

٢٨-موحەمەد سەعید سونبل شافیعی مەککی (١١٧٥ك).

٢٩-ئەحمەدی کوڕی عەبدولعەزیزی هیلالی (١١٧٥ك).

٣٠-شاه (ولي الله الدهلوي) یەکێکە لە گەورەترین نوێکەرەوە (مجدد)ەکانی هیند (١١٧٦ك).

٣١- بەرزنجی موفتی شافیعیەکان لە مەدینە (١١٧٧ك).

٣٢-عەبدولکەریم شەڕاباتی فەرموودەناسی حەلەب (١١٧٨ك).

٣٣-ئەحمەدی کوڕی موحەمەدی وەرزازی حبری تەطوان (١١٧٩ك).

٣٤-عەبدولڕەحمانی کوڕی ئیدریسی حوسەینی شێخی مەغریب (١١٧٩ك).

٣٥-عەبدولموحسینی کوڕی ئەسعەدی ئەسعەد موفتی مەدینە (١١٨٣ك).

٣٦-عەلی کوڕی موحەمەدی موڕادی یەکێکە لە زانا هەڵکەوتووەکانی سەردەمی خۆی لە دیمەشق (١١٨٣ك).

٣٧-عەبدولموحسینی کوڕی عەلی ئەشقەری ئەرکی فەتوادانی لە ناوچەی زوبەیری گرتە ئەستۆ (١١٨٧ك).

٣٨-حەمەدی کوڕی ئەحمەدی سەفارینی خاوەنی (المنظومة في العقيدة) (١١٨٨ك).

٣٩-ئەحمەدی کوڕی یوسفی حەدیث یەمانی (١١٩١ك).

٤٠-موحەمەد تافلاتی موفتی حەنەفیەکان لە قودس (١١٩١ك).

٤١- موحەمەدی کوڕی سولەیمانی کوڕدی موفتی شافیعیەکان لە حیجاز (١١٩٤ك).

٤٢-سولەیمانی ئەهدەل فەرموودەناسی یەمەن (١١٩٧ك).

٤٣- عـەلی کـوڕی موحەمـەدی شـەروانی سـەرۆکی زانـا حەنەفیـەکان لـە مەدینـە (١٢٠٠ك).

٤٤- عەبدوسەلام داغستانی (١٢٠١ك).

٤٥- عەبدولوەهابی ئەحسائی حەنبەلی (١٢٠٥ك).

٤٦- زوبیدی خاوەنی (تاج العروس) (١٢٠٥ك).

٤٧- موڕادی موفتی شام خاوەنی (سلك الدرر) (١٢٠٦ك).

٤٨- عەبدولقادری کەوکەبانی زەیدی فەرموودەناس شێخی شەوکانی (١٢٠٧ك).

٤٩- سولەیمانی کوڕی عەبدولوەهاب برای شێخ موحەمەد لە (حریملاء).

٥٠-عەبدوڵڵای کوڕی سەحیمی نەجدی لە (ریاض).

٥١- براکەی سولەیمانی کوڕ سەحیم.

جگەلـەو زانـا ناوبراوانـە زۆرێکـی تـریش _ و پێشـتر باسـی هەنـدێ لـە بەرهەڵسـتکارەکانی شـێخمان کـرد کـە لێـرەدا باسمـان نـەکردن _ و دەیـان زانـای هاوسەردەمی شێخمان بەجێ هێشت بـەڵکو کتـێبی دانـراو هـەن لـە بـارەی ژیاننامـەی زانایانی سەدەی دوازدەهەم یـەکێ لـە بـەناوبانگترین ئـەو دانراوانـەش (سـلك الـدرر في تـراجم علماء القرن الثانی عشر) و ئەمە بەڵگەیە لە سەر ئـەوەی کـە بارودۆخەکـە لـە جیهـانی ئیسلامی بەتـەواوی ڕۆنەچوو بـوو لـە نـەزانی دا چ جـای لـە هاوبەشـدانانی گەورە! هەروەك هەندێ وا بە مێشکیان دادێ ئەمەش بە پشت بەسـتن بەهەنـدێ لـەو نوسراوانەی کە هەندێ لە زانایانی بانگەوازی وەهابەت و مێـژوو نوسـان نووسـیویانە، هـەروەك دادگەرانـە نیـە کـە تێکۆشـان و هـەوڵ و تەقـەلای تێکـڕای ئـەو زانایانـە فـەرامۆش بکـەین، بـەڵام بەداخـەوە ئـەو زانایانـە لـە سـەر قسـەی زیـاد ڕۆچـووە

وەهابییەکان هاوبەشدانەرن بە هاوبەشدانانی گەورە! جا ئەمە هەروەك ئەوە وایە کە ئیسلام کوژابێتەوە تا ئەو ساتە وەختەی شێخ موحەمەد وەك نوێکارێ زیندووی کردەوەو بەڕاستی ئەمەش پێچەوانەی واقیعە، بەلاّم بەداخەوە ئەمە گومانی زۆرێك لەلاسایی کەرەوەکانی شێخە.

**بڕگەی چوارەم: زیاد ڕۆچوونی زیاد ڕۆچووان لە شێخدا پێچەوانەی ئەوەیە کە خودی شێخ ڕێگری لێکردووە:**

یەکێك لەو بەلگانە ئەوەیە کە زۆربەی ئەو شتانەی کە شێخ ڕێگری لێکردووە لە کتێبەکانی و ناوبانگترینیان زیاد ڕۆچوونە لە پیاوچاکاندا ئەوا ئەم خەسلەتە هەر لە خودی وەهابییەکانیش دا بەهەمان شێوە هاتەجێ بەهۆی زیاد ڕۆچوونە زۆرو زەبەلاحەکەیان لە شێخ موحەمەد دا، هەروەك سوودیشیان وەر نەگرت لەو ڕاپۆرت و نوسینە گەورانە کە شێخ نووسیویەتی لە ڕێگری کردن لەلاسایی کردنەوەو پشت لە ڕاستی کرد، جا دەمارگیریان بۆ شێخ دوور بوو لە زۆربەی ئەو شتانەی کە ڕێگری لێکردووە، دەکرێ نموونەیەك وەربگرین ئەویش بریتیە لە:(مەسەلەکانی سەردەمی نەفامی) کە شێخ موحەمەد باسی کردووە کە هۆکاری هاتنی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) بووە و پوچی کردۆتەوەو یەکێك بووە لە هۆکارە سەرەکیەکانی ڕەتکردنەوەی حەق لەلایەن بێ باوەڕانی قوڕەیشەوە، ئەو تایبەتمەندی و خاسیەتانە بە ڕوونی ئەمڕۆ دەبینین لە خودی زیاد ڕۆچووە شوێنکەوتووەکانی شێخ و لەوانە _ بەکورت کردنەوەو دەستکارییەوە _ دەیخەینەڕوو:_

١_ ئەو قسەیەی شێخ کە دەڵێت: بە ڕاستی دینی ئەوان _ واتە خەڵکی سەردەمی نەفامی _ بنیادنراوە لە سەر چەند بنەمایەك کە گەورەترینیان لاسایی کردنەوەو تەقلیدە!! ئەمە یاسای هەرە گەورەیە بۆ هەموو بێ باوەڕان بەسەرەتا و کۆتاییان.

دەڵێم: لاسایی کردنـەوەو تەقلیـد لـە زیـاد ڕۆچـووەکانی ئێمـەدا دیـارترە لـەوەی نموونـەی بـۆ بێنینـەوەو بەتایبـەتی لـە بـواری عەقیـدەدا، جـا ئـەوان ووتـەی زانایـان لـەبارەی عەقیـدە دێننـە ئاسـتی دەقـەکانی شـەرعی ئەگـەر بەگـەورەتری دا نـەنێن، تەنانـەت بەسـە بـۆ یـەکێکیان کـە بەڵگـە بهێنێتـەوەو بڵێـی: ئیمـامی ئەحمـەد ووتویـەتی..... یـان شێخولئیسلام ئـیبن تەیمیـە ووتویـەتی.... یـان شـێخ موحەمـەدی کوڕی عەبدولوەهاب ووتویەتی...... ئەمە هەروەك ئەوە وایە کە بەڵگە بهێنێتـەوە بـە دەقێکی شەرعی و یەك مانا هەڵگر (قطعي) کـە گومـان لـە چەسـپاویەکەی دا نـەبێت! ئەمە نەنگی و ناڕێکیەکی زۆرە و ناشبینم کە یەکێ گرنگی پێ بدات تەنها کەمێك لـە زانایـان نـەبن لـە کـۆن و ئێسـتادا چ جـای ئـەوانی تـر، هـەتا ئەوانـەی دژی لاسـایی کەرەوانن ئەوا تەنها لاسایی کردنەوە لەبواری فیقهی بـە ناپەسـەند دەزانـن خـۆ دوور دەگـرن لـە نکـۆڵی کـردن لەلاسایی کردنـەوە لـەبواری عەقیـدەیی کـە ئـەو لایانـە زۆر ترسـناکترە لـە نـاو ئوممەتـدا لەلاسـایی کردنـەوە لـەبواری فیقهـی، چـونکە فیقهخـواز (متفقه)ەکان ژیان گوزەراندن لەگەڵ یەکتر قبوڵ دەکەن بـەڵام لاسـایی کـەرەوەکان لـە عەقیـدەدا چـەند ڕاو بۆچـوونێکی تـەکفیری بەجێـدێلێن کـە هـەر کەسـێ فڵانـە یـان فیسارە بۆچووونەی هەبێت کافرە و بەم شێوەیە بۆ ئەوانەی پاش خۆیان دەگوازنەوە، دەکرێ ئیبن حەزم و موقبەلی لەو کەمە کەمینانەبن کەوا لاسایی کردنەوەو تەقلیـدی عەقیدەییان بە ناپەسەند زانیوەو موقبەلی لـە بـەهێزترین ئـەو دوو کەڵـە پیاوانەیـە لەو بوارەدا و هاوسەنگی زیاترە و کـەمتر قسـە و ڕەفتارەکـانی دژ یـەکن و ووردبینـترە لە زانستی عەقیدەکانی مەذهەبەکانی ئیسلامی.

[٢] _ شێخ ووتویـەتی: لـە گـەورەترین یاسـاکانیان _ واتـە یاسـاکانی خـەڵکی سـەردەمی نەفامی _ لە خۆبایی بوونە بە زۆری کەسەکان! و بەبەڵگەشی دەزانن لـە سـەر چـاکی

شتەکە و لە هەمان کاتیشدا بەبەڵگەی دەزانن لە پووچی و بێ بنـەمای شـتێك ئەگـەر ناموٚ و پاڵ پشتی کەم بوون.

دەڵێم: ئەمـە دیاردەیـەکی دیـارە لـە زۆربـەی زیـاد ڕۆچـووەکانمان دا چ لەلاسـایی کەرەوەکان و چ لە سەلەفیەکان لە کاتی بـەهێزی و زۆری و بۆریـان، ئەگـەر هەسـتیان کرد بە لاوازی و کەمی خۆیان ئەوا تەنها هاوار دەکـەن بـەو ڕستەیە:(خۆشـبەختی بـۆ کەسە نامۆیەکان)!

[٣]_ شێخ باسی کردووە: بەڵگە دەهێننەوە بە خەڵکانی پێشین وەك ئـەو فەرمایشـتەی خوای پاك و بەرز _ کە بەڵگەی فێرعـەونمان بـۆ دەگێرێتـەوە _:﴿ ... فما بال القرون الاولى: ئەی ئەو هەموو خەڵکەی لەوەو پێش تیاچوون، چیان لێهات و سەر ئـەنجامیان چۆنە﴾؟!

دەڵێم: ئەمەش بەهەمان شێوە لە ناو زیاد ڕۆچووانماندا هەیە وەك ئەو قسـەیەی هەندێ لە زیاد ڕۆچووە سەلەفیەکان _ کاتێ یەکێ لە هەڵەکانیان پیشانیان دەدەی _ پێت دەڵێت:(کێ پێش تۆ ئاماژەی بۆ کردووە؟!) کەچی لەوانەی پێشە خۆیان ناپرسـن سەبارەت بەو هەڵانـەیان و لەوانـە ئـەو هەڵـە زۆرانـەی کـە باسمـان کـردن لـە هەنـدێ لێکۆڵینەوەو کتێبەکانی عەقیدەدا.

[٤]_ شێخ ئەوەشی بـاس کـردووە: بەڵگـە دەهێننـەوە بـە نەتـەوەو گـەلێك کـە هێزیـان پێدراوە لە تێگەیشتن و کارکردندا.

دەڵێم: بەهـەمان شـێوە هەنـدێ لەلاسایی کـەرەوەو موقەلیـدەکانی ئـیبن تەیمیـە دەڵێن: تـۆ کێیـت تـا پـەی و درك بکـەیت بـە هەڵـەکانی ئـیبن تەیمیـە؟! کـە خـاوەنی زیرەکی و ژیربێژی و فەلسەفە وە...وە.. تاد.

[٥]_ شێخ باسـی کـردووە: بەڵگـە دەهێننـەوە لەسـەر پـوچ و بـەتاڵی شـتێك بـەوەی کـە تەنها لاوازەکان شوێنی کەوتوون!

دەڵێم: هەر ئەوەیە کە هەندێ زیاد ڕۆچووان ئەمڕۆ دەیکەن کە دەڵێن: تەنها کەمێ لەو کەسانە شوێنی ئەوانە دەکەون کە هیچ قیمەت و بڕوانامە و پلە و پایەیەکیان نیە...، ئەگەر لەبارەی زانایەك یان لێکۆڵەرێك قسەیان لەگەڵ بکەیت، دەست پێشخەری دەکەن، دەڵێن هیچ کەس نایناسێ و زانایان بە باشە باسیان نەکردووە!

٦_ شێخ باسی کردووە: زیاد ڕۆچوون لە زاناکان و پیاوچاکان دا.

دەڵێم: نموونە و هاووێنەی ئەمە زۆرە زۆرە، ئەگەر کەسێکی خاوەن ئینصاف ئەو شتانە بخوێنێتەوە کە زیاد ڕۆچووەکان دەینوسن لە بارەی ئیمامی ئەحمەد و ئیبن تەیمیە و شێخ موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب، ئەوا وا بە ئەندێشەی دادێ کە ئەوان لە بارەی بەدیهێنراوێك دەدوێن کە دەراسان و لە جنۆکە و مرۆڤ و فریشتەکان نین، فڵانە دەزانی کەی فەرمان دادەبەزێت لەناو چینەکانی ئاسمان و زەوی و فیسارە لە مونکەرو نەکیر هەڵدەدات، ئەوەی هەواڵ دەدات بە ڕێوشوێنی تەتار بەر لەوەی لە شوێنی خۆیان بجوڵێن..، پاشان ئەو زیاد ڕۆچووانە دەبینین ئەو شتە پڕو پووچانە قبوڵ دەکەن لە توونـدترین ئەو کەسانەن کە سەرزەنشتی زیاد ڕۆچوون و زیاد ڕۆچووان دەکەن (بگەڕێوە بۆ ئەو بابەتەی کە نوسیومانە لە بارەی زیاد ڕۆچوون لە کتێبی:(العقائد).

٧_ شێخ باسی کردووە: شوێکەوتنی هەوەس و ئارەزو و گومان و پشت هەڵکردن لەوەی کە خوای گەورە پێی بەخشیوون.

دەڵێم: هەر ئەوەشە کە هەندێ لە زیاد ڕۆچووەکانمان دەیکەن لە کاتێ کە بەڵگەیەکی شەرعی بۆی دەخەیەڕوو وەڵامت دەداتەوە بەوەی کە ئیبن تەیمیە و ئیبن قەیم ڕایان ئاوایە... وە زانایان وا و وا دەڵێن...، ئەگەر ئەوەی ئەو قسانە دەکات کەسێکی سادە بوایە ئەوا شتەکە ئاسان دەبوو بەڵام دەبینین یەکەم ئامۆژگاری ئەو

زانایانەی کە لاساییان دەکرێتەوە لە ناو زانستخوازە دامەزراوەکان ئەوەیە کە دەکرێ زانایەکی بەتوانا و چاك شوێنی زانایەکی تر بکەوێ کە زانستی کەمتر بێت لە موقەلیدەکەی و کەمتریش دەمارگیر بێت، دەنا ئێمە دەستەی گەورەی زانایان دەناسین بۆ نمونە زانای وای تێدایە کە بەڕاستی زانان بەلاّم دەنگیان نیە و شوێنکەوتوو ملکەچی زانایانی ترن کە هیچ لێکۆڵینەوەو ئینصافیان نیە، لێرەدا زانست هەڵدەگیرێت و نامێنێت لەکاتێکدا خەڵکی سەرۆکی نەزان هەڵدەبژێرن خۆیان گومڕا دەبن و ئەوانیش گومڕا دەکەن.

٨_ شێخ تێدا باسی کردووە: پاساو هێنانەوە، دوای ئەوەی کە خوای گەورە ئەو دینەی پێی بەخشیبوون ﴿ و قالو قلوبنا غلف: هەروەها ووتیان: دڵەکانمان داخراوە (لە گوفتاری تۆ، تێناگەین)..﴾؟

دەڵێم: ئەمەم بینی کاتێك گفتوگۆمان کرد لەگەڵ هەندێکیان، ووتی: وا بخەملێنە کە ئێمە گێل و گەلحۆ بین و تێناگەین!

٩_ شێخ تێیدا باسی کردووە: سەرباری ئەوەی لەسەر ڕێچکەیەکی باطل و پڕو پوچن ئەوا ئەو ڕێچکەیە هەر دەدنە پاڵ پێغەمبەران.

دەڵێم: ئا ئەمە زیاد ڕۆچووە سەلەفیەکان و وەهابیەکانن، کە تەکفیر دەدەنە پاڵ خواو پێغەمبەرەکەی.

١٠_ شێخ باسی کردووە: تێکگیرانیان لەوەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان شوێنکەوتووی پێغەمبەرن (صلى الله عليه و سلم) کەچی فەرمانبەرداریشی نابن؟!

دەڵێم: ئەوەش هەیە لە ناو زیاد ڕۆچووەکان یان کاتێك پێی دەڵێیت کە پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) ئاوای فەرمووە پاساو دەهێننەوە بەوەی کە هەندێ لە زانایان ئاوایان ووتوەو ئەوان زیاتر لە ئێمە لە فەرمایشتەکە دەگەن! کاتێکیش

بابەتەکە لە بەرژەوەندی ئەوان بوو پەنا دەبەنە بەر فەرمایشتی ئیمامی مالیك (هەموو کەسێ قسەی لێ وەردەگیرێ و ڕەتیش دەکرێتەوە تەنها ئەو زاتە نەبێت کە لەو گۆڕە دایە _ کە مەبەستی پێغەمبەر بووە (صلی الله علیه و سلم))!.

[١١] _ شێخ باسی کردووە: کە تانەو تەشەر دەدەن لە هەندێ پیاوچاك بەهۆی کردەوەی هەندێ لە شوێنکەوتووەکانی.

دەڵێم: ئەمە لە هەندێ زیاد ڕۆچووەکاندا هەیە وەك تانە و تەشەر لە صۆفیگەری دان بەهۆی کردەوەی هەندێکیان، تانە و تەشەر دان لە شیعە بەهۆی کردەوەی هەندێکیان، بەڵکو بەر لەمە تانە و تەشەر دانیان لە ئیمامی (عەلی) یان ئیمام (جەعفەری صادق) بەهۆی کردەوەی هەندێ لە شیعەکان، تا یەکێ لە زیاد ڕۆچووانی سەلەفی واگومان دەبات کە ئیمامی (عەلی) جەنگی لە پێناو سەرۆکایەتی کردووە نەوەك دینداری! و یەکێکی تر بەڕاشکاوانە دەردەبڕێ کە ئیمام (جەعفەری صادق) ماسۆنیەکی درۆزن بووە! ئێمە لێرەدا کەس بەپاك دانانێین لە هەڵە، نە ئیمامی (ئەبوبەکر) و نە ئیمامی (عەلی) و نە ئیمام (جەعفەری صادق) و نە ئیمامی شافیعی، چونکە هەموویان هەر مرۆڤن هەڵەی خۆیان هەیە وەك کەسانی تریش هەیانە بەلاَم دروست نیە کە ئالوبەیت تۆمەتبار بکەین بە شتی پڕو پوچ و باتڵ و ڕێگا بە شیعە بدەین تا بەرگریان لێ بکەن! بۆ نموونە پەنا بەخوا ئیمام (جەعفەری صادق) ئەگەر ماسۆنی یان درۆزن بێت وەك ئەو گومانەی (الجبهان) بردویەتی، ئەوا شتێکی نامۆیە کە میانڕەوکانمان بێ دەنگیان نواندووە، بەرپەرچی ئەوانە نادەنەوە، کەچی چالاکی و جۆش و خرۆشیان سارد نابێتەوە لە بەر پەرچدانەوەی ئەوەی (ئیبن تەیمیە) بەهەڵە دەزانی یان (بەربەهاری) یان شێخ (موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب) بەهەڵە دەزانی، ئەمە تێکگیران و دژیەك بوونە لە هەڵوێستدا و

بەڵگەشمان لە سەر کاریگەربوون پێی بەو پەرچکرداره یان ترسانمان لە تۆمەتبار کردنی مرۆڤ، دڵنیابوونمان لە ئاست تۆمەتبار نەکردنی پەروەردگاری مرۆڤ.

۱۲_ شێخ باسی کردووه: ژیانی دونیا ئەوانی هەڵخەڵاتاندووه وا گومانیان برد کە رزق و ڕۆزی و بەخششەکانی خوا بەڵگەیە لە سەر ڕەزامەندی خوای گەوره!! (نحن اكثر امولا واولادا و ما نحن بمسبوقين: ئێمە سامان و نەوەی زیاترمان هەیە، کەسیشمان پێش نەکەوتووه)؟!

دەڵێم: ئەمەش بەهەمان شێوه لە هەندێ لە زیاد ڕۆچووەکانمان دا هەیە کە بەڵگە دێننەوه دژ بە دژەڕاکانیان بەوەی: ئایا نابینیت خوای گەوره بە ماڵ و سەروەت و سامان و پلەو پایەی بەئێمە بەخشیوه... تاد! و ئەگەر کەسێك جگەلەوان پلەو پایە و ماڵ و سەروەتی دەست کەوت دەڵێن:(ئا ئەمە دونیایە خوای گەوره تەنها داویەتی بەوان تا ببێتە پەشیمانی و حەسرەت بۆیان لە دوارۆژدا)! ئەمە زۆر بڵاوه لە ناو هەموو زیاد ڕۆچووەکان دا، ئەگەر تووشی ناخۆشی بوون دەڵێن: ئەمە تاقی کردنەوەیە! (خوای گەوره ئەگەر گەلێکی خۆش ویست تاقیان دەکاتەوه)! ئەگەر ناخۆشیەکیش تووشی دژەڕاکانیان بوو، ئەوا دەڵێن:(ئا ئەمە سزای خوای گەورەیە ئەو سزایەی چاوەڕوانیش دەکرێ گەورەتره)! ئەمە هەر هەمووی بریتیە لە دیاریکردنی مەبەستی خوای گەوره هیچ کەسێ نهێنی ئەو ناخۆشیە یان ئەو ڕۆزیە نازانێت تەنها خوای گەوره نەبێت، ئەوەی پێویستە لەسەر موسڵمان ئەگەر خۆشیەکی بۆهات یان ناخۆشیەك بەسەر دژەڕاکەی دا هات کە موسڵمانە ئەوا با نەڵێت هی من لە پاداشتە یان تاقیکردنەوەیە و هی ئەویش سزایە بەڵکو با هیوا بخوازێت کە هی ئەو تاقیکردنەوه بێت و هی ئەوەی تریشی ترسی لێ هەبێت، هیوای چاکە بۆ موسڵمانان بخوازێت و لەو بەڵایانەی کە بەسەریان دادێت بترسێ ئەگەر چی ئەو موسڵمانە لەخراپترین دوژمنەکانیشی بێت.

١٣_ شێخ باسی کردووە: بەهۆی لووت بەرزی و خۆبەگەورە زانینیانەوە ملکەچی ڕاستی نابن ئەمەش لەبەر ئەوەی پێشتر کەسانی لەڕو لاواز ملکەچی ڕاستی و حەق بوونە!

دەڵێم: پێشتر نموونە لەسەر ئەمە هێنراوەتەوە.

١٤_ بەلگە هێنانەوە لەسەر باتڵ و پوچی شتی ڕاست، چونکە لاوازەکان پێشتر ملکەچی بوونە ئەمەش وەك حاڵی هاوبەشدانەران وایە کە ووتیان:﴿ لو كان خيرا ماسبقونا اليه: ئەگەر باوەڕهێنان بە قورئان و موحەمەد (صلى الله عليه و سلم) چاك بوایە، ئەوانە پێش ئێمە نەدەکەوتن﴾!!.

دەڵێم: پێشتر شتێکی لەو جۆرە خرایەڕوو.

١٥_ شێخ باسی کردووە: هیچ ڕاستیەکیان بەژێریدا ناچێت تەنها ئەوە نەبێت کە لەگەڵ دەستە و تاقمەکیان یەکدەگرێ!

دەڵێم: ئەوە لە ناو زیاد ڕۆچووەکانمان دا لە ڕوونترینی شتەکانە، کاتێك بەلگەیەکیان بۆ دەخەیەڕوو دەڵێت: ئەمە لە شێخەکانمان گوێمان لێ نەبووەو بوونی نیە لە سەرچاوەکانمان دا، لەگەڵ ئەوەی ڕاستی مەرج نیە هەمووی لەلای ئێمە باسی لێوەکرابێ و هەر لەکۆنەوە زیاد ڕۆچووان دژایەتی زانستی بەکەڵك و بە سوودەکانیان کردووە لەو بارەدا وەك گرنگی و پلەو پایەی ژیبێژی (المنطق).

١٦_ شێخ باسی کردووە: ئەوان کار ناکەن بەو شتانەی کە دەستەو تاقمەکەیان هەڵی دەبەستن!

دەڵێم: ئەمەش بەهەمان جۆر لە زیاد ڕۆچووەکانمان دا هەیە، ئەوان نازانن کە ئیبن تەیمیە (جەهەمیەکان) و (ڕافیضیەکان) تەکفیر ناکات! و دروست نیە کە شێخ ئەمە بچەسپێنێ کە فلانە کۆمەڵە ڕزگار بووە لە ئاگرو فیسارە دەستە و کۆمەڵە لە

ناوچوو و دۆزەخییە، لەبەر ئەوەی ئەمە بڕیاردانە لە جیاتی خوا، هەندێکیان نازانن لە حەنبەلیە پێشینەکان ئەبو حەنیفەیان تەکفیر کرد! ئەحمەدی کوڕی حەنبەل تەکفیری ئەو کەسانەی نەدەکرد کە تەبەرِوکیان بەمینبەری پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) دەکرد.

[17]_ شێخ باسی کردووە: باوەڕ نایەنن بەحەق ئەگەر لەلای کەسێ بێت کە خۆشیان نەوێت و بەسوکی دەزانن!

دەڵێم: ئەمە دیارە لە هەندێ زیاد ڕۆچووەکانمان دا، دەبینی ئەگەر حەقیش بێ بەڵام لەبەر ئەوەی فلانە ووتویەتی ئەوا ڕەتی دەکەنەوە، ئەگەر زانیشیان کە فلانەش _ لەوانە بێت کە خۆشیان دەوێ _ هەمان قسەی هەیە ئەوا لەلایان ئاسان دەبێت و بەڕاستی دادەنێن و دەروونیان ئارام دەگرێ.

[18]_ شێخ باسی کردووە: نکوڵی کردن لەو شتانەی کە لەدینی ئەوانە و دانیشیان پێ داناوە.

دەڵێم: ئەمەش وەك نکوڵی هەندێ زیاد ڕۆچووانی ئێمەیە کە لەدینی ئێمەدا سەرزەنشتی ستەم و دەست درێژی و دەرچوون لە دژی پێشەوای موسڵمانان (البغي) کراوە و بەڵگە لە هیچ شتێکدا نیە تەنها لە فەرمایشتی خواو پێغەمبەرەکەی دانەبێت، و پەیڕەوی (الجرح و التعديل) ئەوە دەردەخات کە لە ناو سەرچاوەکانی عەقیدەییمان دا فەرموودەی هەڵبەستراو هەیە و بەم شێوەیە.. تاد.

---

[1]_ جەرح: لە زاراوەی فەرمووودەناسان دا بریتیە لە: ئەو وەسفەی کە لە گێڕەرەوەکەدا هەیە دەبێتە هۆی دروستبوونی کرچ و کاڵی و درزو کەلێن کەوتنە پاکێتیەکەی یان کەم و کوری دروست بکات لە لەبەرکردن (حفظ)ەکەی یان ڕێککاری (ضبط)ەکەی، کە لە دەرەنجام دا دەبێتە هۆی لەکار کەوتنی ڕیوایەتەکەی یان لاوازبوونی و ڕەتکردنەوەی.

١٩_ شێخ باسی کردووه: هەر دەستە و تاقمێ ئەوە دەردەخات کە دەستەو تاقمەکەی رزگـار بـووه (الناجیـة أو المنصـورة) جـا خـوای گـەوره بـە درۆی خسـتنەوه بـەو فەرمایشتەی:﴿ قل هاتوا برهانكم ان كنتم صادقين: پێیان بڵێ: ئەگەر ڕاستگۆن، بەڵگـەتان لەسەر ئەم قسەیە بهێننە مەیدانەوە ﴾؟.

دەڵێم: ئەمە سیفەتێکی دیارە لە زیاد ڕۆچووەکان دا چەسپاندنی ئەوەی کە تەنها ئـەوان ڕزگـاربوون و جگەلـەوان تێکـڕای دەسـتە و تاقمـەکانی ئیسـلامی کـە شـوێنی بۆچوونی ئەوان ناکەون تیاچوو و دۆزەخیین! بەڵام هەنـدێ پـەیی دەبـەن بـەوەی کـە جگەلـەوان لـە موسـڵمانان (ئەوانـەی تیاچـوون لـەلای وەهابیـەکان) دەکـرێ لـە ئـاگر دەربچن بە شەفاعەت بەڵام هەر بەگریمانێکی لاواز دایدەنێن!!.

٢٠- شێخ باسی کردووه: حەرام بەحەڵاڵ و بەپەرستشی دەزانن!

دەڵێم: دەسا چەند شتی حەڵاڵ هەن کە زیاد ڕۆچووانی وەهابی حـەرامی دەکـەن، پێشتر باسمـان کـرد گەیشتۆتە ئاستێك کـە خوێنـدن حـەرام بکـەن لـە هەنـدێ کاتـدا، ئەگەر دەسەڵات بە زەبری هێز شتە حەڵاڵەکانی پێویست نەکردبایە ئەوا هـیچ کەسـێ نەی دەتوانی کـە ڕازیـان بکـات ئەگـەر ڕوونتریـن بەڵگـەی شـەرعیش بهێنیـت، چونکە ئەوان تەنها بەوە ڕازی دەبن کە وەهابیەت دەیڵێت.

٢١_ شـێخ باسـی کـردووه: ئەنجامـدانی پەرسـتش و عیبـادەت بـە دانـانی[1] حیـبرو ڕاهیبەکان (الأحبار و الرهبان) بەخوا جگەلە خوای گەورە!

---

وە تەعدیل: لە زاراوەدا بریتیە لە: وەسف کردنی گێڕەڕەوەکە بە سیفاتی پاك و بەرز، کە لەمیانەیدا دادپەروەریەکەی دەربکەوێت و ببێتە هۆی قبوڵ کردنی هەواڵ و ڕیوایەتەکەی. (بۆ ئەم دوو پێناسەیە سوودم بینیوە لە: مباحث في علوم الحديث: مناع القطان). (وەرگێڕ).

[1] _ وشەی (عبودية) و (عبادة) لە ئەسڵی زمانی عەرەبیدا بـەمانای ملکەچی و فەرمانبـەری و ژێردەسـتەیی دێت، شەرعیش هەر لەسەر واتا ئەسڵییەکەی خۆی بەکارهێناوە، ئەوەندە هەیە مەرج _ شرط _ی _ بەس بۆ خوابوون _ ی خستۆتە سەر، کەواتە ووشەی ناوبراو لەزاراوەی شـەرعدا بریتیـە لـە: _ بـەس پەرستنی

دەڵێم: شێخ موحەمەد بەو قسەیەی خۆی بەرپەرچی ئەو کەسانەی پێ دەداوە کە پێی وابوو کە تەقلید دەکەن و ئەو حەق و ڕاستیە ڕەتدەکەنەوە کە شێخ هێناویەتی و بەباس کردنی ڕای پێچەوانە کە هی شەرعناسانی ترە، سەرباری ئەوەی کە دەربڕینی شێخ توندی تێدایە، بەڵام ئایا نابینن کە ئەو حاڵەتەی شێخ سکاڵای لە بارەیەوە دەکرد گەڕاوەتەوە، بەڵام لەم جارەدا وەهابیەکان تەقلید دەکەن و پێداچوونەوە ڕەت دەکەنەوە.

٢٢_ شێخ باسی کردووە: بەرامبەری شەرعی خوا دەوەستن بە قەدەری خوا!

دەڵێم: ئەوە لە ناو زیاد ڕۆچووەکانمان دا هەیە، هەر ئەوانن دەڵێن خوا حەجاجی بە سەر خەڵکی عێراقدا زاڵ کرد، ناڵێن هەر خوا ئەمریکای بە سەر طاڵیبانـدا زاڵ کرد... لەو ناخۆشیانەی کە بەسەر ئەوانەی تردا دێن ئەوا بەڵگە بەقەدەر دێننەوە، نکۆڵی دەکەن لەو نەخۆشیانەی کە بە سەریاندا دێت کە حەزی لێناکەن.

٢٣_ شێخ باسی کردووە: بوونی دەمارگیری مەذهەبی.

دەڵێم: بەڵگەکان ڕوون و ئاشکراو دیارن.

٢٤_ شێخ باسی کردووە: قسە لە شوێنی مەبەستداری خۆی لادەدەن.

دەڵێم: ئەمە لە دیارترین ئەو شتانەیە کە لە زیاد ڕۆچووەکانمان دا هەیە، ئەو کردارە کە قسە لە جێ لادانە ئەوا من یەك بەخۆم کەس وەك ئەوان نابیم لە ناو هیچ دەستەو تاقمێك تەنها لە ناو هەندێ لە زیاد ڕۆچووانی شیعە نەبێت.

---

خوا _ و _ تەنیا بەندایەتی کردن بۆ خوا _ ). سەیری:(خواپەرستی ئیسلامی= =لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت دا: علی باپیر، چ٢، لا ٤١، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر، بەرگی یەکەم، ١٤٣٠ك_ ٢٠٠٩ز) بکە. (وەرگێڕ).

٢٥_ شـێخ باسـی کـردووە: نازنـاو و ناونیشـان دانـان بـۆ دژەڕاکـان بەشـتی باتـڵ و پڕوپوچ.

دەڵـێم: ئەمـەش بەهـەمان شـێوە لـە نـاو زیـاد ڕۆچـووەکانمان دا لـە شـتە هـەرە دیارەکانە، وەك ئەو وەسفەی دەیکەن بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بـەرگریان کـردووە لە ئیمامی عەلی و ئەو ستەمەی لێـی کـراوە و سەرزەنشتی دەرچوونی ستـەمکارانەی (البغي) کردووە ئەوا بە شیعە یان ڕافضی ناوی دەزڕێنن، هەر کەسێ نەفی جەستەدار (التجسیم)کـردن و وێچوواندن (التشبیە) بکـات ئـەوا بـە جەهـەمی دەزانـن، ئەوانـەی ڕەخنەش لە پەیڕەوی وەهابیەت دەگرن وەسفیان دەکەن بە مورجیئە و گۆڕ پەرست.

٢٦- شێخ باسی کردووە: بە درۆ خستنەوەی ڕاستی و حەق.

دەڵـێم: ئەمـە ڕوون و دیـارە لـە زیـاد ڕۆچـووەکانمان کـە چـۆن هـەموو ڕاسـتی و حەقێك کە دژەڕاکانیـان دەڵـێن بـە درۆی دەخەنـەوەو خـۆ بەگـەورە دەگـرن لـە قبـوڵ نەکرنی دا.

٢٧_ شێخ باسی کردووە: درۆ هەڵبەستن بۆ خوا.

دەڵـێم: هـەروەك ئـەو قسـەیەی هەنـدێ لـە زیـاد ڕۆچـووەکانمان لـە ڕابـردوو و ئێستاش کە خوای گـەورە ستایشی هـەموو ئەوانـەی کـردووە کـە پێغەمبـەری بینیـوە (صـلی الله علیـە و سـلم) و خـوای گـەورە پـەیمانی بـە هـەمووان داوە کـە بیانباتـە بەهەشتەوە! لەگەڵ ئەوەی کە لە ناو ئەو کەسانەی کە پێغەمبـەری بینیـوە (صلی الله علیە و سلم) هەیـە هەڵگەڕاوەتـەوەو بووەتـە دووڕو و دەغـەڵ و ژیاننامەکـەی خـراپ بـووەو سـەلماندمان کـە ئـەو قسـەیە قسـەیەکە بـۆ خـوا هەڵبەسـتراوە بـەبێ زانیـاری و تـەئویل کردنـی ئایەتـە پیرۆزەکـان بـەزۆرەملێی دوور لـەوەی کـە مەبەسـتیەتی، ئـەو ئایەتانـەی کـە تـەنها لـە بـارەی پلـەو پایـەی کۆچـکەرو پشـتیوانان و ئەوانـەی لەگـەڵ

ئەوان دابوون هاتوونەتە خوارەوە، دواتر هەر کەسێ کاری چاکەی کرد دەچێتە ناو بازنەی ئەوانەی شوێنکەوتوون بە چاکە (دەکرێ پێداچوونەوەی ئەو بابەتە بکرێ بەشێوەیەکی فراوان لە کتێبی (الصحبة والصحابة).

٢٨_ شێخ باسی کردووە: سروشتیان وایە ئەگەر بە بەڵگە تێکشکان و بەزین ئەوا سکاڵا دەکەن بۆلای پاشاکان، وەك خوای پاك و تاك فەرموویەتی:﴿ أتذر موسى وقومه ليفسدوا في الأرض: ئایا (هەروا بەئاسانی) واز لە موساو قەومەکەی دەهێنیت بۆ ئەوەی خراپەو تاوان بچێنن لەم زەوییەدا...﴾؟!

دەڵێم: ئەمە لە زیاد ڕۆچووەکانمان دا زۆر بەڕوونی دیارە، ئەوان یارمەتی وەردەگرن و پشت دەبەستن بە دەسەلاّت لە کاتی لاوازی بەڵگەکەیان تا دژەڕاکانیان سەرکوت بکەن و ڕێگری بکەن لە بلاّو کردنەوەی کتێبەکانیان و هاتنە ناو وڵات و ڕێگری کردن لێیان لە سەفەر کردن، بەڵکو وای لێهاتوە کە داوایان کردووە بە پاك و پوختەکردنی جەستەیی بۆ هەندێ کەس لە دژەڕاکانیان بۆ ڕێگری کردن لە گەندەڵی بڵاوکردنەوە لە زەویدا! و پاراستنی تازە پێگەیشتووان!...

٢٩_ شێخ باسی کردووە: پیاوچاکان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە کەم و کورتی لە دینی پاشا دەگرن.

دەڵێم: وەك ئەو قسەی هەندێ لە زیاد ڕۆچووەکانمان کە هەر کەسێ ڕای پێچەوانەی عەقیدەی سەلەفی بوو ئەوا دەڵێت بە دڵ پێی خۆشە دەربچێت لە دژی دەسەلاّتدار و ئەمەش پێویست نیە، چونکە دەستەیەك لە هەموو کۆمەڵەکان دا دەرچوون وەك کۆمەڵێك لە کۆنە حەنبەلیەکان و لە سەردەمی ئێستادا لە وەهابیەکان جیابوونەوە، بۆیە ئەو مەسەلەیە زیاد ڕەوی تێدا دروست نیە و ئەو قسەیەمان ووت بەر لە کارەساتە توندڕەوە تەکفیریەکەی لەو کۆتاییانە کە لە سعودیە دا ڕووی دا و

بــەدیاری کــراویش ئــەوەم بــاس کــرد لــە کتێبــی (العقائــد) لــە میانــەی (دەروازە: حەنبەلییەکان و سیاسەت)، لەو کاتدا سعودیە لە ئارامترین و دوورترین دەوڵەت بـوو لــە تونــد ڕەوی، بــەڵام مــن دەمزانــی کــە پــەیڕەوی ســەلەفی و حەنبــەلی و وەهــابی پەیڕەویکن کە هەڵوەشاندنەوە لە ناخی خۆیاندا هەڵدەگرن، چونکە بانگەشـە بـۆ ڕق لێ بوونەوە لە تاکی موسڵمان دەکەن بەکەمترین لادان و تاوان چ جای ئەو موسڵمانەی کـە تــەکفیری دەســەڵاتدارو حوکمەتــەکان بکــات؟ هــەر کەســێ ڕای وابــێ کــە دروســتە تەکفیری ئیمامی ئەبی حەنیفـە و عەلامـە ئـیبن فـەیروز بکرێـت ئـەوا ئەگـەر فڵان و فیساریش تەکفیر بکەن ئەو کاتە لەلامان سەیرو سەمەرە نابێت...

٣٠ _ شێخ باسی کردووە: تۆمەتبارکردنیان بەوەی کە دینیان گۆڕیوە...

دەڵـێم: ئەمــە ڕوون و ئاشــکرایە لــە ڕەتدانــەوەکانی زیــاد ڕۆچــووان، لــە هــەموو ڕەتدانەوەکانیان کە بەرپەرچی ئـەو موسـڵمانانەی دەدەنـەوە کـە دژەڕای ئـەوانن ئـەوا بەوە تۆمەتباریان دەکەن کە دینیان گۆڕیوە....

٣١ _ شێخ باسی کـردووە: فـەرزەکان تـەرك دەکـەن بەپاسـاوی خۆپاراسـتن لـە گونـاهو تاوان.

دەڵێم: وەك هەندێ لە زیـاد ڕۆچـووان ئـیعتراف ناکـەن بـەوەی کـە ئیمـامی عـەلی ڕاسـتی پێکـاوە و سەرزەنشـتی سـتەمکاران (البغـاة) ناکـەن وەك خۆپـارێزی! و حـوکم نەدان بەسـەر موسڵمانان _ جگەلـە وەهابیـەکان خۆیـان _ بـە ڕزگـاربوو لـەئاگر وەك خۆپارێزی!

٣٢ _ شێخ باسی کردووە: پەرستش دەکەن بەتەرك کردنی ڕزق و ڕۆزی پاك و چاك.

دەڵێم : ئەوە پێشتر خراوەتەڕوو.

٣٣ _ شـێخ باسـی کـردووە: خـەڵك بـانگ کـردن بـۆ گـومڕایی بـەبێ ئـەوەی زانسـت و زانیاریان هەبێت.

دەڵێم: هەر ئەمەشە کە لە زیاد ڕۆچووەکانمان دا زۆر بەجوانی دەرکەوتووە، وەك بانگەوازی کردنیان بۆ تەکفیر کردن و بە بیدعەتچی دانانی موسڵمانان بەبێ زانست لەگەڵ بێ زانستیان و ئاگادار نەبوونیان بەمەرجەکانی تەکفیرو بەبیدعەتچی دانان، ئەمڕۆ ئەو وەهابیانەی دەستە و پێوەندی کۆشکی شاهانەن چاکیان کردووە کە مەرج و پەرچەکانی تەکفیریان لەبەرچاو گرتووە ئەمەش لەبەر ئەوەی دەسەڵات ئەوەی لێ خواستوون، جا باشە تۆ و ئەوانیش ئەوەتان کرد، بەلاَم پاداشت بەپێی مەبەست و نیەت دەبێت، بەلاَم پێویستە دەسەڵات لە پێناوی خوا شتێکی تریش تەواو بکات، ئەویش ئەوەیە کە داوا بکات زانایان مەرجەکانی بەبیدعەتچی دانانیش لەبەرچاو بگرن، چونکە لەناو زانایانیش زیاد ڕۆچوو هەن، هەیانە ئەوەندە ڕق و کینەی بەرامبەر بە کەسێکی بیدعەتچی هەیە ئەوەندە ڕقی لە جولەکە و مەسیحیەك نیە، بەڵێ ئەمڕۆ لە ناو فەتوا و دووان و کۆڕگە و ووتارەکانی زیاد ڕۆچووان دا بێ باوەڕان بوونە خاوەنی مافەکانیان و بەڕاستی ئەمە شتێکی چاکە، بەلاَم مافی موسڵمان هێشتان ماوە، زۆر پێویستە لەسەر دەوڵەت کە زانایان هانبدات بۆ ڕەچاوکردنی مەرجەکانی بیدعەتچی (تبدیع)، لێرەدا چەندین ڕێگر و پەرچ هەن وەك نەزانین و تەئویل لە مەسەلەی تەکفیر دا و خودی پەرچەکان پێویستە ببن بەڕێگر لە مەسەلەی بیدعەتیشدا (ئەلبانی وتارێکی چاکی هەیە لەبارەی ئەو مەرجانە)، تەنانەت موسڵمانێك نیە کە شتێك لە بیدعەت و سوننەت تێکەڵ نەکات، هەر ئەمەشە کە خودی ئیبن تەیمیە دانی پێداناوە، خوای گەورە ڕێگری کردووە لێمان کە خۆمان بەپاك بگرین، پاکانە کردن بۆ خود بەپێی شەرع حەرامە و بەپێی مەذهەب واجبە.... وە بەیەکدەنگی لەڕووی تیۆری (نظری)یەوە شەرع لە پێش مەذهەبە، ئەگەر چی ڕاجیایش هەبوو لە جێبەجێ کردن دا.

٣٤_ شێخ باسی کردووە: بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خـوای گـەورەیان خـۆش دەوێـت، کەچی شەرعیەت و بەرنامەکەی خوایان فەرامۆش کردووە.

دەڵێم: هەر لە شەرعی خوادا هاتووە کە نابێ موسڵمانان تەکفیر بکـرێن و خۆیـان بـە گـەورە نـەگرن و درۆ نەکـەن بـە نـاوی خەڵکیـەوە و ناموسـی موسـڵمانان حـەڵاڵ نەکەن و فیز بـە ڕەچـەڵەك یـان بـە شـوێن لـێ نـەدەن...... بەداخـەوە ئەمـە لـە زیـاد ڕۆچووەکانمان دا هەیە.

٣٥_ شێخ باسی کردووە: پیلان و فرت و فێڵ و تەڵەکەی گەورە.

دەڵێم: زیاد ڕۆچووەکانمان ئەمە زۆر دەکەن، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کـە دوورن لە چاودێری دەسەڵات بەتایبەتی لە زانکۆ ئیسلامیەکان کـە فێڵـی زۆر گـەورە دەکـەن! فێڵێك لە هەنـدێ قوتـابی سـاویلکە دەکـەن و داوای یادگـار نامـەکانیان لـێ دەکـرێ بـۆ ئـەوەی کـە گوایـا سـوودی لـێ ببیـنن! پاشـان دەیـدەن بـە سـێ کەسـی تـر! پاشـان ئـەو قوتابیە نەدارە دەر دەکرێت و دووردەخرێتەوە! پاش دابڕانی لە سێ مـاددە (بابـەت)! ئەمە فێڵێکە بە نەرمی و ڕەوانی دەکرێت....!

٣٦_ شێخ باسی کردووە: کە پێشەواو ئیمامەکانیان یان ئـەوەتا زانایـەکی خراپـەکارە یان خواناسێکی نەزانە.

دەڵێم: قسەی ڕابردووی شـێخ موحەمـەد کـورت هـەڵهێنانێکی زۆر تونـدی تێدایـە کە بەڕاستی پێی ڕازی نیم بەڵام من زیاد ڕۆچووەکانمان دەبینم کـە پـەنا دەبەنـە لای هەندێ لە شێخەکان ئەوانەی لە بارەی کەسانی ترەوە لە خواناترسن یان ئەوانەن لەو مەسەلە وڕوژێنـراوانە تێناگەن کە ڕای جیاوازی لەسەرە جا ڕاسـتەوخۆ فـەتوا دەدەن، ئینجـا بـا وەڵامێکـی کوشـندەش بێـت! و بـرای بـەڕێز: عەبـدوڵڵای کـوڕی بـەجادی عوتەیبی وتارێکی هەیە لـە سـەر (صـناعة الفتـوى) خۆزگـە تـەواوی بکردایـە و بڵـاوی کردبایە لە لێکۆڵینەوەیەکی جوانی سادەدا.

**٣٧_ شێخ باسی کردووە: ئاوات و ئومێدی بەدرۆ دەخوازن.**

**دەڵێم: وەك ئاوات خواستنی وەهابیەکان بەوەی کە ئەوان لە فیردەوس دەبن و جگەلەوانیش لە دۆزەخ (ئا ئەمە ئاواتی وەهابیەکانە)! دروست نیە لە جیاتی خوا بڕیار بدەن، ئەگەر هەر بەقسەی ئێمەیان نەکرد پێیان دەڵێین:**﴿ قل هاتوا برهانكم ان كنتم صادقين: **پێیان بڵێ: ئەگەر ڕاستگۆن، بەڵگەتان لەسەر ئەم قسەیە بهێننە مەیدانەوە** ﴾.

**٣٨_ شێخ باسی کردووە: کە پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن کە تەنها ئەوان خۆشەویستی خوان جگەلە خەڵکی.**

**دەڵێم: هەر کەسێ وا گومان ببات کە خۆی و دەستە و تاقمەکەی لەوانەن کە لە ئاگری دۆزەخ ڕزگار بوون و جگەلەوانیش دۆزەخیین ئەوا قسەکەی یەکاویەك لەگەڵ قسەی شێخ و شوێنکەوتووەکانی لەو لایەنەدا یەکدەگرێت.**

**٣٩_ شێخ باسی کردووە: فیز لێدان و شانازی کردن بە نەژاد.**

**٤٠_ شێخ باسی کردووە: تانە و تەشەر دان لە ڕەچەڵەك.**

**دەڵێم: نموونەی ئەو خاڵانە ڕوون و ئاشکران لە زیاد ڕۆچووەکانمان دا، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو شانازی کردووە بە زانست، شانازی کردنیش بە نەژاد و ڕەچەڵەك بەپێی ئامانجەکەیەتی، ئەگەر ئامانجی هاندان بێت بۆ کردنی کاری چاکە ئەوا شتێکی چاکە، بەڵام ئەگەر ئامانجی لێرە زیاد کردنی خاسیەتی زیاد بێت لە سەر تێکڕای خەڵکی ئەمە ناشیرینە، بەڵام تانە و تەشەر دان لە نەژاد بە هەر جۆرێك بێت کارێکی خراپ و سەر زەنشتکراوە، بەڵام ئەوەی کە دەدرێتە پاڵ جگەلە خاو خێزانی، ئەوا پێویستە نەژادناسان ئەمە ڕوون بکەنەوە، چونکە حەرامە و پێوەری شەرع لە چاکێتی بریتیە لە تەقواو پارێزگاری و پارێزگاریش ئێستا بوەتە ووشە، پێوەریش لەلایەن خوایە.**

٤١ _ شێخ باسی کردووە: ئەوەی کە پێویستە لەلایان هەبێ دەمارگیری موسڵمانە بۆ دەستە و کۆمەڵەکەی و سەرخستن و پشتگرتنی ئەو تاکانەی لەو کۆمەڵەیەدان جا ستەمکاربن یان ستەملێکراو.

٤٢ _ شێخ باسی کردووە: دینی وان کەسێ بە تاوانی کەسێکی تر سزا دەدات.

٤٣ _ شێخ باسی کردووە: هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی کەسێ بەو شتانەی کە لە کەسێکی تر دایە.

٤٤ _ شێخ باسی کردووە: دونیا لەدڵیاندا گەورەیە.

٤٥ _ شێخ باسی کردووە: تۆمەتبار کردنی شوێنکەوتووەکانی پێغەمبەر لەلایەن ئەوانەوە بەوەی کە دڵساغ و دڵسۆز نەبوون بەڵکو دونیا ویست بوون.

دەڵێم: ئەو خاڵانە لە هەندێ زیاد ڕۆچووانی ئێمەدا هەیە وەك ئەو کەسەی کە کەسێکی تۆمەتبار کرد بە هۆی تاوانی کەسێکی تر، دەمارگیری هەبوون بۆ دەستە و کۆمەڵەکە یان هۆز یان شوێن و تۆمەتبار کردنی ئیمانداران لەلایەن ئەوانەوە بەوەی کە دونیایان خۆش دەوێ کەچی ئەوان لە هەموو خەڵکی زیاتر دەست دەگرن بە دونیا... تاد.

٤٦ _ شێخ باسی کردووە: داپۆشینی حەق و ڕاستی بە باطل و شتی پڕو پوچ.

دەڵێم: ئەوە لە ڕوونترینی ئەو شتانەن کە لە زیاد ڕۆچووەکانمان دا هەن، کاتێك یەکێك لە ئێمە قسەی کرد ئەوا بە شتێك دادەپۆشن و بەرگێکی جیا لە هی خۆی لەبەر دایە و پێش چاوی دەخەن بۆ ئەوەی ڕاو بۆچوونی خەڵکی لە سەر وەرگرن، ئەو مەسەلەیە لە ڕوونترین ئەو تایبەتمەندییانەیە کە لە زیاد ڕۆچووەکانی ئێمەدا هەیە، هەر ئەمەش تایبەتمەندی جیاکەرەوەیە لە نێوان هەموو زیاد ڕۆچووەکانی دەستەو تاقمە ئیسلامیەکان.

٤٧ _ شـێخ باسـی کـردووە: شـاردنەوەی ڕاسـتی و لەگـەڵ هـەبوونی زانیـاریش لـە بارەیەوە.

دەڵێم: جا ئەمـە لـە زیـاد ڕۆچـوو و میانڕەوەکـانی ئێمـەدا هەیـە، لـەو بارەشـەوە چەند دروشمێکی ڕاسـت و دروسـت دووبـارە دەکەنـەوە بـەڵام لـە جێگـای خـۆی وەك: هـەموو ئـەوەی دەزانـرێ مـەرج نیـە بـاس بکـەی! بـدوێن لەگـەڵ خەڵکـدا بـەوەی کـە دەیـزانن! پلـە بەنـدی لـە بانگـەوازدا! جگەلەوانـەش لـەو پاسـاوانەی کـە بەهۆیـەوە فەرزیەتی نکۆڵ کردن پەك دەخەن لەوەی کە کتێبەکان لە خۆیان دەگرن لە تـەکفیرو بـە سـووك سـەیر کـردن و بـە فیرۆدانـی مافـەکانی موسـڵمان، وەك زانسـتی ڕاسـت و دروستیش لەو نێوانەدا دەشاردرێتەوەو ڕووخۆشی لەگەڵ ناهـەق و باتـڵ بـەهۆی ئـەو جـۆرە دروشمانــە کـە دەیخەنــە شــوێنێکی جیـا لــە شـوێنی خۆیــان، ئەگــەر ئایەتــە پیرۆزەکانیان خستبێتە شوێنی جیا لەوەی کە بۆی دابەزیوە ئەوا شتەکانی تـر جگەلـە ئایەت لە پێشترن کە لە جێگای خۆیان لابدرێن.

٤٨ _ شێخ باسی کردووە: قسەکردنی بەناوی خواوە بەبێ هەبوونی زانیاری.

دەڵێم: ئەمە زۆر زۆرە جا ئەوان ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە خوای گـەورە ویسـتی وابوو و ئاوای کـرد لـە پێنـاوی ئـەوەدا... وە ئەمـەی بـەو شـێوەیە حـەرام کـرد و بـەو شێوەیەی ڕێ پێداوەو... تاد.

٥٠ _ شێخ باسی کردووە: تێکگیرانی ڕوون و ئاشکرا.

دەڵێم: وەك زیاد ڕۆچوونی زیاد ڕۆچووەکانمان لـە تـەکفیرو بەبیدعەتچی دانـانی دەستە و تاقمە ئیسلامیەکان بەقسە کـەوا کـەمترە لـەوەی کـە هەنـدێ سـەلەفیەکانیان دەیڵێن، ئەگەر هەندێ لە قسەکانی سەلەفیەکانیان بێنیت ئەوا بەپێی پەیڕەوی ئەوان پێویستە تەکفیریان بکەیت یان بەبیدعەتچی دایان بنێیت وەك قسـەکانی (بـەربهاری) و (ئەبی یەعلا) و (ئیبن تەیمیە) لەبارەی عەقیدەی گەنجی بێ موو، بۆ نموونـە کەلـە

مورجیئەکانەوە وەریان گرتووە و پاساوی لاوازتر دەهێننەوە لە پاساوی ئەوانـەی کـە بە بیدعەتچییان دادەنێن و بەسەر گەردنیان وەسف دەکەن و دەیانبینی کە زۆر زیـاد ڕەویـی دەکـەن لـە سـەر زەنشـتکردنی دەرچـووانی دژی ئیمـامی عوسمـان و تـەکفیر کردنیان و کەچی لە پێداهەڵگوتنی هەموو هاوەڵەکان بەتایبەتی ئازاد کراوەکـان زیـاد ڕەوی دەکەن! کەچی لەگـەڵ ئـەوەی هەنـدێ لەوانـەی دەرچـوو بـوون هاوەڵـە خـوا لـێ ڕازیی بووەکان (الرضوانیون) بوون! بەڵکو لە ناو دژەکانی ئیمامی عوسماندا هـاوەڵانی بەدریشـی تێـدا بـوون، کـە ئـەوان لەپێشـتر لـەوەی کـە بـەرگریان لـێ بکـرێ نـەوەك ئازدکراوەکان! و لەو تێکگیرانە بەناوبانگانەیان ناشـیرین کـردن و هێـرش کردنـە سـەر ئـەو کەسـەی کـە ئـیبن تەیمیـە بەناصـیبە دەزانێـت و بـێ دەنگـی نوانـدیان لـە ئاسـت ئەوانەی کە ئەبی حەنیفە بەبێ باوەڕو گومڕا وەسف دەکەن!

٥١_ شێخ باسی کـردووە: بـاوەڕبوون بەبەشـێکی قـوڕئـان و بـڕوانـەبوون بـە بەشـێکی تـر.

دەڵێم: هەروەك بـاوەڕی هەنـدێ لـە زیـاد ڕۆچـووەکانمان بـە:﴿ تلك امة قد خلت: ئەوانە ئومـەتێك بـوون ڕۆیشـتن.... ﴾! و ئـەم ئایەتـە فـەرامۆش دەکـەن:﴿ فقاتلوا التي تبغي: ئـەوا ئێـوە بەگـژ ئەوەیانـدا بچـن کـە سـتەم و دەسـتدرێژی دەکـات.. ﴾! لەگـەڵ ئەوەی ئایەتی یەکـەم یـەك مانـا هـەڵناگرێت (قطعي الدلالـة) نیـە بـەپێی ئـەوەی کـە گومان دەبەن سـەبارەت بەدابـەزینی لـە میانـەی بەرپەرچـدانەوەی جولەکـە، لـەبارەی خـۆ سـەرقاڵ کردنیـان سـەبارەت بـە ڕەچـەڵەکی فڵـان و فیسـار پێغەمبـەرو فـەرامۆش کردنی کار و کردەوە ئەنجام دان، بەپێچەوانەی ئایەتی دووەم.

٥٢_ شـێخ باسـی کـردووە: دژایـەتی و مشـتومڕ لەسـەر شـتێ دەکـەن کـە زانسـت و زانیاریان لە بارەوە نیە!!

دەڵێم: وەك دەمەتەقێی زیاد ڕۆچووەكانمان لەسەر مێـژووی _ عەبـدوڵڵای كـوڕی سەبەء و قەعقاع وەك نموونەیەك _ و ئەو هیچ زانیاریەكی نیە لەبارەی ڕیوایەتەكان لە مەسەلەكەدا و بژار (تحقیق)كردنی بابەتەكە و دیاریكردنی خاڵی ڕاجیایی.

٥٣_ شێخ باسی كردووە: بانگەشەی ئەوە دەكەن كە شوێن پێشینە چاكەكان كەتوون، لەگەڵ ئەوەی بە ڕاشكاوی پێچەوانەی ئەوان دەجوڵێنەوە.

دەڵـێم: بەهـەمان شـێوە لـەناو زیـاد ڕۆچـووەكانمان دا هەیـە واگومـان دەبـەن كـە لەسەر پەیڕەوی پێشینە چاكەكانن و پێشینە چاكەكان كورت هەڵدێنن لـە چـوار یـان پێـنج كـەس لـە سـەدەی سـێیەم و چـوارەم و دوویـان لەسـەدەی هەشـتەم و پێشـینە حەقیقیەكان فەرامۆش دەكەن كـە ئـەوانیش كۆچـكەران و پشـتیوانانن لەگـەڵ گـەورە شـوێنكەوتووانی ئـەوان بەچـاكە، بـەڵام زۆربـەی ئـەو شـتانەی لـە دەوری كۆدەبنـەوە بریتیە لە تەكفیرو جەستەدار (تجسید)كردن و وێچـواندن (تشبیە) و زیـاد ڕۆچـوون لەزانایان و جگەلەوانەش... كە ئەو پێشینە حەقیقیانە لەسەر ئـەو پـەیڕەوە نـەبوون بـەڵكو سـەرهەڵدانی لەسـەردەمی متـەوەكیل لەگـەڵ سـەرهەڵدانی حەنبەلیـەكان لـە نیوەی سەدەی سێیەم.

لەكۆتاییـدا دەڵـێین: ئـا بـەو شـێوەیە زۆربـەی ئـەو مەسـەلانەی كـە شـێخ بـە مەســەلەكانی ســەردەمی نــەفامی دایناــون ئێســتا هــەن لــە نــاو زیــاد ڕۆچــووە شوێنكەتووەكانی جگەلە میانڕەوەكان، جا وای لێهاتووە كە زیـاد ڕۆچـووەكان ئەوانـەی كـە ڕێگریـان دەكـرد لـەوەی شـێخ بەهەڵـە دابنرێـت ئەگـەر بـە بەڵگـەش بێـت و لـە دوورتـرین خـەڵكی بێـت لـە بانگـەوازو پەیڕەوەكـە و ئەگـەر شـێخ زیندووبایـە ئـەوا دەسـتی دەكـرد بـە تـەكفیرو كوشـتنی ئـەوان! و ستایشـی ئـەوەی دەكـرد كـە ئێسـتا وەهابیەكان بەدژی شێخی دەزانن وەك ئەوەی كە گومان دەبات ئیمـامی عـەلی ئەگـەر

زیندوو بوایە ئەوا نکۆڵی دەکرد لەو زیاد ڕۆچووانە لە شیعە و جەڵدە و گورزی لێدەدان.

پوختە و کورتەی ئەو بڕگەیە:

زیاد ڕۆچووانی وەهابی و جگەلەوانیش، بەردەوام ئامۆژگاری دەدەن بە بەرپاکردنی دادگەری و خۆشیان ستەم دەکەن، فەرمان دەکەن بە هەموو چاکەیەك و خۆشیان لە بیر دەکەن و لەو نوکتەیە خۆشتر نیە کە ستایشی عەقڵ دەکەن و هانی پرۆسەی بیرکردنەوە و تێڕامان دەدەن، لەگەڵ ستایش کردنی ڕەحمەت و چاکەکاری، ئا بەم شێوەیە وای لێهاتووە کە کارێك نابینین ئەوان پێچەوانەیان نەکردبێ و پەی بەو دژ جوڵانەوەیە نابەن.

وەهابیەکان پێویستیان بەوەیە کە بەر لەوەی ئامۆژگاری خەڵکی بکەن پێداچوونەوەی خودی خۆیان بکەن، ناشتوانن ئەمە بکەن مەگەر بەدەروون ئارامی و خۆ پەنادان بێت لە شەیتان و دانان بەوەی کە دەروون (نەفسی) ئەوان وەك تێکڕای دەروونی مرۆڤەکانی تر کەم و کورتی هەیە، خۆزگە لە جیاتی ڕۆیشتن لەسەر ئەو ڕێڕەوە دوژمنکاری و ڕەتدانەوەیە و شت هەڵبەستنە کەمێك حەسابانەوەو پشوویان دابایەوە بۆ پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندن، جا هەر چەندە بەرپەرچەکان زۆر بوون ئەگەر پەیوەست نەبن بە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرای بەئینصاف ئەوا ڕۆژێك هەست دەکەن پاش پرژانی خەڵکی و بلاّوەکردنیان لە دەوری ئەوان ئەگەرچی ڕووی خۆشیش پیشانی ئەوان بدەن، بەڕاستی شتێکی ژیرانەیە کە پێداچوونەوەی تەواو بکرێت لە کاتی بەهێزی دا، هەوڵ بدرێ بۆ ڕوون کردنەوەی هەندێ لە هەڵەکان جا چ لە پەیرەو بێت یان لە میانەی بۆماوەیی مرۆڤەوە بێت، لەگەڵ گومانی باش بردن بەکەسی دژەڕا و زانینی ئەوەی کە هەڵسوکەوتی خراپ لەگەڵ کەسانی دژەڕایان ئەوا

هۆكاره كـەوای كـردووه بۆچـوونەكان زیـاد بـبن و ددانـەكانیان تیـژتر بـبن و جۆش و خرۆشیان گڵپە بگرێت.

گەڕانەوە ئەمڕۆ لە باطل ئەوا چاكەو فەزیڵەیە، بەرلـەوەی گەڕانـەوەی هاكـەزایی بێت لە حەق و باطل بۆ حەق و باتڵێكی تر.

**بڕگەی پێنجەم: زەیدیی:**

بە لەبەرچـاوگرتنی ئـەو تێكۆشـانە كەمـەم لـەبارەی ئاشـكراكردنی ئـەو ستەمەی زیـاد ڕۆچـووان لـە دژی ئالوبـەیت، ئـەوا بـەو هۆیـەوە سـەلەفیەكان زۆر تۆمـەتباریان كردووم كە زەیـدیم! ئەگـەر ئەمـە ڕاسـت بووایـە ئـەوا زەیـدیی بـوونی خـۆمم ئاشـكرا دەكرد، زەیدییەكان چاكترن لە زیاد ڕۆچووەكانی سەلەفی لـەڕووی زانسـت و زانیـاری و خۆپارێزی و مێژوو و لە ڕووی نەژادیشەوە....

بەهەر حاڵ: زەیدییەت مـەذهەبێكە وەك تێكڕایـی مـەذهەبـەكانی تـر شـتیان لـێ وەردەگیرێـت و ڕەتـیش دەكرێتـەوەو لـە ڕیـزی ئـەو دەسـتە و كۆمەڵانـەن كـە سـتەم لێكراون لەلایەن زیاد ڕۆچووە سـەلەفیەكان، لـەناو زەیدیـەكان زانـا و كەسـانی خـاوەن پلـەو پایـە و دونیـا بـە كـەم زان هـەن و چـاكەی زۆر گـەورەیان هەیـە لـە مێـژووی ئیسـلامدا چ لـە بـواری هـزری چ سیاسـی، كـە دان دەنـێم بەموسـڵمانێتی و چـاكێتی شافیعی و حەنەفی و مالكی و ظاهیریەكان مانای ئەوە نیە كە تـاكێكم (لاسـاییكەرەوەو شـوێنكەوتەی یـەكێكیانم ) لـەو چـوار[١] مـەذهەبانـەم یـان زەیـدی یـاخود ظاهـڕی یـان جەعفـەری یـاخود ئیباضـیم و تەنانـەت بـەپێی شـەرع شـتێكی نـاڕەوا نیـە و كـەم و كورتیەكی پێشینە نیە تا ئەو زیاد ڕۆچووانە سەرزەنشتی بكـەن، ئەگـەر شـتەكە وەك

---

[١]_ (وەرگێڕ).

ئـەوە بوایـە وەك ئەوانـە بەخەیاڵیانـدا دێت ئـەوا درانـەپاڵ مـەذهـەبێ لـە نـەوەکانی پێغەمبـەر (صلی الله علیـە و سلم) (ئەوانـەی کـە بـریتین چاکترینی لەچاکترینی لـە چـاکترین خــەڵك و ئەوانــەی کــە درووود و صــەڵاتیان لەســەر دەدەیــن لــە هــەموو تەحیاتێکدا) چاکترە لە درانەپاڵ مەذهەبی پیاوێ لە (بکر وائـل) یـان (بـەنی تـەمیم) یان (الاصابح) بێت، پاشان زەیدییەکان و بەتایبەتی ئەوانەی پێشوو، بـریتی بـوون لـە ئیمامەکانی ئەهلی سوننە، ئیمامی زەیدی کوڕی عەلی _ ڕەحمەتی خـوای لێبێـت _ و (الـنفس الزکیـة) کـە زۆربـەی فـەرموودەناس و شەرعناسـەکان پشـتیوانیان بـوون لـە سـەردەمی خۆیـان، بـەڵکو سـێ لـە پێشـەواکانی چـوار مـەذهەبەکە (ئـەبو حەنیفـە و مالیـك و شـافیعی) لـە شـوێنکەوتووەکانی پێشـەواکانی زەیـدیی بـوون لـە سـەردەمی خۆیان، ئەبو حەنیفە یەکێ بوو لە شوێنکەوتوو و قوتابیەکانی زەیدی کـوڕی عـەلی و لە دوای ئەویش لە شوێنکەوتووی (الـنفس الزکیـة) بـوو، (لەبـەر ئـەو هۆیـە مەنصـور ژەهر خواردی دا)، بەو شێوەیە ئیمامی مالیك فەتوا دەر دەکـات بـۆ دەرچـوون لەگـەڵ (النفس الزکیـة) و لەبـەر ئـەوە بەنـدکرا بـەهۆی فەتوایەکـەی (نـەوەك لەسـەر بـەزۆر لێوەرگرتنی بەیعەت) و ئیمامی شافعی لەگەڵ یەکێك لە پێشەواکانی زەیـدیی بـوو لـە یەمەن و نزیك بوو کـە ڕەشـید شـتێکی نابـەجێی بـۆ هەڵبەسـتێ بەهـەمان شـێوە زانـا هەرە گەورەکانی ئـەهلی سـوننەیان لەگەڵـدا بـوون لـە فـەرمووده ناسـان و شـەرعناسـە گـەورەکان وەك مەنصـوری کـوڕی موعتەمـەڕو سـولەی کـوڕی کوهـەیل و سـوفیانی ثەوری (دەی ووت پاش کوژرانی ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڵڵای زەیدیی: گومان نابەم کە نوێـژ قبـوڵ بێـت بـەڵام کردنــی چاکترە لـە نـەکردنی) ئەمـە بەڵگەیـە لەسـەر زۆری کاریگـەربوونی پێـی و ئەعمـەش و عوبـادی کـوڕی عـەوام و یەزیـدی کـوڕی هـاڕون و هوشەیمی کوڕی بەشیر (یەکەم شێخی ئیمام ئەحمەد) پشتیان گـرت و عـەوامی کـوڕی

حەوشـەب و موسـعەری کـوڕی کـدام و شـوعبەی کـوڕی حـەجاج ئـەمیری ئیمانـداران لـەبواری فـەرموودەدا (جـەنگی لەگـەڵ زەیدیـەکان بـە: بـەدری بچـووکی نـاودەبرد) و حەسەنی کوڕی سەعدی شەرعناس و یەزیدی کوڕی ئـەبی زیـاد و موحەمـەدی کـوڕی ئەبی لەیلا و قەیسی کوڕی ڕەبیع و ئەبو عەمروی کوڕی عەلائی ڕێزماننـاس(اللغـوي) و خوێنەری بەناوبانگەکەی قورئان و سەلامی حەذاء و ئەبو داوودی توهـوی و فطـری کـوڕی خەلیفـە و عیسـای کـوڕی ئـەبی ئیسـحاق سـوبەیعی و براکـەی یـونس و ئـەبو خالـدی ئەحمـەر و عەبـدوڵڵای کـوڕی جەعفـەری بـاوکی عـەلی کـوڕی مـەدەنی و ئوسامەی کوڕی زەید (فەرمووده ناسـە لـە هاوەڵان نیـە) و موسـلمی کـوڕی سـەعید و خەلیفەی کوڕی حەسان و ئیسحاقی کوڕی یوسفی ئەزرەق و ئەصبەغی کوڕی زەیـد و هیشـامی کـوڕی حەسـان و صـالحی مـروزی حـەجاجی کـوڕی بەشـیرو ئـەبو عـەوامی قەطان و (عبد ربە بن یزیـد) و عەبدولحەمیـدی کـوڕی موحبـەق و حەکـەمی کـوڕی موسا و عومرانی کوڕی شەبیب و عوبادی کوڕی مەنصورو خالیـدی کـوڕی عەبـدوڵڵای واصـتی و (نـەوەك خالیـدی کـوڕی عەبـدوڵڵای قەسـری کـە ناسـراوە بەسـتەمکاری) و یونسی کوڕی ئەرقەم و موفەزەڵی کوڕی ضوبی و عومەری عـەون و موئەمـەلی کـوڕی ئیسماعیل، _ و حەسـەنی کـوڕی صـاڵحی کـوڕی عـەلی و براکـەی عـەلی کـوڕی صـالح بەڵکو هەر زەیدی بوون _ جگەلەوانـەش زۆرێـك لـە زانایـان و ئەوانـەی خـاوەن پلـەو پایـە بـوون و شەرعناسـی لەگەڵدا بـوون، ئـەوەی دەیـەوێ بـا بگەڕێتـەوە بـۆ: مێـژووی تەبەری:(سـاڵانی ١٢٢ك، ١٤٥ك) و:(مقاتـل الطـالبین)ی ئەصـفهانی سەرچـاوەکانی تـری جگەلەوانـە، هەنـدێ ڕیوایـەتی تێـداهاتووە کـە یەکـدەنگی فەرموودەناسـان و شەرعناسان دەخاتەڕوو لەسەر پێویست بوونی سەرخستنی زەیدیەکان لـەو سـەردەمدا و تەنها تاك و توکێکیان نەبێ ئەوا ڕاجیاییان لەمەدا نەبووە.

کەواتە ئەگەر ویستم لەسەر بووایە دەبوومە شوێنکەوتووی مـەذهـەبی زەیـدیی و هیچ شتێك ڕێگریشم لێناکات تەنها ئەوە نەبێت کە من بەتێرو تەسەڵی زانیاریم نیـە لـەبارەی ئـەو مـەذهەبـە و پەیڕەوەکـەی لـە:(الجرح و التعـديل) و قبــوڵکردنی[1] ڕیوایەتەکان جا ئەگەر شوێنکەوتووی مەذهەبی ناوبراویش دابنرێم ئەوا کەسانی زۆر زانـا و چـاکتر لـەمن شـوێن ئـەم مـەذهەبـە کـەوتوون و سەریشـیان خسـتووە، بـەڵکو کەسانی وا شوێنی کەوتوون کە زۆر زاناترو چاکتر بوونە لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئیبن تەیمیە و موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب، چ جای بەربەهاوی و ئـیبن بـەطـە و ئـەبی یـەعلا هاووێنـەکانیان، لەبـەر ئـەو هۆکارانـەی پێشـتر باسـم کـرد ئـەوەم ڕەت کردەوە کە من زەیدیی بم و لەبەر ئەوەی من خۆم دەناسم لەڕووی واقیعەوە سوننیم هــەر لــە پێگەیشــتن و ســەرهەڵدان و لــەڕووی سەرچـاوەکان و جێبــەجێ کردنــی پەرستشەکان و نوێژو ڕۆژ و حەجم و خۆ گرتنەوەم لە ڕۆچوون لـە شـتە ووردەکـانی عەقیـدە و هـەموو ئەمانـەم یەکدەگرن لەگـەڵ بەرنامـەی سـوننی، لەگـەڕان بـە دوای بەڵگە و جەرح و تەعدیل و سەرچاوە سوننیەکان..... تاد، ئەمە مانـای وا نیـە ئەگـەر حەقیقەتێکم ئاشکرا کرد کە لەلایەن زەیدیەکان بوو یـان لەلایـەن جگەلـەوانیش بـوو ئەوا مەبەستم ئەوەبێت گەواهی پاکایەتی خۆم بەدەست بێنم لەلایەن زیاد ڕۆچووان، ئـەو جـۆرە خـۆ پاکگرتنـە خـۆ لەکـەدار کردنـە نـەوەك خـۆ پـاکگرتن، ئەگـەر مـن بم ویستایە بەزانست گەواهی پاکایەتیم لە خەڵك بەدەست بێنم و هەوڵم دابایە کـە مـاڵ و سەروەتم دەست خستبایە ئەوا لە ناو ئـەو دوژمنکاریانـەدا نـەدەبووم کـە زیـاترە لـە پانزە ساڵ و بەئاسانی دەمزانی کەچۆن زمان لوسی و ڕووخۆشی بنـوێنم لەگـەڵ زیـاد ڕۆچووان و موسڵمانان تەکفیر بکەم و خۆم بە گەورە بگرم بەسەر بەندەکانی خوا کە

[1]_ بۆ پێناسەی ئەم دوو چەمکە سەیری پەراوێزی:(١٩١) بکە. (وەرگێڕ).

له بناغەشدا بۆ ماڵ و سەروەت و پلەیە هەروەك هەندێکیان زۆر بەئاسانی ئەم کارە دەکەن!

ڕاستە هەندێ لە زەیدییەکان زیاد ڕۆچوون و زیاد لە پێویست شت بە بیدعەت دادەنێن و خۆ بەگەورەتر دەزانن لە خەڵکی هەروەك لە ناو هەندێ مەذهەبی تریشدا ئەم جۆرە کەسانە هەن، بەڵام من نازانم کە بۆچی زیاد ڕۆچووەکانی سەلەف شانازیان بەخۆ کرد بەسەر زەیدییەکان کە لەکاتێکدا ڕەچەڵەکی چاك هی ئەوان نیە و دینداری ڕەسەنیان نیە و عەقڵی چاکی ڕاشکاویان نیە و دونیا بەکەم نازانن، هیچ تێکۆشانێکیان نیە لە پێناو ئازادی و دادگەری و مێژوویەکی ئازایانەی جوامێرانەیان نەبووە؟!

جا ئەم تێڕوانینەی سەلەفیەکان بۆ زەیدییەکان تەنها بە نەزانینی دەزانم کە هەیتیان بۆ خودی خۆیان بەر لەوەی لە هەمبەر ئەوانی تر هەیان بێت، خەڵکی دوژمنی ئەوەن کە نایزانن، تا وای لێهاتووە کە زیاد ڕۆچووانی سەلەف ووشەی (زەیدی) بە عەیب و عارو تانە و تەشەر دەزانن؟! بەڕاستی ئەوە کارێکی نامۆیە!

ئەمە وەك ئەوەیە شانازی بەخۆکەرەکانی سەلەف وەك زەیدیەکان بن لەڕووی زانست و زانای گەورە و عەقڵ و مەذهەب و پلەو پایەو مێژوو نەژادەوە!.

**بڕگەی شەشەم:**

زۆربەی ئەو شتانەی کە شێخ و شوێنکەوتووانی بەهۆیەوە تەکفیری موسڵمانان دەکەن خۆی لە خۆیدا هۆیەك نین بۆ تەکفیر، بەڵکو کۆمەڵێکی زۆر لە زانایانی موسڵمانان بەدروستی دەزانن، تەنانەت حەنبەلیەکان سەرباری توندیان ئەوا ئەو شتانە بە دروست دەزانن، وەك ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و عەبدوڵڵای کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل... وە بەتایبەتی ئەو زانایانەی ڕایان وایە کە دروستە،

لێرەدا بە چاکی دەزانم کە ئەو کارەی خۆم بـەهێزتر بکەم بـەهۆی خستنەڕووی ئـەو نموونانەوە:

١- تەبـەڕوك کـردن بـەگۆڕو دەسـت پێـدا ڕۆنـان (خشـاندن) شـێخ ئـەم کـارە بـە (هاوبەشدانانی هەرە گەورە دادەنێت)، بەڵام لەلای ئەحمەدی کوڕی حەنبـەل ئیمامی مەذهەبی حەنبەلی (شتێکی ئاسـاییە)! لـەکتێبی:(العلـل و معرفـة الرجـال: ٢/٤٩٢)ی عەبدوڵڵای کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەنبـەل ووتویەتی:(پرسـیارم لێکـرد _ مەبەسـتی باوکیەتی _ لەبارەی کەسێك کە دەست ئەخشێنێت بە مینبەری پێغەمبـەر (صلی الله علیه و سلم) و تەبەڕوك دەکات بەوکارەی و ماچی دەکات و لەگەڵ گۆڕەکەشی هـەمان هەڵسوکەوت دەکـات یـان هاوشـێوەی ئـەوە دەکـات کـە دەیـەوێت بـەو کـارەی لـە خـوای بالأدەست و خاوەن شکۆ نزیکتر بێتـەوە؟ ووتـی (ئەحمـەدی کـوڕی حەنبـەل): شـتێکی ئاسایی و ڕەوایە.

لێرەدا شێخ و شوێنکەوتووانی، لەنێوان چەند حاڵەتێك دان:

_ یان ئەوەتا دەڵێن: ئەمە ڕاست نیە لەلایەن ئیمامی ئەحمەدەوە نەهاتووە، بەو پێیە دەتوانن عەبـدوڵڵای کـوڕی ئیمـامی ئەحمـەد بـەدرۆی بخەنـەوەو هەڵسـن بـە فڕێـدانی کتێبـەکانی ئەحمـەدی کـوڕی حەنبـەل، کـە تـەنها عەبـدوڵڵا ڕیوایـەتی کـردووە وەك (المسند و فضائل الصحابة و العلل)، ناشتوانن ئەمە بکەن.

_ یـان دەبێـت بڵـێن: ئەحمـەدی کـوڕی حەنبـەل _ ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت _ بـەو قسـەیەی لـە هاوبەشـدانەرانە بەهاوبەشـدانانێکی گـەورە کـە دەرخـەرە لـە ئوممـەتی ئیسلام! ئەمەش ناڵێن و مافی ئەوەشیان نیە ئەوە بڵێن و ناشتوانن بیڵێن....

_ یان دەبێت بڵێن: ئەوە هاوبەشدانان نیە و کەسی ئەنجامدەرەکەی تـەکفیر ناکرێـت لێرەدا پێویست دەبێت کە دان بەموسڵمانێتی ئەوانـەدا بنرێـت کـە شـێخ موحەمـەدی کوڕی عەبدولوەهاب و شوێنکەوتووانی تەکفیریان کردووە، چونکە تێکڕای ئـەوەی کـە

لەبارەیانــەوە دەیــزانین ئەوەیــە کــە بۆچــوونیان وایــە کــە تەبــەڕوك کــردن و دەســت خشاندن بـە گـۆڕی پیاوچاکان و ئـەولیاکان و جگەلەوانـەش دروسـتە و شـتەکانی تـر پڕوپاگەندەیە و داهێنراون لەلایەن دژەڕاکانیان کە وەهابیەکانن.

لەسـەر ئەمـە ئەگـەر ڕاجیـایی گـەورە هـەبوو لـەنێوان ئیمـامی ئەحمـەد و شـێخ موحەمـەد ئـەوا یـەکێکیان بڵێـت:(هیچ نـاڕەوایی و نـا شـەرعی تێدانیـە و شـتێکی ئاسـاییە) ئــەوەی تریــان بڵێت:(هاوبــەش بڕیــاردانی گەورەیــە) بەڕاســتی ئەمــە ڕاجیاییەکی فراوان و پان و پۆڕە، کـە نـابێ لـە دوای ئەمـە شـێخ موحەمـەد و لاسایی کـەرەوەکانی بڵـێن ئێمـە لەسـەر پـەیڕەو بەرنامـەی ئەحمـەدی کـوڕی حەنبـەلین لـە عەقیدەدا.

پاشان زانایانی هاوسەردەمی شێخ دەکرێ بۆچوونیان وابێ کە تەبەڕوك کردن بـە گۆڕی پیـاو چاکان دروسـتە بەوپێیـە ئەمـە بەپەرستنی شتێ دانـانێن جگەلـە خـوا و بەهاوبەشدانیشـی ئـەژمار ناکـەن بـەڵکو لەوانەیـە ڕایـان وەك ڕای ئەحمـەدی کـوڕی حەنبەل بێت بەوەی کە ئەمە حەرام و ناپەسەندیش نیە لەبناغەدا.

بەڵگـەی ئەحمـەدی کـوڕی حەنبـەل و جگەلـەویش لـە زانایـان _ ئەوانـەی کـە وەهابیەکان دژەڕایانن _ کە زۆربەی زانایانی موسڵمانان پێك دێنن، بەڵگەیان بریتیە لەم قسەیە (شتێکی ئاساییە یان ڕەوایـە یـان شـتێکی چـاکە) وەك هەنـدێ لـە هـاوەڵان وەك ئەبی ئـەیوبی ئەنصاری و ئـیبن عومـەر ئـەوەیان دەکـرد لـەلای مینبـەرو گـۆڕی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) لە ناوەڕاستی هاوەڵانـدا و هـیچ یـەکێك لـە هـاوەڵان نکۆڵیان لـێ نـەکردووە ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە ئـەم کـارە یەکدەنگی بـێ دەنگی (الاجماع السكوتی) لەسەرە. [1]

---

[1] _ بۆ پێناسەی ئەم چەمکە سەیری پەڕاوێزی لاپەڕە:(٥٥) بکە. (وەرگێڕ).

ئەگەر یەکێك ووتی: جیاوازی هەیە لە نێوان گۆڕی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) و گۆڕی کەسانی تر چونکە گڵ و خۆڵەکەی بەفەڕو بەرەکەتە و بەلاّم گۆڕەکانی تر وانین....!

دەڵێین: شێخ ئەوە بە پەرستیش دەزانێت و بەندایەتی کردنی پێغەمبەران دروست نیە، دووبارەشی دەکاتەوە کە هەر کەسێ پێغەمبەرێ یان وەلیەك بپەرستێ ئەوا هاوبەشدانەرەو ڕاستیش دەکات لەم قسەیەدا، بەلاّم ڕاست ناکات لەوەی کە هەر کەسێ تەبەڕوك بکات ئەوا هاوبەشی پەیدا کردووە بۆ خوای گەورە، لێرەدا جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو قسە گشتیەی شێخ کە هەموو موسڵمانان لە سەری یەکدەگرن، بەلاّم هەڵەی پێکاوە لەوەی زۆر ڕەفتارو هەڵسوکەوتی بەشیرك داناوە، کەچی هەر لە بناغەدا هاوبەش دانان نیە، نە هی گەورەو نە هی بچووك، بەلاّم دەمەتەقێ و نکۆڵی لەوەیە کە شێخ تەبەڕوك و تەوەسولی کردووە بە هاوبەش دانانی گەورە، کەچی هاوەڵانێ ئەمەیان کردووە کە لە ئەهلی (بەدر) و (ڕیضوانن) و هیچ یەکێك لە هاوەڵان و شوێنکەوتووان نکۆڵی لێ نەکردووە، بەوپێیە دەبێ هەڵسن بە تەکفیر کردنی ئەبی ئەیوبی ئەنصاری و ئیبن عومەرو ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، بەڵکو تەکفیر کردنی ئەو هاوەڵانەی کە ڕێگریان لەو کارانە نەکردووە، لەبەرامبەریشدا شایەتی دانە لەسەر ئەوەی کە تەنها مەڕوانی کوڕی حەکەم لەسەردەمی هاوەڵان خوابەیەکزان و یەکتاناسی چاك و پاك بووە! تەنها مەڕوانی کوڕی حەکەم تاکە کەسێك بووە کە ڕێگری و نکۆڵی کردووە لە ئەبی ئەیوب سەبارەت بەدانانی ڕووی ڕوومەتەکەی لەسەر گۆڕی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) (لێرەدا خاڵێ هەیە ئەویش بریتیە لەوەی: هەموو شتەکان لە بەنی ئومەیەوە سەرچاوە دەگرن، تەنانەت نموونەی ئەو گرژیانەی عەقیدەیی کە پێمان دەگات لەلایەن مەڕوانی کوڕی حەکەمەوەیە و گرژی و توندی لە فیقهدا و لە بارەی قژی ئافرەتان و

دوو ڕکات نوێژ دوای نوێژی ئێوارەو تەواو کردنی حەج، ئەوا لەلایەن معاویەمان دەست دەکەوێت سەرکردەو پێشەوای دەرچووە ستەمکارەکان(البغاة) لە سەردەمی خەلافەتی ڕاشدین، ئەو دووانە لەو کەسانەن کە زۆرترین حاڵەت هەڵساون بە پەکخستن و فەرامۆش کردنی دادگەری و چاکە و مافەکان و لەو کەسانەن کە زۆر ئەو سنورانە دەشکێنن کە خوای گەورە قەدەغەی کردوون لە خوێن ڕشتن و نەفەرەت و دەست گرتن بەسەر سەروەت و سامان و بەتاڵان بردنی... تاد، زیاد ڕۆچووە سەلەفیەکان و لە ناو ئەوانیشدا زیاد ڕۆچووە وەهابیەکان لەسەر ڕێگەی ئەوانن و پێ لە جێی پێی ئەوان دادەنێن... وە دادگەری و مافەکانی مرۆڤ و نەهێشتن و کەم کردنەوەی ستەم لەلایەن ئەو دووانەوە جێگای بایەخ نبووە مەگەر بۆ نمایش کردن بووبێت یان زۆر بە دەگمەنی نەبێ یان وەك شانازی کردنێ بێت بەرامبەر ئەوانی تر، بەڵکو ئەوەی جێگای بایەخ بێت بریتی بووە لەو شتانەی کە بەهۆیەوە جیاوازیان کرد لەنێوان بەندەکانی خوا بۆ هاوبەشدانەرو خوابەیەکزان و ڕێنوێنیکراو گومڕابوو).

٢- ئیبڕاهیمی حەربی حەنبەلی _ یەکێکە لە گەورە قوتابیانی ئەحەمەدی کوڕی حەنبەل _ دەڵێ: گۆڕی مەعروفی کەرخی گڵەکەی بە ئەزموونی دەگمەن و بەبەرکەتە (سەیری _ سیر اعلام النبلاء: ذهبي: ٩٠/٣٤٣. بکە)، ذەهەبی دانی پێداناو قبوڵی کرد بەڵکو ذەهەبی سەرباری قبوڵکردنی شیکردنەوەی بۆ کرد:(مەبەستی ئەوەیە کە نزای کەسی ناچار وەڵام دەدرێتەوە لەلای ئەو _ واتە لەلای گۆڕەکەی _ چونکە شوێنێکی بەفەڕو بەرکەتە، وەك نزاو دوعا لەکاتی بەرەبەیان هیوای گیرابوونی زۆرەو لە دوای هەموو نوێژە فەڕزەکان و لە مزگەوتەکاندا ....).

دەڵێم: بەوپێیە ئەگەر ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئیبڕاهیمی حەربی و ذەهەبی هاوسەردەمی شێخ بوونایە ئەوا بەو قسانەیان بێ باوەڕ دەبوون بەکوفرێکی گەورە کە دەرخەرە لە ئوممەت!

ئەگەر ناوی زانایان بێنم ئەوانەی کە هەمان ڕاو بۆچوونی ڕابردوویان هەیە لەسەر ڕوابوونی کارە ناوبراوەکان ئەو کارانەی کە وەهابیەت بە هاوبەشدانانی گەورەی دادەنێن ئەوا باسەکە دریژە دەکێشێ.

حەقیقەتی ڕاجیایی بریتیە لەوەی کە شێخ مانای شەرعی بۆ زۆربەی زاراوەو چەمکەکانی دیاری نەکردووە کە زۆر بەکاری دێنێ وەك هاوبەشدانان (الشرك) و پەرستش(العبادة) و یارمەتی وەرگرتن (الاستعانة) و نزاو پاڕانەوە (الدعاء) و خوا بەیەکزانین (التوحید) و باوەڕ (الایمان) بەڵکو تەنانەت مانای ئیسلامیش.... تاد.

بۆیە دەی بینی شێخ پێناسەیەکی توند ڕەوانە بۆ فڵان زاراوە یان ئەوەی تر هەڵدەبژێرێت پاشان بەدار دەستی خۆی خەڵکی کێش دەکات تا ئەو پێناسەیان لەسەر جێبەجێ بکات و تەکفیری ئەوانەش بکات کە پێچەوانەی ئەون لەو بۆچوونەدا.

دەکرێ لەو پێناسە توندانە شتێکی بۆ مابێتەوە پێشتر لە ئیبن تەیمیە و ئیبن قەیم یان هەندێ ڕێزماننناسان، بەڵام لە دابەزاندن و جێبەجێ کردنی ئەو پێناسە توند و تیژە لە واقیعی موسڵمانان سەرکەوتوو نابێت، چونکە سەرەتا پێناسەکە گوماناوییە، دووەم جاریش چەند ڕێگرو پەرچێك هەن ..... وە لەبەر ئەوەی ....... وە لەبەر ئەوەی.... تاد.

بۆ نموونە: ووشەی پەرستش (العبادة) ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێناسەکەی لەلای شێخ بەڵکو لەلای ڕێزماننناسان ئەوا دەیانبینین کە لەدەوری یەك واتادا دەخولێنەوە کە ئەویش بریتیەلە:(ملکەچی و داماوی و کەساسی) ئایا دەکرێ بەڕەهای جێبەجێی

بکەین بە شێوەیەك کە هەر کەسێ ملکەچی دەربڕی بۆ دەسەڵاتدارێکی ستەمکار یان ملکەچی دەربڕی بۆ دایك و بابی یان خۆشەویستەکەی... ئایا وا تەماشای ئەوانە بکەین کە جگەلە خوا یەکێکی تر دەپەرستن و بەندایەتی یەکێکی تر دەکەن جگەلە خوا؟! نا نا چونکە خوای گەورە فەرمانی کردووە بە ملکەچی بوون بۆ دایك و باوك:﴿ واخفض لهما جناح الذل من الرحمة: باڵی میهرەبانی خۆتیان بۆ ڕاخە و ملکەچ بە بۆیان...﴾ ئایا دەربڕینی ئەو ملکەچیە بەندایەتی و پەرستنی ئەوانە؟.

وە خوای گەورە _ ستایشی ئیمانداارنی کردووە بەو وەسفەیان هەروەك لەو فەرمایشتەدا دەفەرمووێت:﴿ أذلة على المؤمنين أعزة على الكافرين: ملکەچ و فەرمانبەردارو بەسۆزن بۆ ئیمانداران و سەر بڵندو شکست نەخۆرو دەروون بەرزن بەسەر بێ باوەڕاندا ﴾ ئایا ئیمانداران ئیمانداران دەپەرستن؟.

وە خوای گەورە فەرموویەتی لەبارەی باوکی یوسف و برایەکانی:﴿ فخروا له سجدا: هەمووان کڕنووشیان بۆ برد..﴾

ئایا بەو کارەیان پەرستوویانە؟ ئایا خوای گەورە هەموو پێغەمبەرانی نەناردووە _ هەر وەك شێخ دەڵێت _ بۆ هێنانە کایەی یەکتاناسی و خوا بەیەکزانین لە پەرستندا؟ ئایا یەعقوبی باوکی یوسف _ سەلامیان لێ بێت _ کە پێغەمبەر و نێردراوی خوایە؟ هاوبەش دانەر بووە بەو سوژدەیە؟ ئایا دەڵێین: خوای گەورە سەرزەنشت و گلەیی لە پێغەمبەران دەکات سەبارەت بە هەڵەیەك لە حوکمدا کەچی گلەییان لێناکات لەسەر هاوبەشدانانی گەورە؟ پەنا بەخوا دەگرین لەو قسەیە.

لێرەدا جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەوەی ملکەچی بتێك دەبێت یان کەسێك کە بڕوای وابێ شایەنی پەرستنە، لەگەڵ کەسێ کە ملکەچی دەنوێنێ وەك

ڕێز یان له خۆشەویستی یان لـه ترسان یـان پێـی خۆشـه بـەلاّم بـڕوای وایـه کـه هـەر مرۆڤه و تەنها خوا شایەنه بپەرسترێ نەوەك شتێکی تر.

وه بـێ بـاوەڕانی قـوڕەیش وا گومانیـان دەبـرد کـه بتـەکان خـوان و شـایەنی پەرسـتنن، و زیـان و سـوود دەگەیـەنن و ڕزق و ڕۆزی دەبەخشـن و شـەفاعەت دەکـەن گەر خـوا ڕێگایـان پـێ بـدات یـان نـا و شایەنی پەرسـتنن و پەرسـتن تـەنها بـۆ ئـەوان دروسته جا هەموو جۆرەکانی بەندایەتی و دوعاو نـزاو شـەفاعەت و قوربـانی و نـەزر کردنیان بۆ ئەو بتانه بوو و هیچ یەکێك له شەفاعەت و ترسـان و بەندایـەتی و نـەزر کردنەیان بۆ خوا نەبوو، وای لێهاتووه که ناوی (الله) تـەنها نـاوێکی ڕووت بێـت، تـەنها بەدیهێنان کاری خوای گەورەیه، ئەم ڕاو بۆچوونه له ناو ئەو موسڵمانانەدا نـەبوو کـه وەهابیەکان هەڵسان بەکوشتنیان بەڵکو نوێژی هـەینیان دەکـرد لـه مزگـەوتی عەینیـه بەئیعترافی خودی وەهابیەکان، ئایا دەبێ ئەو نوێژکردنەیان بۆ (هوبەل) یـان (لات) و (مەنات) بێت؟!.

کەواتـه موسـڵمانان دەزانـن کـه هـەر خـوای گەورەیـه جڵـەوی هـەموو شـتێکی بەدەسته، بەلاّم ئەوان له کاتی دەربڕینی ملکەچیان بۆ موسڵمانێ یان دوای شـەفاعەت کـردن ئـەوا بـەو کارەیـان ڕایـان وانیـه کـه ئـەو کەسـانه شـایەنی پەرسـتنن، ئەمـه جیاوازیـەکی گەورەیـه لـەنێوان پەرستشـێ هاوشـان لەگـەڵ هاوبەشـدانان کـه بـه پەرستراوی دەزانی لەگەڵ هەڵسوکەوتەکانی تر _ جا ڕێپێدراو بێت یان قەدەغه کـراو _ کـه پێویسـت دەکـات لـه مرۆڤـدا ئـەوەی کـه خـوا شـەفاعەتی پێـداوه یـان بەفـەڕو بەرەکەته دەنا هیچ شتێکی بـۆ خـۆی بـه دەسـت نیـه مەگـەر بـه فـەزڵ و ڕەحمـەت و بەزەیی و پشتیوانی و ویستی خوای گەوره نـەبێت و فـەرمان هـەر هـەمووی بەدەسـت خوایه و موڵکی خوایه.

بەو شێوەیە زۆرێك لەو ئایەتانەی شێخ بەبەلگەیان دێنێتەوە ئەوا لە بەرامبەردا ئایەتەکانی تر باس ناکات کە ڕێگری دەکەن لە تێگەیشتنە توندەکەی بۆ ئەو ئایەتە یان بۆ ئایەتێکی تر.

**بڕگەی حەوتەم: ئەو فەرموودانەی سەبارەت بەسەرزەنشت کردنی نەجد هاتوون لە نێوان عێراق و نەجد:**

پێشتر باسمان کرد کە بەلگەی دژەڕاکانی وەهابیەکان لە وەسفکردنی وەهابیەکان بە خەواریج سوکترە لە بەلگەی وەهابیەکان لەوەی کە بێ باوەڕانی قورەیش بەچاکتر دادەنێن لە موسلمانانی سەردەمی خۆیان، هەندێ لەو فەرموودانەی کە دژەڕاکانی وەهابیەت بەبەلگەیان هێناوەتەوە لەبارەی ناو زڕاندنی وەهابیەت ئەو فەرموودەیەیە:(هناك الزلازل و الفتن ومنها يطلع قرن الشيطان: ئا لێرەدا چەند بومەلەرزە و ئاشوب و فیتنە هەن و هەر لەوێشەوە قۆچەکانی شەیتان هەلدێن و دەردەکەون) ئەو فەرموودەیە وەهابیەکان تەئویلیان کردووە بەوەی مەبەستی نەجدی عێراقە و سەلەفیە پێشینەکان بەو شێوەیە لێکیانداوەتەوە لە پێناو سەرزەنشت کردنی شیعە و (أهل الرأي) و موعتەزیلەکان[1] و ئەمەش چەند بەلگەیەکن

---

[1] _ ئەهلی ڕەئی یان قوتابخانەی ڕەئی: ئەو قوتابخانەیە لە عێراق دروست بوو، ڕاو و دیدو تێڕوانین تیایدا بلاوەی کردبوو لەبەر چەندین هۆکار، یەکێك لەو هۆکارانە دووریان لە شوێنی فەرموودە، تەنها ئەو فەرموودانەیان پێگەیشت بوون کە لەگەل چەند هاوەلێك پێیان گەیشت بوون وەك عەبدوللای کوڕی مەسعود و عەلی کوڕی ئەبی طالیب و سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص و ئەبی موسای ئەشعەری و ئەنەسی

لەسەر ئەوەی کە مەبەستی لە نەجد لەو فەرموودەیەدا ئەو نەجدەی ئێستایە و ئەمەش مانای وا نیە ئەو سەرزەنشتە بگشتێنرێت بەسەر تێکڕایی خەڵکی نەجد و نابێ بەسەر سەرجەم سەردەمەکانیشدا بچەسپێنرێت، بەڵکو ئەمە مانای وانیە کە پێداگری بکەین لەسەر ڕاستی فەرموودەکە _ سەرباری بوونی ئەو فەرموودەیە لە هەر دوو صەحیحی بوخاری و موسلم _ لەبەر ئەوەی ئاحادە، بەڵگەی ئەوانەش[1] کە بۆچوونیان وایە کە ئەو نەجدەی لەو فەرموودەیەدا هاتووە ئەو نەجدەیە کە ئەمڕۆ ناسراوە، ئەمانەن:_

---

کوڕی مالیك و هاوەڵانی تریش جگەلە ناوبراوان، یەکێك لە هۆکارەکانی تریش ترسانی هاوەڵان بوو لە زۆر ڕیوات کردن و گێڕانەوەی فەرمووده نەوەك درۆ بە زمانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بکەن. هۆکارێکی تر هاتنە کایەی چەند ڕووداو مەسەلەیەك کە لە سەردەمی پێغەمبەردا هاووێنەی نەبووە، چەند هۆکارێکی تریش کە بوونە پاڵنەر لەوەی کە هاوەڵان و شەرعناسان کار بە ڕاو بۆچوون بکەن و بازنەکەی فراوان بکەن. ئیمامی عومەری کوڕی خەتتاب_ ڕەزای خوای لێبێت _ بە ئاڵاو مەشخەڵ بەدەستی ئەو قوتابخانەیە دادەنرێت و دوای ئەویش ئیبن مەسعود لە عێراق و دواتر شورەیحی کوڕی حارثی کندی لە ئیبن مەسعودی وەرگرت و عەلقەمەی کوڕی قەیس مامۆستای ئیبراهیمی نەخەعی کە دواتر مەشخەڵ و ئاڵای ئەو قوتابخانەیەی گرتە دەست و حەمادی کوڕی سولەیمان بووە قوتابی ئەو کە دەکاتە مامۆستای ئیمامی ئەبی حەنیفە و دواتر ئەو ئاڵای ئەو قوتابخانەیەی گرتە دەست. وە سروشتی ئەو قوتابخانەیە لەوە کورت دەکرێتەوە کە شەرعی خوا کامڵ و تەواو بووەو ڕوونکراوەتەوە بەر لە کۆچی دوایی پێغەمبەرو شەریعەتی ئیسلام واتاو مانای لە چوار چێوەو سنوری عەقڵ تێپڕ ناکات بەو واتایەی عەقڵ دەتوانێت پەیی بە ماناکانی ببات و ئەو شەریعەتە دامەزراوە لەسەر بنەمای نەگۆڕو هۆکار (علل)ی ڕێکخەری ئەو ئەحکامانە، جا شەرعناسانی ئەو قوتابخانەیە بەدوای ئەو هۆ (علل)انە دەگەڕان کە ئەحکامەکانی بۆ دانراون و حوکمەکەیان دەبەستیەوە بەبوونی ئەو هۆو علەتانە بەبوون و بەنەبوون. (بۆ نوسینی ئەم پێناسەیە سوودم وەرگرتووە لە: المجموع شرح المهذب: الامام محيي الدين أبي زكريا يحى بن شرف النووي؛ ج١، ص٦،٥). (وەرگێڕ).

[1] _ ئاحاد (آحاد) لەزمانەوانیدا: کۆی یەك و تاکە، هەواڵی تاك بریتیەلەوەی کە یەك کەس دەیگێڕتەوە.

وە فەرموودەی ئاحاد لە زاراوەدا بریتیە لەوەی کە مەرجەکانی تەواتری تێیدا نەهاتۆتەجێ. (بۆ نوسینی ئەم پێناسەیە سوودم وەرگرتووە لە: مباحث في علوم الحديث: مناع القطان). (وەرگێڕ).

١- (نەجد) کە بەکارهێنرا ئەوا تەنها مانای ئەو نەجدە دەگەیەنێت کە ناسراوەو لە ناوەڕاستی دورگەی عەرەبیدایە، وەك ناوی حیجاز بۆ ئەو شوێنەی کە بەحیجاز ناسراوە بەکاردێنین بۆ ئەو شوێنەی کە دەکەوێتە سەر کەناری دەریای سور و بەدرێژایی دەریای سور درێژ بووەتەوەو ناوەندێکی تەواوە بۆ مەککەی پیرۆزو مەدینەی منەوەرە و جەدە...، مەرج نیە ئەوەی دەکەوێتە ناو دەریا و چیا (حیجاز) بێت بەپێی نەریت و عورف ئەگەرچی لەلایەنی زمانەوانی بەبێ مشتومڕ دروست بێت، بۆیە ئەگەر ووشەی (نەجد)ت بەکارهێنا ماناکەی بە ئاراستەی نەریتی و عورفیەکەی دادەچێت وەك حیجاز بەکاردێنین و ماناکەی بە ئاراستەی عورفی دادەچێت، بەبێ ڕاجیایی نەریت و عورف پێش دانانی لایەنی زمانەوانی دەکەوێ، بەڵام نەجد لە ڕووی زمانەوانیەوە ڕاستە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لە زەویەوە بڵند بووەتەوەو حیجاز لە زمانەوانی هەموو ئەو شتانە لەخۆی دەگرێ کە دەکەوێتە نێوان دەریا و چیادا.

٢- ئەوەی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نەجد عێراق نیە_ و نەجدی باوی ناسراو ئەو نەجدەیە کە ئێستا ناسراوە _ دوو شوێنی ئیحرام بەستن هەن بۆ حەج، شوێنی ئیحرام بەستنی ئەهلی نەجد و شوێنی ئیحرام بەستنی خەڵکی عێراق، ئەگەر نەجدو عێراق یەك بووبان ئەوا دەووترا شوێنی ئیحرام بەستنی نەجدی یەکەم و نەجدی دووەم، هەروەك دەڵێن لەبارەی بەندەرەکانی ئیسلامی ئەرمەنیایی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم.

٣- یەکێك لەو شتانەی کە بەڵگەیە لەسەر لاوازی تەئویلی وەهابیەکان ئەوەیە کە ڕۆژهەڵاتی مەدینە بریتیە لەو نەجدەی ئێستا کە لە فەرموودەکەدا هاتووەو پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) بەدەستی پیرۆزو موبارەکی ئاماژەی کردووە بۆ لای ڕۆژهەڵات، ئەو ڕۆژەی کە ئاماژەکەی کرد وتاری دەدا لە مزگەوتەکەی و ڕۆژهەڵاتی

مەدینە ئەو نەجدەی ناسراوە، نەوەك عێراق، جا ئەوەی دەیەوێت کە دڵنیا بێت ئـەوا با نەخشـەی دوورگـەی عـەرەبی بخاتـە بـەردەمی خـۆی و پشت ببەسـتێ بـە خولگـەی قرژاڵ (مدار السرطان)_ کە نـە وەهابیـەکان و نـەدژەڕاکانیان دایـان نـەناوە _ کـە بـە باشووری شاری مەدینەی منەوەرەو باشووری شاری ڕیاض دا دەچێت، ئەگـەر هێڵێکـی ڕاسـت لەسـەر نەخشـەکە بکێشیت لەمەدینـەوە بـەرەو ڕۆژهـەڵات ئـەوا هەڵـە ناکـات سەبارەت بەدرعیە و بەطحاء یـان ئـەوەی لـە نێوانیاندایـە! ئەگـەر چەسپا پێغەمبـەر (صلى الله عليه و سلم) بەدەستی ئاماژەی کردووە بـەرەو ڕۆژهـەڵات _ و فەرموودەکـە لە دوو صەحیحەکەدا هەیە _ ووتویەتی:(لێرەدا بوومەلەرزە و ئاشـوب و فیتنـە هـەن و لێرەشـەوە قۆچـی شـەیتان دەر دەکـەوێت) ئـەوا ڕۆژهـەڵاتی مەدینـە بریتیـە لـە ناوەڕاسـتی نەجـدی ناسـراو و مەبەسـتیش لەنەجـد هـەر خـودی نەجـدە نـەوەك ناوەڕاسـتی عێـراق، ئەمـە مانـای سەرزەنشـت کردنـی هـەموو نەجـد نیـە لـە هـەموو سـەردەمێکدا، وەك ستایشـکردنی مەدینـە مانـای وانیـە کـە ستایشـی هـەموو تـاکێکی مەدینەی کردووە، بەڵکو پەند بەزۆرینەیە یان بە ماوەیەك جیا لە ماوەیەکی تـر یـان سەرزەنشتی تایبەتی کراو بەسەر هەڵدانی دیـاردەی لـە دیـن هەڵگەڕانـەوە (الـردة).... تـاد، ئـەم هەڵاواردنـە چـاکترە لـەو تەئویلـە زۆرەملێیـە کـە بەناپەسـەندی دەزانـین _ مەبەسـتم تەئویلەکـە بـە ناپەسـەند دەزانـین _ لەسـەر موعتەزیلـە و ئەشـعەریەکان کاتێك دەیـان بیـنین قسـە لـەبارەی سیفەتەکان دەکـەن، ئەمـە بەڵگەیانـە لـە سـەر ڕق لێبوونەوەی فەرموودەکە _ و ئەمە بە بەڵگە دێـنن لەسـەر ئـەوەی دژایـەتی سـوننەت دەکەن... تاد، ئەو هەموو زۆرداری و ستەمە گەر بمانەوێت خراپترین جۆریان ئـەنجام دەدەین.

**٤- سەرهەڵدانی زانست و زانیاری لە عێراق نەوەك لە نەجد، زۆربەی فەرموودەناسان و پێشەوا شەرعناسەکان و ڕێزمانناسەکان عێراقین، ئەمەش جەخت دەکاتەوە کە عێراق چاکە و خێر و زانست و ژیاری ئیسلامی بە مەشخەڵە جیاوازەکانی تێدایە کە لە نەجد دا نیە، بەڵکو لە هەموو وڵاتەکانی تری موسڵماناندا نیە، پێشەواکان لەبوارەکانی فەرموودە و فیقه و تەفسیر و زمان و ژیربێژی و مەنتیق عێراقین....**

**ئەگەر ئەو فەرموودەیەی دوو صەحیحەکەمان بەڕاست دانا لە سەر زەنشتکردنی نەجد، نەجدی عورفی و نەریتی لەپێشترە لەوەی کە ئەو سەر زەنشتە ئاراستە بکەین بۆ ئەو نەجدەی کە زمانەوانی مەبەستیەتی و پاشان تایبەتکردنی بە عێراق.... ئەمە ئەرکێکی زۆرە لە تەئویل کردنی فەرموودەکە و لادانە لە مەبەست و مانای فەرموودەکە... .[1]**

**بەو پێیە قۆچی شەیتان لە نەجد دەرکەوت و دەکرێ مەبەستیشی موسەیلەمەی درۆزن بێت، خەواریجەکانیش دوای ئەوان دەر کەوتن و قەرامطەکانیش دواتر**

---

[1] _ ئێمەی دەستەی سەلەفیەکان (سەرزەنشتکردنی عێراقمان) بۆ ماوەتەوە لەلایەن دژەکانی عێڕاق لەو ناصبانەی کە خەڵکی شامن _ ئای لەو شتە زۆرانەی لەوانمان بۆ ماوەتەوە!_ وتاری حەجاج و زیاد، هەر بەردەوام دووبارە دەبێتەوە لە گوێچکەکان، هەندێ لەگێڕەرەوەکان هەندێ بێژە (الفاظ)ی فەرموودەکەیان گۆڕیوە بە ووشەی (بەرەو ڕۆژهەڵات) کە لە صەحیحەکاندا هەیە... بە ووشەی:(بەرەو عێراق) بۆ دەرخستنی سەر زەنشتکردنی عێراقیەکان و دوژمنایەتیان، دەوڵەتی ئومەوی کاریگەری زۆری بووە لە سەر زەنشکردنی عێراق تا هەندێ لە زانایان و خاوەن پلەو پایەکان پێی کاریگەر بوون، هەتا ئیمامی مالیك چەند قسەیەکی هەن کە تیایدا هاتووە فەرموودەکانی ئەهلی عێراق وەك هی ئەهلی کتاب وەسف دەکات:(نە بەڕاستیان دانێن و نە بەدرۆیان بزانن)، ئەوە ئیمامی مالیکە و لەو پلەو پایەی خۆی کاری تێکراوە چ جای تێکڕای خەڵکی تر... ئەوەی نامۆیە ئەوەیە کە هەندێ لە حەنبەلیەکان وەك ئیبن تەیمیە (کە خەڵکی شامە) زۆر زیاد ڕۆیی دەکات لە سەرزەنشت کردنی عێراق بەهۆی دووبارەکردنەوە ئەو قسەکەی ئیمامی مالیك بەبێ سەیر کردنی ڕەهەندەکانی ئەو قسەیە کە تاچەند ڕاستە، ئەگەر یەکێك بە ئیبن تەیمیەی بووتبایە: باشە ئیمامی ئەحمەد کوڕی حەنبەل (عێڕاقیە) و بەو شێوەیە نەقسەی بەڕاست بزانن نە بەدرۆ! ئەوا دەمیان وەك تەڵەی تەقیو لێدەهات و بێ دەنگ دەبوون.

دەرکەوتن... تاد، ئینجا بۆچی ئەو جۆش و خرۆشە بەکاردێنن لە بەرپەرچدانەوەی مانای فەرموودەکە، ئایا ئەوانەی تەئویل دەکەن ناترسن کە ئەو پێدا گیریەیان لەسەر بەرپەرچدانەوەو لێکدانەوەو تەفسیرەکە بەشێ بێت لە:(بۆمەلەرزو ئاشوب و فیتنەکان) و بەشێ بێت لە کار ڕازاندنەوەی شەیتان؟! پێشتر ووتمان کە سەر زەنشتکردنی شوێنێ و ستایش کردنی شوێنێکی تر ئەوا تایبەت دەبێت بە هۆکارەکە یان بە پێی ڕێژەی زۆرینە یان بەو شێوەیە، ئەگەر دامانناکە ئەو نەجدەی سەرزەنشت کراوە هی عێراقە، ئایا لە عێراقدا کەسانی ڕێزدارو خاوەن پلەو پایە و پیاوچاك لە ڕابردوو و ئێستاشدا نین؟ ئایا زۆرێ لە هاوەڵان و شوێنکەوتووان (تابعین) و شەرعناسان و فەرموودەناسان لە عێراق نەبوون، لەو هاوەڵانەی کە لەعێراق بوون عەلی کوڕی ئەبی طالیب و حوذەیفەی کوڕی یەمان و عەمماڕی کوڕی یاسر و عیمڕانی کوڕی حوصەین و سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس و هاووێنەکانیان بەڵکو لەگەڵ عەلی کوڕی ئەبی طالیب هەشت سەد هاوەڵی ئەنصار هاتنە شاری کوفە، پاشان چینی هەرە گەورەی شوێنکەوتووان (تابعین) شوێنی ئەوان کەوتن، وەك ئوەیسی قەڕەنی چاکترین کەس لە ناو شوێنکەوتووان (تابعین) و عەلقەمەی کوڕی قوبەیس و عوبەیدی سەلمانی و ئەبو عەبدولرەحمانی سولەمی، عەبدولرەحمانی کوڕی ئەبی لەیلا و شوڕەیحی کوڕی حارث (دادوەری ئوممەت) و ڕەبیعی کوڕی خەثیم و سوەیدەی کوڕی غەفلە و حارسی یەك چاو و ئەبو وائل و زەری کوڕی حوبەیش و ئەسوەدی کوڕی یەزید و سەعیدی کوڕی جوبەیر، پاشان ئیبڕاهیم نەخەعی و ئەوانەی لە ناو چینی ئەودا بوون وەك شەعبی و سالی کوڕی ئەبی جەعد و حوکەمی کوڕی عوتەیبە و سەلەمەی کوڕی کوهەیل و حەمادی کوڕی ئەبی

سولەیمان پێشەوا و ئیمامی (أهل الرأي) و ئەبو ئیسحاقی سوبەیعی[1] پاشان ئەبو حەنیفەو ئەوانەی لەناو چینی ئەودا بوون وەك ئەعمەش و ئیبانی كوڕی تغلب و عاصمی كوڕی ئەبی نەجود خوێنەرە بەناوبانگەكەی قورئان و مەنصوری كوڕی موعتەمەر و موسعەری كوڕی كەدام و حەسەنی كوڕی صالحی كوڕی حیی و سوفیانی ثەوری و ئیمام زفر و دادوەر ئەبو سەیف و موحەممەدی كوڕی حەسەنی شەیبانی پاشان وەكیع و ئەوانەی لەناو توێژو چینی ئەودا بوون ئەمانەن وەك معاویەی ضەڕیر و ئیبن فوضەیل و حەفصی كوڕی غەیاث و ئەبو نوعەیم فەضلی كوڕی دوكەین و عوبەیدوڵڵای كوڕی موسای عەبسی شێخی بوخاری و چینەكەی، دواتر زۆربەی فەرموودەناسان لە ئەهلی كوفەن سەرباری هەموو عێراق وەك بەصرەو بەغداد و واسط و ئەهواز و موصل..... .

وە ئەوانەی لە عێراقدان جگەلە كوفیەكان وەك حەسەنی بەصری و ئیبن سیرین و قەتادەو ئەحمەدی كوڕی حەنبەل و خەطیبی بەغدادی و ئیبن جەوزی و هاووێنەكانیان و لە ڕێزماناسان سیبەوەیهی و ئەبی عەمروی كوڕی عەلاء و ئەخفەش، لە شاعیرەكان موتەنەبی و بوحتوری و ئەبی تەمام.... تاد.

لەكاتێكدا هاوەڵان و شوێنكەوتووان (تابعین) نەچوو بوونە ناوەڕاستی نەجد تەنها وەك جەنگاوەرە نەبێت و بۆ جەنگ كردنی لەگەڵ هەڵگەڕاوەكان _ بەهەڵاوردنی كەمینەیەك وەك ثەمامەی كوڕی ئەثال _ و هیچ زانایەكی بەناوبانگی لێ هەڵنەكەوت جگەلە یەحیای كوڕی ئەبی كەثیری طائی لە شێخەكانی مەعمەڕو چینەكەی و لەگەڵ ئەمەشدا بزرە تەنها كەسانێكی تایبەت دەیناسن، پاشان نەجد گوزەری كرد ماوەیەكی زۆر لە ناو نەزانی و لەوانەیە چاكترین بارودۆخی نەجد ئەو

[1]_ بۆ ئەم پێناسەیە سەیری لاپەڕە:(٢٠٩). (وەرگێڕ).

قۆناغـه بـوو بێـت کـه دەکەوێتـه پـێش شـێخ موحەمـەدی عەبـدولوەهاب بـوو کـه ژمارەیەکی زۆر دادوەرو زانای تێدا بوو، لەگەڵ ئەمەشـدا وەهابیـەکان بـه ناشـرینترین شێوە سەرزەنشتی ئەو قۆناغەشیان کرد بەشێوەیەك کە زاناو نەزان و خەڵکی تایبـەت و گشتیان تەکفیر کرد، بەبێ باوەڕتریان دانان له بێ باوەڕانی قـوڕەیش، ئەگـەر ئەمـە حاڵ و باڵی ئەو شوێنە بێت له چاکترین حاڵ و بارودۆخەکانی دا _ ئێمە هیچ کاتێك پشتی دیاردەی تەکفیر ناگرین _ جا ئەو شـوێنە لـه پێشـترە کە بکرێتـه جێگای بـاس خواس نەوەك عێـراق کـه نیـوەی زانایـانی ئوممـەتی ئیسلامی لێـی دەرچـوون و هـەر کەسـێ گومـانی هـەبێت بـا هـەوڵ بـدات بـۆ ڕوونکردنـەوەی ژمـارەی زانـا عێراقیـەکان لەناو زانایـان و بیـان خاتـه نـاو دەسـتێکی و سـەرتاپای زانایـانی تـری ئوممـەت بخاتـه دەسـتەکەی تـری _ لـه حیجـازی و شـامی و میسـری و مـەغریبی و ئەندەلووسـی و یەمـەنی و خوڕاسـانی و نیسـابوری و قـەزوینی و فارسـی و سەجسـتانی و بوخـاری و سـەمەرقەندی و گـەیلانی و دیلـەمی و مـروزی و ئەصـفەهانیەکان...تاد _ و ئەوسـا سەیری دەرەنجامەکە بکات و پاشـان دووبـارە بـا فەرموودەکـه بخوێنیتـەوە! و سـەیری بکات کە ئایا فەرموودەی (نەجد) له پێشترە کە لەسەر (عێڕاق) جێبـەجێ بکـرێ یـان لەسەر خودی (نەجد).

من لێکۆڵینەوەیەکم هەیە هێشتان تەواوم نەکردووە بـه ناونیشـانی (انصـاف أهـل العراق)، تیایدا باسـی پلـەو پایـەی ئـەو شـوێنە خۆشەویسـتەم خستوەتەڕووە و باسـی زاناکانی و مەشخەڵ بە دەستان ئەو شـوێنەم کـردووە و تـا چـەند کاریگـەریان لەسـەر ژیارو شارسـتانیەتی ئیسلامی، ئـەم لێکۆڵینەوەیـه چارەسـەر بەخشـه بـه دڵـی هـەموو کەسێکی خاوەن ئینصاف، بەڕاسـتی تـەنها کەسـێك سەرزەنشـتی عێـراق و خەڵکەکـەی دەکات کە زانیاری نەبێ و نەزان بێ بە عێڕاق و خودی خۆشی نەناسێ.

## کۆتایی

لەو خاڵانەی خوارەوە کورت و پوختی دەکەمەوە:

١. شێخ موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ شەرعناسێکی حەنبەلییە، ئەو سور بوون و جەختکردنەوەشی لەسەر یەکتاناسی و خوابەیەکزانین (توحید)ی ساغ و پاك و پوخت، ستایشی دەکەین و ڕێزو حورمەتی بۆ دادەنێین، دەستخۆشی و سوپاسی دەکەین لەسەر کۆششەکانی کە بەرهەمەکەشی یەکخستنی ئەو نیشتمانە گەورەیە بوو، ستایشی دەکەین لەسەر بانگەوازەکەی بۆ پاك و پوخت کردنی یەکتاناسی و خوابەیەکزانین لەو کرچی و کاڵی و کەم و کوریانەی کە زۆرێك لە کەسانی سادەو عەوام تووشی بوو بوون، بەڵام ئەمەش مانای وانیە کە شێخ ڕاستی پێکاوە لە مەسەلەی تەکفیر.

٢. شێخ موحەمەد _ سەرباری بەهەڵەداچوونی لە مەسەلەی تەکفیردا _ بەرییەو دوورە لە زۆرێك لەو تۆمەتانەی کە پێی تۆمەتبارکراوە، لەو تۆمەتانەش وەك بانگەشەی پێغەمبەرێتی کردن یان بە کەم و کورت گرتن لە کەسێتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) یاخود ویستوویەتی تەنها خۆی ببێتە سەرکردە..... بەشێوەیەکی گشتی شێخ ڕاستی پێکاوە تەنها لە مەسەلەی زیاد ڕۆچوون نەبێت لە تەکفیرو ئەوەی بەدوای ئەودا دێت لە حەڵاڵ کردنی خوێنە پاکە پارێزراوەکان بەناحەق.

٣. تەکفیر کردن شتێکی بنچینەیی و سەرەکی لە پەیڕەو بەرنامەی شێخ دا، جار جار لەو بەرنامەو پەیڕەوە لادەدات، دەکرێت ئەمەش لەبەر بارودۆخی سیاسی یان لەبەر پاشگەزبوونەوەی بێت لە تەکفیر یاخود دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی تەکفیر لەخۆی

هەڵبگرێت و لە ڕووکەشیش دا خۆی بە بێ تـاوانی پیشـان بـدات و خـۆی بـەری بکات لەو تەکفیرە.

٤. تەکفیر کردن لە بەرنامەو پەیڕەوی شێخ موحەمەدی کوڕی عەبـدولوەهاب _ خـوا ڕەحمی پێبکات _ چەسپاوەو جێگیرە لە دانراو پەیامەکانی دا، لـەو دەق (نص)انەشـدا کە دژەڕاکانی نـەقڵی دەکـەن و دەیخەنـەڕوو، لـەو نوسراوانەشـدا چەسـپاوە کـە مێـژوو نوسان نوسیویانە دەربارەی ئەو قۆناغە.

٥. وەهابیە فەرمیەکانی ئەمڕۆ لەسەر پەیڕەوی شێخ نین لە تەکفیردا، تـەنها هەنـدێ دەستەو تاقمی هاوچەرخ نەبن کە لەسەر هەمان بەرنامە ماونەتەوە، هەندێ سـەلەفی سادەش کە لەدەرەوەی سنورو حەرەمی دەسەڵاتن.

٦. هەندێ لەو شـتانەی کـە شـێخ لـە هاوبەشـدانانی گـەورە (الشرك الأكبر)ی حیسـاب دەکـات، ئـەوا ڕێپێـدراو شـتی ئاسـایی و سروشـتین لەلایـەن زۆرێـك لـە پێشـەوا حەنبەلیـەکان، وەك ئەحمـەدی کـوڕی حەنبـەل و ئیبراهیمـی کـوڕی حـەربی و جگەوانیش.

٧. خۆپاك گرتن و خۆ بەری کردن لە تەکفیر کردنی موسڵمانان و بەهەڵەدانانی شێخ لەم لایەنەدا پێویستە ڕوون و ڕاشکاو بێت بـەبێ ئـەوەی داوا لـە هـیچ کەسـێ بکرێـت، ئەمـەش لەبـەر ئـەو شـوێنەوارو کاریگەرییـە خراپانـەی کـە هەیـەتی لەسـەر تـاك و کۆمەڵ.

٨. ئامۆژگاری پێشکەش دەکەم بەکردنەوەو فەراهەم کردنی ماوە بۆ لێکۆڵینەوە کردن لەسـەر هـزرو فکـرەی وەهابیـەت بـەوەی کـە بەرهـەمێکی مرۆییـە، دەکرێـت هەڵـە و ڕاستی تێبکەوێت، وەك تێکڕایی بەرهەمـە مـەذهەبی و هـزری فکرییـەکانی تـر، ڕێگا بدرێت بەو کتێبانـەش کـە بـەلای ئـەوەدا دەچێـت کـە پێداچوونەوە بکـات بـۆ هـزری شێخ، ئەمەش بە ڕێبەرایەتی ئەو کتێبانەی کە دەمەتەقێ و گفتوگۆ دەکات دەربـارەی

دەستەو تاقم و مەذهەبییەکانی ترو بەپێشەنگایەتی ئەو کتێبانەش کە زیاد ڕۆچوون لە شێخ دا.

٩. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێویستە کە دڵەکان زیاتر یەکتریان خۆش بووێت و بەیەکتر شادو گوشاد ببن سەرباری بوونی ڕەخنەو توونـدی زانستی، ڕاجیایی نابێت ببێتە هۆی تێکدانی بنچینەی برایەتی ئیسلامی.

١٠. نابێت کەس لە جیاتی کوڕەکانی ئەو نیشتمانە بدوێت تەنها کەسێك نەبێت کە نومایشی ئەوان بکات، دەستەو تاقم و مەذهەبێك نومایشیان ناکات، بەهۆی بوونی حەقیقەتی فرەیی و ڕاجیایی، پێویستە لەسەر دەوڵەت _ ئەمەش لەمیانەی دادگەرییەوەیە _ ڕووی ووتەکانی تەنها ئاراستەی کۆمەڵێك نەکات و کۆمەڵێکیش فەرامۆش بکات، نابێ وتاری دینی فەرمی گاڵتە بە مەذهەبە ئیسلامیە ئامادەبووەکان بکات چ لەناوەو چ لەدەرەوەی نیشتمانی عەرەبی سعودی، بەڵام وتاری نافەرمی سەختە دەست بەسەرداگرتنی، دادگەری لەوەدایە لەسەر هەر دەوڵەتێك پێویستە بۆ هەر مەذهەبێك وانە و کتێب و مینبەرو مزگەوت و خوێندن و خوێندنگا زانستیەکانی دابین بکات، بەبێ ئەوەی یەکێك دەستدرێژی بکاتە سەر ئەوی تر، هەر کەسێکیش هاندەر بوو بۆ توونـدو تیژی یان تەکفیری لایەنی تر ئەوا پێویستە هەوڵ بدرێت و فرسەت بڕەخسێنرێت بۆ لایەنی تر کە ئەو تەکفیرە بەرپەرچ بداتەوەو ستەمی ستەمکاران بەرپەرچ بداتەوە، ئەمە بەلایەنی کەم پێویستە، ئەمەش منای وا نیە کە گفتوگۆ و مێزگەردی برایانەو ڕەخنەی زانستی بەرپرسیار بەجوانترین شێوە فەرامۆش بکرێت.

والحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد و على آله الطاهرين وأصحابه من المهاجرين و الأنصار ومن تبعهم باحسان.

# خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (التوحید)ـی

# شێخ محەممەد عەبدلوەهاب

**سەرەتا:**

ئەم کتێبە بچوکە و کتێبی (کشف الشبهات) لە بەناوبانگترین کتێبەکانی شێخ موحەمەدن بەڵکو بەناوبانگترین دوو کتێبی ئەون هەر بەڕەهایی، شێخ لە سەرتای[1] بانگەوازەکەیدا ئەم دوو کتێبەی داناون، ئەم کتێبەش یەکێکە لە دانراوەکانی شێخ.

---

[1] _ ئەو دانەیەی کە من پشتی پێدەستم بریتیە لەو دانەیەی کە وەزارەتی کاروباری ئیسلامی لەچاپی داوە (چاپی ١٤٢٢ك)، ئەو دانەیە لە ١٠٨ لاپەڕە پێك دێت لە لاپەڕەی بچوك لە سەر حیسابی بازرگانی بەناوبانگ سولەیمانی کوڕی عەبدولعەزیزی ڕاجحی (ئەم دانەیە لایەنی حکومەت و لایەنی جەماوەریشی تێدایە، سەرباری ئەو زیاد ڕۆچوونەی لەو کتێبەدایە لە بواری تەکفیردا. ئەگەر هاتبوایە دەوڵەت و دەوڵەمەندان تەنها هەڵسابونایە بەبڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانەی کە بێ لایەنن ئەوا چاکتر دەبوو، وەك قورئانی پیرۆزو دوو صەحیحەکەو کتێبی (الام)ی شافیعی و کتێبی (الاستذکار)ی ئیبن عەبدولبەڕو هاوشێوەکانی ئەم کتێبانە، تەنانەت کتێبە مەذهەبیەکانیش وەك (المغني) لە فیقهی حەنبەلیدا و (السنن الکبری)ی بەیهەقی لە فیقهی شافیعیدا، (العنایة) لە فیقهی حەنەفیدا و ئەو کتێبانەی کە دانراون لە فیقهی مالیکیدا ئەوا چاکتر بوو لەو کتێبە زیاد ڕۆچووە تازە تێکەڵبووەکان بە مەذهەبیەت کە کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لەسەر زیاد بوونی زیاد ڕۆچوون و هەڵوەشاندنەوەی یەکڕیزی و قوڵتر کردنەوەی ململانێی نێوان موسڵمانان، نمونەی ئەو کتێبانەش وەك کتێبەکانی ئیبن تەیمیەو کتێبەکانی شێخ موحەمەد _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ ئەو جۆرە کتێبانە پەرتەوازە دەڕوێنن زیاتر لەوەی خێرو چاکە بڕوێنن، وای لێهاتووە ماڵێك نەماوە کە جیاوازی و پەرتەوازی و لە یەکتر دابڕان و ڕق و کینە تێیدا بڵاوەی نەکردبێت...... چونکە ئەو جۆرە دانراوانە تەنها جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەو بابەتانەی کە ڕاجیاییان لە سەرەو دواتر هەر لەم خاڵە ناکۆکانەوە چەندین هەڵوێست کۆدەبنەوە هەر لە تەکفیرو بەبیدعەتچی دانان و تەنانەت بە فەرزو بەپێویست زانینی کۆچ کردن و ڕق بوونەوە لە دژەڕاکانیان، چونکە ڕای وەهابیەکان _ بەبۆچوونی خۆیان _ بریتیەلە خودی ئیسلام! هەر ئەوەش بەدەق (نص)ی و تەنانەت هەر ئەوە بەراستی و حەقی ڕەها دادەنێن!.... جا شتێکی سروشتیە کە جیاوازی و پەرتەوازەیی ڕووبکاتە تاکەکانی ناو یەك خێزان و ماڵ... دواتر پاش ئەمە دەڵێین: بەڕاستی ئێمە بەژداری ناکەین لە بڵاوکردنەوەی زیاد ڕەوی کەچی ئەو تۆمەتانەش بە نامۆ بزانین کە ئاراستەمان دەکرێن لەلایەن خەڵکانی موسڵمان و بێ باوەڕەوە!).

ئەم کتێبە پشکێکی گەورەی بەرکەوت لە بەرزکردنەوەی ئاستی زیاد ڕۆچوون لە ساڵەکانی دواییدا، چونکە لەلای ئێمە لە وڵاتی سعودیە بەبڕیار دانی پێنرا کە بکرێت بەسیستەمی خوێندن بۆ تێکڕای قۆناغەکان، ئەم کتێبە دەخوێنرێت لە قوتابخانە گشتیەکان هەر لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی تا پۆلی سێیەمی ناوەندی لەگەڵ خوێندنی چەند بابەتێکی تری ڕۆشنبیری ئەویش تەنها لە پۆلەکانی ناوەندی، بەڵام لە قۆناغی ئامادەیی هەمان کتێب _ تەنها لەگەڵ چەند لێکدانەوەو تەفسیرێکی (سادە) و لەگەڵ گۆڕینی هەندێ ناونیشان بە شێوەیەك ئارامی زیاتر دەستەبەر دەکات _ بەهەمان ناونیشان دەخوێندرێت (کتاب التوحید الذي هو حق الله على العبید) و لە قۆناغی سەرتاییدا هەمان کتێب دەخوێنرێت بەڵام پوختەکەی.

هەر لە کۆنەوە ماندووبوین ئەوەندەی هۆشداری بدەین لەبارەی ئەم بابەتە، بەڵام وەزارەتی پەرەردەو فێرکردن ئەوە دەردەخات کە هیچ شتێکی بەدەست نیە لە ئاست گۆڕینی ئەم بڕیارە یاخود پێکهێنانی لیژنەیەك کە هەڵسێ بەدانانی بەرهەمی شەرعی بێ لایەنی میانڕەو، چونکە تەنها یەك سکاڵا لەلایەن زانایانەوە بۆ دەسەڵات ئەوا تەنگ هەڵئەچنێ بە ئەو لیژنە و ئاراستە میانڕەوەکەی.

بۆیە وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن تێدەکۆشێت بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی هەندێ لە زانایان و خستەنەڕووی بڕیارەکان بۆیان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، بۆ دەستخستنی ڕەزامەندیان لەسەر ئەو چاکسازیانەی کە زۆر پێویستن.... جا بۆ خۆتان بەرپەرچی ئەو زانایانە بێننە پێش چاوی خۆتان کە ئەو کتێبە بەحەقی ڕەهای دەزانن کە نادروستی و ناتەواوی ڕووی تێ ناکات لەهیچ کاتێکدا و لەهیچ لایەکەوە، ئەمەش وەك ئەوە وایە وەزارەت داوا لە هەندێ زانای گەورە بکات بە ڕاستکردنەوەی هەندێ شت لە قورئانی پیرۆزدا، بەداخەوە زیاد ڕۆچوونمان گەیشتۆتە پلەیەك کە دەکرێ بڵێم لەو حاڵەتە نزیك بۆتەوە.

هەر کەسێ پێشنیاری کردووە یاخود هەوڵی داوە ڕەخنە بگرێ لەو شتانەی کە لە کتێبی (التوحید) دا باسی کراوە _ ئەگەر چی ڕەخنەیەکی سادەو کەمیش بێت لەو چوار چێوەیەی کە دیاریکراوەو لەگەڵ گونجاوی تەمەنی فێرخوازەکە _ ئەوا ڕووبەڕووی سزای (زۆر نهێنی) توونر دەبێتەوە!

**بەهەر حاڵ دەگەڕێنەوە سەر کتێبی (التوحید):**

کتێبەکە لە (١١٢) لاپەڕەی پارچە بچوك پێك دێت، لە (٦٥) [1]دەروازە پێك هاتووە.

لێرەدا تەنها چەند تێبینیەك وەك نمونە باس دەکەم، بەهۆی پەیوەستبوونە توونرو تۆڵەکەی بە هزرو پەیڕەوی شێخ موحەمەد، لەبەر ئەوەی کە یەکەم کتێبە داینراوە، هاوشان لەگەڵ کتێبی (کشف الشبهات) بەناوبانگترین کتێبی وەهابیەکانن بەڕەهایی، بۆ زانیاریشتان هێشتان خوێندنەوە ڕەخنە ئامێزەکەم بۆ کتێبەکە تەواو نەبووە، ئومێدەوارم هەوڵ و فرسەتێکی تر هەبێت بۆ تەواو کامڵ کردنی خوێندنەوە ڕەخنە ئامێزەکەم.

**تێبینی یەکەم:**

شێخ دەستی بە کتێبەکەی کردووە (لا: ٥) بە هێنان و خستنەڕووی ئەو ئایەتانەی کە باس لە پێویست بوونی تەنها پەرستنی خوای گەورە دەکەن کە هیچ هاوەڵێکی نیە.... ئەمەش بابەتێك نیە کە ڕاجیایی تێدا هەبێت لە نێوان موسڵمانان، ئەگەر ڕووی گوفتاری ئەو کتێبە ئاراستەی ئەو هاوبەشدانەرانە بکرایە کە شتانێ

---

[1] _ لە پەڕاوێزی (لا: ٢١٨)دا نوسەر ئاماژەی کردووە بۆ قەبارەی کتێبی ناوبراو کە لە:(١٠٨) لاپەڕە پێکهاتووە!. (وەرگێڕ).

جگەلە خوای گەورە دەپەرستن ئەوا شتێکی ڕاست و بەجێ دەبوو، بەڵام مەبەستی شێخ _ بەداخەوە _ ئەو دژەڕایانەی ئێمەن کە موسڵمانن و هەندێ شت دەکەن کە ئێمە بە هاوبەشدانانی دەزانین کەچی لە واقیعدا ڕاجیایی هەیە لەسەر ئەم ووردە بابەتانە یاخود جۆرە ڕەفتارێکی هەڵەن کە هەندێکیان دەیکەن ئینجا چ ڕێپێدراو (مباح) بێت یان بیدعەت بێت یاخود هاوبەشدانانی بچوك بێت... هاوبەشدانانی گەورە لە ناو ئەو کارانەی دەیکەن زۆر کەمن تەنانەت ئەگەر بوونیشیان هەبێت.... دواتر ئەو سەرپێچی و خوڕافات و شتە پڕو پوچ و بیدعەتانە تایبەت نین بەو سەردەمەی خۆمان بەڵکو کۆن و لە مێژینەن ئەمەش مانای وانیە کە ڕەخنەی لێ نەگیرێت و هۆشداری نەدەین لە بارەیانەوە، بەڵام لە بەرامبەریشدا پێویستە خۆپارێزی بکرێت لە زیاد ڕۆچوون لە ڕێگری کردن لەو جۆرە کارانە تا نەگات بە تەکفیر کردنی موسڵمانان.

ئامانج لەو کارەدا ئەوەیە تا بزانین: کۆمەڵگەی موسڵمانان خاڵی نابێت لە کرچ و کاڵی هزری و فیکری کە بوونی هەیە لەلایەن هەندێ لە تاکەکانی، ئەمە شتێکی سروشتیە لە ناو هەر ئومەت و گەلێکدا، بەڵام نابێت ئەم سەرپێچیانە بکەینە پاساوی زیان گەیاندن بەکەسانی ترو زیاد ڕەوی کردن لە دژایەتی کردنیان تا ئەندازەیەك کە پشت ببەستین بە دەسەڵات و نوسراو وتارو ڕاگەیاندن و مینبەرو گومرگ و کارو ڕۆزی ... ئەو زیاد ڕەوییە لە سەرخستنی جۆرە شتانێك کە زۆربەیان ڕاجیاییان لەسەرە بەڕاستی ئەم کارە خۆی لەخۆیدا خودی بیدعەت و ستەمە.

**تێبینی دووەم:**

**پاشان شێخ شوێنەوار (أثر )ێکی لە ئیبن[1] مەسعودەوە هێناوە کە ئەمەش دەقەکەیەتی:(هەر کەسێ دەیەوێت سەیری ئامۆژگاری پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) بکات کە لەسەری کۆچی دوایی کرد ئەوا با ئەو فەرمایشتەی خوای پاك و بەرز بخوێنێتەوە:**﴿قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا _ الی قوله _ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا... ﴾ **واتە: ( ئەی محمد (صلی الله علیە وسلم) پێیان بڵێ: _ خەڵکینە _ وەرن با ئەو شتانەتان بۆ بخوێنمەوە کە پەروەردگارتان حەرامی کردووە لەسەرتان، _ یەکەمیان ئەوەیە _ کە هیچ شتێك نەکەن بەشەریك و هاوەڵ بۆی، _ تا ئەو فەرمایشتە پیرۆزەی _ بێگومان ئەمەی _ کە باسکرا _ ڕێبازی منە کە ڕاستە) بەو شێوەیە شێخ دەقی دوو ئایەتەکەی نەهێناوە، ئەو سەرچاوەشی باس نەکردووە کە شوێنەوارەکەی لێ وەرگرتووە، بەڵام بەهەر حاڵ ئایەتە پیرۆزەکە جێگای گرنگی پێدانی ئێمەیە دەبێ، بەبێ ڕەچاو کردنی ئەوەی ئامۆژگاری پێغەمبەرە (صلی الله علیە وسلم) یان نا، ئەمە بەسە کە خوای گەورە ناوی لەو فەرمان و ڕێگریانەی ناوە _ ئایەتەکانی ١٥١، ١٥٢ی سورەتی ئەنعام _ بەڕێگای ڕاست).**

**دوای گەڕانەوە بۆ ئایەتەکە ئەوەی تێدا بەدی دەکەین:**

**١. ڕێگری کردن لە هاوبەشدانان.**

**٢. فەرمان کردن بەچاکە کردن لەگەڵ دایك و باوك.**

**٣. ڕێگری لە کوشتنی منداڵان لە ترسی هەژاری و نەداری.**

---

[1] _ بۆ پێناسەی ئەم دوو چەمکە سەیری پەڕاوێزی:(لا: ١٧٧) بکە. (وەرگێڕ).

٤. ڕێگری کردن له ئەنجامدانی گوناه و تاوان ئەوەی که دیارو ئاشکرایه ئەوەشی که شاراوەو نهێنیه.

٥. ڕێگری کردن له کوشتنی ئەو نەفسەی که خوای گەوره حەڕامی کردووه مەگەر بەحەق بێت.

٦. ڕێگری کردن له خواردنی ماڵ و سامانی هەتیو.

٧. فەرمان کردن به ڕێك و پێك ئەنجادانی کاری کێشان و پیوان.

٨. فەرمان کرد به ڕاستگۆیی و دادپەروەر بوون ئەگەر له دژی کەسێکی نزیکیش بێت.

٩. فەرمان کردن بەوەی که وەفاداربن له بەرامبەر بەڵێن و پەیمانەکان.

شێخ چاکی کردووه لەوەی که هەڵساوه به ڕێگری کردن له هاوبەشدانان (بچوك بێت یان گەوره) و لەگەڵ خۆ پاراستن له زۆر شت و خستنه ناو چوارچێوەو جوغزی هاوبەشدانان کەچی ناچنه ناو خانەی هاوبەشدانانەوه، بەڵام ئەگەر ئەو سنورەمان بڕی بێت ئەوا دەبینین هەندێ له فەرمانەکانی ئەو ئایەته فەرامۆش کراوه لەلایەن خودی وەهابیەکانەوه (وەك ڕێگری کردن له کوشتنی ئەو نەفسەی که خوای گەوره حەڕامی کردووه مەگەر بەحەق) وەهابیەکان هەڵسان به کوشتنی زۆرێ له موسڵمانان بەناحەق تا گەیشته ئاستێك که موسڵمانان له کاتی ئەنجامدانی نوێژدا لەناو مزگەوتدا بەدەستی وەهابیەکان دەکوژران و ڕێك کاریشیان نەدەکرد لەهەمبەر دەرکردنی حوکمی کوفری گەورەی دەرخەر له ئوممەت که دەرهەق به زاناو کەسانی سادە سەردەمی خۆیان _ له حەنبەلیەکان و سوننیەکان چ جای ئەوانی تر _ دەریان دەکرد، لەبارەی (ڕاستگۆیی و دادگەری بەرپاکردن ئەگەر له دژی خزمێکی نزیکیش

[1]_ نمونەکانی پێشتر ڕێگا بۆ گومان بردن ناهێڵنەوه که شێخ و شوێنکەوتووانی زیاد ڕۆچوو بوون له تەکفیردا تا کار گەیشته ئەوەی زۆربەی هەره زۆری موسڵمانانی سەردەمی خۆیان تەکفیر بکەن.

بێت) پێویستە دان بنێین بەو حەقیقەتەدا کاتێك بەڵگەی تێرو تەسەل دەبینین لەسەر چەسپاندنی.

وە شێخ _ شوێنکەوتووەکانیشی لەسەر ئەم بۆچوونەن _ زیاتر جەخت دەکەنەوە لەسەر ئامۆژگارییەکەی یەکەمی ئایەتەکە کە بریتیە لە:(ڕێگری کردن لە هاوبەشدانان) سەرباری کەمی دیاردەی هاوبەشدانان یاخود نەبوونیشی لەناو ئوممەتدا لەگەڵ زیاد ڕەوی کردن لە بە هاوبەشدانانی ئەو شتانەی کە ناچنە ئەو خانەیە، کەچی لەکاتێکدا هەر بەهۆی زیاد ڕۆچوونەوە هەندێ فەرمان و ڕێگری تر فەرامۆش و پشت گوێ دەخەن هەر لەخودی ئایەتەکەدا سەرباری بوونی ئەوەی کە بەپێویستی دەزانێ _ سەرەڕای ئەو فەرمان و ڕێگریانەی کە لە تێکڕایی قورئانی پیرۆزدا هەن _ گرنگترینیان (حەڕام بوونی خوێن و ناموسە) بەڵام هیچ ناڕەواییەك لە ڕژاندنی خوێنی موسڵماناندا نیە ، هیچ دادگەریەك نیە لە قسەو حوکم دا لەگەڵ موسڵمانان بەزاناو خەڵکی سادەوە ئەوانەی دژەڕای وەهابیەکانن، خوا ڕەحمیان پێبکات و لێیان خۆش ببێت.[1]

**تێبینی سێیەم:**

پاشان شێخ باسی ئەو شوێنەوارەی کردووە (لا: ٥)، کە لە موعاذی کوڕی جەبەلەوە هاتووەو فەرمایشتێکی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)ی تێدایە:(ئەی موعاذ ئایا دەزانی مافی خوا چییە لەسەر بەندەکانی و مافی بەندەکانیش چییە

---

[1] _ ڕشتنی خوێنی موسڵمان بەڕەوا نازانرێت مەگەر بەهەڵگەڕانەوەیەکی دەستەو کۆمەڵی دیارو ئاشکراو دابڕاو بێت لە ناو وڵاتێك لە وڵاتەکانی موسڵمانان یان دەرچوون بێت بەناحەق (بغي) لە دژی پێشەوای موسڵمانان یاخود ڕێگا بڕین یان حەد لێ دەرکردن بێت ئەوا ئەوکاتە ڕەوایە ئەگەر نا بەهەر پاساوێکی تر ڕەوانیە.

لەسەر خوا؟....  مافی خوا لەسـەر بەنـدەکانی ئەوەیـە کـە بیپەرسـتن و هاوبەشـی بـۆ دانـەنێن، مـافی بەنـدەکانیش لەسـەر خـوا ئەوەیـە کـە ئـەو کەسـانە سـزا نـەدات کـە هاوبەش بڕیارنادەن بۆ خوا ....).

دەڵـێم: سـەرتا: لێـرەدا فەلسـەفەیەکی گـەورە هەیـە لـە پـاڵ هێنانـەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر، ئەو فەرموودانـەی کـە ڕواڵـەتیان پێچەوانەو دژی قورئـانی پیرۆزو بەڕێزەو نامەوێت بچمە ناو ئـەو باسـەوەو ناشمـەوێت بڵێم ئـەو فەرمایشتەی موعـاذ لـەو جۆرانەیـە، بـەڵام هـەر چـەندە ئـەو کـارە ڕێگاکـەمان درێـژتر بکـات، ئـەوا لەکارخستنی فەرموودەیەکی ئاحاد (چەسپاوە[1]بەڵام گومانی هەر لەسەر هـەن) لـەلای ئێمـە ئـەوا باشـترە لـەوەی چـەندین ئایـەتی پـیرۆز لـەکار بخـەین کـە چەسـپاوە بـەبێ گومان و دوودڵی و ئاماژەکانی ڕاشکاون (هەروەك دەیخەینەڕوو).

وە شێخ موحەمەد _ ڕەحمەتی خوای لێ بێت _ و دەستەو تـاقمی وەهـابی _ بـە پێی ئەوەی کە لە ڕووکەشدا لەبارەیان دەخوێنینەوە و لێیـان تێدەگـەین _ خـەڵکی وا تێدەگەیەنن کە ئەگەر موسڵمان هاوبەش دانەنێت بۆ خوا ئـەوا سـزا نادرێـت لەلایـەن خوای گەورەوە، لێرەدا مەبەستیان لە هاوبەشدانان دوو شتە: هاوبەشدانانی ڕەسـەن و ئـەو ڕەفتـارو هەڵسـوکەوتانەی کـە لکاندوویانــە بـە هاوبەشـدانان سـەرباری بـوونی ڕاجیایی لەسەر ئەو هەڵسوکەوتانە.

سەرەتا ئەمە هەڵەیەکی پەیڕەو (منهج)یە کە بەرهەمی شوێنکەوتنی بەڵگەیـەکی گومـان هـەڵگرە لـە ڕووی چەسـپاویەکەی یـان ئاماژەکـەی و فـەرامۆش کردنـی چـەند بەڵگەیەکی تر کە بەهێزترو ڕاشکاوترن _ ئەمە کارەساتێکی گشتیە لە ناو موسڵمانان

[1]_ بۆ پێناسەیەی ئەم چەمکە سەیری:(لا: ٢١٠) بکە. (وەرگێڕ).

تایبەت نیە بە وەهابیەکان ئینجا دروستیش نیە ئێمە فەرموودەیەك بە بەڵگە بێنینەوە کە دژو پێچەوانەی دەقەکانی قورئان بێت ئەگەر چی ڕاست (صحیح)یش بێت، یان بەلایەنی کەمەوە دەبێت تێگەیشتنمان بۆ ئەو فەرموودەیە ڕاست بکەینەوە، بەڵام تەنها لە ڕووکەشی فەرموودەکە بگەین ئەوا تێگەیشتنێکی پڕ دەبێت لە کەم و کورتی دواتر بەدوای ئەو فەرموودەیە بکەوین بەبێ ئاوڕدانەوە بۆ گرنگی

[1]_ ئەم هەڵە پەیڕەو (منهج)یە گەورەیە دەرەنجامی ئەو کۆچ کردنەمانە لە قورئانی پیرۆز لە ڕووی تێڕامان و لێ ووردبوونەوە، قورئان دەخوێنینەوە کەچی لێی تێناگەین و ئایەتەکانی لەسەر یەك بابەت کۆناکەینەوە، هەوڵ نادەین بیرۆکەی گشتی بەرهەم بێنین کە پێویستە بۆمان لەکاتی خوێندنەوەی ئەو فەرموودانەی کە گێڕاویانەتەوەو چاککردنی ئەوەی کە گێڕەڕەوەکان (الرواة) فەرامۆشیان کردووە یاخود لەکاتی گێڕانەوەی فەرموودەکان لەبیریان کردووە، بە شێوەیەك کە لەناکاو زۆرێ لە فەرموودە دەبینین _ کە هەندێ لە زانایان بەڕاستیان داناوە _ کەچی پێچەوانەی قورئانی پیرۆزن وەك زۆرێك لەو فەرموودانەی کە گێڕدراونەتەوە لەبارەی هاندان (الترغیب) و ترساندن (ترهیب)، موسڵمانان لەناکاو وا هەست دەکات کە ئەو فەرموودەیە دەیانباتە بەهەشتەوەو ئەوانی تر دەخاتە دۆزەخەوە، زۆربەی کاتیش لەسەر شتی کەم و لاوەکی، ئەمەش دەرەنجامی سروشتی ئەو فەرامۆشیەی زانایانی موسڵمانە لە هەڵهێنجان (استنباط) کردنی (یاسا گشتیەکان لە دەقە ڕاشکاوەکانی قورئانی پیرۆز سەبارەت بە فەرمان کردن و ڕێگری کردن و بنەماکانی ئەو دوو کارە.... گوناهە گەورەو بچوکەکان، ئەو شتانەی کە خوای گەورە دەقی لەسەر دابەزاندووە کە پاداشت و سزای لەسەرە... ئەو شتانەش کە دەقی لەسەر نەناردووە.... تاد، بۆیە دەستەو کۆمەڵانێك دەرچوون کە بەشێوەیەکی گشتی فەرموودەکانیان ڕەتکردەوە بەهۆی گومان هەبوون لە چۆنیەتی چەسپاویان و لەسەر شەرعی بوونی نوسینیان، ئەگەر ئەو توێژینەوەیە قورئانیە هەبوایە کە چاودێرە لەسەر _ یان پێویستە چاودێر بێت _ خاڵە دەسپێکە هزری و فکریەکان و حوکمدان بەسەر شتەکان لەلایەن موسڵمانان ئەوا موسڵمانان= =لەو پەرتەوازەییە فیکری و هزرییەدا نەدەبوون، جا فڵانە دەست دەگرێت بە ئایەتێك و ئەوەی تر بە فەرموودەیەك و فیسارەش بە قسەی زانایەك... کارەکانمان تێکەڵ و پێکەڵبوونە، چونکە کارمان نەکردووە لەسەر بنیادنانی بەڵگەهێنانەوە بەشێوەی هەرەمی بەوەی کە لەمیانەیدا دەق و حوکمی گومان هەڵگرو زۆر واتا لەخۆگر بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو حوکم و دەقانەی کە یەکلای بووەوەن و وێکچووەکان بۆ ڕاشکاوەکان و سوننەتی گومان هەڵگر بۆ ئایەتە ڕاشکاوەکانی قورئانی پیرۆز و قسەی زانایان بۆ دەقە شەرعیەکان... وە ئەم دروازەیە بەڕاستی دوورو درێژە لەهەمان کاتدا زۆر هەژارەو کەم گرنگی پێدەدرێت، دەرەنجام و شوێنەواری هەژاری ئەو لایەنە دیارە لەو پەرتەوازیە پڕ ململانێیە هزریانەی ناو موسڵمانان).

دیاریکردنی ماناکەی بەشێوەیەك کە تێك نەگیرێت یاخود دژ نەبێت لەگەڵ دەقێك کە لەو ڕاسترە، جا بەم کارەمان (لەو ڕۆیشتنە خێرایە) پێچەوانەی زۆرێ لە ئایەتەکانی قورئان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەرو ئەو شتانەی کە ئیسلام یەکلای کردوونەتەوە هەڵسوکەوت دەکەین، بەڕاستی ئەمە نەزانینە یان هەوەس و ئارەزوێکە کە توشی تێکگیرانمان دەکات و ئەو هەڵ و فرسەتەمان بۆ دەڕەخسێنێت کە خۆمان بەپاك بگرین لەو شتانەی کە بەدوای ئەو جۆرە بیرکردنەوانەدا دێن لە بیرۆکەو تەصەورو حوکم و ڕەفتاردا.

ئەو پەرستشەی کە لە فەرموودەکەدا هاتووە _ ئەگەر بێژەو دەربڕینی فەرموودەکە ڕاست بێت _ بریتیە[1] لە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوا لەو شتە گەورانەی  کە ئیسلام فەرمانی کردووە بەبەرپاکردنی و ئەو شتە گەورانەی ڕێگری لێکردووە، و دروستیش نیە وا لە فەرموودەکە بگەین _ چ ئەو فەرموودەیە یاخود

---

[1]_ لەبەر ئەوەی زۆربەی فەرموودەکان بە واتا و مانا گێڕدراونەتەوە ئەمەش بە دانپێنانی فەرموودەناسان (بگەڕێوە بۆ کتێبی الكفاية: هی خەطیب، و مقدمەی ئیبن صەلاح و سەرجەم کتێبە ڕەسەن و ئصوڵیەکانی زانستی فەرموودە)، گێڕانەوە بە واتا دوور نیە لە تێکەڵ بوونی خەیاڵ یان لەبیرچوونەوە یان هەڵە تێکەوتن بەو هۆیە هەر گوماناوی دەمێنێتەوە مەگەر فەرموودەکە گەواهیدەری بێ گومانی لەسەر بوو و بەرلەمەش پێچەوا نەی دەقێکی قورئان یان دەقێکی فەرموودە کە لەو ڕاسترە یان بەڵگەیەکی عەقڵی نەبێت..... ئەو فەرموودەیەی کە دەی توێژینەوە سەنەدەکەی ڕاستە و لە دوو صەحیحەکەدا هاتووە، پێویستە بەڕووکەش فەرموودەکە لێك نەدرێتەوە، بەواتایەك کە قورئان دەقی هێناوە لەسەر سزادانی کەسێ کە گوناهی گەورە ئەنجام دەدات _ وەك کوشتنی نەفسێ بەناحەق و خواردنی ماڵی هەتیو و ستەم کردن ... _ ئەگەر هاوبەشی گەورەشی بۆ خوا بڕیار نەدابێت، لەگەڵ ئەوەی کە ڕووکەشی فەرموودەکە پێچەوانەی ئەمەیە، ئەوا هەر پێویستە فەرموودەکە ملکەچی دەقەکانی قورئان بکرێت، گەرنا قورئان تەنها دەبێتە کتێبی فەرو بەرکەت لێ وەرگرتن و بەس، هەر ئەوەش دەرەنجامەکەیەتی بەداخەوە، قورئان دەخوێنینەوەو تەواوی دەکەین لە مانگێکدا یاخود لە ساڵێکدا بەڵام نایکەین بە حاکم لە گشت کارەکانماندا و قورئانی پیرۆز ناکەین بە حاکم= =لەسەر ئەو شتانەی کە گێڕەڕەوەکان دەیگێڕنەوە _ کە زۆربەی گێڕانەوەکان بەشێوەیەکی زارەکی (شفهي )ین _، بۆیە عەقڵ و دادپەروەری و زانستمان لاواز بووە لەهەمبەر شەرعی پەروەردگارمان.

**هـەر فەرموودەیــەكی تــر _ بەشـێوەیەك كـە جیـاو دوورە لـە ئایــەت و فــەرموودە چەسپاوەكان، بەتایبەتیش ئەگەر بەڕووكەشی فەرموودەكە وەربگرین ئـەوا ڕاشـكاوانە پێچەوانەی قورئانی پیرۆز دەبێت و لەگەڵی تێك دەگیرێت، ئەگەر كەسێك هاوبەش بۆ خوا بڕیار نەدات بەڵام خەڵكی بەناحەق بكوژێت ئایا دەكرێ پێ بڵێین: دڵنیابە مـادام تۆ هاوبەش بۆ خوا دانانێیت ئەوا خوای گـەورە سـزات نـادات لەسـەر كوشـتن و سـتەم كردن و خواردنی ماڵ و سامانی خەڵكی؟؟... نا ناكرێت ئەمەی پێ بڵێین نا.**

**بەڵكو پێی دەڵێین: قورئانی پیرۆز _ بەر لەو فەرموودەیە ئاحادە _ دەقی هێنـاوە لەسەر ئەوەی كە بكوژ (قاتـل)ی نەفسێ كـە كوشـتنی حـەڕام كـراوە ئـەوا بكوژەكـەی بەڵێنی سـزای ئـاگری دۆزەخـی پێـدراوە وەك لـەو فەرمایشـتەی خـوای پـاك و بـەرزدا هـاتووە:**﴿ وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا ﴾ **واتە:(هــەر كــەسێك[2] بەدەســتی ئەنقــەســت ئیمانــدارێك بكوژێـت (بەحەلاڵی بزانێت)، ئەوە تۆڵەی ئەو كەسە دۆزەخە، نەمـرە تیایـدا و خـوا لێـی تـوڕە بووەو نەفرینی لێكردووە و سزایەكی گـەورەو بـێ سـنووری بـۆ ئامـادە كـردووە). ئایـا ئایەتێكی ڕاشكاو فەرامۆش بكەین بۆ زنجیرەیەك لـە گێـڕەڕەوەی فـەرموودە كـە دڵنیـا نـین لـەوەی كـە یـەكێكیان ئەمـەی لـەبیر كـردووە یـەكێكی تـر خـەیاڵی بەسـەر دا زاڵ بووە؟ .[3]**

---

[1]_ **بۆ پێناسەیەی ئەم چەمكە سەیری:(٢١٠) بكە. (وەرگێڕ).**

[2]_ النساء: ٩٣.

[3]_ **بەسـەیر كردنـی ئـەو دژایەتیـەی كـە هاتـە كایـە لـە نێـوان فەرموودەناسـان لەلایـەك و (أهـل الـرأي) و موعتەزیلەكان لەلایەكی تر ئەو دژایەتیە وای كرد كە ئاراستەی فەرموودەناسان وەربگێڕدرێت بـۆ ڕەخنـە گرتنـی نـاوەخۆیی لـە پـەیڕەوی خـودی فەرموودەناسـان و دواتـر زۆربـەی ڕەخنەكـە كـورتكراوە لـە سـەر سەنەدەكە بەڵام سەبارەت بەڕەخنە گرتن و هەڵسەنگاندنی دەقەكە تەنها بە شێوەیەكی تیۆری بوو دوور لـە جێبەجێ كردنی بە شێوەكی زانستی فراوان، سەرەڕای زیاد ڕەوی فەرموودەناسان لـە ناشـرین كردنـی (أهل**

دواتر خودی شێخ و تەیارو دەستەی وەهابی تەنها ئەمە بە کیفایەت نازانن کە کەسەکە خوای گەورە بپەرستێت و هاوبەشی بۆ بڕیار نەدات، بەڵکو ئەو کەسانەشیان تەکفیر کرد کۆچیان نەکردووە بۆ لای ئەوان و نەیتوانیوە نکوڵی بکەن لە و خراپەیەی کە لە ناو وڵاتیان هەیە، تەنانەت هەڵسان بە تەکفیری و کوشتنی ئەوانەش کە یەکدەنگ نەبوون لەگەڵ ئەوان لە هەمبەر تەکفیر کردنی موسڵمانان، تەنانەت تەکفیری ئەوانەشیان کرد کە ناوی لە وەهابیەکان نابوو خەواریج و هەڵسان بە ئەنجامدانی جەنگ لەگەڵیاندا و تاوانبار کردنیان بەوەی تانەو تەشەریان لە دینی پێغەمبەر داوە! (پێشتر بەڵگەکانمان لەسەر ئەمەو ئەوانی تریش پشت ڕاست کردۆتەوە)، کەواتە لەلایەنی جێبەجێ کردندا زۆر فراوانیان کردووە لە تاوانبار کردنی خەڵکی بە هاوبەشدانان و جێبەجێ کردنی حوکمەکان و بەکارهێنان و ئاراستە کردنی شمشێر.

**تێبینی چوارەم:**

---

الرأي) لەسەر ئەوەی کە گومانیان هەبووە لە ڕاستگۆیی گێڕەڕەوە (راوي) کە ئەوان بەڕاستگۆیان داناوە ئەگەر ئەو بەڕاستگۆ دانانە جێگای تێڕامانیش بێت لەلایەن دژەڕاکانیان، ئەوانەی پەیڕەوەکەیان بە توندی وەرگرتبو وایان لێهات کە ئەم بەردەوام دووبارە بکەنەوە کە (أهل الرأي) فەرموودەی پێغەمبەری خوا ڕەتدەکەنەوە..... یا ئەوە دوژمنی سوننەتە.... وە پێغەمبەری خوا بەدرۆ دەخاتەوە... تاد، ئەمە ڕاست نیە هیچ کاتێك (أهل الرأي) و موعتەزیلەکان پێغەمبەریان بە درۆ= = نەدەخستەوە بەڵام ئەوان پەیڕەوێکیان هەبوو لە وەرگرتنی فەرموودە کە جیابوو لە پەیڕەوی فەرموودەناسان و بەس، بوونی جیاوازی لە پەیڕەودا ئەوا نابێتە هۆی تۆمەتبار کردنی ئەوەی کە فەرموودەیەك لەکار دەخات، چونکە ئەوەی کار بەو جۆرە فەرموودانە ناکات دان نانێت بەوەی کە فەرموودەی پێغەمبەرە تا ڕەتی بکاتەوە، ئەگەر دانیشی نا بە ڕاستگۆیی گێڕەڕەوەکان ئەوا دان نانێت کە ئەو فەرموودەیەیان بەچاکی لەبەر کردبێت یاخود بەتەواو نەقڵیان کردبێت بە دەربڕین و ئەو بارودۆخەی کە فەرموودەکەی تێدا گووتراوە.

دواتر شێخ له (لا: ٦) باسی سودو وەدەستهاتووەكانی فەرموودەكەی كردووه(واتـه فەرموودەی موعاذ كه له تێبینی سێیەم خراوەتەڕوو ) لەمانه: [١]

١_ (پەرسـتش بریتیـه لـه یەكتاناسـی و خوابەیـەكزانین، چـونكه دوژمنایـەتی هـەر لەسەر ئەم لایەنەیه).

دەڵێم: ئەمـه كـورت هـەڵهێنانی پەرستشـه، چـونكه دژەڕاكـانی شـێخ دەیـان ووت: ئێمه تەنها خوای گەوره دەپەرسـتین ئینجا بۆچـی تـەكفیرمان دەكـەن؟ شـێخیش ئـەو قسـەیەی پێشـوی پـێ دەوتـن كـه پەرسـتش لـه یەكتاناسـی كـورت هەڵـدێنێ دواتـر یەكتاناسـی لــه خشــتەیەكی درێــژ كــورت دەكاتــەوه كــه پــڕه لــه مەرجــەكان و هەڵوێشـەنەرەوەكانی (لا الـه الا الله) بەشـێوەیەك كـه مەحاڵـه دژەڕاكـانی شـێخ بـه موسڵمان بمێننـەوه مەگـەر شوێن ڕاو بۆچوون و ئیجتهادی شـێخ بكـەون لـه پێناسـه توند ڕەوەكەی بۆ یەكتاناسی و هاوبەشدانان.... له سەرەتادا زانستخواز وا دەزانـێ كـه ڕاسته، هەر لەبەر ئەمەشه كه هەندێك له زانایانی وەك ئـەمیر صـەنعانی شـەوكانی و جگلەوانیش وا بەدی دەكەن كـه ئـەوەی شـێخ دەیڵێـت ڕاسـته! ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی شـێخ و دوای ئـەویش شـوێنكەوتووەكانی پەیوەنـدی دەكـەن بـەو زانایانـەوەو پێیـان دەڵـێن: ئێمـه بانگـەوازی دەكـەین بـۆ پەرسـتنی خـوای گـەوره بەتـەنها و فڕێـدانی هاوبەشدانان و شیرك! جا زانایانی تریش هیچیان بەدەست نامێنێ تەنها ئـەوه نـەبێت كه بڵێن: بەڕاستی ئەمەیه دینی خوا ئێمەش لەگەڵتان داین و لەوانەیه شـت بـۆ شـێخ و داوی ئەویش بنوسن، دەكرێ به هۆنراوەو پەخشان پێ هەڵبدەن... بەڵام ئەگەر ئەم زانایانـه بیانزانیایـه كـه ووشـەی (التوحیـد) چـەند مـەرجێكی دوور و درێـژو ووردی هـەن و زۆرێـك لـه هەڵوەشـێنەرەوەی هـەن كـه نـا ڕاسـتن ئـەوا پشـتگیری شـێخیان

---

١_ (وەرگێڕ).

نەدەكرد..... هەر لەبەر ئەم هۆیەشە كە ئەمیری صەنعانی پاشگەز دەبێتەوە لە پێدا هەڵدانی شێخ بۆ ڕەخنە لێگرتنی بە شێوازێكی زۆر توند ئەمەش لە كاتێكدا كە موربدی تەمیمی ئاشنای كرد (كەچی وەهابیەكان بەویست و ئارەزوی خۆیان كوشتیان لە ساڵی ١١٧١ك) بە كتێبە دوورو درێژەكانی شێخ ئەوانەی تەفسیری درێژی بابەتە پوختەكانی تێدایە و گەیشتووە بە دەستی صەنعانی.

ڕاجیایی زانایان لەگەڵ شێخ لە بانگەواز كردن بۆ یەكتاناسی و ڕێگری لە هاوبەشدانان نیە، تەنانەت هیچ موسڵمانێكی سادەش دژی ئەمە نیە چ جای زانایانی سەردەمی شێخ لە نەجدو حیجازو عێراق و یەمەن.... بەڵام ڕاجیایی ئەوان لەگەڵ شێخ لەسەر ئەو لیست و خشتە دوورو درێژەیەیە كە پێك هاتووە لە مەرجەكان و هەڵوەشێنەرەوەكان كە شێخ بەپێویستیان دادەنێت (لە یەكتاناسی و سەلامەت بوون لە هاوبەشدانان).

ئینجا گەر بەچاكی تێگەیشتین ئەوا ئەو هۆكارە دەزانین كە بۆچی زانایان بەرهەڵستی شێخ دەكەن كەچی خەڵكی نەزان گوێڕایەڵی دەبن، تەنانەت شێخ سكاڵای ئەوەشی كرد كە دژەڕاكانی بریتین لە زاناكان و كەسانی تایبەت نەوەك خەڵكی سادە (هەروەك دەیخەینەڕو بەبەڵگەوە).

چونكە ئەگەر خەڵكی سادە گوێبیستی فەرموودەیەك بوون هەرچەندە لاوازیش بێت یاخود گوێبیستی ووتەی زانایەك بوون ئەگەر لارو لەوێریش بێت ئەوا بڕوا دەكەن بەو هاندان و ترساندنەی كە تیایدایە خێرا دەستبەجێ بۆ موسڵمانان دەخەنەڕوو بە درێژی (طولا) و پانی (عرضا).... ئەمەش لەبەر ئەوەی زانایانیان پێیان ووتون كە ئەوانە هاوبەشدانەرن بە هاوبەش بڕیاردانی گەورەترو كە خراپترە لە هاوبەشدانانی ئەبی جەهل!! _ وەك ئەو وەسفەی كە شێخ خوای لێی خۆش بێت

دەیکات بۆ دژەڕاکانی لە زانایان _ . ئەگەر شێخ[1] نیازی وابێت کە ئەو دوژمنایەتیەی لە نێوان پێغەمبەرو خەڵکی بێ باوەڕ تەنها لەسەر یەکتاناسی بووە ئەوا ئەمە ڕاست نیە، ئەمە کورت هەڵهێنانی ئەو پەیامەیە لە بەشێ لەو شتەی کە پێغەمبەر بانگەوازی بۆ کردووە، لێرەدا چەندین تاوان و گوناهـ بوونیان هەبوو کە خەڵکی ئەنجامیان دەدا و پێغەمبەرانیش هۆشداریان دەدا لە هەمبەر ئەنجامدانی ئەم کارانە وەك ستەم کردن و فێڵ کردن لە کێشان و پێوان کوشتنی نەفسێ بە ناحەق و شێخ موحەمەد کتێبێکی لەم بارەوە داناوە کە بریتیە لە (مسائل الجاهلية: باسی ئەو شتانەی کردووە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە پێچەوانەی ئەو شتانەی خەڵکی سەردەمی نەفامی کردوویەتی ژمارەیان دەگاتە حەفتا دانە)، هەر شتێ قورئانی پیرۆز ڕێگری لێکردووە ئەوا بەلایەنی کەم لە ناو بێ باوەڕاندا بوونی هەبووە.

مەبەستی شێخ ئەوەیە کە ئەو دژایەتیەی لە نێوان ئەو و زانایانی سەردەمی ئەو هەبووە لەسەر یەکتاناسی بووە ئەمەش بەهەمان شێوە ڕاست نیە، چونکە زانایان دژی شێخ بوون لەدوو بابەتی گەورەدا کە بریتیبوون لە: تەکفیرو کوشتن.

لە دەرەنجام دا دەگەین بەوەی کە کورت هێنانی پەرستش لە یەکتاناسی دا لەلایەن شێخەوە کە هەیە و ئەو ووتەیەشی کە دوژمنایەتی هەر لەسەر یەکتاناسی بووە ئەمەش هەر هەڵەیەکی ترە، بەڵام ئەو دوو هەڵەیە هی ئەمە نەبوون کە عەرەبی دەشتەکی و نەزان ئاشکراو دەست نیشانی بکەن هەر لەبەر ئەمەش بوو زۆر بە جۆش و خرۆش بوون لە هەمبەر کوشتنی موسڵمانان و واگومانیان دەبرد _ وەك

---

[1] _ ئەوە دەخەینەڕوو کە شێخ وەسفی زانایەکی حەنبەلی سەردەمی خۆی دەکات بەوەی کە بێ باوەڕترە لە ئەبی جەهل! و زۆر دوپاتیشی کردووەتەوە کە خەڵکی نەجدو حیجاز لە سەردەمی ئەودا هاوبەش دانانەکەیان بە دوو خەسڵەت و تایبەتمەندی زیاترو گەورەترە لە هی بێ باوەڕانی قوڕەیش!

شـێخ ئامـاژەی پێـدەکات _ کـە هاوبەشـدانەرن بـە هاوبەشـدانانێ کـە گـەورەتر لـە هاوبەشدانانی قوڕەیش.

[٢] _ شـێخ هەنـدێ لـەو بابەتانـەی باسـکردووە:(هەر کەسـێ یەکتاناسـی _ التوحیـد _ لەخۆیدا نەیەنێتە جێ ئەوا خوای گەورەی نەپەرستووە....).

ئەمە لەڕووی تیۆریەوە ڕاست و دروسـتە، بـەڵام ڕاجیـایی نێـوان شـێخ و زانایـانی سەردەمی شێخ لە نەجد و حیجازو جگەوانیش لـە سـەر ئەمـە نیـە، بـەڵکو ڕاجیـایی لەسەر مانای یەکتاناسیە و ئەو مەرجانەی کە شێخ بۆی داناون کـە چـەندین مـەرجی درێـژو گومـان هـەلگرن یـان هەڵـەن یـاخود پێچـەوانەی زانایـان بڕیـاری داوە لـەو مەرجانەدا جا هەر کەسێ ئەو مەرجانـەی لـێ نەیەنـەجێ ئـەوا لـەلای شـێخ هاوبـەش دانەرەو لەلای زانایانیش موسڵمانە.

گواستنەوەی ڕاجیاییەکە لە شوێنی خۆیەوە بۆ بابەتێکی تـر کـە جێگـای ڕاجیـای نیە ئەوا تێکەڵ و پێکەڵی تێدایە بەبێ لەبەر چاوگرتنی پاڵنەرەکەی کە ئایا جۆش و خرۆشە یان ئیجتهادە، نیازو مەبەست پاکیە یاخود ئـەو دژایەتیەیـە کـە سەردەکێشـێ بۆ ستەم.

[٣] _ شـێخ باسـی بابـەت و مەسـەلەیەکی تـری کردووە:(پەرسـتنی خـوای گـەورە بەتەواوی دەستەبەر نابێت تا بەتەواوی بێ باوەر بوونی خۆی دەرنەبڕێت بە طاغوت دا).

دەڵێم: ئەمەش ڕاستەو جێگای ڕاجیایی نیە، چونکە دژەڕاکـانی شـێخ نـەیانووتوە ئێمە باوەڕ بە خواو طـاغوت دەکـەین ... بـەڵکو شـێخ کۆشـش (اجتهـاد)ی کـردووە لـە وەسف کردنی هەندێ شت بە طاغوت وەکو تەوەسـول کـردن و هەنـدێ هەڵسوکەوتی تـر کـە زۆربـەیان هەڵـەن و دژەڕاکـانی شـێخ لەوەڵامـدا دەڵێن:(ئـەو جـۆرە ڕەفتـارو هەڵسوکەوتانە لە نێوان ڕێپێدراو _ مباح _ و ناپەسند _ مکروە _ و حـەڕام دان کـە

ناکرێت بڵێین "طاغوت"ی تێدایه یان حوکمی طاغوتی هەیە، دواتر ئەمە لەسەر ئـەو پێشەکیە بنیاد بنێین کە هەر کەسێ بە هاوبەشدانانی گەورە دای نەنێت ئەوا بـاوەڕی هێناوە بە طاغوت و پێویستە بکوژرێ).

ئێوە تێبینی ئەوە دەکەن کە ووتەی گشتیەکە ڕاجیایی لەسەر نیە بەڵکو ڕاجیایی لە دابەزاندن و جێ بەجێ کردنـی ئـەو ووتـە گشـتیەیە لەسـەر کەسـێ کـە بـۆی ڕەواو دروست نیە، ئـا لێـرەوە ڕاجیـایی دروسـت بـووە لـە نێـوان شـێخ و زانایـانی نەجـد لـە سەردەمی ئـەودا و پاشـان لـە نێـوان شـێخ و زانایـانی حیجاو عێـڕاق.... ئـەمرۆش لـە نێوان ئێمەو تێکڕای جیهاندا!

٤ _ شـێخ ئەمەشـی بـاس کـردووە:(طـاغوت تێکـڕای ئـەو شـتانە لـە دوو تـوێی دا کۆدەبنەوە کە جگەلە خوای گەورە دەپەرسترێن).

دەڵێم: ئەمـەش ڕاسـتە، بـەڵام شـتێك لێـرەدا هەیـە: کـە لـەوەوە مانـای پەرسـتش بەدەر دەکەوێت، ئایا پەرستنی جگەلە خوای گەورە بـەواتای مـەجازی دەکرێـت ببێـت بەهۆی نەزانین یان تەئویل کردن؟ و هەر لەسەر ئەمەش دروسـت نیـە تـەکفیری ئـەو لاسایکەرەوانە بکەین بەو پاساوەی کـە ئـەوان زاناکانیـان بـەخوا دانـاوە جگەلـە خـوای گەورە (وەك شێخ ئەم کارە دەکات لەگـەڵ لاسـای کـەرەوەکانی زانایـانی دژەڕای خـۆی) ئەگەر ئەمە دروست بوایە ئەوا بۆ منیش ڕەوابوو کـە تـەکفیری ئـەو کەسـە بکـەم کـە ئەو لێکۆڵینەوەی منی بە ناپەسەند دەزانی، چونکە من تۆمەتباری دەکـەم بـەوەی کـە ئـەو شـێخ موحەمـەدی کـردووە بـە خـوا جگەلـە خـوای گـەورە! ئینجـا ئـەو حوکمـە گشـتیەی کـە لـە هەنـدێ دەقـدا هـاتووە ئـەوا بـەپێی ڕووکەشـەکەی حـوکمی لـێ وەرناگیرێت، بەڵکو کۆدەکرێتەوە لەگەڵ دەقەکانی تر کە هۆشداری دەدەن لـە هەمبـەر تەکفیر کردنی موسڵمانان و ئەو پەرچ و ڕێگرانە لە بەرچاو دەگرن کە ڕێ لـە تـەکفیر کـردن دەگـرن وەك نـەزانین و تـەئویل کـردن و بـەزۆر سـەپاندن و ناچـار کـردن....

ئەگەر ڕەوابوو بۆ کەسێ کە ڕاوبۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو هەڵسێ بە تۆمەتبار کردنی ئەوانەی شوێنی ناکەون بەوەی کە زانایەکی تر دەپەرستێت ئەوا موسڵمانێك نەدەما لەسەر ڕووی زەوی کە تۆمەتباری بکەین بەبێ باوەڕ بوون و پەرستنی شتێ جگەلە خوای گەورە.

دووەم: دژەڕاکانی شێخ ئەوانەی کە شێخ ئەو کتێبەی لە دژی ئەوانی نوسیوە لەوە لەگەڵ شێخدا تێکدەگیرێن بەوەی کە شێخ هەندێ شت دەباتە ناو خانەی باوەڕ هێنان بە طاغوت کەچی وانیە بەڵکو زۆر بەڕوونی دیارە کە دەچێتە ژێر حوکمی ڕێپێدراو (مباح) یان ناپەسەند (مکروه) یان حەڕام یان بیدعەت ..... تاد، ئەگەر دان بنێن بە بوونی هاوبەشدانان لە ناو ئومەتدا ئەوا دان نانێن بەوەی کە ئەو هاوبەشدانانە گشتی بێت وەك شێخ دەڵێت و گومانیش دەبات کە هەموو خەڵکی سادە تووشی هاوبەشدانان بووە! و خەڵکی هەڵگەڕاونەتەوە بۆ پەرستنی لات و عوزا! هیچ شارێ نیە لە شارەکانی نەجد کە بتێکی پەرستراوی لێ نەبێ جگەلە خوای گەورە! هاوبەشدانانی گەورە تووشی تێکڕای دوورگەی عەرەبی بووە! و زۆربەی خەڵکی لە ڕۆژگاری شێخ لە نەجد و حیجاز زیندووبوونەوە بەدرۆ دەزانن!... جگەلەمانەش ئەو شتە گەورانەی کە شێخ بەکاری دەهێنان (پێشتر بەبەڵگە ئەمە پشت ڕاست کراوەتەوە).

ئەگەر دان بنێن بە بوونی هاوبەشدانانی گەورە ئەوا بۆچوونیان وایە کە لە ناو تاکەکاندا هەیە نەوەك لە دیاردەیەکی گشتی بێت وەك ئەمڕۆ بەدووری نازانین کە هاوبەشدانانی گەورە هەبێت لە ناو وڵاتی موسڵمانان بەڵام تەنها لەلایەن چەند تاکو توکێکی کەم نەوەك حاڵەتێکی گشتی بێت و توانای پێداچوونەوەمان نیە بۆ قسەی ئەو کەسەی کە دەڵێت هاوبەشدانان حاڵەتێکی گشتیە تووشی تێکڕایی موسڵمانان بووە.

وە شێخ باسی چەند مەسەلەو بابەتێکی کردووە لەو مەسەلانە:

_ (ئەو مەسەلەیە زۆربەی هاوەڵانی پێغەمبەر نایزانن)!

دەڵێم: ئەگەر شێخ مەبەستی لە مەسەلەکە فەرموودەکە بێت بەوەی کە زۆربەی هاوەڵانی پێغەمبەر نازانن ئەمەش لەبەر ئەوەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی کردووە بە موعاذ کە بیشارێتەوە ئەوا بۆچونێکی ڕاستە، بەڵام ئەگەر مەبەستی ئەوە بێت کە ئەو مەسەلانەی فەرموودەکە لە خۆی دەگرێت زۆربەی هاوەڵان نایزانن ئەوا ڕاست نیە، بەڵکو ئەمە کەم و کورتیەکە لە کەم و کورتیەکانی (دەقی فەرموودەکە) کە دروست نیە بۆ پێغەمبەر ئەم مەسەلەیە کە لە مەسەلە هەرە گرنگەکانە بشارێتەوە! ئینجا ئەگەر زۆربەی هاوەڵان ئەو مەسەلەیە نازانن ئەوا چۆن شێخ دەیەوێت کارێکی وابکات کە هەر هەموو موسڵمانانی سەردەمی ئەو بیزانن؟! ئەوەی شارەزای نیە لەم مەسەلانە ئەوا دەکەوێتە بەر چەکوژی تەکفیرەوە.... دواتر چۆن ئەمە دووپات بکەینەوەو بڵێین کە هاوەڵان زاناترن لە ئێمە کەچی وا گومانیش دەبەین کە زۆربەیان ئەو مەسەلە گرنگە نازنن کە خەڵکی درعیە دەیزانێ و فێری بووە؟!

تێکگیران و دژیەکی قسەو بۆچوونەکانی شێخ کۆتایی نایەن.

١_ شێخ باسی مەسەلەیەکی تری کردووە:(شاردنەوەی زانست دروستە ئەگەر ببێتە هۆی پاراستنی بەرژەوەندیەك):

مەبەستی شێخ ئەو فەرمانەی پێغەمبەرە کە بە موعاذی دابوو سەبارەت بە شاردنەوەی ئەو فەرموودەیە، بەڵام چۆن چۆنی شێخ ئەمەی بەسەرتایی بانگەوازی دانا؟ پاشان ئایا شێخ وای بۆ دەچوو کە دژەڕاکانی موسڵمانن بەڵام لەبەر بوونی بەرژەوەندی ئەم ڕاستیەی دەشاردەوە؟ لەبەر ئەوەی خەڵکی بەجۆش و خرۆش نەدەبوون بۆ کوشتنیان ئەگەر ئیسلامیان بکردایە بە دادوەر؟ دواتر ئەگەر پێغەمبەر

(صلى الله عليه وسلم) ترسی هەبووە لە هاوەڵان کە باسی بکەن و بڵاوی بکەنەوەو شێخ هات و ئەمەی پەردە پۆش کرد و شێخ ئەمەی لە فەموودەکەی هەڵهێنجا کە زۆربەی خەڵکی تەنانەت داتەپیو ڕوخاون نەك هەر پشت بەخوا نابەستن! ئەگەر[1] ئەو مەبەستی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بووایە لەواتای ئەو فەرموودەیە بەو شێوەیەی کە شێخ لێی تێگەیشتبوو ئەوا فەرمانی دەکرد بە شاردنەوەی تا خەڵکی نەڕووخێن و تێك نەشکێن و نەوەك پشت نەبەستن بەخوا!!

ئەمەش ئاستی هەڵە تێگەیشتنی شێخ بۆ فەرموودەکە بۆ ئێمە دەردەخات، چونکە شێخ پەرستشی ناوبراوی کورت کردۆتەوە لە یەکتاناسی دا دواتر چەند مەرج و هەڵوەشێنەرەوەی زۆری داناوە بە شێوەیەك ئاراستەی فەرموودەکەی لە بانگەشە کردن بۆ تەنها پشت بەستن بەخوا بۆ بانگەشە کردن بۆ ڕوخان و تێك شکان.

دواتر وەك وتمان فەرموودەکە یان پێچەوانە و دژی قورئانە یاخود یەکگرە لەگەڵ قورئان.

ئینجا ئەگەر لەگەڵ قورئان یەکبگرێ ئەوا پێویستە بە جۆرێ لێکبدرێتەوەو تەفسیری بۆ بکرێ کە پێچەوانەی ناوەرۆکی قورئانی پیرۆز نەبێت، ئێمە با پەیامەکە لە یەکتاناسیدا کوت هەڵنەهێنین و مەرجی واش بۆ یەکتاناسی دانەنێین کە تەنها ئەو ڕاو بۆچوونە جێگای تێدا ببێتەوە کە تەکفیری موسڵمانان دەکات.

وە ئەگەر پێچەوانەی قورئانی پیرۆز بوو ئەوا پێویستە پێغەمبەر بەپاك بگرین لە ووتنی ئەو جۆرە ووتانە، دەبێت وا دابنێین کە وەهم و خەیاڵی خەڵکی و ئەو

---

[1]_ تەوەکل: بریتیە لە گرتنەبەری هۆکارەکان کە پەیوەستە بە ئەندامە دەرەکیەکانی جستە و پاشان پشت بەخوابەستن کە ئەویش پەیوەستە بە دڵ و دەروونندا. بەڵام جیایە لە تەواکل: کە بریتیە لە تەنها پشت بەخوا بەستن بەبێ گرتنەبەری هۆکارەکان، وەك هەندێ لە کوردەواری خۆمان دەڵێن بەتەمای خوای. (وەرگێڕ).

قسانەی کە نەقلٚ دەکرێن بەشێوەی زارەکی کە لەیەکتری دەیگێڕنەوە بوونەتە هۆی تێکدانی دەقەکە بەر لەو ماوەیەی کە فەرموودەکە نوسراوە و تێکڕای ئەو شتانەی دەکرێ _ بە پێی عەقلٚ و نەریت و واقیع _ تێکەلٚ ببێ بەو نەقلٚە زارەکیە، یەکێ لە کەم و کورتیەکان هەمووی بەهۆی یەك شتە ئەویش بریتیە لەوەی کە گێڕەڕەوەکان پارێزراو نین لە وەهم و خەیالٚ و هەلٚە کردن و شت لە بیر کرن.

دەکرێ یەکێکیان ووشەیەك لەبیر بکات کە مانای فەرموودەکە بگۆڕێت یان کاریگەری هەبێت لەسەر واتاکەیدا ئەوسا دەبێت بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو حالٚەتەی کە یەکدەگرێ لەگەلٚ دەقەکانی قورئانی پیرۆز.

ماوەی نێوان گێڕەڕەوەی ڕاستەوخۆی فەرموودەکە کە موعاذی کوڕی جەبەلە و ئیمامی بوخاری و موسلم دوو سەدەیە کە دلٚنیا نین لەوەی کە لەکاتی نەقلٚ و گواستنەوەی فەرموودەکەدا هیچ وەهم و هەلٚە و لەبیرچوونەوەیەك تووشی هیچ یەکێك لە گێڕەڕەوەکان بوبێت سەرباری ڕاستگۆییان بەشێوەیەکی گشتی.

لەو سەردەمەی ئێستاماندا چەندین خەلٚکمان بینی کە گومانمان نەبووە لە دەستپاکی و ڕاستگۆییان کەچی توشی وەهم و هەلٚە دەبن لەکاتی نەقلٚ کردنی شتێك لە کەسێکی تر، جا ئایا دەبێت چۆن کەسێك تووشی ئەم حالٚەتە نەبێت کە لە کەسێك دەگێڕێتەوە ئەویش لە کەسێکی تر و کەسی سێیەم و چوارەم دەگێڕێتەوە ....؟

لێرەدا من نالٚێم کە فەرموودەکە ڕەت بکرێتەوە لەبەر ئەوەی پێچەوانەی قورئانی پیرۆزە و فەرموودەناسان لەڕووی تیۆریەوە لە سەرجەم کتێبەکانی زانستی فەرموودەدا دان بەم ڕاستیەدا دەنێن و دەلٚێن دەکرێ فەرموودە هەبێت سەنەدی صەحیح بێت کەچی دەقەکەی پوچ و باطل بێت ئەگەر هاتوو دژو پێچەوانەی قورئانی پیرۆز بوو و نەشتوانرا کۆبکرێتەوە لەگەلٚ دەقەکانی قورئانی پیرۆزدا.

**بەڵام موعتەزیلەکان کە خاوەن مەذهەبێکی ئیسلامی عەقلانین دەڵێن: ئەگەر فەرموودەکە دژو پێچەوانەی قورئان بوو ئەوا ئەرکی کۆکردنەوەمان ناکەوێتە سەر بەڵکو بەتەواوی فەرموودەکە ڕەتدەکەینەوە هەمیشە قورئانی پیرۆز پێش دەخەین و ئەم بیرۆکەیەش دەچەسپێنین و جەزم دەکەین کە گێڕەرەوەکان هەڵەیان کردووە لە نەقڵ و گواستنەوەیدا و ئەمە لە فەرمایشتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نیە، چونکە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هیچ جوڵەیەك پێچەوانەی قورئانی پیرۆز ناکات.**

**کەواتە چ سەنەد و چ دەقی فەرموودەکە بە صەحیح دابنێین یان ڕەتیان بکەینەوە ئەوا دروست نیە بەتەنها و بەجیا تێگەیشتنی خۆمان لەسەر ئەم فەرموودەیە بنیاد بنێین دوور لە بەڵگەو دەقەکانی بەهێزتر بەتایبەتی ئەگەر بەڵگەکەی تر ئایەتی قورئانی پیرۆز بێت.**

**بەداخەوە عەقڵیەتی گێڕانەوەی فەرموودە ڕووبەڕووی ڕەخنەی ناوەخۆیی نەبۆتەوە لەلایەن خودی فەرموودەناسان.[1]**

---

[1] _ پرۆژە توێژینەوەیەکم لەبەر دەستە لەسەر ئەو بابەتە بە ناونیشانی (المشکلة الحدیثیة) کە تەواو کامڵ نەبووە، ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشکی خستوەتە سەر (پێکهاتەکانی فەرموودەیی) و بارودۆخی نوسینی و لەگەڵ بەگەڕخستنی ئەو تیۆرانەی کە خودی فەرموودەناسان دایان ناوە لە بواری ڕەخنەگرتن لە دەق و سەنەدی فەرموودەکان، دەستم کردووە بەلێکۆڵینەوەکە سەرەتا لەسەر صەحیحی بوخاری (هێشتان تەواو نەبووە) بەڵام لەناکاو زۆرێ لە فەرموودەم بەدی کرد کە لە صەحیح بوخاری دا هاتوون سەرباری کتێبەکانی تری فەرموودە کە لە ناو سەنەدەکانی گێڕەرەوەی زۆر لاواز هەن بەڵکو هەندێکیان تۆمەتبارن بە درۆ کردن و لەگەڵ دژبوونی هەندێ لەو فەرموودانە لەگەڵ قورئانی پیرۆز.... سەرباری کرچ و کاڵی و کەم و کورتیەکانی تر لە پچڕانی سەنەدو (تدلیس)= =و تێکگرانیان و گومان نابم کە من یەکەم کەس بم دەست پێشخەریم کردبێت لەمە، چونکە زۆربەی ئەو فەرموودانە لە صەحیحەکەدا هاتوون، فەرموودەناسانی پێش من بە لاوازیان داناون وەك ئەحمەد و ئیبن موعین و ئیبنولمەدەنی (کە لە شێخەکانی بوخاری و موسلیمن) و پێش ئەوانیش قەطان و ئیبن مەهدی و بەر لەوانیش شوعبە و ثەوری

٢_ شێخ باسی یەكێك لە سوودەكانی فەرموودەی ناوبراو دەكات:(دروستە هەندێ لە خەڵكی تایبەت بكرێن بۆ هەڵسان بە جێبەجێ كردنی پرۆسەی فێر كردن و بڵاو كردنەوەی زانست و زانیاری جگەلەوانی تر).

دەڵێم: ئەمەش بەهەمان شێوە لەلایەن فەرموودەناسان جێگای چاو پێداخشاندنەوەیە، چونكە دروست نیە زانستێك پەردە پۆش بكرێت و بشاردرێتەوە لە ئومەت كەچی خودی ئوممەت پێویستی پێ هەبێت، بەڵكو زانستێ دروستە پەردە پۆش بكرێت كە ئوممەت پێویستی پێ نەبێت، ئەمەش بریتیە لە یەكێك لەو شتانەی (ئەو كەسانەی ڕەخنە دەگرن لە فەرموودەناسان) كە بە كەم و كورتی ئەوانن دەزانن، ئەمە پێویستی بە لێكۆڵینەوە هەیە.

٣_ شێخ لە كۆتا ئەو سودانەی كە هەڵهێنجراون لە فەرموودەی موعاذ دەڵێت:(گەورەیی و گرنگی ئەو مەسەلەیە).

دەڵێم: ئەمەش هەر لەكەم و كورتیەكانی دەقی فەرموودەكەیە، چونكە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) شتێكی گەورەی نەشاردۆتەوە لە ئوممەت و دواتریش فەرمان بكات بەكەسانی تر كە بیشارنەوە.... كاری پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ڕاگەیاندنی بانگەوازە بە تێكڕای خەڵكی، ئیسلام نهێنی تێدا نیە بەڵكو دینێكی

---

بەلاوازیان داناوە، (دوای بوخاری و موسلم) هەندێك لە خاوەن سونەنەكان هەندێ لەوئەو فەرموودانەیان بەلاواز داناوە وەك تورمذی و دارقطنی هەروەك لە كتێبە بەهێزەكەیدا (العلل والالزامات والتتبع) و دوای ئەوانیش وەكو ئیبن حەجەرو جگەلەویش لە شیكەرەوانی دوو صەحیحەكە تا گەیشتە فەرموودە ناسە هاوچەرخەكان وەك ئەلبانی و غەمارییەكان غەماریبە و كەوثەری میصری، مەبەست لێرەدا تەنها ئەوەیە: ڕەخنە گرتن لە هەندێ لە فەرموودەكانی دوو صەحیحەكە شتێكی نامۆ نیە لەلایەن خودی فەرموودەناسان، بەڵام ئەگەر بەزانیاری و بەڵگەوەبێت، ئینجا نابێ سوربین لەسەر بەپاك و دوور گرتنی فەرموودەناسا ن لە هەڵە كردن، چونكە پێغەمبەر لە پێشترەو پێویستە سوربین لەسەر ئەوەی كە شتێك نەدەینە پاڵی كە نەیفەرمووبێ.

ئاشکرایە، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە بوو کە باطینیەکان دەرکەوتن و گومانیان بەو شێوەیە برد هەروەك بردیان.

هەندێ لە سەلەفیەکان دژی ئەمەن و گومانی (بێ باوەڕی بە کەسێك دەبەن کە گومانی ئەوە ببات کە پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) شتێکی شاردۆتەوە لە ئوممەت).

**تێبینی پێنجەم:**

شێخ دەستی بە دەروازەی یەکەم کردووە (لا: ٩) (دەروازە: پلەو پایەی یەکتاناسی و ئەو گوناهو تاوانانەی کە بەهۆیەوە دەبوردرێن و نامێنن) چەند فەرموودەیەکی لەمبارەوە هێناوەو یەکێك لەو فەرموودانەش فەرموودەی عوبادەی کوڕی صامتە:

(هەر کەسێ شایەتی بدات کە هیچ پەرستراوێك نیە بەحەق جگەلەخوای گەورە و موحەممەدیش بەندەو نێردراوی خوایە و عیسا بەندەو نێردراوی خوایە و لە دایك بوونەکەی بەفەرمانی خوا بووە کەلە مەریەمدا (بەرجەستە بوو)، عیسا ڕۆح و گیانێکی (تایبەتیە) لەلایەن خواوە بەخشراوەو بەهەشت و دۆزەخیش حەقن ئەوسا هەر کردەوەیەکیش ئەنجام بدات ئەوا خوای گەورە هەر دەیخاتە بەهەشتەوە).

دەڵێم: لێرەدا نمونەیەکی پێشکەوتوو دێنمەوە لە ڕەخنەگرتن لە فەرموودەکان، کە زۆربەی فەرموودەناسان تەنها لەڕووی تیۆریەوە لەسەری دەڕۆن و لەڕووی کردارییەوە فەرامۆشیان کردووە، بوونی جیاوازی لە نێوان تیۆری فەرموودەناسان و جێ بەجێ کردنی بەکردار شتێکی تێبینی کراوەو ئاسانیشە بۆ کەسێ کە سێ شتی هەبێت:

یەکەم: زانینی تیۆری فەرموودەناسان (زاراوەکە و زانستی _ العلل _)، زۆر کەس لەم لایەنە شارەزایە بە تایبەتی زانستخوازەکان.

**دووەم: هەڵسەنگاندنی بەرهەمی فەرموودەناسان (کتێبەکانی فەرموودە) بەو تیۆرەی کە بەخودی خۆیان دایانناوە، ئەم هەڵسەنگاندنە زۆر دەگمەنە تەنها لەسەر ئەو فەرموودانە ئەنجام دەدرێت کە لەڕووی لاوازیەوە بەناوبانگن، یاخود فەرموودەیەك کە پشتگیری ڕاوبۆچوونی دژەڕای فەرموودەناسان بکات، تەنها چەند کەسێکی ڕیزپەڕ نەبن کە لەو تەرزو ئاراستە لاوازە لە جێبەجێ کردنی تیۆرەکە دەرچوون وەکو دارقطنی و ئەلبانی و ئەحمەدی غەماری، کە چەند فەرموودەیەکیان بەشەرم و دودڵیەوە بەلاواز داناوە لە دوو صەحیحەکە یان لە یەکێکیان دا.**

**سێیەم: بوێری و ئازەیەتی زانستی بەجۆرێ کە زانستخواز لە زانستدا لە لۆمە و قسەی لۆمەکاران نەترسێ و لە حوکمی کەس نەپرسێ و نەترسێ لەوەی کە بە بیدعەتچی ئەژماری دەکەن یان بە گومڕاو بێ باوەڕ لەقەڵەمی دەدەن، ئەوەی لەسەری پێویستە ئەوەیە کە نیازو مەبەستی پاك بکات بۆ خوای گەورەو دواتر بۆ گەیشتن بە حەقیقەت دواتر ئەو حەقیقەتە دەربڕێ، جا زانست دوو بەشە، بەشێکی بریتیە لە زانراوەکە، بەشەکەی تر بریتیە لە بوێری و ئازایەتی لە خستنەڕووی شتە زانراوەکە.**

**دواتر دەڵێم: ئەم فەرموودەیەی کە شێخ هێناویەتی لە صەحیحی بوخاریدایە بەڵام دروست نیە پاڵ بدرێتە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، لەبەر چەند[1] هۆکارێ کە لێرەدا دەیانخەینەڕوو.**

**[1] _ مەبەستم لێرەدا ئەوەیە ئەگەر هاتوو هەر فەرموودەیەك سەنەدەکەی صەحیح بوو ئەوا نایدەینە پاڵ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەتایبەتی ئەگەر فەرموودەکە لە ڕوخسارو ڕووکەشی کورت هەڵاتبوو لەچەند واتایەکی وەرگیراو لە قورئانی پیرۆز وەك ئەم فەرموودەیە و بێ کرچ و کاڵی سەنەدەکە مانای وانیە کە دەقەکە ڕاستە، چونکە ڕاست و دروستی دەقەکە پێویستی بە چەند ئاماژەو قەرائینی تر هەیە وەك یەکگرتنی دەقەکە لەگەڵ هێڵە درێژو گشتیەکانی ئامۆژگاریەکانی ئیسلام و لەگەڵ قورئانی پیرۆزو**

سـەرەتا ڕووكەشـی فەرموودەكـە ڕاشـكاوانە دژو پێچـەوانەی قورئـانی پـیرۆزە....

ئەگەر موسڵمانێك شايەتی دا لە سـەر ئـەو شـتانە پاشـان ژيـانی لـە خراپـە و سـتەم و كوشـتنی خـەڵكی و دزی و زينـا و خـواردنی مـاڵی هـەتيو و نوێـژ نـەكردن و نـەدانی زەكات و ئەنجام نـەدانی حـەج و ڕۆژوو و ئەجامـدانی ئـەو شـتانەی قەدەغـە كـراون و گوناهە گەورەكان بردە سەر، نمونەی ئەو جۆرە كەسانە قورئانی پـيرۆز دەقـی هێنـاوە لەسەر ئەوەی كە دەچێتە دۆزەخەوە نەوەك بەهەشت.

هەر لەبەر ئەمەيە كە پێشتر دوپاتم كردۆتەوەو ووتومە: ئێمـە كۆچمان كـردووە لە قورئان... وای لێهاتووە كە قورئـانی پـيرۆز كۆتـا شـتە كـە بەبەڵگـەی دەهێنينـەوەو باوەڕ بەجۆرێ لە ڕيوايات و گێڕانەوە دەكەين كە پاڵ دراونەتـە لای پێغەمبـەر (صلى الله عليه وسلم) كەچی دەكرێ لەناو گێڕەڕەوەكانی هەبێ كە خـەيال كـاری تێكردبێـت يان شت لەبير بكات ياخود زۆر هەڵە بكات، ئـا بـەو شـێوەيە ئەگـەر ئـەو گێڕەڕەوانـە بەپاك بزانيـت لـەوەی كـە بەئەنقەسـت درۆی بەرژەوەنـدی بكـەن يـان وەك سياسـەتێ ياخود لە پێناو سەرخستنی مەذهەب و ڕاو بۆچوونێ.....

بۆ ئەو جۆرە فەرموودانە پێويستيمان بەوە نيە كە سەيری سەنەدەكەيان بكەين، بـەڵكو ئەوەنـدە بەسـە كـە ئـەو ئايەتانـە بخرێنـەڕوو كـە بـەڵێنی دۆزەخ دەداتـە ئـەو كەسانەی گوناهی گەورە ئەنجام دەدەن و كاتێك سەيری فەرموودەكە دەكەين دەبينين لەسەر كەسەكە بە پێويست نازانێت كە خۆی دووربگرێت لـە گوناهـە گـەورەكان، ئـەو فەرموودەيە بەو شێوازە دەربڕينەی و پاڵدانـە لای پێغەمبـەر (صلى الله عليـە وسـلم) شتێكی بێ بنەماو پوچ و باطلە ئەگەرچی لە صەحيحی بوخاريش هەبێت.

---

عەقڵ و فەرموودە ڕاستەكانی ترو جۆراو جۆری شوێنگەی ئـەو دەربڕينانـە تـا دڵنيـايی زيـاتر ببەخشێت لەسەر ئەوەی كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەمەی فەرمووە..... تاد.

**ڕەخنە گرتن لە سەنەدی فەرموودەکە:**

یەکــەم: فەرموودەکــە شــامیە و گێڕەرەوەکــانی لــە خــراپترین کەســانی نــاو مورجیئــەکان بــوون و فەرموودەکــە یەکــدەگرێت لەگــەڵ بیروبــاوەڕو عەقیــدەی مورجیئەکان.

دووەم: ئەو فەرموودەیە بوخاری لە صەحیحەکەیدا گێڕاویەتیەوە لە صەدەقەی کوڕی فەضل (سەلەفیە و خەڵکی خوراسانە و باوەڕپێکراوە) وەلید بۆمانی گێڕاوە (کوڕی موسلمی دیمەشقی ئەمەویە کە فەرموودە تێکەڵ و پێکەڵ دەکات و مودەلەسە و هەر ئەویشە هۆکاری لاوازی فەرموودەکەیە هەروەك بە تێرو تەسەلی دەیخەینەڕوو) لە ئەوزاعیەوە (ئیمامی خەڵکی شام زۆربەی فەرموودەکانی لاوازن سەرباری ئەوەی خۆی کەسێکی باوەڕپێکراوە) عومەری کوڕی هانی بۆی گێڕامەوە

[1]_ مورجیئەکانی عێراق جیاوازن لەگەڵ مورجیئەکانی شام، مەگەر لە ناو مورجیئەکانی عێراق هەبێت کە وەك شامیەکان بیر بکاتەوە، ئینجا فیکرەی مورجیئەکانی عێراقی لە کۆتاییدا بریتیە لە خۆ دوور گرتن لە تەکفیر، ئەمەش کارێکی دروست و حەقە، بۆیە لە ناو مورجیئەکانی عێراق دا _ ئەبو حەنیفەو هەندێ لە گەورە زانایانیشان لەم پێرە ئەژمار کردووە _ کە هەڵگیرسانی شۆرشیان لە دژی دەسەڵاتداری ستەمکار بە دروست و ڕەوا دەزانی، کورتەو پوختەی فیکرەی مورجیئەکانی شامی بریتیبوو لە: بێ دەنگ بوون لە ئاست ستەمی و ستەمکاران و لەگەڵ گشتاندنی بەڵگەکان وەك فەرموودەی ڕابردوو بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەو بەڵگانەی ترس ئەبەخشن یان بەلایەنی کەمەوە سەیر کردنی ئەو بەڵگانەی کە دژن لە ڕووکەشدا لەبەر ئەو کورت هەڵهێنانەی کە لە فەرموودەکەدا هاتووە.

[2]_ کاتێ پرسیار لەبارەی ئەوزاعیەوە کرا لە ئەحمەد ووتی:(فەرموودەکانی لاوازە بەهەمان شێوە ڕاو بۆچونیشی لاوازە) ئەم ووتەیە ذەهەبی هێناویەتی لە کتێبی (النبلاء) لە کاتی باس کردنی ژیاننامەی ئەوزاعی یاخود لە ژیاننامەی مالك دا بەوەی کە لەبیرم دێتەوەو مەبەستی ئەحمەد لاوازی کەسێتیەکەی نیە بەڵکو مەبەستی لاوازی فەرموودەکانیەتی و جیاوازیش لە نێوان ئەم دوو مەبەستە زۆر زۆرە، کاتێك دەڵێین: فەرموودەکە لاوازە واتای ئەوەیە کە لە کەسی لاوازەوە دەگێڕێتەوە یان ئەو فەرموودانە بەبەڵگە دێنێتەوە کە سەنەدەکەیان پچڕاوەو نەگەیەنراون یاخود کارو ئیشی خەڵکی شارەکەی بەبەڵگە دێنێتەوە.... کەواتە لاوازیەکە لە کەسانی تردایە، ئەویش ئەو لاوازییە نەقڵ دەکات، ئینجا کاتێك دەڵێین:(ئەو لاوازە) ئەمە مانای وایە کە ئەو چاوگ و سەرچاوەیە بۆ لاوازیی...

(هیچ یەکێك لە زانا بڕواپێکراوەکان بە ئەمیندارو ڕاستگۆو باوەڕپێکراویان دانەناوەو ئیبن ئەبی حەواری نکۆڵی کردووە لەوەی کە ئەوازعی لەویەوە شتی گێڕابێتەوە بەڵکو باسی ئەوەی کردووە کە تەنانەت ڕقی لێبووەتەوە و ئەو عومەیرە لەگەڵ ئەو خەڵکە شامییە بوو کە پێداگیریان دەکرد لەسەر خەلیفایەتی یەزیدی کوڕی وەلید کە دادپەروەرترین دەسەڵاتداری بەنی ئومەییە بوو! لەپاش عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لەبەر ئەمەش کوژرا! و ئەمە مانای وایە کە ئەو شان بەشانی وەلیدی کوڕی یەزید ڕاوەستاوە کە خراپترین کەسی بەنی ئومەییە بوو! و من بەدووری نازانم کە ئەو فەرموودەیەی هەڵبەستبێت بۆ پاك گرتنی وەلید کە زیاد ڕۆچوو بوو لە خراپە دا بەڵام فەرموودەکە وا لە وەلید دەکات شایەنی ئەوەبێت کە لە هەشت دەرگاکەی بەهەشتەوە بچێتە ژوورەوە!)، ووتی جەنادەی کوڕی ئەبی ئومەییە بۆ گێڕامەوە (ئەمەش هەر خەڵکی شامەو خەڵکی شام شارەزا نەبوون لەبواری فەرموودە، لە خەڵکی زوهرانیە و زهرانیەکانیش زۆر سەرقاڵی فەرموودە بوون دەیانگێڕاوە بەڵام جێگای چاو پێدا خشاندنەوەن، چونکە بەرێك و پێکی شت ناگێڕنەوە، لە یاریدە دەرەکانی موعاویە بوو و موعاویەش ئەوی کردبوو بە سەرپەرشتیاری دەریا! ئەگەر موعاویە ڕقی لە کەسێ هەڵبسایە ئەوا گەشتێکی دەریای پێدەکرد لەوانەیە کەشتیەکە لەناکاو سەرەوژێر دەبوو! ئەم کارەش بەبێ زانیاری ئەو کەسە _ کە جەنادەیە _ نەدەکرا؛ بەو کارەی جێگای باوەڕ بوو لەلایەن موعاویە و بەڕاستی موعاویە تەنها باوەڕ بە کەسێك دەکات کە تۆمەتبار بێت).

لە عوبادەی کوڕ صامتەوە (هاوەڵێکی گەورەی بەدرییە دژایەتی هەبوو لەگەڵ معاویە لەسەر ئەو گوناهانەی کە دەیکرد لە سوو خۆری و فرۆشتنی مەیی ئینجا ئەگەر گێڕەڕەوەی ئەو فەرموودەیەش بێت ئەوا پاساو بۆ ئەو ستەمکارییانەی معاویە دێنێتەوە، چونکە ئەو وا دەردەخات کە بڕوای هەیە بەشتەکانی ڕابردوو) و خوای

گەورە عوبادەی کوڕی صامتی بەپاك گرتووە لە گێڕانەوەی ئەو جۆرە فەرموودانـە چ جای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم).

سـێیەم: کـرچ و کـاڵی سـەرەکی فەرمووودەکـە بریتیـە لـە وەلیـدی کـوڕی موسـلم، چـونکە خـەڵکی شـامە و لـە کۆیلـە ئـازاد کراوەکـانی بـەنی ئومەیەیـە و خـەڵکی شـام فەرموودەناس نەبوونە و گرنگیشیان بـەو لایەنـە نـەداوە، جـا لەبـەر ئـەوەی کـە ئـەو کۆیلە ئـازاد کـراوی بـەنی ئومەیەیـە ئـەوا فیکـرەی مورجیئایـەتی لـە دەروونـی خۆیـدا هـەڵگرتووە، چـونکە بـەنی ئومەیـە کاریـان کـرد لەسـەر بڵـاو کردنـەوەی جـەبری و موجیئایەتی لە شام و گرنگتریش لە سەرجەم ئەمانەدا و ئـەوەی کـە بەڵگەیـە لەسـەر ئەوەی کە ئەو کەسە هۆی بوونی کەم و کورتیە لە فەرموودەکـەدا بریتیـە لـەوەی کـە ئەو تۆمەتبارە بە درۆ کردن لـە سـەنەدەکان و شـت دەگێڕێتـەوە لـە کەسـانی درۆزنـی لاوازی نێوان خۆی و ئـەوزاعی دواتـر لـەکاتی گێڕانـەوەی فەرموودەکە ناوەکـانی ئـەو کەسانە لا دەبات کـە لێیـان دەگێڕێتـەوەو دەکـرێ نـاوی شـێخە لاوازەکـانی ئـەوزاعیش بەهەمان شێوە لا دەبات، کەچی لە شوێنی ئەواندا ناوی کەسانی باوەڕپێکراو دادەنێـت (چـونکە ئـەو ئـەوزاعی بـەپاك دەگرێـت لـەوەی شـت لـە کەسـانی وەهـا لاوازو درۆزن بگێڕێتـەوە)! و تۆمـەتباریش کـراوە کـە فـەرموودەکانی ئـەوزاعی تێـك داوەو خراپـی کردووە.

ئینجا لێرەدا با واز لەمە بێنین کە بەشێوەیەکی گشتی بـە باوەڕپێکراویـان دانـاوە بەڵکو پێویستە بچینە سەر ڕەخنە تایبەتەکان، ئیمامی ئەحمەد لـەبارەی ووتـوە (زۆر هەڵە دەکات)، (فەرموودەی ڕەفع دەکردەوە)!

مسهەری دیمەشقی شامی کـە هاونیشـن و هاوچـەرخی وەلیـدە لەبارەیـەوە دەڵێـت :(وەلید فەرموودەی ئەوزاعی لە ئیبن ئەبی سەفەری وەردەگرت و ئیبن ئـەبی سـەفەر درۆزن بوو و دەشی ووت: ئەوزاعی ووتویەتی).

بەهـەمان شـێوە ئـەبو مسـهەر ووتويەتی:(وەليـدی کـوڕی موسـلم فـەرموودەکانی ئــــەوزاعی دەگێڕانـــەوە "وەری دەگـــرتن" لـــە کەســـانی درۆزن و کـــەم و کـــورتی فـەرموودەکانی دەشـاردەوەو جوانکـاری بـۆ دەکـرد (بمعنـی کـان يدلسـها )_ ناوەکـانی[1] ئەوانی لا دەدا _ ).

هـەيثـەمـی کـوڕی خاريجـە بـە وەليـدی کـوڕی موسـلمی ووت:(فـەرموودەکانی ئـەوازعيت خـراپ کـردن ....) پاشـان باسـی کـرد کـە ئەمـە چـۆن ڕوويـداوە، چـونکە ئەوزاعی لەکەسانی لاواز دەگێڕێتەوە وەك زوهـری و نـافع و ئينجـا وەليـد هەڵدەسـتێ بە لا بردنی ناوی ئـەو کەسـە لاوازانـە لـە سـەنەدەکە، وەليـد _ بەسـاردو سـوڕيەوە _ وەك وەڵامێك بۆ ئەو تۆمەتە ترسناکە ووتی:(ئەوزاعی لەوە گەورەترو چاکترە کە لەو جـۆرە کەسـانە شـت نـەقڵ بکـات)! دواتـر هـەيثـەم ئـەوەی خسـتەڕوو کـە وەليـد ئامۆژگارييەکەی ئەوی بەجێ نەگەيان‌د!.

وە دارقطنـی ووتويەتی:(وەليـدی کـوڕی موسـلم بەشـێ لـەناوی سـەنەد لا دەبـات دواتـر لـە ئەوزاعيـەوە هەنـدێ فـەرموودە دەگێڕێتـەوە، کـە هـی شـێخە لاوازەکانـە ئەوانەی کە ئەوزاعی پێی گەيشتوون وەك نافع و عەطاء و زوهری ئينجا نـاوی کەسـە لاوازەکان لا دەبات لە سەنەدەکە ئاوا ڕێکدەخاتەوە لە ئەوزاعيەوە ئەويش لە نافعـەوە يان لە ئەوزاعيەوە ئەويش لە عەطاء و زوهرييەوە...)!!

ئــەبو داوود ووتويەتی:(وەليــدی کــوڕی موســلم (دە) فــەرموودەی لــە ماليــك گێڕاونەتـەوە کـە بـێ بنـەمان)! دەڵـێم: سـەرەڕای ئـەوەی کـە ئـەو خـەڵکی شـامە و ماليکيش خەڵکی مەدينەو حيجازە، ئايا ئەوکاتە چۆن دەبوو گەر ماليـك خـەڵکی شـام

[1] _ واتای تەدليس: لەزاراوەی فەرموودەسان دا: بريتيە لە شاردەنەوەی کەم و کوتی و کرچ و کاڵيەك لە فەرموودەيەکدا و جوانکاری کردن بۆ ڕووخسارو ڕووە ديارەکەی. (وەرگێڕ سوودم بينيوە لە کتێبی: مباحث في علوم الحديث: مناع القطان).

بوایە؟ دەبوو چەند فەرموودەی بێ بنـەمایی لێ گێڕابانـەوە؟ و ئـەبو داود بەهـەمان شێوە ووتویەتی:(بەقیە حاڵی زۆر چاکترە لـە وەلیـدی کـوڕی موسـلم) بەقیـە یەکێکـە لـەو کەسـانەی کـە بـە شـێوەیەکی زۆر کاریگـەر کـەم و کـورتی فـەرموودە لاوازەکـانی دەشاردەوەو جوانکاری بۆ دەکرد.

وە حافظ ئـیبن حەجـەر دەڵێت:(بـاوەڕ پێکـراوە بـەڵام زۆر شـت تێکـەڵ دەکـات و ناوی هەندێ لە گێڕەرەوەکان لە سەنەدەکە لا دەبات) و ناوی هێناوە لە کتێبەکـەی لـە ڕیـزی کەسـانی (مـودەلیس) لـە چـینی[1] چـوارەم کـە ئـەم چـینە پێـك هاتووە:(لـەو کەسـانەی کـە هـیچ جۆرە فەرموودەیـەکیان بەبەڵگـە ناشـێت تـەنها ئـەو فەرموودانـە نەبێت کە بەڕاشکاوی گوێ بیسـتی بوونـە لەوانـەی لێـی دەگێڕنـەوە، ئەمـەش بـەهۆی شاردنەوەی کەم و کورتی فەرموودە لاوازەکان و جوانکاری بۆ کردنیان و گێڕانـەوەیان لە کەسانی نەناسراو)!

دەڵێم: وەلید لەم فەرموودەیە دا شێوازی (عنعن)ی پەیڕەو کردووە واتە لە فڵانی کوڕی فلانی کوڕی فلان هـەر ئەمەشـە شـوێنگەی تێکـەڵ کـردن و سـەنەد گۆڕینەکـە، کەواتە هیچ شتێ لە وەلیـد وەرناگیرێـت مەگـەر ڕایگەیانـد بێـت بەڕاشـکاوی کـە خـۆی شتەکەی بیستووە لەو کەسەی کە لێوەی نەقڵ دەکات.

ذەهـەبی هـەوڵی داوە بـەرگری بکـات لـە وەلیـد و ئـەو تەدلیسـەی کـە دەیکـات (سەرباری دانپێنانی ذەهەبی بـەوەی کـە وەلیـد زۆر بـەخراپی تـەدلیس دەکـات!) بـەو پاسـاوەی کـە لـەناو فەرموودەناسـی دوای ئـەوان دروسـت بـووە لـەبارەی گشـت ئـەو کەسـانەی کـە لاوازن و بوخـاری و موسـلم لێیـان گێڕاونەتـەوە ئینجـا دەڵێن:(بوخـارو

[1]_ کە ناسراوە بەناوی (تعریف أهل التقدیس بمراتب الموصوفین بالتدلیس) چـەند تێبینیـەك لەسـەر ئـەم کتێبە هەن، بەڵام قسەی ئەو لەبارەی وەلیـدەوە یەکـدەگرێ لەگـەڵ ئـەو وەسـفەی کـە پـێ ناسـراوە کـە زۆر تەدلیس دەکات، تەنانەت ئەنجامدانی خراپترین جۆری تەدلیس کە بریتیە لە ناو گۆڕین لە سەنەد دا.

موسلم فەرموودەکانی بەبەلگە دێننەوە بەڵام پاکسازی بۆ فەرموودەکانی دەکەن و ئەو فەرموودانەی کە بەناپەسەندی دەزانن فەرامۆشی دەکەن) !.[1]

دەڵێم: سەرباری ئەو هەموو تۆزو غوبارەی کە کەسێتی ئەو گێڕەرەوەی داپۆشیوە ئەوا بوخاری و موسلم هەر شتیان لێگێڕاوەتەوە، ئەمەش بەلگەیەکە بۆمان لەسەر ئەوەی کە ڕەخنە گرتن لە سیستەم و پێکهاتەی فەرموودە پاساوی خۆی هەن ئەویش بریتیەلە پاراستنی پێغەمبەرە (صلی الله علیە وسلم) لەوەی شتێك بەزاری ئەو بوترێ کە نەیگوتبێت.

ئەو گومانەی ذەهەبی کە دەڵێ بوخاری و موسلم تەنها فەرموودە پاك و پوختەکانی ئەو کەسە وەردەگرن و خراپ و ناپەسەندەکانی فەرامۆش دەکەن، ئەمە پاساوێکە خودی ئەو فەرموودەیە پوچەڵی دەکاتەوە کە بوخاری هێناویەتی و دژو پێچەوانەی قورئانە.

ڕاستە بوخاری و موسلم چاکترینی ئەو دانەرەن کە کتێبیان داناوە لەسەر فەرموودە ڕاست (صحیح)ەکان بەڵام عەقڵیەتی قورئانی _ ئەگەر دەربڕینەکە ڕاست بێت _ بەشێوازێکی نیچمە کامڵ و تەواو نادیارە لە بەرچاوی فەرموودەناسان، هەر لەبەر ئەمەشە نمونەو وێنەی ئەو جۆرە فەرموودانە دەگێڕنەوە.... کە هیچ موسڵمان و فەرموودەناس و موعتەزیلی و وەهابی و دژەڕاکانی وەهابیەت ڕازی نین بە ناوەرۆکی ئەو بۆچونە.

دواتر چۆن بە تەواوی دان بنێین بەوەی کە بوخاری و موسلم بە ڕەهایی هەر شتی پاك وەردەگرن کەچی لەبیرش بکەین کە ئەوانیش مرۆڤن دەکرێ تووشی وەهم

---

[1] _ بگەڕێوە بۆ کتێبی (تهذیب الکمال)، ئەو قسانەی کە لەسەر گێڕەرەوکان وەرم گرتووە ئەوا هەر لە سەرچاوەی ناوبراو وەرمگرتووە، دەکرێ هەندێ جار زیادکاریم بۆ کردبێت لە ڕوونکردنەوە یان شیکردنەوە یاخود لە دەرهێنانی دەرەنجام دا.

و گومـان بـبن لـه فەرموودەیەکـدا کـه حـوکمی صـەحیح بـوونی لەسـەر بـدەن کەچـی دواتـر دەربکەوێ کە ڕاست و صەحیح نیە؟ ئەمەش پێویستی بە بەڵگە هەیە.

**کورتەو پوختەکەی:**

ئەو فەرموودەیـەی کـە بوخـاری گێڕاویەتیـەوە _ موسـلم خـۆی لـێ پاراسـتووە _ فەرموودەیەکی بـاطل و پوچـە دروسـت نیـە بدرێتـە پـاڵ پێغەمبـەر (صلی الله علیـه وسلم) چ بە دەقەکەی کە دژو پێچەوانەی قورئـانی پـیرۆزە چ لەبـەر سـەنەدەکەی کـە لاوازو بێ هێزە.

دواتــر تێکــڕای ئــەو کەســانەی کــە شــێخ تــەکفیریان دەکــات شــایەتمان دێــنن و باوەڕیشیان هەیە بەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانەی کە لەو فەرموودەیەدا هاتووە.

ئەگەر کەسێ پابەند بوو بە مەرجەکانی وەهابیەکان لە بارەی یەکتاناسی دا بەڵام لەگـەڵ ئـەوەش دا ڕای وابـوو کـە دروسـتە تـەئویلی سـیفەتەکانی خـوای گـەورە بکـرێ یـاخود تەبـەڕوك و تەوەسـول کـردن بـە پیاوچـاکان و بۆخـوا صـوڵحاوان ڕەوایـە یـان ئیمامی عەلی بە چاکتر دادەنا لە ئەبو بەکر و هاووێنـەکانی ئـەوا تۆمـەتباریان دەکـرد بەوەی کە بیدعەتچیە و لەپێڕی جەهەمیە یان هاوبەشدانەرە یـان ئـەو خەسـڵەتانەی کـە لـە فەرموودەکـەدا هـاتوون پێـی پابەنـد نـین و ڕەتـی دەکەنـەوە، ئینجـا کـورت کردنەوەی دین لەمەدا هەڵەیە، چونکە پەیوەستە بە باوەڕهێنان بە زمـان و دڵ بـەبێ کردەوە ئەم تەرزو ئاراستە ئیرجائییەش زۆر بەتونـدی سەرزەنشـتی دەکـەن، تەنانـەت هەندێ لە سەلەفیە هاوچەرخەکان پاساویان بۆ حەنبەلیەکان هێناوەتـەوە لـە تـەکفیر کردنی ئەبی حەنیفـەدا، چـونکە بـەگومانی ئـەوان جـۆرێ لـە فیکـرەی مورجیئایـەتی هەبووە (فیکرەی مورجیئەی عێراقی واتە خۆپاراستن لـە تـەکفیر کـردن بـە گشـتی...

کە وەك فیکرەی مورجیئەی شام نەبوو کە سەر بەدەسەڵات بێ و پاساویشی بۆ بێنێتەوە) و بە مورجیئە ئەژمار کردنی خەڵکی کوفە کە ئەبو حەنیفەشیان لەناو دایە کە فیکرەی مورجیئایەتیان زۆر سوکترو باشتر بوو لە فیکرەی مورجیئەکانی شام (کە مورجیئەی ڕەسەنن) کە مورجیئایەتیان زۆر ناشرین و خەراپ بوو.[١]

**لە کۆتاییدا:**

ئەمە نمونەیەکە لەو ڕەخنەیەی کە لە کتێبی (التوحید)ی شێخ موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب گیراوە _ ڕەحمەتی خوای لێ بێت _، کە تەواوم نەکردووە، نەشم ویست ببێتە بەندکراوی پێنج بەندینخانە! ووتم ئەوەی کە لێی تەواو بووە بڵاوی دەکەمەوە لەبەر ئەو سوودەی کە تێیدایە، لەبەر گومانی هەندێ لە خەڵکی کە وا گومان دەبەن کتێبی (التوحید)ی شێخ موحەممەد لە هیچ کاتێکدا و لەهیچ

---

[١] _ چونکە ئەوان کردەوە لە باوەڕ جیا دەکەنەوە ئەمەش یەکدەگرێ و تاسەر دەچێ لەگەڵ دەسەڵاتی ئەمەوییەکان، با خەڵکی بکوژن و دەست بەسەرشت دا بگرن و زیاد ڕەوی بکەن و مافەکان بچوێنن و بەبا بدەن..... بەڵام ئەگەر باوەڕیان بە فڵان و فیسار مەسەلە هێنا ئەوا لە هەر دەرگایەکی بەهەشت بیانەوێت دەچنە بەهەشتەوە؟ و زیاد ڕۆچووە سەلەفیەکانی ئەمڕۆ مورجیئایەتیان تێدا چەکەرەو نەشو نومای کردووە ئەمەش لەو ڕازی بوونە تەواوەیان دەردەکەوێت کە لە کەسی سەلەفیان هەیە ئەگەر کاری خراپیش بکات و هەڵدەستن بە تۆمەبار کردنی خەڵکی نا سەلەفی ئەگەر پیاو چاکیش بێت.... (لەسەر ئەم باسە بە تێرو تەسەلی باسی گەواهیدەرەکان کراوە لە کتێبی: قراءة في كتب العقائد) و سەیری: جیاوازی نێوان فیکرەی مورجیئەی فیقهناسەکانی عێراق و فیکرەی مورجیئەکانی شام بکە لە کتێبی:(نشأه الفكر الفلسفى فى الاسلام _ دانراوی: الدكتور النشار _ بەشی یەکەم لا: ٢٤٣، = =و هەر کەسێ دەیەوێت زانیاری زیاتر هەبێت لەبارەی سەلەفیەتی هاوچەرخ ئەوا با ئەو کتێبەی کۆتایی بخوێنێتەوەو بۆیی دەردەکەوێ کە سەلەفیەتەکەمان هیچ پەیوەندیەکی نیە بە سونەو پێشینە چاکەکان (سلف الصالح)، تەنانەت حەنبەلیەکانیش بەڵکو تێکەڵەیەکن لە چوار مەذهەبی خراپ کە حەشەوی و تشبیهیەکان و ناصیبەو تەکفیریەکانن (خەواریجەکان)، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو زیاد ڕۆچوونە پێداگیری دەکەن لەسەر بانگەشە کردنی موسڵمانانی سوننە بۆ سوننە! شتێکی چەند نامۆیە کەسێك بانگهێشتت بکات بۆ ماڵی کەسێکی تر نەك هی خۆی! جا دەبێ ئەوە چۆن بێت کە بانگهێشتت بکات بۆ ماڵی تۆ نەك هی خۆی!.

لایەکەوە هیچ ناحەقی و نا دروستی و ناتەواویەك ڕووی تێ ناکات، دەکرێ لە لێکۆڵینەوەیەکەدا شتێ بەدی بکەم کە پاڵنەرم بێت بۆ تەواوکردنی، چونکە چەندین توێژینەوەم لەبەر دەستە کە پەرتەوازەو بڵاون تاوای لێهاتووە ناتوانم یەکێکیان لەجیاتی ئەوی تریان تەواو بکەم.

خوا لە شێخ موحەمەد و شوێنکەوتووانی و دژەڕایانی لە زاناو کەسانی سادەی موسڵمانان خۆش ببێت و سەرجەمیان لە بەهەشت دا بەیەکەوە کۆبکاتەوە.

و صلی الله على محمد و على[2] آل محمد كما صلى على ابراهيم و آل ابراهيم إنه حميد مجيد.

---

[1]_ ئەوان ئەو هەڵوێستەیان هەیە لەگەڵ تێکڕای ئەو کتیبانەی کە بەڕای ئەوان پشتگیری بۆچوونی ئەوان دەکات لە بواری تەکفیرو ناصیبایەتی و جەستەدار (تجسیم) کردن، هەروەك زۆر ستایشی کتێبی (سوننە)ی بەربهاریان کرد سەرباری ئەوەی کە بەڕوونی زیاد ڕۆچووە، ئەم هەڵوێستەیان هەبوو لەسەر کتێبی (منهاج السنة )ی ئیبن تەیمیە سەرباری بەدەرکەوتنی فیکرەی ناشیرینی ناصیبایەتی لەو کتێبەدا، لە بەرامبەر کتێبە عەقیدەییە حەنبەلیەکان لەبەر بوونی فیکرەی حەشەوی و تەجسیم و بەلاشە کردن تیایدا، ئەمەیان نواند لەگەڵ کتێبەکانی شێخ موحەمەد لەبەر ئەوەی پەیڕەوی تەکفیری لەخۆگرتووە، لە دەرەنجام دا دوور کەوتنەوە بوو لە حوکم کردن بە شەرعی بێ وێنە و دانانی ئەو کتێبانە بە تاکە سەرچاوەی حوکم دان لەسەر خەڵکی، جگەلە وەهابیەکان موسڵمانان لەنێوان کوفرو هەڵگەوڕانە و سەرگەردانی دا مانەوە، کەچی ئەوان وایان دەزانی کە بەڕاستی کاری چاك دەکەن و کردەوەی ڕەوا ئەنجام دەدەن، ئەم کۆبونەوەیان لەگەڵ بوونی کەسانێ کە بەهێزەوە گوێیان بۆ دەگرن لە ناو کۆمەڵگەمان دا ئەوا گەواهیدەرە لەسەر ئیدانە و بێ نرخ کردنی خوێندن و پەیڕەو پرۆگرامەکان لەلای ئێمە.

[2]_ ئیمامی نەوەوی _ ڕەحمەتی خوای لێ بێت _ لە پەرتووکە ناوازەکەی (المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج: بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، لا: ٦) دا لەبارەی ئەوەی کە تەنها صەلات دان لەسەر پێغەمبەر(عليه الصلاة والسلام) بەبێ سەلام (کە ئیمامی موسلم لە صەحیحەکەیدا تەنها صەلاتی لەسەرداوە) دەفەرموویێت: ناپەسەندە کە موسلم _ ڕەحمەتی خوای لێ بێت _ تەنها صەلاتی لەسەر پێغەمبەری خوا داوە بەبێ ئەوەی سەلامی لەسەر لێ بدات. کە چی خوای گەورە فەرمانی داوە پێمان کە هەردووکیان (صلات و سلام) بەتێکرایی لە سەر پێغەمبەر بدەین، خوای پاك و بەرز فەرموویەتی:﴿صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيماً﴾ الأحزاب: ٥٦. کەچی پێویستبوو ئاوای ووتبایە: وصلى الله وسلم على محمد.

**نووسینی: حەسەنی کوڕی فەرحانی مالکی**

**بەرەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە: ١١ جەمادی یەکەم: ١٤٢٥ك.**

**ریاض**

**شانیشینی سعودییەی عەرەبی**

---

ئەگەر ووترا: صەلات دان لەسەر پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام) هاتووە بەبێ پەیوەست بوون بە سلام لە کۆتای تەحیاتی نوێژەکاندا. وەلاّمی بەم جۆرەیە: کە پێشتر هەر لە ووشەکانی تەحیاتدا سەلامی لەسەر دراوە، و ئەویش بریتیە لەو فەرمایشتەی: (السلام علیك أیها النبي و رحمة الله وبرکاته).... و زانایان دەڤیان هێناوە لەسەر ناپەسەند بوونی تەنها صلاتدان لەسەر پێغەمبەر( علیه الصلاة والسلام ) بەبێ سلام لە سەر دانی. وە بەڕاستی خوا زاناترە.

## ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| **پێشەکی** | ٨ |
| **دەروازەی یەکەم: خوێندنەوەیەک لەسەر کتێبی (كشف الشبهات)** | ٣٨ |
| **بۆچی و لەبەرچی کتێبی (كشف الشبهات)مان هەڵبژارد؟!** | ٣٨ |
| **یەکەم: چەند تێبینیەک لەسەر کتێبی (كشف الشبهات).** | ٤٠ |
| تێبینی یەکەم | ٤٠ |
| تێبینی دووەم | ٤٦ |
| تێبینی سێیەم | ٥١ |
| تێبینی چوارەم | ٥٤ |
| تێبینی پێنجەم | ٥٧ |
| تێبینی حەوتەم | ٦١ |
| تێبینی هەشتەم | ٦٢ |
| تێبینی نۆیەم | ٦٣ |
| تێبینی دەیەم | ٦٤ |
| تێبینی یازدەم | ٦٥ |
| تێبینی دوازدەم | ٦٥ |
| تێبینی سێزدەم | ٦٦ |
| تێبینی چواردەم | ٦٨ |
| تێبینی پازدەم | ٦٩ |
| تێبینی شازدەم | ٧٠ |

| | |
|---|---|
| تێبینی حەڤدەم | ٧٣ |
| تێبینی هەژدەم | ٧٦ |
| تێبینی نۆزدەم | ٨٣ |
| تێبینی بیستەم | ٨٦ |
| تێبینی بیست و یەکەم | ٨٦ |
| تێبینی بیست و دووەم | ٨٦ |
| تێبینی بیست و سێیەم | ٨٧ |
| تێبینی بیست و چوارەم | ٩٠ |
| تێبینی بیست و پێنجەم | ٩١ |
| تێبینی بیست و شەشەم | ٩٣ |
| تێبینی بیست و حەوتەم | ٩٤ |
| تێبینی بیست و هەشتەم | ٩٥ |
| تێبینی بیست و نۆیەم | ٩٦ |
| تێبینی سییەم | ٩٧ |
| تێبینی سی و یەکەم | ٩٧ |
| تێبینی سی و دووەم | ٩٩ |
| تێبینی سی و سێیەم | ١٠٠ |
| لە پارسەنگدان و ڕێکخستنی شوێنی ڕاجیایی | ١٠٢ |
| دەروازەی دووەم: خوێندنەوەیەک لەمەڕ ووتەو پەیامەکانی شێخ موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب(کتێبی: الدرر السنیە: وەک نمونەیەک لەوبارەوە). | ١٠٤ |
| نمونەی یەکەم | ١٠٥ |
| نمونەی دووەم | ١٠٧ |

| | |
|---|---|
| نمونەی سێیەم | ١٠٨ |
| نمونەی چوارەم | ١٠٨ |
| نمونەی پێنجەم | ١٠٩ |
| نمونەی شەشەم | ١٠٩ |
| نمونەی حەوتەم | ١٠٩ |
| نمونەی هەشتەم | ١١٠ |
| نمونەی نۆیەم | ١١١ |
| نمونەی دەیەم | ١١٤ |
| نمونەی یازدەم | ١١٥ |
| نمونەی دوازدەم | ١١٥ |
| نمونەی سێزدەم | ١١٥ |
| نمونەی چواردەم | ١١٥ |
| نمونەی پازدەم | ١١٥ |
| نمونەی شازدەم | ١١٧ |
| نمونەی حەڤدەم | ١١٧ |
| نمونەی هەژدەم | ١١٨ |
| نمونەی نۆزدەم | ١١٩ |
| نمونەی بیستەم | ١١٩ |
| نمونەی بیست و یەکەم | ١٢٠ |
| نمونەی بیست و دووەم | ١٢١ |
| نمونەی بیست و سێیەم | ١٢١ |
| نمونەی بیست و چوارەم | ١٢١ |
| نمونەی بیست و پێنجەم | ١٢٢ |

| | |
|---|---|
| نمونەی بیست و شەشەم | ١٢٢ |
| نمونەی بیست و حەوتەم | ١٢٣ |
| نمونەی بیست و هەشتەم | ١٢٣ |
| نمونەی بیست و نۆیەم | ١٢٤ |
| نمونەی سییەم | ١٢٦ |
| نمونەی سی و یەکەم | ١٢٦ |
| نمونەی سی و دووەم | ١٣١ |
| نمونەی سی و سێیەم | ١٣١ |
| نمونەی سی و چوارەم | ١٣١ |
| نمونەی سی و پێنجەم | ١٣٢ |
| نمونەی سی و شەشەم | ١٣٢ |
| نمونەی سی و حەوتەم | ١٣٣ |
| نمونەی سی و هەشتەم | ١٣٣ |
| نمونەی سی و نۆیەم | ١٣٦ |
| نمونەی چلەم | ١٣٦ |
| **خۆپاکگرتن و خۆبەری کردنی شێخ لە تەکفیر** | ١٣٧ |
| **ئایا تێکگیران و دژایەتی لە ناو خودی ووتەکانی شێخدا هەیە؟!** | ١٣٨ |
| **دەروازەی سێیەم: ڕێڕەوەکە کۆڵی نەداوەو بەردەوام دەبێت!** | ١٤٤ |
| **یەکەم: چەند نمونەیەک لە هەڵوێستەکانی وەهابیە پاشینەکان لەئاست فێرکردن و خوێندندا** | ١٥٠ |
| **دووەم: تەکفیرکردنی خۆبەخۆ هەر لەناو خودی وەهابیەکان خۆیاندا** | ١٥٥ |
| نمونەی یەکەم | ١٥٥ |
| نمونەی دووەم | ١٥٦ |

| | |
|---|---|
| ١٥٨ | **نموونەی کەسی میانڕەو لەناو قوتابخانەی وەهابیەت** |
| ١٥٩ | **دەروازەی چوارەم: لەگەڵ ناکۆک و بەرهەڵستکارانی شێخ دا** |
| ١٥٩ | دەستەی یەکەم |
| ١٦٠ | دەستەی دووەم |
| ١٦١ | دەستەی سێیەم |
| ١٧٧ | **پاشکۆ** |
| ٢١٦ | **کۆتایی** |
| ٢١٩ | **خوێندنەوەو توێژینەوەیەک لەمەڕ کتێبی (التوحید)ەوە** |

محەمەد عەبدولوەهاب




بانگخوازەو پێغەمبەر نییە

چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ هەولێر

نرخی: ٦٠٠٠ دینارە